مێژووی ئەدەبی کوردی

بەرگی حەوتەم

دوكتۆر مارف خەزنەدار

مێژووی ئەدەبی كوردی

ئەم بەرهەمە هێنانەدی پرۆژەی نووسینەوەی
مێژووی ئەدەبی كوردییە لە سەرەتاوە
تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

بەرگی حەوتەم

١٩٤٥ – ١٩٧٥

B

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی كوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. مارف خەزنەدار
مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی حەوتەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠١٥
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٧٥ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد

ناوەڕۆک

پێشەکی 7
بەشی یەکەم: عوسمان سەبری 11
بەشی دووەم: لوتفی 23
بەشی سێیەم: ئەمینی عەبدال 35
بەشی چوارەم: فەرامەرز (ڕەشید نەجیب) 47
بەشی پێنجەم: عەلائەدین سەجادی 63
بەشی شەشەم: بەختیار 71
بەشی حەوتەم: حاجی جندی 91
بەشی هەشتەم: جاسمی جەلیل 101
بەشی نۆیەم: دەشتی 111
بەشی دەیەم: حیلمی 125
بەشی یازدەم: ئاری 141
بەشی دوازدەم: فانی 153
بەشی سێزدەم: موخلیس 183
بەشی چواردەم: وەزیری نادری 201
بەشی پازدەم: قەدری جان 209
بەشی شازدەم: ئەخۆل 225
بەشی حەڤدەم: هەوری 247
بەشی هەژدەم: قاچاغی مراد 257
بەشی نۆزدەم: حەسەن قزڵجی 269
بەشی بیستەم: شاکر فەتاح 277
بەشی بیست و یەکەم: عەونی 285
بەشی بیست و دووەم: ئیبراهیم ئەحمەد 301
بەشی بیست و سێیەم: کاردۆخی 317
بەشی بیست و چوارەم: شێخ لەتیف 329
بەشی بیست و پێنجەم: جاهید 345

بەشی بیست و شەشەم: مەدهۆش 373
بەشی بیست و حەوتەم: عەلی عەبدولڕەحمان 395
بەشی بیست و هەشتەم: هەژار 407
بەشی بیست و نۆیەم: دڵزار 419
بەشی سییەم: مارف بەرزنجی 437
بەشی سی و یەکەم: موحەڕەم محەمەدئەمین 453
بەشی سی و دووەم: هێمن 459
بەشی سی و سێیەم: هەردی 475
بەشی سی و چوارەم: شامی 491
بەشی سی و پێنجەم: ع ح ب 503
بەشی سی و شەشەم: تیرێژ 519
بەشی سی و حەوتەم: محەمەد مەولوود (مەم) 529
بەشی سی و هەشتەم: دیلان 541
بەشی سی و نۆیەم: هێدی 581
بەشی چلەم: شکۆی حەسەن 595
بەشی چل و یەکەم: کاکەی فەللاح 607
بەشی چل و دووەم: عەلی فەتاح دزەیی 619
بەشی چل و سێیەم: عاجز 631
بەشی چل و چوارەم: کامەران موکری 641
بەشی چل و پێنجەم: حەسیب قەرەداغی 663
بەشی چل و شەشەم: بێبەش 675
بەشی چل و حەوتەم: پیرباڵ مەحموود 689
بەشی چل و هەشتەم: جەلال میرزا کەریم 701
بەشی چل و نۆیەم: دڵشاد مەریوانی 713
بەشی پەنجایەم: جەمیل ڕەنجبەر 729
لیستی ناوی کەسان 739
لیستی ناوی جوگرافی 746
بیبلیۆگرافیا 755

پێشەکی

بەم بەرگە پرۆژەی نووسینەوەی «مێژووی ئەدەبی کوردی» لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تەواو دەبێ (١٩٧٥). لە دوای ئەمە ئەدەبی هاوچەرخ دەست پێ دەکا، سەرچاوە و کەرەستەی بۆ ئامادە کراوە. لە رووی کاتەوە بەبەریەوە هەیە لە رۆژگارێکی نزیک یا هەندێ دووریشەوە بنووسرێتەوە بەو شێوازەی ئەم زنجیرە کتێبەی پێ نووسراوەتەوە.

دەستەیێک لە شاعیرانی کورد لە سەرەتای ئەدەبی کوردییەوە تا دوایی سەدەی نۆزدەم پێویست بوو بەشی تایبەتی بۆ ژیان و بەرهەمیان تەرخان بکرێ، بەڵام سەرچاوە لە بەردەستدا نەبوو، لە ماوەی لە چاپدانی هەندێ لە بەرگەکانی ئەم کتێبە سەرچاوەی تازە دەست کەوت فریای بەرگە چاپکراوەکان نەکەوت. ئەوانەی سەدەی بیستەمیش تا ئێستا شاعیر و نووسەر هەیە کۆچی دواییان کردووە کەچی لەم کتێبەدا باس لە بەرهەم و هونەریان نەکراوە. ئەمانە لە بیر نەکراون و مێژووی ئەدەبی کوردی پشتگوێیان ناخا. لەبەرئەوەی ئەم بەرگە تەواوکەری بەرگی پێشووە بۆیە تەنیا ئەو بەشانەی گرتۆتە خۆ کە باس لە ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانە دەکەن کە سەر بەماوەی (١٩٤٥ – ١٩٧٥)ن. هەندێکیان کەوتنە بەرگی شەشەم و پاشماوەکەیان لەم بەرگەدا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەیان پەنجا شاعیر و نووسەرە، گەورەترینیان بەتەمەن عوسمان سەبرییە لە ساڵی ١٩٠٥ لە دایک بووە، بچووکترینیان جەمیل ڕەنجبەرە لە ساڵی ١٩٤٨ لە دایک بووە.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە سەرەتای ژیانی رۆشنبیریمەوە یارمەتییان داوم. سوپاس بۆ عومەر مەعرووف بەرزنجی سەرچاوە و کەرەستەی زۆری خستە بەردەستم بۆ هەردوو بەرگی شەشەم و حەوتەم. سوپاس بۆ ئەحمەد حوسێن ئەحمەد هەندێ کتێبی دەگمەن و سەرچاوەی کۆن و کەرەستەی رۆشنبیری دێرینی پێشکێش کردم. سوپاس بۆ بەدران ئەحمەد حەبیب دەوری دیاری هەبوو لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بەم شێوەیە. سوپاس بۆ میللەتی کوردی

خۆشـەویستم ئەگەر ئەو نەبووایە ئەم زنجیرە کتێبـەی «مێـژووی ئەدەبی کوردی» و ئەوەی بەدرێژایی تەمەنم نووسیومە نەدەبوون.

هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی

١٥ ئاغستوسی ٢٠٠٥

مارف خەزنەدار

عوسمان سەبری

بەشی یەکەم

عوسمان سەبری

١٩٠٥ – ١٩٩٣

ئاخـڤین ژ جـانێ وەلات دوازدە برین
حەرکین دیجلە، فرات دەهـ سالا خوین
قـە نزانم حـەوجـەیە وی حـالێ خـراب
کو ژ من جـەرگ و هناڤ کریە کەباب

ژیانی

عوسمان سەبری لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥ لە گوندی نارنج لە قەزای کاختە لە کوردستانی عوسمانی لە دایک بووە. باوکی لە ئاغایانی عەشرەتی مردێسی بووە، هێشتا منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. شوکری مامی گرتوویەتییە خۆ و پەروەردەی کردووە و لەبەر خوێندنی داناوە و بووە بەقوتابی قوتابخانەی روشدییە، لە ساڵی ١٩٢٢ تەواوی کردووە. لەو ماوەیەدا هەردوو مامی شوکری و نووری بەشدارییان لە شۆڕشی کوردی باکوور کردووە بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران، لە ئەنجامی لەناوبردنی شۆڕش و لە سێدارەدانی سەرۆکەکان لە ساڵی ١٩٢٥ بنەماڵەی عوسمان سەبری لە دیاربەکر (ئامەد) ئاوارەبوون، وەکو هەزاران بنەماڵەی کورد کەوتنە ڕۆژی ڕەشەوە. کردەوە تیرۆریستییەکانی تورکە کەمالییەکان هاندەرێک بوو لاوانی وەکو عوسمان سەبری بکەونە خەباتی نهێنی لە دژی دەوڵەتی تورک. دەسەڵات زەفەری پێ دەبا و دەیگرێ، تا ساڵی ١٩٢٨ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٢٩ جارێکی دیکە دەکەوێتەوە ناو داوی جەندرمەی تورک و دەدرێتە دادگای سوپایی. ڕزگاربوونی لەم گرتنە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵات بەجێ بێڵێ و پەنا بۆ سووریا ببا، ئەو کاتە

وڵاتی شام هێشتا لە ژێر فەرمانڕەوایی فرەنسا بوو.

عوسمان سەبری لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٩ سنووری تورکیا و سووریا دەبڕێ. هەرچەندە لەم وڵاتەشدا نەیتوانیوە بێ سەرئێشە خەباتی سیاسی بباتە سەر بەڵام تا پاش جەنگی یەکەمی گێتی لە تورکیا باشتر بووە. لە سووریا دەست بەخوێندن دەکاتەوە، بەتایبەتی خۆی فێری زمانی عەرەبی دەکا. جەلادەت بەدرخان دەوری گرنگی بووە لە فێرکردنی عوسمان سەبری. بەڵام زۆربەی کاتی لە سیاسەتدا خەرج کردووە، لە ژیانی ڕێکخراوی سیاسی و پارتییایەتییەوە نزیک بووە. بیروباوەڕی کوردایەتی لە لای بەهێز بووە، باوەڕی بەدیمۆکراتییەت بووە، لەسەر هەژار و بێ دەسەڵاتانی کردۆتەوە. لە دژی ئەمپریالیستی ئەورووپا بووە، هەرچۆنێک بێ، بیری لە چی کردبێتەوە یا هەر جموجۆڵییێکی سیاسی نواندبێ لە پێشانا بۆ چاکە و بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد بووە. لە پێناوی هێنانەدی ئاواتەکانی زیاتر لە دە جار گیراوە، چەند جارێکیش لە ماڵی خۆی دوورخراوەتەوە، جگە لەوەی ماوەیێکی زۆر بەدەستبەسەری لە ژێر چاودێری پۆلیسی سووریا بووە.

لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٤٥ لە کۆوار و چاپەمەنییەکانی بەدرخانییان نزیک بووە، نووسینی لە شیعر و پەخشان لە کۆواری «هاوار» و «ڕۆناهی» بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٥٧ جموجۆڵیی سیاسی بەهێز بووە، بەکوڵ خەباتی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٠ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جەمال عەبدولناسر و بەستنی یەکێتی لە نێوان میسر و سووریا عوسمان سەبری گیراوە تا ساڵی ١٩٦٢ لە بەندیخانە هەڵاتووە و خۆی لە بێرووت شاردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە سووریا، لە دوای ساڵێک لە حەلەب گیراوەتەوە، لەوساوە تا ساڵی ١٩٦٩ لە ژیانیدا بێ ئارام بووە، لە هیچ جێیێک ئۆقرەی نەگرتووە و چاوی سیخوڕانی سووریا بەدوایەوە بووە ناچار بووە سنوور ببڕێ و بچێتە کوردستانی تورکیا، لەوێ گیراوە و دراوەتەوە سووریا، ئینجا لە دیمەشق خراوەتە بەندیخانەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ ئازاد کراوە، بەڵام خراوەتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە. بەدرێژایی ژیانی لە بێ ئارامی و زۆرداری ڕزگاری نەبووە.

عوسمان سەبری لە سەد جار زیاتر گیراوە و ١٢ ساڵ ژیانی لە بەندیخانە بردۆتە سەر، لەو زیاتر دەستبەسەر و لە ژێر چاودێری پۆلیس بووە. دووجار

فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. تا لە ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی بەرکفری نزیک دەرباسییە نێژراوە.

شیعر و پەخشانی

شیعری

عوسمان سەبری لە دەرگایێکی گەورەوە دەچێتە ناو گێتیی «شیعری نوێ»ی کوردییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزای ئەدەبی کلاسیکیی کۆنە، لە شیعرە نوێیەکانی دەردەکەوێ چێژی لە شیعری کۆن وەرگرتووە بەڵام هەوڵی نەداوە لاسایی بکاتەوە، بەگشتی شیعری لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەچێتە ناو لیریک، ئەمە لە شیعرە کورتەکانیدا، هەرچی شیعرە درێژەکانیشن ئەمانە بەپۆییم (قەسیدە) دەژمێررێن.

لە ڕووی ڕوخسارەوە هەندێ کێشی شیعری دەچنەوە سەر بەحرە سووکەکانی عەرووز، بەڵام زۆر جار لە ناو کێشی سیلابی خۆماڵی بزر دەبن. بەزۆری شیعری لە ڕووی قافیەوە مەسنەوییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شیعرە مەسنەوییەکانیدا گەمە بەقافیە دەکا، بەوەی لە کاتێکدا شیعرەکە لەسەر قافیەی (ا ا ب ب...) دامەزراوە لە ناویدا قافیەی (ا ب جـ ب)یش بەکار دێنێ. فەرهەنگی وشەی شیعری عوسمان سەبری دەوڵەمەندە، وشەی پەتی کوردی بەکار دێنێ، ئەوەی زمانی شیعری دەوڵەمەند کردووە ئەوەیە شاعیر لە زمانانی تورکی و عەرەبی و فرەنسی شارەزا بووە، هەندێ وشە و زاراوە و تەعبیری لەو زمانانەوە وەستایانە هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری عوسمان سەبری نموونەی غەزەلی نیشتمانییە. واتە دڵداری، ئیتر دلبەری دڵدارێکی وەکو عوسمان سەبری سەربەستییە بۆ کورد و هەموو ئادەمزادێکی ژێردەست. لە دەوروبەری ئەم ناوەڕۆکە دەستووڕێتەوە. داهێنانی جوانکاری زۆرە، ڕەمز بەکار دێنێ لە مێژووی میللەتی کورد و ئەفسانەی ئەدەبی میللی سەرزار وەردەگرێ. شاعیر بۆ خوێندەوار و نیمچە خوێندەوار دەنووسی، لەبەرئەوەیە هەندێ شیعری وا دەکەوێتە بەرچاو وەکو لە ئەدەبی میللیی سەرزارەوە نزیک بێ، یا خۆی دەبێتە نموونەی ئەدەبی میللیی نووسراو، لە هەندێ شیعری دیکەیدا تەمومژی سیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزم ئاسمانی شیعرەکان تاریک دەکا. سامانی نەتەوەیی کورد لە ئەدەب و

مێژوو و بەسەرهات و ئەفسانە سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ ئیلهامی شاعیر، وەستایانە ڕووداوی کۆن بەکێشەی سەردەم دەبەستێتەوە و بەرهەمێکی جوانی لێ دروست دەکا. بێ گومان شاعیرییەتی عوسمان سەبری پاڵی بەحەمەڕەش ناوە لە ساڵی ١٩٧٩ کە کۆمەڵێک شیعری لە ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە ناوی ناوە «ئاپۆ» ئەمە لە کوردستانی باکوور بۆ پیاوی لێهاتوو و ناودار و بەرچاو بەکار دەهێنرێ، بەلای بڵاوکەرەوە عوسمان سەبری شایانی ئەوە بووە «ئاپۆ»ی پێ بووترێ.

پەخشانی

عوسمان سەبری لە نووسینی پەخشاندا دەستێکی درێژی هەبوو. بەرهەمی بەگشتی بەشیعر و پەخشانەوە لە کۆوارە کوردییەکانی سووریا بڵاوکراونەتەوە تا دوای جەنگی دووەمی گێتی. بەرهەمە پەخشانەکانی لەم بابەتانەدا دەکەونە بەرچاو:

١- زنجیرەیێک وتاری لە بابەت مێژووی کورد و کوردستان لە کۆواری «هاوار» بڵاوکردۆتەوە.

٢- بایەخی بەوتاری ئەدەبی داوە، هەندێ جار ئەم وتارانەی دەبن بەچیرۆک، ئینجا خۆی هەستی پێ بکا یا نەکا، لە نرخی جوانکاری بەرهەمەکە کەم نابێتەوە.

٣- کۆمەڵێک وتاری هەیە لە بابەت قارەمانانی بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران و هەڵسانەکانی دیکەی کوردەوە.

٤- بایەخی بە هەندێ لایەنی ئەتنۆگرافی ژیانی کوردەواری داوە، ئیلهامی لە حیکایەتی ئەفسانەیی فۆلکلۆری وەرگرتووە.

٥- پێشەکی بۆ یەکێ لە دیوانەکانی جیگەرخوێن نووسیوە.

بەرهەمی ئەم نووسەر و شاعیرە کەمە، بەڵام دەوری گرنگی بووە لە پێشخستنی خوێندەواری لە ناو کۆمەڵی کورد و دروستکردنی ڕۆشنبیری سەردەم، چونکە نووسینی ڕەنگدانەوەی هیوا و ئامانجی کورد بوو. بۆ نیشتمانپەروەری و یەکێتیی کوردانی نووسیوە، ئامۆژگاری هەموو ئادەمزادێک دەکا کە سڵ نەکا لە داواکردنی مافی خۆی ئەگەر ژێردەست بێ. دژی دووڕوویی و خۆفرۆشی بووە، بەربەرەکانی پیاوخراپانی کۆمەڵی کوردەواری کردووە، لە شێخ و

ئاغـا و بەگ، لە ڕووی دەسـەڵاتی داگـیـرکـەرانی کـوردسـتـان لـە هاوسـێکان و ئەمپریالیستی ئەوروپا و ئەمەریکا وەستاوە.

نموونەی شیعری

١

عوسمان سەبری لە شیعرێکیدا بەناوی «حالی وەلات» دەڵێ:

دڤـێ تـو زانـبـی ئەڤ بـوونـە سـێ سـال
من نەدیت خـویشک و برا خـەلکێ د مال
نـە مـەدیت ئـاغـا وەلات پـیـرا دییـان
نە ڤـەخـوار کـەسـەرا گـەور ئـاڤـا ژییـان
دپرسـی ئـیـرۆ ژ مـن حـالـێ وەلات
دێ بێـژم ژێ دچن سـەد ئاگـر و پات
چ چیـیـا دەشـت و نەوال رێل و زمـاگ
چ باژار گـوند و کـەلات ئاڤـاهی پاگ
هـەیا ب دار و چیـیـا کـوچ و زنار
ب گـرین کـەزەب ژ من ئانینـە خـار
نە کـێزان نە شـڤـان و شـینا گـران
سـۆگـەری ئاڤـا چەمـان ب خـوینا بران
رۆژێ سـەد ئێش و برین رەنج و کـەسـەر
ژ دل و جـەرگـێ وان دەرتـێنـە دەر
ئـان دبن ئـارمـانج ژ بۆ تـیـرا نـەیار
ئـان بن ژ ڤـان وەلات بێ شـوون و وار
ئـاخـڤـین ژ جـانێ وەلات دوازدە برین
حـەرکین دیجلە، فـرات دەهـ سـالا خـوین
قـە نزانم حـەوجـەیە وی حـالێ خـراب
کـو ژ من جـەرگ و هناڤ کـریە کـەباب

دبێژم بێ سەروبەر بێ دۆز و تۆل
ژ مەچوون دەشت و چییا نامووس و ئۆل
پر سوپاس ژ خوەدێ، وە ئەو دەرنەدیت
تو بێ قەی نەمامە مێرخاس و عەگیت
وەک دیل خەڵکی تێدا هەمی رەبەن
بێ گرین نابینی رووکی لێ کەن

وەک لە ناوەڕۆکی شیعرەکە دەردەکەوێ سێ ساڵ لە دوای ئاوارەبوون و دوورکەوتنەوە لە کەسوکار لە سووریا وتوویەتی. هەندێ لە بەسەرهاتی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران دەگێڕێتەوە. باس لە کردەوە تیرۆریستییەکانی سەربازی خوێنڕێژی تورک دەکا. توانیویەتی وێنەی ڕووداوە نالەبارەکان هونەروەرانە بگێڕێتەوە، چونکە پێش ئەوەی ئاوارە بێ لە ناو ئەشکەنجەی دۆزەخی تورک بۆ کورد ژیاوە.

ئەم شیعرە ئاخوداخێکە لە دڵ و دەروونێکی پڕ لە سۆزی شکاوەوە هەڵقولاوە. ئەو وێنانەی لەسەر پەردەی خەیاڵی شاعیر دەنوێنرێن ڕووداوی ڕاستەقینەن، بەڵام شاعیر لە چوارچێوەی هونەرێکی داهێنراو بەرجەستەی کردوون. لە ئەنجامی دەستدرێژی دەسەڵاتی تورک بۆ سەر میللەتی کورد ئاوی دیجلە و فورات کە لە کوردستان هەڵدەقوڵێن بوون بەخوێناو و هەواڵ دەگەیەننە هەموو ئۆقیانووسەکان بەهۆی کەنداوی بەسرە و ئۆقیانووسی هیندییەوە. عوسمان سەبری لەم شیعرەدا هەست دەجووڵێنێ، خوێنەری کورد ناتوانێ چاو لەم دەستدرێژییە بپۆشێ.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «مارشا ئاشتی یێ» عوسمان سەبری دەڵێ:

خورتێ چاک ڕابە زوو مە دڤێ دلشادی
سەرخوەبوون، ئاشتی، سەربەستی، ئازادی
ڤان تشتان هەر دڤێ پر خەبات وەست و خوین
بەری مە سەد هەزار، سەد هەزار تێدا چوین

کـۆلیـدار بـوونە هـار، وان دڤـێ جـەنگ و شـــەر
دڤـــــێ رێ پـــــر ددن دۆلارا زێـــــرێ زەر
ئـاگـــرێ شــــــەر دادان کــــۆریـا بـوو دۆژە
تـانک و تـۆپ قــەمـــبـــە ل خـــوینا وان درێژە
ئـەڤ هـەمـی د رەیـا دە لـەمـــــەنـدێن چـلـەک
د مـــرن کچ و کــور، مـــێــر و ژن یەک بـە یەک
مــــەهـیـلـن ســـــەر ببــــە ئـاشـــتـی ئۆل و ژین
ئـەم بـرا تـەڤ هـەمـی بۆ چ ئـەڤ قـــــــروکـین
ســـۆر و گـــەور، رەش و زەر ئـەم یەکین تـەڤ برا
هەمـی یان یـەک رێیــــە، یەک رامــــان، یـەک چرا
مـەسـیـحی، مـووسـەوی، مـسلمـان هەمـدەمین
مــــەجـووسـی، ئـێــزدی، تەڤ کــورێن ئـادەمین
مـــــە دڤێ ئـاشــــتـی نـاخـــوەزیـن ســــەروبەند
بمرن کــــۆ لـیـدار شـــەرخـــوەزێن دەولـەمـــەند
هـەر بژی ئـاشـــتـی، ئـاشـــتـیـــخـــواز بژین
ســـــەر بلند، ســــەرفـــراز هـەروەکی بـاز بژین

عوسمان سەبری ئەم شیعرەی وەکو سروودێک داناوە بۆ لاوان، قسەکانی بەرەو ڕووی ئەوان دەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکا، خـەبات بکەن، هـەوڵ بدەن، تێبکۆشن لە پێناوی سەربەستی و ئاشتی و ئازادی. تەنیا لاوانی سەردەم ئەم خەباتە ناکەن هـەزاران هـەزار لاو لە ڕابردوودا بوون بەقوربانی لە ڕێگەی ئەم خـەباتە پیرۆزەدا. لە شیـعرەکەدا ئاماژە بۆ دەستـدرێژی ئەمـەریکا دەکا بۆ سـەر وڵاتی کـۆریا. لە ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٥٣ دۆلارێکی زۆری خەرج کرد بۆ ئاژاوەنانەوە لە وڵاتی کۆریا و لە ئەنجامدا وڵاتەکە بوو بەدوو دەوڵەت. لاوی کورد هان دەدا لایەنی ئاشتی بن، وەک برا تەماشای هەموو مرۆڤێک بکەن، سپی بێ یا ڕەش، زەرد بێ یا سوور، مەسیحی بێ یا جوولەکە، موسوڵمان بێ یا مەجووسی.

٣

لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی «دجلە و فرات» دەڵێ:

ژ دل و کـــەزەب ئەڤــیندارێ دجلـە و فـــراتم
نزام بـوو چقـاس بـێ دلێ خــوە دووری وە دەژین
ئەڤ چـەم ژ باکـــوور دا دکــەڤــە وەک دوو وەلات
یەک تـا بیـــرەجــەک پێ دن دچـە ناڤ دیاری زین
مـەلێ جزیری ئیلهاما خوە ژ وی چەمی دستـاند
گــەلەک مــرازی د پەراڤــێن دجلێــدا جــڤــاند
ئەحــمــەدێ خـانی ژ ســەرەکێ ئاڤـاوی ڤـەخـوار
ل ســـەر نڤــیــسی ســـەر ناڤــا مــەمێ بریندار
فــەقێ تەیران، مــەلێ باتێ پر شـاییـرێن چاک
هەسـپـێن خـوە بەزاندن د شـاخـا چەمێ چالاک
گــەر دجلە ب خــوە کــانیـیــا زانین و ئەڤین بوو
فرات پێ گەرا گەلەک شوین پەنجە ب خوین بوو
د قـادا ڕوومــەت و مـێرانی هـەر بێ هەمـپـا بوو
هەر دەم ژ بۆ هـەر پەسـفـەکێ هێـژا و سـەزا بوو
من هـێــڤی هـەیە دجلـە - فــرات بارێ وی راکــە
دوارێ زمـــان ل ڕۆژهەلات خــەلقێ مــە شـــا کــە

لەم شیعرە نایاب و جوانەدا عوسمـان سـەبری بەیادی هەندێ ڕەمزی نەتەوەیی کۆمـەڵێک وێنە و مانای شیـعری داهێنراو دروست دەکا. لەوانە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە ناوچەرگەی شاخەکانی کوردستـان هەڵدەقوڵێن. لە قەراغی سـەرەتایانەوە تا کـەنداوی بەسرە کـۆنتـرین کـۆمـەڵێکی شـارستـانییـان دروست کردووە، مەدەنییەتی سۆمەر. لە وەسفی ڕووباردا دەڵێ، لە باکوورەوە دەخزێ بۆ خوارەوە، لایێکی شاری بیرەجەکە، لایەکەی دیکەی مەڵبەندی خاتوو زینە، مەبەسی خـاکی جـزیری بۆتانە. مـەلای جزیری ئیلـهامی لێ وەرگرتووە و شیـعری جوانی هۆنیـوەتەوە. ئەحـمـەدی خـانی ئاوی خـواردۆتەوە، لە عـەشـقی ئەودا «مـەم و زین»ی

نووسـیوە. بەسـەرهـاتـی مەمی بریـنداری گێڕاوەتەوە. فـەقێ تەیران و مـەلای باتەیی شیعری جوانیان داناوە، ڕەنگین وەکو ڕووباری چالاک لە ناو شاخەکاندا. بەم پێیە دیجلە دەبێتە سەرچاوەی زانیاری و ئەڤین، فوراتیش لە هەندێ جێ دەبێتە بەڵگەی خوێن. مەبەسی شاعیر لێرەدا ئاماژەیە بۆ تێپەڕبوونی ڕووباری فورات بەناو خاکی سووریا پێش ئەوەی بچێتە خاکی عیراقەوە، چونکە لە دوای جەنگی دووەمەوە دەستی دەسەڵاتی سووریا بەخوێنی کورد خوێناوی بووە تا ئێستا.

دیجلە و فـورات بووە بەڕەمـزێک هەتا ئەگەر ئەفـسـانەییش بێ، خـەیاڵێکی شاعیرانەی ڕۆمانتیکییانە – نەک سیاسی و دیبلۆماسییانە – بۆی هەیە شیعرێک دابنێ و تێیدا بڵێ خاوەنەکان و دانیشتووەکانی قەراغ ئەم دوو زێیە لە کورد و تورک و عەرەب یارمەتیی یەکتری بدەن و سێ دەوڵەت دروست بکەن و لە پاشانا یەک بگرن، هەموو گێتی چی حسێبێکیان بۆ دەکا!.

***

عـوسـمـان سـەبری لە ناو خـاکی خـۆیدا لە دەست زۆرداری دەسـەڵاتی تورک ئاوارەی لایێکی دیکەی خاکی خۆی بوو لە سـووریا، لێرەش لە ژێر دەسـەڵاتی عەرەب لە زۆرداری ڕزگاری نەبوو، خاکەکانی دیکەی کوردیش هەموویان لە ژێر دەستی بێگانەدا بوون لەبەرئەو ئەم ڕۆشنبیرە کوردە تا سەری نایەوە لە خراپەی زۆرداری ڕزگاری نەبوو.

عوسمان سەبری لە قوتابخانەی ڕوشدییە زۆر شت فێر بووبوو. لە سووریا فێری زمانی عەرەبی بوو. مامۆستای گەورەی لە ژیانیدا خۆی بوو. گیرۆدەی دوارۆژی میللەتە چەوساوەکەی بوو، بۆ ئەم مەبەسە دوو ڕێگەی گرتبوو، یەکەمیان خەباتی سیاسی لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی میللەتی کورد لە سەربەستی و ئازادیدا. دووەمیان خزمەتکردنی ئەو میللەتە بەنووسین و بلاوکردنەوەی خوێندەواری. بۆ ئەم مەبەسە ڕێگەی ئەدەبی گرتبوو. شارەزایی لە شیعردا هەبوو دەیتوانی لاسایی پێشینان بکاتەوە، بەڵام ئەمەی نەکرد و لایەنی نوێگەری گرت، شیعری بەتامی نووسییەوە لە بابەت کوردایەتی و بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و ئاشتیخوازی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی و دیمۆکراتی. وتار و چیرۆکی پەخشانی نووسیوەتەوە. جێ پەنجەی دیارە لە ئەدەبی کوردی لە سووریا لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە تا کۆچی دوایی.



لوتفی

بەشی دووەم

لوتفی

١٩٠٥ – ١٩٨٩

پەیڕەوی قـــەیسی بێـــچـــارە لازمـــە بۆ من ئیـــتـــر
هەر ڕەفیقی وەحشی دەشتی و دووری دایک و باوەکەم
ســەد وەکـو لوقـمـان کـە بێت و کـوا ئەکـا دەرمـانی دڵ
دیدەنی ئەو کـــافـــیـــیـــە بۆ زامی جـــەرگـــوناوەکـــەم

ژیانی

لوتفی کوڕی شـێخ ڕەزا شـێتەی کوڕی مـارفی قـوولەیە، لە نەوەی شـێخ حـەسـەنی گڵەزەردەی بەرزنجییە. لە ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی پەڵکانەی ناوچەی قـەرەحەسـەنی کەرکـوک لە دایک بووە. «لوتفی» کـردووە بەنازناوی شیـعری. لە تەمـەنی شـەش ساڵیدا لە حوجرەی مزگەوتی گوندی قۆین پەلک لە ناوچەی دووز (تووزخورماتوو) خوێندوویەتی، لە پاشانا چووە بۆ کەرکوک و لە مزگەوتی نائیب ئۆغلی ماوەیێک بووە بەفەقێ، ئینجا شێخ عەبدولکەریمی دارەخورمای خاڵی ناردوویەتی بۆ گوندی دیبـەگـەی ناوچەی مـەخـمـوور. دوو سـاڵ لەوێ خـوێندوویەتی و گـەڕاوەتەوە ئاوایی لەیلان لە کەرکووک، مـاوەیێک لەوێ خـوێندوویەتی و ئـەوجـا ڕووی کردۆتە گوندی خـاڵۆبازیانی. لێرەدا زۆر نـەمـاوەتەوە گەڕاوەتەوە کەرکـوک و لە مـزگـەوتی ئیـمـام قاسم نیشتۆتەوە. دوا قۆناغی خوێندنی حوجرەی لە خانەقای سەید ئەحمەد بووە، لای مــەلایانی گــەورەی ئـەو ســەردەمــە خــوێندوویەتی. لە کــاتێکدا ئامــادە بووە خوێندنی تەواو بکا ئیجازەی مەلایەتی وەرنەگرتووە.

زۆربەی ژیانی لە ناوچەکانی ساڵەیی و شـوان بردۆتە سەر، خەریکی کشتوکاڵ

بووە، بەزۆری بۆی نەهاتووە و دەست کورت بووە.

لە ساڵی ١٩٣٩ لە کاتی کردنەوەی ڕێگەی ئۆتۆمۆبیل لە نێوان هەولێر و ڕواندز بووە بەچاودێری کرێکارانی کارگێڕی ڕێگەوبان. بۆ دابینکردنی گوزەرانی لە کارکردن نەوەستاوە، هەندێ جار کاری میری پێ سپێرراوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ١٩٥٩ مووچەخۆر بووە لە شارەوانی کەرکووک. هەندێ جاریش لە گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی مەلایی کردووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە کە دوا قۆناغی سەردەمی پیربوونی بوو لە گەڕەکی ڕەحیماوە لە کەرکووک نیشتەجێ بووە. لە ڕۆژی ٢٣ی مایسی ١٩٨٩ لە کەرکووک کۆچی دوایی کردووە.

شیعری

لوتفی وەک شاعیرێکی ئاسایی و لاسایی شیعری کلاسیکی و میللیی کوردی دەکەوێتە ڕوو. بەرهەمی شیعری لەم لایەنەوە لە بەرچاوە. بایەخی بەهەردوو بابەت داوە بەقەوارە شیعری عەرووزی و کێشی میللی هێندەی یەکترین. لە شیعری عەرووزیدا تەنیا بەحرەکانی ڕەمەل و هەزەج و مەدیدی بەکارهێناوە. لە یەکێتیی قافیەدا دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی: «ا ب د ر غ م ن (ە – ـە) ی ێ»ی بەکارهێناوە. لە پاش قافیە ئەم وشانە لە شیعریدا بەرچاو دەکەون: ئەکا، کرد، منم، خۆم، ئەکەم، نییە، هەیە، ئەبێ، ئەوی، بم (ببم).

شیعرە خۆماڵییەکانی لە ڕووی کێشەوە زۆرن، لەمانەدا کێشی دە بڕگەیی و کەمتریش حەوت بڕگەیی بەکارهێناوە، قافیەی ئەم جۆرە شیعرەی مەسنەوییە، کەچی لوتفی یەکێتیی قافیەی بۆ ئەم جۆرە شیعرە بەکارهێناوە. ئەمە دیاردەیێکی دەگمەنە و کەم شاعیری کورد ئەم دەستوورەیان بەکارهێناوە. قەسیدەی بەندی چوارینی هەیە (ا ا ا ب). زمانی شیعری ئاسانە، وێنەی ڕەوانبێژی زۆر نییە. لە ناوەڕۆکدا مەبەسەکانی ئایینی و دڵداری و وەسف و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و ستایش و ماتەمنامەی هەیە. جار جارە دەم لە کۆمەڵایەتی و سیاسەتیش دەدا. لە سەرانسەری دیوانیدا هەست بەڕەشبینییێک دەکرێ لە بیری شاعیردا. ئەمە لە پێشانا لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی پەرێشانی و هەژاری خۆی و لە پاشانا لە هەڵسوکەوتی نالەباری کۆمەڵایەتی و مەسەلەی نەتەوەیی کورد هەڵقوڵاوە.

نموونەی شیعری

دڵداری

لە شیعرێکیدا لوتفی دەڵێ:

چاوەکـــانت بـۆتـە بـاعـــیس ئـەشـکـی ڕوونـی چـاوەکـــەم
تیــغـی ئـەبرۆت بـاعــیـســە بـۆ مــەنعی خــورد و خــاوەکــەم
غــەمــزەکــانت هـەروەکـو تیــرە لە دڵ تـەئسـیــری کــرد
بـۆتـە مـــەنـعی خـــواردن و خـــەوژین و نـان و ئـاوەکـــەم
دڵ وەکـــو ڕاوچـی ئـەویش وا بـۆتـە کـــار ئـاسکی خـــەتا
مـن خـــەتـاکـــارم لـە بـۆیـە بـۆتـە مـــانیـع ڕاوەکـــەم
بێ خـەبەر وەک وەحشی وا بووم هـەر ئـەسـووڕام دەشت و دەر
هـەروەکـــو تـەیرێ لـەنـاکـــاو تـووشی دان و داوەکـــەم
پـەیڕەوی قـــەیسی بێــچـــارە لازمـــە بـۆ من ئـیـــتــر
هـەر ڕەفـیــقی وەحـشی دەشــتی و دووری دایک و بـاوەکـەم
ســەد وەکـو لوقــمـان کـە بێت و کـوا ئـەکـا دەرمــانی دڵ
دیدەنی ئـەو کـــافـــیـــە بـۆ زامی جـــەرگـــوناوەکـــەم
بـەس تەمـــەع (لوتفی) بکە دونیـــایی دوون بـاقی نیــیـــە
غـــەم بـخــۆ بـۆ مــردنی خــۆت کــوانێ تـۆپی جـــاوەکـــەم

ئەم گێتییە دڵدارییە شاعیر خۆی دروستی کردووە بۆ وەسفی برۆ و غەمزەی دلبەر، ڕاوکردنی دەشتی خەتاوختەنی ئەفسانەی چین و باسکردنی قەیسی بێ چارە. لە ناو هەموو ئەو گێتییە دڵدارییەدا شاعیر شپرزەیی ژیانی خۆی لە بیر نەچۆتەوە. ڕاستە وێڵ و سەرگەردانە لە دەشت و چۆڵ لە لەیلا دەگەڕێ، بەڵام لە باوک و دایکیشی دوورە. شیعری ئەو لە هەر بابەتێک بێ لە واقیعی ژیانی تاڵی خۆی و ڕەشبینی دووری ناخاتەوە.

کوردایەتی

مەسەلەی نەتەوەیی کورد هەمیشە لە هەڵبەزین و دابەزیندا بووە، ئەمڕۆ لە خۆشی و سبەینێ لە ناخۆشیدا بووە. لوتفیش وەکو شاعیرانی دیکە ئاوڕی لەم دیاردەیە داوەتەوە.

١

لە شیعرێکیدا لوتفی دڵشادە و دەڵێ:

کــوردســـتـــان مــژدە بەیانی داوە!
خۆر لەسەر شاخت گوێچکەی کێشاوە
ســەیری دنیـا کـە لە خـوار و لە ژوور
هەمـووی بەیەکجار لە خەو هەڵساوە
هەرکــەس لەم ڕۆژە ســست بێ بزانە
ئەو لە کـاروانی مـیللەت جـێـمـاوە
ڕۆژ ڕووناک شـەوقی دا لە کـوردسـتـان
دووکــەڵی غــەم و غــەدری پێــچــاوە
چەن ســاڵە کـە تۆ وا خـەبات ئەکـەی
بەجــەور و خــەفــەت دەرد و ســزاوە
داری بەخـــتـــەکـــەت وا هـاتۆتە بەر
شـنە شـنێـــــتی بەدەم ســــــەباوە
زۆر ئاگـــادار بە دوژمـنی نـاکـــەس
تێکی بشکێنی و بیــــخــــاتە لاوە
پشـتی یەک بگرن ئەی مـیللەتی کـورد
لە هـەر کــوێیێ هەن لە ڕووی دنیــاوە
لە بیــرتان نەچێ دەســـتم بەدامــان
لەو غــەدرەی کــەوا لە کــورد کــراوە
خــزمــــەت بێگانە زۆر بێ بەقــایە
مــەعلووم خـزمـەتکار هەر دەرکـراوە

(لوتفی) بێنە یاد کـردەوەی پێـشـوو
دەرحـەق بەکـوردان کـە چی کـراوە

ئەم شـیـعـرە بـۆ پێـشـوازی بەیانە گرنگەکـەی ١١ی مـارتـی ١٩٧٠ دانراوە. لە ئەنجامـی ڕاپەڕینی کوردی عیراق لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەڤتۆنۆمی بەناوی هەرێمی کوردستانی عیراق دامەزرا، کەچی فێڵ و فەنەری کاربەدەستانی بەغدا لە بنەڕەتدا بەڕاستیان نەبوو، تەکتیکێک بوو بەکاریان هێنا بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کـورد لە داهاتوویێکی نزیکدا. هەڵەی کـورد خـۆی و ڕێگەدان بەوەی جڵەوی ئەسپەکەی بکەوێتە دەست هاوسێی بێگانەی دوژمن بووە هۆی تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق و ئەڤتۆنۆمی سەر نەگرێ و کورد بکەوێتەوە دابەزین و ناخۆشییەوە.

٢

لوتفی ئەم تێکشکانەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەم جۆرە وەسف دەکا:

کـــوردە نـازانـی کـــە چی ڕووی داوە!
دنیـــا بەجـــارێ چۆن شـــڵـــەژاوە
گـــەورە تا بـچـــووک گـــشـت دەردەدارە
هـەریەک بـەجـــۆرێ بـەغـــەم دووچارە
عـــەقڵ و شـــوعـــوورت داخـــوا چۆن مـــاوە
فـــرمـــێـــسکی چاوت وەکـــو خـــوێناوە
لـە هـەندێ جـــێگە خـــوێن وەک لافـــاوە
چەند نـەوجـــەوانان بـەبێ گـــیـــان مـــاوە
ئـەوەی هـەژارە یـەکـــجـــار خـــوراوە
بـنیـــــادی بـێ ڕووح بـەپـاوە مـــــاوە
چـەپـۆکـی دوژمـن وەک تـەزرەی بـەهـــار
لـە هـەمـــــوو لاوە بـۆ کـــــوردی هـەژار
دەخـیـل بەدەرگـــات ئـەی خـــودای گـەورە
پـەنـامـــــــان بـدەی لـەم چـەرخ و دەورە

بەشـــــەو عــــەزابی گــــورگی نادیار
بەڕۆژ گــیــرۆدەی جــەنگی ســـەگی هار
ڕێگەی ڕزگـــاری لە هیچ لا نیـــــیـــــە
ئەی خـــودا هاوار چارەمـــان چیـــیـــە!
خـۆت ڕەحمێ بکەی تەنیای فەریاد ڕەس
چۆن بۆ بێکەسان هەر تۆمان هەی کەس
ڕەببی بۆ خـــاتر فـــەخـــری ئەنبـــیـــا
ڕزگـــارمـــان بکەی لە شــــوومی ســـیـــا
(لوتفی) با بەس بێ گــریانی بێ ســـوود
ڕازی بەتەقــدیر خــالیــقی مــەعــبــوود

ئەمە وەسفێکی میللییانە و شاعیرانەی کوردە لە دوای تێکشکانی بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ لە ١١ی مارتی ١٩٧٥. لێرەدا لوتفی مێژوونووس نییە ڕووداوەکان تۆمــار بکا، بەڵکو بەگــشــتی وێنەی هەست و نەســتی ناوەوەی کــەسی کــورد دەکێشی. فرمێسکیان بۆ دەڕێژێ و لە کردگار دەپاڕێتەوە لە کارەساتی دیکە بیانپارێزێ.

٣

لە شیعرێکی دیکەیدا لوتفی دەڵێ:

دڵ لە دووریت وا دیارە مـــــەیلی گــــــریانی هەیە
هـەورەکــــەی مــــیــــحنەت ئەهات و تاوی بارانی هەیە
وا لە شــاخ و چۆڵا خــەوتوو چاو بەئەشک و دڵ بەغـەم
ئیــمــڕۆ ڕۆژی شــادی کـوردە کــەیفی شــارانی هەیە
زۆر لەمــێــژە تێـئـەکـۆشێ کـاکـە بۆ تۆ خـاکـەکـەت
دڵ ئومــێــدداره کــە ئەمــجــار فـیکری جـارانی هەیە
ڕووم نەبوو من دابنیـــشم تێکەڵی وەجــبــەی ڕەفــیق
وا ئەزانم ئیـــمـــڕۆکـــە دڵ مـــەیلی خـــەندانی هەیە

داری بەختم ڕوو لە وشکی ڕۆژ بەڕۆژ هەر کز ئەبوو
ئیمڕۆکە چوزرەی دیارە ڕۆژی نیسانی هەیە
خادیم و جاگیر مەبە ئەی کاکی خۆم بۆ هیچ کەسێ
عالەمیش وەک تۆ بۆ ئەمڕۆ گشت گریبانی هەیە
(لوتفی) باغی ئەمەلی تۆ هاتە بەر چاو هەڵبڕە
هەر لە سایەی حەمدی خواوە تەیری خۆشخوانی هەیە

لە سەرەتادا ئەم شیعرە ئەوە دەگەیەنێ شاعیر لەبەر دووری لە یار هەمیشە شین و شەپۆڕ و واوەیلایەتی، لە پاشانا دڵشاد و گوشاد دەبێ کە بەدیداری ئەو یارە شاد دەبێ، وەک لیریکێکی دڵداری دەکەوێتە بەرچاو. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٤٦ هۆنراوەتەوە لەو کاتەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا بوو. پێش ئەوە شاعیر پەشۆکا بوو بۆ کورد، لە دواییدا کە لە کوردستانی ئێران سەربەستی دەست خست، بوو بەڕۆژی شادی بۆ شاعیر. چونکە سەربەستی کورد ڕەمزی دلبەرەکەی شاعیر بوو. لە خوێندنەوەی ئەم لیریکە لە ڕووی کێش و قافیە و پاش قافیە و وشە و دامەزراندنی ڕستەوە شێوازی نالی دێتەوە یادی خوێنەر.

ستایشی عەشرەتی شوان

لە ستایشی عەشرەتی شواندا لوتفی دەڵێ:

ئەوەندە گەڕام لەسەر ڕووی جیهان
داوودە و بەیات چوار کۆمەی شێخان
زەنگنە و جەببارى هەمەوەند تەواو
جاف گەڵباغی گەلاڵی گۆران
پشدەر و مەنگوڕ هەم دەشتی بیتوێن
شارەزوور هەموو هەتا بازیان
نەمدی خاکێکی وەک خاکی شوان
هەوای دڵگیر بێ بۆ دانیشتووان

دەک ئاوەدان بی بەهەشتی کوردان
ئەرازی بێ عەیب جێگەی دەغڵ و دان
شوبهە بە بەهەشت سەرچاوەی باغی
مێرگ و وەنەوشە و نێرگس و ڕەیحان
زۆربەی دێهاتی هەمووی چەماوە
زەرعات و میوە دار و دارستان
مەرعای یەکتایە بۆ مەڕومالات
چەم و ئاوی زۆر وەک باغی جینان
لەگەڵ سەگرمە عەداوەت ئەکەن
بەرامبەرییەتی چیای خاڵخالان
من ڕجام وایە لە خزمەت باری
دایم مەحفووز بن لە بەلای جیهان
دوور بن لە غەم و دەرد و موسیبەت
بژین بەختەوەر شاد و کامەران
(لوتفی) گەر ڕاستە قسەکانی تۆ
بۆچی بەجێت هێشت ڕات کرد لەناویان

لەم شیعرەدا لوتفی لە عەشرەتی شوان و ناوچەی شوان دەدوێ لە کەرکووک. لە شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) دەکا بۆ قوتابیان هۆنرابێتەوە لە بارەی جێگە و شوێن و جوگرافیای ئەو خاکەی عەشرەتی شوانی لێ دەژی. یادی داوودە و بەیات و زەنگنە و جەباری و هەمەوەند و جافی گەڵباغی و گەلاڵی و پشدەر و مەنگوڕ دەکاتەوە. باسی هەرێم و ناوچەکانی شێخان و بیتوێن و شارەزوور و بازیان دەکا . هەموو ئەمانەی بۆ ئەوەیە بڵێ ناوچەی شوان لەمانە جوانتر و ڕەنگینترە. هەروەها یادی چیای سەگرمەی ناوچەی سەنگاو دەکاتەوە. چیای خاڵخالانیشی لە یاد نەکردووە چونکە بەڵگەی جوانی ناوچەی شوانە. شاعیر بە وتەیێکی کۆمیدی جوان کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ کە بەخۆی دەڵێ بۆچ ئەم جوانییەت بەجێ هێشت و لە ناو ئەم خەڵکە چوویتە دەرەوە!

***

لەتیفی کوڕی شێخ ڕەزا شێتەی بەرزنجی ناسراو بەلوتفی لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرێکی ئاسایی و دیارە. بەڕوخسار و ناوەڕۆک زۆربەی بابەتەکانی شیعری عەرووزی کلاسیکی و خۆماڵی میللی هەیە. بەشی زۆری بەرهەمی لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و کەموکووڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەدوێ. ناوەڕۆکی شیعری ڕەنگدانەوەی دەست کورتی و هەژاری ژیانی تایبەتی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەکەیەتی، ئەمە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی ڕەشبینی دڵ و دەروونی داگیر بکا.

ئەمینی عەبدال

بەشی سێیەم

ئەمینی عەبدال

١٩٠٦ - ١٩٦٤

بینا چیایێ ئەلەگەزێ
هەوا هێنک تەمـــــزدا
ناڤ کولیلکێ ئەوازی دا
هەیە گوندێ ئەلەگەز

ژیانی

ئەمین کوڕی عەبدال باسۆرە لە ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی ئەمانچایر لە ناوچەی قارسی کوردستانی عوسمانی لە دایک بووە. باوکی قەت بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەمینی بەلەنگاز لە دایکبووی گوندێکی هەژار و نەخوێندەوار و دواکەوتوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ببی بەزانا و شاعیر. تەمەنی سێزدە ساڵ بووە لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی دایک و باوکی زێدی باپیرانیان بەجێ هێشتووە و خۆیان لە دڕندەیی تورکە کەمالییەکان ڕزگار کردووە. ئەمین لە ساڵی ١٩٢٠ وەکو گەلێ لە منداڵە ئاوارەکانی کوردستانی عوسمانی لە مردن ڕزگاری دەبێ بەوەی لە هەتیوخانەی ئەمەریکییەکان لە شاری ئەلێکساندرۆپول (لینینەکان)ی ئەرمەنستان بەخێو دەکرێ. لە ساڵی ١٩٢٣ ئەمین ڕوو دەکاتە شاری تفلیس و لە لای مامی دەژی. خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و خانەی پەروەردە تەواو دەکا و دەگەڕێتەوە ئەرمەنستان و ماوەیێک دەبێتە مامۆستا لە هەندێ لە گوندەکانی کورد لە ناوچەی ئەپاران. لە ساڵی ١٩٣١ دەبێ بەقوتابی زانستگای یەریڤان و لە ساڵی ١٩٣٦ تەواوی دەکا. لەو کاتەدا دەبێتە یەکێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «ریاتازە». خەریکی نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی

میللی (فۆلکلۆر) دەبێ.

بەبێ ئەوەی واز لەو جموجۆڵییە ڕۆشنبیرییەی بێنی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر خوێندنی بالا. ماوەیێک خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە دەبێ لە ئەدەبی کوردیدا تا لە ساڵی ١٩٤٤ دوکتۆرای لە ئەدەب وەرگرتووە. بەینێک بووە بەمامۆستا لە زانستگای یەریڤان، لە پاشانا کراوە بەکارگەری زانستی لە ئەکادیمیەی ئەرمەنستان و خەریکی کوردناسی بووە بەتایبەتی لە ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی کۆڵیوەتەوە.

ئەمین ڕۆشنبیرێکی بەتوانا بوو کۆششی لە بەرچاوە لە هەموو گۆڕەپانەکانی کولتووری کوردی قەفقاسی ڕووسیا. دڵسۆزی کارە زانستی و ئەدەبییەکانی بووە تا کۆچی دوایی لە ٢٢ ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٤ و ناوی بەزیندوویی ماوەتەوە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا.

ئەمینی زانا

لە قۆناغی یەکەمی مافی خوێندەواری کوردی لەو وڵاتەدا (١٩٣٠ - ١٩٣٧) ئەمین دەوری بالای هەبوو لە پێشخستنی خوێندەواری لە کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی دانانی کتێبی قوتابخانە بەپێی بەرنامەی خوێندنی هەموو زانستییەکان بەزمانی کوردی. لەو کتێبانەدا کە ژمارەیان دەگاتە دەیان کتێب هەندێکیان خۆی دایناون و هی دیکەیان بەهاوکاری لەگەڵ دانەرانی دیکە، جگە لەمە چەند کاری گرنگی دیکەی گەیاندۆتە ئەنجام لەوانە دانانی فەرهەنگی ئەرمەنی - کوردی (١٩٣٣) و کتێبی «فۆلکلۆرا کورمانجا» (١٩٣٦) لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد ئەم کتێبەیان داناوە، تا ئێستا بەگەورەترین و چاکترین کتێبی کوردی دەژمێررێ لە بابەت پاراستنی تێکستی ئەدەبی میللیی سەرزار. هەروەها بەشداری کردووە لە گۆڕینی «دەستووری یەکێتیی سۆڤیەت» (١٩٣٨) بۆ زمانی کوردی.

لە قۆناغی دووەمی مێژووی خوێندەواری کوردی لەو وڵاتەدا (لە ١٩٤٥ەوە تا کۆچی دوایی ئەمین) لەسەر دانانی کتێبی قوتابخانە کوردییەکان بەردەوام بوو، جگە لە کتێبی بەرنامەی خوێندن چالاکی لە دانانی کتێبی یاریدەدەر بەرچاو بوو، کتێبی «ڕاست نووسین» سەرچاوەیێکی بنچینەیی بوو بۆ یەکخستنی ڕاست نووسین بەپێی ئەو ئەلفوبێیەی لەسەر بنچی ئەلفوبێی کیریلی دانرا بوو بۆ

نووسینی زمانی کوردی. ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٥٢ چاپ کراوە، لە ساڵی ١٩٥٨ دووبارە چاپ کراوەتەوە.

مەیدانی جموجۆڵی زانستی ئەمین فراوان بووە، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەشداری کردووە، وانە و موحازەرەی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و خوێندنی زانستگا وتۆتەوە. کارگەری زانستی بووە لە ئەکادیمیەی ئەرمەنستان و هەندێ باسی لە بابەت ئەدەب و فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیای کورد بڵاوکردۆتەوە. لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی «ریاتازە» لەسەر گەلێ مەسەلەی ڕۆژانەی ژیانی کورد و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی سۆڤیەتەکانی نووسیوە. بەم جۆرە ئەمین یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵی کوردی نووسیوە لە قوتابیان و مامۆستایان و خوێندەوارانی بەرز و هەموو خەڵکی دیکەی کورد بەگشتی.

ئەمینی نووسەر و شاعیر

ئەمین لە سەرچاوەکانی ژیانی پێشووی فێری شیعر دانان بووە، لە قوتابخانە فێری شتی دیکە بووە لەوانەیە یارمەتی دابێ بۆ چەسپاندنی بیری شیعرەکە. لە ڕووی ڕوخسارەوە نووسەر لە مەرجەکانی شیعری میللی سەرزاری کوردی نەچۆتە دەرەوە، کێش و قافیەی خۆماڵی بەکارهێناوە، زمانی شیعری گۆڕیوە، لە زمانی کۆمەڵی کشتوکاڵی و دانەوێڵەیی دەری هێناوە بۆ زمانی شارستانی. زمانی پاکە وەکو هەموو شیعری کوردی ئەو وڵاتە، لەبەر نزیکی لە زمانی ڕووسی و ئەرمەنی هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی تازە بابەتی ئەو دوو زمانە کەوتوونەتە ناو زمانی شیعرییانەوە. ئەگەر لەو شیعرانەدا وشەی عەرەبی و تورکی بەرچاو بکەون هەر ئەو وشە کۆنانەن کە بەدرێژایی مێژوو چوونەتە ناو زمانەکەیانەوە. هەرچی وشەی فارسیشە بەنەبوو حسێب دەکرێ.

بەگشتی شیعری ئەمین بریتییە لە لیریک، هەندێ لەو بابەتە شیعرەی لە ڕووی ژمارەی دێڕەکانیانەوە زۆر کورتن، لە برووسکەیێک دەکەن ناوەڕۆکیان لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و وتەی دانایانە وەرگیرا بێ. هەروەها لە پۆیێم (قەسیدەی درێژ) بەرهەمی هەیە، بیری هەندێکیانی لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگرتووە، هی هەندێکی دیکەیانی لە داهێنانی خۆیەتی. هەندێ لە پۆیێمە بەرچاوەکانی ئەمانەن: مەمێ و زینێ، زەلیخا و فەتولا، ئەحمێ خۆلێ، سێ برا،

گولیزەر و هی دیکە.

شیعری لە سەرەتادا لەو کتێبانەدا بڵاوکراوەتەوە کە ناوە ناوە شاعیر و نووسەران بەناوی بەرهەمی نووسەرانەوە بڵاویان دەکردەوە، لە دواییدا لە ساڵی ١٩٣٥ بەشێکی شیعری ئەمین بەناوی بەهار لە یەریڤان بڵاوکرایەوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری ئەمین فراوانە هەموو لایێکی گەشبینی گرتۆتەوە، ئەگەر ڕەشبینی لای هەبێ بەرامبەر بەدوژمنە، دوژمنیش نەیاری دەسەڵاتی سۆڤیەتە، ئەوەی نەیاری سۆڤیەتیش بێ کوردی خۆش ناوێ. ئەمەیە بیروباوەڕی کوردی ئەو وڵاتە. هەرچۆنێ بێ بەرهەمی شیعریان بەگشتی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی و لە ڕووی هونەرییەوە چۆتە ناو گەنجینەی قسەی جوانەوە.

ناوەڕۆکی شیعری ئەمین خەریکی ئەم مەبەسانەن کە لەو خاڵانەی لای خوارەوە ڕوون دەکرێنەوە:

١- کوردایەتی: شاعیر بەپێی هەموو شتێکی پێوەندی بەکوردەوە هەیە کوردایەتی دەکا. باس لە جوگرافیای کوردستان دەکا، لە سامانی نەتەوەی کورد دەدوێ، بەشان و باهووی گەورەکانی هەڵدەڵێ. وەسفی بەهار و بلبل و شاخ دەکا، شۆڕەژنی کورد و کچی نازەنین و سلۆی ڕەنجبەر و حەسۆی شوان لە دەشت و زۆزانانی شاخی ئەلەگەز سەرچاوەی ئیلهامی ئەمینی عەبدالن.

٢- نیشتمانی سۆڤیەت: ئەمین و زۆربەی خوێندەوارانی کورد، کوردی بەڕاستی بوون، دەسەڵاتی ئەوێ لە دڕندەیی تورکە کەمالییەکان ڕزگاری کردبوون، لەسەر ئەو باوەڕە بوون دەسەڵاتی سۆڤیەت هەموو کورد ڕزگار دەکا، لەبەرئەوە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە خۆیان گونجاندبوو لەگەڵ ئەو بیروڕایەی پیاو دەتوانێ دوو نیشتمانی هەبێ. هەرچۆنێ بێ ئەمە ڕاست بێ یا هەڵە ئەنجامی بەچاکە کەوتەوە، ئەم ڕاستییەش لە هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەردەکەوێ کە شاعیر و نووسەرانی ئەو وڵاتە دایان هێناون.

ئەمین شیعری بۆ ناوچە و شار و ئاوەدانییەکانی وڵاتی سۆڤیەتی کۆن نووسیوە، وەکو ڕووسیا و ئەرمەنستان و گورجستان و لینینگراد (سانت پیتر سبورگ) و مۆسکۆ و یەریڤان و لینینەکان. هەروەها بۆ شۆڕشی ئوکتۆبەر و جەژنی کرێکاران و لینین و کۆلخۆز و شتی دیکەی نووسیوە.

له ڕووی جوانکارییەوە بەرهەمی شیعری ئەمین لەو پلە هونەرییە دەوەستێ کە شاعیرە بەتواناکانی کوردی قەفقاسی ڕووسیا گەیشتوونەتێ.

نموونەی شیعری

١

له لیریکی «ئەلەگەز»یدا ئەمین دەڵێ:

بینا چیـــایێ ئەلەگـــەزێ
هـەوا هێـنک تـەمــــــز دا
ناڤ کـــولیلکێ ئەوازی دا
هـەیە گـــوندێ ئەلـەگـــەز

***

کـولیلک هێـشین دبن چاوا
بنتـیــرنجــا رۆوا گــور دا
ئەلەگــەزا مـــە ژی ئوســـا
پێشدا دچە گاڤ پەی گاڤا

***

عەرد را دکر تراکتۆریست
ژ ئەڤــینێ دل لێ دلیــست
کـلام دگـۆت – «جـانێ یار»
تێـدا هەبوو ئەڤین – بـهــار

***

دبێی منیکێ پەرواز ڤـــەدا
ب هز کرنا وانرا شـاد بوو
لێ ڤــە د گــەرە تە دگـۆ وا
بەر ب دەشــــتی یار دچوو

***

خـــــەبات پرە چار نـکال
هـەوا هـێـنـک تـەمـــــــزدا
گــوندێ مـــەیە بـەخـتـــەوار
ئەلەگـەزە: گــوندێ کــوردا

ئەلەگـەز گوندێکی گـەورە یا شـارۆچکەیێکی هەمـیـشـە بەهارە لە بنـاری چیـای ئەلەگـەز، کـوردی ئەو وڵاتـە بەپایتــەخـتـی دادەنێن بۆ گـوند و ئاوەدانـیـیـەکـانی دەوروبەری کە هـەموویان کوردن. زۆزانـەکانیشـیان لە قەد چیای ئەلەگەز هاوینان ئاوەدان دەبن. ئەمین یادی بەهار و هاوین دەکاتەوە. یادی گوڵ و گوڵاڵە دەکاتەوە. باس لەو وەرچەرخانەی ڕۆژگار دەکاتەوە لە دەوری فەرمانڕەوایی قەیسەری ڕووس و سوڵتانی عوسمانی ڕەنجبەر نان بۆ خۆی و گیا بۆ مانگا لەڕەکەی نەبوو، ئێستا لەسەر تراکتۆر دانیشتووە لاوک دەچڕێ بەدەم دروێنەی دەغڵ و دانەوە.

٢

لە لیریکی «بلبل»دا شاعیر دەڵێ:

بلـبل دانـی ســـــــەرێ دارا
ئەوی دســــتـــرا، دلیـــلاند
ســەوتاخــوەش، بینا بهـارێ
ڤــــەرڤـــارا وی دشــــاند

***

باغـچە ئو کـولیلک ب هەڤـرا
دکـــەنـیـــان ئو شــــاد بوون
گولێ سـۆر ژی ب روح و جان
بۆنا بلبل ســتــوخـــار بوون

***

چڤــــــا رنـدە دەنگێ بلـبل
کـــلامـــا عـــەمـــرێ مـــە دبێ

ئەو شـــا دبە ب ئەشـق و دل
چا زارێد مـــە دێ ئو باڤێ

ئەمینـی شاعیر بەگشـتی هۆگری سـروشـتە، بەتایبەتی بەهار. ئەمـەی لە جوانی ئەو ناوچانە وەرگرتووە کە تیایاندا ژیاوە، لە کوردسـتانی عوسمـانی یا ناو پارچە زەوییە بـچووکەکەی خۆی ئەلەگەز ئەویش بەخەڵک و خاکەوە کورد و کوردسـتانە. لەو شیعرەدا ئەمین بەچاوێکی سۆفیزمـییانە لە پێوەندی نێوان گوڵ و بلبل نادوێ، بەڵکو وەکـو ڕەمـزی خـۆشی بەهار باسـیـان لێـوە دەکـا، وەکـو بووک و زاوا و بە یەکتری شادبوون بەخەڵکیان پیشان دەدا.

٣

لە شیعری «لینینگرادا» دەڵێ:

ئـەز هـاتمـە ژ ئـەلـەگـــــــەزێ
ژ چیـــایێ بەدەو چار ســـەری
تـەرا ئـانیـــیـــە کـــلامـێ تـەزە
ســـەلامـــا ئـالاڤی دلبـــاری

***

ئـەزێ شـــــامـــــە دلـێ مـن بـار
کـــــە لـە تـژی، تـەرا بـووم یـار
نـهـــــا دچم، دوور دکـــــەڤـم
گـــەلۆ کـــەنگێ تە ڤـــەگـــەرم

***

مـن تـەدا دیت برجـــێـــد بـەلـەک
سـوقاقێت راست کەلەک - کەلەک
مـــووزێ، مـــەدەن، کـــار و هـەبوون
ئەشـــقـــا مـــاریا هەیە شـــابوون

***

ئەز بیر ناکم چەمێ نێڤا
پرێد مەزن، سوورێد دۆرێ
چوون – هاتنا پێلێد ئاڤێ
د ململن ل وێ دووزێ

***

ئەز بیر ناکم مالا پووشکین
شکلێ دانتێس شەروودێ ب کین
وەکی ب گوللا خوە پیستۆنێ
پۆئیترا ئانی روژا مرنێ

***

من دیت کە لا پیترۆ پاڤلێ
زیندانێد کوور، جیێ جەزایێ
نە تە بێد چووک پەنجەرێ تاری
بینا مردار بێ ستاری

***

ئەز بیر ناکم مەدەنێ نها
شەقاشەقا چەرخا ماشینا
هەواس و ئەشق، سدقێ پالا
ب دل و جان خەڤاتا وانا

***

تە دوور دکەڤم لینینگراد
تە بیر دکم ئەز تو جار
تێلێ سازێ من تەشداند
ئەشقێ تەمە ئەزێ دلبار

لەم شیعرەدا شاعیری کورد وەسفی شاری لینینگراد دەکا، ئەم شارە لە سەدەی هەژدەم لە لایەن قەیسەری ڕووس پیتری یەکەمەوە بناغەی لێ دراوە،

بەناوی ئەوەوە ناوزەد کراوە «سانتپیترسبورگ»، لە پاشانا ناوی بووە بە«پیتروگراد»، لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان ناویان نا «لینینگراد». لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت (١٩٩٢) شارەکە هاتەوە سەر ناوە کۆنەکەی خۆی «سانتپیترسبورگ».

ئەمینی عەبدال لەم لیریکەیدا لە وەسفی ئەو شارە هیچ ناڕاستییێکی لەگەڵ خۆیدا نەکردووە و خۆی هەڵنەخەڵەتاندووە و مەرایی بۆ دەسەڵات نەکردووە وەکو هەندێ لە شاعیری کوردی ئەو وڵاتە. بەڕاستی شاری سانت پیتر سبورگ یەکێکە لە شارە هەرەجوانەکانی گێتی، ئەوەی بۆ یەکەم جار چاوی پێی دەکەوێ ئاشقی دەبێ و ئارەزوو دەکا جارێکی دیکە چاوی پێی بکەوێتەوە.

شاعیری کورد سڵاوی ئەلەگەزی کوردانی بردووە لەم گەشتەیدا بۆ سانت پیتر سبورگی ڕووس. لە وەسفی شاردا وێنەی ڕووباری نێڤا دەکێشی کە هەر لە ناو شاردا دەڕژێتە ناو کەنداوی فینلەندە، ئەوجا قەڵای پیتروپاڤل کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەندیخانەی ڕۆشنبیر و شاعیران بووە، یەکێکی وەکو مەکسیم گورکی لەو قەڵایە بەند کراوە. لە شیعرەکەدا هەندێ وشەی بێگانەی ڕووسی بەکار دێنێ وەکو «پۆئێت» بۆ (شاعیر)، هەروەها یادی ماڵی پووشکین دەکاتەوە. ئەو خانووەی کۆچی دوایی تێدا کرد ئێستا بووە بەمۆزە. ئەو شارە ئێستا خۆی مۆزەیێکی گەورەیە. شاعیر ناوی ئەو کەسە دەبا کە دانتێس بوو ئەوەی لە کاتی شیربازیدا بەدەمانچە پووشکینی بریندار کرد لە دوای دوو ڕۆژ کۆچی دوایی کرد.

***

ئەمینی عەبدال زانا و نووسەر و شاعیری کوردی قەفقاسی ڕووسیا یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرە کەمانەی ئەو وڵاتە توانییان لە هەردوو مەیدانی زانستی و ئەدەب خزمەتی ئەو بەشە کوردە بکەن کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەوڵی دا سەرلەنوێ دەست بەخوێندن و نووسین و مەدەنییەت بکاتەوە. لە پێشخستنی خوێندەواری لە قوتابخانە کوردییەکاندا کۆششی ئەمین لە بەرچاو بوو، لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانستگا و ئەکادیمیە لە بارەی کوردناسییەوە بەنرخ بوو. لە نووسینی ئەدەبیدا وتار و چیرۆک و لیریک و پۆیێم (قەسیدەی درێژ) دەوری باڵای هەبوو. ئەمە بوو بەهۆی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیادا.

فەرامەرز "ڕەشید نەجیب"

بەشی چوارەم

فەرامەرز "ڕەشید نەجیب"

١٩٠٦ – ١٩٦٨

فـەرامـەرز بە بای شـەمـاڵ دەڵێ:
بڕۆ لـە زەڵم و تانجـەڕۆ و سـیـروان
لە گشت ڕووبار و گۆمی کوردستان
لەسـەر شـاباڵت بارانێ بێنـە
تـەنووری دڵمی پـێ دامـرکـێنـە

ژیانی

ڕەشید کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی هەمزە ئاغا لە بنەماڵەی فەرخەی سلێمانییە. ناوی «نەجـیب»ی لەسـەر دەسـتووری عـوسـمـانی هەڵبژاردووە وەک لەقـەب. ناوی «فەرامـەرز»یشی کردووە بەنازناو بۆ شیعر و ئەدەبیات. لە شیعردا بەفەرامەرز و لە ناو خەڵکیدا بەڕەشید نەجیب ناوبانگی دەرکردووە.

فەرامەرز لە ساڵی ١٩٠٦ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە تەمەنی مێردمنداڵیدا لە ساڵی ١٩٢٠ باوکی کـۆچی دوایی کـردووە. سـەرەتای خـوێندنی لە حـوجـرەی مزگەوت بووە. ئەم خوێندنەی زۆری نەخایاندووە و زوو ڕووی کردۆتە قوتابخانەی سـەرەتایی ڕۆژگارانی فـەرمانڕەوایی دەسـەڵاتی عـوسـمـانی. بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٠ بووە بەمووچەخۆری میری لە نەخۆشخانەی سلێمانی، لە پاشانا چەند سـاڵێکیش لە هـەڵەبجە ئەم کـارەی بردۆتە سـەر. لە سـاڵی ١٩٢٨ مـاوەیێک خـەریکی وەرگێڕان بووە لە زمـانی ئینگلیـزییـەوە بۆ کوردی لە کۆمـەڵەی زانسـتی سلێمانی و هەر لەو سـەردەمـەدا لە سـاڵی ١٩٣٠ لە قوتابخـانەی شـەو بەخـۆڕایی وانەی وتۆتەوە. ئەوجا بووە بەقایمەقام لە هەندێ لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر.

لە ساڵی ١٩٣٢ فەرامەرز بەغدای کردە مەڵبەندی ژیانی و لەوێ نیشتەجێ بوو و لە ساڵی ١٩٣٦ ژنی هێناوە. بەگشتی فەرامەرز زۆری نەخوێندووە، بەڵام کەسێکی زیرەک و هوشیار بووە، لە ڕووی خوێندەوارییەوە لە دەرەوەی قوتابخانە خۆی پێ گەیاندووە. خۆی مامۆستای خۆی بووە و بۆ ئەم مەبەسە نامەخانەیێکی ئاوەدانی لە ماڵەوە پێک هێناوە. بەهۆی بەهرەی تایبەتی خۆیەوە پێشکەوتووە. لە ساڵی ١٩٤٩ بووە بەبەڕێوەبەری بەشی عەرەبی و کوردی لە ئێستگەی بێتەلی ڕادیۆی بەغدا. لەمەوە بوو بەمووچەخۆرێکی لە ڕوو لە دەسەڵاتی عیراقدا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کاری گەورەی پێ بسپێررێ لە بەڕێوەبردنی شارە گەورەکان، وا بوو لە ساڵی ١٩٥٣ وە تا ساڵی ١٩٥٨ بوو بەموتەسەریفی لیواکانی (پارێزگاکانی) هەولێر و کەرکووک و مووسڵ و بەسرە.

لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ فەرامەرز خانەنشین کرا. ئیتر بەلای مووچەخۆری میرییەوە نەچوو چونکە بەیەکێک لە کاربەدەستە گەورەکانی ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی مەلیکی ژمێررا بوو. هەڵوێستی لەم لایەنەوە پیاوانە بوو، خۆی لە دەسەڵاتی تازە نزیک نەکردەوە، مەرایی بۆ نەکرد و دژیشی نەوەستا. ئەو چەند ساڵەی دوایی پێش مردنی خەریکی خوێندن و نووسین بوو لە ماڵەوە تا ساڵی ١٩٦٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئەعزەمییە نێژرا.

فەرامەرزی شاعیر

فەرامەرزی شاعیر یەکێکە لە سێکوچکەی بنیادنەرانی شیعری نوێی کوردی (بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی) لە ناوچەی سلێمانی. سێکوچکە بریتی بوو لە نووری شێخ ساڵح و گۆران و فەرامەرز. ئەوە هەیە فەرامەرز لەسەر شاعیرییەتەکەی بەردەوام نەبوو. ئەوە ئاشکرایە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە ساڵی ١٩٢٠ەوە دەست پێ دەکا. لەو سەردەمەوە چێژی ئەدەبی و خەیاڵی شیعری لای دروست دەبێ. کاری لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا دەبێتە هۆی مشتومالٚ کردنی توانای ئەدەبی.

لە ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٢٨ دەبێتە بەرپرس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ژیان»، یەکەمین بەرهەمی لەو ڕۆژنامەیەدا لە ساڵی ١٩٢٧ بڵاو دەکاتەوە. لە پاشانا کە لێی دوور دەکەوێتەوە بە وتار و شیعر بەسەری دەکاتەوە. بەم جۆرە لە ساڵی

١٩٣٠ بەرهەمی شاعیر لەسەر لاپەڕەکانی ژیان دەکەوێتە بەرچاو. هەر لەو ماوەیەدا بەشداری لە نووسینەکانی بڵاوکراوەی «دیاریی لاوان» و «یادگاری لاوان» دەکا. هەروەها نووسەری هەمیشەیی گۆواری «گەلاوێژ» بووە لە سەرەتاوە تا کۆتایی (١٩٣٩ – ١٩٤٩).

بەشداریکردنی فەرامەرز لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی تەنیا لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا بووە. ئەو قۆناغە لە مێژووی ئەدەبدا بەقۆناغی لاساییکردنەوەی ئەدەبی عوسمانی ناسراوە. ئەمە بزووتنەوەیێکی تازە بوو جەوهەرەکانی لە ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدەمی ئەوروپا وەرگرتبوو بەتایبەتی فرەنسی و ئینگلیزی و ڕووسی. هەموو کەڵەشاعیرانی نوێکردنەوە بەو قۆناغە تێپەڕین. گۆران زوو دەرباز بوو، نووری شێخ ساڵح ماوەیێکی زۆر لەگەڵ ئەم قوتابخانە شیعرییە مایەوە، هەرچی فەرامەرزیش بوو زوو وازی لە ئەدەب هێنا.

شیعری فەرامەرز لە ڕووی ڕوخسارەوە زمانی تێکەڵاوە، وشەی عەرەبی کە لە شیعری ڕۆمانتیکی تورکی عوسمانی بەکار دێ، ئەویش بەزۆری بەکاریان دێنێ. لە کێشدا هەمیشە خەریکی کێشە سووکەکانە. لە قافیەدا ڕەنگاوڕەنگە زۆربەی لەسەر سیستێمی چوارین دەڕوا. ئەم جۆرە قافیانە لە لای دەبینرێن: ا ب ا ب، ا ب ب ا، ا ا ب ب (مەسنەوی)، ا ب ب جـ، ا ب ا جـ د. شاعیر ناوی بۆ هەموو شیعرەکانی داناوە، لەم لایەنەوە لە دەستووری شیعری کلاسیکی لای داوە. ئەوان بێ ناو بوون بەقافیە دەناسرانەوە یا ڕستەی یەکەمی سەرەتای شیعریان.

شیعری فەرامەرز

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «عەشق و خەیاڵ» لە ساڵی ١٩٢٧ دایناوە دەڵێ:

ئەوقاتێ ئەبێ ڕووحم ئەکا تەرکی مەکانی
وەک تەیری جینانی
هەر وەک کە وەڕس بووبێ لە دیداری حەقیقەت
یەعنی کە لە زات
تەسلیمی خەیاڵاتی ئەکا دەستی عەنانی

قـەسـدەن ئەیەوێ دەرچـێ لە دنیـا وو لـە خـیلقـەت
ئـەو وەخـــتــــە لـەســـەر بـاڵـی دلاوێزی خـــەیـاڵات
هـێـنـدە دفـــرم تـاکـــو دەبم خـــاریجی عـــالـەم
ئەم عــالـەمــە مــەعلوومــە کــەوا پڕیە لە مــاتەم
بەو نەوعە ئەکەم تەیی مـەکان قـەتعی مـەسـافـات
ئەوسـاکـە مـوجـەڕڕەد لە هەمـوو بەند و عـەلائیق
شۆریدە وو شـاهیق
لەو بەرزییـە بنیـادی ئەنێم قـەسـری سـەعـادەت
تیمسالی لە تافەت
کــاشـــانەیە ئەترافی کـــە پڕ بێ لـە حـــەدائیق
تـەنرا بـە ئەزهـاری مـــوعـــەتتـــەر بـە نـەزاکـــەت
لەو گـوڵشـەنەدا خـۆم و پەرسـتـیـدەیی حـیـسـسم
تیـمـسـالی ئـەکـەین عـەشق و ژیانێکی مـوعـەللا
عەشقێکی موقەددەس موتەنەووير موتەبەسسيم
ژینێ نـەبێ وێنەی نـە لە دنیـــا نە لـە عـــوقـــبـــا
عەشقێ کە پڕی خەندە وو گوڵبانگی سورووو بێ
عـەشـقێ ئەبەدی بێ لـە عـەدەم خـەیلی بەدوور بێ

ئەم شیعرەی فـەرامەرز دەچێتە خانەی لاسایی شیعری عوسمانییەوە لە دوای جـەنگی یەکـەمی گێتی. ئەم بزووتنەوەیە نوێکردنەوەیێک بوو لە شیعری کوردیدا. بەشێکی زۆری وشەی ئەم لیریکە عەرەبییە. هەندێ لەو وشانە ناچنە ناو شیعری عەرەبییەوە، کەچی هەندێکیان لە کۆنەوە لە شیعری کلاسیکی تورکی عوسمانی بەکار دەهێنران. هەندێکی دیکەیان کەوتبوونە ناو ئەو جۆرە شیعرەی لە هەنگاوی یەکەمی نوێکردنەوەدا هاتبوونە بەرهەم، واتە هەنگاوی پێش ڕێبازی ڕۆمانتیکی.

٢

لە شـیـعـرێکیدا بـەناوی «ئالامی بەشـەر» فـەرامـەرز زیاتر لە ڕۆمـانتـیـزم نزیک دەبێتەوە:

لەو ساوە کە من مودریکی ئەندۆهی بەشەر بووم
مەعلووم بوو لە لام هیچیی و ئالامی نەهوفتەی
تەشریحی ئەکەم مەنقەبەیی حاڵ و گوزەشتەی
مەئیووس و ئەلەمبار و ئەسەفناکی کەدەر بووم
ڕۆژێ نییە ئەم شاهی نوجوومە بەجەلالی
نەڕوانێ بەسەر لەوحەیی خوێنینی بەشەردا
شەوگار نییە لەمەعەی نەزەری شاهی لەیالی
زەرد هەڵنەگەڕێ هالەیی ئەنواری لە دەردا
گاهێ ئەبیەم سەیحەیی دڵسۆزی کەساسێ
بۆ دەفعی سەفالەت وەکو ئەوتاری ڕوبا بێ
هەر وەک تەلی ناڵندیی تارێ کە شکا بێ
پڕ ڕەعشە ئەپاڕێتەوە بۆ پارچە پەلاسێ
بەعزەن یەتە بەر دیدەیی نمناکی حەزینم
فاجیعەیی مەرگی موجافات
ئانەن یەتە جۆشش غەزەبی کۆن و نەوینم
ئەم قەتعەیە ئەوسا ئەکەمە شیعری موجازات
دنیا نە بەهەشتە نە چەمەنزاری سەفایە
سەحنێکی بە ئاشووبە ژیانیشی جەفایە

ئەم شیعرەی فەرامەرز نموونەیێکە نزیکترە لە گێتیی ڕەشبینی ڕۆمانتیکی و هەندێ لە چوارچێوەی لاسایی عوسمانی دوور کەوتۆتەوە، لە ناو تەمومژی ئاوارەییدا خنکاوە، باوەڕی بەژیان نەماوە، لە شارستانی دوور کەوتۆتەوە. ئەگەر هەست بەجەوهەرەکانی ڕۆمانتیکی بکرێ لەم شیعرەدا بێ گومان لە نموونەی شیعری نوێی تورکی عوسمانی وەرگیراوە.

٣

لە لیریکێکی نموونەی شیعری نوێ لە ساڵی ١٩٣٣ هۆنیویەتییەوە بەناوی «فەریادی دووری» فەرامەرز دەڵێ:

دیجلە هاوارم بەرە بۆ وڵات
وڵاتی پڕ دەرد ئالام و ئاوات
دەنگی دڵسۆزی جگەر بڕینی
فەریادی یاری دۆستی دێرینی
بڵێ بەندەکەی غەمخۆری جاران
شێتی جەمالتە لە کووچەی شاران
سیروان کەوسەری بەهەشتی کوردان
ئیکسیری زام و ئازار و دەردان
وەختێ پرشنگی نوورانیت وەک زیو
ڕووناکی ئەکا دۆڵ و دەر و شیو
لەباتی منیش بە ئەشکی ڕەوان
بشۆ غوباری کەژی هەورامان
نەسیم گیانبەخشی زیندوو و جەمادات
ڕووحی (فەرامەرز) ببێ بە فیدات
شنەیێ بایێ کزەی هەوایێ
لە شاخ و نزار دەشت و چیایێ
بێنە دەخیلە بۆ جەرگی سۆزان
تۆزێ لە هەوای شاخەکەی قەیوان
هەوری سپی ڕەنگ تۆ بێرە ڕەحمەت
تینێ بدە خۆت پڕ گوڕ و هەڵمەت
بڕۆ لە زەڵم و تانجەڕۆ و سیروان
لە گشت ڕووبار و گۆمی کوردستان
لەسەر شاباڵت بارانێ بێنە
تەنووری دڵمی پێ دامرکێنە

لەم شیعرە ڕەنگینەدا ئەگەر شاعیر ناوی هەندێ جێگەی نەهێنایە لە جوگرافیای کوردستان لەوانە بوو خەیاڵی خوێنەر بچووبایە بۆ ئەوەی وا بزانێ

فەرامەرز ئاگاداری ئەوە نییە ڕووباری دیجلە لە ناوچەرگەی کوردستانی باکوور هەڵدەقوڵێ. کە ناوی سیروان و هەورامان و قەیوان و زەڵم و تانجەڕۆی بردووە، بێ گومان زانیویەتی نیوەی دیجلە لە کوردستانە و لەوێش هەڵدەقوڵێ. ئیتر شاعیر لە با دەپاڕێتەوە شنە بکا بۆ ئەوەی لەسەر شابالی باران بار بکا بۆ ئەوەی ئەو بارانە گڵپەی تەندووری دڵی دامرکێنێتەوە.

٤

فەرامەرز لە ساڵی ١٩٢٧ شیعرێکی بۆ نووری شێخ ساڵح نووسیوە:

ئەی کێوی بڵند پایە ئەیا شاخی مەعەللا
هەر گاهـ کە ئەکەی جەزبی نەزەرگاهی حەزینم
بەم بەرزیی و بەم سەتوەتەوە ئەی کەژی والا
سروە و شنەکەت دەفعی ئەکا ئاهـ و ئەنینم
ئەی کێوی عەسر دیدە ئەتوێ مازییی ئوممەت
تەئییدی ئەکەی خاتیرەیی شاهیی کوردان
بۆ شەوکەتی ڕابردوو و ئەییامی سەفامان
بڕژێتە گەواهی حەشەم و قودرەتی میللەت
گاهێ کە ئەپۆشێ سەری تۆ تاجی سەحابی
پڕ قەهر و مەرارەت ئەدەیە پرمەیی گریان
شوبهەی نییە ئەی شاخی وەفادار و قەدرزان
بۆ میللەتەکەت وا بە پەرۆش و بە عیتابی
ئێستاکە کەوا فەسڵی زەمستانی هەرەمتە
بێ بەرگ و نەوا ڕیش و سەرت گشتی سپی بوون
مەعلوومە لە لام هەر ئەمە ئەسبابی ئەلەمتە
کوردانی حوکمڕانت کەوا ئێستا نەوی بوون
خۆزگەم ئەمەیە قودرەتی ئیعجازی تەبیعەت
ئەی مولهیمی ئەشعاری لەتیف کێوی سەر ئازاد
ئەی باعیسی دەنگی سروودی شاعیری ناشاد

ئەی کـێـوی ئەسـاتیـری ئەیا شـاخی مـوتەلسـەم
تۆشـی وەکـو مـن ئێـسـتـە بهـێنایە خـەتابەت
دار و دەوەن و بـلـبل و ئـەلـواحـی بـەدیـعـــــەت
هـەریەک وەکو شـیـعرێکی بەدیعی بە فەسـاحـەت
ئیـحـیـایی بکەن دەبدەبەیی عـەهدی کـەیانی
یەعنی ببنە سـەفـحـەیی تەئریخـی مـوجـەسـسـەم

نووری شـێخ سـاڵح شـاعیـری یـەکـەمی سـێکۆچکەی بزووتنـەوەی شـیـعـری نوێی کوردی بوو لە سلێمـانی لەگەڵ گۆران و فـەرامـەرز. لەم شـیـعـرەدا لە کێـوێکی بڵند دەدوێ. لە سلێمانی گەلێ شاعیر باسی کێـوی بڵندیان کردووە، هەندێکیان ناویان هێناوە و مـەبەسـیـان پیرەمـەگروون بووە، هی دیکەیان ناویان نەهێناوە، بەڵام ئەو شاخەی باسیان لێوە کردووە بەرەمز دیسانەوە مەبەسیان پیرەمەگروون بووە. ئیتر ئەم وەسفەی فـەرامەرز بەڕاستی پیرەمەگروون دەگرێتەوە، کەچی مـەبەسـی لە کێوی بڵند نووری شێخ ساڵحە، بەداهێنەری شیعری نوێی دەژمێرێ، ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی لە کێوی بڵندا هەیە لە شیعری نووری شێخ ساڵحیش بەرچاو دەکەوێ.

٥

فەرامەرز شیعری بۆ عەبدوڵڵا گۆرانیش وتووە لە ساڵی ١٩٣٣ بەناوی «عەشقی بێ سوود»:

دڵی پەشـــێـــواو دەمێ بوو ون بووی
لە مـــەیدانی عـــەشق ئـالام و غـــەمـــدا
لە نـاو ئەحـــلام و ســـەمـــای پڕ تەمـــدا
زۆر شـوکور دیسـان بەتیرێ کون بووی
هـەرچەن ئـەزانم عـــەشق بێ ســـوودە
نەتیـجـــەی حـــوزن و گـــریان و شـــینە
وەســـڵی فـــیـــراقـــە شـــادیی ئەنینە
بەڵام لە لای دڵ دڵەی فـــەرســـــوودە
عـــەقڵ و دووربینی خـــەوە ســـەرابە

مـــەنتـــیق پرشـنگی دوو چاوی کـــاڵە
حـیکمـــەت پڕیشکی کـوڵمـێکی ئاڵە
خـــــوێناوی جگەر مـــــەیە شـــــەرابە
یەزدان شــــاهیـــدە ئەی دڵی لاســـــار
جـــێگە نزرگـــــەی خـــــەیاڵی دڵدار
گــەر نەمــزانیــایە خــەڵوەتگەی یاری
وە یا زامــــــاری چاوی بیــــــمـــــاری
ئێـسـتـــا ئەمناردی بۆ شـاری عـەدەم
نەجـــاتم ئەدای لە دەست دەرد و غــەم

شـاعیر ئەم لیریکەی پێشکێش بەگۆران کردووە، ئەگینا لەم شیعرەدا هەست بەهیچ جۆرە شـوێنەوارێک ناکرێ پێوەندی بەگـۆرانەوە هەبێ، تەنیا ئەوە نەبێ بەشـێوازێکی شـاعیرانەی ڕۆمـانتیکی باس لە گیـانی دڵداری دەکا ئەوەی لە فرمێسک و پەژارە و ئاوارەیی بەولاوە بۆنی هیچی لێ نایە. لەوانەیە پێوەندی ئەم شیعرە بەگۆرانەوە وەکو فەرامەرز هەستی پێ دەکا ئەوە بێ گۆران یەکێکە لە نوێکەرەوەکانی شیعری کوردی و توانای ئەوەی هەیە لەم جۆرە شیعرە بگا.

٦

شـاعـیـر بۆ لافـاوەکـەی سـاڵی ١٩٣٢ی شـاری سلێـمـانی بەناوی «شـاری بەدبەخت»ەوە دەڵێ:

فـــەرتەنە و بـا و و برووسکە ئاهـ و واوەیلا و فـــیـــغـــان
گـرمـــە و و ناڵەی ســـەمـــا شین و شـــەپۆڕی ســـەرزەمین
دەنگی ئیـســـتـیـعـدادی دایک و گـریەیـی پیـر و جـوان
هـاڕەیی لافـــــاو و ســـــەیل و نەوحــــــەیی ئاخ و ئەنین
گــاهـ لە تاو تیــفلی خـــەواڵوو دایکی بێــچـــارە و هەژار
بێ تەڕەددود بێ مـــەحـــابا خـــۆی ئەخـــســـتـــە ئاوەوە
گـــاهـ لە تـاو مـــەوتی منـاڵی بـاوکی بەدبەخت بێ قـــەرار

هـەروەکــو مـــەل بۆ ئومـــێـــدێ خـــۆی ئەکـــرد بـەداوەوە
شـاری بەدبەخـت هەر تەبیـعـەت مـابوو لێت بێـتـە خـرۆش
وا ئەویش پڕ چەک مـوسـەللەح هـاتە مـەیدانی هوجـووم
با ئەمـیش سـەربـاری دەرد بێ با قـەلیش هەم دەنگی بووم
با سەماش جووت بێ لەگەڵ ئەرز بەڵکو کوردان بێنە جۆش
جــۆشـی وام نـاوێ کــە بـگرین یاخــو ســینە چاک بکەن
جۆشی پڕ سـۆزم ئەوێ کـیـسـەی حـەمـیـیـەت بێننە دەر
بۆ ئـیــعــانـەی شـــاری بەدبەخت بـۆ وڵاتی قـــوڕ بەســـەر
بـۆ برای بێ نان و شـــێـــو بـۆ مـــردووانی بێ کـــەفـــەن

ئەم لیریکە بریتییـە لە شـینێکی پڕ سۆز و فـرمێسک ڕشتنێکی گەرم بۆ ئەو کارەسـاتەی لە ئەنجـامی لافـاوەکەی ئەو سـاڵەی سلێمـانـی کەوتە ناوەوە. هەندێ وێنەی تراجـیـدییـانە لـە شـیـعـرەکـەدا بەدی دەکـرێ، وەکو شـێوانـی دایک بەهۆی خنکانی جـیگەرگۆشـەی. شـاری سلێمـانی بەدبەخت هەمـوو جۆرە کـارەسـاتێکی بەسـەردا هاتووە. کـوشـتن و تـاڵان و داگـیـرکـردن. سـەربـاری ئەمـە هەمـیـشـە سـروشـتـیش گـورزی خـۆی دەوەشـێنێ، ئەمـە لە لافـاو و ڕەشـەبا و ڕووداوی دیکە خۆی دەنوێنێ.

فەرامەرزی نووسەر

لەو سـەردەمـەی فـەرامـەرز بایەخی بەئەدەب داوە زیاتر خـەریکی پەخـشـان بووە و بەرهەمی لەم لایەنەوە هـەندێ زیاترە لە شـیعری. لەبەرئەوە تەنیا وەکو شـاعیـرێک ناچێـتـە ناو مـێـژووی ئەدەبەوە بەڵکو وەکو یـەکێک لە بەشـدارانی بەهێـزکـردنی پەخـشـانی کـوردی دەکـەوێتـە بەرچاو. لە نـووسـینی پـەخـشـانـیدا زمـانی ڕەوان و مـەیلی بۆ کـوردی پەتی بـووە، لەبەرئەوە هـەرچـەندە لە شـیـعـریدا وشـەی بێگانەی بەکارهێناوە کەچی لە پەخشانیدا ئەم دیاردەیەی پێوە دیار نییە.

بابەتە ئەدەبییـەکانی پەخشـانی لە چوارچێوەی وتاری ئەدەبی و کـورتە چیـرۆک بەرچـاو دەکـەون. لە زۆرینەی بـەرهـەمـیـدا ئەم دوو ژانـرە ئەدەبیـیـە بەتـەواوی لە یەکتـریدا نەبوونەتەوە، بۆیە دەکرێ «وتارەچیرۆک» یا «چیرۆکەوتار»یان پێ بوترێ.

بێ گومان لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان بەڕوونی وەک وتار یا کورتە چیرۆک دەکەونە بەرچاو. هەموو وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکراونەتەوە.

کارە پەخشانییەکانی فەرامەرز دەکرێن بەدوو بەشەوە:

١- وتاری ئەدەبی و چیرۆک: ئەم بابەتە نووسینانەی بەقەوارە بچووکن. ئەوەی زۆر لە بەرچاو بێ لەم جۆرە نووسینانەی ئەمانەن: دوو چاو و بەیتێک (١٩٤٦)، تێکۆشینی کورێک و میهرەبانی باوکێک، نووسینی بێ قۆرت (١٩٤٠)، ئەمین زەکی (١٩٤٨)، گوێی ئاگردان (١٩٤٨).

٢- وتاری کۆمەڵایەتی: شێوازی نووسینی لەم بابەتە بەرهەمەیدا ئەدەبی و هونەری و ڕۆمانتیکییانەیە. لەم نووسینانەیدا بەشێوازێک باس لە کەموکوڕییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکا خوێنەر هەست بەچێژێکی هونەری و بزووتنەوە و جریوەییێکی پڕ لە سۆز دەکا لە ناو دڵ و دەروونیدا. هەندێ لە بەرهەمەکانی بەم ناوونیشانانەن: نووسینی کوردی، خووی بەد (١٩٤٧)، هاوین و کوێستانە شیرینەکانمان (١٩٤٧)، دارستانەکانمان، گاندی (١٩٤٨).

جگە لەمە هەندێ بەرهەمی دیکەی فەرامەرز دەچنە ناو خانەی لێکۆڵینەوە و زانستی ئەدەب و ڕەخنە، لەوانە پێویستە ئاماژە بۆ ئەم بەرهەمانە بکرێ: وەلیی دیوانە (ئەمەی پێشکێش بەعەبدوڵڵا گۆران کردووە) (١٩٣٤)، زەردەشت و دینی زەردەشتی (١٩٣٤)، ئەدەبیاتی کوردی (١٩٣٣ - ١٩٣٤).

سەرەڕای ئەمانە فەرامەرز دەستی وەرگێڕانیشی بووە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی، لەمانە بەشێکی لە گەشتنامەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز بیللی فریزەری لە ساڵانی (١٩٣٠ - ١٩٤١) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. جگە لەمە دوو کتێبی قوتابخانەی سەرەتایی قوتابخانە کوردییەکانی عیراقی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە دوا ساڵانی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم فەرامەرز وازی لە ژیانی ئەدەبی هێناوە و خەریکی وەزیفەی گەورەی میری بووە. لە دوای خانەنشینی لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ ماوەی دە ساڵێک خەریکی خوێندنەوە بووە. پێش

کـۆچی دوایی لە مـایسی سـاڵی ١٩٦٧ دەسـتی کـردووە بـەنووسـینی ڕۆمـانی «مامۆستا برزوو». ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کۆمەڵایەتییە لە ژیانی کوردەواری دەدوێ. قـارەمـان و جـێگە و شـوێن و نەریت و خـوو و ڕەوشت هەمـووی کـوردەوارین، بەزمانێکی پاراو و ئاسان تۆمار کراوە. نووسەر هەوڵی داوە مەرجەکانی هونەری ڕۆمان نووسین بخاتە پراکتیکەوە.

نموونەی پەخشانی فەرامەرز

یەکێ لە پەخشـانـە ڕەنگینەکانی فـەرامـەرز ئەوەیە لـە سـاڵی ١٩٤٨ بەناوی «گوێی ئاگـردان» بڵاوی کـردۆتەوە: «لە سـەرمـا و سـۆڵەی زسـتـاندا، بـەتایبـەتی لە وڵاتی خۆماندا کە لوولە سەهۆڵ وەکو بلوور ئەدرەوشێتەوە و بەفر وەکو پەمووی سپی دنیا داگیر ئەکا، چ باسێ لە باسی ئاگر و ئاگردان خۆشترە! تۆ گەرمی و تینی ئاگری زسـتـان بەگـشـتی و موبارەکی ئاگر بـخـەرە لاوە، مـەبەسـتم ئەمـە نییـە، مەبەستم گوێی ئاگردانە، ئاگردان خۆی نیشـانەی خێزانێکی کۆماڵێکی ئاوەدان و گردە. ئاگردان چ لە ماڵدا بێ و چ لە مزگەوت و دیوەخـان، کانییەکە سەرچاوەی هۆشی میللی لێوە پەیدا ئەبێ. هۆشی میللی وەکو هەموو ئەیزانین ئەنجامی حیس و عەنعـەنەیێکی یەکسـان، تەئریخێکی یەکگرتوو و بڕوا و ڕەوشـتێکی لەیەک چووە. ئەم سێ پایە لە ئاگردانەوە گڵپە و ڕووناکی، تین و تەوژم پەیدا ئەکا. لە هەندێ لە شارەکانماندا ئەشێ ئاگردان و سـەرگوروشـتـە و حیکایەتێکی گوێی ئاگردان نرخ و ئەهمـیـەتی کـۆنی نەمـابێ، بەڵام لـە بەشی زۆری وڵاتەکـەمـاندا لـە لادێدا ئەوەی مـومـەیزاتی میللیمانی پاراسـتبێ ئەتوانم بڵێم ئاگردانە. لە گوێی ئاگردانە مناڵە وردەکانمان ئەفسانەی کۆنی کوردی، حیکایەتی دێرینی پەری و دێو لە مێشکیاندا ئەچەسپێ. هەرچەندە وەکو تارماییەکی لێڵیش بێ، شکۆی ڕابردوومان لە دڵیاندا جێگیر ئەبێ. ئەمانە بەجۆرێ کاریان لێ ئەکا هەمـوو کـارەسـاتی ڕۆژگـار لە بیر ناباتەوە. بەکـورتی مناڵە وردەکانمان لە گـوێی ئاگـردان زمـانیـان ئـەپژێ و بەگڕ و گڵپـەی ئاگری ئاگردان دڵ و مێشکیـان زاخاو ئەدرێتـەوە. بۆ لاوەکانمان ئاگردان ڕەمز و نیشانەیێکی ترە. بۆ ئەوان مەیدانی جوامێری و شاسوارییە گڕی ئاگردان لەواندا تـەنیـا دەست و پل گـەرم ناکـاتەوە، بەشکو گیـانی جـوامـێـریشـیـان تیـا ئەبووژێنێتەوە. گەرمای ژیانی هەزار ساڵەی لە ناو ئەم دۆڵ و شاخە جوانەیان تیا

ئەهێنێتە جۆش. هەریەکەیان بەزمانێکی سادە و دڵێکی پاکەوە سەرگوروشتەی قارەمانی خۆی، وە یا هی لاوانی تر ئەگێڕێتەوە. لەم گێڕانەوەیەدا نە فیزی تیایە نە خۆ هەڵکێشان. باسی پەلامارادان و کوشتنی پڵنگێکت بەچەشنێ بۆ ئەگێڕێتەوە کە من و تۆ باسی بەفاقە چۆلەکە گرتنێ وا ناگێڕینەوە. یەکێکی تریان تێت ئەگەیەنێ چۆن لە ڕۆژێکی تۆف و سەر بەکلاوە بەفردا ڕێگای خۆی ڕزگار کرد و گەیشتە ئاوایی. ئەم ڕەوشتە، ئەم عەنعەنەی گوێی ئاگردانەیە کە جوامێری و جەنگاوەری و بەخۆدا ڕاپەڕموونی بۆ ئێمە کردووە بەشتێکی سروشتی و ئەم خسڵەتانەی بۆ ئێمە پاراستووە».

لەم وتارە ڕۆمانتیکی و هونەرییەدا نووسەر گرنگی ئاگردان لە ماڵی کورددا دەخاتە بەرچاوی خوێنەر. سروشتی کوردستان وای کردووە لە زستانا هەموو خێزانێک لە دەوری ئاگردان کۆببنەوە. بەشێک لە مێژووی ئەم میللەتە لە دەوری ئاگردانادا دەکەوێتەوە، منداڵ پەروەردە دەبێ، داهێنانی ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) دروست دەبێ. بەرنامە و پیلانی ژیان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ. جگە لە پیرۆزی ئاگر کە جەوهەرێکە لە جەوهەرەکانی ژیانی ئادەمزاد بەتایبەتی لە زستاندا.

***

ڕەشید نەجیب ناسراو بەفەرامەرز نووسەر و شاعیرێکی بەتوانای ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو. بەرهەمی ئەدەبی بەقەوارە کەم بوو، چونکە زوو لە گێتیی ئەدەب دوور کەوتەوە. یەکێک بوو لە سێکوچکەی دامەزرێنەرانی ڕێبازی «شیعری نوێ»ی کوردی لەگەڵ نووری شێخ ساڵح و گۆران لە نێوان هەردوو جەنگی گێتیی سەدەی بیستەم لە سلێمانی. کۆمەڵێک بەرهەمی بەپێزی خستە ناو سامانی نەتەوەیی لە بابەتی شیعری نوێ و وتار و کورتە چیرۆکی کوردی.

عەلائەدین سەجادی

بەشی پێنجەم

عەلائەدین سەجادی

١٩٨٤ - ١٩٠٧

ژیانی

عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین لە بنەماڵەی سەجادی شاری سنەیە. لە ساڵی ١٩٠٧ لە گەڕەکی قەتارچیان لە سنە لە دایک بووە. خوێندنی بەرایی لە حوجرەی مزگەوت دەست پێ کردووە. بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستانی ئێران و عیراقی کردووە. لە دوا جارا لە سلێمانی نیشتۆتەوە و لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی لەوێ وەرگرتووە. ئەوجا ڕووی کردۆتە بەغدا و لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون لە گەڕەکی بەناوبانگی مەیدان دامەزراوە. پێش نوێژی مزگەوتەکە بووە و هەر لەوێش ژیاوە.

لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی لە ڕۆژنامەگەری نزیک بۆتەوە، بەم هۆیەوە پێوەندی بەچاپ و چاپەمەنییەوە بووە. لە کۆواری «گەلاوێژ» کاری کردووە، کۆواری «نزار»ی بەڕێوە بردووە، لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ کراوە بەمامۆستای موحازیر لە ئەدەبی کوردی لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا، لەم کارەدا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٧٤. لەو ساڵەدا کە بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ سەری نەگرت و نێوانی دەسەڵاتی بەغدا و ڕاپەڕینی نیشتمانی کورد تێکچوو سەجادی کرا بەئەمینداری گشتی ئەوقاف (بەپلەی وەزیر) لە هەرێمی ئەڤتۆنۆمی کوردستانی عیراق لە شاری هەولێر. سەجادی لە لایێک ئەم کارەی پێ خۆش بوو چونکە سوودی دارایی بۆی هەبوو. لە لایێکی دیکەوە پێی ناخۆش بوو چونکە ئەو دەسەڵاتەی ئەم کارەی پێ سپارد بوو لە دژی کورد و فەرمانڕەوایی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بوو. بەهەموو جۆرێ سەجادی دەیتوانی ئەم کارە نەکا. لەم پۆستە گەورەیەی میری مایەوە تا ساڵی

١٩٧٧ ئینجا خانەنشین کرا. لە دوای ئەوە گەڕایەوە بەغدا جێی هەمیشەیی زیندەگانی و بەتەواوی کەوتە سەر کۆتایی هێنان بەو پڕۆژانەی پرۆگرامی بۆ دانابوون لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە. کوژرانی کوڕی گەورەی لە جەنگی عیراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨) پشتی شکاند و هێزی لێ بڕی و لە پەلوپۆی خست توانای نووسین و لێکۆڵینەوەی کەم بووەوە تا لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێررا.

سەجادیی ڕۆژنامەنووس

لەگەڵ نیشتەجێبوونی سەجادی لە بەغدا ئیبراهیم ئەحمەد خەریکی دەرکردنی کۆواری «گەلاوێژ» بوو لەبەر ئیشوکاری پارێزەری (ئەوقاتی) و جموجۆڵی سیاسی نهێنی کاروباری بەڕێوەبردن و چاپکردنی کۆوارەکەی بەسەجادی سپارد بوو، ئەمیش بەزۆری ژووری ژیانی خۆی لە مزگەوت کردبووە جێگەی بەڕێوەبردنی کۆوارەکە، لەگەڵ ئەوەشدا «گەلاوێژ» ژووری تایبەتی هەبوو وەک نووسینگە و سەجادی کاری تێدا دەکرد. ئەم کارە مەشقێکی گرنگ بوو و زەمینەیێک بوو ببێ بەپسپۆر لە ڕۆژنامەگەریدا و سەرچاوەیێکی زۆر لە ئەدەبی کوردی کۆ بکاتەوە و شارەزایی لە مێژووی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردیدا پەیدا بکا. جگە لە «گەلاوێژ» لە ساڵی ١٩٤٨ سەجادی کۆواری «نزار»ی بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەرکردووە، ئەمەیان بڵاوکراوەیێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو.

سەجادی پسپۆری ئەدەبی کوردی

مەیدانی نووسینی سەجادی لە بابەت ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی گەلێ فراوان بوو. جموجۆڵییە خوێندەوارییەکانی لەم خاڵانەدا دەکەونە بەرچاو:

١– گرنگترین کاری «مێژووی ئەدەبی کوردی» بوو. دووجار لە بەغدا چاپ کراوە یەکەمیان ١٩٥٢، دووەمیان ١٩٧١. لەم کارەیدا سەجادی توانیویەتی زانیارییێکی زۆر لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە کۆ بکاتەوە، لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. ئەو سەرچاوە و کەرەستانەی تا ئەو

کاته لە ناوەوە بوون بەکاری هێناون. بۆ ئەو سەردەمەی کتێبەکە بڵاوکرایەوە ڕووداوێکی مەزنی نێوەندی ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیری کوردی بوو.

٢- لە بابەت زمانی کوردی و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەوە سەجادی لێکۆڵینەوەی بەپێزی هەیە، لەوانە «دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی» (بەغدا ١٩٦١)؛ «ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی» (بەغدا ١٩٦٨)؛ «نرخ شناسی» (بەغدا ١٩٧٠)؛ «دوو چامەکەی نالی و سالم» (بەغدا ١٩٧٣)؛ «دەقەکانی ئەدەبی کوردی» (بەغدا ١٩٧٨)؛ «خۆشخوانی» (بەغدا ١٩٧٨).

٣- سەجادی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا بەشداری کردووە، زانیارییێکی زۆری هێناوەتە ناو نامەخانەی کوردییەوە. هەندێکیان تاقیکردنەوەیێکن بۆ یەکەمین جار ئەنجام دەدرێن، لەمانە لە مێژوودا «شۆڕشەکانی کورد» (بەغدا ١٩٥٩)؛ لە ئەتنۆگرافیا «کوردەواری» (بەغدا ١٩٧٤) بوون بەسەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە لە دواڕۆژدا.

سەجادیی نووسەر

سەجادی نووسەرێک بوو شێوازی خۆی هەبوو لە نووسیندا، بەزۆری کارە داهێنراوە پەخشانییەکانی شیعرئامێزی ڕۆمانتیکییانە بوون. ئەمە لە بەشێکی بەرهەمیدا ڕوون و ئاشکرایە. کارە داهێنراوەکانی لەم بەرهەمانەدا بەرچاو دەکەون:

١- لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دیباجەیێکی پەخشانەشیعری نووسیوە بۆ هەموو ئەو شاعیرانەی بەدرێژی باسی لە ژیان و بەرهەمی شیعریانی کردووە. ئەو پارچە شیعرانە نووسەر وەک شاعیرێک دەخەنە ڕوو.

٢- پەخشانە جوانەکانی سەجادی لە کتێبی «گەشتێک لە کوردستانا» (١٩٥٦) لێکسیکۆن و زمانی ئەدەبی یادداشت و تێبینی ڕۆژانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. ئەو کتێبەی سەجادی بریتییە لە تێبینی لە بابەت ئەو گەشتەیەوە لە کوردستانی عیراق کردوویەتی لە بەغداوە بۆ مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی.

٣- یەکێ لە کارە گەورە و بەنرخەکانی «ڕشتەی مرواری»یە (بەغدا ١٩٥٧ – ١٩٨٣) لە هەشت بەرگدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کارە بریتییە لە قسەی نەستەق و

پەندی پێشینان و ئامۆژگاری بەشێوەی ساتیر و کۆمیدی بەهەوایێکی ڕۆمانتیکییانە نووسراوەتەوە. سەجادی ئەم قسە و بەسەرهاتانەی لە خەڵک بیستووە. خاوەنەکانیان بەزمانێکی میللیی سەرزار وەکو بەرهەمێکی فۆلکلۆری بۆیان گێڕاوەتەوە، ئەو بەشێوازێکی ئەدەبی و زمانێکی بەرز تۆماری کردوون. بەرهەمێکە شانازی ئەدەبی کوردییە.

٤- لە چیرۆکدا سەجادی یەکێکە لە نووسەرە بەراییەکانی دەوری گرنگیان بووە لە پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی وتار و چیرۆکی کوردی. نووسەر لە نەوەی یەکەمی ئەم هونەرەیە کە لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی گێتیی سەدەی بیستەم پەیدا بوو. چیرۆکی لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری «گەلاوێژ» (١٩٣٩ – ١٩٤٩) بڵاوکراوەتەوە. لە پاشانا بەناوی «هەمیشە بەهار» (بەغدا ١٩٦٠) لە کتێبێکدا چاپ کراوەتەوە.

ژیانی میللیی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون بەسەرچاوەی بنچینەیی چیرۆکی سەجادی، بەتایبەتی ژیانی کۆمەڵی گوندایەتی و ئاوەدانییە کشتوکاڵییەکان. ئەمە لە ناونیشانی هەندێ لە چیرۆکەکاندا دەردەکەوێ، وەکو «شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو» و «بۆ نەچووین بۆ کوێستان؟» و «جەوهەر ئاغا» و «ڕێوییەکەی قەمچووغە» و هی دیکە.

نموونەی نووسینی

١

لە پێشەکیی باسی ئەحمەدی خانی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا سەجادی دەنووسێ:

قەڵەم کە نووسی نەخشی زەڕ کفتی
شەیدای دەنگێ بوو کەوا ژنەفتی
چیرۆک نووسەکان تا بە هۆمیرۆس
لەبەر ئەو دەنگە بوون بەچیرۆک نووس
ئەو دەنگە دەنگی نەوای خانی بوو
شمشاڵی گیانی نەوجەوانی بوو

بادەپەرستان سەرخۆشانی ڕاز
قەتاری عاشق پۆلی چاو بەناز
میر و شاریار بەگزادەی دیار
فریشتە و پەری ئاغە و جووتیار
ڕەوالانی مەم کناچانی زین
سەراپەردەکەی ئەمیر زەینەدین
چەکۆ و عارف ستی و تاژدین
حەیزەبوون بەکر وەیشوومەی بە کین
ئەمانە هەموو کەوتنە خۆشخوانی
بەتیشکی فیکری ئەحمەدی خانی

٢

لە پەراگرافێکی «ڕشتەی مرواری» سەجادی ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە:

«کابرایێک لە پاش نیوەشەو بەناو شارا ئەسووڕایەوە، پاسەوانەکان هاتن گرتیان، وتیان تۆ دزی. وتی: باوکم من دز نیم بەڵام نامەوێ بچمەوە ماڵی خۆم! هەرچەند قسەی کرد کەڵکی نەبوو، بردیان بۆ بەندیخانە و ئەو شەوە حەپسیان کرد و بەیانی بردیانە لای قازی. قازی وتی: تۆ بۆچی ویستووتە دزی بکەی؟ ئەویش وتی: جەنابی قازی من دز نیم، بەڵام نیو سەعات مۆڵەتم بدە و پیاوێکم لەگەڵ بنێرە ئەچمە ماڵەکەی خۆم و ئەگەڕێمەوە ئەو وەختە چیم لێ ئەکەی لێم بکە. قازی وتی باشە و پیاوێکی لەگەڵ نارد. کابرا چووە ماڵەوە ژنێکی زۆر ناشیرینی هەبوو، وتی: ژنەکە هەستە خۆت کۆکەرەوە با بچین. ژنەکە کەوتە تەکی و چوونەوە بۆ لای قازی. کابرا دەستی برد پەچەی ژنەکەی هەڵدایەوە و وتی: جەنابی قازی! یەکێ ئا ئەمە ژنی بێ نەوەک تا نیوەشەو بەڵکو تا بەیانیش ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە؟! قازی کە ئەمەی بیست و ژنەکەی چاوپێکەوت بەڕەڵای کرد».

٣

سەجادی لە چیرۆکی «شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو»دا بەشێوازێکی ساتیرانە و کۆمیدیانە باس لە کوردێکی عیراق دەکا گۆیا وەک نوێنەری کورد پەرلەمانتارە لە پەرلەمانی سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی (١٩٢١ – ١٩٥٨) لە بەغدا. لە ماوەی

ئەندامیەتی پەرلەمانی ورتە لە دەمی نەهاتۆتە دەرەوە. گفتوگۆ بەزمانی عەرەبی بووە. ئەو ئاغا دەرەبەگەی نوێنەری کورد نەخوێندەوار بووە، زمانی عەرەبی نەزانیوە، لەو سەردەمەی لە بەغدا بووە هیچی لێ فێر نەبووە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێ ئەوەیە ئەم چیرۆکەی سەجادی کراوە بەڕووسی و لە ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە و نێوەندی خوێندەواری پێشوازیی باشیان کردووە. سەجادی بەم وتانە دوایی بەچیرۆکەکەی دێنێ:

«لە بارەکەی تریشا بەڵێ ڕاست بوو ئاغە نائیب بوو لە مەجلیسدا، بەڵام من هەر وا جار جار ئەچووم بۆ گوێگرتن، چونکە شوێن هەیە بۆ گوێگران. بەو قورعانەی تۆ ناوتەتە سەر ڕانی ڕاستت لەو چەند ساڵەدا نە بیستم و نە دیم ئاغە لەو مەجلیسەدا ورتەیێک لە دەمی بێتە دەرەوە! ئێستا و ئەوسا زمانەکەش فێر نەبوو لایەقەلی بزانێ خەڵکەکە قسە لە چییەوە ئەکەن! سا چاک یا خراپ پەنجەکە هەر بەرز ئەکرایەوە ئیتر تێبگەین یا تێنەگەین شەرت نەبوو. ئیتر ئیش رایی کردنی چی، قسەی چی، بەشوێن ئیشوکاری ئەم و ئەوا هەڵسووڕانی چی؟!

ها، ئەوەم لە بیر نەبوو، پیاو درۆ نەکا چاکە، ڕۆژێکیان لەو ڕێکەوتانە بوو کە منیش چووبووم بۆ گوێگرتن، هەرچەندە شوێنی گوێگران جیا بوو لە شوێنی نائیبەکان، بەڵام وا ڕێکەوت بوو لێوە نزیک بووم، گوێم لێ بوو دەنگێکی لێوە هات وتی: پەککو لەوی گەرمایێ، بەقوڕێ گیرێ ئەو شارە لۆ گەرمای. کابرای تەنیشتی لێی تێ نەگەیشت، لێی پرسی کە ئەوە چی ئەڵێ!؟

ئەویش تێی گەیاند وتی: ئەوی شارە عارە... عارە...

پەککو... واتە حارە (بەعەرەبی واتە گەرمە).

بەڕەحمەت بێ مامە ڕەشە شاییەکی خۆشی بۆ کردین».

***

عەلائەدین سەجادی خوێندەوارێکی بەدیمەنی کورد بوو لە سەدەی بیستەمدا. نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارگەری زانستی بوو. لە زۆربەی مەیدانەکانی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بەرهەمی بەکەڵکی هەیە. باڵادەست بوو لە نووسینی وتار و چیرۆک و یادداشت و بابەتەکانی دیکەی پەخشان. نووسینی بەگشتی زاخاوی مێشک و خۆراکی گیان و ئارامی دڵ و دەروون بوو بۆ خوێنەر و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی و لە پاشانا بۆ نەوەکانی دواڕۆژ.

بەختیار

بەشی شەشەم

بەختیار

١٩٠٨ – ١٩٥٢

له بیرمه وەک شتی مەعلووم
مـنالّ بووم عاشقی تۆ بووم
که مامۆستام
له ڕێز دانیام
ووتی ئەی خام بنووسه جوان
فیـدات بم خاکـی کوردسـتان

ژیان و بیر و ڕەوشت

فایەق کوڕی مەلا عەبدوڵلای زێوەری شاعیر له ساڵی ١٩٠٨ له سلێمانی له دایک بووه. هەرچەنده «بەختیـار»ی وەکو نازناو هەڵبژاردووه کەچی له شیـعریدا ناوی ڕاسـتـەقـینەی خـۆی «فـایەق»ی بـەکارهێناوه. له ناو کـۆمـەڵدا بەبەخـتـیـار زێوەر و فایەق بەختیار ناسراوه.

وەک بەرکـوڵێک بۆ فـێربوون سـەرەتا له حوجرەی مـزگـەوت خـوێندوویەتی، بەڵام زوو ڕووی کردۆته قوتابخانه و باوەڕنامەی شەش ساڵەی سەرەتایی وەرگرتووه. له پاشانا قـوتابخانەی برینپێچی ئاژەڵی تەواو کـردووه. له هـەندێ له ئاوەدانییـەکانی ناوچەی سلێـمـانی و شـارۆچکەی پردێ (ئاڵـتوون کۆپری) خـەریکی ئەم کـاره بوو. لەو کـاتەی له سـاڵی ١٩٤٦ قـوتابـخـانەی نـاوەندی شـەو له سلێـمـانی کـراوەتەوه بەخـتـیـار خـوێندنی لـەوێ تەواو کـردووه و بـاوەڕنامـەی قـوتابـخـانەی نـاوەنجی وەرگرتووه.

له منداڵییەوه شوێنەواری هەندێ نەخـۆشی له بەختیاردا له بەرچاو بووه، لەوانه

ڕۆشنایی چاوێکی کز بووە و لەو شتە پێویستییەی ژیان بێ بەش بووە. هەروەها گرفتاری نەخۆشییێکی کوشندەتر بووە، نەخۆشی مێشک. لە ساڵی ١٩٤٨ کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، نەخۆشییەکە زیاتر تەشەنەی کردووە و بەدەست ئازاری دژوارەوە ناچار بووە پەنا بۆ پزیشکانی بەغدا ببا. نەشتەرگەری قورسی مێشکیان بۆ کردووە. لە ئەنجاما بێ سوود بووە و لە دوای شەش مانگ لە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی جۆگا لەتەک باوکی نێژراوە.

زێوەری باوکی کاری گەورەی کردۆتە سەر بەختیار، دروستبوونی کەسایەتی لە ڕووی خوو و ڕەوشتی ئادەمزادی و خەیاڵی شاعیرییەوە لە ئەنجامی پەروەردەی باوکیەتی. لە سەرەتای ژیانیەوە بەگیانی کوردایەتی پەروەردە کراوە و لە دواییدا نەریتی کوردەواری فێر بووە بەمانای ڕۆژگارانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا لە وردە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئەو سەردەمە نزیک بووە، وەکو کۆمەڵەکانی هیوا و ژ. ک. و ڕزگاری و شۆڕش.

پرسی سەرەکی کە بیری شاعیری داگیر کردووە و هەمیشە لە یادیدا بووە و بۆ وەرام گەڕاوە مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەیی کورد بووە. لەبەرئەوە بەزۆری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵگەیێکی دیکە بۆ ئەوەی بەهرەی داهێنانی هونەر هیچ جۆرە سنوور و مەرج و دەستووریێکی نییە ئەوەیە ئەو نەخۆشییەی پێوەندی بەمێشکییەوە بووە دەبوو ئاژاوە لە مێشک و خەیاڵی بەختیاردا دروست بکا، کەچی بەپێچەوانەوە ئەو ئاژاوەیەی ناو مێشکی بوو بەهۆی ئەوەی بەرهەمی شیعری ڕێکوپێک بێ، نەرمونیان بێ، ڕوخسار و ناوەڕۆک گونجاو بن و شاعیر دەستێکی باڵای هەبێ لە هارمۆنیای ناوەوەی گەلێ لە شیعرەکانی و لە ڕووی جوانکارییەوە ببن بەنموونەی باڵا لە شیعری کوردیدا.

شاعیری قۆناغی گواستنەوە

بەختیار بەشیعر دەستی بەژیان کردووە و بەشیعریش ماڵئاوایی لە گێتی کردووە. لە شیعری باوکییەوە فێری شیعر هۆنینەوە بووە. وەکو هەموو شاعیرانی دیکەی ڕەسەن ئەو شیعرەی بەداهێنراو دەژمێررێ بەکامڵی لە لای بەختیار لە دایک

بووه. هەڵبژاردەی شیعری لە لایەن هەر مێژوونووس و ڕەخنەگرێکی ئەدەبییەوە بەپێی چێژی هونەری ئەو کەسە، ئەو شیعرانە بەکامڵ و بێ کەموکووڕی دەکەونە بەرچاو، جا ئەوە گرنگ نییە لە سەرەتای ژیانی وتبێتی یا لە پێش کۆچی دوایی.

بەهۆی نەخۆشییەوە وەستان و دابڕانێک لە خەیاڵی شیعری لە لای بەختیار ڕووی داوە. نزیکەی دە ساڵێک لە گێتی شیعر دوور کەوتۆتەوە، لە پاشانا کە گەڕاوەتەوە سەری خەیاڵی وەکو جاران کەوتۆتەوە جموجۆڵی وەک نە بای دیبێ نە باران.

جەوهەرەکانی شیعری بەختیاریان دروست کردووە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە لای خوارەوە ڕوون دەکرێنەوە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

شاعیر لە ڕووی کێش و قافیەوە لە هەردوو بابەتە شیعری لاسایی عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی وتووە. لە شیعرە عەرووزییەکانیدا لەگەڵ ئەوەی کەمن کەچی هەشت بەحری هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و خەفیف و ڕەجەز و موتەقاریب و کامیل و موجتەسی بەکارهێناوە.

لە قافیەشدا دەنگەکانی: (ا ت د ر گ ل م ن (ە – ــە) و ۆ ی ێ)ی بەکارهێناوە. وەکو دیارە بەلای دەنگە تایبەتییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی وەکو ث ذ ص ض... نەچووە.

لە شیعرە خۆماڵییەکانیدا بەزۆری کێشی دە برگەیی بەکارهێناوە، دیارە بەزۆریش قافیەی ئەم جۆرە شیعرە مەسنەوییە. جگە لەوە بەگشتی لە ناو ئەم شیعرە میللییانەشدا کێشی عەرووزی بەرچاو دەکەوێ. ئەم دیاردەیە ئەو شیعرانە لە خانەی بابەتی میللی ناهێننە دەرەوە چونکە تەرکیبی ناوەوەی شیعرەکان میللییانە دروست بووە.

شاعیر لە هونەری تەرجیع بەند و تەرکیب بەندا دەستێکی درێژی هەیە. تەرجیع بەندێکی لە حەوت بەند پێکهاتووە، هەر بەندی حەوت دێڕە، سەرەتای بەم بەندە دەست پێ دەکا:

ئەی غونچەیی نێرگسی بەهاری
ئارامی دڵانی بێ قــــــەراری

ئەم دێڕەش لە کۆتایی هەموو بەندەکاندا هاتووە:

سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ

لە هونەری تەرکیب بەندیشدا شیعرێکی هەیە لە پێنج بەند پێکهاتووە، هەر بەندی هەشت دێڕە، سەرەتای بەم بەندە دەست پێ دەکا:

وەرە ئەی دلبەری حەمیدە سیفات
موو کەمەر لەب شەکەر ئەنیسی حەیات

پێنج بەندەکانی هەموو تەرکیب بەندەکان بەدێڕی جیاواز کۆتاییان پێ دێ، بەپێچەوانەی تەرجیع بەند، لەوێدا تەنیا دێڕێکە لە دوای هەموو بەندەکاندا دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە.

زمانی شاعیر ئاسانە لە زمانی ستانداردی قسەکردنەوە نزیکە، لەبەرئەوە شیعری ئەدگاری شیعری میللیی فۆلکلۆری پێوەیە، لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە نزیکە. وشەی بێگانە لە نووسینیدا کەمە، خۆی خەریکی ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی نەکردووە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

شیعری بەختیار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سنوورکێشراوە زۆر فراوان نییە. زۆربەی دەچێتە ناو چوارچێوەی شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و سیاسی و کۆمەلایەتییەوە. وەک ئاشکرایە بۆ سەردەمی ژیانی بەختیار ئەم بابەتانە گرنگترین بەرهەمێک بوون بۆ مەبەسی مەسەلەی نیشتمانی نەتەوەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی شیعری دڵداری کلاسیکی نەخستبووە پشتگوێ، ئەم جۆرە شیعرەی زۆر نییە لە دیوانیدا. زیاد لەسەر ئەوە بەختیار یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی سروودی نیشتمانی، ئەم چەشنە شیعرەی دەچێتە خانەی شیعری منداڵانیشەوە.

لای بەختیار ڕێبازە جیاوازەکان کە زاراوەی ڕیالیزم و ڕۆمانتیزم و سیمبۆلیزم و هی دیکەیان بۆ بەکار دەهێنرێ تێکەڵ بەیەکتری کراون. لەبەرئەوە شوێنەواری ئەم هەموو ڕێبازانە لە تاکە شیعرێکی شاعیردا دەبینرێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ

هەندێ جار دەتوانرێ ناسنامەی شیعرێک دیاری بکرێ، بەوەی بۆ بەڵگە بخرێتە خانەی ڕیالیزمەوە یا هەر ڕێبازێکی دیکەوە. یەکێ لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی بەرهەمی شاعیر بەگشتی ئەوەیە مانا و وێنە ڕووکەش و ئاشکران، لە سەرەوەن و لە بنەوە نین. لەو شاعیرانەیە شیعری داخراویان نییە، شیعریان دەچێتە ناو شێوازی ئاسانی هونەری مانا لە ڕوو.

شیعری لاسایی کلاسیکی

١

لە لیریکێکیدا بەختیار دەڵێ:

بێ شەوقە قەمەر وەختی کە هەڵدێ لە هیلالا
مۆمێکە لە چاو حوسنی ڕوخی دلبەری والا
شێتی لەبی تۆم وێڵم و مەجنوونی بیابان
پەروانەیە دڵ وێڵە بە دووی دیدەیی کاڵا
عەیشم هەموو غەم بێ خەو و خۆراکە وجوودم
تۆش کافری ڕەحمت نییە یەک ئان لە خەیاڵا
مردن بەشی گەورەی منە لەم ڕێگەیە قوربان
ڕەحمێ بکە تۆش بمخەرە دەر لەم بنی چاڵە
لەم ڕێگەیی پڕ تاب و غەمە (فایق)ی زێوەر
سووتانە بەشی مردنە حیسسەی لە مە ئاڵا

ئەم پارچە شیعرە لە بەرهەمە بەراییەکانی سەردەمی لاویەتی شاعیرە، لە ساڵی ١٩٢٨ هۆنیویەتییەوە. وەکو لە مانایدا دەردەکەوێ درێژەپێدانێکی هونەروەرییانەی شاعیرانی پێش خۆیەتی.

٢

لە غەزەلێکیدا لە ساڵی ١٩٤٣ دایناوە دەڵێ:

دلبەرێکی خۆ وڵاتی ئێستەکە دڵدارمە
بۆیە دڵ پڕ سۆزم و جارجار بە دەم هاوارمە

من ئەگەر لەو تەلعەتەی ئیلهامی ڕووحانیم نەبێ
چۆن خەیاڵی فیکر و بیکر و کەڵکەڵەی ئەشعارمە
وەی چ عەییارە هەزار مەکری لە ژێر سەردا هەیە
گاهـ دڵ دز گەهـ بە عیشوە لابەری ئازارمە
چاوی بازی هەر بەچاوبازی خەریکی فیتنەیە
لەعلی لێویشی ئەزانم وەک مەیی سەرشارمە
حەز ئەکەم تێر سەیری چاوی کەم بەڵام مورغی دڵم
دێتە لەرزە و پێم ئەڵێ هاوار ئەوە شمقارمە
نەورەس و نەوپێگەیشتوو دەم بەخەندە بێ ڕەقیب
شەرم ئەکا چونکە یەکەم نازدارەکەی ناوشارمە
زۆر دەمێ بوو وێڵی شۆخێکی وەها بووم سەد شوکر
تازە وا دۆزیمەوە من عاشق و ئەو یارمە
بۆ یەکەم جار ئەو بوو دەرگای مەیکەدەی لێ کردمەوە
مەی گوساری عەشقی هەر لەوساوە پیشە و کارمە
هەر ئەویش بتخانەیی فێر کردم و لای دام لە ڕێ
تاکو ئێستاش جوانپەرستی شوهرەیێکی دیارمە
داخی داخان زوو بە جێی هێشتم بە تەنیا مامەوە
خەڵکی گۆڕ و من ژیانم جێگە گۆڕەوشارمە
وا بە ناچاری و زەبوونی یادی بۆتە دلبەرم
شەرتە کردوومە و خەیاڵی دائیما وادارمە

شاعیر ئارەزووی ئەوە بووە خۆشەویستی هاوولاتی خۆی و کورد و خەڵکی شارەکەی خۆی بێ. ئەگەر بەخەیاڵیش بێ ئەو دلبەرە دەست کەوتووە، کەچی لە دواییدا داخی گران هەڵدەکێشی چونکە ئەو یارەی لە دەست چووە. بۆ شاعیری ڕۆژهەلاتی جوانکاری لەوەدایە بەسەرهاتی دڵداری دراماتیکییانە کۆتایی پێ بێ، لەبەرئەوە بەختیار یارەکەی لە خۆی دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی دەست لە ئەژنۆ دابنیشێ و بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە.

شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

١

شاعیر لەگەڵ بای بەیانی گەشتێک بەکوردستاندا دەکا:

فـــیـــدات بم بـایەکـــەی وەخـــتی بـەیانی
لەگــەڵ تۆ خـــۆشـــە لای من زیندەگـــانی
کــەژ و دەشت و چەمـــەن ئەبڕی لەناکـــاو
لە پـیـــرمـــام و لە قـــۆپی و مـــێـــرگـــەپانی
گەهێ قـەندیل ئەچی گەهـ دەوری سوورکێو
ســەرەوژێر جـار بەجـار لای گـۆلی وانی
وولاتـی کـــــــوردەواری ڕاگـــــــوزەرتـە
بەســەربەســتـانە مـەشـغـوولی گـەڕانی
بەیانیـــان من خـــەریکی گـــا مـــەلاسم
لە ژوور ســـەرمی وەکـو ئاواتی گـیـــانی
لـە ســـۆزەی فـــێنکت وا دێتـــە بیـــرم
ئەڵێی هـەســـتـە ئەگـەر پەســـتی ژیانی
غـــوباری ناو لەشت دەرمـــانە بـۆ من
پەڕی ســـیـــمـــرغـــە بۆ نەرم و نیـــانی
لە کـــاتێکا خـــەواڵووم خـۆڵی چەند جێ
لە چاوم کـــە کلێکە ئەســـفـــەهانی
بـە بـۆنـی ئـەو وولاتـەش کـــــە دیـوتـە
بهـەنوە مـێـشکم ئەی هـاوڕێی نیـهـانی
ئەگــەر تۆ ئەم نیـازەم جـێـبـەجێ کـەی
منیش پەیمان ئەکـــەم ڕاست و ڕەوانی
بەچاوی کـاڵ و لێـوی ئاڵ و خـــرخـــاڵ
ئیـــتـــر تەفـــرە نەخـــۆم وەک نانی نانی

به چەهرەی یار و عیشوەی دڵ نەبەستم
بەخەندە پێکەنم تۆش پێ بزانی
شەوی وەسڵی بنێمە عاستی پشت گوێ
بە عەشقی یار نەچێژم شادمانی
سەرم تەرخان بکەم بۆ دەردی هۆزم
دڵم جۆش دەم بە عەشقی نیشتمانی
فیدات بم بایەکەی وەختی بەیانی
لە کوێی؟ هەڵکە وەرە هاوڕێی نیهانی

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ بەختیار ئەم لیریکەی هۆنیوەتەوە، لەگەڵ بای بەیانی گفتوگۆ دەکا. پێی دەڵێ لەگەڵ خۆیدا بیبا و گەشتی پێ بکا بۆ ئەو وڵاتە ڕەنگینە، بۆ ئەوەی پیرمام (هاوینەهەواری سەلاحەدین) و قۆپی قەرەداغ و مێرگەپان و قەندیل و سوورکێو و گۆلی وان ببینێ. لە پاشانا وەسفی کارە چاک و بەسوودەکانی با دەکا و داوای لێ دەکا تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتانەی دیویەتی بۆی باس بکا بۆ ئەوەی هوشیار بێتەوە خەریکی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و خڕخاڵی زێڕ نەبێ و تەنیا ئاگاداری نەتەوەی خۆی بێ کە کوردە لە پێناوی ئەوەی کوردستانیش بگاتە پلەی ئەو وڵاتانەی با لە ئاسمانیان دا شنەی کردووە.

٢

دیسانەوە بەختیار لە خاک دەدوێ، بەلای ئەوەوە جوگرافیای کوردستان فراوانە، ناوچەی بارزان پارچەیێکە لەو خاکە ڕەنگینە:

ئەو جێیە خۆشە ناوی بەرزانە
مەڵبەندی کورد و جێی سەربەرزانە
قەڵای کوردزمان
چاوی نیشتمان
بۆ کورد پشتیوان
خوێنی بێگانەی تێدا هەرزانە

***

ئەو دڵپـــاکـــانە فـــەخـــری وڵاتن
بـۆ بـەرزی ئـێـــــمـــــە زۆر بـەئـاواتـن
بـە مـــاڵ و بـە ســـەر
بـە خــــوێـنـی جگەر
گشت بوونە سەنگەر
بۆ ســەربەســتی کـورد زۆر بەســەباتن
***
چەند جار هەسـتاون بەرامـبەر دوژمن
شـــەڕیان کــردووە تێکڕا پیـــاو و ژن
لە شـــەڕا پـســپـــۆڕ
کوردی سـیلاحشـۆڕ
دوژمنـیـان چاوشـــۆڕ
کـۆڵـیـان نەداوە بـۆ ڕێی ســەرکـەوتن
***
ئەی خوێن پاکانی خاکی کوردستان
درێغی مـەکـەن بۆ خـێـڵـی بارزان
لـە هـەر کـــوێـیـــە بـن
لـــە ڕقـــی دوژمـــن
قـــــــەدریـان بـگرن
چونکە بۆ ئێـمـە بـوونە پشـتـیـوان

لەم شـیـعـرەدا بـەخـتـیـار سـتـایشی ناوچەی بارزان دەکـا وەک بـەشـێک لە کـوردسـتـان و خـەڵکەکـەی وەک تیـرەیێکی کـوردی ئازا و دەوریان لە بزووتنەوەی ئازادیخـوازی نەتەوەی کـورد و ئینجـا هەمـوو کـورد هان دەدا ڕێزیان لێ بنێن لە هەر کوێیەک بن لە مەڵبەندی خۆیان یا هەر شوێنێکی دیکەی نیشتمانی گەورە.

٣

بەختیار لە بابەت دیلیەتی کورد و گیانی قارەمانیەتی لە ناویانا دەڵێ:

کـە سـەیری کـورد ئەکـەم وا تێ ئـەگـەم کـوردێکی خنکاوە
بە دوو کەس کوشتوویانە و ناشتوویانە و خوێنی فەوتاوە
ئەگـەر باوەڕ ئـەکـەن ئەی هۆزەکـەم لای مـن بیـری خـۆم
لەپڕ دێتـە دەرێ لەو گـۆڕە ئێـسـتـەش گـیـانی تیـا مـاوە
دەسـەوخـەنجـەر لەپڕ هـەڵمـەت دەهێنێ هەر وەکـو زیندوو
ڕووەو دوژمـن ئەچێ غــەدری لەمـــەوپێـــشی لە بەرچاوە
ئـەگــەر هۆشـی لەســـەردا بێ ئەزانێ دوژمنـی کـێـیـــە!
هـەقـی خـۆی لێ بسـێنێ وەک ئەوان کـردیان لە دوولاوە
دەسـا کـوردینە تا فـرسـەت لە دەسـتـایـە و نەکـوژراون
لـەگـــەڵ یـەک یـەک گـــرن دوژمـن هـەزاران داوی داناوە
گەهێ کوشتن گەهێ یەخسیر گەهێ هیجرەت گەهێ زنجیر
گـەهێ سـێـدارە وو تۆپ و تفـەنگی بۆت حـەشـاردراوە
لە ئاگـری داغـەوە کـوشـتـاری تۆیە تاکـو لووڕسـتـان
سـەر و مـاڵ و وولاتت لای ئـەم و ئەو بڵـقی سـەر ئاوە
ئەمـە حـاڵی وولاتـی کـورد و کـوردسـتـانە شـەو تا ڕۆژ
کەچی گـەورە و بچووک کـەمـتـەرخـەمن بەم حاڵە شێواوە
وەرن وورد تا درشت هەروەک برا بین دەست لە دەستا بین
لە پێناوی یـەکـا سـەر دابنێین هێـزمـان هەتا مـاوە
وولات ئاوا بکەین پێـشـڕەو چرای عـیلم و مـەعـاریف بێ
سـەنایـیع فـێـر بین ئەوسـا ئـەڵێن کـورد خـاوەنی ناوە
هەتا ئێـمـە لە جـەهلا بین عـەدوومـان هـەر لە شـەوقـایە
مـەعـاریفـمـان ببێ دوژمن بە دەسـتی ئێـمـە کـوژراوە

بەختیار ئەم شیعرەی لە جەنگەی شەڕی دووەمی گێتی لە ڕۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ هۆنیوەتەوە. باس لە دواکەوتوویی و ژێردەستی ئەم نەتەوەیە دەکا. لەسـەر ئەو باوەڕەیە ئەگـەر کـورد لە گـۆڕیش نرابێ گـیـانی تێدا مـاوە و دەتوانێ زیندوو بێـتـەوە. مـەبەسی لە دوو دوژمنەکـە تورک و عـەجـەمـە. بەلای

شاعیرەوە بۆرجوازییەتی عەرەب پێشەوایێکی وەکو مستەفا کەمال و ڕەزا شای بۆ هەڵنەکەوتبوو کورد بچەوسێنێتەوە. لە ئاگری داغ تورک کورد لەناو دەبا، لە لوڕستانیش عەجەم کورد دەکوژێ. بێ گومان شاعیر ئاگاداری جەنگی گێتییە، کورد هان دەدا بۆ خەبات بەڵکو لە ئەنجامی جەنگ ئەو مەبەسەی خەباتی بۆ دەکا دەستی بکەوێ.

٤

بەلای شاعیرەوە هۆی دواکەوتوویی کورد لە بێسەوادی و نەخوێندەوارییەوەیە:

ئەم کوردە کەوا ئێستە لە هەر مەرتەبە دوونن
هەر مایلی بێ عیلمیی و دواکەوتن و بوونن
ئیمڕۆ لە جیهانا نییە ئینسانێ بەبێ ئیش
خەڵقی وەتەنی ئێمەیە بێکار و چەتوونن
تا فیکری بەدی مەسکەنی ناو میللەتی کوردە
باوەڕ بکە تا ڕۆژی حەشر خوار و زەبوونن
ئەی قەومی زەلیل عەسری تەقەددوم سەرەڕێتە
ئەم عالەمە هەر پێش ئەکەون مەستی فونوونن
عەیبە حەسەد و بوغز و نیفاق ڕۆژی نەماوە
عیلم و عەمەلە ڕووحی بەشەر زینەتی ڕوونن
بۆ خزمەتی ئەمڕۆ وو سبەی سەیری غەرب کەن
یەک لەحزە نەبوون غافل و ئەربابی شوئوونن
تۆش نۆرەتە ئەی میللەتی مەزڵوومە هونەرکەی
خاوەن دڵ و گیان و هونەر و گەرمییە خوونن

بەختیار لەم شیعرەدا وەسفێکی وردی دواکەوتوویی میللەتەکەی خۆی دەکا، ئامۆژگارییان دەکا قۆڵی لێ هەڵماڵن، خەریکی ئیشوکار و ئاوەدانکردنەوە بن. بۆ زانستی و زانیاری کۆشش بکەن. ڕق و کین و دووبەرەکی بخەنە ئەولاوە. ئەگەر دەیانەوێ ئەمڕۆ و سبەینێ بەسەربەستی و بەختیاری بژین تەماشای ڕۆژئاوا بکەن و لە تاقیکردنەوەکانی ئەوان کەڵک وەربگرن.

٥

لە شیعرێکیدا بەختیار موناجات لەگەڵ کوردستان دەکا، سۆزی دەگاتە ئەو پلەیەی سۆفی بۆ کردگاری هەڵدەرێژێ:

فیدات بم خاکی کوردستان نموونەی جەننەتی عەدنان
لە سەر تا خوار
گوڵ و گوڵزار
دڵی غەمبار ئەکا دەرمان فیدات بم خاکی کوردستان
هەوارگە و دیمەنی جوانت
لە گەرمێن و لە کوێستانت
بە بێگانە
وەکو تانە
ئەڵێن گیانە، منم لبنان فیدات بم خاکی کوردستان
بەسەیری تۆ منی مسکین
فەرەح دێتە دڵم چین چین
لەوێ دابەش
ئەبێ بۆ لەش
وەکو ئاتەش ئەکا جەولان فیدات بم خاکی کوردستان
بەڵێ گوڵ خۆی کە ئەنوێنێ
بینای هەستیم ئەلەرزێنێ
بەڵام وەک تۆ
گوڵێکی نۆ
بەڕەنگ و بۆ نییە قوربان فیدات بم خاکی کوردستان
لە بیرمە وەک شتی مەعلووم
مناڵ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام
لە ڕێز دانام

ووتی ئەی خام بنووسە جوان فیدات بم خاکی کوردستان
ئـەویش نـەبوایـە بـاوەڕکـــــە
گڵ و بـەردت کـە مـووفـەڕکـە
ئـەیـانـکـرد کـــــــــێش
دڵـــــی پـــــڕ ئـــــێـــش
وەک ئاسنکێش بەبێ تاوان فیدات بم خاکی کوردستان
لەســـەر من فـەرزە تـا مـردن
لە وەســفی تۆ خــەیاڵ کـردن
بـەشـــیـــعـــری جـــوان
وە یـا پـەخـــــشـــــان
دڵی ئینسـان بکەم حەیران فیدات بم خاکی کوردستان
بەڵام بۆ خــزمــەتت گـیــانە
ئومــێــدی من بـەپـیــاوانـە
ئـــەوان زۆر جـــــــــار
هـــەزاران کـــــــــار
ئەکەن ڕزگـار بەبێ دامان فیدات بم خاکی کوردستان

بەباوەڕێکی گەرمی پڕ لە سۆزی ئەڤینی بەرامبەر بەخاکی کورد شاعیر هەست و نەستی ناو دەروونی دەردەبڕێ، بەشێوەیێک ڕاستگۆیی لێ دەبارێ، پیاو لەوە دەگا ئەم شاعیرە بەدڵ و بەگیان ئەم خاک و نەتەوەیەی خۆش دەوێ. ئەم دڵدارییە کۆنە دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی شاعیر لەو کاتەی مامۆستای لە پۆلی خوێندن داوای لێ دەکا لە دەفتەری مەشق یا لەسەر تەختەی ڕەش بەجوانی بنووسێ «فیدات بم خاکی کوردستان». ئەم دڵدارییە کۆنە، زادەی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، لەگەڵ لە دایکبوونی شاعیر پەیدا بووە.

٦

شاعیر گەشبینە بەوەی کورد دەگاتە ئامانجی خۆی، بۆ ئەم مەبەسە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەڵێ:

مـــيللـەتێک هیـــوای بـەرزی ژیان بـێ
تیـنووی ئـازادی و دیـلـی زەمــــــان بـێ
بـەنـدی و هـەژاری زۆر لا گـــــــران بـێ
هێــزی مـــەردانەی کــە هاتـە گــەردش
وەک ئەتـۆم زەمین دێنێـتــە جــونبــوش
مــیللـەتێک زۆربـەی نەخـــوێندەوار بـێ
چەوســاوەی دەســتی ســەرمـایـەدار بێ
جــەرگ هـەڵکزاوی ئـاگــری زۆردار بێ
کـــە جـــوولایەوە وا خـــۆی ئـەنوێنـێ
کــە تـۆڵەی ڕۆژی ڕەشـی بســـتــێنێ
میللەتێک مێـژووی ڕووناک و جـوان بێ
ئـەولای ئـەردەلان ئـەم لای بـۆتـان بـێس
کـانگای ئاڵتـوون و نـەوت و سـامـان بێ
هیـچ هێـزێک نیـیــە ڕێـی ببـاتـە بـەست
بە زانست و فەن خۆی ئـەکا سەربەست
مــیللـەتێک چاوی لە خـــەو هەڵـهـێنـێ
ببـــــــــینـێ دوژمـن زۆری بـۆ دێـنــێ
ســـــتـــــەمــــــە ســــــەری بۆ دانـوێنـێ
بێگومـــان ژیان لـە خـــۆی تاڵ ئـەکـــا
تـا لاشــــەی دوژمن لـە نـاو چاڵ ئـەکـــا
مـــــیللـەتێک نـەوەی کـــاوەی ئـازا بـێ
بـۆ ســــەرکــــەوتنـی خـــۆی دڵنیــا بـێ
بـۆ ژیـانـیـــــــشـی دڵ پڕ هـیـــــوا بـێ
زۆری پـێ نـاچێ ئـەگـــــــاتـە ئـاوات
ئالای ســەربەسـتی بەخـوێن هەڵئـەکات

بەختـیـار باس لەو هۆیانە دەکا کە میللەت هـان دەدەن بۆ خـەباتکردن لە پێناوی

دەستتخستنی هیوا و ئامانج. ئەو هۆیانە لە کورد دەبینێ: دیلی و هەژاری، نەخوێندەواری و چەوساندنەوە، مێژووی ڕووناک، ئەولای ئەردەلان (سنە)، ئەم لای بۆتان (جزیرە). ئەو میللەتەی نەوەی کاوە بێ، بێ گومان لە دوارۆژدا دەگاتە ئاوات و ئالای سەربەستی هەڵدەکا.

سروود

بەختیار کۆمەڵێک سروودی جوانی هەیە، بەناوەڕۆک ناوچەیی و کوردەوارین، بەئاواز و مۆسیقا تورکی و عەرەبین لە قوتابخانە تورکی و عەرەبییەکانی تورکیا و عیراق قوتابییان دەیانچڕی.

١

لە سرووددێکیدا شاعیر دەڵێ:

براینە لە خەو هەڵسن بەیانە
زەمانی هەوڵ و عیلم و حوڕ ژیانە
هەموو قەومێ بەدائیم تێئەکۆشن
لە ڕێگەی عیلم و فەن دا دڵ بەخۆشن
ئەرێ کوردی فەقیر و بێکەس و غەم
هەتاکەی زەهری نادانی ئەنۆشن
براینە...
وەتەن پڕ لەشکری جەهلە ڕەفیقان
دەری کەین با بەهۆردووی عیلم و عیرفان
براینە...
بەیەک دڵ با لە بۆ پێشکەوتنی کورد
هەوڵ دەین تا بگەینە قەسدی خۆمان
براینە...
براینە ئەگەر زۆر چاک نەخوێنن
لە ژێر باری جەهالەت دا ئەمێنن

لەم سروودەدا بەختیار قوتابیانی منداڵ هان دەدا هوشیار بن، تێبکۆشن و داوای زانستی بکەن، پێشکەوتن بەخوێندەواری دێتە دی نەک بەنەخوێندەواری.

٢

لە سروودێکی دیکەیدا بەختیار ستایشی نیشتمان دەکا:

چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەر و گیان و بەدەنم
خاکی وەتەنم گشتی زیو و زەڕە
بەردی وەک گەوهەرە ئاوی چەشنی کەوسەرە
فەرزە بۆ وەتەنمان جان فیدا کردن
لە ڕێی ئەم خاکەدا بە کۆمەڵ مردن
دەسا کوردینە بەسیە ئەم حالەتە
بۆ تەرەققی قەومی کورد ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەتە

ئەم سرووده بۆ شیرین کردنی نیشتمانە، بەسەر جوانی خاکدا هەڵدەڵێ. ئەوەندە جوان و دەوڵەمەند و ڕەنگینە شایانی ئەوەیە کورد گیانی خۆی بکا بەقوربانی لە پێناوی ئازادی و سەربەستیی ئەو خاکە.

٣

لووتکەی دڵداری شاعیر لەگەڵ خاک لەو موناجاتە دایە کە لەگەڵ شاخی پیرەمەگروونی کردووە:

پیرەمەگروون! موقەددەسی
دۆستی دائیمی کوردی
بەو مەنزەرەی شیرینەوە
دافیعی سەد نەوع دەردی
قامەتی بەرزی تۆ
دامەنی سەوزی تۆ

نیــــــشـــــانــه و ڕەمــــــزی تۆ
باعیسـه لە بۆ سـەرکەوتنی وەتەن
فـەسـڵی زسـتــان بەرگی سـپی
ئـەپۆشـی و چوویتــه ئـاسـمــان
ســەیری هـەمــوو دنیــا ئـەکــەی
تۆی شــاهەنشـای شـاخـەکـان
کــــۆمـــــەڵێ گــــەوهـەری
هـەیـکـەلـی زەفـــــــــــەری
لابـــەری کـــــــــــــــــەدەری
باعیسی لە بۆ نەهێشتنی میحەن
چونکه دۆســتی ئـەجــدادمــانی
نــووری چـاوی کـــــــــوردانـی
بـەردت هـەمـــوو دانـەی گــەوهـەر
لائیـــقـی فـــەخــــر و شــانـی
کــــۆمـــــەڵی گــــەوهـەری
هـەیـکـەلـی زەفـــــــــــەری
لابـــەری کـــــــــــــــــەدەری
باعیسی لە بۆ نەهێشتنی میحەن

لەم سـروودەدا بەخـتـیـار مـێـژووی ئەرکـیـۆلۆجی و ئەفسـانـەی ئایینی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. پیرەمـەگروون پیرۆزە یەکێکە لە کردگارەکانی پێش مێژووی ئادەمزادی سەر ڕووی ئەم زەوییـەی ئێمە شـاخ و پەرسـتگا و مەڵبـەندی خـەڵکانی دێرینی سـەردەمی میـترایی و زەردەشـتی و مـانەوییـان بووە، لە پاشـانا لە دەوری ئیسـلام بووە بەگدروون و مـەگـروون. «پیرە»کەش وەکـو «بابا» کردگارەکـەیە. لە مـێـژووی ڕۆشـنبـیـری کـوردیدا «پیـر» و «بابا» زۆرە: پیـرمـام، پیـر خـدر، پیـری ئێزیدییان، بابا خۆشین، بابا یادگار، بابا تاهیر، بابا گوڕگوڕ و گەلێکی دیکە.

***

فایەق عەبدوڵڵا زێوەر، نازناوی بەختیارە. شاعیرێکی بەتوانا بوو، کەم ژیا، لەبەرئەوە شیعری زۆر نەبوو، ئەوەی هەیەتی بەرزە. شیعری لاسایی دڵداری کلاسیکی کەمە. زۆربەی بەرهەمی نیشتمانپەروەری و کوردایەتییە. سرووودی هەیە بۆ قوتابیانی سەرەتایی. زمانی شیعری میللییانە و ئاسانە، مانا و وێنەی شیعری لە ڕووە. ڕێبازە ئەدەبییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە شیعریدا بەرچاو دەکەون. یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرەکانی قۆناغی گواستنەوەی شیعری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.



حاجی جندی

بەشی حەوتەم

حاجی جندی

١٩٠٨ – ١٩٩٠

بهارا خوەش دیسا هات
بائو باگار تەڤ هلات
ئەشق و شا بوون دونێ کەت
لەگلەگا پار وێدا هات

ژیانی

حاجی کوڕی جندی جەواری لە ڕۆژی ١٨ی مارتی ١٩٠٨ لە گوندی یەمانچایر لە ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە دایک بووە. باوکی لە بنەماڵەیێکی هەژاری گوندی بووە. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی گێتیدا ماڵی باوکی و کەسوکاری لە دەست دڕندەیی تورکی عوسمانی ڕایان کردووە بۆ ئەرمەنستان. لە ماوەی جەنگدا عوسمانییەکان هێرشی جانەوەرانەیان بۆ سەر کوردی ئێزیدی بەهێز بوو. حاجی بەڕێکوپێکی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، تا ساڵی ١٩٢٦ کۆتایی بەخوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هێناوە. لەو ساڵەدا بووە بەقوتابی زانستگای یەریڤان، لە ساڵی ١٩٣٠ باوەڕنامەی کۆلێجی زمان و ئەدەبی وەرگرتووە.

لەم ماوەیەدا بووژانەوە و پەرەسەندنی خوێندەواری لە ناو کوردی ئەو وڵاتەدا دەستی پێ کردووە. حاجی دەوری گرنگی بووە وەک مامۆستایێک لە مەیدانی وانە وتنەوە و دانانی کتێب بۆ قوتابخانە کوردییەکان. بەهەموو جۆرێک حاجی لە نێوەندی خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری دوور نەکەوتۆتەوە، هەموو پلەکانی خوێندنی بڕیوە. لە ساڵی ١٩٥٥ بەکارگەری زانستی هەڵدەبژێررێ لە ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان لە بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی دەکەوێتە کار،

هەر لەو کاتەدا دەست دەکا بەئامادەکردنی نامەی دوکتۆرا. لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێ بەدوکتۆری پسپۆڕ لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. لە دوای ئەوەدا پێوەندی پەیدا دەکاتەوە لە زانستگای یەریڤان و سیمیناری بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی بەڕێوە دەبا. لە ساڵی ١٩٦٦ پلەی پرۆفیسۆری پێ دەبەخشرێ و لە زانستگا و ئەکادیمیە جێگەی دیاری دەبێ.

بەهۆی جموجۆڵی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە چەند نیشان و میدالییەیێکی بەرزی وەرگرتووە و لە هەندێ کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە ناوەوەی ڕووسیای سۆڤیەت و دەرەوە بەشداری کردووە. کۆمەڵێک وتار و باسی زانستی و ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە. پێوەندی بەزانستگا و ئەکادیمیەوە ماوە تا دوایی ژیانی لە ڕۆژی ١ی مایسی ساڵی ١٩٩٠ لە یەریڤان کۆچی دوایی کردووە.

حاجی زانا

حاجی لەگەڵ ئەمینی عەبدال و عەرەبی شەمۆ گەورەترین دەوریان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بووە لە ناو کوردی قەفقاسی ڕووسیا. لە قۆناغی یەکەمی مافی خوێندەواری کورد لەو وڵاتەدا (١٩٣٠ – ١٩٣٧) حاجی زۆرترین کتێبی قوتابخانەی داناوە، بەشداری هەیە لەگەڵ مامۆستایانی دیکە کتێبی بۆ قوتابخانە کوردییەکان نووسیوەتەوە. جگە لەوە بەهاوکاری لەگەڵ دانەرانی دیکە فەرهەنگی ئەرمەنی – کوردی (١٩٣٣) بڵاوکردۆتەوە. بایەخی زۆری بەئەلفوبێی تازەی لاتینی داوە بۆ قوتابیان. هەروەها کتێبی تایبەتی داناوە بۆ خەڵکی بەتەمەن گەورەی نەخوێندەوار.

لە قۆناغی دووەمی مافی خوێندەواری کورد لە ١٩٤٦وە تا کۆتایی ژیانی حاجی کۆششی زۆری کردووە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی لەسەر بنچی ئەلفوبێی کیریلی کە دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان بۆ نووسینی کوردی دانا بوو. زادەی بیری زانستی حاجی لە زانستگا و ئەکادیمیە لە یەریڤان کۆمەڵێک باسی زانستی بوو لە بارەی هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەکان لە گۆڕەپانی کوردناسیدا بەتایبەتی لە فۆلکلۆر. حاجی یەکێ بوو لە گەورەکان لە ڕووی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) بەشیعر و پەخشانەوە.

حاجی نووسەر و شاعیر

حاجی وەکو نووسەر و شاعیرێک ئاگاداری بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بووە لەو کۆمەڵەدا، وەکو برا گەورە یا ڕیش سپییێک یاریدەی شاعیر و نووسەرانی داوە، چاودێری کارەکانیانی کردووە. دەوری باڵای بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییان. ئەو کتێبە تایبەتییانەی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانیان گرتۆتە خۆ، حاجی بەرهەمی خۆی تیایاندا بڵاوکردۆتەوە و سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هەموو شاعیر و نووسەرانی دیکەی کردووە. زۆربەی ئەم کتێبە بەنرخانە لە ساڵانی ١٩٣٥ – ١٩٥٩ بڵاوکراونەتەوە. سەرچاوەیێکی گرنگن بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەو وڵاتەدا.

بەرهەمی داهێنراوی ئەدەبی حاجی دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١– پەخشان: بەشی زۆری بەرهەمی بەپەخشان نووسیوە، بۆ ئەمە هونەرە ئاساییەکانی ئەدەبی هەڵبژاردووە، وەکو وتار و چیرۆک و ڕۆمان. بەشێکی ناوەڕۆکی ئەمانە لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگیراون، بەشێکی دیکەی لە داهێنانی خۆیەتی. ئەوەی سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر ئەدەبی میللی حاجی وەکو خۆی وەری نەگرتووە، بەڵکو بەزمانی بەرزی ئەدەبی سەردەم دایڕشتۆتەوە. هەروەها لە هەندێ قارەمانی حیکایەتی میللیی سەرزار ڕووداوی وای دروست کردووە لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەردەمدا بگونجێ. بەم جۆرە خوێندەوار لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانەی حاجی دەتوانێ بەپێی ناوەڕۆکیان ئەوانەی ڕەسەن لە ئەوانەی وەرگیراو جیا بکاتەوە بۆ بەڵگە لە چیرۆکەکانی حاجی ئەم ناوانە بەرچاو دەکەون: فیریک، دمدم، عەمۆیێ کرمانج و هی دیکە.

گەورەترین ڕۆمانی حاجی بەناوی «هەواری» (بەهاوار گەیشتن) بەیادی پەنجا ساڵەی شۆڕشی ئوکتۆبەر لە ساڵی ١٩٦٧ لە یەریڤان بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەو ڕۆمانەدا لە گرنگی ئەم شۆڕشە دەدوێ نەک تەنیا بۆ نەتەوەکانی وڵاتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لە ناو ئەمانەشدا بەلای نووسەرەوە بۆ کورد گەلێ گرنگ بووە. ئەمە هەر لە ناوی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ «بەهاوار گەیشتن» واتە ئەو شۆڕشە بەفریای هاواری کورد گەیشت و ئەو بەشە کوردەی

ئەوێ لە چەوساندنەوە ڕزگاری بوو.

٢- شیعر: بەرهەمی شیعری کەمە. بەڕوخسار لە بابەتی لیریکە، کێش و قافیەی سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە، زمانی ئاسان و سەردەمانەیە، لە شیعری پەروەردەییەوە (دیداکتیکییەوە) نزیکە. لە دەوروبەری ناوەڕۆک و مەبەسی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و نیشتمانی ڕووسیای سۆڤیەتەکان دەسووڕێتەوە. لە بەشی کوردایەتییەکەدا سروشتی خاکی کوردستان سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ شاعیر. بەگشتی حاجی لە وەسفدا بەتوانایە، بۆیە وەسفی کەژەکانی ساڵ وەکو زستان و بەهار و هاوین جێگەی تایبەتییان هەیە لە شیعریدا. باسی زۆزان و ژیانی کوردەواری لە گوند و کاری شوانی و ڕەنجبەری و کێڵگە و کشتوکاڵ دەکا. لە بەشی نیشتمانپەروەرییەکەی نیشتمانی سۆسیالیزم لە ڕەمزەکانی دەسەڵاتی ئەو کاتە دەدوێ. بەشان و باهووی کۆمۆنیزم و کۆلخۆز و مۆسکۆ و لینین و ئەرمەنستان و گەلێ ڕەمزی دیکەی دەسەڵاتی سۆسیالیزم هەڵدەڵێ.

نموونەی شیعری

١

لە شیعرێکیدا حاجی بەناوی «یێ مەنە» دەڵێ:

لە ڕەخ دیوارێ کرێملا کەڤن
لینین ئوستالین خەورا چوونە
لێ شوغلێ وان گاف و سەهەت
کولیلک ددە ل وەتەنێ مە

***

ئەو چ کو خەون بوو، خەونا سالا
نها بوویە راست ل عەردێ مە
چقا زمانێ تە دگەرە
جەم مە هەنە باغ و باغچە

***

زاڤۆد و فابریک گشک یێ مەنە
یێ مەنە کۆلخۆز دەشت و زۆزان
چیا ئو کەرخانە تەڤ یێ مەنە
ژ بۆنا مەنە چاییر و چیمان

حاجی جندی ئەم لیریکەی بۆ پێداهەڵگوتنی هەندێ لە ڕەمزەکانی دەسەڵاتی سۆسیالیزم وتووە لە ڕووسیا. کۆشک و باڵەخانەی کریملێن بارەگای دەسەڵاتی دەوڵەت لەوێ «کرێمل»ی پێ دەڵێن. لە قەراغ دیواری قەڵای کریملێن ئارامگای لینین و ستالین بینا کراوە. لە کاتی خۆیدا بەتایبەتی بۆ لینین دروست کرا و جەستەی بەمومیاکراوی لەوێ دانرا. لە دوای مردنی ستالین ئەویشیان بەمومیاکراوی لە تەنیشت لینین دانا. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە کاتی فەرمانڕەوایی نیکیتا خرووشێڤ جەستەی ستالین لابرا و خرایە گۆڕەوە. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت (١٩٩٢) ئارامگای لینین پشتگوێ خرا. هەروەها شاعیر لەم لیریکەدا وشەی «زاڤۆد»ی ڕووسی بەمانای فابریقە و کارگە بەکارهێناوە.

٢

لە لیریکی «لەگلەگ» حاجی دەڵێ:

بهارا خوەش دیسا هات
با ئو باگار تەڤ هلات
ئەشق و شا بوون دونێ کەت
لەگلەگا پار وێدا هات

***

لەگلەگا مە رند کە
وێ دگەرە دۆر گوندە
پەر و باسکا هەڤ ددە
هێلینا خوە شاد بە

***

هــێـلــیـنــا وێ بــلــنــده
ل ئۆرتا گـــوند جـــێی رنده
کـــۆلخـــۆز نیکا چێکرییـــه
وەکی هـەر ســال بێ گــونده

***

لەگـلـەگــــا مـــــه دەلالە
چەڤــــبــــەلەکــــه بەدەوە
ناڤــا مــێــرگــا دگــەره
گـــوندێ مــــەرا شـــاد بە

شاعیر ئەم لیریکەی لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی حەوت برگەیی داناوە، ئەم کێشە لە گۆرانی میللیی کوردیدا باوە و زیاتریش لەبەر سووکی بۆ شیعری منداڵان بەکار دەهێنرێ. وەک لە ناوەڕۆکی شیعرەکە دەردەکەوێ بیرەوەرییێکە بەزمانی خەڵکی گوند، یا منداڵانی ئەوێ وتراوە، هەموو ساڵێک یادی ئەو حاجی لەقلەقە دەکەنەوە کە بۆ هاوینەهەوار هەموو ساڵێک دێتەوە ئەو مەڵبەندە، دیارە خەڵکەکە ئەو دەناسنەوە و حاجی لەقلەقیش ئەوان دەناسێتەوە.

٣

حاجی لە شیعرێکیدا بەناوی «هاڤین»ەوە دەڵێ:

هەی هـاڤـینێ، جـان هاڤـینێ
ئەم تێـر گـەریان ناڤ گـولگینێ
مـــه هەڤـــرا لیـــست ل زۆزانـێ
ئـەم خـــەبتین ناڤ کـــۆلخـــۆزێ

***

گـورز پەی گـورزا مــه لۆد کـرن
جـــــەھ ئـو گــــــەنم بـەرەڤکرن
باغ و بـۆســـتــان مــه خــایکرن
مــێـرگ و زەڤی ئاڤـرەش کـرن

پەی خـــەباتێ کـــەتنە ئاڤێ
هـەی روونشـتن ل ســــەر دارێ
کـــتـــێب خـــوەنـدن ل وێ دەرێ
هەرسێد مـەهێد خوەش هاڤینێ
مـــە دەرباز کـــر ب وێ کـــارێ

شاعیر لە هاوین تەنیا جوانی سروشت نابینێ، ناو ئاوایی تەنیا جێی خۆشی و هەڵپەڕکێ و زەماوەند نابێ، بەڵکو هاوین کەژی پێگەیاندنی کشتوکاڵە، دەسکەوتی ئەو کۆششەیە لە زستان و بەهارا لە کۆلخۆزدا (کێڵگەی هەرەوەزی) ڕەنجبەران دەیکێشن. بەرهەم گەنم و جۆ و میوەجات و هەموو جۆرە سەوزە و ڕووەکێکی دیکە دەبێ.

٤

لەسەر هەوای شیعرەکەی پێشوو حاجی لیریکێک دەهۆنێتەوە بۆ منداڵان بەناوی «بەرف»ەوە:

بەرفێ، بەرفێ بیـــــارە
کـــولی کـــولی تو وەرە
دەشت و کەوشەن وەربا بە
عـــەردی ڕەشێ تە شـــابە
***
هێـــدی هێـــدی ببـــارە
تو توخـومـرا ســتـار بە
سـۆر و ســەرما لێ نەکە
نەجـــەمـــدە، هشک نەکە
***
خـــەوا شــیــرن پێ بگرە
کـــو بهــــارێ زیل بدە
دەشـت و زۆزان شـین دبە
کـــۆلخـــۆزا مـــە شـــاد بە

حاجی بە وشەی ساکار و کێشی سووک وەسفی بارینی بەفر دەکا، ڕەنگە زیاتر مەبەسی ئەوە بێ زمانی منداڵی کوردی پێ پاراو بکا، بەگشتی حاجی ئەو شیعرانەی داناون بەمەبەسی پەروەردەیی بڵاوی کردوونەتەوە، وەکو مامۆستایێک قوتابییە بچووکەکانی فێری زمان دەکا. ئەمە بەگشتی لایەنێکی سەرنج ڕاکێشەرە لە کارە ئەدەبی و زانستییەکانیدا. لەو کاتەی نووسەر لە کارە زانستییەکانی قووڵ بووە، لە کارە داهێنراوە پەخشانییەکانی نموونەی بەرهەمی جوان و سەرکەوتوو بووە، کەچی لە شیعریدا ساکار و میللییانە بووە.

***

حاجی جندی لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی کوردی قەفقاسی ڕووسیا بوو، لە زانستگا گەیشتە پلەی پرۆفیسۆری، بوو بەئەندامی ئەکادیمیەی ئەرمەنستان، مامۆستایێکی سەرکەوتووی قوتابخانە و زانستگا بوو. خاوەنی گەلێ لێکۆڵینەوەی زانستییە لە بابەت کوردناسییەوە. کتێبی قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەی هەیە. یەکێکە لە زانا دیارەکانی ئەدەبی میللیی سەرزار «فۆلکلۆر». بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوی هەیە لە پەخشان و شیعر. پەخشانی زۆرە لە بابەتی وتار و چیرۆک و ڕۆمان، بەڵام شیعری کەمە، زۆربەی ئەو شیعرەی دەچێتە خانەی وەسفی سروشت و دیمەنی کۆمەڵی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە.

جاسمی جەلیل

بەشی هەشتەم

جاسمی جەلیل

١٩٠٨ – ١٩٩٨

ئەز دەستریم شەڤ و رۆیێ سەڤا تە
برۆ، برژانگ من کلدانە سەڤا تە
خورتێ نازک! خورتێ توورە زوو وەرە
من پەز دۆتییە، شیر کەلاندییە سەڤا تە

ژیانی

جاسم کوڕی جەلیل کوڕی ئۆسێ لە گوندی قزل قولی ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ لە دایک بووە. ئەو گوندە و ئاوەدانییەکانی دیکەی دەوروبەری هەموویان کوردی ئێزدی بوون لە عەشرەتەکانی ئوتی و چیلی سەر بەعەشرەتی سیپکی. ناوی باوکی جاسم کە جەلیل بوو لە دواییدا بوو بەلەقەب بۆ منداڵی جاسم و نەوەی ئەوەوە. باوکی جاسم ڕەنجبەر بوو، هەندێ مەڕوماڵاتیان هەبوو. ئەگەر سیاسەتی تیرۆری تورک بەرامبەر بەکورد نەبوایە ئەو خەڵکە لەو ناوچانەدا دەیانتوانی ئاشتییانە و بەئارامی بژین.

لەگەڵ کۆتایی جەنگی یەکەمی گێتی لە ساڵی ١٩١٨ و بەزینی سوپای عوسمانی لە جەنگدا سەربازی قەومی شۆڤێنی تورک هێرشی بردە سەر ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی شوێنەواری کوردی تێدا نەهێڵێ. هەموو خەڵکی ناوچەکە کەوتنە خۆ لە پێناوی ڕزگارکردنی گیانیان، سەربازی تورک بەدوایانەوە بوو. لە دوای کوشتارێکی زۆر لەو خەڵکە ئەوانەی لە ژیاندا مابوون گەیشتنە ئاوەدانییێک ناوی بۆزبر بوو لە قەراغ ڕووباری ئاوارەش لە نزیک ئەلەگەز.

لە پاشانا خەڵکەکە لە گوندەکانی ناوچەی ئەشتەرەک نیشتەجێ بوون. لەم

کارەساتەدا جاسم لە کەسوکاری دابڕا، ئەوەی کوژرا و ئەوەی لە ڕووبارا خنکا. ئێستا و ئەوساش کەسێکی لەوانە نەدۆزییەوە. لەو جێیەدا جاسم وێڵ و سەرگەردان و بێ داڵدە بوو، لە شوێنێک بۆ شوێنێک لە پارووی نان دەگەڕا. لە ساڵی ١٩١٩ ڕووی کردە شاری ئەلێکساندرا پۆڵ لەوێ هەتیوخانەیێکی ئەمەریکی لێ بوو. ئەمە دەسکەوتێکی گرنگ بوو لە ژیانی جاسم. هەر لەو ساڵەدا دەستی کرد بەخوێندن لە قوتابخانەی هەتیوخانەکەدا. لە ساڵی ١٩٢٣ هەتیوخانەکە گواسترایەوە شاری ستیپانەڤان، لە دوای دوو ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٢٥ جاسم پێنج ساڵی سەرەتایی خوێندبوو. لەو ساڵەدا دەسەڵاتی تازەی سۆڤیەتەکان هەتیوخانەکەی لە ئەمەریکاییەکان سەندەوە. لەو ماوەیەدا جاسم ناچار بوو کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بوو بەشاگردی میکانیکی کارەبا. لە ساڵی ١٩٢٦ ڕووی کردە شاری یەریڤان و دەستی بەکارکردن کرد لە پیشەسازی کارەبا. بەهۆی ئەم کارەیەوە وەکو کرێکارێک توانی خۆی لە پارتی کۆمۆنیست نزیک بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ ناردیانە باکۆ بۆ خوێندن لە قوتابخانەی سوپایی پڕوپاگەندەی پارتی کۆمۆنیست تا ساڵی ١٩٣٠ لەوێ مایەوە. بۆ چەند مانگێکیش چووە شاری تفلیس و خوێندنی ئەو قوتابخانەیەی لەوێ تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٣١ گەڕایەوە یەریڤان بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی پەروەردەی کوردی پێ سپێررا، زۆر لەو کارەیدا نەمایەوە. لە ساڵی ١٩٣٢ خەریکی لایەنی تەکنیکی دەرهێنانی چاپەمەنی بوو.

لەو سەردەمەدا دەسەڵات بایەخی بەچاپکردنی کتێبی قوتابخانە و بەگشتی کتێبی کوردی دەدا. جاسم لەگەڵ دەسنووسی کتێب دەژیا لە ڕاست نووسین و هەڵەچنی شارەزا بوو، ئیتر لەگەڵ ئەو دەسنووسە دەبوو تا وەک کتێب دەگەیشتە خوێنەر.

لە ساڵی ١٩٣٨ – ١٩٤١ بوو بەقوتابی ئامۆژگای مامۆستایان لە یەریڤان. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی گێتی، ئەوان جەنگی گەورەی نیشتمانی پێ دەڵێن، وازی لە خوێندن هێنا. لە ساڵی ١٩٤٢ بەکارگەری تەکنیکی دامەزرا لە چاپخانەی زانستگای یەریڤان. لە دوای ئەو لە ساڵی ١٩٤٣ بوو بەمووچەخۆر لە دادگا، لەو کارەیدا تا ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٥٤ کە بەشی کوردی لە ڕادیۆی ئەرمەنستان کرایەوە بەشی مۆسیقا و گۆرانی و فۆلکلۆر

بەجاسم سپێررا. لەبەرئەوەی شارەزای مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بوو و بلوێرژەنی چاک بوو لەگەڵ تیپی مۆسیقا بلوێری دەژەنی. تا دوایی شەستەکانی سەدەی بیستەم پێوەندی بەم دەسگا ڕاگەیاندنەوەیەوە مابوو.

جاسم لە ژیانیدا تەمەنی نەوەد ساڵی بردەسەر، بۆیە ماوەی خانەنشینییەکەی درێژ بوو. لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کرد.

شیعری

جاسم ئەگەر خوێندەواریش نەبوایە دەبوو بەشاعیرێکی میللیی سەرزار، وەکو هەموو ئەو بەرهەمە میللییەی سەرزار یەکێکی نەخوێندەوار دایهێناوە، لە پاشانا ناوی خاوەنەکەی ون بووە. جاسم لە منداڵییەوە لە گوند هەستی شاعیری بووە، توانیویەتی شیعر بنووسێ، بەڵام لەبەرئەوەی خوێندەواری نەبووە یەکەمین شیعری کەوتۆتە ئەو سەردەمەی فێری خوێندن و نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ شیعرەکەی لە ڕۆژنامەی «ریاتازە» بڵاوکردۆتەوە. جاسم وەکو شاعیرانی دیکەی کوردی قەفقاسی ڕووسیا لیریک و پۆیێمی ڕووسی وەک ژانرێکی شیعری کاریان لە بەرهەمی کردووە.

١- لیریک: شاعیر کە چاوی بەلیریکی ڕووسی و ئەرمەنی کەوتووە ئاسایی بووە لە لای چونکە ئەو قالبە شیعرییەی لە ئەدەبی میللی کوردیدا دیوە، بەڵام ئەوەندە هەیە لە ناوەڕۆکدا جیاوازییان هەیە. لیریکی ڕووسی باس لە بیرێک و کردەوەیێک و کێشەیێکی سەردەم دەکا، ئەدەبە میللییە کۆنەکەی کوردی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، لەبەرئەوە جاسم هەوڵ دەدا لیریکێک دابنێ باس لە سەردەم بکا، یا ئەگەر باسی کۆنیش بکا پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی ئێستا و دوارۆژیش بێ.

٢- پۆیێم: شاعیر کە چاوی بەم هونەرە کەوتووە ناسیویەتییەوە. ئەمەی لە «بەیت»ی ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) دیوە. هەوڵی داوە بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی لەم جۆرە ژانرە بێ. چونکە لە بنجدا ئەدەبی میللی کوردی لەم لایەنەوە زۆر دەوڵەمەندە. جاسم کۆمەڵێک پۆیێمی تازەبابەتی هەیە بەیتە کۆنەکانی فۆلکلۆری بوونەتە سەرچاوە بۆی. ئەم دیاردەیە لە داهێنانی شیعریدا تەنیا لە بەرهەمی جاسم دیار دەکەوێ، وەک ئەدەبێکی تێکەڵاو.

شاعیر پۆییمێکی درێژ بە ڕێگەی وەرگێڕان و وەرگرتن بەدەسکارییەوە دروست دەکا، دوو ناسنامە کۆ دەکاتەوە یەکێکیان ئەوەیە «بەیت»ێکی ئەدەبی کوردی دێنێتەوە یاد، ئەوی دیکەیان قسەیێکی تازەیە شاعیر خۆی دەیکا.

لیریک و پۆییمەکانی بەگشتی ڕەنگدانەوەی ئەدەبی میللی کوردی و شیعری سەردەمی ڕووسی و شیعری نەتەوەکانی قەفقاسن. سەرچاوەی ئیلهامی دەگەڕێتەوە لای حیکایەتی پەخشانی و شیعری میللی، ناوەڕۆکی ئەمانە هەندێ جار بەدەسکارییەوە ناواخنی شیعری خۆی دەکا. بەشێکی زۆر لە پۆییمەکانی بەناو و ناوەڕۆکی ئەوانەی کۆنن، لەوانە: مەم و زین، عەمەری جەلالی، نادۆ و نازێ، زەمبیل فرۆش، مەم و ئایشێ، لەیل و مەجرووم، سوورا برجێ و گەلێکی دیکە. ئەمانە وەک بەرهەمێکی شیعری تێکەڵاو دەکەونە بەرچاو، ناسنامەی تایبەتیی خۆیانیان نییە، بەڵام بەهەموو جۆرێک دەچنە ناو شیعری داهێنراوەوە و دەبن بەبەشێک لە سامانی نەتەوەیی.

جاسم شیعری زۆرە، لە کۆمەڵە کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە «ڕۆژێ من» (١٩٦٠)، «کەلامێ چیا» (١٩٧٠)، «ئۆدا کوردا» (١٩٧٥)، «کۆفیا دیا من» (١٩٨٤).

شیعری جاسم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە لە سەدەی بیستەمدا لە قەفقاسی ڕووسیا، بەتایبەتی ئەرمەنستان.

لە ژیانی تازەی کۆمەڵی سوسیالیستی دەدوێ. نەتەوەی ڕووس و ئەرمەن بەڕزگارکەری کورد دەزانی. ڕەمزەکانی ئەم دوو نەتەوەیە لە پیاوە ناودارەکان، بەگەورەترین کەسانی سەر ڕووی زەمین لە قەڵەم دەدا، وەسفی شار و هەرێمەکانی ڕووسیا و ئەرمەنستان و گورجستان دەکا. سۆز و خۆشەویستی بێ پایانە بەرامبەر فیکری سۆسیالیزم.

لە بارەی کوردەوە جاسم خوێنەری کورد بەکورد دەناسێنێ، مەبەس ئەوەیە هەموو شتێکی کە لە بابەت کوردستانە بچووکەکەی خۆیان «ئەلەگەز»ی وتووە، زانیارییێکە بیر و هۆشی کوردی دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕوون دەکاتەوە. بەتایبەتی ئەو شیعرانەی دەچنە خانەی شیعری پەروەردەیییەوە (دیداکتیکی)، لەم جۆرە شیعرەی یەکجار زۆرە. بەقسەی خۆیان «قیزی ئەوێ» واتە کچی کورد لەسەر زاری شاعیر ناکەوێ. شاخ و کانی و ئاو و بەهار و شوان و خورت و کۆڵخۆز و

زۆزان و زۆری دیکە شیعریان داگیر کردووە. کورد و کوردستان وێنەی زۆرە لە شیعری جاسمدا، ڕەنگە هەندێ لە ئەرمەنستان و ڕووسیا کەمتر بێ.

نموونەی شیعری

١

کیژۆڵەیێک بەو کوڕەی خۆشی دەوێ دەڵێ:

ئەز دەستریم شەڤ و رۆیێ سەڤاتە
برۆ، بژانگ من کلدانە سەڤاتە
خورتێ نازک! خورتێ توورە زوو وەرە
من پەز دۆتییە، شیر کەلاندییە سەڤاتە
تۆ ئو نقیشک من هلدایە سەڤاتە
دو شەڤە من خەو ل چەعڤا هەرماندییە
خورتێ نازک! خورتێ توورە سەڤاتە

کیژۆڵەیێکی نازەنینی ساکار لە یەکێ لە گوندەکانی بناری شاخی ئەلەگەز ئەوەی لە ناو دڵیدا هەیە دەری دەبڕێ. ئەم جۆرە ناوەڕۆکە لە ئەدەبی کوردی دەرەوەی قەفقاس بەرچاو ناکەوێ. هەرچەندە شاعیر ئەم لیریکەی بەزمانی کچێک هۆنیوەتەوە و خاوەنەکەی پیاوە، لەگەڵ ئەوەش لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا شیعری لەم جۆرە نییە، پیاو تەعبیر لەوەی لە ناو دڵی ژندا هەیە بکا.

٢

شاعیر باس لە دڵداری خۆی دەکا بەرامبەر بەنیشتمان:

وەتەن دێیی تە هز دکم
تە هز دکم بێمە ساب
وەتەن رۆیی ئەز گول ددم
ڕەنگێ قوماش و زەر باب
تۆ کانێکە ئاڤسار، زەلال
تی شەوتیم بۆ نا تە

ته شـيـر دا من، دايكا دەلال
چاوا نەســـتــرێم حــوباتـە

٣

بەناوی «چیایێد زاگرۆسێ» جاسم دەڵێ:

چيــايێــد زاگــرۆسێ مـــيناتی داييکا
کـورد هەمــێـز کـرنـە ل بەر سـينگێ خـوە
گــوژ مــێــد وان بلند کــو بار ســـەکنينە
ئەو بوونە سـۆندێ عـەگـيـتێ لاوێد خـوە

***

چەمێ فــــەراتـی، ئاڤـــا قـــــودرەتێ
دکــشــە فــوور ددە کــەمــبــەر خــەياتێ
مـينا شــيـری شـێــر قــەم قنيــات دکـە
لاوێد خــوە عــەگــيت، لاوێد خـــوەيە تێ

***

کــوردســتـــان بووکــە، باغ، رەز خــەملی
کــوردســتـــان دێيــە ب حــوب ئەڤــينتی
عــــەرد و خــــالی يا وێ خـــوبارا دوورە
هــەر لاوەک ژ تـەيـر بـلـنـد دفــــــــــرە

***

لێ بۆی نامــــووس و بۆی غــــيـــرەتێ
بۆی عــەرد و خــاليـيێ، بۆ عــەشـيـرەتێ
حــازرە هەر کــورد وەک رۆســتــەمێ زال
ســــــەد بـەنديرا داينـە دە وو قـــــال

***

تم پشت باڤـــانێ کـــێم تاقـــەتانە
خـــێـــرخـــازا ئەو دۆســـتـــە و برا

کـــه دکـــرێد حـــەلال زۆر ئوخـــەباتچی
بـال وانـا تونـه چەفـــــــقـــــــولـی ئاش

***

بۆی سەربەستی یا خوە ناموور حورمەتێ
کـــەچ و خــورت تـەمـــام کـەتنە غــیـــرەتێ
دەخـــــــوەزین هـــێن بـــن زمـــــــــانـــی دێ
روحـێ خـــــــوە بدن بـۆی وەلاتـێ خــــــــوە

ئەم شـیـعـره بەناوی شـاخی زاگـرۆسـەوه لـه بنجـدا بـۆ یادی کـوردسـتـان هۆنراوەتەوه. بۆ ئەوەی بڵێ بڵندی ئەو شـاخه بەقەد ئازایی لاوەکانیەتی. ڕووباری فـورات کـه لەوێ هـەڵدەقـوڵێ بووه بەهۆی ئەوەی ئادەمـزاد له ژیانی ئاژەڵیـیـەوه دەربازی ژیانی ئینسانی بێ. شاعیر له کوردستاندا هەموو شتێکی جوان و چاک دەبینێ. ئەوەی له هەمـوو شتێک ناشیرینتر بێ نەخوێندەوارییه، بەتایبەتی له ناو کوردی قـەفـقـاس چونکه له دوا سـالانی سـەدەی نۆزدەم تا پاش جـەنگی یەکەمی سـەدەی بیسـتـەم خوێندەواری له ناو ئەو کوردانەدا نەبووه. لەبەرئەوه گیروگرفتی هەرەگەوره و کوشنده نەخوێندەوارییه بۆیه هـاندانی خەڵکی بۆ فێربوونی زمـانی دایک له بیری هەموو شاعیر و نووسەرێکیاندا هەیه.

***

جـاسـمی جـەلیل خـوێندەوار و شـاعـیـرێکی بەکـاری کوردی وڵاتی قـەفـقـاسـی ڕووسیایه. شـاعیرێکی خـۆڕسکه، بەشێ له شیـعری ئەگەر ناوی بەسـەرەوه نەبێ کـەس نازانێ ئەو خـاوەنیـەتی. شیـعـری له هەمـوو ڕوویێکەوه نموونـەی تێکەڵاوی شیعری میللیی سـەرزار و شـیعری لیریکی و پۆیێمی سـەردەمی ئێستای هەمـوو نەتـەوەکـانه. ژیـانی له بـڵاوکـردنەوەی کـتـێب و چاپەمـــەنی خـــەرج کـــردووه. له چاپخـانەکـاندا وەک کـارگـەری تـەکنیکی کـاری کـردووه. له هەمـوو ئەو کـۆمـەڵه تێکسـتـه فۆلکلۆرییـه گرنگانەی لەو وڵاتەدا بڵاوکراونەتـەوه بەشـداری کردووه، له کۆکردنەوەی تێکسـتـەکان و دەرهێـنانی کتێبەکان له ڕووی هونەرییـەوه کۆشـشی ئەو له بەرچاوه. بەشـێک لـه سامـانی نـەتەوەیی ئەو بابەته شـیـعرەیه بەشـێوازێکی نوێ دایڕشـتـۆتەوه. بـەگشـتی جێ پەنجـەی جاسم له پێـشـخـسـتنی ڕۆشنبـیـری کوردی له قەفقاسی ڕووسیا له بەرچاوه.

دەشتی

بەشی نۆیەم

دەشتی

١٩٠٩ – ١٩٥٧

بۆ مـــەنفـــەعـــەتی ئەجـنەبیی و لـەندەنە ئـیـمـڕۆ
مەعدەن لە عەدەن هـاتووە سـەر ئاب و هـەواکەی
ڕووحی مـنە گـــازی دەمـــە ئەم گـــازە کـــە ئەڕوا
کـەرکـووکی زەلیـلـم چـیـیـە ئـەم زیللەتە تـاکـەی

ژیانی

خدر کـوڕی ئەحـمـەد کـوڕی عەلی لە بـنەماڵە و عـەشـرەتی نانەکـەلیـیە. لـە سـاڵی ١٩٠٩ لە گوندی مـەلاکاغـەی بناری چیای قـەرەچووغ لە دایک بووە. لە خـێزانێکی جووتیـاری دەست کورت پەروەردە کراوە، لەو کاتەی هـەسـتی بەوە کردووە دەتوانێ شیعر بنووسێ نازناوی «دەشتی» لە خۆی ناوە بۆ تۆماری شیعری.

دەشـتی منداڵ بووە کـە مـاڵیان گوێزراوەتـەوە هـەولێر، لـەو سـەردەمـەدا خـراوەتە بەرخوێندن لـە حوجرەی مزگەوت. وەکو نەریتی خوێندنی ئایینی ئەو کاتە دەشتی ڕووی کردۆتە هـەندێ لەو گوندانەی حـوجـرەی خوێندنـی مەلایەتییـان تێدا بووە لە شـار و دەشـتـی هـەولێـر و ناوچەی خـۆشناوەتی بەتـایبـەتی شـەقـڵاوە و بێـتـواتە. مـاوەیەکی زۆر لەو ئاوایییـانە مـاوەتەوە. قۆنـاغێکی زۆری خوێندنـی ئایینی بڕیوە، ئینجـا گـەڕاوەتەوە هـەولێر و لە مـزگـەوتی حـاجی قـادری دەبـاغ خـەریکی خـوێندن بۆتەوە و دوا قـۆناغی خـوێندنی بردۆتە سـەر و لـەسـەر دەسـتی مـەلا عـەبدوڵڵای بێـتـواتەیی ئیـجـازەی دوازدە زانسـتـیـیـەکـەی وەرگـرتووە، ئینجـا ژنی هـێناوە و خـەریکی مـەلایـەتی بووە. بۆ یەکـەم جار بەمـەلای گـوندی دارەبەن لە لای باکووری ڕۆژئاوای نزیک هـەولێر دامەزراوە. مـاوەی هەڤدە سـاڵ لەوێ ماوەتەوە. لە دواییدا

کردەوەی ئاغای گوند بۆتە هۆی ئەوەی دڵی لێ بشکێ و ناچار بێ لەوێ بار بکا بۆ گوندی گردەچاڵ (١٩٥٣) و ماوەیێکی کەم مەلایەتی لێ دەکا و دەگەڕێتەوە هەولێر. بۆ دواجار هەر بەپیشەی مەلایەتی لەساڵی ١٩٥٥ ڕوو دەکاتە گوندی خەرابەدراو لە نزیک هەولێر.

دەشتی لە دەست نەخۆشی دڵ ئازاری هەبوو، ئەم دەردە تەمەنی درێژی پێ ڕەوا نەبینی و لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی خەرابەدراو کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئەوێ بەخاک سپێررا.

شیعری

تەمەنی دەشتی درێژ نەبوو، هەمووی بەپیشەی مەلایەتی و شیعر وتن بردۆتە سەر. شیعری کەمە بەڵام بابەتە گرنگەکانی سەردەمی خۆی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە وتووە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

دەشتی لە دەستوور و نەریتی قوتابخانەی شیعری کرمانجیی باشووری نالی نەچۆتە دەرەوە. ئاوڕی لە شیعری کێشی سیلابی خۆماڵی و جووت قافیە (مەسنەوی) نەداوەتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی شیعری دەشتی لە ڕووی ڕوخسارەوە دەکرێ سرنجی ئەم تێبینییانە بدرێ:

١- شیعری کەم بووە کەچی زۆرترین بەحری عەرووزی لە کێشەکانیدا بەکاری هێناون: هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، موتەقاریب، بەسیت، ڕەجەز، سەریع.

٢- لە قافیەدا ئەم دەنگانەی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە: ا ب ت د ر ز م ن (ە – ـە) وو ۆ ی ێ.

٣- لە پاش قافیەدا ئەم وشە و ڕستانەی بەکارهێناوە: تۆ، محەممەد، یا ڕەسووڵەڵڵا، کردین، ئیمڕۆ، دەکا، چبکەم، دڵی من، باغی گوڵان، یا ڕەب، بوو، کوردانم، بەسەردا هات، چوو، بم (ببم)، دێ (دێت)، ناکەوێ، بێ (ببێ).

٤- بەشی هەرە زۆری شیعری دەچنە ناو خانەی غەزەلەوە (لیریک) ئەوانەی ژمارەی دێڕە شیعریان لە دوازدە کەمترە.

٥- چەند قەسیدەیێکی هەیە لەوانەی لە دوازدە دێڕ زیاترن، لە ناو ئەمانەدا قەسیدەی دەوروبەری سی دێڕی بەرچاو دەکەوێ.

٦- دووسێ قەسیدەی بەندی پێنجینی هەیە (ا ا ا ا ب).

٧- یەک دوو قەسیدەی بەندی چوارینیش (ا ا ا ب) لە دیوانیدا دەبینرێن.

٨- مەولوودنامەی دەشتی بەزمانی کوردی لە زیاتر لە چوارسەد دێڕە شیعری مەسنەوی عەرووزی پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٨٨ چاپ کراوە. ئەم بەرهەمە لە شاری هەولێر و دەوروبەری ناوی هەیە لە هەندێ ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر دەخوێنرێ.

٩- زمانی شیعری دەشتی ساکارە، مانا لە ڕووە. وشەی فەرهەنگی شیعری کرمانجیی باشوور بەکاردێنێ، واتە هەندێ لە وشەکانی بێگانەن، کەچی لە ماناداا قورس نین. لە ڕەوانبێژی گەمەی هونەری داهێنراوی هەیە، وەک لاساییکردنەوەی شیعری کلاسیکی شاعیرە کۆنەکان دەکەوێتە بەرچاو.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

دەشتی لە هەموو مەبەس و بابەتەکانی شیعری کلاسیکی نەوتووە. لە کۆنەکە بایەخی بەشیعری دڵداری و وەسفی دلبەر داوە، ئەگەر سروشتی بەکارهێنابێ بۆ مەبەسی دڵداری بووە. تخوونی مەبەسەکانی دیکە نەکەوتووە، ئەوە نەبێ شیوەنی بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموود کردووە و ماتەمنامەی بۆ نووسیوە.

ناوەڕۆکی تازەی سەردەم لە لای دەشتی وەکو شاعیرانی دیکە مەبەسەکانی نیشتمانپەروەری و سیاسی و کوردایەتییە ئەمەی خستۆتە ناو قاڵبی شیعرە عەرووزییەکانییەوە. لەم لایەنەوە داهێنانی هەیە و ئەم بابەتە بەرهەمەی دەچێتە ناو ئەو دیوانە شیعرییە کوردییەی بەناوەڕۆک تازەیە و بەڕوخسار کێش و قافیە کۆنە.

نموونەی شیعری

وەسف و دڵداری

١

لە شیعرێکیدا دەشتی دەڵێ:

سـوبحـەینەیی هیـجرانی تۆ ئـەمـڕۆ کـەدەری بوو

وەک ڕەوزەیی سـینەی سـەدەفـی تۆ خـەبەری بوو

بولبـول لە فـیـغـان و دڵی بێکەس لە جـەفـادا

فـەسڵێ کە ئیرەم غونچـەیی بێ خـەندە دەری بوو

هـەرچـەندە کـە پاڕامـەوە لەم زولفـەیی چینت

بێ فـائیـدە ئاخـر ئـەمـەلم دەردەسـەری بوو

چاوم ئـەتەکـێنێـتـەوە ڕەنگی سـەری کـوڵمت

لـەم ڕۆژەوە ئـەبرۆیـی کـەچی تۆ شـەرەری بـوو

یا نەعـرەتەیی عـوشـشـاقـە وە یا شیـوەنە دلبـەر

یـا زەلزەلـەیی ڕۆژی قـیـامـەت ئـەسـەری بـوو

عـومـرێکی درێژم بـووە سـەرفی ڕەهی وەسـڵت

ئاخـر لـەسـەر ئـەم حـاڵەتە خـاکم بـەسـەری بوو

دەعوایی هـەمـوو کـەس کە بڵێن عاشـقـە ڕووحم

واقیع وەیە (دەشتی) کـەسـەری پڕ کـەسـەری بوو

لەم شیـعرەدا دەشـتی گـفـتوگۆ لـەگەڵ دلبـەردا دەکا، بـەڵام لەگەڵی نییـە، لێی دوورە. شپرزەیی خۆی لەبەر دووری لە خۆشـەویست بەراوورد دەکا لەگەڵ ناڵەی بلبل بۆ گوڵ. وێنەی جوانی ڕەوانبێژی تێدایە، وەکو فرمێسکی چاوی شـاعیر لە ڕەنگی سـەر کوڵمی یارە، هەردووکیـان سـوورن، یەکەمیـان بەڵگەی ناخـۆشییـە و دووەمیان ڕەمزی خۆشییە، واتە جوانی.

٢

لە وەسفی لەشولاری دلبەر دەشتی دەڵێ:

ڕەنگ و ڕووی گـوڵنـاری من هـەم دوژمـن و هـەم یـارمـە

بۆ ڕوخـی ئەو ڕووحی شـیـرین دائیـمـا ئەغـیـارمـە

مـاهی ڕوو چەرخی کە سووڕا هەوری زولفی کەوتە بەر

بۆیێ بارانی دوو چاو لێـشـاوی ڕووی تەمـبـارمـە

دڵ بە تەنها کەوتە سەحرایی فیراقی قەددی تۆ
بێکەس و بێدەر بە دایم شین و زاری کارمە
باغەوانی سینەکەت گەر بێ بدووری کفنەکەم
وەسڵە بۆ من چونکە خەییاتی دەری گوڵزارمە
ڕووحی (دەشتی) گەر فیدایی لەنجەیی پەنجەت ببێ
ڕەنجی گەنجم بۆتە ڕەنجم مەتلەعی ئەفکارمە

لەم شیعرەدا هەموو وێنە جوانەکانی خۆشەویست دەبێتە مایەی دڵتەنگی و زویری شاعیر چونکە لێی دوورە.

٣

دەشتی لە وەسفی ئەندامە ڕەنگینەکانی دلبەر ناکەوی، لە دوو کووپلەی قەسیدەیێکی پێنجینیدا دەڵێ:

پڕ زەهرە هەمووو دەم لە فیراقت جگەری من
پەروانەیە بۆ ڕوویی چراغت جگەری من
عالەم هەموو مەفتوونە بە بۆیی جگەری من
ئەی دلبەری قەد نەی وەرە سەیری جگەری من
قەللابی سەری زولفتە بەندی جگەری من
ئەم چاوە غەزالەت سەبەبی میحنەتە بۆ من
ئەم لەنجە لەسەر پەنجە هەمووی زیللەتە بۆ من
ئەم سیحرە لەسەر دوگمەیی سینەت غەمە بۆ من
نارنجی بەری قەددی سەرووت فیتنەیە بۆ من
بەم حاڵەتە تاکەی لە جەفا بێ جگەری من

لەبەر دووری جیگەری شاعیر خوێناوە، هۆی ئەم نالەبارییە هەمووی ئەنجامی جوانی چاوە مامزییەکەیەتی، زەمزەمەی لەنجەولارەکەیەتی، جادووی گۆی مەمانیەتی.

٤

دەشتی لەسەر وەسفە هەستییەكانی دەڕوا لە وێنە كێشانی ئەندامی جوانی دلبەر:

شەوێ دیتم كە نووسرا بوو بە خەتتێكی سورەییانی
لەسەر قوببەی هەیاسە و دوگمە وو سنجاقی مەمكانی
بەهاری سینەیی یارم ئەگەر بێت و دەوامی بێ
بە تەقویمی دڵی بولبول دەسووڕێ چەرخی بورجانی
لەبەر هەندێ كوورەی نارییەی غەم مەحوە ئەی دلبەر
موعەییەن بوو بە مەركەز دائیرەی عەقرەب بە ڕەمزانی
تەماشاكەن ئەوا ڕۆژم لە خەتتی ئیستیوا دەرچوو
بەرابەر بوو لەگەڵ نوقتەی موقابیل قوتبی ناوانی
ڕەقیبی سەگ سیفەت ئیمڕۆ دڵم مەقسوودی حاسڵ بوو
گەفی ئەو ڕۆژە تۆ ئەیكەی چ باكم خوایە ئەیزانی
كە من بەو دەست و پەنجەی یاسەمین قەد دەردەچێ ڕووحم
لە قوتبی كۆنە خانوویا ئەمێنێ وەقتی خێمانی
هەتا وەسڵی هەزارم بوو هەموودەم ئاه و زارم بوو
ئەوێستاكەش كە (دەشتی)م وەكو كێوی لە بۆستانی

لەم وەسفەدا دەشتی هەندێ دیاردە و زاراوەی زانستی ئەستێرەناسی (ئەسترۆنۆمی) بەكار دێنێ بۆ بەراورد لە نێوان ئەندامانی دلبەر و بزووتنەوەی ئەو ئەندامانە، وەكو ناوبردنی هەندێ لەو زاراوانەی پێوەندییان بەئەستێرەناسییەوە هەیە، وەک ئەستێرەی سورەییا (پێروتەرازوو)، تەقویم، بورج، بورجی دووپشک، خەتی ئیستیوا، قوتب... هتد.

گەمەی ڕەوانبێژی

١

لە گەمەیێکی ڕەوانبێژیدا دەشتی دەڵێ:

دلبــەرا فــەوتا لـەســەر ئەم ڕێگە عــەین و مــیم و ڕێ
عـەمرەکـەم چوو یەک هەناسەم ماوە دەرچێ ڕێ و حێ
ڕووحــە تۆزی گـەرد و ژێر پایی ویســاڵت یەک قــەدەم
گـەر هـەڵێنێ بـۆ عـیـیـادەت بێ بە نـوون و ئەلف و زێ
نازی چاوت شــوبهی داوت چین بەچین ئاشق کــوژن
قــەت نـەبوو جــارێ بتــرسی تۆ لە حی و شین و ڕێ
حـەشـری زولفی تۆ لـەگـەڵ کافـر یـەقین هەمـتـا دەبێ
چونکە پۆشــیی لە عـــالەم ڕێ و واو و مـــیم و تێ
ڕوومــەتی گـوڵناری چیــمــەن پـەرچەمی پڕ چینی تۆ
بوونە وێنەی چوونی کـوفـفاران بـە جیم و نوون و تێ
جـەننـەتی سینەت بە ئاهی سـەردی من تێـیـدا نەمـا
غـــەیری دوو نارنجی بۆ دڵ پڕ لـە ئەلف و واو و فێ
ئۆف لـەبەر گـریـان و شین لازم لە دەشــتــا دانیــشین
تا نـەڕەنجێ مــەهـجــەبین ئەی دال و شین و تێ و یێ

لەم شیعرەدا دەشتی نیوە دێری یەکەم و هەموو نیوە دێڕە دووەمەکانی بەچەند تیپێک کۆتایی پێ هێناوە. ئەو وشەیەی لە ئەنجامی یەکگرتنی تیپەکان دروست دەبێ لە سەرەتای هەموو نیوە دێڕە یەکەمەکان بەکاری هێناوە. وشەکان ئەمانەن: عومر، ڕووح، ناز، حەشر، ڕوومەت، جەننەت، ئۆف.

٢

لە گەمەیێکی ڕەوانبێژی لەفزیدا دەڵێ:

یاری عـەلەمـدارەکـەم هاتەوە سـەر شـارەکـەم
هاتەوە سـەر شـارەکـەم یاری عـەلەمـدارەکـەم

لازمــە ســەرچاوەکــەم تاکــو ڕەقــیب دێتــەوە
تاکــو ڕەقــیب دێتــەوە لازمــە ســەرچاوەکــەم
زوهری زولفی یارەکـەم وەســڵـەکـە تریاکـە بێ
وەســڵـەکـە تریاکـە بێ زوهری زولفی یارەکـەم
زیللەتی شـەوتارەکـەم حـیکمـەتە بۆ مـەنتـیـقم
حـیکمـەتە بۆ مـەنتـیـقم زیللەتی شـەوتارەکـەم
ئەی دڵی پڕ نارەکــــەم دووره نـەجـــاتت ببێ
دووره نـەجـــاتت ببێ ئەی دڵی پڕ نارەکــــەم
جــەدوەلی پڕ کــارەکــەم تیــغی دوو ئەبرۆ دەدا
تیــغی دوو ئەبرۆ دەدا جــەدوەلی پڕ کــارەکــەم
غــونچــەیی گـوڵنارەکـەم ناڵەیی بولبــول دەدا
ناڵەیی بولبــول دەدا غــونچــەیی گـوڵنارەکـەم
قــــەددی سنـەودارەکــــەم ئاسکی کـــوردانـەیە
ئاسکی کـــوردانـەیە قــــەددی سنـەودارەکــــەم
قیمـەتی ئەشعارەکەم حەیفە بە(دەشتی) نەدەی
حـەیفە بە(دەشتی) نەدەی قیمـەتی ئەشعارەکەم

ئەگــەر هـەر نیـــوە دێڕی ئـەم لیــریکە بکرێ بەدوو کــەرتـەوە، بۆ بـەڵگە «یاری عـەلەمدارەکەم» لە بەحری عەرووز بەسیتی مـەتوییـە (مـفتعلن فـاعلن)، بەکێشی سیلابی خـۆماڵی حـەوت برگـەیە. شـاعیر هـاتووە دوو کـەرتی نیـوە دێڕی یەکـەمی شیعرەکەی ئاڵوگۆڕ کردووە لە نیوە دێڕی دووەمدا. بەم پێیە ئەم لیریکە نۆ دێڕییە ئەگەر دووبارەکردنەوەی تێدا نەبێ دەبێتە نیو ئەوەندەی کە هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەتوانرێ شیعرەکە لە ڕووی ئەندازیارییەوە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:

یاری عـەلەمـدارەکـەم
هـاتەوە سـەر شـارەکەم
هـاتەوە سـەر شـارەکەم
یاری عـەلەمـدارەکـەم

نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

١

لە شیعرێکیدا دەشتی دەڵێ:

ئەی عــیــراقی بێکەس و دڵ پڕ لە ئێش و دەرد و غــەم
وەی ئەســـیـــری حــەربی نارێکی لە مــەیدانی بە تەم
حــەیفــە پاشی تۆ بمێنن کــوردەکــانی بێ حــەشــەم
چوو لە دەستیان مەعدەنی عیزز و شەرەف بەینەلکەرەم
ئەی گــەلی ئەشـــرافی کــوردان بـۆ غــەریقی زیللـەتن
بۆچی وا دائیم خــەریکی قــووتی مــولک و مــیللـەتن
بۆچی وا دەعیــە و تەکـەببور لێـئـەدەن پڕ حـیـددەتن
چاکــە شــەرمێ کــەن لە عــالەم بەخــۆ کــاکــەن لە دەم
بابەگــوڕگــوڕ تاوەکــو ئێــســتــاکــە پیــری ئێــوە بوو
خــانەقــا وو تەکــیــە وو ڕێبــازی شــێــخی ئێــوە بوو
جێگەیی مەولوود و سەد ئیـحسـان و خێـری ئێوە بوو
ئێستاکەش وا پێی خەنی بوون عارەب و تورک و عەجەم
چاکـە فکرێکەن لە ئیـسـتـیـقـبـالی خـۆ زوو چارەکـەن
تەرکی وەحشەت کەن سیلاحی یەکدی کوشتن پارەکەن
ڕوو لە پەیداکـــــردنی ئالاتی وەک تەیــــارەکـــــەن
تاوەکـو (دەشـتی) نەبێ مـەشـغـوولی قـال و قـیلی غـەم

لەم شیعرەدا دەشتی پەنجە بۆ هەندێ مەسەلەی سیاسی ئەو سەردەمە درێژ دەکا. لە کاتێکدا ئەم شیعرەی وتووە ڕاپەڕینەکانی کورد هەندێ کپ بووە. ئیتر شاعیر ویستوویەتی ئامانجی کورد لەگەڵ بوونی عیراق بگونجێنێ. بێ گومان ئەوەی لە بیر نەچووە کورد دواکەوتووە، بۆیە ئامۆژگارییان دەکا بۆ پێشکەوتن. شاعیر باباگوڕگوڕی کەرکووکی کردووە بەرەمز، تەنیا لەبەر نەوت نا بەڵکو لەبەر کوردستان. عەرەب و تورک و عەجەم بەشیان کردووە. ئینجا کورد هان دەدا و پێیان دەڵێ بەپیشەسازی و تەکنیک و هونەر نەبێ پێش ناکەون.

٢

پیشەی دەشتی بیرکردنەوەیە لە دواکەوتوویی کورد:

بۆ نیگبەتی ئەم میللەتە بێ جانە دڵی من
بۆ میللەتی ئازوردە لە زەلیانە دڵی من
بۆ حیددەتی ئەم کوردە لە ترسانە دڵی من
بۆ زیللەتی ئەم کوردە لە گریانە دڵی من
کوردینە وەرن شەربەتی ڕێکی بەدەما کەن
ئەم موڵکە لە دەست عالەمی بێگانە ڕەها کەن
یەکدی مەکوژن ڕوویی سەناییع لە هەوا کەن
بەم ئاووری ڕووناکییە سووتاوە دڵی من
خاکی وەتەنی ئێوەیە هەردەم کە دەناڵی
سەد حەیفە کە ئەم مەعدەنە ئەڕوا بە بەتاڵی
ئەمڕۆکە سبەی دێتەوە بۆ حەربی شیمالی
بۆ سەنعەتی تەییارە لە هاوارە دڵی من
لۆکەی وەتەنی ئێوەیە ئەمڕۆ بووە دینار
ڕووحی وەتەنی ئێوەیە ئەم فلسی خەریدار
بەم حاڵەیە (دەشتی) کە دەبێ عاجز و بیمار
هەردەم کە خەفەتخان و بریندارە دڵی من

دڵی شاعیر هەمیشە لە گریان و شین و شەپۆڕ و واوەیلا دایە، چونکە نەتەوەکەی تووشی نەگبەتی بووە. هۆی ئەمە نەبوونی یەکێتییە، لەبەرئەوە ژێردەستن. نیشتمانی کورد دەوڵەمەندە هەمووی کانی مەعدەنە، کشتوکاڵی لۆکەیە، ئەمانەن سەرچاوەی پێشکەوتنی پیشەسازی و بەتایبەتی دروستکردنی فڕۆکە.

٣

بەناوی «کەرکووکی زەلیلم» لە شیعرێکیدا دەشتی باس لە کەرکووکی کوردان دەکا:

زاڵم وەرە ئەم فیتنەیە وو ئەم حاڵە هەتاکەی
وا چاکە لە ڕوومەت لە من و ڕوو لە خودا کەی
بێ فائیدە ئەم خوێنە هەتاکەی بڕژێنم
وا چاکە کە ڕەحمێ بە دڵی پڕ لە جەفاکەی
قوللابەیی زولفی تۆ وەکو لەشکری کوردن
بۆ جەوری دڵی عاشقە زنجیری جەفاکەی
تالیب بە عیراقی تووە دڵ هەر دەمە ئەمما
شێواوە لە گێژی عەرەبا زێڕ و قەڵاکەی
دەستووری قولابەندی قولابی بە قولابت
حوسنی هەیە بۆ میللەتی کوردم بە سەراکەی
مەعلوومە کە ئینگلتەرە کەوتۆتە میانا
ئالا وو خەتتی کورد و عەرەب بادە بە چاکەی
پاپۆڕی نەجاتم نییە بۆ بەحری خیانەت
سەییارە موعەتتەل بووە میزانی سەداکەی
بۆ مەنفەعەتی ئەجنەبیی و لەندەنە ئیمڕۆ
مەعدەن لە عەدەن هاتووە سەر ئاب و هەواکەی
ڕووحی منە گازی دەمە ئەم گازە کە ئەڕوا
کەرکووکی زەلیلم چییە ئەم زیللەتە تاکەی
بەم داغە ئەسەف دەستم و هەردەم کە لە شینم
بۆ بیدعەتی لبنانیی و هەم سەیر و سەفاکەی
مەعلوومە قوبایی غەزەلت دوو شتە ئیمڕۆ
(دەشتی) وەرە وا چاترە دوو باسی تیاکەی

لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی عـیراق دامـەزراوە داگـیرکـەری ئینگلیـز و قـەومـیـیـە شـۆڤێنییـەکانی عـەرەب لە پێناوی بەرژەوەندی خـۆیان کـەرکووکیـان بەکوردستـان نەزانیوە. کوردیش لەو ڕۆژەوە ئەو شارەی بەکوردستان زانیوە، بەمەڵبەندی هەموو دانیشـتوانی لە کـەمـە نەتەوایەتییـەکان حسێب کردووە. شـاعیـر ڕۆمـانتیکییـانە کـەرکووکی کردووە بـەدلبـەرە جـوانەکە. دڵدارانی کوردن و عـیراقین بەلام عـەرەب بۆچ زێڕ و قـەڵای ئـەم بووکـە جـوانـە داگـیـر بکا! زێڕی بووک نەوتەکەیە، قـەڵاکەش کۆشک و باڵەخـانەیەتی. لە لایێکی دیکـەوە دەشـتی پەنجـە بۆ ئینگلیـز درێژ دەکا، ئەوەی تەنیـا لە چاکـەی خـۆی دەگـەڕێ و گـوێی لە خـەڵکی عـیـراق نییـە. ئینگلیـز مەعدەن و ئامێری پیشەسازی لە شاری عەدەنی جزیرەی عەرەبەوە دێنێ بۆ ئەوەی نەوتی لێ دەربێنێ. لەم شـیـعرەدا دەشـتی بەشـێـوازێکی سـیـمـبـۆلییـانە باس لە هـەندێ دیاردەی زانسـتی و پیـشـەسـازی دەکـا، کـەچی لە ڕووی جـوانکارییـەوە داهێنانی دەست ختووە.

***

خدری کوڕی ئـەحـمـەد ناسـراو بـەدەشـتی شـاعیـرێکە لە دەشـتی هـەولێر پەیدا بـووە، لەبـەرئەوە نـازناوی کـردووە بـە«دەشــتـی»، بەمـــە ژیرانە بـۆ مـــەســـەلـەی شـیـعرییەتەکـەی چووە کە ئەم ناوەی لـە خۆی ناوە. زۆر نەژیاوە لەبەرئەوە شـیـعری کـەمـە. بەرهـەمـی لاسـایی شـیـعری کـلاسـیکی کـوردسـتـانی باشـووری ناوچەی سلێمانییە، بەلای شیعری سیلابی خۆمـاڵی نەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی وەسـتـایـانە مـەبەس و بابەتی نوێ لەگـەڵ ئەو قـاڵبـە کـۆنە بگونجـێنـێ. دەشـتی شـاعیـرێک بووە ڕێزی لە بیـر و خـەیاڵی خـۆی گـرتووە، شـتێکی بەدڵی نـەبووبێ نەینووسـیـوە. لە ڕووی ناوەڕۆکـەوە شـیـعـری لە خـانەی وەسف و دڵداری و کوردایەتی نەچۆتە دەرەوە. وەسفی جوانی و دڵداری لە ڕووی سۆزەوە گەلێ قووڵ و زۆر گـەرم نییـە، بەلام توانیویەتی وێنەی جوانی لێ دروست بکا. دەشتی هـەموو ژیانی لە حـوجرەی مزگـەوت بردۆتە سـەر و مامۆسـتای زانستییـەکانی شـەریعەتی ئیـسـلام و زمـانـی عـەرەبی بووە، کـەچی هـەندێ لە شـیـعرەکـانی بەڵگـەی ئەوەن ئاگـاداری لە زانسـتـیـی دەرەوەی حـوجـرەی مـزگـەوت بـووە و هوشـیـارانە و مۆدێرنیزمیانە بیری لە مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد کردووە.

حیلمی

بەشی دەیەم

حیلمی

١٩٠٩ – ١٩٨٥

تەمـــاشـــا بکەن بڵـــێن جـــوانە
ژنی فـلان کـەس خـاسی هەمـووانە
چەنـدە زەریفــــــە هـەم نـازەنـینـە
جوان و بەشەوکەت زولف عەنبەرینە

ژیانی

محەمەد کوڕی شێخ حوسێن لە ساڵی ١٩٠٩ لە هەڵەبجە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەی هەندێ لە مزگەوتەکانی دێهاتی شارەزوور بووە. لە دوایی ڕووی کردۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و باوەڕنامەی پۆلی شەشەمی ئەو قۆناغەی وەرگرتووە. لە پاشانا لە خولێکدا خوێندنی برینپێچی تەواو کردووە و ماوەیێک لە نەخۆشخانەکانی خورماڵ و سووورداش برینپێچ بووە. لە ساڵی ١٩٤٤ وازی لەم کارە هێناوە و خەریکی پیشەی سەعاتچیەتی و مۆر هەڵکەندن و نووسینی ئەرزوحاڵ بووە لە ڕانیە، ئینجا چووە بۆ هەڵەبجە تا ساڵی ١٩٥٧ لەوێ ماوەتەوە. لە دواییدا هاتۆتەوە سەر پیشەی برینپێچی و لە کۆمپانیای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان کاری کردووە تا ساڵی ١٩٧٥. لەو ساڵەدا تووشی نەخۆشیی چاوئێشەیێکی دژوار بوو، ناچار چووە خۆی خستۆتە ژێر دەست و پلی پزیشکی نەشتەرگەری، بەڵام بێ ئەنجام سوودی نەبووە. بەو جۆرە کوێر بووە و لە ماڵ نەهاتۆتە دەرەوە تا ڕۆژی ١٠ی مارتی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گولانی هەڵەبجە نێژراوە. محەمەد شێخ حوسێن ناوی «حیلمی» بۆ خۆی هەڵبژاردووە وەکو نازناوی شاعیری و لە نێوەندی ئەدەبی بەم نازناوە ناسراوە.

شیعری

لە ڕووی ڕوخسارەوە

بەرهەمی شیعری حیلمی دەچێتە خانەی ئەدەبی میللیی نووسراوەوە لە ئەدەبی سەرزارەوە (فۆلکلۆرەوە) نزیکە. بەم پێیە وشەی شیعری سادە و کوردی پەتییە، تەعبیری ئاسان و مانا لە ڕووە. لە بەکارهێنانی کێشی بەحری عەرووز دوورەپەرێزە. کێشی سیلابی خۆماڵی لە شیعریدا بەکارهێناوە. زۆربەی کێشی دە بڕگەییە، هەروەها کێشەکانی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی لە بەرهەمیدا بەرچاو دەکەون. هەندێ جار لە نیوە دێڕە شیعرێکدا دوو ڕستەی حەوت بڕگەیی لە یەکتری دەدا و نیوە دێڕەکە دەبێتە چواردە بڕگە.

لە بابەت قافیەوە زۆربەی جووت قافیەیە (مەسنەوی)، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پارچە شیعرێکی هەیە لەسەر کێشی خۆماڵین بەڵام یەکێتیی قافیەیان تێدایە. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە یەکێتیی قافیە لەگەڵ کێشی بەحرەکانی عەرووز دەگونجێ، لەبەرئەوە ئەم دیاردەیەی لای حیلمی بەنوێکردنەوە لەقەڵەم دەدرێ.

بەزۆری بەرهەمی شیعری لە بابەتی لیریکی کورت دەژمێررێ. لە ژانرەکانی دیکەی شیعری کلاسیکی هەندێ موستەزادی هەیە، ئەمانە هەموویان لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی هۆنراونەتەوە. جگە لەمە لە لایەن ژانرەکانی ئەدەبی خۆماڵییەوە دوو چیرۆکە شیعری (پۆیێمی) هەیە ئەوەی لە ئەدەبی میللی سەرزاردا «بەیت»ی پێ دەڵێن.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

حیلمی شیعری زۆر نییە، وا دەردەکەوێ شاعیری نەکردووە بەپیشە، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری جێگەی دیاری هەیە لە ئەدەبی کوردیدا چونکە زۆربەی شیعری دەچێتە خانەی داشۆرینی قانگدراو بەشیعری کراوەی بێ پەردە (ئیرۆتیک)، خەریکی وێنە و مانای سێکسی نێرینە و مێیینەیە. هەندێ کەس بەقوتابی سەرکەوتووی شێخ ڕەزای دادەنێن لەم بابەتە شیعرەدا . لەگەڵ ئەوەشدا شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و ماتەمنامە و هی دیکە بەرچاو دەکەون.

جگە لەوە دیوانی حیلمی دوو چیرۆکە شیعری میللی دەور دەکاتەوە، یەکەمیان

بەناوی «ماڵی نەخۆر بۆ چەکمە بۆر»، دووەمیان «چیرۆکی ورچ و مەیموون». لە بنجدا ئەم دوو چیرۆکە لە ناو ئەدەبی میللیی سەرزاری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست بڵاوە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکان لە چاوچنۆکی ئادەمزاد دەدوێن. هەروەها باس لە ژیری و وردبوونەوە و بەرنامە دانان دەکەن بەتایبەتی لەو کۆمەڵانەی ئادەمزاد تیایاندا دەچەوسێنرێنەوە. لە حیکایەتەکان ئەوە هاتووە پیلان دانان بەهێمنی و لەسەرخۆ لە هەموو مەینەتییێک ڕزگاریان دەکا، نەک بەهەڵەوەڕی و تووڕەبوون و هێرشبردن.

شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

١

حیلمی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

دوو منداڵی ژیرکەلە
هاتنە لام بەپەلە
ئەیان گێڕایۆ وورد وورد
سەرکەوتنی گەلی کورد
ئەیان وت ڕۆڵەی گەلین
هەوڵ ئەدەین لەسەر هەلین
بۆ ڕزگاری نیشتمان
هەموو بەخت ئەکەین گیان
تا ئەمرین شان بەشان
ڕزگار ئەکەین کوردستان

بەهەناسەیێکی شیعری میللییانە شاعیر باس لە دوو منداڵی کورد دەکا، شانازی بەوەوە دەکەن کە کوردن و بۆ ڕزگاری کوردستان تێدەکۆشن. وشە و تەعبیر ساکارە، مانا لە ئامۆژگاری دەکا بۆ منداڵان و لاوان ئەوانەی لە قۆناغێکدا دەژین پێویستە خەبات بکەن لە پێناوی هێنانە دی هیوا و ئامانجەکانی گەلی کورد.

٢

له چوارینێکیدا حیلمی دەڵێ:

ئەزانی خۆشە ئەم نیشتمانە
بەڕاستی ئەڵێم شوێنی سەیرانە
ئەم کەژ و کێو و دەشت و دیمەنە
هەمووی وەک زێڕە خاکی کوردانە

شاعیر ئاماژە بۆ خۆشی سروشتی کوردستان دەکا. بۆیە بووە بەسەیرانگا. خاکی کوردان ئەوەندە دەوڵەمەندە خۆی لە زێڕدا دەنوێنێ بۆیە دەبێ بپارێزرێ.

شیعری شین و ماتەم

١

بۆ کۆچی دوایی شاهۆی شاعیر حیلمی دەڵێ:

گڕەی حوزەیران ئیمساڵ بۆ گەرمە	جەرگ ئەکا بەئاو
پێچ و خولیەتی ئێجگار بێ شەرمە	هەڵئەکا تاو تاو
قەڵەمی لە دەست شاهۆ خستە خوار	شاعیری کوردان
لە شیعری کۆنا تاوییە دا بەغار	باسی نیشتمان
فەلەک ڕیسوا بی دارزێی وورد وورد	لە ڕووی جیهانا
بسووتێ گیانت ئازا و دەست و برد	لە کوردستانا
کێ بێ بنووسێ باسی هەورامان	لانەی شاعیران
خوڕەی ناو چەمی لای لایەی شەوان	وا بەشیعری جوان
کێ یادی شاعیر بکا ئەحمەد جاف	بە قسەی شیرین
بە هەڵبەستی جوان بێ گرێ و ساف	بەیادی دێرین
قەڵەم نۆبەتە بێرەوە مەیدان	بۆ مەلا حەسەن
بەشاهۆ مەشهوور لە ناوچەی کوردان	خاوەن عیلم و فەن
حەقە گەر بگری کوردی مەینەت بار	بۆ ڕۆشتنی تۆ
بدا بەسەریا نەک جارێ سەد جار	شاعیری کورد ڕۆ

شاهۆ شاعیرێکی ڕەند و نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. حیلمی لەو شینەیدا هەندێ ڕاستی لە بابەت ئەم شاعیرەوە دەخاتە ڕوو وەکو ئەوەی شاهۆ بەشێوازی کۆنی کلاسیکی باسی مەسەلەی نوێی کوردی کردووە، واتە نیشتمانپەروەری بەمانای تازە خستوویەتییە ناو قاڵبی کلاسیکی کۆنی شیعرەوە، هەروەها لە شیعریدا جوانی هەورامانی دەربڕیوە و باسی ئەحمەد موختاری شاعیری کردووە.

٢

بۆ کۆچی دوایی حەسەن فەهمی جاف دەڵێ:

حـــوزەیران تاکـــەی بـێ ســـەلیـــقـــە و فـــەن	بـــۆ وا ئـــــەکـــەی تۆ
ئیـمســـاڵ فـەهمی جـــــاف یا مـەلا حـەســەن	وا بوویـــن ڕەنجەڕۆ
بۆچی بـــــــــووی بەداخ بۆ هـەمـــــوو ســـاڵێ	لای گـــەلـی کـــوردان
شـــاعـــیـــرێ ئەبـەی ئەیـــخـــەیتـــە حـــاڵێ	نابی پەشــــیـــمـــان
مێــــژوونووســـــەکەی ناو کـــــــوردستانم	پاش ئەمــــین زەکی
دڵســـــۆزی گـــــــەلی زۆر میـــــــهرەبـــانم	قـەڵـــــەم بوو چەکی
هەڵـــگری دیوان شاعــــــــــیری خـــاڵۆی	کاک ئەحمەدی جاف
تەئریـخی کـــــۆچـــی لە ڕۆژانی ســـــــــاڵ	نۆسە و حەفتا و سێ
لە حـــــوزەیـــــرانا دای لە شـــــــەقـــەی باڵ	هـیچ کـەس نەپرسێ

لە حوزەیرانی پار مەلا حەسەنی شاهۆ کۆچی دوایی کرد، لە حوزەیرانی ئەمساڵ حەسەن فەهمی جاف. بەلای حیلمییەوە حەسەن فەهمی مێژوونووسێکی گەورە بووە لە دوای ئەمین زەکی. تەنیا مـێژوونووس نەبووە، بەڵکو پارێزەری دیوانی شیعری خاڵۆی خۆیەتی کە ئەحمەد موختار جافە. نووسەر ئەدەب دۆست بووە، ماڵی دیوەخانەی شاعیران بوو، ئەوجا لە دواییدا بەحسێبی ئەبجەد ساڵی مردنی دیاری دەکا کە ساڵی ١٩٧٣یە.

شیعری داشۆرین و کراوەی بێ پەردە (ئیرۆتیک)

١

بەناوی «ڕەش بەڵەک»ەوە حیلمی لیریکێک دەهۆنێتەوە:

خــەڵقـینە ئەمــڕۆ هەڵەبجــە خــۆشــە
ژن و پیاو سەرمەست هەموو بێ هۆشە
ئەم مــەســتـیـانـە هی شــەراب نـیـیـە
گــەر ئـەتانەوێ عــەرزتان کــەم چیـیـە
جــاهێــڵانـی قــیت ژنـانی پڕ جــۆش
بـەجــارێ هـەمــوو هاتوونـە خــرۆش
دەست وەشــاردن و مــەمک هەڵگوشین
مـاچ و مـووچ کردن ســەر گۆنا گـەزین
دوو لێــوی کــاڵی مــەمک بۆن کــردن
دەست فلیــقــان و چپــە بۆ کــردن
وەلحــاسڵ هـەریەک بەئارەزووی خــۆی
خــەریکە یەکـێک تـەفــرەدا بۆ خــۆی
هیچ فــەرق نیـیـە لە قـەوم و لـە خـوێش
نێــر بێ یا مێ بێ هەر ئەیداتە پێش

وەرامی ژن:

گــوێ بگرە شــاعــیــر ئەمــە جــوابمانە
لۆمــەمــان مــەکــەن گــونای مــێـردمــانە
ئێــمــە جــڵــەومــان بەدەس پیــاومــانە
هــەرچی ئەفــەرمــووی لـە بەرچاومــانە
ئیــــزنمان ئەدەن ئەچین هـەڵپــــەڕین
لە ناو ڕەش بەڵەک خـۆش خۆش دەسگرین

تەماشا بکەن بڵێن جوانە
ژنی فلان کەس خاسی هەموانە
چەندە زەریفە هەم نازەنینە
جوان و بەشەوکەت زولف عەنبەرینە
ئەگریجە قرتاو برۆ کەوانی
بەشەوکەت ڕوخسار ماهی تابانی

ئەحمەد موختاری شاعیر ئاهەنگی شایی و هەڵپەڕکێی گێڕاوە بەهۆی خەتەنەکردنی ئەفراسیابی کوڕیەوە. لە ناو شاییکەراندا کچ و ژنی جوولەکەی هەڵەبجە هەبوون. حیلمی ئیلهامی ئەم شیعرەی لەو شاییە وەرگرتووە. کوڕانی تینووی دەسبازی، دەمیان لە کچان نزیک دەکردەوە و ماچیان دەکردن، مەمکیان دەگوشین، خۆیان پێیانەوە دەنووساند.

حیلمی شیعرەکەی کردووە بەدوو بەش. یەکەمیان کردەوەی پیاوانە و جڵەو بەدەست ئەوانەوەیە. لە دووەمینیاندا ژن دێتە وەرام و دەڵێ: ئێمە هەرچی بکەین، لە فەرمانی مێردمان دەرناچین. هەرچی لەگەڵمانا دەکرێ بەرەزامەندی پیاوەکانەوەیە، ئیتر دەسنیشانکردنی ژنی جوانیش بەدەس پیاوانەوەیە.

٢

لە چوارینێکیدا بەشێوازی داشۆرین وەسفی قوونی کەسێک دەکا:

گەر تەماشای مەقعەدی کەیت ناوسکی دیارە لە لات
هێندە وازە هەر لە ناو ئەشکەوتی چل میران ئەکا
دەسکەدن لای یارۆ تاڵە موویێکە گەر پیا بچێ
قەت خرووری ناشکێ بەمانە ڕوو لە کونجی خان ئەکا

لەگەڵ ئەوەی حیلمی لەم شیعرەدا ناوی کەس نابا، بەپێی شیعرێکی دیکەی لەوانەیە مەبەسی کەمالی شاعیری هاوڕێ و دۆستی بێ.

٣

لە چوارینێکی دیکەیدا لەم بابەتەوە دەڵێ:

کێری کەر بۆیە هەمیشە زیاد ئەکا و ئەخولێتەوە
تا لە دۆڵی عەلییە فەندی ئاوی خۆی بێنێتەوە
کاتێ گەییە ناوگەڵی ئەو تێدەگا نارِوا هەمووی
جا لە داخا وورده وورده سیس ئەبێ و ئەکشێتەوە

لەو شیعرەدا مەبەسی لە عەلی ئەفەندی کەمالی شاعیرە. مانای ئەم شیعرە هەرچی بێ لە رووی ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە، لە بابەت داهێنانی هونەرییەوە جوانکاری تێدایە. شاعیر توانیویەتی وێنەی کردەوەیێک بەشێوازێکی هونەری و کۆمیدییانە بکێشێ.

٤

لە داشۆرینی کەسێکی سوورفلەدا دەڵێ:

سوورە وەک مەیموون ناوچاوی چرچە
لە سەما کردن عەینی وەک ورچە
سەر خڕ گوێ قەوی زمان شەق و شڕ
خۆی خڕ هەڵاڵە عەینی وەکو تڕ
بەدەم شیعرەوە کە دێتە سەما
مەیموون لە چاویا بەشەرمە و حەیا
بەجرت و فرتی جەهالەتەوە
گۆی هونەر لە دەست کەر ئەباتەوە
جێ کونی نییە بەچاویا دیارە
لە کەیوان بۆیان بڕی ئەمجارە

لەم شیعرەدا حیلمی وەسفی کەسێکی سوورفلی لەش تێکشکاوی دەعەجانیی شێوە مەیموون دەکا. وەک ورچێکی بێ ئابڕووە لە کاتی سەماکردندا لەباتی ئەوەی خۆشیی گیانی بگەیەنێتە تەماشاکەر دەیخاتە پێکەنینی قەشمەری ئامێزەوە.

٥

حیلمی لە لیریکێکیدا باس لە دوو غولام و پێشخزمەتی ماڵە گەوران دەکا:

ئەستێرەت کز بوو لە ئاسمانا گەووادی شاران
کلکت تۆز ناکا لە دیوەخانا وەک جاری جاران
خۆ تۆ شەرتت کرد جاری تر نەچی هەی سەر قوڕاوی
کاتێکمان زانی ئێوارە چوویتۆ تەلاق گاوی
نازانی ئەلە زۆر بێ حەیایە هەروەک ئەسپی نۆڕ
با شقارتەکەت تۆ لێ نەدایە کوڕی گای سەرشۆڕ
گێژی بادەی یەنگ وەک وەستا هاشم هەی قەرەچەناغ
سمێڵ و ڕیش و برۆت بتاشم سەرسەری ئاڵچاغ

لەم لیریکەدا حیلمی باس لە دوو خزمەتکاری ئاغایێک دەکا، دژی یەکترین و بەربەرەکانی یەکتری دەکەن. یەکەمیان لە سەرەتادا لە پێشەوە دەبێ و ڕێز لە میوانان دەنێ، جیگەرەیان پێشکێش دەکا و بۆشیان دادەگیرسێنێ. دووەمیان ئەلە کەچەڵ بەربەرەکانی دەکا، تا لە دواییدا جێی پێ لەق دەکا و خۆی دەکەوێتە پێش ئەوەوە لە خزمەتکردندا.

٦

جارێکیان وسوو ئاغا لە گوندی داریکەلی میوانی شێخ مەحموود دەبێ. لەو کاتەدا ددانی ژان دەکا. ئیتر داوا لە شێخ دەکا نامەیێکی بۆ بنووسێ بۆ لەتیفی دانساز لە سلێمانی. لەو کاتەدا ناریی شاعیر میوانی شێخ بووە. شێخ داوا لە ناری دەکا لەم بابەتەوە نامەیێک بنووسێ ئەویش ئەم تاکە شیعرەی بۆ دادەنێ:

وسوو موحتاجی دانە وا هاتە لاتان
کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لە دانا

لەو کاتەی ئەم شیعرە وەک نامە دەگاتە دەست شێخ لەتیفی دانساز حیلمی خوشکەزای لەوێ دەبێ، شیعرەکە دەخوێنێتەوە و بەدێرە شیعرێک لەسەر کێش و قافیەی شیعرەکەی پێشوو وەرامی دەداتەوە:

وســوو هات ددان بکا یاشـێخ له لامــان
بەمـەرگی تۆ قـەسـەم پێنج دەفعـە گـامـان

شـێخ لەتیف ئەم شـیعره بەدەسـتی وسـوو ئاغا وەک وەرامـدانەوەی شـیعرەکەی ناری بۆ شـێخ مـەحـمـوودی دەنێرێ. بێ گـومـان شـێخ دەیداتە قـاقـای پێکەنین و دەزانێ ئەمە کاری حیلمییە.

٧

کۆمەڵێک شاعیرانی هاوڕێی حیلمی بڕیار دەدەن پێکەوە شیعرێکی داشۆرین له دژی شـاعیـر بهۆننەوە. شـاعیرەکان ئەمـانە بوون: ناتیق، کـەمـالی، شێخ سـەلام، سـەعید فەوزی، میرزا مارف، فەرامەرز (ڕەشید نەجیب) و ئەحمەد موختار.

چۆنیـەتی دانانی شـیعـرەکە بێ گومان ئەوە بـوو یەکێکیان چەند دێڕێکی داناوە، ئەمـەیان کەوتـۆتە دەست شاعیـرێکی دیکە، ئەویش دێڕێک یا زیاتری خسـتۆتە سـەر شیعرەکەی پێشوو. بەم جۆرە حەوت کەس له دانانی شیعرەکە بەشدارییان کردووە:

فـیکرم ئەمــەیه خـامــه مــەدەد نامــەوەری کـەم
بۆ کاکه حەمەی شێخ حـوسێن مەدحی کەری کەم
هـەروەکـو ژنی فـاحـیـشــه ســەر و زولفـی بتـاشم
ســواری کــەرەدێزی بکەم و شـــار بەدەری کـــەم

«ناتیق»

وەک مـورشـیـدی کـامیل له خـەیاڵام بەشـەو و ڕۆژ
زەرکێ له سکی ڕۆ بکەم و بەهـرەوەری کـــــەم

«کەمالی»

هێنده جـۆش و خـرۆشی هـەیه ناوەسـتێ هـەتاکو
پـاڵی بخـــەم و پیـــایا بکەم و دیوه دەری کـــەم

«شێخ سەلام»

سـەلک و سـەکوتی باشـه فـەقـەت قـێزم ئەشـێوێ
هـەر وەختی هـەوای پاش و سـورینی له جـەڕی کەم

«سـەعید فەوزی»

واز بێنە کـــەمـــاڵ مـــرقـی لەســـەر لادە بەری دە
وا چاکــە لـەبـەر ویز و لـەڕی پاشـــەدەری کـــەم

«میرزا مارف»

موحـتـاجی شـرینقـەی قووەت و حـەببی حـەیاتە
دوکـتـۆرە کـە بشکێنی خرووی چارەسـەری کـەم
تێــر ناخـــوا بەمن هێندە بـەئاڵووش و بەفـــاڵە
وا چاکـە حـەواڵەی ڕەپی کـاپتـان مـیللەری کـەم

«فەرامەرز»

بـۆ تـۆزێ خـــــەنە بـۆ تنی بێـــــژنی خـــــەریکم
تـەعلیـــمی بـەئـەخـــلاق بـەئـەرسی پدەری کـــەم
چونکە سنەیی نـەسلی تـەمـــامی بەفـــڕوفـــێڵ
وا حـــیـــزە پـەنـابات و قـــران و قـــەمـــەری کـــەم
چەند حیزە کە جاشوولکەی یابووی عەجەمی ڕەنگ
تـەزیینی بـەزین و بەڕە وو جل قـــەجـــەری کـــەم
ئـەم حـــیـــزە ئـەمـــە چەند ســـاڵە لە من بەفـــاڵە
وا چاکـە حـەواڵەی مـەفرەشی ئـامەی بەشـەری کـەم

«ئەحمەد موختار جاف»

ئەم شیعرە بەڕاستی شێوازی تایبەتی ئەم شاعیرانە ناخاتە ڕوو. بەڵکو ئەو بەشـەی شاعیری یەکەم دایناوە ئەوانی دیکە هەموویان پێڕەوی ئەویان کردووە. شاعیرە یەکەمەکەش شیعرەکەی ڕەنگدانەوەی شێوازی تایبەتی خـۆی نییە، چونکە ئەو شاعیرانەی بەشدارییان لە هۆنینەوەی ئەم شیعرە کردووە لە شیعری داشـۆرین و کـراوەی بێ پەردە (ئیرۆتیک) دەستیان درێژ نـەبووە. هـەرچۆنێ بێ لە گێتیی ئەدەبدا بەرهەمی لەم جۆرە لە نێوان شاعیرانی دۆست و برادەری یەکتری دەبێتـە مایەی دەوڵەمـەندبوونی ئەدەب، چونکە هونەر پێویستـە هەموو لایەنێکی ژیانی ئادەمزاد بگرێتەوە.

لە شیعرەکەدا ئاماژە هەیە بۆ کاپیتان میللەر ئەمەیان حاکمی سیاسی ئینگلیز

بووه لـه هـەڵەبجـە. هـەروەها ناوی ئامـەی بەشـەر هـاتووە، ئەمـەشـیـان ئامـە یا ئامینەی بەشەر مامانی ناسراو بووە لە هەڵەبجە.

٨

هەواڵ لە ناوەوەیە لە سەردەمی خۆیدا شاعیر و ئەدەب دۆست لە هەڵەبجە لە چایخانەی مەلا ئەمین کۆدەبوونەوە. دانیشتنیان گفتوگۆ و باسی ئەدەب و ڕاز و نیاز و گاڵتەوگەپ و پێکەنین بووە. ڕۆژێکیان ڕەشید سدقی مووچەخۆری میری بووە لە هەڵەبجە. ماینێکی بۆری بووە، خۆشی ویستووە لەبەرئەوە زۆر باسی کردووە. لە کاتێکدا شاعیران حیلمی و میرزا مارف و ئەحمەد موختار و فەرامەرز و کەمالی لەوێ دەبن، حیلمی دێڕە شیعرێک لە بابەت ماینەکەوە دەڵێ. ئیتر شاعیران هەریەکەی بەدێڕێک بەشداری لە هۆنینەوەی شیعرەکە دەکا:

کاکە سدقی لێی ئەچێ کاتی تەڵەب
هەر ئەڵێی دێڵە بەبایە ماینە بۆر

«حیلمی»

هەر لە زێی تا ئاردەبایە ماینە بۆر
مەفرەشی حەوشی سەرایە ماینە بۆر

«میرزا مارف»

هەر بەڕەوت ڕەمزی هەویر شێلان ئەکا
وا ئەزانی نانەوایە ماینە بۆر

«ئەحمەد موختار جاف»

سەر کەللەی زیوە پەڕەی سەوزی هەیە
شێخەکەی چرچە قەلایە ماینە بۆر

«فەرامەرز»

دائیما بێ نان و کا وو ئالیکە
خواردنی پووش و پەلاشە ماینە بۆر

«کەمالی»

سـ‌ــ‌ـ‌ـەر بەرەو ژوورییـ‌ـ‌ـ‌ـە وەخـ‌ـ‌ـتێ بێـ‌ـ‌ـتـ‌ـ‌ـە بـەر
وەکـ‌ـ‌ـو قـ‌ـ‌ـورِ قـ‌ـورە ئـەقـ‌ـ‌ـۆرِێنـی مـ‌ـ‌ـاینە بۆر
هێندە تەعریفی ئەکەم ڕاست و بەجێیە مەقسەدم
چـەشنی سـ‌ـ‌ـولفـ‌ـ‌ـاتـە پـەنا ئـەبرێ مـ‌ـ‌ـاینە بۆر

«حیلمی»

لێرەدا وا ڕێک کـەوتووە ئەم شـاعیـرانە لە کـۆڕێک یا دانیشـتنێکدا لەگەڵ یەک بووبن. ئەگەر نا کارێکی بەجێیە شیعرێک زادەی خەیاڵی شاعیرێک بێ، لە پاشانا شاعیرانی دیکە بەشداری تێدا بکەن. ئەم دیاردەیە بەڕوونی لە ئەدەبی کوردیدا لە پێنج خشتەکی دەکەوێتە بەرچاو، چونکە زادەی خەیاڵی دوو شاعیرە.

***

مـحـەمـەد کوڕی شـێخ حـوسـێن نـازناوی شـیـعـری حـیـلمی شـاعـیـرێکە جێگەی تایبـەتی هـەیە لە مێژووی ئەدەبدا چونکە خانـەیێکی گرنگی پڕکردۆتەوە لەو بابەتە شیـعرەی نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر نییـە. لێرەدا شـیعری داشـۆرینی تێکەڵ بەشیعری کراوەی بێ پەردە (ئیرۆتیکی) کردووە.

زمـانی شـیعری ئـاسـان و مـیللییـانەیـە، کێش و قـافـیـەی خۆمـاڵییـە. لە شـیـعری مـ‌ـیللیـی سـ‌ـەرزارەوە (فـ‌ـۆلکلۆرەوە) نـزیکە. ئەم بـابەتە شـ‌ـیـ‌ـعـ‌ـرە هـیـچ جـ‌ـۆرە تەنگوچەڵەمە و ناخـۆشییێکی کۆمەڵایەتی دروست نەکردووە، چونکە داشـۆرینە کە هـەمووی پێـوەندی بـەو شاعیرانەوە بووە دۆست و هـاوڕێی یەکتری بوون، لەبـەرئەوە قازانجیان بووە نەک زیان، چونکە مێژووی ئەدەبیان دەوڵەمەند کردووە.

ئاری

بەشی یازدەم

ئاری

١٩١٠ – ١٩٦٨

چاوی سـەرسـامـی ئەگێـڕم من لە دنیـای بێ بـەها
نەمـدی کـاتـێ ڕوو نەچەرخـێنێ لە پیـاوی بێ وەفـا
ڕووی لە نامـەردە هەمـیشـە ڕاست بە ئـاواتی ئەوان
چەرخی پشـتی هـەر لە مەردان ڕوو لە نامـەردان ئەکا

ژیانی

نەجمەدین کوڕی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە لە ساڵی ١٩١٠ لە سلێمانی لە دایک بووە. ناوی «ئـاری» هەڵبـژاردووە وەک نازناو و لـە شـیـعـریدا بەکـاری هێناوە. بـەناوی «ئاری» و «ن. ئاری» شـیـعـر و نووسـینی بڵاوکـردۆتـەوە. سـەرەتای خـوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە. لە پاشانا ڕووی کردۆتە قوتابخـانەی سەرەتایـی و شەش ساڵ خوێندنـی لەوێ تەواو کردووە. لە سییەکانی سەدەی بیستـەمدا ژنی هێناوە و لە «کارگێڕی نەخـۆشـی ئاژەڵ و کشـتوکاڵ» بەمـووچەخۆر دامەزراوە، مـاوەیێک لەم کارەیدا بووە لە ئاکرێ و لە چلەکاندا گەڕاوەتـەوە سلێمانی و ئینجا گوێزراوەتەوە هـەڵەبجـە. لە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ بووژانەوەی گیـانی کوردایەتی بەهـۆی دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتـان لە مـەهاباد ئاری یەکێک بوو لەوانەی لە کوردسـتـانی عـیـراق دەسگیـر کران. مـاوەیێک لە گرتووخـانەی سلێمانی مـایەوە، ئینجا ڕەوانەی بەغدا کرا، لەگەڵ ئەوەی لە دادگا تاوانبار نەکرا، بەڵام بۆ عیراقی باشـوور دوورخرایەوە ماوەی سێ ساڵ بەدەسبەسەری لە شارانی حیللە و کەربەلا مایەوە.

لە دوای گـەڕانەوەی بۆ کـوردسـتـان لـە سـاڵی ١٩٤٩ لە کـەرکـووک لە «کـارگێڕی کشتوکاڵ» بوو بەمووچەخـۆر و لەم کارەیدا مایەوە تا ساڵی ١٩٥٩ خانەنشین کرا. لە پـاش چەند سـاڵێک لە سلێـمـانی گـەڕایەوە سـەر ژیانی مـووچەخـۆری و لە

«کارگێڕی ئیسکانی پارێزگای سلێمانی» دامەزرا. لەو ڕۆژگارەدا تووشی نەخۆشی دڵ بوو، ئازاری پێوە دەچەشت، ماوەی نەخۆشییەکە درێژ نەبوو، لە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

شیعری

ئاری شیعری زۆر نییە، ئەوەی بڵاوکراوەتەوە بەشێکە لە بەرهەمی. لە ناو ئەمانەدا شیعری وای هەیە دەچنە ناو دیوانی هەڵبژاردەی شیعری کوردییەوە. شاعیرێکی خۆڕسک و بەسەلیقە بوو، لە نێوەندێکی خێزانیدا ژیاوە باوک و هەندێ لە براکانی دەستی شیعریان هەبووە، لەوە گرنگتر ئارەزووی ناوەوەی دەروونی هانی داوە بۆ شیعر وتن لە پێشانا دڵداری وەک هەوێنی هەموو جۆرە شیعرێکی دیکە. لە تەمەنی لاویەتیدا دەستی بەشیعر وتن کردووە، لە کۆواری «گەلاوێژ» (١٩٣٩ - ١٩٤٩) شیعر و نووسینی بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمی شیعری ئاری لە ڕووی کێشەوە هەردوو بابەتی بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی تێیدا دەدۆزرێتەوە. لە بەحرەکانی عەرووز هەزەج و ڕەمەلی بەکارهێناوە، وەک پێویست لەسەر یەکێتیی قافیە بەڕێوە دەچن. لە کێشی سیلابی خۆماڵیدا بەزۆری شیعری لەسەر بابەتی دە بڕگەیییە، وەستان لە ناوەڕاست دایە (٥ + ٥)، جگە لەوە کێشی هەشت بڕگەییش بەکار دێنێ، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم جۆرە شیعرەی بەجووت قافیە (مەسنەوی) (ا ا، ب ب، جـ جـ...) دەهۆنێتەوە. بەم پێیە ئاری بابەتی «شیعری نوێ»ی نییە، ئەو جۆرە شیعرەی لە لیریکێکدا زیاتر لە کێشێکی خۆماڵی و فرە قافیەیی تێدا بەکار دەهێنرێ.

ئاری یەکێکە لەو شاعیرانەی لە قاڵبی کۆنی شیعری کلاسیکی لە ڕووی ڕوخسارەوە ناوەڕۆکی پێویستی سەدەی بیستەم و سەردەمی ژیانی خۆی پاراستووە. سەرکەوتنی لەوەدایە بابەتی سەرەکی لە شیعریدا دڵداری و وەسفە، ئینجا مەبەسە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ڕەچاو کردووە، بەمە لیریکە کورتەکانی بوون بەنموونەی جوانی شیعری لیریکی سەردەم کە لە ناو هەموو میللەتاندا باوە. شاعیر لە شیعریدا ڕاستگۆ بووە، ئەوەی وتوویەتی لە دڵسۆزییەوە بووە و مەرایی تێدا نییە. پێنج خشتەکی لە سەردەمی ئەودا باو بووە، ئاری شیعری هەردی کردووە بەپێنج خشتەکی، فرمێسکی بۆ دوو کوڕی جوانەمەرگی خۆی بەشیعر ڕشتووە. سرووی بۆ نیشتمانی کورد و بیری کوردایەتی وتووە،

لەسەر هەژار و زەحمەتکێش و پاڵە و جووتیاری کردۆتەوە. شیعری بووە بەمایەی هەست بزوێنی توێژێکی فراوانی ناو جەماوەر بەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوار و نەخوێندەوارانەوە، زیاتر لەبەر ئاسانی و سووکی زمان و ڕوونی و ئاشکرایی مانا و وێنەی شیعری کە شاعیر لە بەرهەمیدا بەرجەستەیان دەکا. جگە لەمە و لەگەڵ ئەمەشدا ئاری هەندێ نموونەی شیعری دانایانە و ئامۆژگاری ژیرانەی ڕۆژهەڵاتییانەی هەیە.

پەخشانی

بەرهەمی ئەدەبی ئاری دوو چیرۆک دەور دەکاتەوە، هەردووکیان پێوەندییان بەئازایی و قارەمانیەتی لاوی کوردەوە هەیە، سۆزی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەپژێن لە مەبەسێکی سەرەکیدا کە دڵارییە لە نێوان کچێکی جوان و کوڕێکی ئازا. بۆ ناسینی چیرۆکەکان ئەم دوو وتەیە پێویستە.

١- قارەمانی هەڵکەوتوو نەریمان یا دڵداری گوڵچین و نەریمان: نەریمان لاوێکی ئازا و ڕاوچییێکی بێ هاوتا و کوڕی کابرایێکی بۆرەپیاو و هەژاری ناوچەی مەریوانە. گوڵچینی جوان کچی بەگ و کاربەدەستی ئەو ناوچەیەیە. پاشای بابان لە قەلاچۆلان ناوبانگی ئازایەتی نەریمان دەبیستێ. داوا لە بەگی مەریوان دەکا بەمیوانی بۆی بنێرێتە قەلاچۆلان. پاشای بابان لەگەڵ نەریمان و دەستە و دایەرەی خۆی دەچن بۆ ڕاو، لە ڕاودا پاشا کە دەکەوێتە زۆرانبازی لەگەڵ یەکانەیێک، مەرگ لە پاشا نزیک دەبێتەوە، نەریمان بەئازایی خۆی ڕزگاری دەکا. لەو کاتەدا پاشا ئاواتەخواز بوو کچێکی بوایە و بیدایە نەریمان و بیکردایە بەکوڕی خۆی. بەڵام لە دواییدا کە دەزانێ نەریمان پەیمانی دڵدار و دلبەریەتی لەگەڵ گوڵچیندا هەیە، پاشای بابان ڕوو دەکاتە وولاتی بەگی مەریوان بۆ خوازبێنی گوڵچین بۆ نەریمان. بەگی مەریوان شایی و زەماوەندێکی گەورە دەگێڕێ بەهۆی میوانداری پاشای بابان و مارەکردنی گوڵچین و نەریمانەوە.

٢- شەڕی بابان و ڕۆم یا دڵداری نازەنین و بارام: نازەنین کچی پاشای بابان بووە لە قەلاچۆلان. نەریمان کوڕی سەرعەسکەری پاشا بووە. لە منداڵییەوە پێکەوە پەروەردە بوون و مامۆستا فێری خوێندن و نووسینی کردوون. هەر لە منداڵییەوە مەیلیان بۆ یەکتری بووە، کە گەورە بوون لە یەکترییان جیا

کردوونەتەوە. پایتەخت قەلاچۆلان بووە و سلێمانی نەبووە، گوندی ملکەندی لە جێی گەڕەکی ئێستای ملکەندی بووە. شەڕێک لە نێوان لەشکری بابان و عوسمانی لە دەربەندی بازیان دەست پێ دەکا. ئێوارە لەشکری بابان خەریکی تێکشکان دەبێ، تاریکایی بەسەردا دێ و شەڕ دەوەستێ. شەو بەدزییەوە بارام پیلانێک دادەنێ لەگەڵ دووسێ جەنگاوەر دەکشێنە قەد شاخی دەروازەی بازیان و تۆپی عوسمانی داگیر دەکەن. بەهۆی داگیرکردنی تۆپی سوپایی لەشکری بابان سەردەکەوێ و دەگەڕێنەوە گوندی ملکەندی کە لە دواییدا دەبێ بەشاری سلێمانی و دەیکەنە ئاهەنگی سەرکەوتن و شایی بەبووک بردنی نازەنین بۆ بارام.

ناوەڕۆکی ئەم دوو چیرۆکە لە یەکتری دەکەن، نزیکن لە ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر). ئەگەر نووسەر ئیلهامی لە حیکایەتی بەرگوێی ئاگردان وەرنەگرتبێ، بەرهەمەکە خۆی بووە بەئەدەبێکی میللی، بەڵام بەزمانێکی پاراوی ڕۆشنبیرییانە نووسراوەتەوە، کەڵکی ئەوەی هەیە بکرێ بەدراما لەسەر شانۆدا.

نموونەی شیعری

١

ویژەی دڵدار

لە لیریکێکیدا ئاری دەڵێ:

وا تەوژم و تاڤگەیی فرمێسکی چاوم هاتە خوار
مالی سەبری ڕاڕفاند و حەقیەتی نەگرێ قەرار
نێو نیگاهێکی بەعیشوە سەبر و هۆشی لێ بریم
دین و ئیمانی لەگەڵدا برد و خۆی کردی فیرار
قازی و موفتی مەلا و دەروێش و شێخی قادری
سوننی و سالیک لە خەڵوە دێنە دەر وەک شێت و هار
دڵ ڕفێنە سەف شکێنە دلبەرەی قەد عەرعەرە
ماه جەبینە نازەنینە زۆر بە تەمکین و ویقار
سەرگەلی عێلاتی کوردە شۆخی ڕۆم و ئەرمەنە
ئافەتی جان و دڵە کاتێ لەسەردا دێتە خوار

(ئاری) دلبــەر شــاهیــدە بۆ شــیــعــرەکــانت ناسکن
وەرگــرە حــەقــقــت بەمــاچی خــاڵی لێــوی گــوڵبــەهار

شـاعیـر ئەم هەمـوو وەسـفـەی بۆ دلبـەر مـەبەسـی ئەوەیە خـۆی وەک شـاعـیرێکی گەورە بخـاتە ڕوو. ئەو دلبـەرەی کە پێیدا هەڵدەڵێ و جـوانی گـەیشـتـۆتە ڕادەیێک کــەس لەســـەر ڕووی زەوی نیــیــە بـۆی شـێت نەبێ، ئاوڕ لە کــەس ناداتـەوە، لە شاعیریش ناداتەوە، بەڵام ئەوە هەیە شیعری ئاری بەلای ئەوەوە ناسکن، پاداشی ئەوە دەبێ ماچێک نەبی لەو جوانەوە!.

٢

دڵداری

لە لیریکێکیدا دیسانەوە بە مەبەسی دڵداری بەدلبەر دەڵێ:

گـیـانە! نـووسـیـبـووت ئاواتت دوورە
هـەندێ بـەزەیی مـن ڕەنـگم ســـوورە
ئەزانی گیانە ڕەنگ سووریەکەی من
هـەر لـە بـەیانی تـا کــــاتـی نـوسـتن
فرمێسک ئەڕێژم لە دوو دیدەی زار
بەتاڤگە و بەخوڕ وا دێ سەرەوخوار
بڕۆ سـەر دیجلە و تۆ سـەبرێ بگرە
ســـــەلامـی مـنـی تۆ لـێ وەربـگـرە
هەر کاتێ کە دیت دیجلە هەستاوە
بـەغــدا بـەجــارێ وا خـــرۆشـــاوە
بـزانـە ئەوە فـــرمـــێـــسکی مـنـە
لە دووریت ئازیـز جـەرگم کون کـونە
مـــەرجی پـەیمانم بـەکـــوڵ و بـەدڵ
مــەرج بـێ پـەیمانم بەرم بـۆ ژێر گڵ
ئەو مـەرجـە کـەوا لەگـەڵ تۆ بەسـتم
کـاتێ کـە دەسـتت نایە نـاو دەسـتم

ئەو دڵە ئیتر بۆ کەس لێ نادا
پەیمان نەشکێنە مەرجی تێک نادا

لەم شیعرەدا ئاری باس لە دڵدارییێک دەکا بەشێوەیێک لە دڵیدا چەسپاوە بەهیچ جۆرێ لێی نابێتەوە، دیارە بۆ یەکێکە و هەر بۆ ئەو دەمێنێتەوە. دیجلە بووە بەڕەمز، بەڕاستی مەسەلەکە تەنیا ئەوە نییە ئەم رووبارە پیرۆزە ئاوی زۆرە بەڵکو ژیان و شارستانییەتی ڕەخساندووە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی میزۆپۆتامیا (خاکی نێوان دوو ڕووبار)، لە ناوچەرگەی خاکی کوردەواریدا هەڵدەقوڵێ، هەندێ لە خاکی تورک تێراو دەکا، لە دواییدا تێنوویەتی هەندێ عەرەب دەشکێنێ. ڕەنگە دلبەری ئاری لە بەغدا بژی، یا بەغدا دەکاتە ڕەمزی دووری و لەوێ دایدەنێ، بۆیە دیجلە وەکو تەتەرێک دەتوانێ سڵاوی شاعیر بە دلبەر بگەیەنێ. ئەستووری هەست و نەستی شاعیر ئەوەیە ڕێز لە دڵداریی پیرۆز دەنێ و قەت فێڵی لێ ناکا.

٣

خۆشەویستی وڵات

لە بابەت خۆشەویستی خاکی کوردستانەوە ئاری دەڵێ:

لە هێلانەی دڵا تۆوی ڕواوە
ڕەگ و ریشەی لە گشت گیانا بڵاوە
لە قووڵی تۆی دەروون و ناخی گیانم
بەجۆرێ بنج و بێخی داکوتاوە
کەوا ئەو تۆی دەروون و ناخی گیانە
ئیتر جێگەی شتی کەی تیا نەماوە
ئەویش بەرزی سەرئەفرازی وولاتە
کە چەن هەوڵ و خەباتی بۆ دراوە
لە ڕێی ئازادییا ئەم کوردە مەردە
هەزاران خوێنی لاوانی ڕژاوە
هەموو بەردێ بەخوێنی خۆی و دوژمن
چیا و دەشتی ئەڵێی گوڵ گوڵ کراوە

بەهەر لادا ئەڕۆی جـــوانێ ئەبینی
لە هەر لایێک شـــەهیـــدێ نێـــژراوە
هەزاران قـــارەمـــانانی گـــەلی کـــورد
بەنامـــــەردی لە ســـــێـــــداره دراوه
لە ئاگــری داغ لە زمناکـــۆ لە ئەزمـــڕ
وەکـو تارا بەخـوێن سـوور هەڵگەڕاوە
هەمـوو ناکـۆکـیـیـە وا تاکـو ئێـسـتـا
بەدیلی مـــاوە مـــافـــیـــشی خـــوراوە
خـــودا! ناکـــۆکی ئەم هۆزە هەتاکـــەی
بەســـە ئیـــتـــر هەتا ڕێی چارە مـــاوە
ئیـتـر (ئاری) لە ڕێگەی ئاو و خـــاکی
ئەبێ ســـەر دابنێی ڕێگەی نەمـــاوە

ئاری وەکـــو چۆن لە دڵداریدا دڵســـۆزە و ئەڤین یەکـــێکە نابی بەدوو، لە کوردایەتیشدا سوورە لەسەر ئەوەی لە ناودڵیدا جگە لە کوردستان هیچی دیکەی تێدا نییە. بە خودا ئەگەر ئەمەی لە ڕابیعەی عەدەویش وەرگرتبێ هەر جوانە! شاعیر بەنەرمی و لەسەرخۆ بەسەر ئازایەتی کورد هەڵدەڵێ، هەروەها باس لە چارەڕەشی دەکا و قەدپاڵی شاخ و بن داروبار و بەرد و دەوەن نابینی بەخوێنی کورد سواغ نەدرا بێ، بەڵام شاعیر کۆڵ نادا.

٤

بۆ تەرزە

لە لیریکێکیدا ئاری لە زیانی تەرزە دەدوێ:

تەرزەی دڵتـــەزێن لە هیچ نەکـــردوو
وەیشـــوومـــەی بەهار چرۆی دار بردوو
دوژمنی مـــیـــوە چرۆ و گـــوڵ و دار
گـــێـــرشـــێـــوێنی ســـەیران و بەهار

هـەر دانـەیـێکـت ئـەیـدا لـە گــــــوڵـێ
گــــــەڵا ئـەوەرێ و ئـەشـکـێـنـێ چـڵـێ
خــــــەزانـی بـەهـار دوژمـنـی گــــولاّن
پـیـت و بـەرەکــــــــەت بـردوو بـەتـالاّن
خـەلـە و دەغڵ و دان هـەمـوو ئەشکێنێ
یـەک بـەســــــەر یـەکــــا دائـەڕزێـنـێ
کـە هـیـچ باشـیت تۆ تیـا نەخـولّقـاوە
نـازانم ســـــــروشـت تـۆی بـۆ دانـاوە!
لـەگــــەڵ هـەوادا کـــــردووتـە پـەیـمـان
یەکـتـان گـرتووە هـەردوو لـە ئـاسـمـان
دڵــــۆپــە ئـــاوێ ئـــەبــێ بـــەبـــاران
هـۆی بـووژانـەوەی خـــەلـە و دەغڵ و دان
بـیـکـەن بـەتـەرزە تـەرزەی دڵـتــــــەزێن
ڕەنجی هـەژاران تێک و پـێک شـکـێن
لـە خـــــوام داوایە نـەتبـــینم بەچاو
هـەر لـە بـەرزیدا بیــــتـــــــەوە بەئاو
ئـیــــتــــر نـەتبــــینم ببـی بـەتـەرزە
لقـی گـــــولاّڵـە بێـنـیـــــتـــــە لـەرزە

تەرزە و باران و بەفــر وەکـو دیاردەیێکی سـروشت ســەرچاوەی ئیلهــامی شـاعیـرانن لە بابەتی وەسـفدا بـۆ جوانی. ئەم ڕووداوانە هەندێ جار زیانبـەخش دەبن. ئاری لـەم شـیـعـرەیدا بەرهـەمـێکی نوێ لە ئەدەبی کـوردیدا دروست دەکـا، بەدەگـمـەن شـیـعـر لە وەسـفی مـەتریالی و ڕووکـەشـی تەرزە وتراوە، ئـەو وەسـفـە پەیکەرییەی ئاری بۆ تەرزە بەرهـەمێکی نوێیە. شـاعیر لە خودا دەخوازێ ئەو دڵۆپە ئاوەی ژێر هەور نـەبێ بەکـڵــۆ چونکە چرۆ و گــوڵ دەوەرێنێ، ســەیرانی بـەهار دەشـێـوێنێ، دەغڵ و دان دەشکێنێ. ئەم لیریکە لـەو کاتەی جـەوهـەری جـوانکاری جووڵەی تێدا دەکا، وەک شیعرێکی پەروەردەییش دەکەوێتە بەرچاو. سەرچاوەیێکە بۆ فێرکردن و پەروەردەی منداڵان.

٥

له وەسفی کاسەسەرێک ئاری دەڵێ:

ڕۆژێ لە ڕۆژان دیم کاسەسەرێ
لە گۆڕێکی کۆن هاتبووە دەرێ
مووچڕکێکی سەخت لەشی داگرتم
بیرکردنەوە لەوێ ڕایگرتم
ئەم کاسەسەرە ڕۆژێ لە ڕۆژان
خاوەن بیر و هۆش لە چەرخ و دەوران
ئاخۆ چ لاوێ چ کچە جوانێ
یا پیر یا جەوان چەرخ و دەورانێ
ئەو مێشکەی لە ناو ئەو کاسەسەرە
پڕ هیوا ئاوات کام دەوروبەرە
ئەم خاکەی کەوا بەسەریا ئەڕۆین
دڵی کام جوانە و هی کام جێگە و شوێن
دوارۆژی ئێمەش بەڕاستی وایە
بۆ دڵ خۆش بکەین ئا بەم دنیایە

ئەم وەسفەی ئاری بۆ کاسەسەری مردوو بابەتێکی باوە و وێنەی لە بەرهەمی ئەدەبی گێتیدا هەیە. شاعیران لە ڕووی دانایی و فەلسەفییەوە تەماشای ئێسقانی کاسەسەریان کردووە. لەوانە ڕەنگە بابەتەکانی عومەر خەیام باشترین بەڵگە بن لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا. نرخی جوانکاری ئەم لیریکە لەوەدایە شاعیر ئەدەبی کوردی پێ ڕەنگین و دەوڵەمەند کردووە.

٦

دەوران

له پارچەیێکیدا ئاری دەڵێ:

چاوی سەرسامی ئەگێڕم من لە دنیای بێ بەها
نەم دی کاتێ ڕوو نەچەرخێنێ لە پیاوی بێ وەفا

ڕووی لە نامـەردە هەمـیشـە ڕاست بە ئـاواتی ئەوان
چەرخی پشـتی هەر لە مەردان ڕوو لە نامـەردان ئەکا
جـێـیـێ ئاودارە کــەچی پارچە زەمــینێکی نـیـیــە
جـێی زەوی و زار مـاوە نابین کـە ئاو ڕووی تێـبکا
وا مــەزانـە چەرخی تۆش هەر وا ئـەمــێنـێ تا ئـەبەد
باش بزانە چـەرخی تۆش کــاتێ ئـەبینی تێک شـکا
ڕۆژی مــــەردانیش لە پێـــشــــە و کـــاتی دێ
هــەر بــزانــە ئـابـڕووی نـامـــــــــــــەرد تــکـا

لەم لیریکەدا شاعیر بەهـەناسەی دانایی و ئـامۆژگاری و پەندی ڕۆژهـەڵاتییانە تەمـاشـای هەڵسـوکـەوتی کـۆمــەڵ دەکـا. ئەو کـۆمــەڵەی لەســەر بنچ و بنـاوانی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە دامەزراوە. جەنگێکی تیژ لە ئارادایە لە نێوان چاکە و خراپە، شاعیران بەزاراوەی مەردی و نامەردی دەری دەبڕن.

ئەم شـیـعـرە زیاتر لە لێکدانەوەیێک هەڵدەگرێ، گومـان لەوەدا نییـە مـەبەسـی شــاعـیــر ئەوەیە بڵێ خــراپە، یا نـامـەردی هـەمـووی بـەســەر چارەنووسی کــورد شکاوەتەوە. جگە لەوە شـاعـیر لـە ژیانی خـۆیدا دوور نەبووە لە چەوساندنەوە لە ڕووی بیروباوەڕەوە، ئەمە ئەگەر لەگەڵ دەست کورتی و هەژاریش یەکی گرتبێتەوە و تووشی ڕەشبینی بووبێ، دیاردەیێکی کاتی بووە تا دوا هەناسەی کۆڵی نەداوە.

***

نەجمەدین ئاری شاعیرێک بوو دڵسـۆز، زۆر ئاسایی و بەبـێ زۆرکردن لە خـۆی شیعری بۆ هاتووە. شیعری بۆ خۆی وتووە بۆ کەسی دیکەی نەوتووە، لەبەرئەوە لە دواییدا ئەو شیعرە بووە بەهی هەمـوو کەسێک. شـیعری ڕەنگدانەوەی کۆمـەڵی کوردەوارییە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، شیعری ئاسایی بۆ ئەو سەردەمە وتووە لەسەر بەحری عەرووز و کێشی سیلابی خۆماڵی، یەکێتیی قافیە و جووت قافیە (مەسنەوی) بەکارهێناوە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە بابەتە بنچینەیییەکانی ڕۆژگـاری خـۆی نووسـیـوە. دڵداری و وەسـفی سـروشت و نیـشـتـمـانپـەروەری و کوردایەتی و بیری دانایی مرۆڤایەتی لە شیعریدا دەدۆزرێنەوە.



فانی

بەشی دوازدەم

فانی

١٩١٠ – ١٩٧٣

سیاسەت نوور ئەبەخشێ وەک ئەلەتریک
ئەوەی بیـــبێ دەبینێ دوور و نێـــزیک
ئەگـەر کـوردیش سـیـاسـی بایە بۆچی
وەها لێی وون دەبوو ڕێی پان و باریک

ژیانی

مەمەند کوڕی ڕەسوول ئاغا لە تیرەی میراودەلیی ناوچەی پشدەرە. لە ساڵی ١٩١٠ لە گوندی مەرگە لە دایک بووە. بەمەمەند ئاغای قایمەقام ناوبانگی دەرکردووە. ئەم ناوەی لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوە لە کاتی خۆیدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی عوسمانی ماوەیێک قایمەقامی چەمچەماڵ بووە. خوێندنی بەرایی لە حوجرەی مزگەوت بردۆتە سەر، زۆری نەخوێندووە، ئەوەندە هەیە لە منداڵییەوە مەیلی لە خوێندن و نووسین بووە و بەبێ مامۆستا خۆی پێگەیاندووە. گوزەرانی لەسەر دەسکەوتی زەویوزار بووە و خۆی بەکشتوکاڵەوە خەریک کردووە و ماڵ و منداڵی پێ بەڕێوە بردووە. لە کاری میری و مووچەخۆری بەدوور بووە، تەنیا حەوت هەشت ساڵێک نەبێ لە ساڵی ١٩٥٧ەوە تا ساڵی ١٩٦٤ بەسەرۆکی شارەوانی مەرگە هەڵبژێرراوە. لەو کاتەی هەستی بەوە کردووە دەتوانێ شیعر بنووسی ناوی «فانی» هەڵبژاردووە وەک نازناو لە شیعریدا بەکاری هێناوە.

لە ساڵی ١٩٤١ لە مەرگە ڕێکخراوێکی دامەزراندووە بەناوی «قۆمیتە» واتە کۆمیتە، بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی هەندێ لە کاری کۆمەڵایەتی. ئەو کۆمەڵەیە نزیکەی شـەش مـانگێک لە ناوەوە بووە. چەند ئاغایێکی نەخوێندەوار و

کۆنەپەرست لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان بوون بەدژی و بەربەرەکانییان کرد، ئەمە بوو بەهۆی رووخانی رێکخراوەکە.

هەموو کردەوەی فانی کۆشش بوو بەقەڵەم لە دژی دواکەوتوویی کۆمەڵ. هێرشی دەبردە سەر ئاغا و سەرۆکە ناشایستەکانی کۆمەڵی کوردەواری. لە دژی کردەوەی خراپی دەرەبەگ و دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراق و ئەمپریالیستی ئەورووپا بوو، رەشبین بوو بەرامبەر بەکردەوە ناهەموارەکانی شێخانی تەریقەت و مەلای شەریعەت. کردەوە نابەجێکانی دەسەڵاتی میری و ئاغایانی دەرەبەگی ریسوا دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٢ بەهۆی جەنگی دووەمی گێتییەوە دانەوێڵە بەتایبەتی جۆ بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرا وەک ئازووقە، زۆری لە لایەن ئاغایان و مووچەخۆرە گەورەکانەوە دەدزرا. فانی دزییەکەی ئاشکرا دەکرد. ناحەزانی فانی لە ناو ئاغایاندا زۆر بوون، خوێندەوار لە کۆمەڵی مەرگە کەم بوو، ئەوەی هەبوو لە ناو مەلا و شێخەکان فانییان خۆش نەدەویست. تەنیا مەلا حەسەنێکی مەرگەیی هەبوو لە هاورێ نزیکەکانی بوو، یەکێک بوو لەو رۆشنبیرە دەگمەنانەی بیروڕایان لەگەڵ فانی یەکتربیان گرتبووەوە. شاعیر شێخ مەحموودی خۆش ویستووە، بەتایبەتی لە کاتی تەنگانەدا بەشیعر بەسەری کردۆتەوە. بۆ لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە ماتەمنامەی نووسیوە. لە رۆژی ٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی مەرگە کۆچی دوایی کردووە.

شیعری

شیعری لە رووی روخسارەوە

فانی لە هەردوو بابەتە شیعری بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی وتووە. لە شیعرە عەرووزییەکانیدا ئەم بەحرانەی بەکارهێناوە: رەمەل، هەزەج، موزاریع، بەسیت، سەریع. دەوروبەری بیست پارچە شیعری لەم بابەتەی هەیە. بەپێی کەمی ئەم جۆرە شیعرەی ئەو دەنگانەی بۆ قافیە بەکاری هێناون زۆر نین: ا ت د ر س ش ق ک ل م ن و وو (ــە – ە) ی ێ. وەک لەم دەنگانە دەردەکــــــەوێ شاعیر تیپە تایبەتییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی و کوردی بەکار نەهێناوە تەنیا «ێ» نەبێ. بەپێی کەمی ئەم بابەتە شیعرەی پاش قافیەی زۆرە. ئەم وشانە بەرچاو دەکەون: نیم، چی بوو، دڵ، نییە، کە (بکە)، نیفاق، تۆن (هی تۆن)، تۆ، دەکەی،

دەکەن، دەکا، من، نیشتمان، گرت، گەلاوێژ، ئاشتی، لێ نییە، ئەدەن، با نەبێ، ئیشتیراکی، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم، تۆبە، ئۆف، دەکەی، کوا، تەلا.

لە شیعری خۆماڵیدا نموونەی هەموو کێشە خۆماڵییەکانی هەیە و قافیەیان مەسنەوییە. دیاردەی هەرە گرنگ لە شیعری فانیدا ئەوەیە قەسیدە بەندی پێنجین (ا ا ا ا ب) و بەندی شەشینی (ا ا ا ا ا ب) زۆرە ژمارەی بەندەکانیان لە هەندێ شیعردا دەگاتە ٣٥ بەند واتە دەوروبەری ٢٣٠ نیوە دێڕ شیعر.

یەکێ لە خاسیەتە گرنگەکانی شیعری فانی ئەوەیە بەژمارەی دێڕی شیعر درێژن، لەبەرئەوە دەکرێ عەرووزییەکان بەقەسیدە و خۆماڵییەکان بەبەیت بژمێررێن. لە ڕووی زمانەوە سادەیە، لە شیعری میللیی سەرزارەوە نزیکە. بایەخی زۆری بەڕەوانبێژی نەداوە.

فانی کۆمەڵێک چیرۆکی میلیی سەرزاری کردووە بەشیعر، لە شێوەی بەیتی میلیی فۆلکلۆری و پۆێمی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا خۆیان دەنوێن. هەندێکیان بەم ناوانەن: کەر لە پێستی شێردا، بزن فرۆش، گفتوگۆی پاشای کوللە و پاشای ماران، هەرای پیاوی پیر و کچی جوان.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

شیعری فانی لە بابەت مەبەسەکانی شیعرەوە فراوانە، لە هەموو چەشنەکانی هەیە. ناوەڕۆکی تازەی لە گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵی هێناوەتە ناو شیعرەوە. هەندێ جار مەسەلەکانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لە شیعرێکدا باس لە چەند مەسەلەیێک دەکا. لە هەموو ئەو بابەتانەی نووسیویەتی نەترس بووە. لەسەر ئەو باوەڕە هەرچی لە کۆمەڵی ئادەمزاددا ڕوودەدا پێویستە بچێتە ناو شیعرەوە. نووسەر بەبێ سڵەمینەوە پێویستە هەموو ڕووداوێک بکا بەسەرچاوە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕەوشت و نەریتی دواکەوتوو. ئەدگاری ئەم جۆرە بۆچوونانە ئاشکرایە لە بەرهەمی فانی، بۆیە بووە بەئاوێنەی ڕاستەقینە، کەموکووڕی کۆمەڵایەتی ڕەنگیان تیایدا داوەتەوە. لە شیعرە دڵدارییەکانیدا لە مەرجەکانی قوتابخانەی نالی نەچۆتە دەرەوە، لەگەڵ ئەمەشدا مۆری سەدەی بیستەمیان پێوەیە هیچ نەبێ لە ڕووی وشەی فەرهەنگی زمانی ستانداردی تازە و لێکسیکۆنی شاعیرانی دیکەی هاوچەرخی فانی.

نموونەی شیعری فانی

وەسف و دڵداری

١

لە پارچەیێکیدا فانی ڕوو دەکاتە دلبەر و دەڵێ:

دادی عــاشق نـادەی و تەعلیـــمـی بـێ دادی دەکـــەی
هەر بـەناشـادی و بەنـاڵەی عـاشـقـان شـادی دەکـەی
کەی ئەبێ بۆ من مویەسـسـەر دەست لە گەردەن کردنت
وەک غـــەزالی گـــەرمـــیـــانـی ڕەم لە ئـابادی دەکـــەی
یا لـە ناو زیـندانـی دووری بـەس بنـاڵێـنم بـەســـــە
نـازەنینێکی وەکـــو تـۆ حـــەیفـــە جـــەللادی دەکـــەی
ســەلبی ئازادی منی دڵ خـەسـتـە تاکـەی گـیـانەکـەم
تۆ لە قـەڕنی بیـسـتـەمـای و حـەز بەئازادی دەکـەی
یاری شــیــرینت لەگــەڵ تۆ (فـانـی)یا ڕەحــمـی نیــیــە
گەرچی عیشقت بەرزە ئێستا کاری فەرهادی دەکەی

لەم شیعرەدا ئەگەر ڕستەی «قەرنی بیستەم»ی لێ لاببرێ، شیعرێکە لە ناو دیوانی شیعری کوردی سەدەی نۆزدەمدا نەبێ لە جێیێکی دیکە نادۆزرێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە بەڵگەی هێزی شاعیرییەتی فانی دەخاتە ڕوو، ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی بەوتەی نوێ ڕەنگرێژی کردووە.

٢

لە شیعرێکیدا فانی وەسفی خەت و خاڵ و وردە ئەندامەکانی دلبەر دەکا:

برۆ قـەیتـانی لێـو مـەرجـانی مەم فنجـانی پەرچەم ڕەش
لە مـاچی لێـوی شـیـرینت دەبێ لێـوم نەکـەی بێـبـەش
لە گـێـتـی خـۆشـتـرین کـاتی ژیانم کـامــە ئەو کـاتە
کە وەک خـەرمـانی گوڵ دێی و بەخـۆشی دێیە ناو باوەش

چ خـۆشـــە ڕوومـــەتـی ئاڵت کـە وەخـتـێ ئارەق دەمـێنـێ
دەڵێی وا شـەونمە و دەتکێ لەسـەر دوو بەلکی لالەی گەش
هەتا ئەو چاوە مـەسـتـانەت بە ناز و عـیـشـوە هەڵدێنی
نە تـاب و تاقـەتم دێڵـی نـە سـەبری دڵ نـە هێـزی لـەش
مـەحـاڵی عـەقـڵـە پـەیدا بێ بە وێنەی تۆ پەری پەیکەر
لە کـۆدا یـا لە ئاکـۆدا لـە گـاگـەش یـا لە ناو مـامـەش
کچۆڵەی هیند و کشمیر و فرەنسا و میسر و ڕۆم و چین
خـەجاڵەت بار و حـەیرانن بەرابەر حوسنی تۆ هـەر شـەش
لە بەینی زولف و ڕوو چاوت کرا بەش بەش حەواسی من
وەکـو خـاکی گـەلی کـوردی کـە زاڵم کـردیـان بەش بەش
وەرە دەسـتم لە ئەسـتـۆ کـە بەکـوێری چاوی بەدخـواهان
نـەیاری بێ هونـەر بـا هـەر بگـرمـێنـێ وەکـو بـاڕەش
لە دەسـتـەی عـیـشـقـبـازانا نیـیـە بـاوەڕ کـە پەیدا بێ
دڵێکی وەک دڵی (فـانـی) بەیادی عـیـشـقـی تۆ بێ غـەش

لەم شـیـعـرەدا فـانی خـەریکی بەراوردە لە نێـوان ئەنـدامـە وردەکـانی دلبـەر و دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایـەتی و سروشتی بـەهار. لە لایێکی دیکەوە پەیکەری ئەو خۆشـەویستە بەراوورد دەکا لەگەڵ کچانی ناو عەشرەتە جیاوازەکانی کورد وەکو ئاکۆ و گاگەش و مـامـەش. ناوی «کۆ» دەبا، مـەبەسـی شـاری کۆییـە. تەنیا بەوە ناوەستێ بەڵکو لە ناو کچۆڵەکانی هیندسـتان و کشمیر و فرەنسا و میسر و ڕۆم و چینیش دەگەڕێ، لـە ناو ئەم هەموو جوانانە نیگارینێکی وەکو دلبەرە کوردەکەی خۆی نادۆزێتەوە.

٣

فانی دیالۆجێکی دڵداری بەشیعر هۆنیوەتەوە لە نێوان «مەم و زین»دا:

مـــەم: ئـەی زین ئەی خـۆشی و ئارامی گـیـانم
پڕشـنـگـی ڕووی تـۆ جـــــەرگـی ســـــووتـانم

زین: ئەی مـــەم ئەی هیـــوای ڕۆژانـی ژینم

پێـــــشکەش بە تـۆ بێ ڕووی نازەنینم

مــەم: ئەی زین پێم خـۆشــە گـەردن بەندت بم

مـــیـــوانی ســـینەی دڵ پەســـەندت بم

زین: ئەی مـەم پێم خـۆشـە فـیـشـەکـدانت بم

لە چیـــا بەرزەکـــان لەســـەر شـــانت بم

مەم: ئەی زین پێم خۆشە گوێ گوارەی گوێت بم

تا تێـــر لە مـــاچی گـــەردنی بەهێت بم

زین: ئەی مـەم پێم خـۆشـە کـۆتری مـاڵت بم

لـە یـار دەربـچـم بـە حــــــــــەڵاڵـت بم

لەسـەر شێوەی ئەدەبی میللی فانی دیالۆجێکی لە نێوان دڵدار و دلبەر، مەم و زین بەشیعر داناوە. ئەم بەرهەمە لە شیعری میللییەوە نزیکە، بەتایبەتی لە ڕووی ڕوخسارەوە بەڵام شاعیر دڵدارییەکەی لە گێتیی درامای ڕۆمانتیکی و سۆفیزم دەرهێناوە و خستوویەتییە قاڵبی دڵداریی زەمینییەوە. لە دوا دێڕی شیعرەکەدا زین ئاواتەخوازی ئەوەیە ئەنجامی ئەو دڵدارییە بگاتە ئەوەی ببێ بەخێزانی، مەم هان دەدا بچێ بۆ خـوازبێنی. ئەم تابلۆیەی فـانی وێنەیێکی گـەشـبـینیـیـە لە تراجیدیای مەمی ئالانی میللی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی دروستی کردووە.

٤

لە لیریکێکیدا فانی بەناوی «دەردی عیشق»ەوە دەڵێ:

شـەو خـەوم نایە لەبەر خـێـڵی خـەیاڵی خـاڵی تۆ

تا سەحەر مەستم بەیادی جووتە لیمۆی کاڵی تۆ

ئەی پەری ڕوخساری کەو ڕەفتاری جادووکاری من

ئاوی لێ دەتکێ دەمم بۆ مـــاچی لێـــوی ئاڵی تۆ

ئاسکی وەحشی بە لەنجە و گوڵ بە ڕەنگ و بۆنەوە

هیـــچـــیـــان بۆ دڵ فـــڕێنی نابنە هاواڵی تۆ

نەک ووجــوودی ناسکت برنێ حـــەریری ئەوروپا
لازمـە بکرێ لە پەلکی غـونچـە گـوڵ شــەرواڵی تۆ
کـێـیـە بـتـوانـێ لە ڕووتا ڕووبەڕوو بێکەس نیـیـە
وەک هـیــمـالا بەرزە پایەی جـوانی و ئیـقـبـالی تۆ
چـی بکـەم بێ تـۆ ژیانم ژانـە ئـارامم نـیـــــیـــــە
وای چ خـۆشـە ببـمـە کـۆتر بێـمـە تاقی مـاڵی تۆ
گەرچـی هـەر موویێکی زولفت سـەد دڵی بەستـۆتەوە
کـەس نییە وەک مـن لە ڕێزی عاشـقـان عـەوداڵی تۆ
شــەو نـیـیـە نەتکێ لە دیدەم تـا بەیانی خـوێنی دڵ
غـەرقـە سـەرتاپا لە خـوێنا عـاشـقـی بێ حـاڵی تۆ
موشـتـەریم بۆ گیانی شیرین گەر عەدوو ڕێگەم بدا
شــەو بـەتەنیـایی ســەعـات و نیـوێ بێـمـە پاڵی تۆ
(فـانی)ا تـەعریفی جـوانی و جـەوری دلبـەر ناکرێ
بەو دڵـەی پڕ دەردی دووری و بـەو زمــانـەی لاڵی تۆ

لەم شیعرە ڕەنگینەدا فانی لەگەڵ دلبەر گفتوگۆ دەکا. بۆ بەهێزکردنی لایەنی ڕەوانبێـژی شیـعـرەکە وشـەی «تۆ»ی کـردووە بەپاش قـافیـە. شیـعـرێکی دڵداری ئاساییە. لە ڕووی زمانەوە ئەگەر نوێگەری هەبێ لەوانەیە وشەی هیمالایا سەرنج ڕاکێش بێ وەک ڕەمزێکی بڵندی شاعیر بۆ بەرزی بالای دلبەر بەکاری هێناوە. ئاوڕدانەوەیێکی جـوانی دیکەی شـاعیـر لـەوەدایە کـە دەڵێ لەشی دلبـەر ئەوەندە ناسکە پێــویسـتــە دەرپێی لـە بەرگی گــوڵ بێ، ئـەگـەر لە قــومـاشی قــەنەوزی ئاوریشمینی ئەوروپاش بدوورێ هێشتا زبرە بۆ ئەو لەشە ناسکە.

٥

فانی لە وەسفی خەجیجەی دۆستیدا دەڵێ:

خـەجـیـجـەی خـۆشـەویستم هاتـە کانی
بـەســـــەر ئـاوا تکا تـک تـک جـــوانـی

له ناو یاقـــووتی لێـــوانی دەناڵم
هەمــوو ڕۆژ و هـەمــوو شــەو تا بەیانی
دەڵێن فـەرمـوویە پێـویسـتـە لـەسـەر ئەو
کــە ئاشکرا نـەکــا دەردی نیـــهـــانی
ئەرێ چۆن چۆن بەڕاشکاوی نـەناڵم
دڵێکم بوو بەدڵ ســـەخـــتی شکانی
نیـیـە سـەروێ لە ناو باغی جـیـهـانا
وەکــــو بـاڵای نـەمـــــامی بۆ ڕەوانی
شەمامەی تازە خڕ بووی باغی سینەی
ئەبەد ناداتە دەســـتی عـــاشــقـــانی
بەئەسـتـووری دوو سـمـتی بێ نـەزیرە
بەباریکی وەکـــو مـــوویە مـــیـــانی
برا وەی وەی لەگـەڵ عـاشق چ خـۆشـە
شـــەوی پاییــز بـەتەنیـا ڕاکـــشـــانی
لە ناو چاوانی مـەسـتی خـوێن دەڕێژێ
بە غـەمناکی دوو چاوەی چاوی (فـانی)

شـاعیر لە خـەجیجـە یا خـەجێی بووکی جـوانی ئەدەبی مـیللی دلبـەرێک دروست دەکا. پەریزادێکی زەمینییە، ئارامی گیان و دڵە، بەهەناسـەیێکی دڵداریی نێرینە و مێیینەی ناو نوێن وەسفی ئەندامی لەشی دەکا. مەمکی تازە خڕ بوو، ئەسـتووری دوو پۆپەی سمتی، ناوقەد باریکی وەک موو. فانی هیوای ئەوەیە لە شەوی پاییزدا لەگـەڵ خـەجـێدا ڕابکشێ و خـەریکی مـاچ و مـووچ بێ، چونکە شـەوی پاییـز درێژترین شەوانی ساڵە.

ئامۆژگاری بۆ لاوانی نیشتمان

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «پەندێک بۆ لاوان» لە ساڵی ١٩٥١ نووسیویەتییەوە دەڵێ:

لاوانی وەتەنپەروەری زانا لە خەوی خۆش
هەستن کە نەما هەزەلیات و قسەی بۆش
ئەم عەسرەیە عەسرێکە کە لافاوی سیاسەت
بۆ فەوتی نەزانان لە هەموو لاوە ئەدا جۆش
ڕێکیخە لە زانست و عەمەل کەشتیی و پاپۆڕ
خۆ دەربەرە لەم گێژە وەکو عالەمی تر تۆش
ڕێی شاری زەکا بگرە لە ڕێکی مەکە سستی
ئیقبال و زەفەر ئەو دەمەیە هاودەم و هاودۆش
لاوێکی شوان زادەیی هوشیار و بەغیرەت
قوربانی ئەکەم سەد بەگ و ئاغالەری بێهۆش
جاهیل بەقسەی دوژمنی خوێنخۆرە تەراشی
زەینی بەغەڵەت ڕۆیشتووە بەو شتە بڵێن تۆش
بۆ چاکە نییە چاکەیی بێگانە خەلاتی
دووپشکە لە ناو باغەڵ و حەزیایە لەسەر کۆش
بووکی ئەمەلی (فانی) لەبەر جەوری نەزانان
وەک باڵی قەل و تالیعی کوردانە سپاپۆش

لەم شیعرەدا فانی ڕوو دەکاتە لاوان و دەکەوێتە ئامۆژگارییان، داوایان لێ دەکا خەریکی سیاسەت بن لە پێناوی چاک کردنی باری ژیانی کۆمەڵ. بەلای ئەوەوە دواکەوتوویی لە سستی دایە، کۆمەڵ بەکۆشش و ڕەنج و تەقەلا پێش دەکەوێ، ئەو کۆششە ئەگەر لە کوڕە شوانێک ببینێ سەد کوڕە بەگ و ئاغای بەقوربان دەکا.

٢

لە لیریکێکیدا بەناوی «ڕۆڵەی نەبەز» لاوان هان دەدا ئاگاداری کردەوەی دوژمنان بن بەرامبەر بەنەتەوە:

ڕۆڵەی نەبەزی کورد و پڵنگی ڕەوەزی کورد
ڕۆژانی هەرا هەر وەکو پۆلایە جگەریان

ئەو ڕێوی ڕەوشـــتـــانـە کــەوا دوژمـنـی کــوردن
وا دەردەکـەوێ هـەر نـیـیـە لەو هۆزە خـەبەریان
ئـەو شـــێـــر و پڵـنگانە لە نـاو لانـە خـــزاون
بۆ کـەس نـیـیـە هـەرگـیـز نە زیان و نە زەرەریان
دوژمن لـە خـــەوی غــەفـڵــەتیــان ڕائەپەڕێنێ
هەڵدێ بەغــەزەب دیدەیی پڕ کـینـەیی شــەڕیان
دەڕژێـنـە ســـــــەر و پـۆپی نـەیـارانی دڕنـدە
خاکی هەموو عالەم دەکەن ئەو ساتە بەسەریان
ئەم خاکی گەلی کوردە کەوا بەش بەشە ئەمڕۆ
وەک دۆزەخی لێ دێت و دەگـۆڕێ بەســەقـەریان
هـەق دێتـەوە دەس خـاوەنی هـەق عـاقیبـەتی کـار
ئەڕوا بـەســەمــادا عـــەلـەمی فــەتح و زەفــەریان

لەم شیعرەدا فانی داوا لە لاوی کورد دەکا لە ناو سەنگەر دابنیشن و خۆیان لە مارغە بنێن بۆ ئەوەی چاویان لە هەموو خراپەیێکی دوژمن بێ تا لە کاتی خۆیدا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و پیلانی دوژمن لە دژیان پووچ بکەنەوە، چونکە ئەو دوژمنە بوو بەهۆی لەت کـردنی خـاک و ئەنجام لەباتی کـوردسـتـانێک بوو بەچەند کـوردسـتـان. لاوان هـان دەدا ئەو ولاتە بکەن بەدۆزەخ و دوژمنی لێ دوور بخەنەوە، لەو کاتەدا ڕۆژی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی کورد هەڵدێ.

دژی دواکەوتوویی و چەوسانەوە

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «دەرەبەگی و نەزانی» فانی دەڵێ:

هەتا چـەرخی مـشـەعبـەد بوو جـەفـا لانی نەزانی گـرت
غوباری وەحشـەت ئەنگێزی خەفەت ڕووی ئاسمانی گرت
بەڕۆژ جــەوری نەزان و شــەو جـەفــای دز هـەروەکـو ئـاگـر
بڵــێـســەی ناحـیــەی ژینی تەواوی کــوردەکــانی گــرت

نیـفـاق و دوودڵی و حـیـرسـی نەزان ئەمـڕۆ بەیەکـجـاری
ووڵاتـی کــردە کـــاولـگە و هـەمـــوو ڕێگەی ژیـانی گـــرت
تەمــاشــا جــاهیلـی بێ فــەڕ بەمــەحــزی قــەولـی بێگـانە
لە بـۆ کـێـشـــانی باری زل جـل و جـۆری کـەرانی گـرت
بڕۆ بخــوێنـە بێ خــوێندن دەبیـتـــە مــایەیی پەســتی
ئەگەر قـەومێکی بێ مـەعنا هـەمـوو قـوڕنەی جیـهـانی گرت
لە فـەیزی عـیلم و ڕێکی بوو کـە هێـزی سـووری ئەسـتـالین
وەکـو شـێـری ژیان هـەسـتـا هـەنـاسـەی ئـاڵـمـانی گـرت
خــەریکی گــرتنی قــوتبی شــیــمــالین ئەجنەبی ئـاغـا
ئەتـۆش لات شێرە ئەو خوبزەی بەزۆر گیسکی شوانی گرت
خـــودا (فـــانی) بژی تـاکـــو زەمـــانێ دێ بەئاشکرا
ئەڵێن کــوردیش بەزانـایی ڕەوشـــتی مــیللەتانی گـــرت

شاعیر لەو هۆیە سەرەکییانە دەدوێ کە کوردیان دواخستووە، لەوانە: نەزانین، دزی، دووڕوویی، پێـویسـتـە ئەم ڕەوشـتـانـە لە ناو ببـرێن، ئەمـە بەخـوێندن و خوێندەواری نەبێ چار ناکرێ، ئەمەی هەبێ دەتوانێ سەربکەوێ. بەڵگەی شاعیر ئەوەیە ئەگەر زانستی نەبوایە لە جەنگی دووەمی گێتیی سەدەی بیستەم ستالین نەیدەتوانـی ئەڵمان بڕووخـێنێ. بەڵگە و وێنەیێکی جـوانی دیکەی شـاعیـر ئەوەیە بێگانـە خـەریکە قـوتبی باکـوور دەدۆزێتـەوە، کـەچی خـوبزەی ئـاغـای کـورد ئەگەر گیسکی شوان بگرێ، واتە بۆی داگیر بکا، ئەو کابرایە کاری شێرانەی کردووە.

٢

لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی «داد و دەردی کۆمەڵ»ەوە فانی دەڵێ:

هـێــرشـی هێنا خــەفــەت بۆ ســەر دڵی دامـــاوی من
دێتـە دەر فـرمـێـسکی ناشـادی لە گـۆشـەی چاوی من
هـەروەکـــو ڕۆژووگـــرم کـــردوومـــە تەرکی نان و ئـاو
دەرد و غـوســـە و ڕەنجـی بێ پایـانە نان و ئـاوی من

نەقــدی خــۆش بەخــتی ژیانم کــەوتە ئاگــردانی غــەم
هەقیــەتی وەک نەی بســووتێ جــەرگی هــەڵقرچاوی من
داســـتـــانی مـــیـــحنەتم ببـــیـــەن ئەگـــەر لاوانی ژیر
یەک بەیەک ســەریان دەشــێوێ بۆ ســەری شــێواوی من
هــەروەکـــو ڕیشی درێژی جـــاهیلی تەقـــوا فـــرۆش
گـــرژ و ناشـــیـــرینە ئەمـــڕۆ بەخــــتی ئاڵۆزاوی من
هاشــە هاشی بای جــەفا ئەیخاتە ناو ئامێزی خاک
غــونچــەیی ڕەنگینی هیــوای گــوڵشـــەنی پاراوی من
زاڵمی بێگانە پەروەر بۆتە پیـــــشـــــە و عـــــادەتی
کــوشـــتنی لاوانی ژیر و قـــەومی لێ قـــەومـــاوی من
ڕەجـــعـــیـــا! پێت وا نەبێ ئەم ناڵە تەئسـیـــری نەبێ
ئەو زەمـــانـەش دێ وەکــو کــەو تۆش بکەویە داوی من
خۆشــەویستی نیشتمانە و بەس لە گێتی سووچی کورد
هــەر لەبــەر ئەم مـــووچە ئەچنە ژێر قـــەنارە لاوی من

شاعیر لە سەرەتای ئەم شیعرەدا باس لە ئاژاوەی ناو دەروونی خۆی دەکا، فرمێسک و غەم و پەژارە ناخی دڵیان تەنیوە، وێنەی شیعری جوان دادەهێنێ لەو کاتەی بەختی ئاڵۆزی بەڕیشی ئەو جاهیلە دەچوێنێ کە خۆی بەئیماندار و خاوەن بیروباوەڕ دەزانێ، ئەوجا باس لە دەستدرێژی دەسەلات و کاربەدەستان دەکا، لە دواییدا دەڵێ: ئەی ڕجعی پێت وا نەبێ ناڵەی من بێ سوودە، ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆ دەبەزی و من بەســەرتا زاڵ دەبم. وشــەی «ڕجــعی» لەو ســەردەمــەدا بەمــانای کۆنەپەرست و ئەو کەسانەی لایەنی دەسەلات بوون بەکار دەهێنرا.

٣

لە شیعرێکیدا بەناوی «داخی نەزانی و قەبیلایەتی» دەڵێ:

ڕێکیی و زانین و کـــار ئاســاری بەرزی کــۆمـــەڵە
ئەی خــودا لەم سێ شـتـانە ئێـمـە بۆ وا بێـبـەشین

موکریی و پیران و مامەش سوێسنی و ئاکۆ و ڕەمەک
تەن بەتەن کوردین لەگەڵ یەک دوژمنی دڵ پڕ غەشین
کـــەوتە ژێر هەوری نەزانی ڕۆژی زانین ئەی دریغ
بۆیە گەورە و گچکە سەرگەردانی ڕۆژانی ڕەشین
بۆ نەمانی یەکتری ئامادەین شەش سەد هەزار
بۆ شەڕی بێگانە چ بڵێم چەندە زۆرین هەر شەشین
ئەم قەبیلایەتیە تێکی دا بناغەی کوردییەت
یەک دەبێژێ سوێسنیم و یەک دەبێژێ مامەشین
لەم ڕەفیقانە ئەگەر یەکیان نەهێڵن دوژمنان
جەژنی شادیمانە یەک یەک وەک درەختی بێ گەشین
وا لە سایەی تەربییەت بێگانە چوون بۆ ئاسمان
ئێمە ئێستەش بێ خەبەر وەک کۆرپە ساوای باوەشین
وا لە بەینی عوعوتادا لەبەر زۆری نیفاق
ئێستە سەرگەردان و بێ دەرمان و دابەش دابەشین

لەم شیعرەدا فانی هەندێ لایەنی نەریتی عەشرەتگەری دەخاتە ڕوو. ئەم ڕەوشتە بەدرێژایی مێژوو هۆیێکی گرنگ بووە لە دواکەوتنی میللەتی کورد. بۆ بەڵگە شاعیر ناوی هەندێ عەشرەتی کورد دەبا وەکو موکری و پیران و مامەش و سوێسنی و ئاکۆ و ڕەمەک، ئەمانە هەریەکێ خۆی بەشت بزانێ و دان بەئەوی دیکە نەنێ، مانای ئەوەیە میللەتێک نییە ناوی کورد بێ. یا وەکو شاعیر دەڵێ ئەمە بناغەی کوردایەتی (ئەو بەکوردییەت ناوی دەبا) دەڕووخێنێ. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی سەرگەردان و بەشکراو بمێنێتەوە.

دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

«دەڵێم بیڵێم و ناوێرم» ناوی پۆیێمێک یا مەلحەمەیێکە کە زیاتر لە ١٦٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە، فانی لە ساڵی ١٩٣١ هۆنیویەتییەوە و لە سەردەمی خۆیدا دەنگی داوەتەوە. لەم ماوەیەدا گوڵبژێرێکی لێ بڵاو دەکرێتەوە:

قسـێکم دێتـە سـەرزاری
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم
لە باسی کـورد و کرداری
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم
دز و جـــەردە و ڕیاکـــارن
نەزان و گـێـژ و بێـعـارن
لەگەڵ یەکتـر ئەڵێی مـارن
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم

لەم دێڕانەدا شاعیر هەرچی ڕەوشتی دواکەوتوو و خراپ هەیە لە کۆمەڵدا کۆی دەکاتەوە، بەتایبەتی دووڕوویی، بۆ ئەوەی بڵێ:

مەلا کـەسـتـانە گەر ئێسـتـا
نـــەبـایـە بـێ پـلاو و چـای
هەموو خـەڵکی ئەچوو بۆ لای
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم
بەڵام ئێـســتـاکـە بێ چاوە
پـلاو و چاشـی فــــــەوتـاوە
کـــەسێ ناڵێ چ قـــەومـــاوە
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم
مـــەلاکـــەســـتـــانە نازانی
ئەحـیـببـا گـەر نەبێ گـیـانی
نەمـــانی چاکـــە نە مـــانی
دەڵێم بیـــڵـــێم و ناوێرم

مەلا کەستانە مەلایێک بووە لە مەرگە ناوی مەلا ئەحمەد بووە. لە سەرەتادا دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بووە. خەڵکی لە دەوریدا کۆبوونەتەوە. لە کاتێکدا لە دەوڵەمەندی کەوتووە کەس لە دەوری نەماوەتەوە. ئەمەیە دووڕوویی خەڵکی. ئینجا فانی دەست دەکا بەباسکردنی کەموکووڕی ناو کۆمەڵ:

گەلی كوردیش دەواب ئاسا
لە ژێر باری جەفا تاسا
سەری دانا ئەوەی ڕاسا
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
لەبەر جەهلی سەرۆک و گەل
كرا پێی ئەسپی هیوا شەل
نەما فەرقی گەل و مێگەل
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
ئەوانەی عەشرەتی جافن
ترێ خۆر و قەوی لافن
دەڵێی عفریتی پاش قافن
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

بەلای شاعیرەوە كورد سەری لێ شێواوە چونكە سەرۆكە نەخوێندەوار و بێهۆشەكانی هیچ جیاوازییێک لە نێوان خەڵكی ناو گەل و مێگەلی مەڕ ناكەن. ئینجا وەک بەڵگەیێک هێرش دەباتە سەر عەشرەتی جاف و مەبەسی هەموو عەشرەتەكانی دیكەیە نەوەكو تەنیا جاف.

ئینجا شاعیر دەكەوێتە ئامۆژگاری و ڕوو دەكاتە لاوی كورد:

بەسە ئەی لاوی كوردی بەس
مەكێشە باری هەر ناكەس
بەرە بۆ شیری زانین دەس
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
بەشیری عەزم و عیرفانت
كە چوویە ڕەزمی خەسمانت
هەموو ئەشكێن لە مەیدانت
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

دەرمانی دەردی کورد لای شاعیر و هەموو کەسێک زانیاری و زانستییە ڕێگەی پێشکەوتن ڕووناک دەکاتەوە، مێشک دەبووژێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیر لە چاکە بکاتەوە و واقیعییانە تەماشای ژیان بکا.

فانی بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

مەکەن چیدی ڕیاکاری
فڕێ دەن شێوەیی ماری
بکەن تەرکی بەدی و خواری
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
ئەتۆش (فانی) هەتا ماوی
خودا نوتقێکی پێ داوی
لە چاکەی گەل نەکەی خاوی
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

نویشکی بیروڕای شاعیر ئەوەیە پێویستە خەڵکی لە ڕیایی دوور بکەونەوە، ئەو کارە بکەن کە چاکەی زۆربەی خەڵکی تێدایە. دووبارەکردنەوەی نیوە دێڕی «دەڵێم بیڵێم و ناوێرم» ئاسۆییێکی ڕیتمی بۆ گوێی خوێنەر ساز کردووە مانا نزیک دەکاتەوە لە مێشک.

کۆمیتەی ساڵی ١٩٤١ لە مەرگە

لە سەردەمی جەنگی دووەمی گێتی لە ساڵی ١٩٤١ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بەسەرپەرشتی باپیر ئاغای نوورەدین بەناوی «قۆمیتە» (کۆمیتە) لە مەرگە دروست دەکرێ، بەمەبەسی ڕێکخستنی کاروباری ناوچەکە بەڕێکوپێکی و یەکسانی. فانی پشتگیری ڕێکخراوەکەی کرد و بوو بەئەندام تێیدا. کۆمیتە زۆر بڕی نەکرد لە دوای شەش مانگ هەندێ ئاغای نەخوێندەوار لە بەرژەوەندییان نەبوو کۆمیتە بمێنێ، ڕێکخراوەکەیان تێکدا.

فانی بەشیعر پێشوازی لە کۆمیتە کردووە:

ئەم دلێرانە وەفاپەروەر بەسەر پەنجەی شەرەف
سیلسیلەی سەد لای ناکۆکی و خەتا یەکلا دەکەن

یەعنی هەروەک میللەتان یەکجارە گیانی یەکێتی
مەرتەبەی ئەدنایی ئێستەی دەم بەدەم ئیعلا دەکەن
هەر بمێنن هەر بژین ئەم دەستە تا ڕۆژی جەزا
موسلیحن موستەقبەلی میللەت بەجارێ چا دەکەن
گیانی کۆمەڵ ڕێکییە و فەوتانی هەر ناکۆکییە
ئەم گەلە ڕێکی دەوێ ناکۆکی بێ جێگا دەکەن
غایەیی ئەم حیزبە فەوتی حیرس و بێ مەعناییە
تف لە چارەی پیسی تەمماعانی بێ مەعنا دەکەن

فانی ستایشی ئەو کەسانە دەکا کە کۆمیتەیان دامەزراند، بەوە شادە کورد گەیشتۆتە ئەو پلەیەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دامەزرێنێ. باوەڕی بەوە هەیە کاری چاک دەکەن، هەندێ کەموکوڕی ناو کۆمەڵ جێبەجێ دەکەن. ئینجا دەکەوێتە داشۆرین و هێرش بردن بۆ سەر ئەو کەسانەی هەوڵی ڕووخانیان دەدا:

ئەم نەزانانە کە سوودی شەخسییە ئامانجیان
زددی ئەم ئەحواڵەن و لەم ڕێکییە حاشا دەکەن
هیچیان پێ ناکرێ ئەمما لەبەر دەردی دەروون
هەڵدەتیزێنن وەکو گا بۆڕەیی بێ جا دەکەن
ئەو کەسانەی هەوڵیان هەر بۆ ڕەفاهی شەخسییە
ناپیاون ئەحمەقن گێژن هەرا بەرپا دەکەن

شاعیر ئەو کەسانەی دژی کۆمیتە بوون بە نەزان و یەک ئاخوڕە و خۆپەرستیان دادەنێ، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە خراپەیان پێ ناکرێ، ئیتر دەکەوێتە ناو جنێوی بازاڕی بەو کەسانە، بەگێژ و گێل و ناپیاو ناویان دەبا. لە دواییدا بەم دێڕانە کۆتایی بەلیریکەکەی دێنێ:

خۆشە ئەحواڵی ئەهالی با خەریکی کار بێ
تاقمی قۆمیتە ئازان و وەتەن ئاوا دەکەن
فرسەتە کوردینە هەستن با بچینە کوێستان
گەر وەکو من حەز لە سەیری لەشکری ئازا دەکەن

ڕۆژی عەزم و ڕەزم و خوێن ڕێژی و تەمکین و سەبات
هەر لە بەرقی ئاسمان و پایەیی پۆلا دەکەن
هەر وەکو نەوشیروان ئەمرۆ بەدەستی مەعدەلەت
یەک بەیەک شیرازەیی جەمعییەتی دڵ چا دەکەن
(فانی)ا ناحەز بەرامبەر شیعرەکانی ساغی تۆ
وەک شەیاتین کەوا نەفرەت لە بیسمیللا دەکەن

شاعیر بەختیارە بەکار و کردەوەکانی کۆمیتە، چونکە کەڵکیان بۆ کۆمەڵ هەبوو، لە دوارۆژدا ڕەنجیان پڕ سوود دەبوو بۆ میللەت. شاعیر بەوتەی جوان کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ و دەڵێ ناحەزانی شیعری وەک شەیتانن چۆن ئەمە نەفرەت لە «بیسمیللا» دەکا، ئەوانیش شیعرە ڕەنگینەکانی فانی ڕەت دەکەنەوە. ئەنجامی ئەو ڕێکخراوەی لێرە باسی لێوە کرا، لە لایەن هەندێ لە ئاغا و دەرەبەگە نەخوێندەوار و چاوچنۆکەکانی مەرگە بەربەرەکانی کرا و کۆتایی پێ هات.

بەسەرهاتی گوندی مەرگە

فانی قەسیدەیێکی درێژی هۆنیوەتەوە لە وەسفی ژیانی نالەباری گوندی مەرگە لە سالانی ١٩٥٢ – ١٩٥٤. سکالا و گفتوگۆیێکە لەگەڵ مەلا حەسەنی هاوڕێی، بەم جۆرە دەست بەشیعرەکە دەکا:

مەلا شەو مەرگە غەرقی ماجەرایە
هەموو شەخسێ دوچاری شەو بەلایە
لە ساعەت سێوە تا کاتی بەیانی
هەموو کۆلانە یەکسەر پڕ لە جانی

لە دوای ڕۆژ ئاوا مەرگە لە خەڵکی دەپچڕێ، هەر کەسێکی بێتە دەرەوە تووشی دەردی سەری دەبێ چونکە دز و جەردە و ڕێگر ئەوەی بیانەوێ بەئاواییەکە دەکەن. ئینجا دەڵێ:

فەللاحی قوڕبەسەر مانەندی بەرداش
ئەگرمێنێ و ئەکا دەردی دڵی قاش

دەڵێ ئەمــــشـــۆ نـەمـــاوە دەغڵ و دانم
مـــەحـــاڵی عـــەقـڵـــە بەم شـێــوە ژیانم

***

نەجاڕی قوڕبەسـەر مانەندی سـەگسـار
ئەناڵێت و ئـەکـــا بـەم جـــۆرە هـاوار
دەڵێ بردوویە دز تـەشــوێ و مــشـــارم
بە بێ کـــاری هەژار و خـــاکـــەســـارم

***

جـەنابی زاریعیشـمان کەوتە شـیوەن
دەڵێ جــەرگم بڕا ڕەحـــمێ بەمن کـەن
لـە ژوورمـــــدا هـەبوو تووتن بـەفــــەردە
ئەوا دز هـات و بردی مــیـسلی جـەردە

***

کـە ئاسنگەر لـە خـەو هەسـتـا ئـەزانێ
لە ژووریدا نـەمـــــاوە تـاقـــــە نـانێ
دەڵێ ئای قـــوڕبەســـەر خـــۆم و مناڵم
بـە بـــێ نـانـی شـکـاوە هـەردوو بـاڵم

بەشــەو دزی لە هـەمـوو لایێک دەکرێ، بۆ نموونە شـاعـیـر باس لە جـووتیـار و دارتاش و خـــاوەن زەوی و ئاسنگەر دەکـا وەک نمـوونەیێک. بەشــەو دز دوکـــان و جێگەی کاریان تالآن دەکەن. تەنیا ئەمـانە زیانیـان لێ ناکەوێ، ئاژاوەیێکە هەمـوو کەسێکی تووشی ماڵوێرانی کردووە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

ئەهـالی عــاجــز و حـــەیرانە یەکـســـەر
وەتەن پڕ خـــەوفـە وەک گـێـژی سکەندەر
قـــوڕاوی جـــەهل و بەدبەخـــتی بە بـاوە
ئەکـــا هـاژە و بـە ڕوومـــان هـەڵپـــژاوە
مـەلا و دەروێش و ئاغا و شـێخ و مسکێن
لە جـێگادا خــەریکی فـیکری بێ جـێن

خـەڵکی هەمـوویان بـێ ئومـێدن و لـە ترسـسـتـانی پڕ لـە ڕاچەنین و دڵەکـوتێـدا دەژین، هـەمـوو توێژەکـانی ناو کـۆمـەڵ لـە هێـمن و ئارامی بەدوورن. شـاعیـر بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

مەلا ئیسمت حەسەن خولقت حەسەن بێ
هەمـــوو هەوڵت لە بۆ چاکـەی وەتـەن بێ
لەســەر ئـاو و هەوای ئەم خـاکــە پاکـە
وەکـو پەروانـە گـیـانی خــۆت فـیـداکـە
بەقـەولی (فـانی)ی و فـەتوایی ئەحـرار
شــەرەف ئازادییـە و نـەفرەت لە ئەغـیـار

لەم دێڕانـەدا فـانی دەکـەوێتـە ئامـۆژگـاری کـردنـی مـەلا حـەسـەن، چونکە لە سـەرەتادا سکاڵای بۆ ئەو بووە. ئینجا تێی دەگەیەنی پێویستـە کاری چاک بکا، ئەو ئاژاوەیەی لە مەرگەدا لە ناوەوەیە بەکردەوەی چاک نەبێ لە ناو نابرێ.

شیعری بەهەوای دیالێکتی ناوچەیی پشدەر

فـانی قـەسیدەیێکی بەندی شـەشـینی هەیە لە زیاتر لە سی بەند پێکهاتووە. لەو شیعرەدا هەندێ تەعبیری دیالێکتی بچووکی ناوچەیی پشدەری بەکارهێناوە. ئەم دیاردەیە جۆرە هونەرێکی داوەتە شیعرەکە لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاوە. بۆ نموونە لە هەندێ لە شەشینەکانیدا دەڵێ:

هەر نـاحـەزێکی ناوتان لێـو بۆتە عـوزوی فـاسـیـد
بۆ جـەلبی سـوودی شـەخسی بۆ سـەندنی مـەقاسـید
گـوفـتـاری ئەو بەجـێـیـە بازاڕی ئێـوە کـاسـیـد
مـــەردانە تێــبکۆشـن بگرن زمـــانی حـــاســیــد
هـەسـتن ئەگـــەر هـەتانـە یەک زەڕڕە بەش لـە ژیری
دەســــتی برایـەتیــــتــــان وێکدەن بـەبێ زویری
گـەر من بکەم وەکـو هەن تەشریـحی عـەیب و عـاروو
نەفرەت ئەکا هەموو کـەس تـا سـەر لە ئیش و کـاروو

ئـەی هـێـنـەری هـەژاری کــــــــرداری نـالـەبـاروو
بۆ بـەرهـەڵسـتـی دوژمن کـوا ئـەسلەحـە و سـواروو
هـەسـتن ئەگـــەر هـەتـانـە یـەک زەڕڕە بـەش لـە ژیـری
دەســـــتـی بـرایـەتـیـــــــان وێکدەن بـەبـێ زویـری

لەم شیعرەدا فانی لە خاسیەتەکانی دیالێکتی ناوچەیی مەرگە هەندێ تەعبیری بەکارهێناوە وەکو: لێو (لێتان)، عاروو (عارتان)، کاروو (کارتان)، نالەباروو (نالەبارتان)، سواروو (سوارتان)، هێندەو (هێندەتان)، کردن (کردتان)، خۆو (خۆتان)، نەمانوو (نەمانتان). جگە لەمە دوو نیوە دێڕی دوایی هەموو شەشینەکان دووبارە و سێبارە دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە قەسیدە شەشینە بەندییەکە وەکو جۆرە تەرجیع بەندێک دەخاتە ڕوو.

پیر و کچ خواستن

لە کۆمەڵی ئێمەدا هەندێ جار ئاساییە کیژێکی چواردە پازدەساڵی بدرێ بەپیرێکی حەفتا هەشتا ساڵی. ئەم کردەوەیە زۆر جار کارەساتی لێ دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەسە فانی پۆیێمێکی نزیکەی سەد دێڕە شیعری هۆنیوەتەوە، وەک دیالۆجێک لە نێوان بووکێکی تەمەن چواردە پازدە ساڵی و زاوایێکی تەمەن حەفتا هەشتا ساڵی. لەم ماوەیەدا گوڵبژێرێکی ئەو قەسیدەیە دەخرێتە ڕوو.

لە سەرەتادا بەگشتی فانی ڕوو دەکاتە پیران و پێیان دەڵێ:

وەرە خاڵۆ بەپیری ژن مەهێنە
هەتا نەتکا بەکوندی ناو کولێنە
دەسا گوێ ڕاگرە لەم داستانە
لە ژن هێنانی مامەی پیر بزانە

لە دوای ئەمە دیالۆج لە نێوان کچ و پیرەمێردەوە دەست پێ دەکا:

پیرەمێرد: وەرە ئەی نادیرە کچ ڕووحی ڕەوان قوربانت
بۆم لادە سونبولی ئەگریجە لەسەر کوڵمانت
تا لە ئەو لێوە وەکو لەعلە بکەم من ماچێ

هێنده موشتاقە ڕەوان هەر ئەوەتا دەرناچێ
دەست لە مل کردنی تۆ غایە وو ئامالی منە
ماچی ئەو ڕوومەتە بەشەهدی دەمی تاڵی منە
کچ: پیرە جا تۆ بە چ ڕوو ماچی منت پێ خۆشە
مووت وەکو بەفری سپی وایە دڵت پێ جۆشە
وەکو قامیشی لە دەم جۆگە سەرت لەرزانە
پشتەکەت خیسە تەماشاکە ئەڵێی گۆچانە
من لەم ژوورە لەگەڵ تۆ ئەبەدا هەڵناکەم
تا زووە مەسڵەحەتم وایە لە دەستت ڕاکەم

پیرەمێرد لە کچ دەپاڕێتەوە، خۆی بەقوربانی دەکا، نیازی ئەوەیە ماچی بکا و دەست لە ملی بئاڵێنێ. کچ لە وەرامدا دەڵێ یەکێ مووی وەکو بەفر و لەشی وەکو قامیش بێ، چۆن ڕووی دێ داوای ماچ بکا!.

پیرەمێرد: شۆڕەژن ئاخر ئەمن بۆیە تۆم هێناوە
تا بەخۆشحاڵی بژین هەردوو بەسەر دنیاوە
تۆ حەلاڵی منی خۆشیم مەکە بەم باسە حەرام
هەوەسم لێتە چەتیو تۆ سەری بابت وەرە لام
با مەلا بێت و بکا نوشتە هەتاکو چابی
لەو تەلیسمانە کە تێی کەوتووی بەرهەڵدا بی
کچ: گەر مەلا بێت و بکا نوشتە منیش مەمنوونم
دیارە ئێستا لە تەلیسمام و بەگیان مەجنوونم
تۆ ئەگەر تالیبی لەم سیحرە بکەی ڕزگارم
نوشتە سێ بەردەیە و تۆش دێوەزمەی نەک یارم

پیرەمێرد بەکچە دەڵێ تۆ ژنی منی حەلاڵی منی، داوا لە مەلا دەکەم بەنوشتە ئەم تەلیسمە بکاتەوە. کچ دەڵێ ئەگەر مەلا نوشتە بکا بۆ من باشە، ئەگەر من لە تەلیسما بم دیارە شێتم، تۆ باشترە تەلاقم بدەی لەم جادووە ڕزگاریم دەبێ. ئیتر پیرەمێرد دەڵێ:

پیرەمـێرد: کچـە ئەم فیکرە مـەکە دەسـتی مـن و دامـانت
بەس موعەززەب کە بەئەم باسە من و ویژدانت
خـۆشــە ئەو ڕۆژە کــە تۆ بێی و بـەدڵ یارم بی
مـوئنیسی گیـانـی حـەزین و دڵی غـەمبـارم بی
کچ: پیـرە! لا لا مــەچەنە تەرکی زمـــان داری کــە
بەس دڵم تووشی غـەم و مـەینەت و بێزاری کە
ژینـی من تـاڵە وەکـــو ژالـە لەگـــەڵ تـۆ پیـــریێ
مـەمکی قنجم بەدەسـتی لەرزۆکی تۆ ناگـیرێ
غـونچــەیێکی وەکـو من تازە هـەزارێکی ئەوێ
کـونەیێکی وەکـو تۆ کـۆنە عــەمـارێکی ئەوێ

پیرەمێرد دەپاڕێتەوە و دەڵێ باسی تەلاق مەکە، ئازارم مەدە، تۆ پێویستە یاری من بی. کچ دەڵێ پیرە بەس زمـان لووسی بکە، ژینی من لەگـەڵ تۆ نابێ، مـەمکی قنجی من بەدەســتی لـەرزۆکی تۆ نـاگـیـرێ، من غـونچـەم بلبل هەزارێکی تازەم گەرەکە، فلقە کۆنەیێک شایانی پیری وەکو تۆیە.

پیـرەمـێرد: کـچـە لەم حـاڵە ئەبێ بـاوکە سـەگت ئاگـاکـەم
بێ حـەیا من بەتـەنێ چارەیی تـۆ قـەت ناکـەم
یا ئەبێ ئێستـە ببی مل کـەچی تەسلیم و ڕەزا
یا ئەبێ لێت بدرێ خـەنجـەری دڵ دۆزی قـەزا
کچ: پیـــرە! باوکم نیــەتی ڕێگە ئەمن ڕازی کـــا
گەر دەخالەت بەهەموو شێخ و مەلا و قازی کا
وەکـو تۆ ئەحـمــەق و بێکارەیە ویژدانی نیـیـە
خۆی بژی باکی غەمی گیانی ئەسیرانی نییە

پیــرەمـێـرد تووڕە دەبێ و دەڵێ شکات لای باوکت دەکـەم، ئەگـەر خـۆت نەدەی بەدەستمەوە بەخـەنجەر لەت و پەتت دەکەم. کچ دەڵێ باوکم ناتوانێ من ڕازی بکا، ئەگەر ئەویش وەکو تۆ بیر بکاتەوە دیارە گێل و بێکارەیە.

مەسەلە دەچێتە لای خەزووری پیرەمێرد. ئەمە بە باوکی کچە دەڵێ:

پیــرەمــێــرد: ئــەی خــەزووری بەوەفــا خــۆ کــچــەکــەت بێــعــارە
ڕووی وەکــو ســـرکـــەیە لاســـارە لـە من بێـــزارە
نـایەڵـی دەس کەمە ئەستۆیی و دەڵێ مـووت سپییە
هـەر دەگـــریا وو دەڵێ مــــردنە ئەم زیندە نـیــیـــە
وەرە ڕازی کـــە هـەتـا چیــدی نەدا دەردی ســـەرم
لە غـەم و غـوســـە ڕزیـوە دڵ و گـیــان و جگەرم

ئینجا خەزوور ڕوو دەکاتە کچی و دەڵێ:

ڕۆڵە ئەم شـەخسە کە شـووت کردووە پێی زۆر چاکە
وەکـــــو ئـاوێنـە دڵـی بێ کـــــەدەر و ڕووناکـــــە
خـــاوەنـی تەجـــرەبەیە عـــەقڵ و کـــەمـــالی زۆرە
ســـەرەڕای عـــەقڵ و زەکـــا ســـەروەت و مـــاڵی زۆرە

ئەوجا کچەکە وەرامی باوکی دەداتەوە:

باوکــە مــوفــتی دڵەکــەم دوورە لە ئەم فـــەتوایە
بـەم ژیانەی منـی بێـــچــــارە دەڵێ بێ جـــایە
هـانشـینم لەگـەڵ ئەو کـۆنەیە سـەخت و سـەقـەتە
سـوحـبـەتی بلبل و قـەل پێکەوە عـەینی غـەڵەتە
باوکـــە ڕەحـــمـێ کـــە لە ئەم داوە بکە ڕزگـــارم
بەسـیـەتی بەسـیـەتی چیدی کـە مـەدەن ئازارم

بەم قسانە پیرەمێرد هەندێ ڕاستی دەدۆزێتەوە و دەڵێ:

تـف لە پیـــری لە هـەمـــوو لاوە ســـەری لێ داوم
هێـــزی گـــەنجی و ئـەمـــەلی ژینی لـە دەس باداوم
دەردی پیـــری چ بەڵاییکە دەوای نـایە بەکــــەس
ئاخ و سەد ئاخ کە ئەم دەردە دەوای مەرگە و بەس

له دواییـدا فـانی بەناوی «سـەرمـەشـقی پیـرە ژیرەکـان» کـۆتایی بـەقـەسـیـدە جوانەکەی دێنێ:

چاکــە پیــرانی وەتەن لە قـســە عـیــبـرەت بگرن
پەردەی حـــورمـــەتـی خـــۆیان بـەلەقـــەی کچ نەدڕن
گەنجی گەنجـیت کە نەما لادە لە گەنجـینەیی گەنج
گەنجی لیرەت لە کن ئەو گەنجـەیە گەنجێکە لە ڕەنج
کچ لـەگـەڵ پیـر کـەچە گـەر هەمـوو دنیـاشی هـەیە
دێتـــە ژێر باری کـــوڕی لاتـەوە گـــەر کـــاشی هـەیە
بەسـیـەتی (فـانی) ئـیـتـر عـەیبـە قـسـەت کـۆتاکـە
خـۆت کە پیـر بووی لە کچ و سـوحبـەتی کچ حـاشاکـە

ئەم دێڕانە ئامۆژگارییە لە شـاعیرانەوە بۆ پیـران، پێوەندییـان بەدڵداری زەمینی و چوونە ناو یەکی کوڕ و کچ و پیاو و ژنەوە هەیە. هەرچی دڵدارییە گیـانییەکەی دیکەشە، ئەمەیان لە گۆڕییـە و نەمر و هـەمیشـەییە، نووسـەر و شـاعیر و هونەروەر و خاوەن هەست هەتا لێواری گۆڕ مـافی ئەوەیان هەیە کچە چواردە ساڵییـەکەیان خۆش بوێ، چونکە وێنەی جوانییە، جوانیش ڕەنگدانەوەی کردگارە.

سیاسەت و دانایی

فـانی کۆمـەڵێک چوارینی هەیە ناوەڕۆکیـان لە بابەت سیاسـەت و کۆمـەڵایەتی و هەندێ بیـری وردی داناییـیـە. ئەم بۆچوونانـەی تەعـریف نین، بەڵکو بیـروڕایێکە شاعیر لە قالبێکی جوانکاریدا دایڕشتووە.

لە داناییدا فانی بەم جۆرە وەسفی کەسی بێبار و هەلپەرست دەکا:

چ فـیـرعــەونە و چ هامــان و چ قــاروون
لەگـەڵ گـورگی زەمـانە مـوتتـەفـیق بوون
لەسـەر ئەو تەرکی دنیـایان کـرد و ئاخـیـر
کـە برسی بوو وەکـو پاروو هەمـوو چوون

فانی پەندێکی پێشینانیش لە قالبی چوارینێکی دیکەدا دادەڕێژێتەوە:

بەسـەد تەوقێ تەڵا و کورتانی ئەتڵەس
کەری بێچارە چی بکا هەر کەرە و بەس
کـوڕی سـوڵتـانە یا ڕۆڵەی شـوانە
بەگـێلی ناکـەسـە ژێری هەبێ کـەس

هەندێ لە چوارینەکانی هەڵوێستی فانی دەخەنە ڕوو لە بابەت سیاسەتەوە، لە چوارینێکیدا دەڵێ:

بەقـەولی زومـرەیی ئەربابی حـیکمـەت
سیـاسـەت حامـییـە بۆ مولک و میللەت
لە ناو کوردیش برا دەستی برای خۆی
ئەگـەر ببـڕێ دەڵێ کـردم سـیـاسـەت

لە یەکێکی دیکەدا دەڵێ:

سیاسەت نوور دەبەخشێ وەک ئەلەتریک
ئەوەی بیـبێ دەبینێ دوور و نێـزیک
ئەگـەر کـوردیش سـیـاسی بایە بۆچی
وەها لێی وون دەبوو ڕێی پان و باریک

لە چوارینێکی دیکەدا دەڵێ:

سـیـاسـەت ئاشـە لاکین عـەقـڵـە ئاوی
دەهاڕێ تۆوی کـینە و جـەهل و خـاوی
ئەگـەر بیـبـایە کـورد ئاشـێکی ئاوا
لـە بـۆ دەرژا لـەبـەر دوژمـن زراوی

لەم بۆچوونانەی فانی ئەوە دەردەکەوێ سیاسەت زانستییە، ژیرییە لە پیلان دانان بۆ سەرگرتن و سەرکەوتنی هەموو کێشە و مەسەلەیێک. لەوەدا باش بۆی چووە کورد سیاسەتی هەبوایە تا ئێستا لە هەڵسوکەوتی وەک ئێستای نەدەمایەوە.

***

مامەند کوڕی ڕەسووڵ ئاغای میراودەلی مەرگەیی پشدەری ناسراو بەفانی یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی سەرنج ڕادەکێشێ لە ڕووی ناوەڕۆکی شیعرییەوە. بەرهەڵستی کردەوەی دەرەبەگی کردووە بەهەر ناوێکەوە بووبێ، ئاغا و بەگ و پاشا. تا کۆتایی ژیانی سوور بووە لەسەر ئەمە و ئیدیۆلۆجییەتی خۆی نەگۆڕیوە. شاعیر هەیە لە چینەکانی سەرەوە بوون، بەدڵسۆزییەوە کوردایەتییان کردووە، دژی دەسەڵاتی میری و ئەمپریالیست بوون بەتایبەتی ئینگلیز، بەڵام ئەو جۆرە شاعیرە لای ئێمە بەدەگمەن دەست دەکەوێ خۆی لە چینی دەرەبەگ ژماردبێ و لەقەبی ئاغای هەڵگرتبێ و بەڕاستی بەردەوام تا کۆچی دوایی لە دژی کردەوەی ئەو چینە بووبێ.

فانی زۆری نەخوێندووە، لە سەرەتادا هەر ئەوەندە کۆششی کردووە بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین بێ، لە پاشانا خۆی بووە بەمامۆستای خۆی و سەلیقەی بەهێزی خەیاڵی شیعری توانیویەتی قسەیێک بێنێتە بەرهەم بەشیعری بەرز بکەوێتە بەرچاو. فانی لە زۆربەی بابەتەکانی شیعری وتووە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە. شیعری دڵداری بەقەوارە لای شاعیر زۆر نییە، ئەوەی هەیە بەڵگەیێکە فانی دەکاتە هونەرمەندێکی دیار لە ناو کۆمەڵدا.

شاعیر شارەزایی بووە لەو وردە مەرجانەی کۆمەڵی کوردیان دروست کردووە و بووە بەنەتەوە. هەروەها ئاگاداری ڕەوشت و نەریتی بنەماڵەیی و خزمایەتی و عەشرەتی لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵدا بووە. باوەڕی بەهەرەوەزی بووە لە نێوان خەڵکیدا بۆ ئاسانکردنی باری ژیانی چینەکانی خوارەوە لە ڕەنجبەر و پاڵە و هەژار. لە ئەوپەڕی کێشەی ناگزووری کۆمەڵایەتی و پێوەندی سۆسیۆپۆلیتیکی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەوە بازی داوەتە دڵداری و ماچ و مووچ، هەندێ جار شیعری کراوە (ئیرۆتیکی) کە وێنەی پێوەندی سێکسی ژن و پیاو دەگرێ. لە جاری دیکەدا ئەم وێنانە لە قاڵبی دراما دەردەبڕێ، بەم پێیە دیمەنی تراجیدی و کۆمیدی دەکەونە ناو بەرهەمی شیعرییەوە.

فانی شاعیرێکە کەسێتییێکی دیارکراوی هەیە لە شیعری کوردیدا لە سەدەی بیستەم و بەڕاستی نوێنەری هیوا و ئامانجی میللەت و بەرهەمی شیعری ڕەسەن بووە.



موخلیس

بەشی سێزدەم

موخلیس

١٩١٠ – ١٩٨٥

موخلیس ئەگەر چی پیرە قامەتی وا چەماوە
ئەممان لە دڵ جەوان و لاوچاک و تازە لاوە
بۆ گرتنی غەزالان کەیفی لە سەیر و ڕاوە
بە تیری کچە کوردێک جەرگ و دڵی پساوە

ژیانی

خەلیل کوڕی ڕەسووڵ کوڕی مستەفا لە عەشرەتی سنجاوییە، لە بابەت خۆیەوە دەڵێ:

کوردم و سنجاوی تیرەم هەم لە سەنعەتدا مەلام
نیشتمانمانە عیراق و شاری هەولێرە لیوام

خەلیل لە ساڵی ١٩١٠ لە هەواری گوندی شۆڕەزەرتکەی ناوچەی دەشتی کەندیناوەی هەولێر لە دایک بووە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا باوکی مردووە. دایکی پەروەردەی کردووە. سەرەتای خوێندنی لای مامی بووە لە گوندی دووسەرە، لە پاشانا قۆناغی فەقێیەتی لە زۆر جێگە بردۆتە سەر. لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٤٣ لە گوندی کەنداڵ نزیک مەخموور و گوندی سوورێژەی سەر بەقوشتەپە و گوندی پیرداود خوێندوویەتی. لە دواییدا لە قۆناغی موستەعیدیدا لای مەلا شێخ جەلالی بەرزنجی کانی کوردەیی لە گوندی تریەسپیان خوێندنی بردۆتە سەر، ماوەیێکیش لە گوندی چەغەمیرەی ناوچەی کەندیناوە بووە، ئەوجا خۆی گەیاندۆتە لای مەلا ساڵحی کۆزەپانکە لە هەولێر و لە ساڵانی ١٩٤٣ – ١٩٤٤ لای ئەو خوێندوویەتی و

ئیجازەی مەلایەتی لێ وەرگرتووە.

لە سەرەتای شیعر نووسینیدا نازناوی شیعری «وافی» بووە، لە هەندێ بەرهەمیدا بەکاری هێناوە تا ساڵی ١٩٤٣. لە ساڵی ١٩٤٤ نازناوی «موخلیس»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و بووە بەسۆفیی نەقشبەندی و تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ مستەفای هەرشەمی نەقشبەندی وەرگرتووە، تا مردنی دڵسۆزی ئەو تەریقەتە بووە. لە دوای ئیجازە وەرگرتنی مەلایەتی لە هەولێر گەڕاوەتەوە گوندی دووسەرە و لە جێی مامی بووە بەمەلای گوند، فەتاح ئاغای دزەیی چاودێری باشی موخلیس و حوجرە و قوتابیانی مەدرەسەی کردووە. شاعیر لە هەستی دەروونی ناوەوەی ناسک بووە، پێوەندی لەگەڵ ماڵ و منداڵی ڕێک نەبووە، لەبەرئەوە هەندێ کردەوەی نائاسایی لێی ڕووی داوە. لە ساڵی ١٩٥٢ لە ماڵ زویر دەبێ، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لە گوند دەچێتە دەرەوە و چەند مانگێک لە قزرابات و کفری دەمێنێتەوە لە دواییدا دەگەڕێتەوە زێدی خۆی.

لەسەر ڕەوشتە تایبەتییەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٦٤ گوندی دووسەرە بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە هەولێر، ماوەیێک مەلایەتی دەکا، زۆری پێ ناچێ بار دەکاتە فەلووجە و دەبێتە مەلا لە مزگەوتی گەورەی شار و زانستی مەنتیق (لۆجیک) دەڵێتەوە. لەو ماوەیەدا هەوەسی گەشتی سووریا و حیجاز دەکەوێتە سەری، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە. ئیتر ناچار دەبێ ڕوو دەکاتە هەولێر و لەوێوە دەگەڕێتەوە دووسەرە و خەریکی مەلایەتی دەبێ تا ساڵی ١٩٧٥. لەو ساڵەدا بەیەکجاری ئەو ئاواییە بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە شەقڵاوە و لە خانەقای شێخ مستەفای هەرشەمی نەقشبەندیدا ژیانی داهاتووی دەباتە سەر. بەشێکی زۆری ژیانی شەقڵاوەی بەنەخۆشی دەگەیەنێتە ئەنجام، کە نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و دەیگوێزنەوە نەخۆشخانەی هەولێر. مەرگ بەهێزتر دەبێ و لە ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٨٥ کۆچی دوایی دەکا، تەرمەکەی دەبەنە گوندی پیرداود و لە گۆڕستانی ئەوێ بەخاکی دەسپێرن.

شیعری

ئیلهامی شیعری و هەوەسی نووسین لەم مەیدانەدا لە ساڵی ١٩٣٠ لای موخلیس دروست بووە، دیوانی شاعیرانی کلاسیکی خوێندۆتەوە، چێژی لە بەرهەمی گەورە

شاعیرانی کۆن و نوێ وەرگرتووە. کاری هەندێکیان بەسەر شیعرییەوە دیارە، هی دیکەیان خۆی سەر بەو شێوازەیە کە ئەوان لە شیعر داناندا لەسەر ڕۆیشتوون. تارمایی نالی و حاجی و حەمدی و سافی و بێخود لە شیعریدا دەکەوێتە بەرچاو. لە نێوەندی ئەدەبی سەردەمی خۆی نزیک بووە. خزمایەتی لەگەڵ شاعیری هەولێری «دەشتی»دا بووە.

دیوانی شیعری موخلیس تا ئێستا چاپ نەکراوە. دەسنووسی دیوانەکە لای کەسوکاری و ئیبراهیم ئەحمەد شوانی پارێزراوە، هەروەها نامەی ماجستێری ئەو لە بابەت ژیان و شیعری ئەو شاعیرە بوو (١٩٨٩)، ئەمەش تا ئێستا چاپ نەکراوە. جگە لە شیعری لیریکی، موخلیس نامەی شیعری هەیە وەکو «مەولوودنامەی کوردی» لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەولێر چاپ کراوە. نامەیێکی شیعری دیکەی هەیە بەناوی «هیجرەتنامەی کوردی» ئەمەیان هێشتا هەر دەسنووسە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

هەندێ لایەنی شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە بەپێی زانیاریی ئەم خاڵانە ڕوون دەبێتەوە:

١- بەگشتی بابەتی شیعری غەزەل (لیریک) و قەسیدەیە، لە ڕووی کورتی و درێژی شیعرەوە.

٢- بایەخی بەپێنجین داوە، هەروەها قەسیدەی چوارینیش لە دیوانیدا بەرچاو دەکەوێ.

٣- کۆمەڵێک چوارین و تاکی داناوە. هەندێ بیری دانایی و کۆمەڵایەتی و دڵداری و ئایینی تیایاندا کۆکردۆتەوە.

٤- بەهۆی ئاگاداری شاعیر لە زمانی هاوسێیانی کورد لە هەندێ شیعریدا ئەو زمانانەی لەگەڵ کوردی بەکارهێناوە، ئیتر بابەتی مولەممەع دروست بووە.

٥- هەموو شیعری موخلیس لە ڕووی کێشەوە دەچنەوە سەر بەحری عەرووز. زۆربەی شیعری لەسەر بەحری ڕەمەلن، لەو کەمتر لەسەر بەحری هەزەج دایناون. لەسەر بەحری موزاریعیشی هەیە، لەو کەمتر ڕەجەزی بەکارهێناوە. لە قافیە لە سیستێمی یەکێتیی قافیە لای نەداوە، چونکە سروشتی کێشە عەرووزییەکانی ئەو جۆرە قافیەیە دەخوازن.

٦- بەشێکی زۆری دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی لە قافیەی شیعریدا بەکارهێناوە، ئەم دەنگانە دەکەونە بەرچاو: ا ب ت ج خ د ر س ف ل م ن (ە - ـە) و وو ی ێ.

٧- لە پاش قافیە دەوڵەمەندە، ئەم وشە و ڕستانەی بەکارهێناوە: تووە (تۆیە)، تەیە (تۆیە - کرمانجیی باکوور)، نایێ، دەکەی، دەکەم، دەکرد، ناکەوێ، مەکە، دەکا، خودا، هەبێ، دزەیی، ئەو شەو، بکەم، ئەوە، دۆست، منە، بۆچییە، نییە، ڕۆیی، دەبیتن، چوو، تێ بگا، ئەوڕۆکە، دەگەڕا، هێشتا، چەند، لەمێژە، هەموو، نەدا، مەبە، نەبا (نەبوایە)، دەوێ، بی، چبکەم، دەکەم، نەماوە، ما (ئێمە)، بووە، مەکە، بەقسە، دەڕوا، بێتن (ببیتن)، دەکا، منە، ئەمن، بابێ، دڵم، ڕۆخ، لێم، نادا، ببیێ (ببیستە).

٨- زمانی شیعری ئاسان و ڕەوانە. بەزەقی شەقڵی دیالێکتی ناوچەیی هەولێر (سۆرانی) بەشیعرییەوە دیارە. لەو کاتەی شاعیر سوورە لەسەر بەجێهێنانی هەموو مەرجەکانی شیعری کلاسیکی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ناوی بۆ شیعرەکان داناوە، بەپێچەوانەی شاعیرە کۆنە کلاسیکییەکان.

٩- بایەخی بەرەوانبێژی کلاسیکی داوە بەهەموو بابەتەکانیەوە، نەک تەنیا بەرستەی کورتی وێنەی شیعری بەڵکو شیعری بەتایبەتی داناوە بۆ گەمەکردنی هونەری لە ڕیتم و مۆسیقاوە، هەروەها کەرت کردنی تەفعیلە عەرووزییەکان بۆ ئەوەی لە کێشە سیلابییە خۆماڵییەکان نزیک ببنەوە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

موخلیس هەوەسی لەگەڵ «شیعری نوێ»دا نەبووە، پێی خۆش نەبووە و چێژی لێ وەرنەگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی شارەزایی لە نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی فۆلکلۆری و ئەتنۆگرافی ئەوەی پێوەندی بەژیانی دەشتی هەولێرەوە هەیە، سەرانسەری شیعری ئەدگاری وێنەی ژیانی کوردەواری پێوەیە. بەلای ئەوەوە هەموو گیان لەبەر و بێ گیانی ئەو دەشتە لە ناو بۆدقەی کوردەواری تواوەتەوە و لە کورد زیاتر هیچی دیکە نییە. ڕاستییەکەش هەر ئەمەیە.

له شـیـعـری مـوخلیس له ڕووی ناوەڕۆکـەوە ئەم هونەر و بـابەتانە دەکـەوێتـە بەرچاو:

١- شـیـعـری ئایینی: شـیـعـری ئایینـی لای شـاعـیـر تێکەڵاوە، بـەگشـتـی هـەمـوو ڕەمزەکانی ئایینی ئیسلام لە خودا و پێغەمبەر و ئەولیا و شێخانی تەریقەتی سۆفیزم دەگرێتەوە. هەندێ جار مەبەسی کۆمەڵایەتیش دەئاخنێتە ناو ئەم جۆرە شیعرانەیەوە.

٢- شـیـعـری دڵداری: لە دڵداریدا شـاعـیـر دلـبەری تایبـەتی نییـە، ئەو جـوانەی وا دەزانی خــۆشـی دەوێ لە نـاو جــوانانـی شــیــعــری نـەتەوەکــانـی ڕۆژهـەڵات تواوەتەوە.

٣- شیـعری وەسف: شاعیر لە وەسفیدا سەرکەوتووە، شیـعری لەم بابەتەی زۆرە، بەهەردوو بەشیەوە، وەسفی کچی جوانی دەشتی هەولێر و وەسفی سروشتی ڕەنگینی ئەو دەشتە، بەتایبەتی کەژی بەهار.

٤- شیـعری نیشتـمـانی و کۆمـەڵایەتی: شـاعیر بیری لە ژیـانی ئازادی کـورد و گـوزەرانی کـورد کـردۆتەوە. ئازادی و سـەربـەسـتی بۆ خـواسـتـووە و داوای لەناوبردنی هەژاری و زوڵم و زۆری کـردووە. هەندێ جـار ئەم دوو مـەبەسـەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لە جاری دیکەدا بەتەنیا باسی لێیانەوە کردووە.

٥- شیـعری لاواندنەوە: شاعیر بایەخی بەشیوەن و ماتەمنامە داوە، لە شێوازی کلاسیکی ئەم جۆرە شیعرە نەچۆتە دەرەوە. لەم بابەتە شیعرەدا ستایش و پێداهەڵدان دەوری گرنگی دەبێ، چونکە شیعر کە بۆ مردوو دەوترێ شاعیر تەنیا لایەنی چاکەی دەگرێ و سیفەتە باشەکانی ئادەمزادی بۆ بەکار دەهێنێ.

٦- شیـعری پێداهەڵدان و داشـۆرین: شیعری پێداهەڵدان لە بەرهەمی شاعیردا دەبینرێ، وەکو مـەرجێک هەندێ جـار لەگـەڵ وەسف تێکەڵ دەبێ. هـەرچی شـیـعـری داشـۆرینیـشـە، ئەو سـەرچاوانەی لە بەردەست دان ئەوە دەگـەیەنن مـوخلیس لەم جـۆرە شـیـعـرەی هـۆنیوەتەوە، لەبەر هەر هۆیێک بێ لە دواییدا لەناوی بردوون.

مـوخلیس یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ناوەڕاست و نیوەی دووەمی سـەدەی بیستەم لە ناوچەی سۆرانی کوردستانی باشوور.

نموونەی شیعری

دڵداری

١

لە لیریکێکیدا بەناوی «سێو و خۆخ» موخلیس دەڵێ:

گــــەر گــــوڵی من بولبـــولم وەر ئاتەشی پەروانەمــــە
خــــۆ ئەگـــەر لەیلای منیش مـــەجنوونی ئەو چاوانەمـــە
لێم گـەڕێ با بێم تەمـاشـای باغـەکـەت کـەم پڕ بەچاو
چەند دەمـێکە ئارەزووی ئەو سـێـو وو ئەو خـۆخـانەمـە
ڕۆژی ئیـحـسـان و خـەڵات بەخـشـینە ئەورۆ جـەژنـەیە
وەک هەتیــو هاتوومـــە دەرگـــا چاوەڕێی جـــەژنانەمـــە
شـار بەشـار و دێ بەدێ و کـووچە بەکـووچە دەربەدەر
ڕۆژ و شــــەو دێم و دەچم وەک تەیری بێ هێـــلانەمــــە
(موخلیس)ی بێکەس شـەهیدی عیشقـە دەستی لێ مەدەن
خـوونی گـەش بۆ ڕۆژی دەعـوا شـاهێـد و نیـشـانەمـە

لەم وەسفە دڵدارییەدا موخلیس چەند وێنەیێکی ئامادەکراوی شیعری کلاسیکی کـۆ دەکـاتەوە، وەکـو گـوڵ و بلبل، ئاگـر و پەپوولە، لەیلا و مـەجنوون، خـۆی و دلبەرەکەی لەگەڵ ئەواندا بەراوورد دەکا. مەمکەکانی خۆشەویست بەسێو و خۆخ دەچوێنێ، تکا دەکا ڕێگەی بدرێ تەماشایان بکا. لێی دەپاڕێتەوە وەک هەتیوێکی بێ باوکی دەرۆزەکەر مامەڵەی لەگەڵدا بکا و جەژنانەی بداتێ، دیارە جەژنانەکەش پووڵ و پارە نییە و ماچی دەمیەتی.

٢

لە لیریکێکی دیکەیدا بە«کۆخە کۆخ»ەوە موخلیس دەڵێ:

کەی دەگا دەسـتم بەباڵای بەرزی یاری شـەنگ و شـۆخ
دەفـعـەیێ لەو باغـە نەمـدیوە هـەنار و سـێـو و خـۆخ

هەر کــەســێکی بوو بەعــاشق یاری دڵ نەرمی نەبی
عومری گەنجی و عومری پیری هەر دەبێتە ئاخ و ئۆخ
دەستی خۆم دانا لەسەر رووم لێوی خۆم جوولاندەوە
زاڵمــــەی ســـۆر هەڵگەڕا ئەبرۆی بزاوتن یانی یۆخ
بەزمـــە ئەوشـــۆ وا مـــەکــە زایەع ببـــیتن هاتنم
رووحەکەم بۆ تۆ بێ بەس مەنعم مەکە بتێیمە رۆخ
(مـــوخلیس)ا دانیـــشـــە تازە تۆ دزیت پێ ناکـــرێ
باغەوان دائیم بەهۆش و تۆش پیر و ساحیب کۆخە کۆخ

وێنەیێکی ئاساییە لە وەسفی لاساییکردنەوەی شیعری کلاسیکی. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ شاعیر سێو و خۆخ بۆ مەمکی دلبەر بەکار دێنێ، ئەگەر تا پلەیێک سێو بیسترا بێ بۆ ئەم مەبەســە خۆخ بەکار نەهاتووە، دەکرێ بەداهێنان بۆ شاعیر حسێب بکرێ، بەتایبەتی سووره لەسەر ئەم کارەی و لە لیریکەکەی پێشووشدا خۆخی لەگەڵ مەمکی دلبەر بەراوورد کردووە. ئەمە و ئاوڕدانەوەیێکی دیکە لەم شیعرەدا هەیە، لەو کاتەی شاعیر دەیەوێ دەمی بۆ ببا و ماچی بکا پێی دەڵێ «یۆخ»، ئەم وشەیە تورکییە بەمانای (نا) هاتووە! ئیتر نازانرێ مەبەسی شاعیر لەمەدا چییە! دەیەوێ وا لە خەڵکی بگەیەنی خۆی زمانی تورکی دەزانێ، یا شانازی بەوەوە دەکا دلبەری کچە تورکێکی جوانە!؟ دیارە وشەی «تورک» جگە لە مانای فەرهەنگی خۆی بەمانای کچی جوانیش هاتووە.

٣

لە لیریکی «شازادەی جافان»دا موخلیس دەڵێ:

بەمـــەیخـــانە گـــوزەر ناکـــەم لە حـەســـرەت بادەیی چاوی
سەفا و سەیری چەمەن ناکەم لە داخی باغی خۆشناوی
لە شـــەنگ و شـــۆخـــیـــیا ئەلحـەق لە شـــازادانی جـــافـــانی
لە جەور و نامـوسـوڵمـانیت ڕەئیسی عێلی سنجاوی
لە دەور و ســـیلسـیلەی زولفی ســەرم شـێواوە دەرناچێ
دڵ و دینم بەتالان چوو بەتاتای پەرچەمی خــــــاوی

برینم کـــۆن و پڕ ئێـشــە مــەفــەرمـــوو تـازە بیـــمــاری

ئەمن کـــوژراوی ئـەو ڕۆژەم ســـــەبا زولفـــەینی لاداوی

کە (موخلیس) هاتە جەژنانەت لە عادەت مەچووە دەر ئەمڕۆ

گـوتی هـەی هـەی تو هـەر مـاوی لە بۆ خـۆت چەندە پاراوی

لەم لیـریکەدا شـاعیـر بۆ وەسـفی جوانی هـەندێ لە ئەندامـانی لەشی دلبـەر و شـــۆخ و شـــەنگی و دەربڕینی خـــوو و ڕەوشـت و ئەخـــلاق و بیـــروباوەڕی چەند دیاردەیێکی پێوەندی بەسروشتەوە هەیە بەکار دێنێ. وەکو ئەوەی سنگ و مەمکی بەڕەز و باغەکانی خۆشناوەتی دەچوێنێ. شـۆخ و شەنگی و جوانی لە کەنیشکانی جافدا دەبینێ. کە مەسەلەی ئەو دلبەرە دێتە سەر ئەوەی بێ ئایینە و ناموسوڵمانە و بەزەیی بەشـاعیـر نایێـتـەوە و مـاچێکی ناداتێ دەیکا بەسـەرۆکی عـەشـرەتی سنجـاوی، واتە عێلی شـاعیر خۆی. دەبێ ئەو سیفـەتە خراپەی شـاعیر داویەتییە پاڵ عەشرەتەکەی خۆی لەبەرئەوە نەبێ عـەشرەتی خۆیەتی و کەس گلەیی لێ ناکا؟ یا بـەڕاســتی سنجــاوییــەکـان گــوێ بـەئایین نـادەن!؟ ئەوەش هـەیە لـە دەوروبەری کرماشان بەسنجاویان دەڵێن «بەرازخۆر».

خدری زیندە

بەم ناوەوە موخلیس لە لیریکێکیدا دەڵێ:

مـەی ئـەگـەر ئاوی حـەیات و سـاقی خـدری زیندە بی

چۆن ئەقڵ بڕوا دەکـــا دڵ ئارەزووی تـەوبـەی هـەبی

بەر لـە خـەڵوەت زاهیـدا ســەیرێکی مـەیخـانە بکە

گـوڵ لە بـاغـا نـاڕوێ تا خـاکـەکـەی تێـر ئاو نـەبی

بۆ خـــەریک نابی بەڕاو ئەی تازە لاوی کـەچ کـولاه

تۆ کـە بازێکی وەها سـووک و لە ڕاو خـۆشـت هەبی

گـــوڵ چنین لەو بـاغـە لام وایە بەتوو قـــەت ناکــرێ

هەرچی گوڵ چین بێ دەبێ ترسی لە خار و مار نەبی

لەو شـــوێنەی کـە گـەدا جــاه و جـەلال وەردەگـرن

گــــەر دڵا تۆ لـە گـــــەدایی یەکــــەمین بی چ دەبی

گــەر ئەتوو تـالیــبی یاری لە ســـەرومــاڵ وەرە دەر
یار ئەگـەر بوو بـەسـە یـار، یار کـە نەبوو با چ نـەبی
(مـوخلیس)ا تـۆ لە ویسـاڵ و لە فـیـراق وەک دەدوێی
هـەر بە ئـاداب بـدوێ ســـوودی نیـــیـــە بـێ ئەدەبی

ئەم شیعرە بەڕووکەش لە غەزەلێکی دڵداری دەکا، شاعیر هەوڵی داوە بە وتەی دانایی و تیۆریی لۆجیکی قانگی بدا. شیعرەکە بەم لێکدانەوەیە جوانی دەگەیەنێ، بەڵام جوانییەکەی زیاتر دەبێ ئەگەر بەلێکدانەوەیێکی سیمبۆلییانە تەماشا بکرێ، ئەوەی ڕاستی بێ شاعیریش مەبەسی ئەم لایەنەی شیعرەکەیە، لەبەرئەوە بەکۆمەڵێک زاراوەی سۆفیزم ڕازاندوویەتییەوە، ئەو زاراوانە پێویستە لە فەرهەنگی سۆفیزم دەربهێنرێن نەک لە فەرهەنگی گشتیی هەر زمانێک. هەندێ لەم زاراوانە لەم شیعرەدا بەم مانایانە هاتوون: خەڵوەت، گۆشەگیری؛ مەیخانە، پەرستگا، باز، شێخ و پیری تەریقەت؛ جەلال، سیفەتی خودایە؛ یار، خودایە؛ ئەم لیریکە بەگشتی لەو شیعرانەیە وەسفی دڵداری دەنوێنێ بەهەردوو مانایەوە حەقیقی و مەجازی، بەوێنەی هونەری وا ڕازاوەتەوە لە دانایی و لۆجیک وەرگیراوە.

گەمەی ڕەوانبێژی

لە شیعرێکیدا موخلیس دەڵێ:

قـوربـان لە غـەمـا فـەوتـام لە غـەمـا قـوربان
زینـدان بـووەتـە قـــەســـرم قـــەســـرم بـووەتـە زیـنـدان
تـاکـــەی وەکـــو نـەی ناڵـین نـاڵین وەکـــو نـەی تـاکـــەی
هـیـجـران بەخـودا بەسـیـە بـەسـیـە بەخـودا هـیـجـران
بـێ دەر لە دەرت کـــەوتـووم کـــەوتـووم لە دەرت بـێ دەر
ئیـحـسـان چییـە سـا بیکە بیکە سـا چییـە ئیـحـسـان
چارم کـــە بکا وەســـڵـــە وەســـڵـــە کـــە بکا چارم
دەرمـــــــان بـەچ کل نـابـێ نـابـێ بـەچ کـل دەرمـــــــان
گەورەی کە بڵێی هەرچەند هـەرچەند کە بڵێی گەورەی
ســـوڵتـــان لە دەرت بـەندە بـەندە لە دەرت ســـوڵتـــان

مـوخلیس غـەرەزی وەسـڵـە وەسـڵـە غـەرەزی مـوخلیس
نیشان بدە پێی ڕووی خۆت ڕووی خۆت بدە پێی نیشان

بەڕوخسـار ئـەم شـیـعرە گـەمـەیێکی ڕەوانبـێژییـە، مـوخلیس هـەمـوو نیـوە دێڕە شیعرەکانی کـەرت کردووە بەپێی سیستێمێک، وشـەی دوایی کەرتی یەکەم، دەبێتە وشـەی یەکـەمی کـەرتی دووەم، وشـەی دوایی ئـەم کـەرتـەش لەگـەڵ وشـەی کـەرتی یەکەم یەک وشـەیە. شیعرەکـەش وەک دیارە لەسـەر بەحری هـەزەج ڕێک خـراوە، کە نیـوە دێڕەکانی کـەرت کردووە، هـەر کـەرتێک لەم تازانە بەکێشی سیـلابی خۆمـاڵی حـەوت بڕگـەییش دەکێشـرێ. قـافیـەی شـیـعرەکـەش بـەگشـتی یەکێتیی قـافیـەی ئاسـاییـیـە لەسـەر دەنگی «ان» دامـەزراوە. لێـرەدا پێـویسـتـە بۆ بـەڵگە دوو دێڕی یەکـەمی شـیـعـرەکـە بەو ئـەندازیارییـە بیناسـازییـە بنووسـرێتـەوە کـە شـاعـیـر مەبەسیەتی:

قـوربـان لە غـەمـا فـەوتام
فـەوتـام لە غـەمـا قـوربان
زینـدان بـووەتە قــەسـرم
قــەسـرم بـووەتە زینـدان
تاکـەی وەکـو نـەی نـاڵین
ناڵین وەکـو نـەی تاکـەی
هـیـجران بەخـودا بـەسیـە
بەسیە بەخـودا هـیـجران...

ئەم شـیـعرە بەڕیتم و مـۆسیـقـا قسـە لەگـەڵ گـوێدا دەکـا، هـەرچی ناوەڕۆکـیشـە ئاییـنی و خـواپـەرسـتـیـیـە شـاعـیـر لە چوارچێـوەی ئاسـۆی تەریقـەتی سـۆفـیـزم دەیسووڕێنێتەوە.

کوردایەتی

لە شیعرێکیدا بەناوی «کورد» موخلیس دەڵێ:

قـەومی کـورد بۆچ ئێـوە قـەت نابـنە برا
بەسـیـەتی پشـتـتـان لە دونیـادا برا

کوردی ئێران و عیراق و تورک و شام
بۆ له وەختی خۆی وەها جێ جێ کرا
بۆچی یەک ناگرنەوە یەک پارچە بن
چەنگەباز بن بۆ هەموو لا ئاشکرا
بێ سیاسەت کەس نییە هەر ئێوەنە
وا لە تاریکی دەسووڕێن بێ چرا
چاوەڕێم ئالایی کوردان هەڵکرێ
هەرچی هات پێشکەوت و ئالای هەڵکرا
ناتەبایی پشتی کوردانی شکاند
بۆ سەرۆکی کەس بەکەس نایێتە ڕا
هەر دەیانوێ باری خەڵکی هەڵگرن
تا وەها بن نابنە خاوەن سەرا
قەت مەڵێ بێ دینە کوردی وا نەزان
کورد لە بێ دینیشەوە هەر پاش خرا
چۆن سەرۆکی کورد دەبێ بێگانە بێ
بۆ پشیلە قەت بەزی پێ نەسپێرا
با سەرۆک کورد بێت خوێنت هەڵمژی
نەک بەبێگانە بڵێن کورد لێی درا
(موخلیس)ا نێزیک بووە گوێت لێ ببێ
سەربەخۆیی وا بەکوردستان درا

لەم شیعرە ئاسان و ساکار و پڕ لە سۆزەدا شاعیر ئامۆژگاری کورد دەکا، قسە و گازاندەی ڕۆژانەیە، ئەگەر مانای ڕستەکانی نەخرابانایە ناو چوارچێوەی شیعرەوە قسەیێکی ڕووتیان لێ دەردەچوو، بەڵام هەمووی لە سۆزەوە هەڵقوڵاوە چونکە شاعیر ئەو هۆیانە بەرەو ڕووی کورد دەکاتەوە کە بوون بەهۆی بەلەت و پەتکردنی خاک، ئەمەش دیارە لە ئەنجامی کردەوەی کاربەدەستانە، ئەوانەی لە بەرژەوەندی خۆیان بەولاوە هیچی دیکە لە گۆڕێ نەبووە. شاعیر ئەوەندە دڵسۆزە بەخەونیش بێ و هەڵسوکەوت هەرچۆنێک بووبێ کوردستانە و سەربەخۆ بووە.

لەم شیعرەدا بۆچوونێک سەرنج ڕادەکێشێ، شاعیر دەڵێ سەرۆکی کورد نابێ بێگانە بێ، ئەگەر خوێنیشت هەڵمژی کورد بێ باشترە. هەرچەندە بۆ کەس نییە تێبینی لەسەر کاری هونەری داهێنراو هەبێ لە جوانکاری بەولاوە، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوە لە ڕێ ڕاستی و لۆجیکەوە سەرۆکی کورد نابێ خوێنمژ بێ، شاعیر ڕاستە کە دەڵێ سەرۆک نابێ بێگانە بێ، بەڵام ڕاست نییە کە دەڵێ خوێنمژیش بێ لە بێگانە باشترە، بەپێچەوانەوە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە ئەگەر دوژمن خراپەت لەگەڵدا بکا ئێشی دەروونی کەمترە لەوەی هاوخوێنت دوژمنایەتیت لەگەڵدا بکا.

شەنگەبێری

پێنجینە جوانەکەی وەفایی«شیرین تەشی دەڕێسێ»ئیلهامی داوەتە هەندێ لە شاعیرانی کورد، یەکێک لەوان موخلیسە، لەسەر کێش و قافیەی شیعرەکەی وەفایی نۆ بەند پێنجینی هۆنیوەتەوە لە مەبەسی وەسف و دڵداری. بەم جۆرە دەست بەشیعرەکەی دەکا:

کە قارە قاڕی مەڕ هات وەکو هەوری بەهاری
هێنایە خوار لەسەر سەر ئەو شۆخە کۆفی لاری
بەهەوری سۆری پۆشی زولف و کەزی ڕەشماری
پشت بەستی بەستە پشتی لە ژێر مەمکی هەناری
ناوی خوای خستە زاری دەچتە بێر شەنگەبێری

لەسەر قۆڵی کە لابرد کلەنگوچکی کەتانی
پارچە زیوێ وەدەرکەوت لە ژێر بەفری بەیانی
لە دونیادا حەرامە لە پاش ئەو نەوجەوانی
خودا حیفزی بکاتن لە چاوی دوژمنانی
دەڕوا بەخان و مانی دەچتە بێر شەنگەبێری

بەینی خەزێم و گوارە نە زێڕ نە کارەبایە
لە شەرمەزاری هەردوو ڕوویان زەرد هەڵگەڕایە
قەلبی لە قەلبە هەرکەس بڵێ ڕۆژ یا چرایە
هەرکەس کە دیتبێتی هۆشی لەسەر نەمایە
بۆ دینی هەر بەلایە دەچتە بێر شەنگەبێری

وەفایی شیرینی هەڵبژاردووە بۆ وەسفی لەنجەولاری لە کاتی تەشی ڕستندا، وەسفی بزووتنەوەی ئەندامە جوانەکانی لە دەست و پەنجە و مەمک و زگ و ناو ڕانی دەکا. بەڵام موخلیس کچێکی شۆخ و شەنگی دەشتی هەولێری هەڵبژاردووە لە بەهار و سەرەتای هاویندا خۆی ئامادە دەکا بۆ مەڕ دۆشین. ڕستەی «دەچتە بێر شەنگەبێری» لە دوایی نیوە دێڕی پێنجەمی هەموو بەندێک دووبارەی دەکاتەوە.

لەو دێڕانەدا شاعیر وەسفی بەهار و هەندێ لە ئەندامە جوانەکانی ئەو کچە مەڕدۆشە دەکا لەو کاتەی بەرەو جێگەی مەڕدۆشین دەچێ، واتە بێرێ. باس لە شەدە و پشتێندی جوان و فەقێیانەی کەتان و خەزیمە و گوارەی زێڕین دەکا کە کوڵمی سووری لە نێوانیاندا دەدرەوشێتەوە.

شاعیر لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

بەقەددی شەنگ و شۆخی سوڵتانی نەونەمامان
وا کەوتە ڕێ بەلەنجە وەک کەبکی پڕ خەرامان
لەتافەتی لێ دەچکا لەسەر هەتاکو دامان
کەس نەبوو کاس نەبێتن لەبەر بۆنی شەمامان
کەی خوایە دێتە لامان دەچتە بێر شەنگەبێری

نەسرین و سەرو و لالە گیابەند و خاو و بەیبوون
شمشاد و عەرعەر و گوڵ چناری دەستی مەجنوون
چاوشۆڕی ئەم نیگارەن هەموو وا بووینە مەفتوون
یەک یەک وەکو غولامان بۆ پایە بۆسی هاتوون
لە پێشی خاک و پا بوون دەچتە بیر شەنگەبێری

کە هاتە دەر لە ڕەشماڵ ڕۆژ بوو لە هەوری دەرهات
بەحوسنی خۆی دەنازی سەرخۆشە و بێ موبالات
غەوغا دەکەوتە عەردی کەوتە سەما سەماوات
عالەمی کوشت بەجارێ دوو چاوی پڕ ئیشارات
ئەم فیتنەیە لە کێ هات دەچتە بێر شەنگەبێری

لەگەڵ وەسفی بزووتنەوە و لەنجەولاری کچە جوانی مەڕدۆش شاعیر خەریکی سروشتی بەهاری دەشتی هەولێرە، ناوی ئەو گوڵ و گوڵاڵانە دەبا کە لەو دەشتەدا شین دەبن، هەموویان سەر دادەنوێنن لە ژێر پێی ئەو جوانەی دەچێتە بێرێ. شاعیر ئاماژەی بۆ ئەو دەوەنە باڵا بەرزانە هەیە و لەگەڵ باڵای لەیلای مەجنوون بەراووردیان دەکا. ئەو کچە جوانەی دەچێتە بێرێ دیارە لەو بەهارەدا لە هەواری ڕەشماڵان لەگەڵ کەسوکاری دەژی. شاعیر کە دەڵێ ئەو کاتەی لە ڕەشماڵ هاتە دەرێ بەرەو بێر بچێ وەکو ڕۆژ وا بوو لە هەور بێتە دەرێ، ئەم وێنە هونەرییەی لە ئەدەبی میللی نەتەوە کۆچەرەکان وەرگرتووە.

موخلیس قەسیدە پێنجینەکەی بەم بەندانە کۆتایی پێ دێنێ:

بۆ پاسەوانی باغی زابیتی چاوی مەستی
تیروکەوانی هێنا ئازانە گرتیە دەستی
لەم باغە نەک دزێ بێ باقە گوڵەک ببەستی
ئەمری دەکردە عەسکەر هەرکەس لە جێی هەڵستی
بۆ سەلاملغ ڕاوەستی دەچتە بێر شەنگەبێری

دەشتی قەراج بەهەشتە ئەو حۆرییە بەتەنیا
بۆ دڵ گوشادی جار جار مەیلی دەکاتە هەر لا
قاز و قولێنگ و سینە هاتوونە بۆ تەمەننا
بنواڕنە کار غەزلان چۆن بووینە شێت و شەیدا
کەوتوونە چۆڵ و سەحرا دەچتە بێر شەنگەبێری

(موخلیس) ئەگەرچی پیرە قامەتی وا چەماوە
ئەممان لە دڵ جەوان و لاوچاک و تازە لاوە
بۆ گرتنی غەزالان کەیفی لە سەیر و ڕاوە
بەتیری کچە کوردێک جەرگ و دڵی پساوە
یەقین کاری کراوە دەچتە بێر شەنگەبێری

لەم دێڕانەدا موخلیس وێنەی جوانی ڕۆمانتیکییانە دروست دەکا بۆ ڕێزگرتن لەو کچە جوانە مەڕدۆشە. دەیکا بەحۆری، کە ئەو حۆری بێ دەشتی قەراج لە

خوارووی ڕۆژئاوای هەولێر دەبێتە بەهەشت. لە چاو و برۆ و برژانگی کچە جوانی شەنگەبێری لەشکرێک دروست دەکا بۆ پاراستنی جوانی ئەو بەهەشتە. باڵندە و فڕندە و قاز و قوڵینگ و مامزە چاو ڕەشەکانی دەشتی قەراج هەموویان لە خزمەت شەنگەبێری حۆرین. دیارە شاعیریش هەرچەندە پیر بێ، هەر دڵدارە و لە دڵداری ناکەوێ، دلبەری یا شەنگەبێرییە، یا هەر کچێکی دیکەی کورد، چونکە لە ناو کورداندا کچی جوان زۆرە.

***

مەلا خەلیلی موخلیس یەکێکە لە شاعیرە ڕەندەکانی ناوچەی سۆران. بێ گومان مەڵبەندی ژیانی لە دەشتی هەولێر هۆیێکی گرنگ بووە خەیاڵی شیعری بتەقێنێتەوە. پێوەندی کۆمەلایەتی یارمەتیی ئەوەی داوە لەگەڵ شارەزایی لە زانستییەکانی ئایینی ئیسلامی و ئاشنایی لە زانستییەکانی تازە بابەتدا هەبێ. لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی قوتابخانەی نالی گوێی مۆسیقی بەهێز بووە. لە زمانی شیعریدا لاسایی کەسی نەکردۆتەوە. دیالێکتی ناوچەیی سۆران (هەولێر) بەسەر شیعرییەوە دیارە. شیعری لەسەر کێشی عەرووزی وتووە، بەلام ناوەرۆکی ناوچەییە. لە هەموو بابەتەکانی شیعری کلاسیکی وتووە، لە وەسفی سروشت و بەکارهێنانی زاراوەی سۆفیزم و گێڕانەوەی مێژووی سۆفیزم زانیاری هەیە، ئەمە لە بەرهەمیدا ڕەنگی داوەتەوە.

وەزیری نادری

بەشی چواردەم

وەزیری نادری

١٩١١ – ١٩٤٦

ژیانی

وەزیر کوڕی جەبار کوڕی نادر لە ١٠ی مایسی ١٩١١ لە گوندی بۆرالان لە ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە دایک بووە. بەپێی دەستووری کوردەواری بە وەزیری نادری لە ناو خەڵکیدا ناسراوە. باوک و دایکی لە خێزانێکی کوردی کۆچەر بوون. تەمەنی سێ ساڵی بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. بەمە گوزەرانی دارایی ماڵیان تێک دەچێ. نوورای دایکی ژنێکی بەکار بووە لە ماڵە دەوڵەمەندان کاری کردووە بۆ ئەوەی منداڵی پێ بگەیەنێ. ساڵح و یووسفی برای شوانکارە بوون، بەڵام شەرۆ بچووک بوو. دایکی وەزیر لە حوجرەی مزگەوت لەبەر خوێندنی دادەنێ، ماوەیێک دەخوێنێ فێری تورکی و فارسی دەبێ. لە خوێندندا زیرەک بووە، لە فێرکردن یارمەتی هاوڕێکانی داوە لە شاگردانی حوجرە. وەزیر لە لای مامۆستا خۆشەویست بووە، لێیەوە نزیک بووە. کتێبی ئەدەبی و دیوانی شیعری خستۆتە بەردەستی. لە سەردەمی قوتابیەتییەوە هەوەسی خوێندنەوەی شیعر و لە دواییدا مەشقی نووسینی بووە.

لە ساڵی ١٩٢٥ لە دوای کارەساتەکەی لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی قەلاچۆکردنی کورد لە لایەن کەمالییەکانەوە بەردەوام بوو. لەو ڕۆژگارە شوومەدا لە ساڵی ١٩٢٦ هەزار و حەوسەد ماڵی عەشرەتەکانی برووکی و شاولیک و بەشک و بانۆکی کورد و هی دیکە لە دەست دڕندەیی تورکە کەمالییەکان ئاوارە بوون و خاکیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە قەفقاسی ڕووسیا و پەنایان بردە بەر دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان. ماڵی وەزیر یەکێک بوو لەو ئاوارانە.

له ساڵی ١٩٢٨ وەزیر بووە بەقوتابیی قۆناغی ناوەندی لە گوندی سێردەرەک لە ناوچەی نەخچەوان. ئەم ناوچەیە کۆماری ئەفتۆنۆمی بوو سەر بەئازربێجان و دانیشتوانی بەزۆری ئازەری و ئەرمەن و کەمێکیش کورد بوون. ساڵێک لەو قوتابخانەیەی خوێندووە و ئەوجا بووە بەمامۆستای قوتابخانەی گوندی شاوڵیک لەو ناوچەیەدا، لە پاشانا لە ساڵی ١٩٣٣ کارگێری ئەو قوتابخانەیەی پێ سپێرراوە. لەم کارەیدا زۆر نەماوەتەوە لە پاییزی ئەو ساڵەدا ماڵی گواستۆتەوە یەریڤان و بووە بەمامۆستای تێکنیکۆم و وانەی زمانی کوردی وتۆتەوە. هەر لەو کاتەشدا بۆتەوە بەقوتابی. لە ساڵی ١٩٣٥دا لە ئامۆژگای پەروەردەی ئەرمەنی و ئامۆژگای پەروەردەی ڕووسی بۆتەوە بەقوتابی و لە ساڵی ١٩٣٩دا هەردووکیانی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٤٠ لە زانستگای یەریڤان وتنەوەی زمانی فارسی پێ سپێررا. لەو کاتەی مامۆستا بوو لە زانستگا لە بەشی خوێندنی باڵا خۆی ناونووس کرد و بوو بەقوتابی دوکتۆرا.

نامەی خوێندنی باڵای ئامادە کرد، لەسەر بەرگری کردن بوو لە نامەکەی بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ بەدەستی نەیارانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی و دوژمنانی کوردەوە کوژرا و کورد فرزەندێکی دیکەی گۆڕەپانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەست چوو.

وەزیری مامۆستا و ڕۆشنبیر

وەزیر جگە لە زمانی دایکی زمانانی تورکی (ئازەری) و فارسی و ڕووسی و ئەرمەنی و گورجی زانیوە. بەشی زۆری ژیانی بەمامۆستای خوێندنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەنجی و ئامادەیی و زانستگا بردۆتە سەر. لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری چالاک بووە. لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک وتار و نووسینی هەمەڕەنگی لە ڕۆژنامەی «ریاتازە»ی کوردی لە یەریڤان بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە. وەزیر دەوری گرنگی بووە لە ناساندنی کورد لە هەموو ڕوویێکەوە بەخوێنەری ئازربێجانی و ئەرمەن بۆ ئەم مەبەسە گەلێ وتاری بەزمانی ئەرمەنی لە ڕۆژنامەی «ئەرمەنستانی سۆڤیەت» و بەزمانی ئازربێجانی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئازربێجان بڵاوکردۆتەوە.

گرنگترین کتێبێکی پەروەردەیی ئەوەیە کە وەزیر بۆ قوتابیانی داناوە و لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی ئەرمەنستانەوە بڕیاری لەسەر دراوە وەک کتێبێکی سەرچاوە بۆ قوتابخانە کوردییەکان. ئەم کتێبە بەم ناوەوە بڵاوکراوەتەوە «زمانێ کورمانجی – زماننامە، ڕاستنڤیسار، ئاخافتنا خەبەردانێ. ژ ئالییێ مینیستیریا ڕۆنایێ ئەرمەنستانێ هاتیە قەبوول کرنێ» لە یەریڤان لە ساڵی ١٩٤٧ لە چاپ دراوە.

وەزیر یادی پیرۆز و پڕ لە سۆزی لە ناو دڵ و دەروونی نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی قەفقاسی ڕووسیا لە شاعیر و نووسەر و خوێندەواران بەجێ هێشتووە، بەداخەوە بیری دەکەنەوە و نەفرەت لەو پیاوکوژانە دەکەن کە بوونە نەمانی فرزەندێک کورد هێشتا پێویستی پێی هەبوو.

وەزیری نووسەر و شاعیر

وەزیر ئەگەر خوێندەوار نەبوایە دیسانەوە دەبوو بەشاعیرێکی میللی نەخوێندەوار، بەڵام کە بوو بەخوێندەوار شیعری میللیی سەرزاری وەرگێڕایە سەر ئەو جۆرە شیعرەی لە دواییدا شیعری کلاسیکی پێ دەڵێن.

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم وەزیر دوو بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوی گرنگی بڵاو کردەوە:

١– کۆمەڵە شیعرێک بەناوی «نووبار»ەوە، ئەم بەرهەمە تاقیکردنەوەیێکی بەکەڵک بوو بۆ دروستبوونی ئەدەبێکی نووسراوی بەرز لە ناو کوردی ئەو وڵاتە کە لەمەوپێش ئەدەبی نووسراویان نەبوو، بەڵکو خاوەن ئەدەبێکی میللیی سەرزاری جوان بوون.

٢– بەرهەمێکی دیکەی گرنگی وەزیر لە ساڵی ١٩٣٥ بەم ناوونیشانە بڵاوکراوەتەوە «ڕەڤا ژنێ، پیەسە بۆنا تاترۆنێ کورمانجا ژ چار پەردە». ئەم بەرهەمە درامایێکی شانۆگەرییە بەناوی ڕەدووکەوتن یا بەدووکەوتنی ژن لە چوار پەردە پێکهاتووە. شاعیر هەوڵ دەدا ناشیرینی و ناهەمواری ئەم ڕەوشتە خێڵەکی و دواکەوتووە لە بەرچاوی خەڵکی کورد ڕەش بکا. ئەوی ڕاستی بێ کوردی ئەو وڵاتە لەو ڕۆژگارەی ژیانی تازەیان دەست پێ کردبوو گەورەترین ناگزوورییان نەخوێندەواری و بەدووکەوتنی ژن بوو، ئیتر نەک تەنیا وەزیر بەڵکو بەگشتی بزووتنەوە ئەدەبییە تازەکەیان بایەخی زۆری بەم دوو

جۆرە گیروگرفتە دەدا و ڕەنگیان لە ئەدەبی کوردی و شانۆ دابووەوە بە شیعر و پەخشانەوە.

چالاکی ئەدەبی وەزیر لە جەنگی دووەمی گێتیی سەدەی بیستەم لە لووتکەدا بوو، شیعری زۆری دژی بیری نازیزم و فاشیزمی هەڵگیرسێنەرانی جەنگ نووسیوە، ستایشی بەرەی سۆیندخۆرانی کردووە بەتایبەتی دەسەڵات و سوپای سۆڤیەتی ئەو سەردەمە. نموونەی ئەم ئەدەبە بەرزەی چیرۆکی شیعری «وەتەن و هزکرن» (نیشتمان و دڵداری) یا «نادۆ و گولیزەر»ە، چیرۆکێکی شیعری درێژە، خۆیان «پۆیێم»ی پێ دەڵێن، لە دە بەش پێکهاتووە. بەرهەمێکە گەلێ هەڵوێستی ناسک لە ژیانی تاکی ناو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەووروژێنێ.

وەکو لە ناوی بەرهەمەکە دەردەکەوێ قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە دوو کەسی کورد نادۆ و گولیزەرن. ئیتر شاعیر ڕێگە بەخەیاڵی شیعری خۆی دەدا بەئازادی لە گێتیی داهێنانی ئەدەبی بسووڕێتەوە. دیارە پێش هەموو شتێک نادۆ و گولیزەر دڵدار و دلبەرن، ئینجا دەبن بەڕەمزی نیشتمانپەروەری و جەنگاوەری، مێژوو شانازییانە، ئاشتی و دیمۆکراتی نیازیانە، لە سایەی کۆمەڵی یەکسانیدا دەتوانن دەست لە ملی یەکتری بکەن و بەئازادی بژین.

وەزیر لەم کارە ئەدەبییەیدا بایەخی زۆری بەو ڕووداوانە داوە کە لە مێژووی کوردا بوون بەڕەمزی شانازی. شەرەف خانی بدلیسی و ئەحمەدی خانی و خانی لەبزێڕین و مەلای جزیری یاد دەکاتەوە. بەلای ئەوەوە کورد تەنیا دێرینەکە نییە. ڕۆژی ئەمڕۆ کوردی هەموو کوردستانەکان لە تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا وڵاتەکەی خۆیان، هەموویان هەڵساونەتە سەرپێ، لەگەڵ بەرەی دیمۆکراتی و لە دژی جەنگخوازە فاشستەکان.

شاعیر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەقسەی نەستەق و پەندی پێشینان و بیروڕای دانایانە ڕازاندۆتەوە. ڕەچاوی ئەوەی کردووە زۆرترین خەڵکی کوردزمان لە خوێندەوار و نەخوێندەوار لە قسەکانی بگەن و مێشک و خەیاڵیان بجووڵێنی.

وەزیر پێشەکی چیرۆکەکەی بەم دێڕە شیعرانە دەست پێ دەکا:

خولی دێیە بۆنا هەر بەنی ئینسان
هەر تشت ژێیە ئو مرن هەر زەمان

وەلات باڤــە نە تـەنـێ فــرۆتـن نە کـــرین
ئازایی ناڤـە کـولـتـوور بـۆی تاریقـا مـێـزین
دەرب یـا دایــانــە هــوون بــکــن بــاوەڕی
ناڤ بۆی گشکانە خۆف کو نەکە سـەرکاری
ئەو شـێـرێ شـێـر مـێـرخـاسـێ پر ناڤـدار
تاریـقـێـدا حـوبرا زێڕین تـێ نڤـیـســار
عــەســمــان ژ وێ دا نـزلە بۆی ســەیرانـگـێ
ب خــوونـێ خــەمــلاندییــە جــیـێ جـەنگـێ
بنێـڕە ستـوخـار ل عـەگیتـێ منی ب عـەمـەل
نادۆیـێ کــوبـاری بـێ خــۆفی بـێ عــەجــەل
***
بـا دەعــوەتە هـێــســرێ عــەورا ژی بـاران
هـەر شــایـێ شــینەک هـەیە هـەر ئوســان
تم پێــشـێ ئینســانە حــوب و حــەز کـرن
شـین و شـــــایـی ژ هـەڤ نـایـێن کــــرن

بەم وێنە شیعرییە جوان و پڕ مانایانە شاعیر ڕێگە خۆش دەکا بۆ باسکردن لە سـۆزی دڵداری لای ئەو کـوڕ و کـیـژە کـوردەی ناویان نادۆ و گـولـیـزەرە و بوون بەڕەمزی دڵداری و نیشتمان.

***

وەزیری نادری یەکێک بوو لە ڕۆشنبیرە بەرچاوەکانی کوردی وڵاتی قەفقـاسی ڕووســیـا. ئاسـۆی بیـری فـراوان بـوو، توانای داهـێنانی بـەهـێـز بوو، سـەری لە سـیـاسـەت و جـمـوجـۆڵی نیـشـتـمانپـەروەری دەردەچوو. ژیـانی کـورت بوو بەڵام تاقیکردنەوەی زۆر بوو، دایک و باوکی تا پاش لـە دایکبوونی ئەویش گـوزەرانیـان باش بوو، لە دواییدا کـەوتـنە بەرەی هـەژارانەوە. شـوێنەواری ژیـانی دواکـەوتوویی دەسـەڵاتی تورکی عوسـمـانی لە مـێشکیدا مـاوە. زوڵم و زۆری پیـاوکوژە تـورکە کەمالییـەکانی لـە بیر نەچووە، دڵسـۆزی ئەو دەسـەڵاتەی قـەفقـاسـی ڕووسـیا کـە لە تیــرۆری تورک کــەســوکــاری ڕزگــار کــردن لـە پێش چـاوە. ئەم هـەمــوو هۆیـانە

قوتابخانەی بنچینەیی وەزیری نادری بوون. تاقیکردنەوەی ئەم ژیانە تاڵ و تفتە، لەگەڵ خوێندنی بەردەوام و زانینی کۆمەڵێک زمانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی مامۆستا و نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرێکی کوردی بەدیمەنی لە وەزیری نادری دروست کرد.

قەدری جان

بەشی پازدەم

قەدری جان

١٩١١ – ١٩٧٢

ئەز بووم ئینسانەکی نوو
پەرەستەشێ ئۆلەکە نوو
ئـــو د بـــازارێ دلـــدا
من ئاڤا کر هۆلەک نوو

ژیانی

عەبدولقادر کوڕی محەمەد عەزیز جان لە شارۆچکەی دیرک لە نزیک ماردین لە ساڵی ١٩١١ لە دایک بووە. لە دواییدا لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ناو خەڵکیدا بە قەدری جان ناسراوە. سەرەتای خوێندنی لە وڵاتی خۆی بووە، ئینجا ڕووی کردۆتە شاری قۆنیە لەگەڵ ڕەشیدی کورد لەوێ لە خانەی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٢٨ – ١٩٣١ خوێندوویانە. بەهۆی جموجۆڵی سیاسییانەوە لە دەست تەنگەتاوی دەسەڵاتی شۆڤێنی تورک ئەوێیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردۆتە ناوچە کوردییەکانی سووریا.

لەو کاتەدا کە قەدری جان هاتۆتە سووریا (١٩٢٨) لە تەمەنی حەڤدە ساڵی بووە لە قۆنیە خوێندنی تەواو نەکردبوو، لە شاری سەلەمییە خوێندنی لە خانەی کشتوکاڵی مامۆستایان گەیاندۆتە ئەنجام، ئینجا بەمامۆستای قوتابخانە لە ئەنتاکیا دامەزراوە، لە پاشانا لە قوتابخانەکانی قامیشلی و عاموودە مامۆستا بووە ئەوجا ماڵی گواستۆتەوە دیمەشق و بەمامۆستا لە قوتابخانەیێکی گەڕەکی کوردان دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٣٤ لە پاش فێربوونی زمانی عەرەبی بووە بەمامۆستا لە شاری ئەسکەندەروونە، لە دوای ئەوە لە هەندێ لە قوتابخانە

جیاوازەکانی شارانی سووریە بووە بەمامۆستا و لە هەندێکیاندا بەکارگێڕی قوتابخانە.

لە ساڵی ١٩٤٤ گۆڕانی بیری لە مێشکیدا سەری هەڵداوە و باوەڕی وا بووە فیکری سۆسیالیزمی زانستی میللەتەکەی لە مەینەتی ژێردەستی و دیلیەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی ڕزگار دەکا. ئەمە تووشی سەرئێشەی کردووە. لە تەمووزی ١٩٥٧ لەگەڵ نێرراوی لاوانی کورد بەشداری لە میهرەجانی شەشەمی لاوانی گێتیی کردووە لە مۆسکۆ. لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی زۆر نەبوو بۆ یەکەم جار لە تاشقەندەوە جێگەی زیندەگانی گواسترابووەوە مۆسکۆ. لەو گەشتەیدا چاوی بەبارزانی کەوت، بۆ یەکەمین جاریش ئاشنایەتی لەگەڵ قەناتی کوردۆ پەیدا کرد. ئەو سێ کوردە گەلێ بیرەوەرییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. لە دوای ساڵێک پاش گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان قەدری جان ڕوو دەکاتە بەغدا بۆ پێشکێش کردنی پیرۆزبایی بەهۆی گەڕانەوەی بارزانیان بۆ وڵات و دەبێتە میوانی مەلا مستەفا.

لەمە بەدواوە ژیانی قەدری جان دەکەوێتە ناخۆشییەوە. چوار جار گیراوە، درێژترینییان لە ماوەی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ بووە، لە بەندیخانە بەناوبانگ و ترسێنەرەکەی سووریا «مەززە» کاتی بردۆتە سەر. لە پاشانا گەڕاوەتەوە قوتابخانە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە پیشەی مامۆستایی دوورخراوەتەوە و کراوە بەمووچەخۆری میری. دوا ساڵانی ژیانی لە دیمەشق بردۆتە سەر. لە ساڵی ١٩٣٩ ژنی هێناوە کچەکە بەنەژاد تورک بووە، باوکی لایەنگری دەسەڵاتی عوسمانی و لە دژی کەمالییەکان بووە. لە ڕۆژی ٩ی ئاغستۆسی ١٩٧٢ بەنەخۆشی هەژانی مێشک کۆچی دوایی کردووە و لە دیمەشق نێژراوە.

شیعری

قەدری جان یەکێکە لە شاعیرانی کوردستانی باکوور لە ساڵی ١٩٣٦ شیعرێکی داناوە دەچێتە ناو بزووتنەوەی «شیعری نوێ» لە ناوچەی سلێمانی لە کوردستانی باشوور، هەرچەندە شاعیر ئاگاداری بزووتنەوەکەی سلێمانی نەبووە، هەروەها زوو بەزووش ئەم داهێنانەی شاعیر نەبووە نەریت و شاعیرانی ئەوێ پێڕەوییان نەکرد، تەنیا خۆی لە دوای ئەم شیعرە بەرهەمی هەیە دەچێتە ناو ئەم شیعرە

نوێیەوە. بەڵام بەشداریی‌ێکی گرنگ بوو لە چەسپاندنی ئەو قوتابخانە تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی، هەروەها زیرەکی و هوشیاری قەدری جان دەخاتە ڕوو لە ژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئەوروپا و ئەدەبی نوێی تورکی ئەم ئینقیلابە مەزنە لە ئەدەبی کوردیدا بەرپا بکا.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

قەدری جان ئاگاداری شیعری کلاسیکی کوردی بوو، چێژی لێ وەردەگرت و ئەگەر ئارەزووی بکردایە دەیتوانی بەڕوخسار شیعری کلاسیکی ئامێز دابنێ. کەچی ئەو لەگەڵ نوێگەریدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەواری کلاسیکی لە شیعریدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەوە هەیە وەکو خۆی وەری نەگرتووە و دەسکاری تێدا کردووە بەمە بووە بەوێنەیێکی تازەگەری. بۆ بەڵگە هەوڵی داوە شیعر بهۆنێتەوە لەسەر بنج و بناوانی بەندی چوارین لەسەر قافیەی (ا ا ب ا) و (ا ا ا ب).

شیعری بەگشتی دەچێتە ناو قوتابخانەی «شیعری نوێ»ی کوردییەوە. کێشە خۆماڵییەکانی سیلابی بەکار دێنێ، لەوانە بەزۆری حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی. لە شیعرێکدا ئەم کێشانەش کەرت دەکا، تەنیا بەوە ناوەستێ دێڕە شیعری دوو بڕگەییش بەکار دێنێ. شیعری لە ڕووی مۆسیقییەوە ڕەوانە، وشەی فەرهەنگی شیعری ئاسانە، زمانی کوردی پەتییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای داخراوی هەیە، ئەمە زیاتر لەوەوە هاتووە لەو کاتەی پەنا دەباتە بەر شێوازی سیمبۆلی، ئەمە لە لیریکی هونەری سەردەم نزیکی دەکاتەوە و لە ئەدەبی میللیی سەرزار دووری دەخاتەوە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

قەدری جان لە منداڵییەوە هەستی بەوە کردووە لەبەرئەوەی کوردە بەچاوێکی نزم تەماشا کراوە، هەر لەو کاتەوە دوژمنی خۆی ناسیوە، بۆیە مەسەلەی نیشتمانی گەلەکەی خۆی بەمەسەلەی نیشتمانی هەموو میللەتە زوڵم لێکراوەکان بەستۆتەوە، ئەمە نویشکی ناوەڕۆکی شیعریەتی. لەو کاتەی هەوڵی داوە شیعری ببێتە وێنەی ڕاستەقینەی هەستی ناوەوەی هەموو چەوساوەیێک ئاگاداری لایەنە هونەرییەکانی شیعر بووە، ئەمەی نەکردووە بەقوربانی بیروباوەڕی سیاسی بۆ

ئەوەی زۆرترین خەڵک تێی بگەن، بەڵکو وەستایانە توانیویەتی لایەنی جوانکاری بپارێزێ و خەڵکیش لە شیعری بگەن. خۆ ئەگەر شیعری وای هەبێ تەمومژی سیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزم هەندێ لێڵی بخەنە سەر وێنە و ماناکانی ئەمەیان کارێکی ئاساییە بەپێی ئەو تیۆرییەی دەڵێ پێویستە بۆ فراوانترین توێژەکانی کۆمەڵ بنووسرێ، ئەدی فەیلەسووف و دانا و ڕۆشنبیرە گەورەکانیش پێویستییان بەداهێنانێک نییە چێژیان بجووڵێنێ و خەیاڵیان بەدەنگ بێنێ!

داهێنان لە شیعری سیاسیدا شاعیرێکی وەستای گەرەکە، چونکە کە ئیلهام لە دیاردەیێک یا ڕووداوێک وەردەگرێ و پارچە شیعرێکی بۆ دادەنێ لەوانەیە ئەم دیاردە و ڕووداوە درەنگ یا زوو بەخراپە بگەڕێتەوە، ئەو کاتە دەبێتە دروشمێکی سیاسی ڕۆژانەی بێ تام، بەڵام قەدری جان لەو شاعیرانەیە بەرهەمی ئەدەبی لە سەرچاوەکەی جیا دەکاتەوە و دەبێ بەموتڵەق و بەهیچ جۆرێ بۆنی سەرچاوە بنچینەییەکەی لێ نایە. لەبەرئەوەیە حسێب لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی دەکرێ لە ڕووی هونەرییەوە و هیچ پێوەندییێکی بەئیدیۆلۆجییەتی نووسەرەکەوە نییە.

پەخشانی

قەدری جان لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە لە هونەرەکانی پەخشان سەرکەوتوو بووە. بەهۆی ئەوەی لە نزیکەوە پێوەندی بەڕۆژنامەگەری کوردییەوە هەبوو لە سووریا مەشقی نووسینی وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە، لەوەوە هەوڵی داوە چیرۆکیش بنووسێ. بەزۆری سنووری لە نێوان چیرۆک و وتار دانەناوە. دیارە ئەمە سیفەتێک نەبووە تەنیا لای ئەو بووبێ، هەموو ئەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا مەشقی نووسینی وتار و چیرۆکیان کردووە، هەندێ جار ئەم دوو هونەرەیان تێکەڵ بەیەکتری کردووە بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی گێتیدا هەیە.

نووسینە پەخشانییەکانی قەدری جان پێوەندییان بەئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد و ناساندنی هەندێ گەورەپیاوانی کورد و سروشتی کوردستان و بیروباوەڕی دیمۆکراتییەوە هەیە. کارێکی چاکی کردووە کە بایەخی بەئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) داوە و چەند حیکایەتێکی میللیی ئەفسانەیی بەرگوێی ئاگردانی دووبارە بەزمانێکی ئەدەبی ڕۆشنبیرانە داڕشتۆتەوە.

نموونەی شیعری

١

قەدری جان بەم جۆرە موناجات لەگەڵ خۆشەویستدا دەکا لە شیعرێکیدا بەناوی "دادێ":

بـەهــارە ژیـیـــــــــــانــا مـن بــێ تـە پـایـزە دادێ
بـۆ مـن دیـارێ جـــەنـنـەت بێ تـە فـــاییـــزە دادێ
چێل کـەوا لنگ شکەسـتی ل پێ هـەڤـالێن خـوە مـا
چێلکە و ئەز بم و نـەگـریم مـا قـەی جـاییــزە دادێ

***

دادی پر کـوور مــەناله تە جـەگـەر ل مـن نەهـشت
دەوســا کـــۆن و لۆرنـی ئـاه و زارینـا خـــوە هشـت
گــرین ترسێ دده من خـــراپ دکــە سنگ و پشـت
یێـدن خـوین کـێـمێ دزێـن کـانی و کـارێزێ دادێ

***

هەرچـەند پـۆل و پەتـالێـن ژ بەر خـــانومـــانان مـــان
گــەلەک قـــەنج گـــرێ بدە ل برینـێن خـــوە ئـەمـــان
بژشکێن مـــە چێـــدکن ژ بۆ دەردێ تـە دەرمــــان
هـنـەک ژوان ســــەکـــبـــانێـن هـن ژ نـافـــزە دادێ

***

داو نە مــا مــە مـــاچ کـر پـاقـژ نە پـاقـژ بـێ دەست
هـەر کێ ئەڤ حالێ مە دیت گۆتنا پارسەکییە گەست
دە وەر ژ بەرڤـی دەردێ مـــەبە پـەریشــان و مـــەست
نـە ئەقـل مـــا نـە نەشـی وور نـە ژی حـــافـــزە دادێ

***

خـوەرن ڤـەخـوەرن تونە هەبە ژی من سـوند خـواری
پاری یەک ب هێــســـانی د قـــرکـــا مــــە ناری
دیتنا تە مـــیـــەســـەر مـــەکــە خـــودایێ باری
گـــاڤ و دەمـــێن مـــە هـەمی روژی پـەهریزە دادێ

***

ژ بەر کێـمـانی یێن خـوە ل جـەم تە شـەرمـەسـارن
تـەنێ تو کـــوور مـــەنالە ئەم ژ تە هێـــڤـــیـــدارن
ژ چاڤـێن مـەیێن مـەلوول هێـسـترێن خـوین دبارن
ژانا زراڤ تۆڤ مـــەکـــە ئەمـــان پاکـــیـــزە دادێ

ئەم شـیـعرە موناجـاتێکی بـەرزە قـەدری جان لەگەڵ خۆشـەویستدا دەیکا. ئەو خـۆشـەویسـتـە تەنیـا دلبـەر نیـیـە، دایک و خـوشـک و کـچـن. بۆی هـەیە وەکـو داهێنانێکی شـیعری بەرەی پیاوانیش بگرێتـەوە. لە سـۆزێکی بەکوڵی ڕاسـتـییـەوە هـەڵقوڵاوە. شاعیر ڕوو لەو خۆشەویستە نزیکانە دەکا ئەوانەی لەوە دڵنیایە ئەوەی دەیڵـێ تێی دەگـەن، چونکە ئەو کـارەسـاتانەی بـەسـەر ئـەو هاتووە ئـەوانیـشـی گرتۆتەوە.

٢

لە شـیـعرێکیدا بەناوی «بەگێ ئاخرزەمان» قـەدری جان بەم جـۆرە دەست پێ دەکا:

دۆستێ من
دژمنێ پۆستێ من
بەگێ ئاخرزەمان
ئەڤ زەمبیلا تو پێ هاتی
نەما داتێ ژ ئەزمان
بەنێ وێ رزی یا
ل ناڤا رێ قەتییە
ئو کەت

کەت ناڤا دەریا سۆر

دەریا سۆر ژێرا بوو گۆر

دەریا سۆر

ژ تێر خاوەن و چەند خودایێ بچووک را

بوو کەفەن

مووسا و مریدێن هەمی

بێ پر و بێ گەمی

ژ وی دەریایێ دەرباز بوون

ژ جەور و جەفایێ

ل ور خەلاس بوون

نەمروودێ بچووک

مە ب ئاگر دترسینە

پف مەشکا ڤالا

ئەی کەڤنارەیێ سالا

باوەری یا دلێ من

تا قەتا ملێ من

ژ ئیمانا ئیبراهیم بێترە

نە کێمترە

ڤێیا بزان

ئەی پێغەمبەرێ دزان

ئەم پارچەیە بەشێک بوو لە پۆیێمێکی بەرز و ڕەنگین بەشێوازێکی ڕۆمانتیکی و سیمبۆلییانە قەدری جان باس لە ژیانی دەستبەسەری و نالەباری نەتەوەکەی خۆی دەکا لە سووریا. لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و بەسەرچوونی دەسەڵاتی ئەمپریالیستی فرەنسی لە سووریا و لبنان، حوکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی سووریا سیاسەتی بەعەرەب کردنی هەموو هاووڵاتییە ناعەرەبەکانیان بەکار دەهێنا، بەتایبەتی لەگەڵ کورد زۆر تیژ بوون. ئەم شیعرە لەو سەردەمەدا

نووسراوەتەوە کە یەکێتی لە نێوان میسر و سووریا و یەمەن جێبەجێ کرا و بوون بەیەک دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب.

لەم شیعرەدا قەدری جان لەگەڵ جەمال عەبدولناسری شۆڤێنیی عەرەب قسە دەکا، پێی دەڵێ بەقسە دۆستی منی، چونکە من هاووڵاتی تۆم لە سووریا، بەڵام بەڕاستی تۆ دوژمنی، من لەناو دەبەی، بەڵام ئەی بەگی ئاخر زەمان، واتە گەورەی ئاخر زەمان ئەو زەمبیلەی تۆی هێناوەتە خوارەوە پەتی ڕزییە و زوو دەپسێ و دەکەوییە ناو زەریای سوور و دەخنکێی. ئەو زەریایە بووە بەگۆڕستان بۆ گەلێ لە دەسەڵات بەدەستانی سەر بەتۆ. لە پاشانا زیرەکانە بەسەرهاتی مووسا پێغەمبەر دەگێڕێتەوە دارە قولەکەی پێ بوو، بەبێ پرد و بێ بەلەم لەو زەریایە پەڕییەوە. لەولاشەوە ناوی نەمرروودی بچووک دەبا مەبەسی کاربەدەستانی پیاوی عەبدولناسرە کە کورد لە سووریا دەچەوسێننەوە. ئینجا پێی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری دزان ئەوە بزانە باوەڕی من بەرامبەر بەکورد لە باوەڕی ئیبراهیم پێغەمبەر بەهێزترە بەرامبەر بەخوا. شاعیر ناوی ئیبراهیم پێغەمبەری لەبەرئەوە هێناوە چونکە عەرەبە شۆڤێنییەکان کردوویانە بەڕەمزی نەتەوایەتییان.

ئینجا لەسەر پۆیێمەکەی دەڕوا و دیسانەوە پێنج دێڕە پێشەکییەکەی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ:

دۆستێ من
دژمنێ پۆستێ من
بەگێ ئاخر زەمان
ئەڤ زەمبیلا تو پێ هاتی
نەما داتێ ژ ئەزمان
مەزناتی
نە ب پارە و مالە
نە ژ ب گەرما کالە
مەزناتی
ب جەوهەرێ ئینسانە
ب عیلم و ب عیرفانە

بەلێ، ئەم خزانێ مالن
لێ زەنگینێ کەمالن
زەنگینێ ئیدیالن
کۆشکا تە ئاهم ڤالا
یا ب نەینۆکێ پالا
یێن ب خاین
یێن ب برین
تە ئاڤاکر و د بندا ڕوونشت
ئو گەلەک ڕەبەن ژ برچینا کوشت
ئەوێ ل سەر سەرێ تە هلوەشە
گەر چ دلێ مە ب تە نایێشە
لێ ئەم دەخوەزن
ب دل د بەزن
زارۆییێن تەیێن ب گونەه
کو ب هەژمار هەنە نەه دەه
ژ وێ تالۆکی خەلاس بکن
دریا راسترا دەرباز بکن
ڕێیا راست رییامە
ئەوە پێغەمبەری یامە
زنجیر شکاندن
ئارمانج گهاندن
بابیلووسکان بستان
دیرۆکا راستان دبێژە:
گوه مەدە ئەفسانەیێ دێوان
ب شووندا نەمینە کارڤان
کارڤانی مەدەنییەت

گورووهێ بەشەرییەت
خولاسە
پێشی و پاشی یا فیلۆسۆفە
فیلۆسۆفا مە
ئەڤە
دین، مەزهەب، ئیمان
ببە ئینسان ببە ئینسان
دۆستێ من
دژمنێ پۆستێ من
بەگێ ئاخر زەمان
ئەڤ زەمبیلا تو پێ هاتی
نەما دا تێ ژ ئەزمان

قەدری جان لە قسەکانی بۆ دیکتاتۆر بەردەوامە، پێی دەڵێ گەورەیی بەپارە و ماڵ نییە، بەڕەوشت و زانینە. ئەوە باش بزانە ئێمە خاوەن ماڵین، لە ڕەوشت و بیروباوەڕ دەوڵەمەندین. ئەو کۆشک و سەرایەی تۆ لێی دانیشتووی بەفێڵ و خوێن دروستت کردووە، هەموو هەڵدەوەشێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوامان وایە خەڵکی نزیک تۆی بێ گوناه، لەم بیروباوەڕە لابدەن، خۆیان ڕزگار بکەن و بێنە سەر ڕێی ڕاست. ڕێی ڕاست ڕێی ئێمەیە، لەو ڕێیەدا زنجیر دەشکێنین و دەگەینە ئامانج، هەموو شتێک بۆ بەختیاری ئادەمزاد دەبێ.

٣

لە لیریکی «ڕێیا تەزە» قەدری جان دەڵێ:

ئەڤ پەردەیا رەش و تاری
کو ژ شەڤێن رەش دیاری
من ژ روویێ خوە کشاند
ل بەرچاڤێن خوە چراند
ئو ئاڤێت

ئاڤێت پاش سەد چیایێ
ناڤا هەزار دەرگایێ
من گەمارا گوهێ خوە
ب زمزمەکە نوھ شوشت
ئو مەقرۆبێن جانی خوە
ب دەرمانەکی نوھ کوشت
ئەو کو فیکا توفەیلی
کو د دلدا دچەری
من ژ کۆکێدا راکر
هێلیناوی خەراب کر
ئو بلاڤ کر
ل ڕۆژێن دەرباز بوویە
ل راستی یێن کەڤناره
ل هەڤالێن نە هەڤال
جارا پێشن سلاڤ کر
ئەو زنگۆرا د مژی
من ب کێرێ خەرتاند
ئو ب ئاگر شەوتاند
ئو پاقژ کر
پاقژ کر ژ سەرێ خوە
من ئاڤێت ژ دەرێ خوە
ب چاڤەکی بێ پەردە
ب گوهەکی بێ گەمار
دبن سەر رێگە تەزە
ب مەژیکی بێ زەنگار
ئەدی ب دیتنا خوە

ب بهیستینا خوه
ب ڤینا خوه ئو مەژی
ب ڕێڤە چوونا خوه ژی
ئەز بووم ئینسانەکی نوو
پەرەستەشێ ئۆلەکە نوو
ئو د باژارێ دلدا
من ئاڤاکر هۆلەک نوو

ئەم شیعرەی قەدری جان بە یەکەمین شیعری ڕێبازی نوێ یا قوتابخانەی نوێ دانراوە لە باکووری کوردستان. بەڕاستی لەم دەوروبەرەدا بوو، یاخود ڕاستتر لە نێوان هەردوو جەنگی گێتیی سەدەی بیستەم ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە تازەیە لە کوردستانی باشوور پەیدا بوو. لەم شیعرەدا شاعیر یەکێتییێکی تازەگەری لەم ڕێبازەدا داهێناوە، بەوەی تازەیی لە ڕوخسار و ناوەڕۆک دروست کردووە، شکاندنی کێش و قافیەی کلاسیکی، گەڕانەوە بۆ کێشی سیلابی خۆماڵی، هەڵبژاردنی کێشە عەرووزییە سووکەکان ئەگەر ڕەخنەگر بیەوێ هەندێ لە دێڕە شیعرەکانی بە بەحری عەرووزی بکێشێ. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شاعیر لە گواستنەوە یا گۆڕانی فیکر و ئیدیۆلۆجییەت دەدوێ، ئەمە دیاردەیێکە تایبەتییە بەخۆی، چونکە ئەگەر «وەستاو = ثابت» نەجووڵێنرێ پێشکەوتن نابێ. ئەمە سەرچاوەیێکە بۆ تیۆریی فەلسەفی، بەڵام وەستایەتی قەدری جان توانیویەتی لە سەرچاوەیێکی دوور لە جوانکاری وێنەی هونەراوی داهێنراو دروست بکا بەهۆی شێوازی سیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزم. وەکو خۆی دەڵێ بوو بەمرۆڤێکی نوێ و لە نیشتمانێکی نوێدا دەژی، لە ناو شاری دلیشدا نوێخوازی دروست دەکا، ئەمەیان ئاوڕدانەوەیێکی سۆفیزمیانەیە.

٤

لە شیعرێکیدا بەناوی «شێرێ وەلات بارزانی هات» دەڵێ:

ل عیراقێ کورد و عەرەب
ئازاد بوونە ژ نیرێ غەرب

ل سـەر یەک ڕێ ل سـەر یەک دەرب
ڕۆژا کـــــوردســــتـــــانێ هـلات
شـێـر هات وەلات، شـێـر هات وەلات
مـــــــــزگـین ل وە بـارزانـی هـات

***

ئـازاد بـوویـە سلـێـــــمـــــانـی
ســـبـــا دۆرا مــــووش و وانـی
مــــــەهـابـاد و سـنـە و بـانـی
ڕۆژا کـــــوردســــتـــــانێ هـلات
شـێـر هات وەلات، شـێـر هات وەلات
مـــــــزگـین ل وە بـارزانـی هـات
بـژی ئـازادی ئـو کـــوردســــتـــان
بـژی ئـاســـایش ل جــیـــهـــان
بـژی ئـینـســـان بـرای ئـینـســـان
ڕۆژا کـــــوردســــتـــــانێ هـلات

قـەدری جان لە پێشـانا پیرۆزبایی لـە خەڵکی هەمـوو عیراق دەکا بەهۆی ئەوەی ڕزگارییـان لە ئەمپریالیستی ئەورووپا بووە. کورد لەمەدا قـازانجی کردووە، هەندێ لە مـافی سروشـتی خـۆی دەسـتی کەوتووە، بەڵام گرنگتـر بەلای شـاعیـرەوە ئەوەیە بەهۆی ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا مستەفا بارزانی و هـەواڵەکانی لە وڵاتی ئاوارەیی گـەڕانەوە نیشـتمـان. ئـەو قـسـە گـەرمـانەی شـاعـیـر بۆ بارزانی تەنیـا لەوەوە نەهاتـووە وەک کەسـایەتـیـیـێکی نیـشـتـمـانپـەروەر و سـەرکـردایەتی شـۆڕش لە پێناوی مـافی کـورد بەڵکو پێـوەنـدییـێکی گیـانی لەگەڵ هـەبوو لە پاش ئەوەی لە هـاوینی ١٩٥٧ لە مـۆسکۆ ناسیـاوی لەگەڵدا پەیدا کرد و لـە دوای سـاڵێک بارزانی گەڕایەوە نیشتمان و قـەدری جان بۆ پیرۆزبایی لە دیمەشقەوە هـاتە بەغدا و ئەم شیعرەی بەدیاری پێشکێش کرد.

***

قـەدری جـان شـاعـیـر و نووسـەر، نـیـشـتـمـانپـەروەر و سـیـاسـی، لە تەمـەنی

منداڵییەوە تا کۆتایی ژیانی بەربەرەکانی کراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا و سووریا، ئەوانەی خاکی کوردیان کەرت کردووە و هێڵی سنووریان کێشاوە. قەدری جانیان ئازار داوە، خستوویانەتە بەندیخانە و دەربەدەریان کردووە، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە. خزمەتی لە قوتابخانە و پێگەیاندنی منداڵان لە کارە ئەدەبییەکانی کەمتر نەبووە.

قەدری جان شاعیرێکی خۆڕسک بوو، لە مانای شیعر گەیشت بوو، دەیتوانی ببی بەشاعیرێکی کلاسیکی، کەچی بوو بەیەکێک لە شاعیرانی قوتابخانەی «شیعری نوێ»ی کوردی. قاڵبی تازەی هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، ناوەڕۆکی گۆڕی لەگەڵ هیوا و ئامانجی نەتەوەکەی خۆی گونجاند. لە خۆشویستنی گەلەکەیەوە گیرۆدەی تەنگوچەڵەمەی مرۆڤایەتی بوو. بیری لە بێنەوایان دەکردەوە، غەمی هەژارانی دەخوارد، بەربەرەکانێی خوای جەنگی دەکرد. سامانێکی بەکەڵکی لە شیعر و پەخشان بۆ نەتەوەی خۆی بەجێ هێشت و نامەخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کرد.

ئەخۆل

بەشی شازدەم

ئەخۆڵ

١٩١١ – ١٩٨٨

یەکێ نەمام ئەڕوێنێ و یەکێ نەمام ئەنێژێ
ئەمیان چاوەڕێی گوڵە و ئەویان فرمێسک ئەڕێژێ

ژیانی

ئەحمەد کوڕی دەروێش کوڕی عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩١١ لە سلێمانی لە دایک بووە. هێشتا زۆر منداڵ بووە دایک و باوک و ئەندامانی خێزانیان بۆ خۆشەویستی بە«ئەحۆل» بانگیان کردووە. ئامۆزاییێکی بووە فسەزمان بووە (زمانی گیراوە)، لەباتی «ئەحۆل» بە«ئەخۆل» ناوی بردووە. لەمەوە هەموو لایێک لاسایی ئەویان کردۆتەوە و بەئەخۆل بانگیان کردووە، لە ناو خەڵکیش هەر بەم ناوەوە ناسراوە. ئەخۆل ناوی ڕاستەقینەی خۆی «ئەحمەد»ی کردووە بەنازناو و لە تۆماری شیعریدا بەکاری هێناوە.

سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە. کە ئینگلیز لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی سلێمانی داگیر کردووە، قوتابخانەیێک بەناوی «نموونەی سەعادەت» لە سلێمانی کراوەتەوە، ئەخۆل ساڵێک لەو قوتابخانەیە خوێندوویەتی. لە هەڵسانی شێخ مەحموود و بۆمبابارانی سلێمانی قوتابخانەکان داخران، کە حوکمدارییەتی شێخ مەحموود جارێ درا دوو قوتابخانەی تازە بەناوی «مەحموودییە» و «قادرییە» کرانەوە. قادرییە بەناوی شێخ قادری برای شێخ مەحموودەوە بوو. ئەخۆل تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی قادرییە خوێندوویەتی. لەو سەردەمەدا سلێمانی جارێکی دیکە کەوتەوە ژێر کارەساتی بۆمبابارانەوە، لەو کاتەدا ئەخۆل ڕووی کردە بەغدا، ماوەیێک لەوێ مایەوە، کە گەڕایەوە سلێمانی لە

پۆلی سێیەم دەستی کردەوە بەخوێندن تا پۆلی پێنجەم ئەوجا بەیەکجاری وازی لە خوێندن هێنا.

ئەخۆل لە منداڵییەوە ئیشی کردووە و خۆی بەڕێوە بردووە. لە ساڵی ١٩٢٩ لە چاپخانەی شارەوانی سلێمانی دامەزراوە، لەو سەردەمەی ڕۆژنامەی «ژیان» (١٩٢٦ – ١٩٣٨) لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە ئەو کاری تێدا کردووە تا ساڵی ١٩٣٤. لە دوای ئەمە بەمووچەخۆر لە دادگا دامەزراوە تا ساڵی ١٩٧٠ خۆی خانەنشین کردووە.

بەلای ئەخۆلەوە ئەو ماوەیەی لە چاپخانە لەگەڵ پیرەمێرد کاری کردووە خۆشترین ڕۆژگاری ژیانی بووە. پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئەو کاتە بەهێز بووە، لەوانە محەمەد عەلی مەدهۆش و نووری شێخ ساڵح و فایەق بێکەس و شێخ سەلام و عەبدوڵڵا گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەمزی قەزاز و هی دیکە. لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ژیان و ژین و گەلاوێژ و ڕۆژی نوێ شیعری بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ یەکەم دیوانی شیعری بەناوی «پەیمان و شیوەن» بڵاوکردۆتەوە. لە پاشانا لە ساڵی ١٩٨٤ شیعری بەناوی «دیوانی ئەخۆل» لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە. دوای خانەنشینی لە جموجۆڵی ئەدەبی نەکەوتووە تا ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

شیعری

یەکەمین شیعری ئەخۆل بەناوی «سکاڵا لەگەڵ بلبل دا بەدڵێکی پڕ لە سەوداوە» لە مارتی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتەوە. لەو کاتەوە بەرهەمی شیعری جوانی ڕەنگدانەوەی شیعری میللی ئەدەبی کوردییە. سەرکەوتووانە توانیویەتی لەم بابەتە شیعرە ئاسانەدا کێشی بەحری عەرووزی و یەکێتیی قافیە بەکار بێنێ. شیعرە عەرووزییەکانی لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و ڕەجەز هۆنیوەتەوە. قافیەی ڕەنگاوڕەنگە، لە شیعری کێشە میللییە خۆماڵییەکانیدا جووت قافیە (مەسنەوی) بەکارهێناوە. لە هەندێ شیعری دیکەیدا ئەوانەی لەسەر بنچینەی بەند دانراون هەر بەندی قافیەی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە دیوانیدا غەزەل و قەسیدە و پارچە شیعری میللی و پێنجین و چوارین و تاک

بەرچاو دەکەون. ئەخۆڵ شیعری مستەفا بەگی کوردی و مەحوی و زێوەری کردووە بەپێنج خشتەکی. شاعیرانی دیکەش شیعری ئەویان کردووە بەپێنج خشتەکی، لەوانە: ن. ئاری، ڕازی (سابیر سەعید)، محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم، أ. ب. هەوری.

زمانی شاعیر ئاسانە، وشەی بێگانە لە شیعریدا کەمە، کاریگەری ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی لە بەرهەمیدا بەهێز نییە، شەقڵی سیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزمی ئەدەبی میللی زیاتر بەسەر شیعریەوە دیارە. هەروەها زۆربەی وێنە و نموونەی ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی عەرووزی و خۆماڵی لە داهێنانی خۆیەتی.

ئەخۆڵ شاعیرێکی خۆڕسک بوو، خوێندنێکی ڕێکوپێکی قوتابخانەیی نەبوو، سەلیقەی شیعری لە بەهرەی خۆیەوە هەڵقولا بوو. گوێی مۆسیقی سەرچاوەی یەکەمی شیعری بوو، نەک خوێندنەوەی شیعری بێگانە. ئەو گوێی مۆسیقییە لە ئەنجامی موتالاکردن و وردکردنەوەی شیعری کۆن و نوێی کوردی بوو.

ناوەڕۆکی شیعری ئەخۆڵ هەمەڕەنگە. لە ڕووی بابەتەکانی شیعرەوە دڵداری بەسەر هەموو بەشەکانی دیکەدا زاڵە. جگە لەوە بایەخێکی کەمی بەمەبەسەکانی دیکەی وەکو شیوەن و ماتەمنامە و ستایش و کوردایەتی و سیاسەت داوە. هەرچۆنێ بێ ئەخۆڵ یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعری بۆ ویژدانی خۆی وتووە، کەس نەیتوانیوە شیعر لای ئەو بەڕادان بدا، لەبەرئەوە وەک شیعرێکی جوان و ناسک و ئاسان دەکەوێتە بەرگوێ. ئەخۆڵ ماتەمنامەی بۆ پیرەمێرد و بێکەس و بێخود و چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کورد هەیە: عیزەت و خۆشناو و خەیروڵلا و قودسی.

نموونەی شیعری

دڵداری و وەسف

١

لە شیعرێکیدا ئەخۆڵ بەناوی «دەردی عەشق»ەوە دەڵێ:

خوایە کەس تووشی نەبێتە دەردی بێ دەرمانی عەشق
کەس نەبێ دووچاری تیر و خەنجەر و زیندانی عەشق

هەرکــەسـێ زۆر زۆر بەجــەرگــە و پاڵەوانـە و قــارەمـــان
با بتــوانێ بـەرگــە بگرێ گــەر بووە مـــیـــوانـی عــەشق
عــەشــقـــە پەروانـە دەکــاتـە زەڕڕەیێک خــاکی ســیـــاھ
ناوی مـەشـهـووره کـە مـەجنوون بۆتە سـەرگـەردانـی عـەشق
زاڵمـــێکی وایە عـــەشق فـــەرهـادی کـــردە کـــۆهکەن
حـوکمی دا بۆ قـەتلی مـەنسـوورِ حـاکم و سـوڵتـانی عـەشق
شــەمـسی تـەبریزی کـە سـووتا کـردییـە کـۆهی زوخـاڵ
پڵپڵەی خوێن کەوتە جـەرگی بولبولی خۆشخوانی عەشق
چەن جـوانی جـوانەمــەرگ کـرد چەن هەزار شــاھ و گـەدا
دەردی بێ دەرمـــان و دائی بێ ســـەروســامـــانی عـــەشق
عــالەمـی خـــســـتــۆتە هـۆهۆی کــۆڕی زیکری خــۆیـەوە
شـێخـەکـەی بەرماڵ بـەشـان قـوتبـەکەی ڕەبـبـانی عـەشق
نەک هـەمـووی عـەشــقی خـودا بێ ئەغـڵـەبی عـەشـقی ترە
بولبول و گوڵ لەیل و مەجنوون غـەوسەکەی گـەیلانی عەشق
وا ئەزانم جــەمــعی عـاشـق گـشــتی هەر مــەقلووب ئەکـا
لەشکری شـمـشـێـر بەدەست و خـاوەنی قـەڵغـانی عـەشق
(ئەحـــمـــەد)یش پرشـنگی بـەرکـەوت بـوو بەعــەبدو چاکـری
نـەونەمـــامی تـازە خـــەڵفـــە تا ئـەبێ قـــوربانی عـــەشق

لەم شیعرەدا ئەخۆڵ بەزمانێکی ئاسان و ساکار داستانی دڵداری دەگێڕێتەوە. وشـەی «عەشق»ی کردووە بەپاش قـافیـە، باس لەو کەسانە دەکا گیرۆدەی عـەشق بوون وەکو فەرهـاد و مەجنوون و مەنسووری هەلاج و شەمسی تەبریزی. ئەخۆڵ لە شـیـعـرێکی پڕ لـە ئاواز و تەنتـەنە بەســەرهـاتی هەندێ لە عـاشـقـان لە مـێـژووی سۆفیزمدا دەگێڕێتەوە. زانیارییەکانی پێوەندییان بەسۆفیزمی ئیسلامییەوە هەیە. ئەم شـیعرەش وەکو گەلێ شـیـعری دیکەی کوردی دەچێتـە ناو وەسـفی سۆفـیـزم، نەک داهێنانی سیمبۆلییانە و ڕۆمانتیکییانەی سۆفیزمی کۆزمۆسی.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «ورێنە»وە ئەخۆل دەڵێ:

دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ
هەناسەی ساردی ناکامی لە سینەمدا ئەتاسێنێ
ئەگەر جوانیت سەرنجم ڕابکێشی مەگرە لێم چونکە
جەمالت پەیکەری ڤینۆسی خوای جوانیش ئەجوولێنێ
پەچەت لادە ببینم ڕووت ئەمن خۆ سەیری تۆ ناکەم
لە ڕووی تۆ تێ دەگەم یەزدان چلۆن نەخشی ئەنەخشێنێ
کە تیشکی ڕۆژ ئەدا زاخاوی پرچی زەردی زێڕینت
لە لام قەوس و قەزەح هیچ ڕەونەق و شەوقێکی نامێنێ
بەوەش دڵشاد و خۆش حاڵم کە یادی نائومێدی خۆم
بەخوڕ ئەشکی لە چاوانا قەتیس ماوم ئەبزووێنێ
تەمەن ڕوو بۆ خەزان ئەڕوا کەچی گەردوون ئەوا تازە
لە وێرانەی دڵا تۆوی گوڵی دڵداری ئەڕوێنێ
بەچەشنێ خۆشەویستی تۆ لە سینە و کەللەما چەسپە
مەگەر جامی ئەجەل ئەو تین و تاوەی لێ هەڵێنجێنێ

ئەخۆل ناوی «ورێنە»ی بۆ ئەم لیریکە هەڵبژاردووە، ڕەنگە مەبەسی ئەوە بێ بەگشتی شیعر سنووری بۆ نییە، لە نەبوو شت دەخوڵقێنێ، بۆیە داهێنانی پێ دەوترێ، ئەگەر نا ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوانەکان، تەعبیر لە هەستی ناوەوەی شاعیر دەکا بەرامبەر هەندێ شتی سەرنج ڕاکێشەر لە سروشت و لە ناو کۆمەڵدا. جوانی دلبەر ڕەنگدانەوەی ڤینۆسی خوای جوانی گریک و ڕۆمانەکانە. شاعیر داوا لە دلبەر دەکا پەچە لەسەر ڕووی لابەرێ بۆ ئەوەی چاوی بەکردەوەی یەزدان بکەوێ چۆن ئەو پەیکەرە قەشەنگەی لە قوڕ دروست کردووە. ئیتر دەکەوێتە وەسفی ئەندامەکانی دیکەی دلبەر و لەگەڵ دیمەنی سروشت بەراوردیان دەکا. لە دواییدا دەڵێ دڵداری ئەو پەیکەرەیە بەجۆرێک لە ناخی دڵدا چەسپیوە مەگەر جامی ئەجەل دەرەقەتی بێ.

٣

لە شیعرێکیدا ئەخۆل بەناوی «پەیمان و شیوەن»ەوە دەڵێ:

شـــەرتە تـا ڕۆژی حـــەشــر خـولیـــایی مـن بێ چاوی یار
ویڵی ســـەحـرا بم هەمـیـشــە تەرک ئەکـەم خـوێش و دیار
شـەرتە خـوێنم یا بەگـریـان ئەڕێژمـە سـەفـحـەی عـەدەم
یا بەشـمـشـێـری ڕەقـیـبـانا ئەبێ بتکێـتـە خـوار
شەرتە وەک مەجنوونی بێکەس دەشت و کێو بێ مەسکەنم
تـا بـەداخـی لـەیلـەوە دەمـنـێـنـە قــــەبـری تـەنـگ و تـار
شـــەرتـە وەک فـــەرهـاد قـــوڵنگی یادی شــیــرین هەڵگرم
تـا لە پـای کــێــوی فــیــراقــا جێ دەهێــڵـم یادگــار

***

شـەرتە وەک یەعقووب لە دووری یووسفی گوم گەشتەکەم
ســـینە پڕ غـــەم، دیدە پڕ نـەم تا ئـەبەد نـەگــرم قـــەرار
شــــەرتە وەک ئـازیزمــــردە ســــەر لە ئـەژنۆ بـەرنـەدەم
بـۆ دڵەی ویـڵ و غــــەریبم دائـیــــمـــــا بگریم بـەزار
شـــەرتە وەک بولبـول بـەشـیـوەن قـەت لق و چڵ بـەرنەدەم
تا دەمـی غـونچـــەی ئەمــەل نەکـرێتــەوە ســوبحی بـەهار
شـــەرتە وەک دێوانە کــەشکۆڵ و عـــەســـایێک هـەڵگرم
بیـــخـــەمـــە لاوە بـەجـــارێ عـــیـــززەتی نەفس و ویقـــار

***

شـەرتە بمبێ تاجی خوسرەو گەنجی قاڕوون تەختی کەی
هـەر لە دەرگــای ئـەوا بمرم کـــەســـاس و خـــاکـــســـار
شــــەرتە ڕەنگین کــــەم لە داخی تۆ بەئەشکی دیدەکـــەم
عـــــەرد و بەرد و شــــاخ و داخ لالەزار و جــــۆیبــــار
شـــەرتە یا حـــەســـرەت لەگـــەڵ خـۆمـا ئەنێـمــە قــەبرەوە
یا ئەبێ بمژم لە غـــونچـــەی نەو شکۆفـــەی لێـــوی یار

ئەخۆل لەم لیریکە ئاساییەدا سەرەتای هەموو دێڕێک واتە نیوە دێڕی یەکەم بەوشەی «شەرتە» دەست پێ دەکا. پەیمان و بەڵێن دەدا لە پێناوی چاوی جوانی دلبەر وێڵی بیابان بێ وەکو مەجنوون، قوڵنگ بەشان و زەحمەتکێش بێ وەکو فەرهاد، چاو بەگریان بێ وەکو یەعقووب، کەشکۆڵ بەدەست بێ وەکو دێوانە. بەلای شاعیرەوە ئەمە ژیانی خۆشی و جاویدانییە، گەورەیی لەوەدایە لە دەرگای دلبەر بەکەساسی بمرێ نەک تاجی خوسرەو و گەنجی قارون و تەختی کەیقوبادی هەبێ. شاعیر ڕاست دەکا ئەگەر دڵداری بەڕاست بێ لە هەموو شتێک بەهێزترە.

٤

لە شیعرێکیدا ئەخۆل بەشێوازێکی میللییانە و کێشێکی سووک و ڕیتمێکی پڕ لە ئاواز گفتوگۆ لەگەڵ دلبەر دەکا و پێی دەڵێ تۆ هەموو شتێکی بۆ من:

ئای چەن گــرفــتـــاری تۆم
جــگــەر بـــریـــنـــاری تـــۆم
دڵ بـەســــتـــــەی زناری تۆم
شـــۆخی و جـــوانی و لاوی تۆ
بـــۆ ژیـــانم بـــوو بـــەهـــۆ
دنیـــــا تۆی تیـــــا ئـەبینم
نـابم دەربـەســــــــتی ژیـنـم

***

لـە نـاو بـاغ و گـــــــوڵـزارا
لە مـــێـــرگ و مـــێـــرغـــوزارا
لـــە هـــاویـــن و بـــەهـــارا
گـــەڕام ڕوانیم خـــوار و ژوور
لـــە نـــزیـــکـــی چ لـــە دوور
نـەمـــــدی وەک تۆ بـاڵا بـەرز
وەک تۆ شووش و عەرعەر تەرز

***

قاسپەی کەوانی سەر کەل
ئاوازی قومریی و مەل
لەسەر ئەم چڵ و ئەو چڵ
ئەبیێم ئەم هەموو دەنگە
هەرچی یەک نای و چەنگە
لە لای منی ڕەنجەڕۆ
ناگاتە ئا یەکی تۆ

***

گولاڵەی سوور و شەوبۆ
وەنەوشەی سەر لە ئەژنۆ
سفیدەی دەمی ئاسۆ
دیم و نەمدی لەمانە
وەک تۆ ڕازاوە گیانە
شین و مۆر و زەرد و ئاڵ
چاو و گەردن کوڵم و خاڵ

***

جوانیم کردە چەپکێ گوڵ
گوڵی ڕازاوە بەدڵ
لێم بژارد دڕک و چقڵ
خۆشم بوومە یەک بولبول
پێما ڕوانی گولا و گوڵ
کەچی لەو چەپکە جوانە
تاسەی تۆم نەشکا گیانە

***

ژیانی کامەرانی
ئەم دنیایە و سامانی

هـەرزەكـــاریيـــە و جـــوانـی
تـوخـــــوا وەرە تـا جـــــوانـين
ئـەركـی پـيـــــــــری نـازانـين
بـا بيـــچـــێـــژين بێ زاری
تـامـی عـــــــەشـق و دڵـداری

هەموو شتێكی شاعیر تەنیا ئەو خۆشەويستەيە. هەموو جێيێك گەڕاوە، لە هەموو كـاتێكدا جـوانـی وەك ئەوی نەديوە. ئاوازی خـۆشی مـەل و باڵندان ناگـاتە وشـەی «ئا»يێك كـە لە دەمی دێتـە دەرەوە. گوڵاڵەسـووره و شـەوبۆ و وەنەوشـە و سـپێـدەی بەيان ناتوانن بەڕەنگی شين و مۆر و زەرد و سوور خـۆيان لە قەرەی چاو و گەردن و كوڵم و خـەت و خاڵ بدەن. بەڕەوانبێژی ميللييانە ئـەخۆل ديمەنی داهێنراوی هونەری دروست كردووە. جوانی دلبـەر دەكا بەچەپكە گوڵ، خۆی بـە بلبل. بەگەشبينييـەوە بەدلبەر دەڵێ تا گەنجين با خۆشی لە ژياندا ببينين و بير لە پيری نەكەينەوە.

٥

لە ليـريكێكيـدا ئەخـۆل بەنـاوی «هـەجـوو»وە باس لە فـێڵـبازی و عـەياری ياری دەكا:

ئەگـەرچی شـۆخ و شـەنگێكە ئەگـەرچی نەرم و نۆڵێكە
بـەڵام عـــــەيـيـــــارە زۆرزانـە حــــەرام زادە چی زۆڵێكە
چ زۆرزانـە چ شـــــەيتـــانـە وەكـــو ديزە بـەكـــۆڵێكە
سـەعـاتی دەست و ئەحـبـابی يەكـێكە و دەس بەقـۆڵێكە
نيـيـــە مـانـەند و ئەمـــسـالی لە هيچ ئەنحـائو چۆلێكا

***

هـەزارم ديوە نـەمـــــديوە وەكـــــو تۆ هـێـندە زۆرزانـی
لە كـــەركـووك و لە بـەغـداد و چ لە شـــاری سـولەيمانی
هەموو موويێكی ئەگريجەی دەسی سەد گەنجی پيا هانی
كـــە دەركـــەوت ڕافـــرێنراوە وەكـــو مـــاڵێكی تاڵانی
مـــەعـازەڵڵا كـەچی لای خـۆی ئەمـە سـڕرێكە پەنـهـانی

لێرەدا نازانرێ ئەمە دلبەری شاعیر خۆیەتی یا نازەنین و شۆخ و شەنگێکە شاعیرێکی هەستیار خۆی پێ ناگیرێ و گەشکەی جوانی دەبێ کە چاوی پێی دەکەوێ. ئەو سیفەتانەی شاعیر بۆ ئەو جوانەی دەژمێرێ کە بەڕووکەش سیفەتی باش نین لە نرخی جوانی کەم ناکەنەوە. سیفەتەکانی عەیار و زۆرزان و زۆڵ و شەیتان کە بۆ ئەو نیگارەی بەکارهێناوە لەم شیعرەدا بەداشۆرین ناچن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبن بەپێداهەڵدان و ستایش. ئەو جوانە ئەوەندە شارەزای مەکری ژنانە هەر موویێکی ئەگریجەی سەد لاوی هەڵخەڵەتاندووە. شاعیر لە کەرکووک و بەغدا و سلێمانی گەڕاوە یەکێکی وەکو ئەوی نەدیوە. لەبەر جوانییەکەی ڕفێنراوە و تاڵان کراوە، ئەمەیان هەر خۆی دەیزانێ چۆن ڕووی داوە. لێرەدا ئاماژەیێک هەیە بۆ ئەوەی ئەم جوانە هەڵخەڵەتێنراوە لە دواییدا تووشی داوێن پیسی بووە.

گردی سەیوان

لە شیعرێکیدا ئەخۆل بەناوی «سکاڵا لەگەڵ سەیوان و تکا لە گەردوون» موناجات لەگەڵ گردی سەیوان دەکا:

ئەی گردی سەیوان سەیوانی سێوان
ئەی کەنزی گەوهەر سەر تا بەلێوان
هەر خوا ئەزانێت چی لە دڵتایە
چەن گوڵی وەریو لە ژێر چڵتایە
تۆ گوڵزارێکی خارە سەمەرت
ووشکە شۆڕەبی نار و عەرعەرت
هەر گەلایێکی کە لێت ئەوەرێ
پارچە دڵێکە و گۆشەی جگەرێ
هەر پەڕێ گوڵی ئەرخەوانەکەت
هەر دەنکێ گڵی بیابانەکەت
لە خوێنی گەشی چەن جوان و پیرە
لە ئێسکی سەری چەند گەدا و میرە

ســـەوزە ووردە گـــیـــات بـەڵام ئـەبوایـە
بـەپـێـــچـــەوانە ڕەنـگـی ســـوور بـوایـە
چـون لـەســـــەر لاشـــــە و دڵان ڕواوە
بـەخـــــوێـنـاوی گـــــەش ئـاویـان دراوە
بەڵام تا دوێنـێ بەڕاست گـوڵشـەن بووی
مـێـرگ و مـێـرغـوزار باغ و چـەمـەن بووی
لـەســـــەر چـڵانت بـولـبـــول و قـــومـــری
دڵشـاد ئـەیـانخـوێند ئـێـسـتـاکـە ئـەگـری
چەن جووتەی دڵخواز بێ جەور و مەینەت
لەســەر سـینەی تۆ ئـەیان کـرد عـوشـرەت
ئـێـــســـتـــاش ئەوانـەن کـەوتـوونە بـەر پـێ
ئـێـــســـقـــانـیـــان بـۆتە خـــاکـی ســـەرەڕێ
ئـەی گـــەردوون کـــە تۆ ئـەمـــە بـێ وەفـــات
بـۆچـی بمـێنم بکـێـــشـم جـــەفـــات!
قـــەســـەمت ئـەدەم بـەحـــەقـــقـی یـەزدان
وەر تـــا زووە بمـنـێـــــــرە ســــــەیـوان
وەک لـە دنیـــادا کـــەوتـووەمـــە بەر پـێ
بـا لـەوێ ببــــمــــە خـــاکـی ســـەرەڕێ

ئـەگەر گردی سـەیوان گۆڕسـتانیش بووبێ پێش بناغە لێدانی شاری سلێمانی لە دوای دروسـتبوونی پایـتەختی مـیرنشـینی بابان گردەکە بوو بەگۆڕسـتانـی ڕەمزی یادگـاری هـەمـوو مـردوویێکی ئەو شـارە. شـاعیر قسـەی لەگەڵ دەکا، بەسـەرهـاتی دەگێڕێتـەوە. لە پێشـانا گوڵسـتان و دەوەنسـتانێک بووە، ئەرخـەوانەکانی نەخشی سروشت بوون لەسەر قەدپاڵی ئەو گردە. شاعیر باس لە خەڵکی ناو گردەکە دەکا. لاو و پیر، هـەژار و میر، شـەهیدی نیشتمان. ئەو دڵدار و دلبەرانەی لە کاتی خۆیدا لە بەهاری گـردی سـەیوان دەست لە مـلانێ بوون، ئـێسـتا لە ناو هـەناوی گردەکـە نێژراون و کەوتوونەتە بەرپێیان.

شاعیر بەوێنەی جوانی داهێنراوی شیعری کۆتایی بەلیریکەکەی دێنێ بەوەی زوو ئەو شانازییەی بەرکەوێ و لە سەیوان بنێژرێ. دیارە هیچ زیانێکیشی لێ ناکەوێ ئەگەر لەوێ ببێتە خاکی سەرەڕێ، چونکە لە دنیاشدا خۆشی نەدیوە و هەر لە ژێر پێیاندا بوو.

ئەیلوولی خوێناوی

بۆ هەڵسانی خەڵکی سلێمانی لە ڕووی زۆردارییەوە لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ئەخۆل دەڵێ:

بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خڕۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەو شارە قەوماوە
بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللەی وەک باران
ئەباری بۆ قڕی میللەت ئەوی پیرە و ئەوی لاوە
بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکو زۆربەی گەلاڕێزان
لە ڕێدا عەینی ئەتووت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە
لە بەردەرکی سەرا دیارە لە هەر لایێک تەماشاکەی
سەراسەر پڕ لە لاشەی مردووە شێلراوە کوژراوە
لە هەر کووچە و پەنایێکدا تەڕی و سووریت ببینیایە
ئەوە خوێن و سریشکی دایک و جوانان بوو کە ڕێژراوە
لە کام ماڵ گوێت ئەگرت هەر باوکەڕۆ بوو ڕۆڵە ڕۆ و کاکە
لە کوێ سەیرت دەکرد هەر لاشەیە تێکەڵ بەخوێناوە
ئەوی دوێنێ جگەرگۆشە و عەزیزی باب و دایک بوو
ئەوا ئەمڕۆ لە ژێر خاکا شەهیدە و چاوی لێک ناوە
دەمەو ئێوارە نەتنواڕی بەوێنەی ڕێچکە مێروولە
بەڕێز تابووتی کوژراوان بەرەو سەیوان ملی ناوە
چ قینێکە چ زوڵمێکە چ کوشتار و برینێکە
ئەبێ قەت بیر نەچێ هەرگیز هەتا کورد زیندووە و ماوە

ئەم شیوەنەی ئەخۆل یەکێکە لە ماتەمنامە جوانەکانی کە کۆمەڵێک شاعیر بۆ ئەو ڕووداوە گرنگەی شاری سلێمانی هۆنیویانەتەوە. شاعیر سۆزێکی بەکوڵی هێناوەتە ناو مانا و وێنە شیعرییەکانی ئەم لیریکە. لە لایێکی دیکەوە ئەگەر بەچاوی ڕاستی مێژوو تەماشای ئەم شیعرە بکرێ زیادەڕۆیی تێدا دەبینرێ، کەچی ئەمە بەسەرکەوتوویی بۆ شیعرەکە گەڕاوەتەوە. شاعیر ئیلهامی لە ڕووداوەکە وەرگرتووە، ئەو کاتە تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵان بووە. بەچاوی شاعیر تەماشای مەسەلەکەی کردووە نەک بەچاوی مێژوونووس، لەبەرئەوە لەم شیعرە پڕ لە سۆزەیدا سەرکەوتووە، وەک بەرهەمێکی نایاب چۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

شیوەنی سەرداری نەمر

بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموود ئەخۆل دەڵێ:

ئەی دڵ ئەی دەروون وەختی گریانە
ئەی چاو جا نۆرەی ئەشک بارانە
ئەی کوردی کڵۆڵ گەلی چارەڕەش
ئێستاکە دەمی سیا پۆشانە

***

بۆ شۆڕەسواری کورد و کوردستان
بۆ قارەمانی بەردە قارەمان
لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دیارە
هەڵمەت و تاوی وەک نەڕەشێران

***

ئای چۆن کوردستان بەکۆچت سەردار
بێکەس مایەوە لە دەس ڕۆژگار
ئالای پێچراوەی گەلی بێچارەت
نەک لە نیوەی دار کەوتۆتە بن دار

***

له ناو چیـــاکــــان لـه چۆڵ و لـه دەر
له خـوار و له ژوور لەمــسـەر و لەوســەر
ئـەزرنـگـێـــــتـــــەوە هــەتـا هــەتـایـە
دەنگی نـەعــرەتەی ئـەڵڵاهو ئـەکــبـــەر

***

خــــۆت و لاوانـی نـەتـرس لـه مـــــردن
ئـەو هێــرشـــانـەی بردتـه ســـەر دوژمـن
هـەر هـەڵمـەت دان و هـەر کـۆڵ نەدان بوو
تـا ڕەگ و ڕیشـــــەی دەرهـێـنـرا لـه بـن

***

ئـەی نـەوەی پـاکی ئـەحـــمـــەدی کـــاکی
ئــەی پـاڵــەوانــی چـوســت و چــالاکـی
کـــــردەوەی بـەرز و جــــەنگـاوەری تـۆ
بوو بـەمــەشــخــەڵێک بـۆ ڕێی ڕووناکی

ئەخۆل یەکێکە لەو شاعیرانەی لە نزیکەوە دۆستی بنەماڵەی شێخ مەحموود بوون. ئەگەر دەروێشی ڕێکخراوی تەریقەتی قادریش نەبووبن لە ناو خەڵکی سەر بەو تەریقەتە حسێب کراون. لە لایێکی دیکەوە شاعیرێکی وەکو ئەخۆل شێخ مەحموودی وەکو برادەرێکی گیانی بەگیانی ناسیوە، ڕەنگە ئەگەر نەبوایە بەمەلیکی حوکوومەتی کوردستانی باشووریش شاعیر ئەو سۆزە بەکوڵەی لەگەڵ شێخدا بوایە. لە ڕووی هونەرییەوە ئەخۆل ئەم شیعرەی لەسەر بنچینەی بەندی چوارین هۆنیوەتەوە بەقافیەی (ا ا ب ا).

بۆ ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨

لە ڕۆژی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە بەغدا کوودیتایێکی سوپایی ڕووی دا، ڕژێمی مەلیکی عیراقی سەراوژێر کرد و جاڕی کۆماری لە عیراق دا، بەم هۆیەوە ئەخۆل ئەم شیعرەی داناوە:

منالْ بووم بیرمە مێژووی کوردستان
وەک سەرگوزەشتە وەکو داستان
لە بیرمە چلۆن بوو بەوێرانە
بەگولله و تۆپ و بۆمبای بێگانە
لە بیرمە چەن لاو چەن قارەمانان
کران بەدارا و خرانە زیندان
بەچەند هەزاران کۆرپەی نازداران
لە ژن و لە پیاو لە پیر و لە جوان
ئەمانە هەمووی زۆرتر تێکڕا
بوونە خۆراکی برسێتی و بۆمبا
بەهۆی جەنگەوە و کردەی زەمانە
کەوتە ژێر دەستی پیسی بێگانە

***

ئەمڕۆ پاش دەنگی ئەڵڵاهـ و ئەکبەر
گوێم لە دەنگێ بوو وەکو شێری نەڕ
ئەینەڕان پڕ دەم پڕ دەشت و چیا
پڕ بەئاسمان و پڕ هەموو دنیا
دەنگێک پڕ نەعرە و بانگی ئازادی
ئەزرنگایەوە وادی بەوادی
ئەیووت ئەی گەدا دیل و سەرگەردان
ڕاپەڕن لە خەو خەوی چەن سالاَن
وەرنە ژێر سایەی داری ئازادی
پاش ساڵەهای ژین بەنامرادی

ئەخۆل ئەم لیریکەی کردووە بەدوو بەند، لە بەندی یەکەمدا باس لە نالەباری کوردستان و چەوساندنەوەی کورد دەکا لە عیراق لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی. لە بەندی دووەما لەو ئازادییە دەدوێ کە کوودیتا سوپاییەکە لە ڕۆژی

١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ لە بـەغـدا لەگـەڵ خـۆی هێنا. ئەو بەیانییـە ڕادیۆی بەغدا بەسـروودی عـەرەبی «ئەڵڵاهـو ئەکـبـەر» هـەواڵی کـوودیتـاکەی بـەخـەڵکی گـەیاند. شـاعیر لە ڕووی سـۆزی کوردایەتییەوە پشتگیری ئەو گۆڕانە گرنگەی کردووە لە دەسەڵاتی عیراقدا. ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو ئەم ئازادییە درێژخایەن نەبوو، بێ بەر بوو و زوو خۆی خواردەوە. لە دوای سێ سـاڵ میللەتی کورد ناچار بوو چەک هەڵبگرێ و لە ئەیلوولی ١٩٦١ دەست بەشـۆڕش بکا چونکە هەڵوێستی دەسـەڵاتی بەغدای کۆماری بۆ سەر کورد دژوارتر بوو لە دەسەڵاتی سەردەمی مەلیکی.

چوارین

١

ئەخـۆل بۆ بەرژەوەندی کـەسـێـتی خـۆی لە هیچ نـاکـەسـێک ناپاڕێتـەوە، لە چوارینێکیدا دەڵێ:

لە خـوێن و خـۆڵا گـەر بتلێـمـەوە
ناگـــریم ناناڵم ناکـــڕووزێمـــەوە
چاوم تاریک بێ گـەر لە برسـانا
لـە هیـچ نامـــەردێ ناپاڕێمـــەوە

ئەوەی بەخـۆڕایی و بەبێ بنچینە بووە بەخـاوەن دەسەڵات شـایانی ئەوە نییـە، بۆیە نابێ بەگەورە بناسرێ.

٢

لە چوارینێکیدا ئەخۆل لە نایەکسانی دەدوێ لە ژیانی ئادەمزاددا:

دیم پاچ لێ ئەدا کـــابرای کـــرێکار
لە جـێـیێک دایک و سێ کـۆرپەی نازدار
لە برسـا مـردوو خـۆم دیم کـە نێـژران
ئێـــســـتـــاش بۆ پایەی هـەیوان و تـەلار

پاڵەیێک شـەو و ڕۆژ پاچ لێ دەدا و عـەرەق دەڕێژێ، کەچی لە برسـانا دەمرێ،

بەرەنجی ئەو دەوڵەمەند دەبێ کۆشک و باڵەخانە دروست دەکا.

٣

لە چوارینێکیدا ئەخۆل لەسەر ئەو باوەڕەیە دڵداری ڕاستەقینە بەتراجیدیا کۆتایی پێ دێ:

کە دوێنێ شەمعی مەجلیس بوو چریسکەی ڕوومەتی ئاڵی
ئەوا ئەمڕۆ ئەڵێی داغە لە جەرگا فیرقەتی خاڵی
بەڵێ عاشق ئەگەر سەد بار بنۆشێ بادەیی عوشرەت
ئەبێ هەر ئاخری بخوا بەسەر شیرینی یا تاڵی

بەرەوانبێژییێکی داهێنراو شاعیر بەراورد لە نێوان تریسکەی مۆم و بریقەی ڕوومەتی ئاڵ دەکا. ئەمە بەداغ دەچوێنێ. ئیتر زوو ڕادەکا بۆ لای دڵداری. بەلایەوە هەرچەندە خۆشی تێدا بێ دەبێ بەکارەسات کۆتایی پێ بێ، چونکە هەموو دڵدارییەکانی گێتی هەر وا بووە.

٤

ئەخۆل لە مەیگێڕ دەپاڕێتەوە ئەوەندەی بۆ تێکا تا بەتەواوی سەرخۆش دەبێ:

ساقی بەدەوری سەرتا خولەم بێت
هێندەم بۆ تێکە بکەومە بەر پێت
تۆ لە ئالامی دنیام بەدەر کە
با هەر بڵێن پێم (ئەخۆل) شێتە شێت

دەردی ژیانی سەر ڕووی زەمینی شاعیر ئەوەندە پڕ ئێش و ئازار و دژوارە بەسەرخۆشییێک نەبێ تا پلەی شێتی سەر ناگرێ و چارەسەر ناکرێ.

تاک

ئەخۆل لە تاکەکانیدا سەرکەوتووە، ئەو جۆرە شیعرانەی وەکو پەندێک یا قسەی نەستەقێک و بیرێکی دانایانە دەچنە ناو ئەو ئەدەبەوە وەک داهێنانێکی سیمبۆلی و ڕۆمانتیکییانە خۆیان دەنوێنن.

١

له تاكێكیدا ئەخۆل دەڵێ:

ئەگەر چاوم له تۆ جوانتر كەسێكی دی هەتا ماوم
ئەڵێم خوایه لەو دنیاش بەساغی هەڵنەیێ چاوم

لەو شیعرەدا چاوی شاعیر تەنیا بۆ بینینی دلبەر دانراوە، واته بۆ بینینی دەرەوەی ئەو كوێرە، شاعیر داوای ئەوە دەكا له دنیای دیكەش هەر كوێر بێ بۆ ئەوەی تەنیا بۆ بینینی دلبەر ساغ بێ.

٢

له بەراوردێكیدا شاعیر دەڵێ:

یەكێ نەمام ئەڕوێنێ و یەكێ نەمام ئەنێژێ
ئەمیان چاوەڕێی گوڵە و ئەویان فرمێسك ئەڕێژێ

ژیان بریتییه له بزە و فرمێسك، یەكێ شەتڵی گوڵ دەڕوێنێ، یەكێكی دیكه جوانێك دەنێژێ، یەكەمیان بەپێكەنینەوە چاوەڕێی گوڵە، ئەوی دیكەیان فرمێسك بۆ جوانەمەرگ دەڕێژێ.

٣

له بابەت دڵداریی بەهێز و گەرمی خۆیەوە دەڵێ:

دڵێكم ئەوێ دڵداریم فێر كا
چاوی چنۆكی پڕ عەشقم تێر كا

لەبەرئەوەی شاعیر له دڵداریدا زۆر چاوچنۆكە دڵێكی دەوێ فێری دڵدارییێكی قووڵی وای بكا له چاوچنۆكییەكەی تێر بێ. وەك ئاشكرایه چاوچنۆكی ڕەوشتێكی ناشیرینە، بەڵام شاعیر ئەو ناشیرینەی جوان كردووە.

***

ئەحمەد كوڕی دەروێش كوڕی عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەخۆل یەكێكە لەو شاعیرانەی بەهرەی هونەری و گوێی مۆسیقی كردوویەتی بەشاعیر پێش ئەوەی

زانیـاری گـشــتی فـریای بکەوێ. زۆری نەخـوێندووە، بەڵام زۆری خـوێندۆتەوە. عەودالّی شیعر بووە، شیعری خەڵکی بووە بەپشتیوانی شیعری خۆی و بەهێزی کردووە.

ئەخۆڵ ڕاستگۆ بووە لە شیعریدا، بۆ خۆی نووسیوە، لەبەرئەوە زۆرتر خەریکی دڵداری بووە، لەو جۆرە شیعرەدا سەرکەوتوو بووە. شیعری دەرەوەی دڵداری کەمە، لەوانەشدا داهێنانی هەیە ئەگەرچی لە پلەی دڵدارییەکانی نین. هەموو بابەتەکانی کێش و قافیەی شیعری کوردی لە بەرهەمیدا بەکاری هێناون. لە هەمووی گرنگتر ڕەوانی شیعریەتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە و تەعبیری ئاسان و مۆسیقای سازگارەوەیە.

أ. ب. هەوری

بەشی حەڤدەم

هەوری

١٩١٢ - ١٩٧٩

شـــەو لە داخــی ڕۆژی تۆیـــە ڕۆژ بـــە یـــادی شـــەوتەوە
مەیلی دەشتی چۆڵی پەستی گەرمی گوێی سیروان ئەکەم

ژیانی

ئەبووبەکر کوڕی شێخ جەلال کوڕی شێخ تەها لە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی چنارەی نزیک دەربەندیخان لە دایک بووە. سەرەتای فێربوونی نووسینی لە لای باوکی بووە. لە ساڵی ١٩٢٥ ماڵیان گواستۆتەوە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٢٦ لە قوتابخانەی زانستیی شەوان خوێندوویەتی، لە پاشانا چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی ئینجا قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٣٥ بووە بەقوتابی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٣٨ خوێندنی ئەوێی تەواو کردووە بووە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجە. ئینجا لە ساڵی ١٩٣٩ گوێزراوەتەوە قوتابخانەی ئەیووبییە و لە پاشانا فەیسەڵییەی سلێمانی. لە دوای ئەوە کراوە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی سووورداش. لە ساڵی ١٩٤٥ گوێزراوەتەوە سلێمانی و لە چەند قوتابخانەیێک مامۆستا بووە، تا لە ساڵی ١٩٤٩ بووە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی، ماوەیێکی زۆر لەم کارەیدا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٦٩ خانەنشین کراوە.

ماوەی دوای خانەنشینی بەخوێندن و نووسین بردۆتە سەر، کەسێکی مرۆڤ حەز بووە، پێوەندی لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیران بەهێز بووە، نیشتمانپەروەر بووە، کوردایەتی کردووە، زیاتر بایەخی بەدڵداری و ژیانی کۆمەڵایەتی داوە، لە پراکتیک کردنی سیاسەتی ڕۆژانە هەندێ بەدوور بووە،

لەبەرئەوە تووشی سەرێشەی ئازاردان و گرتن نەبووە.

لەو کاتەی دەستی بەنووسین کردووە و هەوڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی داوە نازناوی «هەوری» بۆ خۆی هەڵبژاردووە بەناوی «أ. ب. هەوری»یەوە بڵاوی کردۆتەوە. لە ماوەی خانەنشینیدا هەوڵی داوە ژیانی بەهێمنی بباتە سەر و لە ماندووبوونی ڕۆژانی ڕابردوو هەندێ بحەسێتەوە، بۆ ئەم مەبەسە گەشتی لەندەن و مۆسکۆی بووە. تا لە ساڵی ١٩٧٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

بەرهەمی

هەوری یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی بایەخیان بەشیعر و پەخشان داوە. لەو کاتەی سنووری بۆ هەردووکیان داناوە، هەر لەو کاتەدا تێکەڵی کردوون و ئەم بابەتەی لە ئەدەبی کوردیدا دەوڵەمەند کردووە. لە ژیانی نووسەردا بەشێکی زۆر لە بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە، لە دوای مردنی فازل نیزامەدین بایەخی بەسەرجەمی بەرهەمی هەوری داوە و بەتایبەتی هەندێکی بڵاونەکراوەی زیندوو کردۆتەوە و لە نەمان ڕزگاری کردووە (٢٠٠٢).

شیعر

شیعری هەوری دەچێتەوە سەر شیعری سیلابی خۆماڵی لەسەر کێشی دە بڕگەیی دامەزراوە، قافیەی بەگشتی مەسنەوییە، لە شیعری ئەم جۆرە کێشەیدا بەندی چوارینی هەیە (ا ا ب ا)، هەروەها بەندی پێنجینی هەیە لەسەر یەک قافیە (ا ا ا ا ب ب ب ب...). جگە لەمە، لە شیعری دە بڕگەییدا یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە. لە کێشەکانی دیکەی خۆماڵیدا چەند شیعرێکی هەیە لەسەر کێشی حەوت بڕگەیی دامەزراون، هەندێ دێڕی ئەم بابەتە شیعرە دەبن بەهەشت بڕگە. زۆربەی ئەم شیعرانەی وەک گۆرانی بەمۆسیقاوە یا سروود بۆ قوتابیانی قوتابخانەکان هۆنراونەتەوە. شیعری بەحری عەرووزی لە بەرهەمی هەوریدا زۆر کەمە. لەوانەیە مەیلی بۆ پێنج خشتەکی هانی ئەوەی دابێ ئەم جۆرە شیعرە بڵێ، چونکە پێنج خشتەکییێکی هەیە لەسەر شیعرێکی ئەخۆل. هەوری بایەخی بەچوارین داوە، هەست بەهەناسەی خەیام دەکرێ لە چوارینەکانیدا.

زۆرینەی شیعری هەوری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەچنە ناو سنووری شیعری

دڵداری و وەسف و کۆمەڵایەتی و کوردایەتی، ئۆپەریتی چوار وەرزی ساڵی هەیە، بەشیعر جووتیار و ڕەنجبەر و ئاودێر و سەپان و وەرزێر گفتوگۆ دەکەن. شیعری زۆری بۆ نەورۆز وتووە. شیوەنی بۆ شێخ سەلام و ڕەفیق حیلمی کردووە، پێشوازی کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدای کردووە چونکە کە هاتووە لە سەرەتادا خۆر وەپایەوە بووە.

پەخشان

بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی هەوری بە پەخشان کەوتۆتە ناوەوە، کارە گرنگەکانی لەم بەرهەمانەدا دەکەونە بەرچاو:

١- دڵداری و پەیمانپەروەری: شانۆگەرییێکی حەوت پەردەییە. لە دڵداریی ڕاست دەدوێ لە پێناوی پێکەوەنانی خێزانێکی بەختیار.

٢- بووکی ژێر دەواری ڕەش: چیرۆکێکی دڵداری دراماتیکییە هەوری بەم قسانە بەخوێنەری دەناسێنێ «ئەو کچەی لێوی بەخوێنی دەسگیرانەکەی ئاڵ کرد، خەنەی شاییەکەی خوێنی لاوان و تارای بووکێنی دەواری ڕەش بوو».

٣- زینەت خان: شانۆگەرییێکی دوو پەردەییە، ناوەڕۆکی دڵداری دراماتیکییە.

٤- ڕۆژانی دێرین ١٩٢٥ – ١٩٥٨: بەشێکە لە یادداشتەکانی هەوری جگە لە نرخی جوانکاری وەک پەخشانێکی هونەری داهێنراو نرخێکی مێژوویی خۆی هەیە، هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتیی خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە ڕوون دەکاتەوە.

نموونەی شیعری

١

لە ساڵی ١٩٣٩ هەوری لە لیریکێکیدا دەڵێ:

ئەی وەتەن تۆ وا مەزانە شادمانم ئارەزووی سەیران ئەکەم
حەز بەلەنجەولار و شێوەی دیدە مەخمووران ئەکەم
سەد هەزار چاوی خوماری عیشوەداری کەچ کولاە
بۆ سەعاتێک شادمانی خاکەکەت قوربان ئەکەم

نامـــەوێ بۆ چیـــمـــە بـەزم و دەبدەبـەی جـــانانـی شـــەو

من تەمـەننـای بـەزمی وەسـڵی خـاکـەکـەی کـوردان ئەکـەم

شـــــــەو لـە داخـی ڕۆژی تـۆیـە ڕۆژ بـەیـادی شـــــــەوتـەوە

مەیلی دەشـتی چۆڵی پەسـتی گەرمی گوێی سیروان ئەکەم

شـــەرتە ئێـسکم تـا نەبێـتـە خـاک لە بۆ کـۆشـکی وولآت

من لـە قـەبرا بۆ کـەسـاسـیت شـیـوەن و گـریان ئەکـەم

ئەی وەتـەن بـا جـــارێ وا بـێ تـا هـەلێکت دێتـــە پێش

تێـدەگـەی ئـەوسـا شـێـرانـە ئارەزووی مـــەیدان ئەکـەم

ئەی وەتـەن من خـام و خـامـەش دەردی تۆی گـرتۆتـە بەر

ئـەم قـــســـانەش ئاگـــرە و (هـەوری) پـێ بەرپا ئـەکـــەم

هەوری لە سـەردەمـێکدا ژیاوە نیـشـتـمـانپـەروەری و کـوردایـەتی لـە ناو خوێندەواراندا باو بووە. نرخی هەر شاعیر و نووسـەرێک بەپێی هەوڵ و کۆشـشی لە پێناوی ڕزگاری نەتەوە دیاری کراوە، لەبەرئەوە لە قاڵبی شیعری کلاسیکیدا شاعیر ئەم هەستەی دەربڕیوە.

٢

لە ساڵی ١٩٣٥ هەوری ڕوو دەکاتە دیجلە و دەڵێ:

دیجلـە تۆ هـەروا بۆچـی سـەرەوخـــوار!

پێچ ئـەدەی ئەڕۆی ڕۆژ و شـــەو بێـــدار

گـــــوڕەت نـەمـــــاوە دیـدەت لێـــــلاوە

زولفـت وەک حـــەبەش گــرژ و شـێـواوە

کــز کــز بۆی ئـەڕۆیت کــەنـارە و کــەنار

فـرمـێـسک ئـەڕێژیت وەک هەوری بـەهـار

بۆ ڕوو لە دەشت و پشت لە کێو ئەکەیت

شـەو سپی پۆشیت هەر لە خێو ئەکەیت

وەک من دڵ پڕ داخ بەخـــۆزگـــە و ئاوات

بـەزللـەی زەمـــان چۆڵمـــان کـــرد وولآت

ئینجـا کـه وا بـوو هەردوو وەک بولبـول
بەجـووت بخـوێنین لەسـەر چرۆی چڵ
بڵـێین هەر بژی خـاکی کـوردسـتـان
خـۆی و زانسـتی و کـۆمـەڵی لاوان

لە ساڵی ١٩٣٥ کە هەوری بۆ خوێندن لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی چووە بۆ بـەغـدا بـۆ یەکـەمین جـار چاوی بەڕووبـاری دیجلە کـەوتووە. ئـەوەی زانیـوە لە ناوجـەرگـەی خـاکی کـوردەوارییـەوە هەڵدەقـوڵێ بەرەو بیابـان و سـارا. شـاعـیـر ئاماژەی هەیە بۆ زوڵف وەک حەبەش، ئەم لێکچوواندنە لە ئەدەبی کلاسیکیدا باوە، زوڵفی ڕەش وەک ڕەنگی حەبەشییان وایە، بەڵام شاعیر لێرەدا مەبەسی ئاڵۆزی و شێواوییە نەوەکو ڕەنگ، بەتایبەتی لەو سـاڵانەدا وڵاتی حەبەشە (ئەیتووپیا) لە ژێر باری ئەمـپریالیـستی ئیـتـاڵیا شـێوا بوو. هەروەها ئـامـاژەی هەیە بۆ زانـستی و کـۆمـەڵی لاوان، مـەبەسی قـوتابخـانەی زانسـتیی شـەوانەی سلێـمـانییـە لەو سـەردەمـەدا، کۆمـەڵی لاوان مـەبـەس ئەوانەن لەو قـوتابخـانەیەدا بـەشـەو بەبێ پارە وانەیان دەوتەوە.

٣

لە بابەت «گوڵ»ەوە هەوری دەڵێ:

ئەی گـوڵ تۆ قـیـبلـەی هەرزەکـارانی
تـۆ دەوای دەردی دەردەدارانـی
بەقـول پڕ مـشـتی شـوان و پیـری
تـۆ غـەمـڕەوێنی جـوان و مـیـری
بەزەردەخـەنەت بـۆ باکـەی سـەحـەر
تارای زەرد و سـوور دەشت ئەکاتە بەر
تـۆ ئـاگـاداری ڕازی دڵـداریت
تـۆ ڕەونەق بەخـشـی وەرزی بەهاریت
بـۆ تۆیە بولبـول بێـدار و بێ خـەو
وەنـەوزێـک نـادات بەدرێژایی شـەو

بۆ تـۆیە وەرزێر بـەهـەوڵ و تـەکــــــان
زەوی لـەت دەکـــات بـەبێـڵ و بـەشــــان
ئیلهـام ئـەبەخـشـی بەشـاعـیـری زار
ئـایەتـی بـوون و بـەرزی کـــــردگــــار
بـۆن و بـەرامــــەت عـــیللـەت پـەڕێنـە
دیمـەنـی بـەژنـت ئـەو دڵـڕفـــــــێنـە
ناسک ئـەندامی کـیژی شـۆخ و شـەنگ
بەئـاوێنەی ڕووی تۆ دەکـرێن بەسـەنگ
ئەی گوڵ من بۆیە تۆم زۆر خۆش ئەوێ
کـاتێک ئەپشکویت کـە خـۆر دەرکـەوێ

شـاعـیـر لـە سـاڵی ١٩٥٦ ئەم لیـریکەی هۆنیـوەتەوە بەمـەبەسـی ئەوەی وەک سـرووودێک بـەئاوازەوە ببێ بەگـۆرانی. شـیـعـرەکـە وەک دیاردەیێکی سـروشت دەکەوێتە ڕوو، خۆشـیی گیـانی دەگەیەنێتە هەمـوو ئادەمزادێک. شـاعیر نموونەی ئەو ئادەمـزادانـە لە ناو کـۆمـەڵدا دیاری دەکـا، لە هەمـووی لایـەقـتـر ئـەوەیە بەلای شـاعیرەوە سـەرچاوەی گرنگی گێتیی دڵدارییە، گوڵ و کچ جـوانییان لـە یەکتری وەردەگرن.

٤

لە شـیـعرێکیدا بەناوی «بووکی درەخت» هەوری لە ساڵی ١٩٥٨ هـۆنیویەتییـەوە دەڵێ:

تـازە نـۆ بـووکـی بـەهـاری دەم کـــــەل
دەنگی پێ خـەسـو وەک جـریـوەی مـەل
لـەگـــەڵ چـریکـەی بـەحـــــەیوانـەوە
بەسـیـــاچەمـــانـەی ناو شـــاخــانەوە
ئـەدەن بەگـــوێمـــدا نـەورۆز و بەهـار
پێشـوازی ئەون جـەژنی درەخت و دار

له پێش ساڵی ١٩٥٨ دەسەڵاتی عیراق بەربەرەکانی جەژنی نەورۆزی دەکرد، لەباتی ئەو جەژنێکی بەناوی (دار و درەخت)ەوە دانا بوو، لە شاعیرانی کورد ئەگەر هەندێ بەو ناوەشەوە شیعریان دانا بێ، بێ گومان هەر مەبەسیان نەورۆز بووە، هەوری ئەم شیعرەی بۆ نەورۆزی ١٩٥٨ داناوە کە هێشتا ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ئەو ساڵە هەڵنەگیرسا بوون، هەرچەندە شیعرەکە بەناوی درەختەوەیە، بەڵام شاعیر یادی نەورۆزی کردۆتەوە و هەر بەناوی ئەو جەژنەوە پیرۆزی کردووە.

لە شیعرەکەدا ناوی پێ خەسوو هاتووە، ئەمە ناوی یەکێک لە گۆرانییە میللییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە وەکو سیاچەمانە و لاوک و حەیران و هی دیکە.

٥

لە شیعرێکیدا بەناوی «تاوانی ئەتۆم» لە ساڵی ١٩٤٥ هەوری بۆ کارەساتەکەی هیرۆشیما و ناگازاکی هۆنیوەتییەوە دەڵێ:

لەسەر ئەم زەوییەی تەوەرە کۆماو
ڕاستی نابینیت تۆ هەرگیز بەچاو
بۆ بەرەی بێ دەست نییە تروسکە
گەر باوەڕ ناکەیت لە ژاپۆن پرس کە
لە هیرۆشیما بەڵگەی نام و نەنگ
بۆچ مافی ژیان وا کرا بەپەنگ
بۆ ئەوەی زۆردار زیاد بێت بەدەستدار
ئەبێت بێ دەستان بمرن بەهەزار
هەر بەیەک بۆمبای ئەتۆمی بەدناو
دووسەد هەزار کەس بوو بەهەڵمی ئاو
بۆمبا هاوێژیش بەهیچ تەر نەبوو
بێدەنگ بێ سزا بەگورجی دەرچوو

تاوانی بۆمبابارانی وڵاتی یابان بەبۆمبای ئەتۆم لە لایەن دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی هاری ترومان هەموو مرۆڤایەتی

هەژاند، بەتایبەتی کە لە دواییدا زانرا تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوە بوو بزانن لە دروستکردنی ئەم بۆمبایە لە ڕووی پیشەسازییەوە سەرکەوتوون یا نا!

شاعیر و نووسەرانی کورد لەگەڵ هەموو ڕۆشنبیرانی گێتی بێزاری خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەم کارە دڕندەییەوە بە بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو.

***

أ. ب. هەوری شاعیر و نووسەرێکی ناوچەی سلێمانی جێ پەنجەی دیارە لە ئەدەبی کوردیدا. مەشقی زۆری هەبوو، لە شیعردا پێڕەوی شیعری میللی خۆماڵی کردووە، بەزۆری کێشی سیلابی خۆماڵی و قافیەی مەسنەوی بەکارهێناوە. تازەگەری لە قافیەدا هەیە. شیعری عەرووزی کەمە، لەمەدا کێشە سووکەکانی بەکارهێناوە. شیعری لە بابەتی لیریکییە، ناوەڕۆکی شیعری دڵداری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتییە.

لایەنی گرنگ لە بەرهەمی هەوری ئەوانەن بەپەخشان دایناون. بایەخی زۆری بەچیرۆکی شانۆگەری داوە، لە وتاری هونەریدا سەرکەوتووە، یەکێ لە ئەدگارە داهێنراوەکانی ئەو وتارانەن بەشیعر موتروبەی کردوون. بەرهەمی بەگشتی دەچێتە ناو چاک کردنی باری ژیانی کۆمەڵ و دوارۆژی کورد (تەنویر).

قاچاغی مراد

بەشی هەژدەم

قاچاغی مراد

١٩١٤ – ١٩٩٢

گـول کـو تـەزە پشکڤـینە
هـە مـن وانرا دبێــژن گـول
هن ئەو سۆرن هن سـپینە
دیســا وانرا دبێــژن گـول

ژیانی

قـاچاغ کوڕی مـراد کوڕی شـەباب لە سـاڵی ١٩١٤ لە شـاری قارس لە کوردسـتانی عوسـمانی لە دایک بـووە. تەمەنی چوار سـاڵان بووە کە سوپای عوسـمانی بەزیوی جـەنگی یەکەمی گـێتی لـە سـاڵی ١٩١٨ هێـرشـە دڕندانـەکەی بردە سـەر کوردی ناوچەی قـارس. مـاڵی باوکی ڕوویان کـردە ئـەرمـەنسـتـان و لە ناوچـەی ئەلەگـەز جێگیر بوون. قـاچاغی منداڵ بەختی یار بوو، لـەو ناوچەیە زۆر نەمـانەوە و باریان کـرد بۆ شـاری تفلیس پایتـەختی گـورجـسـتـان. دە سـاڵ خـوێندنی سـەرەتایی و ئامـادەیی لە قـوتابخـانەی ڕووسـی ژمـارە (٤٧) لـە تفلیس تـەواو کـرد. ئینجـا بۆ ئەوەی قـۆناغـەکـانی زانسـتگایی تەواو بکا ڕووی کـردە یەریڤـان. لـە پێشـانا سێ سـاڵ بوو بەقـوتابی لـە ئامـۆژگـای زمـان و ئەدەبی ڕووسـی لە یەریڤـان، ئەوجـا ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لەو شـارەدا گەیاندە ئەنجام. لە دوای ئەمـە دوو سـاڵ مـامـۆسـتـای قـوتابخـانەی سـەرەتایی بووە لـە شـاری لینینەکان لە ئەرمەنستان.

لە سـاڵی ١٩٣٩ قـاچاغ لە ڕێکخـراوی لاوانی لینینی بـوو. لەو سـاڵەدا بوو بەپارتیـزان و دەسـتی کـرد بەمـەشـقی جـەنگی پارتیـزانی. لـە سـاڵی ١٩٤١ کـە

ئەڵمانیا هێرشی بردە سەر ڕووسیا لە توانایدا بوو لە هێڵەکانی ئەو جەنگەدا دەوری باڵای ببێ. لە بەشێکی زۆری خاکی چیکۆسلۆڤاکیا لە ڕێزی سوپادا بوو، لە داگیرکردنی شاری بەرلین یەکێک بوو لەو سەربازانەی بەیداغی سڤاستیکای ئەڵمانیای نازییان سەرشۆڕ کرد. لە دوای جەنگ قاچاغ تا ساڵی ١٩٥٨ لە سوپای سووری ڕووسیا مایەوە. لەو ساڵەدا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە بەشی کوردی ڕادیۆی یەریڤان کاری کرد. لە ساڵی ١٩٥٩ گوێزرایەوە بۆ ڕۆژنامەی «ریاتازە» و بوو بەئەندامی دەستەی نووسەران. ناوە ناوە دەبوو بەسەرنووسەر، چونکە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە یەک لە دوای یەک هەریەکەیان بۆ ماوەیێک دەبوون بەسەرنووسەر بەم جۆرە قاچاغ لەو ڕۆژنامەیەدا کاری کرد تا سەردەمی خانەنشینی و کۆتایی ژیانی.

قاچاغ لە جەنگدا دووجار بریندار بووە، شەش میدالیای وەرگرتووە بەرزترینیان میدالیای «ئەستێرەی سوور»ە. بەهۆی ئەوەوە زۆرترین ماوەی ژیانی خەریکی کاروباری ڕۆژنامەگەری بووە، پێوەندی بەچاپ و چاپەمەنی بەهێز بووە. لە ئامادەکردنی کتێبی هاوڕێیانی بۆ چاپ یارمەتیی زۆری داون بەپێشەکی نووسین و پێداچوونەوە و بژارکردن. کۆششی قاچاغ لە هەندێ نووسینی سەمەندی سیابەندۆڤ و میکایلی ڕەشید و حاجیی جندی و کارلینی چەچانی و هی دیکە دیارە. زانینی کوردی و ڕووسی و ئەرمەنی و گورجی و ئازەری بەخوێندن و نووسین یارمەتی داوە لە هەموو کاروبارێکی خوێندەواری سەرکەوتوو بێ.

لە دوای ژیانێکی پڕ لە خزمەتی ڕۆشنبیری و داهێنانی ئەدەبی قاچاغ سامانێکی ڕەنگین و بەکەڵکی بۆ نەتەوەی بەجێ هێشت کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کرد.

شیعری

قاچاغ لە منداڵییەوە هۆگری ئەدەبی میللیی سەرزاری دەوڵەمەندی کوردی بووە. خوێندەواری تازە و بینینی شاری گەورە و زانینی زمانی زۆر زەمینەی بۆ خۆش کردووە دەوری گرنگی ببێ لە پێشخستنی ئەدەبی کوردی تازە لە دایکبووی وڵاتی قەفقاسی ڕووسیا. شیعری هەمووی لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی کێشە درێژەکانە، کێشە برگە زۆرەکان کەرت دەکا. لە قافیەدا شارەزایە. بەگشتی

شیعری لە ڕووی قافیەوە لەسەر دەستووری «شیعری نوێ» دەڕوا، واتە قافیەی زۆری ڕەنگاوڕەنگ. قاچاغ هەوڵی داوە بۆ ڕەوانی ڕیتم و ئاهەنگ شیعری لەسەر بنجی یەکێتی قافیە داناوە. ئەمە لە لای ئەو لە بێگانە وەرنەگیراوە، بەڵکو داهێنانی خۆیەتی.

یەکێ لە ئەدگارە گرنگەکانی شیعری قاچاغ ئەوەیە هەوڵی داوە زمانی شیعر دەوڵەمەند بکا بەوەی گەلێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی پێوەندی بەکۆمەڵی پیشەسازییەوە هەیە هێناویەتییە ناو شیعرییەوە. بەمە هەندێ لەو شیعرە نووسراوە مومتازەی لە شیعری میللیی سەرزار دوور خستۆتەوە و ئەم جۆرە شیعرەی بۆنی مەدەنییەتی لێ دێ. ئەمەو جگە لەوەی زاراوەیێکی تازەی زۆری بەکارهێناوە کە پێوەندییان بەژیانی سۆسیالیزمی ئەو سەردەمە بووە کە کوردی قەفقاس تێیدا دەژیا.

شیعری قاچاغ بەگشتی لە بابەتی لیریک و پۆێمە. لیریکەکانی لە ڕووی ژمارەی دێڕەوە کورت و درێژیان تێدایە. هەرچی پۆێمەکانیشن درێژن. بەناوەڕۆک هەندێکیان لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگیراون، بەڵام شاعیر هونەری نواندووە و بەرهەمێکی تازەی دروست کردووە. بەشێکی دیکەی ئەو پۆێمانە لە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و بەزۆری لە ژیانی کوردەواری وەرگیراون. لە پۆێمە جوان و ڕەنگینەکانی ناوی ئەمانە دەکەونە بەرچاو: چیرۆکەکانی میرزا مەحموود (١٩٣٦)؛ لەیلێ (١٩٤٨)؛ قادرێ نێچیرڤان (١٩٦٠)؛ کلاما ئیگریداغێ (ئاگری داغ) (١٩٦٢)؛ گەلیی عەلی بەگێ (١٩٦٥).

لە بارەی ئەو چیرۆکە شیعرییەی بەناوی «گەلی عەلیی بەگ»ەوەیە قاچاغ دەیووت: لە ساڵی ١٩٦١ەوە کە شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانی عیراق دەستی پێ کرد لە پێشانا وەکو کوردێک، ئینجا وەکو ڕۆژنامەنووسێک ڕۆژانە عەوداڵی ئەوە بووم هەواڵ و ئاگا و ڕووداوی شۆڕشەکە ببیستم، لە دواییدا ئەو هەواڵانە بوون بەئیلهام و ئەم شیعرە لە دایک بوو.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری قاچاغ هەموو لایەنێکی ژیانی کوردی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە. بەگشتی هەمووی لە هەناسەیێکی گەشبینییەوە هەڵقوڵاوە و لە ڕەشبینییەوە دوورە. پارێزگاری نەریت و خوو و ڕەوشتی کوردەواری کردووە، گیرۆدەی جوانی کچی کوردە. سۆزی بەرامبەر بەئیدیۆلۆجییەتی سۆسیالیزم

قووڵه، ڕزگاری کوردی لەو بینیوە. قاچاغ یەکێک بوو لە خوێندەوارە دیارەکانی کورد بەمانا ئینتیلیجێنتە ئەوروپاییەکەی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەوارییەکەی ون نەکردبوو.

نموونەی شیعری

١

لە لیریکێکیدا قاچاغ دەڵێ:

وەختــتــا ئەز تە دکم گـــازی
هەزار دەنگی ئو ئاڤـــــازی
ئەز ســـــۆتم ئاڤـــرێ نازی
نزانم دهـا چ دەخــــــوەزی؟

***

وەختـا ئەز بووم تەیرێ بازی
تو کەڤۆتکا گەردەن گـازی
پەی تە فــــــریم ب پەروازی
بێ فـــەیدەیە چ دەخـــوەزی

***

ســـەر تەدا تێم ب دڵســـازی
لــێ تـو مـنـرا نـابـی رازی
ئەڤ بوو نۆلانی جـانبــازی
نـزام دهـا چ دەخــــــــوەزی

شاعیر بەم وشە ساکار و پڕ سۆزانە لە دلبەری دەپاڕێتەوە، سەرسام ماوە نازانێ ئەو نازەنینە چی لێی دەوێ، بەهەموو جۆرێ دەیەوێ ڕازی بکا، دەیەوێ بزانێ بەچی ڕازی دەبێ. ئەمەیان نهێنییە، هەر ئەو نهێنییەش بووە بەمایەی جوانی شیعرەکە. جگە لەوەی یەکێتی قافیە جۆرە جوانییێکی داوەتە لیریکەکە لە ڕووی ڕەوانبێژی ڕیتم و مۆسیقاوە.

٢

لەسەر ئەو دەستوورەی پێشوو لیریکێکی بۆ گوڵ و مرۆڤ هۆنیوەتەوە:

توومێ گـولێ تەڤ سـتـرینە
لێ گـولێـرا دبێـژن گـول
گـول کـو تەزە پشکڤـینە
هە من وانرا دبێـژن گـول
هن ئەو سـۆرن هن سـپـینە
دیسـا وانرا دبێـژن گـول
بینا خـوەش مـەرڤ هلتـینە
هەمـا ژ بینێ دبێـژن گـول
وەختـا بەلگ لێ خـەیرینە
ژێرا دیسـا دبێـژن گـول
چمکی شـوورەت لێ گـولینە
لە مـا ژێرا دبێـژن گـول
لێ تو مـەرڤ بدوومـینە
کـو تەرا ژی بێـژن مـەرڤ
حورمەت، سیانەتێ دەست بینە
کـو تەرا تم بێـژن مـەرڤ
شـوورە تا خـوە نەیێـخـینە
کـو تەرا تم بێـژن مـەرڤ
عەمر بۆی وەتەن نەهێڤشینە
کـو هەر دەرا بێـژن مـەرڤ
مـەرڤی، مـەرڤ بمینە
کـو ب کـو بار بێـژن مـەرڤ

شاعیر خەریکی بەراوردە، لە ڕووی دووبارەکردنەوەی «گوڵ» و «مرۆڤ» لەم

شیعرەدا لە بابەت ئاوازەوە، لەوێ یەکێتیی قافیە بەکار دێنێ. لە مانادا سیفەتە جوانەکانی گوڵ هەڵدەبژێرێ هەر سیفەتێکی بخەیە پاڵ ئەو هەر گوڵە، بۆ ئادەمزادیش تەنیا سیفەتە چاکەکانی هەڵدەبژێرێ، واتە هەر کەسێک ئەو سیفەتە باشانەی هەبێ مرۆڤە، ئەگەر نەیانی بێ مرۆڤ نییە.

٣

لە لیریکێکیدا شاعیر لە شیربایی (قەلەن) دەدوێ لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا:

هەی قەلەن، قەلەن ئورت تە بقەلە
چ ملەتێ کورد بوویی تەشقەلە
چ قاس قیزێد جان چ خورتێ تەلی یان
مراز چەڤدا ما تو بایسێ وان
چ قاس دلێ گەش خورت قیزێد نەدەر
هەڤدوو حەباندی ب هەڤ سەوداسەر
ئەڤینتی ل وان نۆلی مەم و زین
تو بەکوییێ وان مخەنەتی کین
بەسە، لۆ قەلەن، ئورت تە بقەلە
چ بوویی بەلا، بوویی تەشقەلە

شاعیر لەم لیریکەدا لە دژی شیربایی (قەلەن) وەستاوە، ئەمە یەکێک بوو لە گیروگرفتە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو وڵاتە. نووسەر و شاعیران بەشیعر و چیرۆک و رۆمان و درامای شانۆ بەربەرەکانی ئەم رەوشتە دواکەوتووەی کۆمەڵیان دەکرد. بەگشتی لەبەرئەوەی لایەنی ئابووری تا پلەیێک بووژابووەوە، شیربایی ئەوەندە باوی نەما بوو، بەڵام کەسی وا هەبوو بەرەوشتێکی چاکیان دەژمارد و وەک نەریتێکی نەتەوەیی تایبەتی بەکورد دەیانخستە روو، لەبەرئەوە بوو خوێندەواران هەوڵیان دەدا خەڵکەکە تێ بگەیەنن کە شیربایی رەوشتێکی دواکەوتووە و پێویستە لە ریشەدا هەڵبکەندرێ، چونکە کچ ئادەمزادە و ئادەمزادیش نافرۆشرێ.

٤

قاچاغ بۆ کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر وەزیری نادری دەڵێ:

بن شووشێدا دانیە شکلێ وی بەر من
خودانەکە سار داکەتیە ل سەر من
ئەو دکەنە ئەز مرووزم سەبا وی
من دپرسە ئەز نادمێ جابا وی
بەرێدا ئەم برا بوون دل حەلال
نۆلی شرکێ ئاڤێ ژ کانیا زەلال
ئەز سوند دخۆم ڤرا ل سەر شکلێ تە
ژ حۆری یا چەتر کەنێ هەرو عەقلێ تە
ب ئەڤینتی وەتەن حزکن شڤێتا تە
مبە سەرکن ئەم هەر جارا نێتا تە

کوشتنی شاعیر و نووسەر وەزیری نادری لە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن دوژمنی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان و نەیارانی کوردەوە ڕووداوێکی گرنگ بوو لە ناو کوردی قەفقاسی ڕووسیا. کاری گەورەی کردبووە سەر دڵ و دەروونی خەڵکی. قاچاغ هاوڕێی دڵسۆزی وەزیر بوو، لەم لیریکە غەمینەیدا ئەڤینی برایەتی لە ناخی دەروونیەوە هەڵدەقوڵێ و بۆ وەزیری دەگێڕێتەوە، خۆی لە ژێر گڵدایە، ناچار بووە لەگەڵ وێنەی گفتوگۆ بکا و بۆی بلاوێنێتەوە.

٥

لە شیعرێکیدا بەناوی «کلاما ئیگریداغێ» قاچاغ دەڵێ:

دەلۆ، لۆ، لۆ، لۆ، لۆ وایێ، ل من وایێ
ئیسال هەڤت سالێ تەشکیلەتا کوردانە
ل بەرەکا ئیگریداغێ نە تێ کوشتن، نە تێ رایێ
دنێ، مێر دزانن ناڤ، دەنگێ براهیمی چێ

فەرزەندە حەسەن نووری – شێخ زاهر
بەلا بوویە دۆزدە قرالێ ئەجنەبی ل دنیایێ

***

گەلۆ مە نزا نبوو شەرت – شوورەتێ
دەوڵەتا ڕۆمێ وێ ل مە ها بە
ئەمێ جابەکێ بدەنێ، بلا ئێلا کوردا
ل ئەنادۆلی یێ رابە
حەیفا من تێ بەرەکا ئیگریداغێ
ل تەشکیلەتا کوردا، ئالی یێد عەشیرا
ناوەڵڵا دیسا باڤێ عەدو، کەکێ مەمێ
نە ل ناڤە

***

دلێ من تو دلی نەحەبینە
دۆرا کۆچکا کەکی عەدۆ گولێ بینە
حەیفا من تێ بەرەکا ئیگریداغێ
ل تەشکیلەتا کوردا، ل ئالی یێد عەشیرا
نا وەڵڵا دیسا کەکێ عەدۆ
ئەڤ تو نینە

«کلاما ئیگریداغێ» پۆیێمێکە لە زیاتر لە دووسەد دێڕە شیعر پێکهاتووە. قاچاغ لە شوباتی ساڵی ١٩٦٢ لە یەریڤان هۆنیویەتییەوە. چیرۆکە شیعرییەکە باس لە شۆڕشی کورد دەکا لە ساڵی ١٩٣٠ لە ژێر فەرماندەی ئیحسان نووری پاشا. وا بوو تورکە کەمالییەکان بەئاگر و ئاسن گەلێ کەسیان کوشت و زیاتریان ئاوارە بوون و سەرۆکی شۆڕشەکەش پەنای بردە بەر ئێران و لەوێ بوو بە پەنابەری سیاسی.

ئەم پارچە شیعرە پێشەکیی پۆیێمەکەیە. داهێنانی شیعری قاچاغ لەوەدایە ئەم پێشەکییەی لەسەر دەستووری «لاوک»ی کوردستانی باکوور و «حەیران»ی

کـوردســتــانی باشــوور داناوە. لە خـوێندنەوەدا بەئاشکرا دیارە وەکـو بڵـێی گۆیندەیێکی میللیی نەخوێندەوار ئەم لاوکەی هۆنیوەتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکیدا ئەوە دەردەکەوێ خاوەنەکەی ڕۆشنبیرێکی زانا و هەڵکەوتووە. دیارە بەشەکەی دیکەی پۆیێمەکە شیعرێکی ئاساییە.

ئەوەی پێویستە لە پارچە شیعرەکەدا ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە، «ئاگری داغ» بە«ئیگریداغ» دەردەبڕن. مەبەسی شاعیر لە «حەسەن نووری» «ئیحسان نووری پاشا»یە. ئیبراهیم و شێخ زاهیر دەبێ یاوەری ئیحسان نووری یا جەنگاوەری شۆڕشەکە بن. هەروەها ناوی «عەدۆ» و «مەمۆ» هاتووە، ئەمانە بێ گومان جەنگاوەری شۆڕشەکەن. «ئەنەدۆڵ»یش ناوی جوگرافی بەشی ئاسیای تورکیایە، کوردستانی تورکیا هەمووی لەو بەشە دایە.

***

قاچاغی مراد شاعیرێکی ڕەند و ڕۆشنبیرێکی بەرچاو و ڕۆژنامەنووسێکی بەکار بوو. ماوەیێکی زۆری ژیانی خوێندەواری لە ڕۆژنامەی «ریاتازە» بردۆتە سەر. لە شیعردا یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشداری کردووە لە دروستکردنی شیعر لە ناو کۆمەڵی کوردەواری قەفقاسی ڕووسیا. لە پێشانا مەشقی شیعری میللی هەبوو، شیعری لە فۆلکلۆر جیا نەدەکرایەوە. بەڵام لە دواییدا شیعری کوردی گەیاندە ئەو پلەیەی لە دوارۆژدا دەبن بەکلاسیکی، بەمانای شیعری بەرزی چینی خوێندەوار. قاچاغ لە شیعریدا هەموو کێشە خۆماڵییەکانی بەکارهێناوە، لە قافیە دەوڵەمەندە، لە ڕەوانبێژیدا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. سوودی لە شیعری بەرزی هەموو ئەو نەتەوانەی زمانیانی دەزانی وەرگرتووە.



حەسەن قزڵجی

بەشی نۆزدەم

حەسەن قزڵجی

١٩١٤ – ١٩٨٤

ژیانی

حەسەن کوڕی مەلا عەلی ناسراو بەحەسەن قزڵجی لە ساڵی ١٩١٤ لە بۆکان لە دایک بووە. سەرەتا لە لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە. لە دواییدا هەندێ لە بەرنامەکانی دیکەی خوێندنی مەلایی لە سابلاغ (مەهاباد) تەواو کردووە. ماوەیێک دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و لە پاشانا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سەری. خوێندنی پچڕ پچڕ بووە، لەگەڵ ئەوە بەزیرەکی خۆی هوشیارانە سوودی وەرگرتووە و زۆر شت فێر بووە. لە ساڵی ١٩٣٨ بووە بەمووچەخۆر لە کارگێڕی فەرماندەیی مەهاباد. لەو سەردەمەدا پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک. پەیدا کردووە و لە کۆوارەکانی «کوردستان» و «ئاوات» و «گەلاڵە» کارمەند بووە و شارەزایی لە ڕۆژنامەگەریدا پەیدا کردووە.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٨ مەڵبەندی ژیانی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە کوردستانی عیراق و ماوەیێک شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لە گوندی سیتەک لە سلێمانی میوانداری کردووە و پاراستوویەتی. لە پاشانا بەینێکیش لە سلێمانی ماوەتەوە ئینجا ڕووی کردۆتە بەغدا. بۆ دابینکردنی پارووی نانی کرێکاری و شەربەتفرۆشی و وێنەگری کردووە. تەنانەت لە ڕیستۆرانی عەبدوڵڵا شەریفی بەناوبانگی بەغدا کاری کردووە. چاوی جاسووسی دەسەڵاتی عیراق بەدوایەوە بووە چونکە بەقاچاغی لە کوردستانی ئەودیوەوە هاتووە بۆ کوردستانی ئەم دیو. لەسەر ئەمە گیراوە، لە ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٥٨ لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی لە بەندیخانە بووە. لە دوای کوودیتا

سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا ئازاد بووە. دەستی کردۆتەوە بەکاسبی، دوکانی بووە و لە ستۆدیۆی وێنەگری کاری کردووە.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بەهۆی تێکچوونی باری سیاسی کوردستانی عیراق و بەربەرەکانی کردنی کورد لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە قزڵجی ناچار بووە بەغدا بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی (کۆماری ئەڵمانیای دیمۆکراتی) ئەو کاتە. لە پاشانا چووە بۆ بولگاریا و لە سۆفیا نیشتۆتەوە. ماوەیێک لە ئێستگەی ڕادیۆی «پەیکی ئێران» بەشی کوردییەکەی بەڕێوە بردووە. ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ماوەتەوە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم سەری لە بەغدا داوەتەوە، بەڵام چاوی جاسووسەکانی عیراق هەر بەدوایەوە بووە. لە پاش کوودیتا ئیسلامییەکەی خومەینی قزڵجی گەڕایەوە ئێران و بەکوڵ کەوتەوە کاری سیاسی لەتەک پارتی توودەی ئێران تا گەیشتە پلەی ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسی، هەروەها بوو بەبەڕێوەبەری بەشی کوردی لە ڕۆژنامەی «مَرْدُم = مەردوم»ی ئۆرگانی پارتی توودە. ڕژێمی ئیسلامی تازە ماوەی بەتوودە نەدا، زوو هەناسەبڕی کرد. لە ساڵی ١٩٨٣ گەلێک لەم توودەییانە گیران، حەسەن قزڵجییان لەگەڵ بوو. لە پاش ساڵ و نیوێک لە پاییزی ١٩٨٤ لە ژێر زەبر و زەنگ و ئازار و ئەشکەنجەی زەبانییەکانی بەندیخانە قزڵجی دوا هەناسەی هەڵکێشا و هەواڵی مردنیان بەکەسوکاری گەیاند.

قزڵجیی نووسەر

دە دوازدە کورتە چیرۆکی هونەری وەکو بەرهەمێکی داهێنراو حەسەن قزڵجی دەکەن بەنووسەر و ناوی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار دەکەن. کارەکانی دیکەی دەبن بەمایەی ئەوەی وەک ڕۆشنبیرێک تەماشا بکرێ و نایکەن بەنووسەر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارانەی لە گێتیی داهێنان دەچنە دەرەوە و لە خانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا خۆیان دەبینن بەشێکی گرنگن لە کەسێتی ڕۆشنبیری قزڵجی.

ئەگەر بەپێی ڕێبازە ڕیالیستییەکانی چیرۆکی کوردی تەماشای چیرۆکەکانی قزڵجی بکرێ بێ گومان وەک نموونەیێکی بابەتی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی خۆیان دەنوێنن. لە بنجدا بەگشتی چیرۆکی کوردی بەم ڕێبازە لە دایک بووە و پێ گەیشتووە تا ئێستا. لە گێتیی ئەم ڕێبازە یەکجار فراوانەدا نووسەر چۆتە ناو

گۆشەیێکی بچووک و تەسک، بەڵام زۆر گرنگ لە واقیعی ژیانی چەوساوەکان دەدوێ کە لە ئەنجامی دەست ڕۆیشتوویی چینەکانی سەرەوە پەیدا بووە. بەم پێیە قارەمانی بنچینەیی لای قزڵجی نوێنەری چینەکانی خوارەوە و سەرەوەن لە ڕەنجبەری گوند و پاڵە و بۆرجوازی بچووکی شار و دەرەبەگ و شێخ، دوو چینی دژ بەیەک. نووسەر توانیویەتی وێنەی هەستی دەروونی ناوەوەی نوێنەرانی هەردوو چین بەشێوەیێکی داهێنانی ئەدەبی بکێشێ. بۆ ئەم مەبەسە شێوازی کۆمیدی (گاڵتەجاڕی) وەک بەشێکی دراما بۆ کێشەیێکی جیددی یا تراجیدی بەکارهێناوە.

نووسەر ژنی نەکردووە بەقارەمانی ناوەڕۆکی دڵداری، لای ئەو دلبەرە شۆخ و شەنگەکەی بووکی شیعر نییە، هەروەها قارەمانی میللیی خەباتچیش نییە بۆ بیری کوردایەتی، بەڵکو کەسێکی چەوساوەیە، ئایینیش غەدری لێ کردووە و هەوێی بۆ دروست کردووە. بەم جۆرە ژنیش دەچێتە ناو چینی خوارەوە بەپێی دابەشکردنی خەڵکی ناو کۆمەڵ بەسەر چینەکانی کە فەلسەفەی مارکسی هێڵی بۆ کێشاون.

شارەزایی قزڵجی لە تەکنیکی نووسینەوەی چیرۆک و قووڵبوونەوەی لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی گوند و شار لەگەڵ زانین و شارەزایی لە زمانی کوردی بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم بڕە چیرۆکەی ببێتە نموونەی داهێنانی هونەری لە ئەدەبی کوردیدا.

قزڵجیی ڕۆشنبیر

نووسەر باوەڕی بە هێزی بە فەلسەفەی مارکسیزم بووە و هەندێکی لێ زانیوە، لە پراکتیکدا پێڕەوی مەشقی کۆمۆنیستە بۆلشەڤیکەکانی ڕووسی کردووە (١٩١٧ – ١٩٩١)، ئەوانیش وەکو ئاشکرایە تاقیکردنەوەکەیان سەری نەگرت و ڕووخا. ئەمە هیچ پێوەندییێکی بەزانینی فەلسەفەی مارکسەوە نییە وەک تیۆری. قزڵجی و گەلێ کەسی سەر ڕووی ئەم زەوییە کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

قزڵجی بەهۆی چیرۆکەکانیەوە بووە بە نووسەر. لە کاتی خۆیدا تاکە شیعرێکی بۆ سەرکەوتنی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨) و ژێرکەوتنی ئەمپریالیستی گێتی بەسەرۆکایەتی بەریتانیا و ئەمەریکا وتووە، بەڵام ئەو شیعرە نەیکردووە بەشاعیر

و ڕووی بڵاوکردنەوەی نەبووە هەرچەندە بڵاویش کراوەتەوە.

کارەکانی دیکەی لە وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی دەکرێن بەدوو بەشەوە:

١- لە هەندێ وتاریدا لە شاعیرانی کورد دەدوێ، زانیاری بەکەڵک دەدا بەدەستەوە، ئاگا و هەواڵی تازە دەردەبڕێ لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە.

٢- لەو وتارانەی بەناوی ڕەخنەوە بڵاوی کردوونەتەوە ئەگەر تا پلەیێک سەرکەوتوو نەبێ لەبەرئەوەیە درەنگ و لە تەمەنێکی بەساڵاچوو شارەزایی لە ئەدەب و ڕەخنەی نەتەوەکانی ئەوروپا پەیدا کردووە، لەبەرئەوەی لە هەموو لایێکی نەگەیشتووە، ئیتر ئەمەی تێکەڵ بەئەوەی ڕۆژهەڵاتی لای خۆمانی کردووە بۆیە مەبەسە زانستییە ڕاستەقینەکەی نەپێکاوە.

قزڵجی لە زمانەوانی کوردیدا دەستی باڵای بووە، لایەنە پراکتیکییەکەی پێشکەوتووە، چونکە شارەزای کون و کەلەبەر و نهێنییەکانی زمانی کوردی بووە، لایەنە تیۆرییەکەی کز بووە چونکە مەشق و کۆششی لەم لایەنەوە زۆر نەبووە.

لە وەرگێڕاندا نووسەر دەوری باڵای بووە، بەزمانە جوانەکەی لێکسیکۆنی زمانی کوردی جوانتر کردووە بەوەی هەندێ بەرهەمی گرنگی نووسەرانی گێتی لە زمانانی بێگانەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، لەمانە هەندێ لە بەرهەمەکانی مەکسیم گۆرکی، ڤیکتۆرهیگۆ، ئێلین پێلین، ئەنتۆن چیخۆڤ، عەزیز نەسین و هی دیکە.

نموونەی چیرۆکی

نووسەر لە ساڵی ١٩٧٧ لە چیرۆکێکی بەناوی «وەڵامێکی زیرەکانە» دەڵێ:

«شەوی مابوو، مستەفای نانەوا لەگەڵ شاگردەکانی خەریکی تەندوور داخستن و هەویر شێلان بوو، لە بەرەبەیانەوە دوانیان گونتکی دەگرت، یەکێکیان دەیکردەوە، مستەفاش بەو چلەی هاوینە لەبەر تەندوورەکە وێستا بوو، نانی پێوە دەدا، یەکێ لە شاگردەکانیشی لەسەر پێش خوانەکە دانا بوو نانەکان بفرۆشێ. بەیانی زوو لە پێش هەموو کەسدا کارگەرەکان دەهاتن، هەریەکەی چەند نانی دەکڕی و بەپەلە دەڕۆیشت تا خێرا بگاتە سەر کارەکەی، نەوەکو ئەو ڕۆژە کاری دەست نەکەوێ یا هەقدەستی کەمتری بدەنێ. تاوبان گەرم بووبوو، هورۆژمی نانکەر نەختێ هێدی بووبووەوە، مستەفا بە یەکێ لە شاگردەکانی گوت: ڕۆڵە

چایەکە لێنێ و بچۆ هێندێ پەنیر بکڕە با لە دەرەفەتدا نانەکەمان بخۆین.

لەو وەختەدا حاجی ڕەحیم وەکو مانگا و گوێرەکە نۆکەرەکەی وەدوای خۆی دابوو پێنج شەش نانی پێ هەڵگرت بوو، پەیدا بوو. هێشتا بەتەواوی نەگەیشتبووە بەر دوکانەکەی نەڕاندی: ئەوە کوا مچەی نانەوا؟. مستەفا گوێی لە دەنگی حاجی بوو، هات بەقۆڵی کراسەکەی ئارەقی تەوێڵی سڕی و گوتی: حاجی ئاغا فەرموو!

– چی فەرمووم، ئەوە نانە بۆ منت ناردووە؟ نابێ خەڵک بناسن و قەدری خەڵک بزانن!

مستەفا زۆر بەمەندی و لەسەرخۆ گوتی:

– حاجی ئاغا ببوورە، ئێمە نانی ڕاسپاردەمان نییە، نان دەکەین و دایدەنێین، هەرکەسێ دێ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و دەیبا و دەڕوا.

– نابێ ئاگات لە دەمی خۆت بێ، ئەوە وەڵامە بەمنی دەدەیەوە؟

– بەڵێ وەڵامە و ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە، من تووڕە نابم و هیچی خراپیشم نەگوتووە، لە خۆڕایی تووڕە دەبی، نانەکان خراپییان چییە؟

– چۆن خراپییان چییە، ئەوەتا هەر هەویرن ناخورێن.

– حاجی ئاغا بڕوانە نانەکانی سەر پێش خوانەکە، برژاویان تێدایە، کەم برژاویان تێدایە، هەرکەسە حەز لە جۆرێک دەکا، کڕیار خۆی دەبێ هەڵبژێرێ، پێم گوتی ئێمە نانی تایبەتی بۆ کەس ناکەین.

– چۆن ئاوا لەگەڵ من دەدوێی، تۆ من ناناسی، نازانی من کێم؟

– بۆچی ناتناسم (جەنابت!) حاجی قۆیتاسی.

ئەم کابرایە لە پێشدا پێیان دەگوت قۆیتاس سووتخۆر، پاشان کە دەوڵەمەند بوو، چووە حەج و ناوی خۆی نا حاجی ڕەحیم.

– ئەی خوا موبارەکی نەکا، وامان لێ هات؟ من سەدی وەک تۆ کرێ نشینم هەیە، نەختێ بفامە و بزانە چۆن لەگەڵ خەڵک دەدوێی!

– زۆر باش دەفامم و دەزانم چۆن لەگەڵ خەڵک بدوێم، منیش سەدەها کەسی وەک تۆ نانخۆرم هەیە و لایێکی ئەم شارە نانی من دەخوا».

***

حەسەن قزڵجی نووسەر و ڕۆشنبیرێکە دەوری دیاری بووە لە پێشخستنی

پەخشانی کوردیدا. لە هونەری چیرۆکدا کۆششی بەرچاوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ ئەوەی دەبوو شیعری کوردی لە ناوەوە بێ چونکە ژیانی ئادەمزاد بەبێ شیعر نابێ بەڵام پێشکەوتنی پەخشان بۆ ئەدەبی کوردی گەلێک گرنگ بوو، چونکە لە قۆناغێکی خەباتی نەتەوەیی تایبەتیدا بوو، پێویستی بە وتار و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتەکانی دیکەی پەخشان بوو. قزڵجی یەکێک بوو لەو نووسەرانەی فریای ئەوە کەوتن لەم ڕووەوە ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکەن.

نموونەی چیرۆکی ڕیالیستی کۆمەڵایەتی لە لای قزڵجی ئەگەرچی بەژمارە و قەوارە کەم بوو، بەناوەڕۆک و بابەت فراوان نەبوو، بۆیە بوو بەو گەوهەرەی گێتیی ئەدەبی کوردی ڕووناک کردەوە.

شاكر فەتاح

بەشی بیستەم

شاکر فەتاح

١٩١٤ – ١٩٨٨

ژیانی

شاکر فەتاح یەکێکە لە نووسەرە بەراییەکان کە پەخشانی بۆ نووسینی کوردی هەڵبژاردووە، بەمە بووە بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا. نووسەرێکی دیار و کەسێکی بەدیمەنی کۆمەڵی کوردەوارییە. شاکر فەتاح لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. سەردەمی منداڵی لە گوندەکانی شاربازێڕ و شاری سلێمانی بەسەربردووە و خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە. قوتابخانەی ئامادەیی لە بەغدا بەئەنجام گەیاندووە. لە پاش ئەمە ماوەیێک لە لبنان و فەلەستین ماوەتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێ کۆلێجی ماف (حوقووق)ی تەواو کردووە. لە دوای سێ مانگ بووە بەمووچەخۆری میری و لە گەلێ لە ناوچەکانی کوردستانی عیراق خزمەتی کردووە، تا گەیشتۆتە پلەی سەرۆکی شارەوانی و قایمەقامیەتی. لە ژیانی وەزیفەیدا ڕەوشت ڕاست و دروست بووە، بەشدارییێکی زۆری لە کاروباری کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواریدا کردووە.

لەو شارۆچکانەی شاکر فەتاح کاری بەڕێوەبردنی کردووە لەگەڵ ئیش و کاری ڕەسمی بەتەقەلای ئەو گەلێ قوتابخانەی شەو و ڕۆژ و بنکە و یانەی ڕۆشنبیری دامەزراوە. هەندێ قوتابخانەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کردبووەوە. خۆی سەرپەرشتی دەکردن و گەلێ جار خۆشی وانەی لەو قوتابخانانەدا دەووتەوە. لە قوتابخانە و یانەکاندا ڕۆژنامەی دیواری بە مامۆستا و قوتابی و مووچەخۆری دیکە دەنووسییەوە، ئەمە هەمووی لەو سەردەمانەی کە لە قەزا و ناحیەکاندا قایمەقام و مودیر بووە.

نووســەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عیراق گەڕاوە، لە ناوەڕاستی سییەکانەوە، لە هەندێ شارۆچکەکاندا کاروباری بەڕێوەبردنی بەرزی بووە. لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا (١٩٧٥) کە ئاواتەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەدی نەهاتن، دەسەڵاتی بەغدا یەک لایی ئیدارەی ئەڤتۆنۆمی کوردستانی عیراقی دامەزراند و هەولێر کرا بەنێوەندی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق. شاکر فەتاح لەم دامودەسگایەدا بەشداری کرد. دوا کاری لێرەدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانان بوو. لە ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی ئاداری ١٩٨٨ لە هەولێر سیمینارێک بەناوی «سیمینارێکی زانستی لە بابەت کوردەوە لە بیری سەرکردە سەدام حوسێن»دا ساز کرا. کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری کورد ئامادە بوون. شاکر فەتاح بەشداری لەم سیمینارەدا کرد. دیار بوو بڕیاری ئەوەی دابوو لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا ڕووبەڕوو ببێتەوە. لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی پارتی بەعس بەتوندوتیژی هەڵوێستی بەرامبەر بەهەموو کەسێک دەنواند ئەگەر بیزانیایە هێندەی تۆزقاڵێک پێوەندی بیری هەیە بەبزووتنەوەی نیشتمانی چەکداری کوردەوە کە لە ناو شاخەکانی کوردستاندا خەباتی چەکداری دەکرد. لەو وەزعەدا شاکر فەتاح نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی بخەڵەتێنێ و دەروون و مێشکی کردەوە و بەئاشکرا وتی: باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد ئەوەیە دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە عیراق ڕووبەڕوو دابنیشێ و بکەوێتە وتووێژەوە، بەم ڕێگەیە نەبێ، چەک و سیلاح مەسەلەکە ناگەیێنێتە ئەنجام، ئیتر لە پاش دوایی هاتنی سیمینارەکە شاکر فەتاح گیرا. پاش ماوەیێک لاشەکەیان بەمردوویی دایەوە دەست خێزانی. بەم جۆرە کۆتایی بەژیانێکی پڕ لە ڕەوشتی چاک و بەرهەمی ئەدەبی بەپێز هات و ڕووزەردی و سەرشۆڕیش بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە مایەوە کە لە سیمینارەکە بوون و بەرگرییان لە شاکر فەتاح نەکرد.

ڕۆشنبیر و نووسەر

شاکر فەتاح کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵ و ڕۆشنبیرێکی هێمن و لەسەرخۆی دوور لە هەڵەپاچی و بزێوی بوو. پێوەندی لەگەڵ هاوچەرخەکانی خۆیدا بەهێز بوو. زۆربەی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە پێوەندییان لەگەڵ شاکر

فـەتاحدا هەبوو، هـی وەکو شـاعیـرانی ناودار زێوەر و بێکەس، مـێژوونووسـانی سـەردەم ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و حوسێن حوزنیی موکریانی، نووسـەرانی ناودار مـەحـمـوود جـەودەت و ڕەفـیق حـیلمی و شـێخ مـحـەمـەدی خـاڵ، کـەسی کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبـیـری دیار ئیـسمـاعیل شـاوەیس و ئەمین ڕواندزی، خـۆی بەقەرزاری ئەمانە دەزانی چونکە زۆر شتیان لێوە فێر بوو.

له سـەرەتای ژیانی ڕۆشنبـیـریدا وتاری له ڕۆژنامـەکـانـی «هاوار» (۱۹۳۲ - ۱۹٤۳) و «ڕووناکی» (۱۹۳٥ - ۱۹۳٦) و «ژین» (۱۹۳۹ - ۱۹٦۳) و «یادگـــاری لاوان» (۱۹۳۳) و «دیاریی لاوان» (۱۹۳٤) بڵاوکردۆتەوه.

نووسینەکانی بەگشتی هەموو لایەنێکی ژیانی خوێندەواری کورد دەگرێتەوە، له قاڵبی وتاری ئەدەبی و چیرۆک و پەخشانە شیعردا دەست بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی میللی و مێژوو و ئایینی ئێزیدی و ژیانی ڕۆشنبیری و گەورەپیاوان و ڕۆژنامەنووسی و شتی دیکەش درێژ دەکا.

کەسـایەتی ئەدەبی شـاکر فـەتاح له سـەرەتای سـیـیـەکانەوە دەست پێ دەکـا. یەکەمین کتێبی نووسـەر بابەتێکی عەرەبی بووە، وەریگێڕابووه سەر زمانی کوردی. ئەمە کۆمـەڵێک کورتە چیرۆکی عەرەبی بوو، بەشێوەیێکی هونەری سەرکەوتوو له بابەت ژیانی منداڵ و سایکۆلۆجییان دەدوێ. وەکو دەردەکـەوێ شـاکر فـەتاح له سـەرەتای ژیانی ئەدەبیـدا بایەخـێکی تـەواوی بەئەدەبی منداڵان داوه، تەنیـا بەوەرگـێـڕان نەوەسـتـاوە بەڵکو له دواییـدا چیـرۆک و ئەدەبیـاتی بۆ بچـووکـان نووسـیـوه، بەمـەبەسـی پەروەردەکردنی منداڵ و مێردمنداڵان. بەم جـۆرە بەرهـەمی ئەم لایەنەی له دوو کاردا خـۆی دەنوێنێ. یەکـەمـیـان «چیـرۆک بۆ منداڵان» (بەغدا ۱۹۳٥) و دووەمـیـان «هاوڕێی منـاڵ» (بەغـدا ۱۹٤۸). ئەمـانە بریتین لـه کـۆمــەڵە چیرۆکـێکی کورت بـەمـەبەسی ئاراسـتـەکردنی منداڵی کورد بۆ ڕەوشـتی چاک و گونجان لەگەڵ کۆمەڵی تازەدا.

پەخشانە شیعر و چیرۆک

مـــاوەی پاش جـــەنگی دووەمی گــێــتی، بەتایبـــەتی ســاڵی ۱۹٤۷ ســـەردەمی بڵاوکـردنەوەی دوو بـەرهـەمی گـەورە و پڕ بایەخـی شـاکـر فـەتاح بوو. یەکـەمـیـان بەناوی «پرشنگ» و دووەمـیـان بەنـاوی «شـەبەنگەبەڕۆژ»ەوە. «پرشـنگ» کـۆمــەڵە

وتارێکی هونەرییە، هەندێ جار دەبێ بەشیعر، کەڕەتی دیکە شیعر تێکەڵ بەپەخشان دەبێ، هەندێ بەشی پیەسە، هی دیکەی دیالۆجە لە نێوان ئادەمزاد و سروشتدا. هەرچۆنێ بێ داهێنانێکی بەرزە لە پەخشانی کوردیدا. باس لە هەژاری و نەخوێندەواری و زۆرداری و نالەباری دەکا. گەشبینی لە بیر نەچووە یادی زۆری دڵداری دەکاتەوە. لاوی کورد ئاراستەی زانست و ئەدەب و هونەر و ژیانی بەختیاری دەکا. ئەم کۆمەڵە داهێنانە بەرزە کارێکی گەورەی کردە سەر لاو و پێگەیشتوانی ئەو سەردەمە و دەورێکی باڵای هەبوو لە پەروەردەکردنی نەوەی ئەو ڕۆژگارە بەشێوەیێک چێژ لە جوانی ژیان و سروشت وەربگرن.

«شەبەنگەبەڕۆژ» کۆمەڵە چیرۆکێکە شاکر فەتاح هونەروەرییانە و ئازایانە پەردە لەسەر دواکەوتوویی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری هەڵدەماڵێ. بەهەموو هێزییەوە دژی وەستان لە جێی خۆ و کۆنسێرڤاتیزم دەوەستی لە پێوەندیی بنەماڵەییدا بەتایبەتی لە دژی ژن هێنان بەزۆر، وەزعی دیلایەتی ژن لە ناو خێزاندا، بەکارهێنانی ئایین بۆ کاری خراپە، دژی بیرۆکراتیزمی دامودەسگای دەوڵەت. بەم جۆرە چیرۆکەکانی «شەبەنگەبەڕۆژ» لە لووتکەی بەرهەمی شاکر فەتاح دەوەستن. یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە «چۆن گرامافۆنەکەم کڕی» وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی.

لە وتاری هونەری و چیرۆکی کوردی شاکر فەتاح بابەتێکی ئەدەبی دیکەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەهیوای ئەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵی کورداندا بڵاوببێتەوە. بۆ ئەم ئامانجە کتێبی «گەورەپیاوان» (بەغدا ١٩٣٨)ی بڵاوکردۆتەوە. ئەمە بریتییە لە زنجیرەیێک وتاری هونەری لە بارەی کەسایەتییە بەدیمەنەکانی گێتی لە زانستی و هونەر و سیاسەت و شتی دیکەدا. وتارەکان ژیانی کەسی وایان گرتۆتە خۆ وەکو: گوتنبیرگ، کریستۆڤەر کۆڵۆمب، مارکۆنی، گاندی و هی دیکە. نووسەر خۆی لە بابەت کتێبەکەیەوە دەڵێ: سەرگروشتەی چەند گەورەپیاوێکە، ئامانجی پێگەیاندنی گەورە و پێکهێنانی گیانی گەورەیی و پێشکەوتنە لە کوردەواریدا». هەرچەندە بابەت و ناوەڕۆکی نووسینەکانی شاکر فەتاح کۆمەڵایەتییە بەڵام بەهەناسە و هەوایێکی ڕۆمانتیکی و هونەرییانە قانگیان دەدا. هەموو مەرجێکی داهێنانیان تێدایە و ئیستێتیک دەبێ بەماکی دروستبوونی بەرهەمەکانی. بۆیە دەبینین لە دوا ساڵی پەنجاکاندا دوو

بەرهەمی تازە بڵاو دەکاتەوە، یەکەمیان بەناوی «ئافرەتی کورد» (بەغدا ١٩٥٨)، دووەمیان بەناوی «ژینی نوێ» (بەغدا ١٩٥٩). ئەم دوو بەرهەمە لەگەڵ ئەوەی بەناو و ناوەڕۆک خەریکی ژیانی کۆمەڵایەتین، بەڵام بریتین لە وتاری ڕۆمانتیکی شیعرئامێز. لە یەکەمیاندا نووسەر بۆ پێشکەوتنی ژنی کورد تێدەکۆشێ، هەروەها بۆ ڕزگارکردنیان لە کۆت و پێوەندی ڕەوشت و خووی ڕزیوی کۆمەڵایەتی، بۆ گێڕانەوەی مافی داگیرکراویان، چونکە مایەی ژیانی ئادەمزادن.

شاکر فەتاح لە «ژینی نوێ»دا جێگە و ڕووداو و قارەمان لە کۆمەڵی خۆیدا پیشان دەدا، لە ژیانی میللیی نەتەوەوە وەردەگرێ و دەیخاتە قاڵبێکی هونەرییەوە. هەوڵ دەدا و تێدەکۆشێ بۆ ژینێکی نوێ، دوور بێ لە ئازار و هاوار، پڕ بێ لە ئازادی و کامەرانی، لەسەر بنچینەی زانست و هونەر و دادپەروەری دامەزرا بێ.

بەسەرهات و گەشت و یادداشت

لە پاش ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا بەرهەمی شاکر فەتاح هەندێ کەم بووەوە. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەگشتی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە لێژیدا بوو. لە دوا ساڵانی شەستەکاندا شاکر فەتاح دەستی کردەوە بەجموجۆڵی ئەدەبی و خوێندەواری، بۆ ئەم مەبەسە سێ پرۆژەی بڵاوکردنەوەی دامەزراند. کۆمەڵێک نامیلکە و سیپارەی نووسییەوە لە زنجیرەی یەکەمدا لە بابەت ژیانی بەشێک لە گەورەپیاوانی گێتی وەکو گاریبالدی، مادام کۆری، سوکرات، ئەفلاتوون، عومەر خەیام، زانیاریی گشتی خستۆتە ڕوو. زنجیرەیێکی دیکەی بڵاوکردەوە بەناوی گەشتنامە لە ئاوەدانییە جیاوازەکانی ناوچەی سلێمانی، لەمانە «گەشتی شارباژێڕ» و «گەشتی سرۆچک» و «گەشتی پێنجوین» و «گەشتێ بۆ هەڵەبجە و هەورامان». لە زنجیرەی دواییدا کۆمەڵێک کتێبی دیکەی بڵاوکردەوە لە بابەت ئایینی ئێزیدی و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد و بەسەرهاتی هەندێ لە شاعیرانی کوردی وەکو حاجی قادر و زێوەر و بێکەس.

شاکر فەتاح تا ڕۆژی مردنی قەڵەمی لە کار نەکەوت، سامانێکی ڕۆشنبیری بەنرخی بۆ نەتەوەکەی خۆی بەجێ هێشت. لە بەرهەمە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەردا گەلێ تەنگوچەڵەمە و ناگزووری و ناکۆکی ناوەوەی

خەڵکی کورد ئاشکرا دەبێ. شاکر فەتاح بانگی خەڵکی ناکا ڕاپەرن لە دژی زوڵم و زۆرداری، بەڕێگەی خوێن ڕشتن نایەوێ باری ژیان سووک بکا، لەبەرئەوەیە بەرهەمەکانی دەورێکی باڵایان هەبوو لەوەی کە خەڵکی بیر لە هەژاری و دواکەوتوویی خۆی بکاتەوە. لاوان بیر لە دوارۆژی نیشتمان بکەنەوە. هەوڵ بدەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی سەربەست و بەختیار. ئەوەی سەیر بێ ئەوەیە شاکر فەتاح زۆر دوور بوو لە زەبر و زەنگ و تیرۆر، کەچی ژیانی خۆی بەتیرۆر و تراجیدییانە کۆتایی هات.

زمانی نووسینی شاکر فەتاح ئاسان و ڕەوان و بێ گرێیە، ئاراستەی زۆربەی خوێنەر و خوێندەوارانی کۆمەڵی کورد دەکرێ. تازە بابەتە و دوورە لە شێوازی ڕەوانبێژیی نووسینی کلاسکیی کۆن.

عەونی

بەشی بیست و یەکەم

عەونی

١٩١٤ – ١٩٩٢

ئەگــەر ڕاسـتت دەوێ مـێـژوو درۆیە
هـەمـــــوو ڕووداو و ڕابـردوو درۆیـە
ئەوەی مـێـژوو دەنووسـێ وەک بەڕۆژە
گــوڵێکە تـابیــعـی ســووڕانی ڕۆژە

ژیانی

عوسـمـان کوڕی حـەبیب کوڕی عـەبدوڵڵا لە سـاڵی ١٩١٤ لە شـاری کۆیە لە دایک بووە. لە تەمـەنی مێردمنداڵی بووە لە سـاڵی ١٩٢٧ لە قـوتابخـانەی سـەرەتایی تا پۆلی پێنجـەمـی خـوێندووە. لەو کـاتەدا باوکی کـۆچی دوایی کـردووە نـاچار بووە قوتابخـانە بەجێ بێڵێ و خەریکی بـەڕێوەبردنی دوکانـی باوکی و خێزانەکەی بێ. ئەمـە بەهیچ جۆرێ ڕێگەی لێ نەگرتووە هاتوچۆی حوجرەی خـوێندنی فەقێیـان لە مـزگـەوت بکا. لە مـزگـەوتی حـەتک لە کـۆیە لای مـەلا مـحـەمـەدی مـەلا برایمی عـەودالآنی هـەندێ وانەی ئاییـنی ئیسلامی وەرگرتووە. عەودالآنی شـاعیر بووە، بە نازناوی شـیعری «دلاوەر» ناسراوە. جگە لەمـە لە دەرەوەی قـوتابخانە کتێبەکانی پرۆگـرامی پۆلی شـەشـەمی سـەرەتایی خـوێندووە. لە سـەردەمی لاویەتیدا ناوی «عــەونی» وەک نازنـاو هەڵبـژاردووە و لە شــیـعــریدا بەکـاری هێناوە. هـەر لەو ڕۆژگارەدا گیانی نیشتمانپـەروەری و کوردایەتی لە دڵ و مێشکیدا ڕسکاوە، وەک هەندێ لە لاوانی ئەودەمــە لە پارتی هیــوا نزیک بووە. بەم ڕەنگە کــەوتۆتە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردسـتانی عیراقدا. بەم هۆیەوە چەند جارێک زیندانی کراوە و خـۆی لە گرتووخانە و بەندیخانەکانی کۆیە و هەولێر و کەرکووک و بەغدا

و كووت و نوگرەت سەلمانی باشووری عیراق دیوە. لە شوباتی ١٩٦٣ عەونی وەكو زۆربەی خوێندەوار و ڕۆشنبیری كورد تووشی بەندیخانە بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٥ ماوەی حەوت مانگ لە گرتووخانەی هەولێر دەستبەسەر بوو.

عەونی بەدرێژایی ژیانی مووچەخۆری میری نەكردووە، لەسەر ڕەنج و كۆششی خۆی ژیاوە، دوكانی هەبووە و ئاڵوێری كردووە. دوا ساڵانی ژیانی بەنەخۆشی بردۆتە سەر و تا لە ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ١٩٩٢ لە كۆیە كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی باسكی عارەبیان بەخاك سپێرراوە.

شیعری

عەونی لە ناوەڕاستی سییەكانی سەدەی بیستەم دەستی كردووە بەشیعر وتن، لە ژیانیدا پێوەندی بەشاعیرانی كوردەوە بووە بەتایبەتی ئەوانەی لە كۆیە زیندەگانیان كردووە، هەروەها لە ڕۆژنامەگەری كوردییەوە نزیك بووە وەك ڕۆژنامە و كۆوارەكانی گەلاوێژ و بەیان و هەولێر و كاروان و هاوكاری و برایەتی.

شاعیرییەتی عەونی خۆڕسك بووە، بەگشتی مەسەلە لای ئەو بیر نەبووە بەڵكو جوانكاری بووە، خەیاڵی ئامادە بووە ئیلهام لە هەموو جۆرە بزووتنەوەیێك وەربگرێ و بەرهەمێكی داهێنراوی ئیستێتیكی دروست بكا.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

عەونی بەسەلیقە لە هەردوو جۆرە شیعری كوردی عەرووزی و سیلابی میللی خۆماڵی وتووە.

١- لە شیعری عەرووزیدا بەزۆری بەحرەكانی هەزەج و ڕەمەلی بەكارهێناوە، كەچی لە موزاریعدا سێ چوار شیعر و لە بەسیتدا تاقە شیعرێكی هەیە. لە یەكێتی قافیە ئەم دەنگانەی ئەلفوبێی كوردی و عەرەبی بەكارهێناوە: ا ت ج د ر ش غ ق ک م ن (ە – ـە) و وو ۆ ی ێ. لە پاش قافیە ئەم وشانەی بەكارهێناوە: چبكا، دەكا، گرت، نەگرت، كرد، تر (دیكە)، عەشق، بم (ببم)، دەبزانم، چین، من، بوو (هەموو)، گەرەكە، لە كێیە، چی، دەوێ، دەكەم، كەم (بكەم)، ناكەم، كردم، بوو، نییە، بێ (ببێ)، دەوێ، نەبێ، نەدا، تۆ، ئیمڕۆ.

٢- لە شیعری كێشی خۆماڵی بەرهەمی زۆرە، هەموو كێشەكانی بەكارهێناوە. لە

ده بڕگەیی و حەوت بڕگەیی شیعری فرە زۆرە. قافیەی مەسنەوی لەم جۆرە شیعرەدا بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا قافیەی ڕەنگاوڕەنگیش لە شیعریدا بەرچاو دەکەوێ، لە پارچە شیعرێکدا قافیەی وەکو (ا ب ا ب جـ د جـ د) و هی دیکە دەبینرێ.

لە بنجدا شیعرە عەرووزییەکانی لە بابەتی لیریکن، ژمارەی دێڕیان کەمە، لەسەر بنچینەی یەکێتی قافیە دامەزراون، کەچی چیرۆکە شیعرییەکانی بەزۆری درێژن، ئەمانە دەکرێ قەسیدە یا پۆیێمیان پێ بووترێ. کۆمەڵێک بەرهەمی لەم بابەتەی هەیە، ناوەڕۆکیان لە ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) و حیکایەتی بەرگوێی ئاگردان وەرگیراون. لەم لایەنەوە جێی خۆیەتی هەندێکیان دەستنیشان بکرێن: سەرگوزەشتەی مام ڕێوی و وورچ، ڕێوی و دەهۆڵ، سەرگوزەشتەی وورچ و مەیموون، پیرێک، مامەی لادێ، مار و باغەوان، گوڵ و بلبل، بازرگان و تووتی.

لە پێنجیندا عەونی چەند پارچە شیعرێکی بەندی پێنجینی هەیە (ا ا ا ا ب) هەریەکەی لە حەوت بەند پێکهاتووە. جگە لەمانە کۆمەڵێک تاک و چوارین و هەڵهێن (مەتەڵ)ی هەیە. هەروەها بەشێک لە چوارینی خەیامی کردووە بەکوردی.

عەونی شیعری چەند شاعیرێکی کردووە بەپێنج خشتەکی، وەکو نالی، وەفایی، مەیلی (نازناوی شیعری مەلا سابیری مەلا حەبیبە لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆیە لە دایک بووە)، لە شیعری هێمن حەوت غەزەلی کردووە بەپێنج خشتەکی.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

عەونی لە نێوەندێکی ئەدەبیدا ژیاوە، لە شاعیر و نووسەرانەوە نزیک بووە. کەسێکی خودا پێداو بووە کە زوو ئاشنایەتی لەگەڵ دیوانی نالیدا پەیدا کردووە. نالی خۆشویستووە ئەوەندە شیعری ئەوی خوێندۆتەوە بووە بەیەکێ لە قوتابییە زیرەکەکانی قوتابخانەی شیعری کوردستانی باشوور. جگە لە نالی لە کۆنەکان کاریگەری مەحوی و وەفایی بەسەریەوە هەیە. لە تازەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم شیعری ئەحمەد موختار و هێمن ئاسۆی خەیاڵیان فراوان کردووە. ئەمانە هەموویان بوون بەسەرچاوە بۆ شیعری عەونی. هەندێ جار لێیان وەردەگرێ بەدەسکارییەوە، هەندێ جاری دیکە ئیلهامی دەدەنێ بۆ وتنی شیعرێک دەبێتە زادەی خەیاڵی شیعری هەردوو لایان.

له ڕووی ناوەڕۆکەوە عەونی وەستای غەزەلی کلاسیکیی ئاساییە لە وەسف و دڵداریدا، لە کوردایەتی دەستێکی درێژی هەیە. ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەری تێکەڵ بەدانایی و دڵداری کردووە، دەکرێ «غەزەلی نیشتمانی» پێ بووترێ. لە ناوەڕۆکی شیعرە نیشتمانییەکانیدا بەئاشکرا دیارە بیر بەسەر خەیاڵدا زاڵە، لەبەرئەوە لە ڕووی جوانکارییەوە ئەم شیعرانە ناگەنە پلەی شیعرە دڵدارییەکانی، بەڵام ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی شیعری پەروەردە (دیداکتیکی)یەوە تەماشا بکرێ ئەم شیعرە نیشتمانییانەش وەک بەرهەمێکی هونەری داهێنراو خۆیان دەنوێنن.

عەونی لە ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتییەوە) دەرباز بووە بۆ ئەنتەرناسیۆنالیزم. پشتی ڤێتنامی باکووری گرتووە و دژی دەستدرێژی ئەمەریکا وەستاوە، هەروەها لەسەر مافی فەلەستینییانی کردۆتەوە.

نموونەی شیعری

دڵداری و وەسف

١

لە شیعرێکیدا عەونی دەڵێ:

گەلاوێژ کاتێ هەڵهات نیوەشەو بوو
کە چاوی مەستی ئەو شۆخە لە خەو بوو
بەیان بوو غونچە پشکووت و هەزاریش
خەواڵوو گفتوگۆی بێداری شەو بوو
هەناسەم زولفەکەی لادا لەسەر ڕوو
کە مانگ ئاوا بوو ئەمجا مانگەشەو بوو
گوتم بەختی خەواڵوو زووکە زووکە
دەهەستە هاتنی ڕۆژت بەشەو بوو
مەگەر وا تاریک و ڕوونی بەیانە
کە ڕۆژ هەڵهات بەبۆنەی کۆچی شەو بوو
کە ئەو ڕۆیی بزانن من نەماوم
کە بوونی من لە سایەی مانی ئەو بوو

له ڕێی هاتا نەهات ئەمجارە (عەونی)
له مەیدانی گرەو ئەسپی جدەو بوو

لەم شیعرەدا عەونی ئیلهامی لە نالی وەرگرتووە، هەندێ وێنەی داهێنراوی وێنەکانی نالی دێننەوە یادی خوێنەر، بەڵام وەستایی تێدا نواندووە. بەڵگەکانی بریتییە لە چەند ئەندامێکی وردی دلبەر لەگەڵ هەندێ لە دیاردەکانی سروشت بەراووردیانی کردووە.

٢

لەسەر بەرنامەی شیعری پێشوو لە لیریکێکیدا دەڵێ:

دوێنێ کە بە تەنیا بە چەمەن دا گوزەرم کرد
سەیری گوڵ و ڕەیحان و گوڵی نیلۆفەرم کرد
گوڵ ویستی بە ناز وێنەیی ڕووی تۆ بنوێنێ
ئیمڕۆکە بەیانی بەسەرت لێرە دەرم کرد
ڕەیحانە بە هیوا بوو وەکو پەرچەمی تۆ بێ
نەم هێشت بدوێ گرتم و بەندی کەمەرم کرد
لافی قەدی تۆی کەوتە سەری سەرو و سنەوبەر
ڕاستی لەمەدا سەرزەنشی نەی شەکەرم کرد
شەرحێکی موتەووەل بوو بەیانی سەری زولفت
ئیمشەو بە چرای کوڵمتەوە موختەسەرم کرد
من ئەودەمە زانیم چییە ئازاری جودایی
ئەو ڕۆژە کە نەمزانی بەبێ تۆ سەفەرم کرد
لەم مەجلیسە مەستانە لەبەر دیدەیی مەستت
من بۆ مەزە هێنام و کەبابی جگەرم کرد
موژگان و برۆت تیروکەوانن لە کەمین
لەم دیمەنە سامناکە بەڕاستی حەزەرم کرد
لەو ساوە دڵم داوە بە تۆ هەروەکو (عەونی)
لێی بێ خەبەرم تەسلیمی دەستی قەدەرم کرد

شاعیر گەشتی چەمەن و گوڵزار و دارستان دەکا، کۆمەڵێ گوڵ و دار و درەخت و دەوەن سەرنجی ڕادەکێشن و یادی ئەندامە جوانەکانی دلبەری دەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ ئەوانەی دلبەر لەوانەی سروشت جوانترن. عەونیش وەکو مەستانی غەزەلی کلاسیکی کە لەگەڵ دلبەر کۆ دەبێتەوە بەزمی ڕەندان و مەی و مەیخانە دەست پێ دەکا. جگەری شاعیر دەبێ بەمەززە بۆ ئەو بەیەکتری گەیشتنە جاویدانییە.

٣

شاعیر هێلانە لەسەر کوڵمی دلبەر دروست دەکا:

دڵ لە من تۆراوە دیسان هەمدەمی یاری دەوێ
ئارەزووی گەشت و گوزارە باغ و گوڵزاری دەوێ
بولبول ئاسا وا خەریکی ئاشیان هەڵبەستنە
غونچەیێکی ناسکی وێنەی دەمی یاری دەوێ
پەرچەمی چین چین بەڕێز هێنایە دەوری ڕوومەتی
گەنجی ڕوخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ

شاعیر ئارەزووی ئەوە دەکا لەسەر کوڵمی دلبەر وەکو بلبل هێلانەیێک دروست بکا. کەرەستەی ئەو هێلانەیە پەرچەمی دلبەرە لە دەوری ڕوومەتی ئاڵاوە. دەمی دلبەر غونچەیێکە لەوانەی بلبل گرفتاری بووە، دوو کەزییەکانیشی پاسەوانی هێلانەکەن. ئەمە وێنەیێکی هونەری داهێنراوی شاعیرانەیە.

٤

لە شیعرێکیدا عەونی ملوانکە لە شیعر دروست دەکا:

ملوانکەیێکی لە هەڵبەستی جوان
بۆی دەهۆنمەوە وێنەی مرواری
بەکێشان سووک بێ بەنرخ گران
پێشکێشی دەکەم بەناوی دیاری
کە کردیە ملی گەردانەی هونەر
وەک لەعلی سوورە شین وەک پیرۆزە

زۆر بەنرختـــر لە دانەی گــەوهەر

ئەوە جـــەژنانەی جـــەژنی نەورۆزە

نەورۆز لە لای شاعیر ئەوەندە پیرۆزە، دلبەر ئەوەندە خۆشەویستە، دەبێ چی شایانی دیاری بێ بۆ ئەو خۆشەویستە بەهۆی ئەو جەژنە پیرۆزەوە! هەموو گەنجینەی سەر رووی زەوی کەمە، ئەو کیژە شایانی دیارییێکە وێنەی نەبێ، ئەو دیارییە ئەم شیعرە جوانەیە کە شاعیر دایهێناوە.

نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

١

لە لیریکێکیدا عەونی بەناوی «بەرەو هەواری سەرکەوتن» دەڵێ:

کۆچبار کۆچی کرد بەرەو کۆساران

بنەوبارگـــەیان خـــست لە نزاران

بەرەو هەورازی ســەرکـەوتن دەڕۆن

مژدەی سەربەستی دەدەن بە یاران

دوا حەشارگەم بێ لانەی خوێناویم

دەگـەڕێمـــەوە لای گیـــان سپـــاران

بە خـوێنی ســووری زامی ناســۆرم

دەبێ ڕەنگین بێ مەکۆگای جاران

کاروانی خەباتی میللەتی کورد کەوتۆتە ڕێ بەرەو ژوور، بەرەو لوتکە. لەوێ کاروان دەگاتە ئەنجام. ئەم کۆششە بۆ گەیشتن بەهیوا بەبێ خوێن ڕشتن و شۆڕش سەرناگرێ. ئەمە تیۆریی ڕۆشنبیری کورد بوو لەو سەردەمەدا. ئەو کاتە ڕاست بوو، لەبەرئەوە ئەو شیعرە بەهۆی هەوێنی جوانکارییەوە بۆ هەموو کاتێک دەست دەدا و کــۆن نابێ. کــاروانی خــەباتی کــورد ئەگــەرچی تا ئێــســتــاش نەگەیشتۆتە ئەنجام، بەڵام خوێن ڕشتن باوی نەماوە. ئەگەر شاعیرێک یا ڕۆشنبیرێک هەرچەندە ڕۆمانتیکیش بێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا خوێن ڕشتن ناکاتە مەرج بۆ گەیشتن بەئامانج.

٢

عەونی گفتوگۆی لەگەڵ کچێکی کوردا هەیە، ئەو کچە ڕەمزی کچی دایکی نیشتمانە، بەم دێڕانە پرسیاری لێ دەکا:

گـوتم ئـەی کچ لە گـەشـتی
شـارسـتـانی یا دەشـتی
وا جـوان و پاک ڕەوشـتی
مـەسـیـحی یا زەردەشـتی!

***

ئەو کـچـە کـوردە نازدارە
ڕەنگ زەرد و لێـو بەبارە
بەرگی ڕەشی پۆشـیـوە
وا مـەلوول و غـەمـبـارە

***

ئەو کچە کوردەی وا نازدار
کە من لێم دەکرد پرسیار
دەسـتی کـرد بە گـرینێ
فرمـێسکی دەهاتنە خوار

***

گـوتم ئـەی کچ تۆ و یەزدان
بۆ دەسـتت کرد بە گـریان
کـە مـن وا تۆ دەبـینم
جـەرگم دەبێـتـە بریان

عەونی کچێکی جوان و نازداری کردووە بەڕەمزی کچی دایکی نیشتمان، جلی ڕەشی پۆشیوە و لێو بەبارە، لێی دەپرسێ بۆ وا پەشووکاوە! فرمێسکی کچ دێتە خوارێ، هەنسکە هەنسکییەتی، شاعیر لێی دەپاڕێتەوە، سوێندی دەدا باس لە کارەساتی خۆی بکا، کچی دایکی نیشتمان دێتە وەرام و دەڵێ:

گوتی ئەی برای کوردی من
گـــــەر بزانـی دەردی مـن
هـیچ جـــاری تـر نـاپـرسـی
مـەلوولی و ڕەنگ زەردی من

***

کــیــژێکم لێم قــەومــاوە
خـــزم و برام کـــوژراوە
هـانـام هـێـنـاوتـە بـەرتـان
نازانم کـێـتـان پـیـاوە!

***

ئەو گــەورانـەی نـاســراون
دەڵێن کـــورد زۆر پـیـــاون
هەمـــوو مـیللەت فـــرۆشن
جــــــاهـیـل و نـاتـەواون

***

پەنـام بردە بەر گـشـتـیـان
لە ووردیان تا درشـتـیـان
هەمـــوو لێم ڕوو گـــرژ بوون
تفـــوو لە چارەی ڕەشـیـان

***

تـفــــــوو لـە چـارەیـان بـێ
لـە مـــــوڵک و پـارەیان بـێ
ئـەو ڕۆژە شـــەرمـــەزار بن
ڕۆژی ژمــــــارەیـان بـێ

***

حـــــەیفم لـە کـــــوردەواری
بـۆ لاوانـی هـوشـــــیـــــاری
خـــــۆڕایی ڕەنجـــــەڕۆ بـن
زۆرن تـێـکـدەری کــــــاری

شـاعـیـر دواکـەوتن و بەجـێـمـانـی خـەڵکی کـورد لە کـاروانی مـیللـەتان و ئەو کـارەسـاتانەی بەسـەریان هاتووە دەگـەڕێنێـتـەوە بۆ کـردەوەی خـۆپەرسـتی و چاوچنۆکی ناو میللەتی خۆی. خیانەتی میللەت فرۆشان و زەبروزەنگی سەرداران هێندەی سیاسەتی ناهەمواری هاوسێیانی کورد و بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکانی ئەوروپا و ئەمـەریکا بەڵکو زیاتریش بۆتە هۆی هەمـوو ئەو گیـروگرفتـانەی کورد تیایاندا دەژی. شاعیر ناهەقی نییە بەزمانی ئەو کچەوە جنێو بەو سەرۆکانە دەدا.

٣

عـەونی لە شـیـعرێکیدا باس لە کاوەی ئاسنگەری مـێـژووی دێرینی ڕۆژگارانی ئەرکـیـۆلۆجی ئەفـسـانەیی دەکـا. ئەوجـا کـاوەیێکی دیکە دەدۆزێتـەوە لە سـەدەی بیستەمدا لە مستەفا بارزانی بەرجەستەی دەکا:

دوو هەزار سـاڵ لـەمـەوبـەر
هـەسـتـا کـاوەی ئاسنگـەر
بـوو بەپێـــشـــڕەو و ڕابـەر
دەسـتی کـرد بـەشـۆڕوشـەڕ
بەهـێـزی بازوو و مــەچەک
نایـە سـەرشـانی کـوتەک
دژی زۆردار ڕاوەســـتـــا
سوێندی خوارد بە ئاڤێستا

شاعیر دەڵێ لە مێژووی دێرینی کورد لە نـاو هۆزەکانی باپیرانی کوردی ئێستا کە یەکێکیـان مـادەکان بوون قارەمـانێکیـان لێ هەڵکەوت، ناوی کـاوەی ئاسنگەر بوو، شـۆڕشی هەڵگیـرسـاند و مـیللەتی خـۆی لە زۆرداری ئەژدەهـاک (زەحـاک)

ڕزگار کرد. لە نەوەی کاوە و میدیاییەکانی کۆن لە سەدەی بیستەمدا مستەفا بارزانی پەیدا بوو:

لەوسا ئاگر یەکجاری
دروشمە بۆ ڕزگاری
پشت بەپشت هەر مایەوە
بەهیچ هێز نەکوژایەوە
تاکو سەدەی بیستەم هات
پاش هەزاران کارەسات
لە کوردستانی بەرین
کاوەی سەدەی بیستەمین
کاوەی نەمر بارزانی
ئالآی خستە سەرشانی
شۆڕشێکی بەرپا کرد
مافی کوردی داوا کرد

لە ڕۆژگارانی مێژووی ئەفسانەیی کۆنەوە ئەو ئالآیەی کاوە هەڵی کردبوو هەر دەشەکێتەوە و پشتاوپشت قارەمانانی مێژوو لە یەکتریان وەرگرتووە، تا گەیشتە سەدەی بیستەم و کەوتە دەست مستەفا بارزانی. مەبەسی شاعیر هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ە لە کوردستانی عیراقدا.

دانایی و مێژوو

١

بەلای شاعیرەوە گەورەیی ئەنجامی ئازایی و ژیرییە:

بەختیاری دوو جیهان تەنیا بەکۆشش کردنە
هەر کەسێکی کۆڵنەدەر بێ ڕووی بەرەو سەرکەوتنە
حەز دەکەی گەر بەرگی ئازاد بپۆشێ وەک کەوا
نرخی سەربەرزی لە ڕێگای سەرلەژێری کەوتنە

لافی سـەرداری لە ژێر دارا دەبێ ترست نەبێ

دەست هەموو کەس ناکەوێ ڕێگا بەهیوا بردنە

چوونە کۆی لەیلا هەموودەم ڕێگەیێکە ترسناک

چاکترین کارێک لە بۆ ئەم ڕێگە خۆ شێت کردنە

چوونە مەیدانی خەبات بۆ بەختیاری قەومەکەت

دوودڵی پێناوی (عەونی) پشت بەیەزدان بەستنە

لەم شیعرە جوان و پڕ مانایەدا عەونی لەسەر ئەو باوەڕەیە گەورە ئەو کەسەیە لەسەر هەق لە سێدارە نەترسێ، ئازایی مەنسووری هەلاجی هەبێ، بیروباوەڕی سۆفیزمی مەجنوونی هەبێ، هیچ هێزێک لە گەردووندا نەبێ ڕێی لێ بگرێ و نەهێڵێ بەرەو مەڵبەندی لەیلا مل بنێتە ڕێ. لەیلای کورد بەدرێژایی مێژوو «ئازادی» بووە.

٢

عەونی لە ڕاستی دوور نەکەوتۆتەوە کە دەڵێ مێژوو درۆیە:

ئەگەر ڕاستت دەوێ مێژوو درۆیە

هەموو ڕووداو و ڕابردوو درۆیە

بەچاوی خۆت دەبینی کارەساتێک

دەگۆڕێ پێچەوانەی هەر لە کاتێک

ئەوەی مێژوو دەنووسێ وەک بەڕۆژە

گوڵێکە تابیعی سووڕانی ڕۆژە

لەم دێڕانەدا شاعیر کە هێرش دەباتە سەر زانستی مێژوو ناهەقی نییە، چونکە بەسەرهاتی ڕووداوێک وەکو بووە نانووسرێتەوە بەڵکو وەکو ئەوەی مێژوونووس یا دەسەڵات بەدەست دەیەوێ دەنووسرێتەوە. لەبەرئەوە بۆ دواڕۆژ وەکو سامانێکی ڕۆشنبیری ئەو کەڵکەی نابێ، کەچی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری داهێنراو (شیعر و پەخشان) سوودی بۆ کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەمیشەییە، بەڵام زۆربەی مێژووەکە لە کەڵک دەکەوێ و کەمی دەبێتە سەرچاوەی ڕاستەقینە. بەتایبەتی مێژووی سیاسی کوردی سەردەم.

***

عوسمان عەونی شاعیرێکی ڕەسەنی گێتیی کوردەوارییە. لە شیعری دڵداری و کەسێتیی قانگدراو بەتارمایی ڕۆمانتیکی باڵادەستە. لە ڕووی کێش و قافیە و ڕیتم بێ کەم و کووڕییە، زمانی ئاسانە. لە ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی کۆن و شیعری میلليی سیلابی خۆماڵی دەوڵەمەندە. لە شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتیدا سەرکەوتووە. لە ڕووی هونەری شیعری و جوانکارییەوە بێ گومان ناگاتە شیعرە دڵدارییەکانی. ئەمە دیاردەیێکە لە لای زۆربەی شاعیرانی کورد بەم جۆرە دەکەوێتەوە. لە پاشانا عەونی بەدوو قۆناغی یەک لە دوای یەک تێنەپەڕیوە، لە پێشانا خەریکی دڵداری بووبێ و لە پاشانا بۆ نیشتمانپەروەری چووبێ. ئەو هەردووکیانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە و بەڕاستی بووە بەشاعیری «دڵداری و کوردایەتی».

ئیبراهیم ئەحمەد

بەشی بیست و دووەم

ئیبراهیم ئەحمەد

١٩١٤ – ٢٠٠٠

شـیـــرین! بەهـارە بەهـاری شـــادان
بێ بەهرەن لە ژین گـەلی نـامـرادان
جـەژن و بەهـار و سـەیران و خـۆشی
گـشـــتی پیـــرۆزی گـــەردن ئازادان

ژیانی

ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد کوڕی فەتاح لە بەهاری ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە دایک بووە. سـەرەتا لە سـاڵی ١٩٢٢ لە قـوتابـخـانەی نموونەی سـەعادەت لـە سلێمـانی دەستی بەخوێندن کردووە. لە ساڵی ١٩٢٣ گواستوویـەتییەوە قوتابخانەی لەتیفیە ئینجـا چۆتە قـوتابـخـانەی سـەرەتایی یەکـەم. لە پاشـانا لە سـاڵی ١٩٣٢ لە قـوتابـخـانەی ناوەندی سلێـمـانی بووە بەقـوتابی. بەهۆی دەست کـورتی مـاڵی باوکییەوە مامی گرتوویەتییە خۆی بردوویەتییە بەغدا. لەوێ قـوتابخانەی ناوەندی تەواو دەکـا ئینجا پۆلی چوارەم و پێنجـەمی ئامادەیی لـە قـوتابـخـانەی ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا دەگەیەنێتە ئەنجام.

لە سالآنی ١٩٣٤ – ١٩٣٧ کۆلێجی ماف (حوقووق) لە بەغدا تەواو دەکا و دەبێ بەئەوقـات (مـحـامی). مـاوەیێک خـەریکی کـاری پـارێزەری دەبێ تا لە سـاڵی ١٩٤٢ کـــاری دادوەری (قـــازی) پێ دەســـپـــێـــررێ کـــارەکـــەی لە هـەولێـــر و هەڵەبجـــە بەمووچەخۆری دەباتە سەر. لە سەردەمی جەنگی دووەمی گێتی (١٩٤٤) ئیبراهیم ئەحـمـەد لەگەڵ چەند ڕۆشنبیـریکی کورد لقی «کۆمـەڵەی ژ. ک.»یان لە سلێـمـانی کردەوە. لە سـاڵی ١٩٤٩ گیراوە و فـەرمانی ساڵ و نیـوێک بەندی بۆ دەرچووە، ئەو

ماوەیەی لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا بردۆتە سەر. لە دوای ئازادبوونی (١٩٥١) خەریکی کاری ئەوقاتی بووە، هەر لەو ساڵەدا لە کۆنفرانسی پارتی دیمۆکراتی کوردی (لە دواییدا کوردستان) لە بەغدا بەسکرتێر هەڵبژێرراوە. ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆشنبیرێک بوو لەسەر هەژارانی دەکردەوە، لە دژی کردەوەی دەرەبەگان بوو. ڕق و کینی ئەمانە گەیشتبووە پلەیێک هەوڵی کوشتنیان دەدا، لە ساڵی ١٩٥٤ تەقەیان لێ کرد و لە ئەنجامدا بریندار بوو.

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ماڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە کەرکووک بوو. بەئاشکرا ئەوقات بوو، بەنهێنی خەباتی سیاسی دەکرد. لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا ماڵی لە کەرکووکەوە گواستەوە بەغدا و خەریکی سیاسەت بوو وەک کادیرێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

لە دووبەرەکییەکەی ساڵی ١٩٦٤ لە ناو ڕیزی ئەو پارتییەدا ئیبراهیم ئەحمەد لایێک بوو. لە پاشانا چەندوچوون لە ناو هەردوو بەرەدا تەشەنەی کرد تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦ شەڕی ناوەخۆ دەست پێ بکا. لەو ماوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا بوو تا ساڵی ١٩٧٠ و دەرچوونی بەیانی ١١ی مارت. لەو ماوەیەدا هەردوو بەرەکەی پارتی لە یەکتری نزیک بوونەوە تا ساڵی ١٩٧٥ و کارەساتی کۆتایی هاتن بەشۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق. لە دوای ئەمە ئیبراهیم ئەحمەد وازی لە کاری پارتییایەتی هێنا و نیشتمانی بەجێ هێشت لە پێشانا بۆ ئێران و لەوێوە بۆ لەندەن و بوو بەپەنابەری سیاسی. هەڵسوکەوتی لە ژیانی لەندەنیدا ڕۆشنبیرانە بوو، وەک کەسێکی بێ لایەن خۆی دەخستە ڕوو، دۆستی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkkی کوردستانی تورکیا) بوو، خۆی لێیان نزیک کردبووەوە و بەئەندامی پەرلەمانی خۆیانیان هەڵبژاردبوو لە دەرەوەی نیشتمان. ڕۆژانە ئیبراهیم ئەحمەد کاتی بەخوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بیروباوەڕی سیاسییەوە دەبردە سەر. تا لە ڕۆژی ٨ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. لە ٢٠ی نیسانی ئەو ساڵە تەرمی گەیشتەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەلیم بەگ بەخاک سپێررا.

ڕۆشنبیر و سیاسی

ئیبراهیم ئەحمەد خۆی دەڵێ ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ ڕووداوێکی گرنگ بووە بۆ بەهێزکردنی گیانی کوردایەتی لە دڵ و دەروونیدا. هەر لەو کاتەوە بیری لە چارەنووسی میللەتی خۆی کردۆتەوە، کێشەی نەتەوەیی کوردی بەمەسەلەی هەژاری کوردەوە گرێداوە، بۆ ئەم ئامانجە چۆتە ناو خەباتی سیاسییەوە. لە پێشانا لە کۆمەڵەی ژ. ک. و لە پاشانا لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەنهێنی و بەئاشکرا خەباتی کردووە. کارەکەی دوو لایەنی بووە تیۆری و پراکتیکی، لە فێرکردنی خۆی دەوری گرنگی بووە، پیشەی ئەوقاتی ڕێی بۆ خۆش کردووە ئاسۆی بیری فراوان بێ لە زانیاری گشتیدا. ئاگاداری زانیاری بەگشتی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی بوو، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەکوردەوە هەبوو. لە سیاسەتیشدا نیوەی زیاتری ژیانی لەو مەیدانەدا بردۆتە سەر وەک پراکتیک، واتە لە ساڵی ١٩٧٥ کە لە ژیانی پارتییایەتی دوور کەوتەوە، وازی لە ژیانی سیاسی نەهێناوە وەک بێ لایەنێک تا دوا هەناسەی کوردایەتی کردووە.

ڕۆژنامەنووس

لەو سەردەمەی ئیبراهیم ئەحمەد هێشتا قوتابی بووە لە بەغدا لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی کورد دوو بڵاوکراوەیان چاپ کردووە، یەکێکیان بەناوی «یادگاری لاوان» (١٩٣٣)؛ دووەمیان بەناوی «دیاریی لاوان» (١٩٣٤). ئەم دوو بڵاوەکراوەیە وەکو کۆوار کۆمەڵێک وتار و شیعریان بەزمانی کوردی گرتۆتە خۆ. جگە لەمە ئیبراهیم ئەحمەد لەم کۆوار و ڕۆژنامانەدا دەوری بووە:

١- گەلاوێژ: لە ساڵی ١٩٣٩ ئیبراهیم ئەحمەد پرۆژەی دەرکردنی کۆواری «گەلاوێژ»ی دانا. لەبەر جموجۆڵی سیاسی خۆی و نەپەرژانی بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆوارەکە بەتەواوی، بەڕێوەبردنی بەعەلائەدین سەجادی سپارد. خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردی بەغدا و هەموو کوردستانی عیراق لە دەوری کۆبوونەوە. تا پلەیێکیش کوردانی ئێران و سووریا پێوەندییان بەکۆوارەکەوە هەبوو. بەڕاستی گەلاوێژ یەکێکە لە چاپەمەنییە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی. ئیبراهیم ئەحمەد و سەجادی دەوری دیاریان هەبوو لە

دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی کۆوارەکە. ئەم بڵاوکراوەیە تا ساڵی ١٩٤٩ مایەوە، ئیتر لە دەرچوون وەستا.

٢- شەفەق: لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ ئیبراهیم ئەحمەد لە کەرکووک بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ەوە تا تەمووزی ئەو ساڵە دەوری دیاری هەبوو لە دەرکردنی ئەو کۆوارە. یەکێک بوو لە دەستەی نووسەرانی، سەرکەوتنی کۆوارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆششی هەموو ئەندامانی دەستەی نووسەران کە ئیبراهیم ئەحمەد یەکێک بوو لەوان.

٣- خەبات = النضال: لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩ دەرکردنی ڕۆژنامەی «خەبات = النضال» بەکوردی و عەرەبی بەناوی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بوو. ئەم ڕۆژنامەیە زۆری نەخایاند، لە پێش شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەماوەیێک لە ٢٨ی مارتی ١٩٦١ داخرا. ڕۆژنامەکە تەنیا سیاسی نەبوو، گشتی بوو، بۆ ڕۆژگاری خۆی سوودی سیاسی و خوێندەواری زۆر بوو، لە پاشانا بوو بەسەرچاوەیێک بۆ مێژووی ڕۆشنبیری کوردی.

٤- کوردستان: لە بەهاری ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە پێنج ژمارە لە کۆواری «کوردستان» بڵاوکرایەوە. ژمارە یەکەمی لە ٤ی مارتی ١٩٦١؛ ژمارەی پێنجەم لە ١ی نیسانی ١٩٦١. لە دوای ئەمە کۆوارەکە لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە داخرا. کۆوارەکە سیاسی و خوێندەواری گشتی بوو، لە کاتێکدا بڵاو دەکرایەوە گوریسکێشانێی نێوان بزووتنەوەی کورد و دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم گەیشتبووە لووتکە.

٥- چریکەی کوردستان: لە دوای کارەساتی کۆتایی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لە بەهاری ١٩٧٥ کە ئیبراهیم ئەحمەد بەماڵ و منداڵەوە وەک پەنابەری سیاسی لە لەندەن نیشتەجێ بوو یەکەم ژمارەی کۆواری «چریکەی کوردستان = صرخە کردستان»ی بڵاوکردەوە (تەمووز و ئاغستۆسی ١٩٧٩). نۆ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، هەندێکیان بەزمانی عەرەبی بوون، ئەم کۆوارە تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو، لە ئەیلوولی ئەو ساڵەدا ژمارە (٨ - ٩)ی بڵاوکرایەوە. کۆمەڵێک کوردی دانیشتوانی لەندەن و وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپا لە دەوری کۆوارەکە کۆ بووبوونەوە و بەنووسین یارمەتییان دەدا. لە ناویاندا تۆفیق وەهبی و محەمەد ڕەسووڵ هاوار یاریدەدەری بەکار بوون.

سلێمانی وەکو نێوەندێکی ڕۆشنبیری گرنگ لە کوردستانی عیراقدا دەوری دیاری بووە لە پەروەردەکردن و خەملاندنی گیانی هونەری بۆ نووسینی پەخشان و شیعر لە مێشک و خەیاڵ و دەروونی ئیبراهیم ئەحمەد و هەموو ئەوانەی لەوێ لە دایک بوون. ئەم نووسەرە زوو بەهرەی نووسینی تەقیوەتەوە، لە حوزەیرانی ١٩٣٢ لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا وتاری بلاوکراوەتەوە. لە سەرەتاوە هەوڵی داوە نووسینی بەناوی نهێنی بلاو بکاتەوە، لە پێناوی ئەوەی خۆی لە چاوی سیخوڕانی دەسەلاتی میری بشارێتەوە. بەدرێژایی تەمەنی ئەم ناوە نهێنییانەی لە بەشێ لە نووسینەکانیدا بەکارهێناوە: سیاپۆش، بلە، ب. هـ. ل.، ن. أ.، ا. ب. ج.، إ. أ.

بەرهەمی پەخشانی هونەری ئیبراهیم ئەحمەد لە دوو بابەتی سەرەکی دەکەوێتە بەرچاو:

١- چیرۆک: نووسەر ڕۆڵێکی دیاری بووە لە پەیدابوون و پەرەسەندنی چیرۆکی هونەری کوردی لە لایەن نەوەی یەکەمی ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیدا. لە سالانی ١٩٤٢ – ١٩٤٥دا چەند چیرۆکێکی نووسیوەتەوە. خاسیەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، لە ناوەکانیانەوە هەست بەو سیمایە دەکرێ کە لە چیرۆکی دیکە جیا دەکرێنەوە. هەندێ لەو چیرۆکانە ئەمانەن: لە ولاتی قارەمانانا (١٩٤٢)؛ خازێ (١٩٤٣)؛ کوێرەوەری (١٩٤٤)؛ کەرلۆتی مەنووچەر (١٩٤٥)؛ تۆڵە سەندن (١٩٤٥). ئەم چیرۆکانە وەکو زۆربەی چیرۆکی کوردی ئەو سەردەمە دەچنە ناو شێوازی ڕیالیزمی کۆمەلایەتییەوە. ئەو کۆمەلایەتییەی پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەسیستێمی بەناو دیمۆکراتی و بەناوەڕۆک فەرمانڕەوایی دەرەبەگی ناوەوەی کۆمەڵ کە هێزی ئەمپریالیستی دەرەوە بەرێوەی دەبا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی هەردوو لایان. چیرۆکەکانی ئیبراهیم ئەحمەد ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵەن، بۆیە قارەمانەکانی لە لایێک ڕەنجبەر و جووتیار و چەوساوە و هەژارانی ناو کۆمەڵن، لە لایێکی دیکەوە مووچەخۆری گەورە و دەرەبەگ و دەوڵەمەند و دەست و پێوەندەکانیانن.

پۆلیس و هەندێ مووچەخۆر تاقمی یەکەم دەڕووتێننەوە بۆ چاکەی تاقمی دووەم. هەندێ لەم چیرۆکانەی ئیبراهیم ئەحمەد وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی

و ڕووسی و هی دیکه. وەرگێرانی ڕووسی چیرۆکی «خازێ» و «کوێرەوەری» لە لایەن خوێنەری ڕووسەوە پێشوازی چاکی لێ کراوە.

٢- ڕۆمان: ئیبراهیم ئەحمەد دوو ڕۆمانی نووسیوەتەوە، یەکەمیان بەناوی «ژانی گەل» و دووەمیان بەناوی «درک و گوڵ»ەوەیە.

ڕۆمانی ژانی گەل لە ساڵی ١٩٥٦ نووسراوەتەوە، بەڵام بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە. بەرنامەی ئەم ڕۆمانە بەگشتی هەر ئەوەیە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ چیرۆکەکانی داناوە. جێگە کۆمەڵی کوردەوارییە، کات قۆناغی دوای جەنگی دووەمی گێتییە، قارەمانی ڕۆمانەکە شۆڕشگێڕی کوردە بەرهەڵستی زۆرداری دەسەڵات دەکا لە پێناوی مافی نەتەوەیی کورد و مافی سروشتی خەڵک لە یەکسانی و سەربەستی و ئازادی.

ڕۆمانی درک و گوڵ لە ماوەی ژیانی بەریتانیای ئیبراهیم ئەحمەد نووسراوەتەوە. بیری بنچینەیی ئەم ڕۆمانە لە هوشیاری ڕۆشنبیرییەوە هەڵقوڵاوە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کە زەمینە خۆش دەبێ بەهۆی دەوڵەمەندییەوە منداڵیان ببن بەڕۆشنبیر. هەندێ لەم ڕۆشنبیرانە دەبن بەهەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی لە دژی کۆمەڵی دواکەوتووی دەرەبەگی و فەرمانڕەوایی ئەمپریالیستی ئەوروپا. ئیبراهیم ئەحمەد قارەمانێکی وای دروست کردووە کوڕی دەوڵەمەندێکی کوردە. لە پێناوی بیروباوەڕی تووشی دەردی سەری دەبێ. بەزۆری لە ئەدەبی ڕووسیدا چیرۆک و ڕۆمانی لەم چەشنە دەکەونە بەرچاو.

وەرگێڕان

ئیبراهیم ئەحمەد دەستێکی درێژی هەبوو لە وەرگێڕان لە زمانانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی. زوو دەرکی بەوە کردبوو بەبێ وەرگێڕان خوێندەواری لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەتەواوی سەرناگرێ. ئەم بیرەی ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆواری گەلاوێژدا ڕەنگی دابووەوە، لەبەر هەندێ ئەو کۆوارە بایەخی بەوەرگێڕان دەدا.

لە کۆششی نووسەردا وەرگێڕان جێی تایبەتی هەیە. بایەخی بە وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و مێژووی ژیان دەدا. کردەوەی لە هەندێ لەم کارانەدا بەرچاو دەکەون:

١- کۆمەڵێک چیرۆکی نووسەرانی گەورەی گێتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کاریگەری ئەمانە بۆ سەر مشتوماڵ کردن و دەوڵەمەندکردنی دەستووری چیرۆکنووسی بەسەر چیرۆکنووسانی کورد بەهێز بوو. سەرەڕای ئەمە بەشێ لەو چیرۆکانە ڕەنگیان لە چیرۆکی کوردی داوەتەوە. هەندێ لەو شاعیر و نووسەرانەی ئیبراهیم ئەحمەد چیرۆکیانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەمانەن: تۆماس ئالان، ولیەم شێکسپیر، مەکسیم گۆرکی، هانس ئاندرسن، موپاسان، چێخۆف، لێڤ تۆڵستۆی، ئەلفۆنس دۆدێ، ڕەئیف خووری، ئەناتۆل فرانس، جۆرج لینۆر، ئەنۆرێ دی بەلزاک، سیمیۆنۆڤ، ی. ل. بیرتس (چیرۆکنووسی زمانی عیبری).

٢- ئیبراهیم ئەحمەد بایەخی بەشیعری بێگانە داوە، کۆمەڵێک لە جوانترین شیعری نەتەوەکانی گێتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە ناو ئەم جۆرە کارە ئەدەبییانەدا نموونەی بەرهەمی شاعیری ئەم میللەتانە دەبینرێ: ئینگلیز، ئەمەریکی، ئیتاڵی، چینی، عەرەبی، هیندی، هەنگاری، یابانی، یۆنانی، ئەرمەنی.

٣- هەندێ وتاری لە بابەت مێژووی ژیان و بەسەرهاتی کۆمەڵێک کەسانی بەناوبانگ لە زمانانی بێگانەوە گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی، لەوانە: ماتاهاری (ژنە جاسووسی ناودار لە جەنگی یەکەمی گێتی)، چێرچل، هیتلەر، ستالین، مۆسۆلینی، گالیلۆ، لووتەر، ڕۆسۆ، داروین، مارکس، فرۆید، ئەنشتاین، جەواهیر لال نەهرۆ، تاگوور، فۆرۆشیلۆڤ، ناپولیۆن، ماری کووری، گاندی، جەنگیز خان، مارشاڵ، نای (قوماندانی ناپولیۆن)، سیمۆن بۆلیڤار (قارەمانی ئەمەریکی)، فرانکلین ڕۆزفیلت، وۆرد ویلسن (٢٨ەمین سەرۆکی ئەمەریکا)، چیان کای چیک.

شیعر

پلەی هەڵچوونی شاعیرییەتی ئیبراهیم ئەحمەد گەیشتۆتە ڕادەیێک کەفوکوڵی پەخشانیشی داگیر کردووە، بەم ڕەنگە پەخشانی بووە بەشیعرئامێز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شیعریدا زیاتر لەگەڵ مێشک قسە دەکا و ئەوەندە لە تەلی سۆز و چێژی ئادەمزاد نادا. شیعری کەمە، لە دەوری بابەتێک دەسووڕێتەوە،

ڕەنگدانەوەی بیـری کـوردایـەتی و ئەنتـەرناسـیـۆنالیـزمی و ئـیـدیۆلۆجـیـیـەتی سۆسیالیستی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر دڵداری لە پەیکەری کچێکی جوان بدۆزێتەوە، ئەو دلبەرەش دەبێتە چەوسێنراوی دەرەبەگی زۆردار و دەوڵەمەند و مووچەخۆری چاوچنۆکی میری.

یادگار و هیوا

ئیبراهیم ئەحمەد ئەم قەسیدەیەی لەسەر ٢٦ بەندی چوارین لە ساڵی ١٩٣٣ هۆنیوەتەوە، لە هەندێ لە بەندەکانیدا دەڵێ:

لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی ووشک بەناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

***

شیرین! بەهارە بەهاری شادان
بێ بەهرەن لە ژین گەلی نامرادان
جەژن و بەهار و سەیران و خۆشی
گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

***

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زرەی زنجیر دڵت نەلەرزی
پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

***

بێ دابنیشین جە بن چناران
لە چاوی مەستی دیدە خوماران
بەری بەیان و سەر لە ئێواران
بادە بنۆشین بەیادی جاران

بـەهـار هـاتـەوە وەســـــــەیرانـەوە
وە لـێ لـێ و لـۆ لـۆ وەحــــــەیرانـەوە
وە لـەنجــــــــەولاری نـیـگـارانـەوە
وە دەنـگـی خـــــۆشـی هـەزارانـەوە

***

شـیـرین! هەتـاکـەی دووری بچـێـژم
فـرمـێـسکی خـوێنین تاکـەی برێژم
تاکـــەی لـە گــۆشـــەی دڵی زارم دا
غـونچـەی جـوانی و گـەنجـی بنێـژم

***

ئەوا تـۆ ئەرۆی بـەخـوام سـپـاردی
پێم نەکــرا خـۆم بێم دڵم بـۆ ناردی
ڕێی ژیان سـەخـتـە پڕ ترس و لەرزە
نابێ بـتـرسی لە گـەرمی و سـاردی

***

چاوە وەک لێــزمـــەی بارانی بەهار
فرمێسکی خوێنت بۆ پیا دێتە خوار
گـــریان کـــردەوەی بـێ دەســـەڵاتـە
بـێ دەســـەڵاتـان ئـەرزێن لـە ژێر بـار

شـاعیر لەگەڵ شیرین دەدوێ. شیرین لە لایێک دلبەری شـاعیرە، لە لایێکی دیکە ڕەمـزی سـەربەسـتی و ئازادییـە. بەلای شـاعیـرەوە سـەیران و بەهار بۆ کـەسـانی ئازادە نەک دیلی ناو زیندان. بەشێوازێکی سۆفیزمیانە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئاه وناڵەی بێ دەسـەڵاتان ئەوەندە کاریگەرە تەختی کـردگار دەهەژێنێ، لە دواییدا لە خـەباتی ئاشـتییانە لادەدا و دەست بەهێرش بردن و شـۆڕش دەکا و دەڵێ گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتانە، ماف بەهێز نەبێ وەرناگیرێ.

یادی پێشەوا

لە ساڵی ١٩٤٧ لە دوای لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی ئیبراهیم ئەحمەد بەم پێشەکییە ماتەمنامەی بۆ نووسیوە:

یاران با بادەی پڕ مــــــەی بڕێـژین
با کـۆڕپەی خـۆشی و شـادی بنێـژین
با بە ئاخ بە ئۆف بە حـەسـرەت بە داغ
تەمـــــاوی بکەین ئاوێنەی دەمـــــاغ

بەهەناسـەیێکی ڕۆمـانتـیکیـانە غـەم و پەژارە و شـێـوانـی ناو دڵ و دەروونی هەڵدەڕێژێ بۆ مـردنی ئەو پیـاوە بەکـارەی لە دەست چوو و ڕووخـانـی ئەو کـۆرپە نازدارەی کۆمـاری کوردستـان کە جارێکی دیکەش هەرەسی بە دەسکەوتی هیوای نەتەوەیی هێنا.

ڕووبەڕووی مردن

لە سـاڵی ١٩٥٩ پیـلان بۆ کـوشـتنی عـەبدولکەریم قـاسم دانرا بوو، لەسـەر شـەقـامی ڕەشـیـدی بـەغدا تـەقـەی لێ کـرا و بریندار بوو. بەم هـۆیەوە ئیـبـراهیم ئەحـمـەد قـەسـیـدەیێکی درێژی دەوروبـەری هەشـتـا دێڕی هـۆنییـەوە، لـە هـەندێ لە دێڕەکانیدا دەڵێ:

کـەریم لای گـەڵ ئازادییـە
ئاشـتی ئاسـایش شـادییـە
مـانای سـەربـەرزی ژیانە
بۆ گـەل بۆ ئەم نیشـتـمـانە
بۆیە هەرچی کـە هەمـانە
گەر ماڵ و حاڵ و گەر گیانە
ئەیکەینە قـوربانی کـەریم

ئەو کاتەی هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم درا هێشتا خۆشەویست بوو لای خەڵکی عیراق. ئەم شیعرەی شاعیر لە ڕووی هونەرییەوە شیعرێکی ڕەوانە، لە

هەموو لایەنێکی هونەرییەوە لە ئەدەبی میللیی سەرزارەوە نزیکە، بەڵام شاعیر هەندێ زیادەڕۆیی هەیە. سۆزی هەڵچووی ناو دەروونی دەگاتە پلەی «پەرستنی ئادەمزاد» لەو کاتەی ماڵ و حاڵ و گیان و ئەوەی هەیە دەیکا بەقوربانی کەریم. تاک پەرستن دەگاتە پلەیێک لە جێی دیکەی قەسیدەکە کەریم لە گۆشت و ئێسقان دەردێنێ و دەیکا بەگیان و بیروباوەڕ، وەکو ئەو کەسانەی لە سەردەمی ئێستادا تاکە کەس دەگەیەننە پلەی پێغەمبەری و هەندێ جاریش دەبێ بەکردگار. ئەو بیروباوەڕە لە فیکری سیاسی لە هەموو گێتیدا مابوو تا دوا ساڵانی سەدەی بیستەم، بەڵام لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت (١٩٩١) زۆر کز بووە.

بۆ سەدام حوسێن

ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨١ لە لەندەن شیعرێکی بۆ سەدام حوسێن وتووە:

سەدام! کوردستان موڵکی تۆ نییە
نە هی ئەتاتورک نە خومەینییە
مەلای لابەلا کوردی خستە داو
ئینگلیزیش ئێوەی لێ کردین بەپیاو
تاقە بستێکی ئەم کوردستانە
داگیر نەکراوە بەجەنگی مەیدان
هەمووی بەپاکی و دڵ سافی خۆمان
بە فرت و فێڵی زۆڵە موسوڵمان
کورد بێبەش کرا لە ماف و لە نان
لە ماڵی خۆیا بوو بەبێگانە
کوردی خاوەنی ئەم نیشتمانە
پڕ خێر و بێر و پڕ نەوت و کانە
خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە
بەرگری هەموو گورزی زەمانە
بەگۆڕ سپێری سەد هاری وەک تۆ
بۆ نەگرێتە دەس چارەنووسی خۆ

بۆ هەقی نەبێ ئەویش وەک ئێـــوە
ئاڵای خـۆی هەڵکا لەم کـەژ و کێـوە

ئەم شیعرەش لە ڕووی هونەرییەوە وەکو شیعرەکەی پێشووە، شاعیر هەندێ زانیاریی مێژوویی خستۆتە قاڵبی کێش و قافیەی شیعرییەوە و بەرەو ڕووی سەدام حوسێنیان دەکاتەوە. داواکانی شاعیر ئەوەیە مافی کورد پێویستە وەکو مافی عەرەب بێ لە نیشتمانی عیراقدا. هەروەها لە تورکیا و ئێرانیش. ئەو هەڵسوکەوتەی کوردی تێکەوت لە کوردستانی عیراقدا لە ئەنجامی سیاسەتی چەوتی چاوچنۆکانەی ئەمپریالیستی ئینگلیزییەوە بوو.

ئەی مانگ

بەهۆی چوونە ناو مـانگی هاووڵاتی ئەمەریکی ئارمسترۆنگ لە ڕۆژی ٢٩ی تەمووزی ١٩٦٩ ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا بووە، قەسیدەیێکی درێژی هۆنیوەتەوە، لە هەندێ لە دێڕەکانیدا دەڵێ:

ئەی مـانگ کـە لە لا دۆستی دێرینم
ڕۆشن کـەرەوەی شـەوگـاری ژینم
هاوڕێ و هاودەمی دەستـەی یارانی
خـوێنمـژی گـەورەی سـەرمـایەداری
جـارانی دنیـا وەک مـاستی مـەییـو
جـارانی گـەلان کـاڵ و نەگـەییـو
ئەوسـایەی زەمین مـوڵکی زۆردار بوو
دنیـا بەهەشـتی سـەرمـایەدار بوو
ئارمـسـتـرۆنگ و ئەلاینی هاوڕێی
سێ پەیکی ئاشـتین ئازاریان نەدەی
ئازان چالاکن بەسـەزمـانن
لە فـاک و فـیکی نیکسـۆن نازانن
بەدڵی خـۆش و پڕ لە هیـواوە
نامـەی دایکیـان بۆ کـوڕ هێناوە

ئەوساکە مانگ و زۆر ئەستێرەی جوان
ئەکرێنە مۆڵگە و هەوارگەی ئینسان
ئەڕازێنەوە بەدەستی زانین
بەڕاستی ئەبنە بەهەشتی بەرین

لەم شیعرەدا ئیبراهیم ئەحمەد هەوڵی داوە میللەتی ئەمەریکا لە کاربەدەستانی جیا بکاتەوە. ئەو خراپەیەی بەناوی ئەمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمەوە لە میللەتان دەکرێ دەسەڵات بەدەستان تاوانبار دەکا. لەبەرئەوەیە ئافەرینی ئارمسترۆنگ دەکا لەو گەشتەی کە کەشتییە ئاسمانییەکەی لە ناو مانگ دابەزاند و لە پاشانا گەڕایەوە سەر رووی زەوی. شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەو زانستی و تەکنیکەی ئەو ئامێرەی دروست کردووە پێویستە بۆ چاکەی هەموو مرۆڤایەتی بەکار بهێنرێ بۆ ئەوەی زەوی ببێ بەبەهەشتی بەرین.

بەرەو ڕووناکی

بەرەو ڕووناکی بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراوی ئیبراهیم ئەحمەدە، لە زیاتر لە سی دێڕ پێکهاتووە. لە هەندێکیدا شاعیر دەڵێ:

لە ناو جەرگی تاریکییەوە
دەست بەکەلەپچە و تەوق لە مل و زنجیر لە پێ
لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلییەوە
کەوتوومە ڕێ هاتووم ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

***

پشتم داڕزاوی جەزرەبەی قامچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە
پێم شەلی دارکارییە
فرمێسک لە چاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکمدا ووشک بۆتەوە
بەڵام بەدڵێکی وەک پۆڵاوە ڕێم گرتۆتە بەر
ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی...

ئەم کارەی شاعیر لە نێوەندی ئەدەبیدا زۆر بەناوبانگە، لە کاتی خۆیدا کە بڵاوکرایەوە، ڕووی ڕەخنەی لێ کرایەوە. هەندێ کەس بەپەخشانیان دادەنا، هی دیکە پەخشانەشیعریان پێ دەوت (یا شیعری پەخشانی) سێیەمیان بەشیعری نوێی تەواویان دەژمارد. هەروەها کە بڵاوکرایەوە خاوەنی بەو ناوە بڵاوی کردەوە گۆیا لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراوە. ئەوی ڕاستی بێ ئەم بەرهەمە لە دانانی ئیبراهیم ئەحمەد خۆی بوو، بەئانقەست نووسیبووی وەرگیراوە بۆ ئەوەی سانسۆری میری بەچاوێکی دیکە تەماشای بکا، چونکە نووسینێک لە لایەن دەسەڵاتەوە پەسەند نەکرابایە و لە زمانێکی بێگانەوە بکرایە بەکوردی یا عەرەبی تاوانی خاوەنەکەی سووکتر دەبوو لەوەی ڕەسەن بێ و خاوەنەکەی خۆی دانەری بێ.

ئەم بەرهەمەی ئیبراهیم ئەحمەد نموونەیێکی بەرزی ئەدەبی کوردییە، دەچێتە ناو ئەدەبی بەرگرییەوە، لە پێناوی مافی ئادەمزاد، مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەیێک بۆ دروستکردنی کۆمەڵێک هەموو کەس وەک یەک تیایدا بژین.

***

ئیبراهیم ئەحمەد جێگەی تایبەتی هەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و سیاسییێکی بەدیمەن بوو. بەرهەمی لە شیعر و پەخشاندا بەرزە، شیعری لیریکی هۆنیوەتەوە، وتار و چیرۆک و ڕۆمانی نووسیوە، لە وەرگێڕاندا دەوری گرنگی هەیە. شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە نووسیندا، قەڵەمی بڕشت بووە لە بەپەتی کردنی زمانی کوردی لە نووسیندا، شارەزای زمانی میللیی کۆمەڵی گوندایەتی کشتوکاڵ و زمانی ناو بازاڕی شار بووە. لەبەرئەوە فەرهەنگی نووسینی دەوڵەمەند بووە و ڕستەی سفت و ڕەوان بووە.

ئیبراهیم ئەحمەد لە سیاسەت بەدوور نەبوو، ڕاستییەکەی ئەوەیە لە دوو دەرگای گەورەوە چووە ناو باڵەخانەی سیاسەت و ئەدەبەوە، بەڵام لە دوو دەرگای بچووکتر لێیان هاتە دەرەوە. لە سیاسەت وازی لە حیزبایەتی هێنا، ئەو قازانجەی پێویست بوو لێی نەکرد. لەم هەڵوێستەدا ئەدەب زیانی لێ کەوت چونکە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئەدەب خوڵقا بوو، ئەگەر هەموو کاتی بۆ ئەمە تەرخان بکردایە مەسەلەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە. لەگەڵ ئەم هەموو بۆچوون و بیروباوەڕانە ئەو بەرهەمەی ئیبراهیم ئەحمەد بەجێی هێشتووە بەرز و باڵا و لووتکەی داهێنانە، ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کردووە.



کاردۆخی

بەشی بیست و سێیەم

کاردۆخی

١٩١٦ – ١٩٨٢

به ووردی کاتێ سەیری کردەوەی ئینسانی لارم کرد
به دڵ پەست بووم و زوو هەستام له لایان کۆچ و بارم کرد

ژیانی

محەمەد ئەمین کوڕی کاکەشێخ کوڕی شێخ محەمەد (بەهائەدین) کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە. له ڕۆژی ٢٥ی مارتی ساڵی ١٩١٦ له گوندی تەوێڵەی هەورامان له دایک بووە. له سەردەمی لاویەتیدا وشەی «کاردۆخی» وەک نازناوێکی شیعری و ناوێکی هونەری هەڵبژاردووە و هەموو نووسینێکی بەم ناوە بڵاوکردۆتەوە و له ناو خەڵکیدا بەوەوە ناسراوە. وەکو خۆی دەیووت لەبەر خۆشەویستی کورد و کوردستان ئەم ناوە دێرینە ئەرکیۆلۆجییەی مێژووی کوردی له خۆی ناوە و هیچ ناوێکی دیکەی گەرەک نەبووە.

سەرەتا لای باوکی و خاڵوانی هەندێ له پرۆگرامەکانی حوجرەی مزگەوتی خوێندووە. له ساڵی ١٩٢٩ چۆتە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. له پاییزی ساڵی ١٩٣٥ ڕووی کردۆتە بەغدا و خانەی مامۆستایانی گوندایەتی بەئەنجام گەیاندووە و له هاوینی ساڵی ١٩٣٩ بووە بەمامۆستای قوتابخانەی تەوێڵە و دوای ساڵێک گوێزراوەتەوە بیارە و چوار ساڵی لێ بووە، ئینجا بۆ گوندی عەبابەیلێ. له دوای ئەمە بۆ ماوەی شەش ساڵ له چەند ئاواییەکی ناوچەی سلێمانی مامۆستای قوتابخانە بووە، له پاشانا له هەڵەبجە بووە، ئینجا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سلێمانی، دوو ساڵ مامۆستای قوتابخانە بووە. لەسەر داوای خۆی گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا، شەش ساڵ لەوێ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی

بووه. لەو ماوەیەدا خەریکی هۆنینەوەی شیعر و نووسینی وتاری ئەدەبی بووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا خانەنشین کراوە، بەیەکجاری ماڵی گواستۆتەوە سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بووە. قۆناغی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی بەنووسینی شیعر و پەخشان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بردۆتە سەر. لە ڕۆژی ٤ی ئاغستۆسی ١٩٨٢ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

شیعری

کاردۆخی لە بنەماڵەیێکی ئەدەب دۆست بووە و لە نێوەندێکی کۆمەڵایەتی و سۆفیزمی نزیک لە ئەدەب و خوێندەواری ژیاوە. لە تەمەنی هەڕەتی لاویەتی لە ساڵی ١٩٣٥ هەوڵی داوە شیعر دابنێ. لە ساڵی ١٩٤١ تووشی دڵداریی کچێکی خزمی خۆی بووە. بۆ بەدبەختی شاعیر کچەکە زوو جوانەمەرگ بووە و شاعیر پێی شاد نەبووە، بەڵام یادی ئەو دڵدارییە بووە بەهەوێن و سەرچاوەی ئیلهامی و شیعری بەسۆزی بۆ هۆنیوەتەوە. جوانیی کوردستان هۆیێکی گرنگتر بووە و خەیاڵی ناسکی بزواندووە و هەندێ پارچە شیعری جوانی هێناوەتە بەرهەم. لە ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە کەسێتی شیعری کاردۆخی دیار دەکەوێ و دەست دەکا بەبڵاوکردنەوەی شیعر و وتاری ئەدەبی، جگە لە بەرهەمی داهێنانی خۆی هەندێ وردە چیرۆکی میللی پەخشانی خۆماڵی بە شیعر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بۆ منداڵ و قوتابیان وەک شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) چوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. خۆشەویستی پڕ لە سۆزی بەرامبەر بە ئەدەبی کوردی پاڵی پێوە ناوە دیوانی شاعیری ڕەند شاهۆ ئامادە بکا بۆ چاپ و بڵاوی بکاتەوە.

شیعری کاردۆخی لە ڕووی ڕوخسارەوە بەم تێبینییانەی لای خوارەوە هەندێ ڕوون دەبێتەوە:

١- لە شیعرە عەرووزییەکانیدا ئەم بەحرانەی بەکارهێناوە: هەزەج، ڕەمەل، خەفیف. لە ڕووی قافیەوە دیاردەیێکی تازە لەم جۆرە شیعرەیدا دەکەوێتە بەرچاو. ئەویش ئەوەیە یەکێتیی قافیەی تێدا نییە، لەو کاتەی پێویستە ئەم جۆرە قافیەیەی هەبێ، کەچی شیعری ئەم بابەتەی هەموو جووت قافیەیە (مەسنەوی).

٢- له شيعره خۆماڵییەکانیدا کێشی سیلابی بەزۆری دە بڕگەیی بەکارهێناوە لەوانەی وەستان لە ناوەڕاستیاندا هەیە (٥ + ٥)، لە ڕووی قافیەشەوە هەمووی جووت قافیەیە (مەسنەوی).

٣- زمانی قسەکردنی ماڵەوەی کاردۆخی بەدیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی بووە، وەکو هەموو کەسانی وەک ئەو دیالێکتی کرمانجیی باشووریش لەتەک ئەو بووە، ئیتر لەو کاتەی شیعر وتن بەکرمانجی خواروو باو بووە شاعیرانی ئەم دیالێکتە بۆ یادگار یا بۆ نوقڵانەش بووبێ بەدیالێکتی گۆرانیش شیعریان وتووە، کاردۆخیش یەکێک بووە لەمانە. هەروەها هەندێ دەستووری شیعری ئەم دیالێکتەی هێناوەتە ناو شیعری دیالێکتی کرمانجیی باشوور وەکو ئەوەی قافیەی شیعرە عەرووزییەکانی لەسەر سیستێمی جووت قافیە دامەزراندووە لە کاتێکدا دەبوو لەسەر بنچینەی یەکێتیی قافیەدا بن.

٤- زمانی شیعری ئاسانە، لە ئەدەبی میللییەوە نزیکە. ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی تێدا نابینرێ. هەروەها شوێنەواری ڕەوانبێژی شیعری نوێش کەم بەرچاو دەکەوێ.

شیعری کاردۆخی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەزۆری دەشکێتەوە سەر بابەتەکانی لەو سەردەمەی ژیانیدا لە ناوەوە بوون، بەتایبەتی شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و کۆمەلایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا وەسف و دڵداری و دانایی جێگەی دیاریان هەبوو لە بەرهەمی شیعریدا.

نموونەی شیعری

دڵداری

لە شیعرێکیدا بەناوی «هیوا و ئاوات» لە ساڵی ١٩٦٢ لە هەڵەبجە هۆنیویەتییەوە کاردۆخی دەڵێ:

شیرین خۆشەویست گیان و حەیاتم!
ئەزانی چییە هیوا و ئاواتم
وەرە لای منی شێتی نیشتمان
عاشقی شاخ و دەشتی کوردستان

دەست کـەمـە ملت و تێـر بکەم ئۆخـەی
بگرم پەرچەم و زولف و لیــمــۆ و بەی
مـوژدەی ڕزگـاری و ژینی سـەربەسـتی
باری غــەم لابات نـەمــێنێ پەســـتی
چەند ڕۆژ پێکەوە بەخــــۆشـی بژین
هەوای بێگەردی سـەر شـاخ هەڵمـژین
بەمــەمک زولف دەسـتگیـراو بەسـراو
دەستم هەردووکی بـەند بێ و گیرکراو
تۆی پـەی پەی بادە بـکـەیتـــــە دەمم
بە بەســتــەی کـوردی لابەری غـەمم
لەباتی مــەزەش دوو لێـوی شــیــرین
بخــەیتــە دەمم ســاڕێژ کــەی برین
بـەبـۆنی چـنـوور ســـــــوورە هـەڵاڵـە
شــــەوبۆ بەرزەلنگ گـــوڵ و گـــوڵاڵە
بێـــهـۆش بکەوین لە شــاخی ڕەنگین
لە دڵـمــان دەرکــەین ژەهـری تاڵی ژین
هەر ڕۆژ لە شاخێ هەر شەو لە شوێنێ
بگەڕێین بنووین تا گـــیـــان ئـەمــێنێ
من بـەسـەرین کـەم بازووی نـەرم و شل
لەسـەر سەوزەگیا لەگەڵ تۆی وەک گوڵ
ڕابوێرم بۆ خـــۆم بەبێ دەردی ســـەر
سێ مـانگەی هـاوین تەواو سـەرانسـەر
ئاگــام لە دونیــا و درۆ و ڕاست نـەبێ
لـە ووتـی ووتـی و دەنـگ و بـاس نـەبـێ

ئەمـە لیـریکێکی پڕ لە سـۆزی دڵداریی هەرزەییـیـە، بێ فـرِوفـێڵ دڵداریـیـێکی ڕۆمـانتیکییـانەی ڕۆژهەڵاتییـانەیە، ڕەنگدانەوەی ناو دڵ و دەروونی هەمـوو لاوێکە.

ڕاســتــە هەندێ دەڵێن «دڵداری بەهێـزترە» و هەنـدێکی دیکە دەڵێن «برسـیـەتی بەهێـزترە»، بەڵام کـاردۆخی دەیەوێ بڵـێ «کوردایەتـی بەهێـزترە» لەبەرئەوە گـەلێ شـاعیری ئـەو سـەردەمـە پێیان شـەرم بـووە لە شیـعردا تەنیا دڵداری بکەن، بۆیە دڵداری و کوردایەتییان تێکەڵ بەیەکتری کردووە.

کوردایەتی

١

لە شـیـعرێکیـدا کـاردۆخی بـەزمـانی پیـرێکی کـوردەوە بۆ شـپـرزەیی مـیللەت دەلاوێنێتەوە:

پیـرێک ڕیش سـپی پڕ فـام و دڵپـاک
هێـــمن و زانا تـەواو پیـــاو چاک
هـات و دی بـەچـاو بـن بـەرد و داران
گـۆڕی شـەهیـدان لە لادێ و شـاران
لەســەر مــەزاری گـردی شـەهیـدان
ئەگـریا بەکـوڵ ئـەیووت ئـەی یەزدان
بەکـام نـەگـەییـو لە کـوردسـتـانا
خـوایە چەند زۆرن لە گـۆڕسـتـانا
دیم خـۆی لە قـوڕ نا بەگـریە و زاری
پیــری ڕیش ســپی بەبێ قـــەراری
وەک کـۆرپە کـوژراو بەسـۆز ئەگـریا
خـۆی لە قـوڕ ئـەنا و ئەیدا بەســەریا
ئەیووت با بەس بێ چەرخی ستەمکار
بەســە خـوێنڕێژی و کـۆیلـەیی و ئازار
کـورد بێ گـوناهـە بێکەســە زەبوون
ئاوا بـەناحـــەق بۆچـی تیـــا چوون
دیم پیــرە ئـەوەند شـین و زاری کــرد
لە پـەلوپۆ کـەوت لـەو شـوێنەدا مــرد

شاعیر پیرەمێردێکی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بەقارەمانی شیعرەکەی بۆ ئەوەی وا پیشان بدا کارەساتی کورد گەیشتۆتە پلەیێک لە وزەی کەسدا نییە بتوانێ بیچێژێ، ئیتر ئەو پیرە بۆ خۆی لە خەفەتانا دەمرێ.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «ڕقمە لە لار و خوار» لە ساڵی ١٩٤٢ لە بیارە هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

بەناو شێخم کەچی ڕقمە لە شێخی لاری کەچ ڕەفتار
بەخوێن کوردم کەچی دوژمن بەکوردی زاڵمی زۆردار
سەرم ڕووت کرد لە داخی مێزەر و چەتفەی نەسیمانە
ئەوانەی ڕۆژ لە مزگەوتان شەویش مەیخانە جێیانە
بە ووردی کاتێ سەیری کردەوەی ئینسانی لارم کرد
بەدڵ پەست بووم و زوو هەستام لە لایان کۆچ و بارم کرد
زمان و کردەوەی ئینسان ئەبێ دوور بێ هەتا مردن
لە ناپاکی و درۆ و دەعیە ڕیایی و فیتنەیی کردن
لە ڕێی ڕاست هەر کەسێ لادا خراپە لارە بێ بارە
مەراق و دەردی من زۆری لە دەس لار و بەد ئەتوارە
ئەوەی ڕاستە لە لام چاکە ئەگەر بۆرە وەگەر خزمە
پیاوی لار و ناڕاستیش لە لای من تا بڵێی نزمە
هەرچی خوارە لەسەر ئەرزا بەدڵ ڕقمە لە ڕەفتاری
هەتا مردن ئەکەم نەفرین لە گوفتاری لە کرداری
حەقیقەت ڕوون ئەکەم بۆ گەل بەبێ ترسی و بەبێ پەروا
هەمیشە ناحەزی لازم هەتا خوێنم لە لەش ئەڕوا

لەم شیعرەدا کاردۆخی هێرش دەباتە سەر هەندێ شێخ و مەلا بەناوی تەریقەت و شەریعەتەوە خراپە دەکەن. ئینجا دەکەوێتە ئامۆژگاری و داوا لە هەموو کەسێک دەکا پیاوی چاک بێ، لە بابەت کەسی خراپەوە بەلای ئەوەوە پێویستە ڕێزی لێ

نەگـیـرێ، ئـەو کـەسـە خـزم بێ یا دۆست، چونکە مـافی خـەڵکی و چارەنووسی میللەتی خۆی لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیەوە.

کۆمەڵایەتی

لە شیـعرێکیدا بەناوی «خۆ سووتاندنی کچ»ەوە لە ساڵی ١٩٧٢ لە سلێمانی هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

کچ بە نەبەدڵ گەر درا بەشوو
لە دڵیا هیوای خۆشی لە دەست چوو
خۆی بەفرۆشراو کەساس ئەبینێ
ڕۆژ بەڕۆژ غەمی پەرە ئەسێنێ
ئەگری و ئەناڵێ لە نیوەشەوا
بەچاک ئەزانێت کاری ناڕەوا
زۆر دڵ تەنگت کرد خۆی ئەسووتێنێ
چون مردن لە ژین خۆشتر ئەبینێ
نەفرۆشرایە کچ ئەگەر بەپارە
بۆچ خۆی ئەسووتان جوانی بێچارە
کچ ژینی خۆش بێ خۆی ناسووتێنێ
گوڵی عومری خۆی هەڵناوەرێنێ

ئەم شیعرەی کاردۆخی زادەی ڕووداوێکە لەو سەردەمەدا شاری سلێمانی شڵەژاندبوو، بەوەی کچێک بەنابەدڵی و بەزۆری بەمێرد درا بوو. لە داخانا خۆی سووتاندبوو. بەڕاستی ئەم جۆرە ڕووداوانە لە کۆمەڵانی باوکسالاری و دواکەوتوودا پێوەندی ئادەمزاد بەیەکترییەوە دەشێوێنن. ئێستا ئەمە بووە بەکێشەیەکی زۆر گرنگ لە مافی ژناندا.

شیعر

شاعیر لیریکێکی بەناوی «شیعر و میعر» لە ساڵی ١٩٤٤ لە عەبابەیلێ نووسیوەتەوە:

شیعریش ئەبێ ئاودێری گوڵی ژین و ژیان بێ
مۆسیقەیی پڕ سۆزی سوپای زیندە دڵان بێ
مانگێکی چواردە شەوی تاریکە شەوان بێ
بووکێکی بەپەرداخ و تەواو ڕێک و جوان بێ
ئاوێنە نوێنەر بێ لە بۆ قەومی هەژاری
حاڵی وەتەن و خۆشیی و ناخۆشیی و باری
شاعیر ئەبێ غەمخواری گەل و خاکی وەتەن بێ
ئاگای لە دڵی دوژمن و ناپاکی وەتەن بێ
پەردەی دڵی زوو بێتە لەرین بەهۆنراوە دەری خا
حاڵی گەل و داماوییەکەی چۆنە سەری خا
شیعرێک نەدڕێ پەردەیی جەهل و خەو و سستی
شیعرێک نەبڕێ داوی ئەسیری غەم و پەستی
شیعرێک کە نەفەوتێنێ ووتەی پووچ و خەرافات
شیعرێک کە نەسووتێنێ بینا و کۆشکی فەسادات
شیعرێک کە نەڕووخێنێ بناغەی ستەم و زۆر
ڕووناکی نەکات جاددەیی ئازادی وەکو خۆر
شیعرێک کە نەجووڵێنێ دەمار و ڕەگی فیرەت
بێداری نەکات هۆش و حەواسی دڵی تیرەت
شیعرێک کە نەبێتە سەبەبی خوێندن و هەڵسان
یەک بیری نەکات کۆمەڵ و خەڵقانی پەرێشان
شیعرێک کە نەکا باسی خراپەی کەسی زۆردار
شیعرێک کە نەکا چینی هەژاران هەموو بێدار
کەی شیعرە برا میعرە بەکێشان و بەپێوان
کەی شیعرە ئەوە هیچە بەئایین و بەویجدان
شیعرێک کە هەمووی باسی دەم و چاوی جوان بێ
یا باسی خەت و خاڵی کچی شۆخ و کوڕان بێ

یا زەممی برای قورٍ بەسەری کوردی هەژار بێ
یا مەدحی بەگ و ئاغە وو ئەشخاسی کیبار بێ
یا شیعری خراپە و بەدیی و فیسق و فوجوور بێ
یا شیعری ڕیاکاری لەبەر قەسر و قسوور بێ
یا شیعری دیعایەی گەلی خوێنخواری بەلا بێ
یا شیعری لەبەر خاتری دینار و تەلا بێ
کەی شیعرە لە لای زیرەک و زانا وو ئەدیبان
کەی نافیعی دەردە بەقسەی ژیر و تەبیبان
ڕاستی ئەوە میعرە لە هەر شوێن و لە هەر کات
بێ قیمەتە ئەو میعرە حەیای شیعر ئەو ئەبیات
(کاردۆخی) ئەگەر ناقیسە ئەشعار و ووتارت
تۆیش کوردی پەرێشانی وەکو قەومی هەژارت

کاردۆخی لەم لیریکەدا دەمی بۆ مەسەلەیێکی ناسک بردووە، ویستوویەتی شیعر بەخەڵکی بناسێنێ، ئەوەی لەم شیعرەدا دەری بڕیوە نابن بەتەعریف بۆ شیعر، چونکە شیعر بەرهەمێکە تەعریف ناکرێ. ئەو قسانەی کاردۆخی لە بابەت شیعرەوە کردوویەتی هەوڵێکی دیکەن دەخرێتە سەر ئەو تەعریفە زۆرانەی پێش ئەو لەم بابەتەوە کراون. ئەوە هەیە شاعیر وەسفەکانی جوان هێناوەتەوە و تیایاندا سەرکەوتووە.

شیعری دیالێکتی گۆرانی

لە شیعرێکیدا بەدیالێکتی گۆرانی (هەورامانی) دەڵێ:

بولبول تۆ هێشتا ئومێدت مەندەن
بەڵام من دانو دڵ وەشیم کەندەن
تا ئا دەقیقە گیانم مسپاروو
دماو ئاو لێم وەشی مەو یاروو
خەفەت و مەینەت ئێندە جەم بیەن
هۆشم نەمەندەن فامم بەرشیەن

دڵ بە کـوڵ مـاچـۆ دەس دنیـای بازە
تـۆیـش پـەی لاو ئـادێ ئـاوات بـوازە

لەم شـیـعـرەیدا کـاردۆخی ڕاز و نیـازی بۆ بلبل دەردەبڕێ، پێی دەڵێ ئەگـەر تۆ هێشـتـا ئومـێدت مـابـێ بەگوڵ شـاد بـی؛ من نـا، تا ئێسـتـا بـێ ئۆقـرە و بـێ یار و هـاودەم. غـەم و مـەینەت و پەژارە مـیـوانی منن؛ هـۆش و فـامم پـەرێشـان و بڵاوە، دڵ لە ئاسمانی ناهەمواریدا پەرواز دەکا، تۆش لە ئاواتی خۆت دەگەڕێی.

ئەم شـیـعرەی بەزمـانێکی تێکەڵاو وتووە لە دیالێکتـەکانی گۆرانی و کرمـانجیی باشووری ناوچەی سلێمانی.

***

مـحـەمـەدئەمین کـاردۆخی خـوێندەوارێکی کـورد بوو و کـوردایەتـی کـردووە پێش ئەوەی شـێـخـێکی تەریقـەتی نەقشـبـەندی بـێ. هـەر لەبەرئەوەیە نازناوی شـیـعـری و لەقـەبی خـۆی کـردووە بە«کـاردۆخـی». ئەمـە ناوی هـۆزێکە لـە باپیـرە گـەورەکـانی کوردی ئـێسـتـا ولاتیـان لە جـێی هـەرێمی بۆتـان و شـاری جزیرەی ئێسـتـا بووە. مـینۆرسکی بەلانکی میللـەتی کوردی دادەنـێ، واتـە لەو هـەرێمـەدا لە دایک بووە و لەوێوە بڵاوبۆتەوە.

کـاردۆخی نیشـتـمانپـەروەرێکی ڕاست و کوردێکی بێگەرد بوو. توانای بیری و شـاعیـرییەتی بۆ چاکەی نـەتەوەی خـۆی تـەرخـان کـردبوو. شـیـعـری بۆ زۆرترین خــەڵکانی کـۆمــەڵ نـووسـیــوەتەوە. لە ڕووی ڕوخــســار و نـاوەڕۆکـەوە شــیــعــری ڕەنگدانەوەی ئەدەبی کوردی سـەردەمی ژیانی خۆیەتی. لە کێشی شیعریدا بەحری عـەرووزی و کێشی سـیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە. قـافیەی مـەسنەوییـە (ا ا ب ب جــ جــ...)، لە یەکــێــتــیی قــافــیــە لای داوە. بـابەتـەکــانی دڵداری و وەسف و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و کۆمـەڵایەتی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. شـیعری لە هـەر بابـەتێک نووسی بـێ کـوردایەتی تێـدا کـردووە. لە زۆربەی شـیـعـردا بۆ هـەر مەبەسێک وترا بێ ناوی کورد یا کوردستانی تێدا هێناوە.

شێخ لەتیف

بەشی بیست و چوارەم

شێخ لەتیف

١٩٧٢ - ١٩١٧

نامــــەوێ ژینــێ نــەزانم مــن چیــم
کەڵکی چی ئەگرم یا بۆچی ئەژیم
لاشـــەی ســـەردار و لاوانی گـــەلم
کـەوا نەمـردم بە چاوی خـۆم دیم

ژیانی

لەتیف کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩١٧ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجی و نەوەی شێخ مارفی نۆدێیە. لە دواییدا بەشێخ لەتیفی حەفید و شێخ لەتیفی بەرزنجی ناسراوە. لە تەمەنی دوو ساڵیدا لە دوای بەدیل گیرانی شێخ مەحموودی باوکی لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن ئینگلیزی داگیرکەرەوە بەماڵەوە پەنایان بۆ ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) لە کوردستانی ئێران بردبوو. بەمنداڵی لەگەڵ باوکی بووە لە شەڕی ئاوباریکدا. لەبەر بێ ئۆقرەیی ماڵی باوکی خوێندنی ڕێکوپێک نەبووە. هەندێ جار لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، جاری وا بووە مامۆستا و میرزای تایبەتی فێری خوێندن و نووسینی کردووە.

لە تەمەنی لاویدا لەگەڵ چەند برادەرێکی هەوڵی داوە ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی «کۆمەڵی برایەتی»یەوە لە دژی ئینگلیز دابمەزرێنێ، بەڵام لەم کارەیدا سەرنەکەوتووە. لە ڕۆژگارانی جەنگی دووەمی گێتی دەسەڵاتی بەغدای عیراق پیلانی دادەنا بۆ گرتنی، ئازایانە توانی خۆی بەدەستەوە نەدا و ڕووی کردە ناوچەکانی کوردستانی ئێران. لە دوای ساڵێک (١٩٤٣) گەڕایەوە سلێمانی.

بەکۆتایی جەنگی دووەم و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ شێخ لەتیف لە بنەماڵەی قازی محەمەدەوە نزیک بوو، بەهەموو شێوەیێک یارمەتی دەدان. لە ساڵی ١٩٥٦ لەو کاتەی نووری سەعید سەرۆک وەزیرانی عیراق بوو شێخ لەتیف گیرا و لە پێشانا لە گرتووخانەی سلێمانی و لە پاشانا لە بەندیخانەی بەسرە زیندانی بوو تا کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی بەغدا. لەو دوو سێ ساڵەی پاش کوودیتاکە شێخ لەتیف جموجۆڵی سیاسی هەبوو، لە خزمەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دوور نەبوو. لە کاتێکدا گۆڕانەکەی ١٤ی تەمووز لە پێشکەوتنخوازییەوە وەرگەڕایە سەر کۆنەپەرستی، لە ساڵی ١٩٦١ لە دژی دەسەڵاتی عیراق بوو لە گوندی سیتەک نیشتەجێ بوو تا ڕۆژی ١٢ی مایسی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی ڕەبەنان (ڕاهیبات) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی هێنرایەوە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورە لەتەک شێخ مەحموودی باوکی و کاک ئەحمەدی باپیرە گەورەی نێژرا.

شیعری

شێخ لەتیف لە ماڵێکی گەورە پەروەردە بووە، تەریقەتی دەروێشی و ڕەوشتی ئایینی و جموجۆڵی سیاسی سیفەتی دیاری ئەو خێزانە بووە. هەروەها شیعر و سەربردەی ئەدەب دیاردەیێکی گرنگ بووە لەو ماڵەدا. لە منداڵییەوە گوێی گۆش بووە بەشیعری کوردی، ئەو شیعرە خۆشەویست بووە لە لای. سەرەڕای ئەم هەموو سیفەتانە. شێخ لەتیف کەسێکی قسە خۆش و نوکتەچی بوو، زۆرزان و هەڵسوکەوتی دیمۆکراتیانە بوو. هاوڕێ و برادەری زۆر بوون، لە شاعیر و ڕۆشنبیر و خەڵکی ساکاری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵەوە نزیک بوو.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

شێخ لەتیف هەردوو کێشی عەرووزی و خۆماڵی لە شیعریدا بەکارهێناوە. لە هەموو جۆرە قافیەکانی هەیە، یەکێتیی قافیە، جووت قافیە (مەسنەوی)، قافیەی ڕەنگاوڕەنگ. لە بابەت قەوارەی شیعرەوە بەزۆری بەرهەمی بریتییە لە پارچە شیعری کورت، لە بابەتی لیریک (غەزەل)، شیعری درێژ یا قەسیدە لە بەرهەمیدا بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێ. شیعری کورتی پێنجین و شەشینی بەحری عەرووزی

هەیە، جگە لەوە لە هونەری چوارین و تاک هەندێ نموونەی هەیە لە ناو کۆمەڵە شیعریدا بەرچاو دەکەوێ. سەرەڕای ئەمانە شیعری بەدیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردیش هەیە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

شێخ لەتیف شیعری کەمە، بەڵام ئاسۆی ناوەڕۆک و بابەتی فراوانە. لە وەسف و دڵداری و کۆمەڵایەتی و سیاسەت و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەستێکی درێژی بووە. داهێنانی بەرچاوی هەیە لە شیعری گاڵتەوگەپ (کۆمیدی) و شیعری کراوە (ئیرۆتیک). هەندێ جار شێخ ڕەزایانە گاڵتەوگەپ و سێکسی مێبازی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. شێخ ڕەزا یەکێک بووە لە شاعیرە خۆشەویستەکانی کورد لای شێخ لەتیف، هەمیشە ستایشی کردووە و بەشاعیری گەورە ناوی بردووە.

نموونەی شیعری شێخ لەتیف

وەسف و دڵداری

١

لە پارچە شیعرێکیدا شاعیر دەڵێ:

شۆخەکەم! نازدارەکەم! نەونەمام ڕوومەت بلوور
تاقە پۆڕی مل بەخاڵی دەشتی جوانی شارەزوور
لێو بەچەشنی دەنکە شاتووی کاتی ناکام ئاڵ و سوور
دەنکە یاقووتی سەری کوڵمت بەشوعلەی پڕ لە نوور
وا دڵی پیری موغانی خستە ئاشووب و خەیاڵ
داخەکەم تازە مەحاڵە هەر خەیاڵە دوور بەدوور

شێخ لەتیف لادێیانە ڕوو دەکاتە کیژۆڵەیێکی جوانی دەشتی شارەزوور بە خەیاڵی خەڵکی ساکاری ناو عەشایەر لێوی بەدەنکە شاتووی سوور و کوڵمی بەیاقووت دەچوێنێ. ئەو کچەی پیری موغان بشێوێنێ چۆن لە شاعیر نزیک دەکەوێتەوە!.

٢

له وەسفی خۆشەویستە جوانەکەیدا دەڵێ:

خرپنە ئەی کۆترە شینە ماسیـە پانکەی ساف و لووس
زۆر گـەڕاوم چین و مـاچین ئەورووپا تا خـەڵکی ڕووس
چاوی وا گەش زولفی وا ڕەش کوڵمی چەشنی پرتەقاڵ
لایێ سـێوە لایێ لیـمـۆ جـوانـە نەخـشـی وردە خـاڵ
جوانی وەک تۆم هیچ نەدیوە دەستە گوڵ سەر گۆنە ئاڵ
بێ درۆ دڵ ڕاچـەنـی چـەشـنـی دڵێکـی نـۆزدە سـاڵ
پان و پۆڕی نەخـتـی تۆڕی ئاسکی سـمکۆڵ ئەکـەی
داخـەکـەم پیـری مـیـوانە هیچ نەمـاوە هێـزی باڵ

شـاعیـر لە چێژە میللییە کوردییە ڕۆژهەڵاتییەکەی نایەتە خوارەوە. سـوورە لەسەر ئەوەی ئەندامە وردە جوانەکانی دلبەر لەگەڵ هەندێ میوەی جوان و بەتام و بۆن خۆش بەراوورد بکا. وەکو شاعیرانی دیکە زۆر جێ گەڕاوە چین و ماچینی دیرین، ئەورووپا و ڕووسیای ئێستا، جوانی وەک ئەوی نەدیوە. ئەمە خەیاڵی لاوێکی تەمەن نۆزدە ساڵییە، کەچی شاعیر بەرەو پیری دەڕوا، دەبێ ئەم هەموو جوانییە تامی چی بێ بۆ ئەو!.

٣

لە زنجیرە شیعرێکی بابەتی چوارین و تاک شاعیر بەم جۆرە دەچێتە ناو گێتیی دڵدارییەوە:

ئەو گڕوگاڵەی کە ئێستە دڵ خـەریکە فێر ئەبێ
وابزانم لێـوی تۆ بمژێ تـەواوی تێـر ئـەبێ
هـەر بـەسـاوایی بەسـێـوی ئاڵەوە فـێـرە دەمی
بۆیە هەرکەس حەز بەڕەنگی ئاڵە ئاخر خێر ئەبێ

شـاعیـر گفتوگۆ لەگەڵ دلبەردا دەکا و پێی دەڵێ ئەو مەشقەی دڵ خەریکە لە گـێـتـیی دڵداریدا دەیکا ئەگـەر لێـوی تۆ بمژێ تێـر دەبێ. زۆر جـوان کـۆتـایی

بەچوارینەکە دێنێ بەوەی ئەو کەسە بەختیارە کە لە سەرەتاوە فێری ڕامووسانی سێوی ئاڵ واتە ڕوومەتی سوور بێ.

لە چوارینێکی دیکەیدا لە ساڵی ١٩٦٩ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

چ شــیــرینە کــاتێ ئارەق و پەرچەم لەســەر ڕووتە
بەچەشنی سێوی ڕووتە ئاڵ و سوورە عەینی یاقووتە
لە کاتێ شەمع ئەسووتێ باڵی پەروانە شکا تیا چوو
ئەگەرچی مردن و قەبرە گوڵ و پەروانە تیا چوونە

شاعیر ئاشقی میوەی کوردستانە، سێوی لاسوور ڕەونەقی لە کوڵمی دلبەر وەرگرتووە. کە مۆم دەسووتێ پەپوولە دەمرێنێ، ئەو مردنە چەندە خۆشە کە پەروانە و ڕووناکی مۆم بەیەکتری شاد دەبن.

لە تاکێکیدا دەڵێ:

گەردنت مەڕمەڕ وەکو کێلێک بشێ بۆ گۆڕەکەم
جەننەتی چی! وا ئەزانم مەیلی حووری هەر نەکەم

ئەگەر ئەو گەردنە مەڕمەڕییەی نازدار ببێ بەکێلی گۆڕی شاعیر، چی باکی بە بەهەشت دەبێ و پەرییەکانی بۆ چییە!.

لە تاکێکی دیکەیدا لە ساڵی ١٩٣٧ هۆنراوەتەوە دەڵێ:

وەکو پەروانەکەی شەیدا کە سووتاوم بەڕووی لالا
چ خۆشە ئەو شەوی وەسڵە کە لالا پێم ئەڵێ لالا

دیارە شێخ لەتیف واز لە پەروانە ناهێنێ، کارێکی بەجێیە لە خەیاڵیدا بێ ئەگەر ئیلهامی لێ وەربگرێ بۆ هۆنینەوەی شیعری نوێ. شاعیر پەپوولەیە و دەیەوێ بسووتێ چونکە بەو سووتانەی دەگاتە دلبەر کە ئاگرە و لە ناویدا دەتوێتەوە.

بەسەرهاتی شاعیر

لە شیعرێکیدا بەناوی «تەمەنی ژین» شاعیر ڕووداوی ئێستگە نالەبار و پڕ لە ئازارەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. شیعرەکە لە ساڵی ١٩٧٠ هۆنراوەتەوە، بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

سـەد و چوار جـەژنە تەمـەنی ژینم
جـەژنێکم نەدی خـۆشی ببـینم
یان لە غـەریبی یا بەندیخـانە
یـان دەربـەدەر بـووم لـەم وڵاتـانـە
ئێـران و عـیـراق هەتا باش قـەڵا
وەک خـێـڵی قـەرەج گـەڕۆک تەوەللا
یان باوک ئەسیر یان خۆم فیرار بووم
بەدەست بەسـەری خـاوەن ئازار بووم
بەسـزای دوژمن بێ وەفـایی دۆست
ڕیشەی گەنجێتیم دەرهێنرا لە پۆست
جـەژنێکم نەدی بەدرێژی سـاڵ
لای باوک و دایک و ناو عەشرەت و ماڵ
هەر ڕۆژ لە شـاخێ هەر ڕۆژ لە دێیێ
هەر ڕۆژ وڵاتێ سـاتێ لە جـێـیێ
وەکو قژقـڕە سەد لەهجە فێر بووم
هێندە گـەڕاوم لە گـەڕان تێـر بووم

ئەم بەسەرهاتە حیکایەتی ژیانی نالەباری زۆربەی خەڵکی کوردە. شێخ لەتیف وەکو کوڕی شێخ مەحموود گەلێ لەو ئازارانەی چەشتووە کە تووشی باوکی بوون. لە پاشانا شاعیر دەکەوێتە وەسفی ژیانی ئاوارەیی لە جێیێک بۆ جێیێکی دیکە:

چەند سـەگی دێهـات بەمن وەڕیوە
چەند سـەرما و گـەرما نەخـۆشـیم دیوە
ئەم دێ بۆ ئەو دێ لەم شـاخ بۆ ئەو شـاخ
کـۆچا و کـۆچ ئەڕۆم بەکـەر و وولاخ
پەنجـا سـاڵ تەمـەن وا بەسـەر بەری
گـەڕۆک و خـوێڕی وەکـو سـەرسـەری

ئەم شـاخ بۆ ئەو شـاخ ئـەم دێ بۆ ئەو دێ
لـە گــشت جــێگایێک بێ لانـە و بێ جـێ
ئـەم مــاڵ بۆ ئـەو مــاڵ بەدرێژی ســاڵ
تـەیم کــرد ژینـی عــومــری ترش و تـاڵ
ئەم ژوور بۆ ئەو ژوور سـەرخـان و ژێرخـان
لەســەر بەرەی شــڕ یان گــوێی ئاگــردان
شــــاخـی هـەورامـــــان هـەتـا گــــەڵاڵە
دێـهـــــــاتـی پـەرپـووت لـەو چـەم و یاڵـە
وەڵـلانـە و وێڵـــــــــــە تـا بـنـاویـلـە
لـەگــــەڵ ئـەســـپـێ دا ئـەکـــەم تـەهلیلـە

لەم دێڕانەدا باس لەو ئاواییانە دەکا کە تیایاندا ئاوارە بووە، ناوی هەندێ لەو شــوێنانـە دەهێنـێ وەکـو نـاوچەکـانـی نێـوان شـاخـی هـەورامـان و گـەڵاڵە و ئاواییەکانی وەڵلانە وێڵە و بناویلە. ئینجا بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

ژێرخــانـی پڕ کــیـچ هـالاوی شـیـاکـە
خـــۆ ڕشک و ئەســـپێ ئەوە قـــەی نـاکـا
ئـاوازی دەنگ خـــۆش زەڕەی نێـــرەکــەر
قـسـە و باسـی خـۆش باسـی دزی و شـەڕ
دیـداری خـــــــــــزم و ئـەولاد و مـنـداڵ
بـووەتە خــەیالات شــتــێکی مــەحـــاڵ

شـاعیر لەم دێڕانەدا وێنەی دواکەوتوویی چینی هەژاران دەخاتە ڕوو، هەژاری دەبێـتە هۆی پیس و پۆخڵی و پەیدابوونی کێچ و ڕشک و ئەسپێ. مرۆڤ لەگەڵ مــالات لە ناو چوار دیواری تەویلە ئاســایی پێکەوە دەژین. بەشی زۆری ژیانی ئاوارەیی شاعیر بەم جۆرە بووە، جگە لەوەی لە ماڵ و منداڵیشی دوور بووە.

شاری نەجەف لە بیری شاعیردا

شـێخ لەتیف لە سـاڵی ١٩٥٢ لە شـاری حـیللە زیندانی بووە ئەم شـیـعـرەی هۆنیوەتەوە:

لای دەسی ڕاستم حوسێنە و ڕووبەڕووی چاوم عەلی
سـەر خـەریکی خـۆ بڕینە تا فـیدای بێ ناوەکـەم
مـوددەتێکە من خـەریکم بچـمە زیارەت بۆ نەجـەف
مـەنعی دیدارم ئـەکـەن پۆلیس لـە مـاڵی باوەکـەم

شاعیر لە شاری حیللە دەستبەسەر بووە، نەیتوانیوە لە شار بچێتە دەرەوە. لەو کاتەی لای دەسـتی ڕاسـتی شـاری کـەربەلایە و حوسـێنی لێ نێژراوە، بەرامـبەر شـاری نـەجـەفـە تەرمـی عـەلی گرتـۆتە خـۆی، هـەردووکـیشـیـان لە شـاری حـیللەوە نزیکن، بەڵام پۆلیس ڕێگەی نادا زیارەتی ئارامگای ئەو دوو کەسە بکا.

ماتەمنامە بۆ کۆچی دوایی بێخود

لە پارچە شیعرێکیدا شێخ لەتیف شیوەن بۆ بێخود دەکا:

وا لـەسـەر چاوەی دوو چاوەی چەشـمـەگاهـی چاوەکەم
هێـرشی لافـاوی حـەسـرەت تەم ئـەخـاتە چاوەکـەم
چەم بە ئەسرین چەم بەلێـلاو تاڤگەی ڕووی کردە ڕوو
هـەوری ڕەش تانـەی لە نێـو خـسـتـە گلێنەی چاوەکەم
لازمـە سـاڵێ خـەزانـێ بۆ قـڕانی شـاعـیـران
تا بە جـارێک بێـتـە سـوێ دیسـان دڵە ئێـشـاوەکـەم
داخی بێکەس ئێـشی زێوەر نوکتـەکانی پیـرەمـێرد
کـۆچی بێـخـود داغی نایە جـەرگـە هەڵقـرچاوەکـەم

لەم شیعرە جوان و پڕ لە سۆزەدا شاعیر فرمێسک تەنیا بۆ بێخود ناڕێژێ، لەو سـەردەمـەدا چەند شـاعـیـرێکی دیکەی وەکـو بێکەس و زێوەر و پیـرەمـێـرد ماڵئاواییان کردبوو. بەم پێیە شیعرەکە بووە بەماتەمنامە بۆ هەموویان.

پەرێشانی شاعیر و دواکەوتوویی کۆمەڵ

لە شیعرێکیدا شاعیر دەڵێ:

دۆسـتـەکـەی ئەهلی وەفـا ئەی دەردەداری دەردەکـەم
ڕووحـەکـەم ئەی نووری چاوم ڕۆشنی دوو دیدەکـەم

گـــــەر ئـەپرسـی تـۆش لـە ئـازاری دڵـم وا مـــــــردنم
زۆر نزیکە پـاییــزی عــومـــر و خــەزانـی ژینـەکــەم
هەرچەندە خۆ ئەمری خـوایە لام خـەڵاتە ئەی ڕەفیق
داخی نا وەخـتی ئەلەرزێ جــەسـتـەیی بێ تینـەکـەم
زۆر ئەسـەف وا ئەشکی حەسرەت چاوەکانی گرتووە
دەنگی ئـایوو ئۆیی دڵـمـە سـازی دەروونی سـینـەکـەم
پێم ئەڵێت گەر دەسـتی ڕەحمەت بۆتە شیفایی بەزوو
تۆبـە لەو کــارەت بکەیت عــەیبی نەزانـان پینـەکــەم
گورگ و مـەڕ مـەعلووم نییـە ئەمڕۆ لە دنیـادا عـەزیز
خزمـەتی سەگ بـاشترە نەک خزمـەتی ئەو چینەکەم

شـێخ لەتیف ئەم شـیـعـرەی بەنـاوی «بۆ دۆسـتـێک» دانـاوە، ئەوە دەردەبڕی کـە سـتـایشی دۆسـتـێکی خـۆی دەکـا، بەڵام پـەژمـردەیی خـۆی بۆ دەگـێـڕێتــەوە، لە کەموکووڕی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدوێ، شـیرازەی کۆمـەڵ تێکچـووە، کەس نازانی گـورگ و مــەڕ کـامــەیان دۆســتــە و کـامــەیان دوژمنە. شـاعـیـر لەسـەر ئەو ڕایەیە خزمەتکردنی سەگ باشترە لە خزمەتکردنی ئەو چینە زۆردارەی فەرمانڕەوایی دەکا.

نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «سروودی ئەی کوردی فەقیر» شاعیر دەڵێ:

ئەی کـوردی فــەقـیـر بۆچی ئـەسـیـری
بۆچی گــیـــرۆدەی بـەندی زنجـــیـــری
براگـــــەل بێـنـەوە بـەیەکـــــجـــــار
بـشـکـێـنن تــەوقــی غـــــــــــەددار
کـــوردە وەرە بڕوانـە
خــاکـــمـــان وێرانـە

***

تاکــەی دوودڵی! دڵ پیس لەگــەڵ یەک
زڕەی فنجــانی مــەشــرووبات بەپێک
دەست بەنە دەست یەک! ئێوە و خوداتان
بۆ پێـشکەوتنی خــاکی نیـشـتـمـان
کـــــــوردە بـڕوانـە
خــاکــمــان وێرانـە

***

ئەرخــەوانەکــەی گـردەکــەی ســەیوان
ڕەنگ کـرا بەخـوێن گـەشی شـەهیـدان
بچــۆرە خــزمــەت حــوزووری باری
بـەشـین و ڕۆ ڕۆ بـەگــــــریـە و زاری
بڵـێ خـوداکــەی خـاوەن دوو جـیـهـان
بە چ ئـایەتـێک کـــورد نـەیبـێ ژیان
کـــــــوردە بـڕوانـە
خــاکــمــان وێرانـە
براگـــــەل بێـنەوە بەیەکـــــجــــــار
بـشـکـێـنن تـەوقـی غـــــــــەددار

شـاعیـر ئەم لیریکەی لە ساڵی ١٩٣٧ هۆنیـوەتەوە. لەم کـارەیدا بەشـداری لە بزووتنەوەی «شـیـعـری نوێ»ی کوردی کـردووە لە نێـوان هـەردوو جـەنگی سـەدەی بیسـتـەمـدا. لە شـیـعرەکەدا زیاتر لە کـێشـێکی سیـلابی خۆمـاڵی بەکـارهێناوە، هـەرچەندە سـروودی نیشـتـمانی کێش و قافیەی ڕەنگاوڕەنگ دەخـوازێ بەڵام شێخ لەتیف لە شـیـعری مـیللیی سـەرزار و بزووتنەوە شـیـعرییە نوێکە دوور نەبووە. لە ڕووی ناوەڕۆکــەوە خــوێنەر هـان دەدا بۆ ڕاپەڕین لە دژی دواکــەوتوویی، وێرانی خاک، هەروەها شکاندنی کۆت و پێوەند و هەڵمەت بردن لە دژی داگیرکەر.

٢

لە ساڵی ١٩٣٤ شێخ لەتیف پارچە شیعرێکی پێشکێش بە«شەهیدانی دەرسیم» کردووە:

نـامـــەوێ ژینـێ بەم نـەوعـــە تاڵ بـێ
دوژمن لە خـاکـمـا بەم جـۆرە زاڵ بێ
تف لەو برنجـــە بـا نـانی کـــاڵ بـێ
دۆشـەک و یاتاغ هـەردە و سـەریاڵ بێ

***

نـامـــــــەوێ ژیـنـێ نـەزانم مـن چـیـم
کـــەڵکی چی ئەگـــرم یـا بۆچی ئەژیم
لاشـــــەی ســــەردار و لاوانـی گـــەلـم
کـــەوا نـەمـــردم بـەچاوی خـــۆم دیم

لاواندنەوەیێکە شـاعـیر بۆ شـەهیدانـی ڕاپەڕینی شـۆڕشـی کوردی دەرسـیم لە کوردسـتـانی باکوور دەکا. بەڕاسـتی ئەم شـیعرە نموونەیێکە هەمـوو شـەهـیـدانی ڕێگەی کوردایەتی دێنێتەوە یاد.

٣

لە چوارینێکیدا شاعیر لە بەسرە لە ساڵی ١٩٥٧ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

ڕۆژ لەبەر فـرمـێـسکی چاو و شـەو لەبـەر ناڵانی دڵ
ئێـشـی چەند زۆرە برین و داغی غـەمـخـۆرانی دڵ
وا پڵـووسکی بەسـتـووە فرمـێـسک خوێناوی جگەر
سـەیرە ئارایش ئەکەن بەو خـوێنە خوێنخـۆرانی دڵ

شـاعـیر ئەم چوارینەی لە بەندیخانەی بەسـرە وتووە. لەو ئاوارەییـیـەدا بەڕۆژ فرمێسک و بەشـەو پیشـەی ناڵین بووە. جوانە کە دەڵێ دوژمـنان خـۆیان ئارایش دەکەن بەو فرمێسکە گەرمە و خوێناوی جگەرە.

لە تاکێکی دیکەیدا لە ساڵی ١٩٥١ لە بەندیخانەی ناسریە هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

وەتەن ڕووح و سەروماڵم لە ڕێتا قۆچی قوربانە
بەیادی ڕۆژی ڕووناکیت لە تاریکی سزاخانە

سۆزی قووڵی بێ پایانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی شێخ لەتیف لەم شیعرەدا دەردەکەوێ، موناجاتێکە لەگەڵ خاکی کوردستانی دەکا.

شیعر بەهەوای دیالێکتی گۆرانی

شێخ لەتیف پارچە شیعرێکی لەم بابەتەی هەیە:

سیا شەوەزەنگ زولفی ماری ڕەش
جیلوەی نەما بوو دوو ئەستێرەی گەش
هەوارگە خاڵی جێ سەیران چۆڵەن
هەناسەی دەروون ساچون سەهۆڵەن
بارەگای چیمەن خەزان کردە بێ
لەیلام سەفەری تەشریف بردە بێ
چون مانگ لە ئاسۆ وە دەم بانی کەل
مەیلی ئاوایی کردن جووتەی مەل
نە ئەستێرەی شەو ئەدرەوشا جە ڕوو
نە ماه و سەما ئۆقرەش کردە بوو
نە گۆشەی ئەبرۆ پرچی سیاتار
لەسەر سەفحەی ڕوو پەی مابوون قەرار

شاعیر ئەم لیریکەی بەزمانێکی تێکەڵاوی دیالێکتە بچووکەکانی کوردی سلێمانی و هەورامی وتووە. وەک گۆرانییێکی وەسفی دڵداری ناوچەی شارەزوور و هەورامان دەکەوێتە بەرچاو.

***

شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودە، شێخ مەحموود کەسێکە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی میوانی سوڵتانی عوسمانی بووە. شێخ مەحموود ئەو

کـاتە منداڵ بوو لەگـەڵ باوکی چاوی بەکـۆشک و سـەرا و شـانشـینی دەوڵەتی عـوسـمـانی کەوت، لە دوای ئەوە خـۆشی گەیشـتـە پـایەیێکی بڵند لـە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەت، بوو بەمەلیکی کورد. لەو کاتەی خـوێنەر شیعری شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دەخوێنێتەوە سەری سوڕ دەمێنێ. زۆری ئەو ژیانە ئاوارەیی و ئازار و بەندیخـانە و سەرمـا و گەرمـا بووە. هەندێ جـار ڕشک و ئەسپێ لە سـەر و لەشی مۆڵیان بەستووە. هەلی بۆ هەڵنەکەوتووە خوێندنی بەڕێکوپێکی تەواو بکا، بەڵام خــەیـاڵێکی فــراوان و چێــژێکی باڵا و بینینێکی قــووڵ ئیلهــامــیــان بۆ ڕەخساندووە شیعر بڵێ. لە شیعری وەسف و دڵداریدا سەرکەوتووە، بەشدار بووە لە هێنانی شیعری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی بۆ ناو ئەدەبی کوردی. ئەگەر شێخ لەتیف ژیانی بەخەباتی باوکیەوە نەبەستایە ڕۆشنبیرێکی گەورەی لێ دەکەوتەوە. وەک شاعیرێکیش سەرکەوتووە چونکە بەهرەی هونەری و خەیاڵی شیعری پێوەندییێکی ئەوتۆیان بەخوێندەوارییە بەرزەوە نییە.

جاهید

بەشی بیست و پێنجەم

جاهید

١٩١٨ – ١٩٩١

بڵـێن بەو یارە شـیـرینەم لە سـەر ڕوو پەردە با لادا
ئەوی هەمبوو لە دنیادا بە بەحری حوسنی ویم دادا
فـیـغـانی گـوڵ لە بۆ بولبـول لە پاش مـردن دەوا نادا
ئەگـەر هـەیبـوو چ ئیـحـسـانێ بداتن پێم لە دنیـادا

ژیانی

بورهان کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان دۆغرەمەچییە. لە ساڵی ١٩١٨ لە هەولێر لە دایک بووە. وشەی «جاهید»ی هەڵبژاردووە وەک نازناوی شیعر. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئوولای (یەکەمی) هەولێر تەواو کردووە. لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە. دایکی شووی بەشوبرای خۆی کردۆتەوە کە جەبار ئاغای کانی شاعیرە، واتە مامی جاهید، لەبەرئەوە لە ماڵی مامی گەورە بووە. لە دوای خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر خوێندوویەتی. لە پۆلی دووەم لە ساڵی ١٩٣٤ لە قوتابخانە دوور کەوتۆتەوە، لەو سەردەمەدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، بێ داڵدە ماوەتەوە، تووشی دەست کورتی و ئاوارەیی بووە. کە ناوی بۆ خزمەتی سوپا هاتووە خۆی نەدزیوەتەوە، لە ساڵی ١٩٣٧ تا ١٩٤٠ سەرباز بووە لە ئۆردووگاکانی کەرکووک و سلێمانی و کۆیە و ڕواندز. هەر لەو کاتەی لە عەسکەری ڕزگاری بووە خووی داوەتە سەرخۆشی و ژیانێکی بێ سەروبەری بردۆتە سەر. وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە بێ جێگە و ڕێگە بووە. بەئاوارەیی هەر شەوێ لە جێیێک نوستووە و شەوانی بێگاری لە خان و مزگەوت و ماڵی برادەران بردۆتە سەر. زۆربەی ژیانی

ڕۆژانەی بەسەرخۆشی بەئەنجام گەیاندووە، بەڵام کەسێکی بێ وەی بووە و زیانی بۆ خۆی نەبێ بۆ کەسی دیکە نەبووە.

لە ساڵی ١٩٤٥ جاهید یەکێک بوو لەوانەی بەر لێشاوی هێرشی حوکومەتی کۆنەپەرستی عیراق کەوتن بەهۆی بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی بارزانییان و ماوەیێک لە گرتووخانە مایەوە. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم ژنی هێنا، ماوەی سەرخۆشی و ئاوارەیی لە ژیانیدا تا پلەیێک بەسەرچوو و هەندێ ئۆقرەی گرت. لەو کاتەدا بوو بەمووچەخۆر لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕێگەوبان و هاتوچۆ لە هەولێر. لە پاشانا کارگێڕی نامەخانەی ناوچەیی عەنکاوەی پێ سپێررا لە هەولێر. لە دوای ماوەیێک خانەنشین کرا. ئەم مرۆڤە بەدبەختەی خێر نەدیوە لە ژیان لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و هەندێ شیعری جوان و بەپێزی لە دوای خۆی بۆ نەتەوەی بەجێ هێشت.

شیعری جاهید

جاهید لە ماڵی جەبار ئاغای کانی مامی بەمنداڵی چێژی شیعری لە لای دروست بووە، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا هەوڵی داوە شیعر دابنێ. کە مامی مووچەخۆر بووە لە ڕواندز و بێخود گەشتی ئەو ناوەی بووە لە ماڵی مامی ئەو شاعیرەی ناسیوە و شیعری بۆ خوێندۆتەوە. سافیی هیرانی دیوە، لە ڕانیە دڵداری ناسیوە و بووە بەهاوڕێ لەگەڵی. لەو سەردەمەدا سەعدی مەلا رەئووفی برا گەورەی دڵدار مووچەخۆر بووە لە ڕانیە. لە پاشانا لە ساڵی ١٩٤٠ شیعرێکی داشۆرین ئامێزی سووکی داناوە لەگەڵ دڵدار شەڕ بەکانی شاعیر دەفرۆشن. لە شاعیرە لاوەکانی سەردەمی ژیانی خۆی ناسیاوی لەگەڵ ئەحمەد دڵزار و مەسعوود بێبەش و مەدحەت بێخەو و جەلال مەدحەت و پیربال مەحموود هەبووە.

ئەم نێوەندە شیعرییە دەورێکی گرنگی بووە لە مشتوماڵ کردنی هەستی شیعری لای جاهید. شیعرێکی زۆری کلاسیکی و نوێی لەبەر بووە، کۆمەڵێک وێنەی داهێنانی شیعری لە خەیاڵیدا دروست بووە. گوێی مۆسیقی دووبارە وێنەکانی داڕشتۆتەوە بەزمانێک هەندێ جیا لەو شیعرانەی لەبەری بووە. مەبەس لەو زمانە شێوە زارەکەی هەولێر یا سۆرانییە لە دیالێکتی کرمانجیی باشوور، لە هەندێ لە تەعبیرەکانیدا ئەدگاری ئەم شێوازە بەرچاو دەکەون.

شیعری جاهید له ڕووی ڕوخسارەوە، بەتایبەتی له کێش و قافیەدا، هەردوو کێشی بەحری عەرووزی و خۆماڵی بەکارهێناوە. هەروەها له قافیەدا یەکێتیی قافیەی عەرووزی و جووت قافیەی خۆماڵی (مەسنەوی) بەکارهێناوە. زمانی شیعری ئاسانە، مانا له ڕووە، له شیعری میللیی سەرزارەوە (فۆلکلۆرەوە) نزیکه. بەگشتی هەموو شیعری جاهید دەچێتە ناو بابەتی لیریکەوە. شیعری بەقەوارە کورتە، چەند پارچەیێکی درێژی هەیە دەتوانرێ بەقەسیدە بژمێررێن. جگە لەوە شاعیر بایەخێکی زۆری بەچوارین داوە. زیاتر له ١٦٠ چوارین له دیوانیدا بەرچاو دەکەون. زۆربەیان له زادەی بیر و خەیاڵی خۆی دەژمێررێن. له هەندێکیاندا هەست بەتارمایی شێوازی عومەر خەیام دەکرێ.

شیعری جاهید له ڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێک له مەبەسەکانی شیعری کوردی گرتۆتە خۆی، لەوانە وەسف و دڵداری و ستایش و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و داشۆرین و کۆمەڵایەتی و هی دیکە. بەشی زۆری شیعری دەچێتە خانەی ئامۆژگاری و سەروسەربردەی کۆنینە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بیری فەلسەفی بەتایبەتی له چوارینەکانیدا.

نموونەی شیعری جاهید

یەکەم شیعری جاهید

لەو شیعرەدا دەڵێ:

له بۆ دەفعی غەمی دنیا
له دەستم بادە بوو پەیدا
عەقڵ فەوتا جیگەر سووتا
بەجارێ کەوتمە سەحرا
غەمم یەک بوو هەزاری کرد
دەخیلی گوڵعوزاری کرد
خەریکی ئاه و زاری کرد
بەشەو تا ڕۆژ ئەبێ بیللا

نەمــا چارم کــە بیـــمـــارم
بەدڵ لەم گـــیـــانە بێـــزارم
لە هیـــجـــرانا چ بێـــچـــارم
بەتیـــرێ بمکوژێ لەیلا

فـــەلەک ســـووتا لە ئاهی من
مـــەلەک گـــریا لە ڕاهی من
عـەجـەب بەختی سـیـاهی من
نەبوو جارێ لە خەو ئاگا

بەحاڵی (جاهید)ی مەعسووم
ئەگەر ڕەحمێ نەکەن مەعلووم
حیسابی من چ بێ مەفهووم
ئەپرسن لێم لە مەحشەردا

ئەم لیریکە جوانەی جاهید تیۆریی هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی گێتی ڕەت دەکاتەوە، ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن بەرهەمی شاعیر لە ڕووی جوانکارییەوە لە گۆڕان و پەرەسەندندا دەبێ بەپێی گۆڕانی فیکری و وەرگرتنی زانیاریی تازە بەدرێژایی ژیانی. ئەم بەرهەمە یەکەمین شیعری جاهیدە کەچی بەکاملی لە دایک بووە، ئەمە سیفەتی هەمیشەیی داهێنانی ئەدەبی و هونەرییە.

وەسف و دڵداری

١

لە لیریکێکیدا جاهید دەڵێ:

گـوڵی باغی بەهەشـتی سـەرزەمـینی
ئەسـەف بۆ من غـەم و ئەزیەت ئەچینی
چناری سـەرچناری سـەر وولاتی
بـەژن بـەرزی نـەزانـی نـازەنـیـنـی
قـەسـەم بەڕوومـەتی ئاڵت کـە ئاڵە
شـیـفـا بەخش و تەبیبی گشت برینی

تەبیـــعـــەت هـەر وەکـــو منداڵـی ســـاوا
خـــــەریکە تێک بدات تـەرتیـــــبی ژینـی
ئەگـەر شـــەقـڵاوە مـێـرگ و مـێـرغـوزارە
ئەتۆش شاخێکی سـەر لەوحەی سەفینی
لە دەرسـی مـەکتـەبی عـەشق و تەبیـعـەت
شـــــەهادەت من ئەدەم تـۆ یـەکـــەمـــینـی
نەبوو جـارێ بپـرسی حـاڵی (جـاهیـد)
لـەبەر چـی وا کـــز و مـــات و حـــەزینـی

لەم شیعرەدا جاهید ڕووی کردۆتە دلبەر و بەسەر جوانیدا هەڵدەڵێ. ڕەوانبێژی شیعرەکە هەر لەو وێنانەدا خۆی دەنوێنێ کە شاعیرانی کلاسیک دۆزیویانەتەوە یا دایانهێناوە. ڕەوانی شیعرەکە و ناوهێنانی هەندێ جێگەی خاکی نیشتمان جوانییێکی دیکەی داوەتە شیعرەکە وەکو ئەو وێنەیەی شاعیر کێشاویەتی و شەقڵاوەی کردووە بەمێرگ و مێرغوزار و دلبەریش بووە بەشاخی سەفین و مایەی جوانی مێرغوزارەکە، چونکە قەدپاڵ و دەشتەکەش دەپارێزێ.

٢

لە شـــیـــعـــرێکیــدا جـاهیـد بەناوی «یادی ڕۆژانی ڕابردوو» لە ســاڵی ١٩٣٣ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

ڕۆژێ ئـەچـوومـــــە مـــــاڵـەوە
بـەس خــــۆم و تەنیـــا حــــاڵەوە
بـێ ئـەزیـەت و مــــــــەلاڵـەوە
بێ مـــەقســـەد و خـەیاڵەوە
دیتم لەســـــەر کـۆشک و ســـەرا
مـەحـبـووبێ عـەینی شـەوچرا
تـاقـــــەت و ســـــــەبرم لـێ بڕا
ئیـــشـــارەی کـــرد لە پاڵەوە

لای بـرد و چارۆکـــەی ســـەری
دەرچوو قـەمــەر بـۆ مـشـتـەری
نووســـرا لە بـۆم ئاخـــر شـەری
خـسـتـمـیـە عـەیشـی تاڵەوە

غــەمــزە هـوجـــوومی کـــردە دڵ
نـەمـــزانـی حـــیلـەبازە گـــوڵ
زنجـیـرەی شـێـتم خـسـتـە مل
بـــەئـــۆف و نـــاڵـــە نـــاڵـــەوە

چاوی ســـــوپـەهـســـــالاری ئـەو
حـــەرامی کـــرد لـە چاوم خـــەو
خـوێندم وەکـو کـەو ڕۆژ و شـەو
بەحـوکـمی خـەت و خـاڵەوە

ساعـیـد و شـان و دەست و کەف
سـینەیی سـافـی وەک سـەدەف
دوو غـونچـە گـوڵ لە دوو تەرەف
لـە ژێـر کـــــــراسی ئـاڵـەوە

فـــەرمـــووی بڕۆ تـۆ ئەو دەمـــە
ئـەمما وەرە ڕۆژی شـــــــــەممـە
نەخـتی ئەکـەین کـەون و گـەمـە
بـەیـادی وەزعـی حـــــــاڵـەوە

چارەم نـەمــا غـــەیر ســوکــووت
خـــزیم و هـەروەک عـــەنکەبـووت
ڕۆژم حـیساب کرد تاک و جـووت
بـۆ وەعـــدەیی ویســـاڵـەوە

چوومـە دەرگـەی حـەسـارەکەی
وەخـــتی ویســـاڵە تـایـەکـــەی
هـاتوومـــە دەگـــرم لێـــوەکـــەی
بەجـــەرگی وەک زوخـــاڵەوە

وەختــی کــە دەرگــەی کــردەوە
مـنـی لـە بـۆ خــــــۆی بـردەوە
بـە گـــوفـــتـی نـەرم و وردەوە
بەفـەرمـوودەی عـەســالەوە
وتـی ڕۆژت هەڵات (جـــاهـیـــد)
تۆم خـۆش ئـەوێ خـودا شـاهـیـد
بـا بتـــەقـێ ورگی حـــاســـیـــد
بمـرێ بە قـــیـل و قـــاڵەوە
وتم ئـــــەی ڕووحــــــی ڕەوانم
ئـەمـنـاسـی کـــــە مـن بـورهـانم
بـولـبـــــــــولـی بـاغـی دڵانم
بـێ پـەڕ و پـووچ و بـاڵـەوە

لەم لیـریکەدا جـاهـیـد بـەسـەرهـاتـی دروست کـردووە پـێـوەندی بەکـاتـەوە هـەیە، لەوەوە دەست پێ دەکا ڕۆژێکیان بەرەو ماڵ دەبێتەوە، لەسەر تەلاری کۆشکێکدا جوانێک دەبینێ. دڵی دەسمێ و گرفتاری دەبێ. ئیتر دەکەوێتە وەسفی ئەندامە بێ وێنەکانی لە جوانیدا. لێی نزیک دەبێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا و بەڵێنی پێ دەدا ڕۆژی شـەمـوو بەیەکتری شـاد ببنەوە. لە کـاتـی دیاریکراودا جـاهـیـد دەچێتـە بەردەرگای و دەست لە ملی یەکتری دەکەن شەو خەریکی دەسبازی و ماچ و مووچ دەبن تا بەیانی.

لێرەدا شـاعـیر بەپێچـەوانەی شـیـعـری کلاسـیکی ئەم بەسـەرهـاتە کۆمـیـدییـانە دوایی پێ دێ، بەو مـانـا کـلاسـیکیـیـەی کـە هـەمـوو ڕووداوێک ئەگـەر بەخـۆشی و هەلهەلە کۆتایی پێ بێ کۆمیدیای پێ دەڵێن بەپێچەوانەی تراجیدیایە.

٣

لە چوارینێکیدا جاهید دەڵێ:

بڵـێن بەو یارە شـیـرینەم لەسـەر ڕوو پەردە با لادا
ئەوی هەمبوو لە دنیادا بە بەحری حوسنی ویم دادا

فـیـغـانـی گـوڵ لە بۆ بولبـول لە پاش مـردن دەوا نادا
ئەگـەر هەیبـوو چ ئیـحـسـانێ بداتـن پێم لە دنیـادا

جاهید دەیەوێ ئەوە لە دلبەر بگەیەنی ئەوەی لە گێتیدا هەیەتی ئەو دڵدارییەیە کە دڵی بەدڵی دلبەر گرێ داوە، لەبەرئەوەیە پێش مردن دەبێ پێی شاد بێ چونکە شینی گوڵ بۆ بلبل لە دوای مردن کەڵکی نییە.

وەسف و ستایشی خۆی

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «من چیم!»دا دەڵێ:

لە شـەڕ دوور و لە غەم دوورم لـە ناو دڵ ساف و خـالیمـە
لەبەر ئەم حـالـەتەم دائیم لە ئەم ئەفـلاکـە حـالیـمـە
ئەگەر سـەد ساڵە عومـرم بێ ئەسـەف نابەم بەژینی خۆم
بـەیەک سـاڵە ئەزانم خـۆم لـە دەورێکی منـاڵیـمـە
بەزاهیـر گـەرچی ئینسـانم لە باتین خـۆم ئەزانم چیم
بەڕەڵڵای دەشت و سـەحرا نیم مەلێکی جوان و مـاڵیمـە
لـە ڕەوزەی زاتەکی عـالی ئەخـوازم بینی ئومـێـدم
ئـەگـەرچی دوورە ئەڕواحـم دەخـیـلی بابی عـالیـمـە
نەجـاتم هەر بـووە بیلا لە وەحـشـەت یا لە ناو وەحـشـەت
شـوعـووری پاکی ئەفکارم لـە پەردەی پڕ خـەیالیـمـە
دڵم مـەفـتـوونـی زاتێکە مـوحـەممەد نـاوی نووسـراوە
لە مـەیدانی عـەشـقـبـازی کـەمـالیـمـە جـەمـالیـمـە
منم (بورهان)ی ئەم دەهرە بەشوهرەت پێم دەڵێن (جاهید)
نە فـیـردەوسی و نە مـەولانام نە کـانیـمـە و نە نالیـمـە

لەم شـیـعـرەدا هەرچی خوو و ڕەوشـتی باشـە جاهیـد بۆ خـۆی هـەڵدەبژێرێ و سـتایشی خـۆی دەکا، بـاوەڕی بەئایینی ئیسـلام هـەیە، بەهەوایێکی سـۆفیزمـییانە تەمـاشـای شـەریعەتی ئیسـلام دەکا. وەکو هەندێ لە شـاعیرانی کلاسیکی خـۆی

بەشاعیری گەورە لە قەڵەم دەدا، خۆی بەفیردەوسی و جەلالەدینی ڕۆمی و کانیی مامی و نالیی گەورەی شاعیرانی کورد نادا.

٢

لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی «دڵ دانەوە» دیسانەوە لە ستایشی خۆیدا دەڵێ:

وەها باشـــــە گــــوڵی چاوم
ڕەحـم کــــــەی چونکە بورهـانم
ڕەشـــــیـــــدی بەزمی ڕەندانم
نـەدیمـی جـــــــەوری دەورانم
نەگـــــــۆڕاووم هەتا مـــــاوم
هـەتا مــــاوم لە مــــــەیدانم
نە لەم دوو ڕۆژە بێــــهـــــۆشم
بەڕووزەردی عـــــــەباپـۆشم
لـە بـۆ ئـەم ژینـە دامــــــاوم
هـەدەر بڕوا دڵ و گـــــیـــــانم
چـواندم ڕۆژی خـــــــۆشـی دڵ
لەگـەڵ گـوڵ یا لەگـەڵ بولبـول
ئەمـــێـــســـتـــاش خـــۆ فــــەوتاوم
گـــوڵی حـــەلقـــەی مـــوریدانم
دەمـێ شـــــادم دەمـێ خـــــوڕەم
لەگـــەڵ زولف و لەگـــەڵ پەرچەم
لەگـــەڵ شـــۆخـــێکی ئالاوەم
ئـەزانم وەک شـــــەهیــــدانم
بەبێ مــــەی مــــەست و بەربادم
شـــوکـور فــەوتاوە گـشت یادم
لە دەست غـونچـەی نەپشکاوم
مــەگــەر بەم حـاڵە سـوڵتـانم

نەجــەم مــابوو حــوكــمــڕانی
نـەمـــــا ئـەم حــــاڵـەتـی زانـی
دڵەی پـەسـت و نـەشـــــێــــواوم
ئـەڵێت خـــۆم یـاری جـــــارانم
لە سـۆفـی حـەی حـەیی و ئەڵڵاه
تـەواوی نـاکـــــــرێ ئـیـکـراه
مـــنــیـــش لـــەم داوە وەک داوم
لەگـــــەڵ دەرزی لـە دوورمـــــانم
ئـــەدوورم بـــەرگـــی ئـــازادی
لە بـۆ عــــالـەم بـەدڵشـــــادی
مــــەزانـن مـن گـــــەلێ خــــاوم
نەخـــێــر ڕووحــێکی کــوردانم
توخـوا کـەی یاری خـۆش دلبـەر
مـــەدە لـەم سـیـنـەیـە نشـــتـــەر
وەهـا بـاشـــــە گـــــوڵی چاوم
ڕەحـم کـــــەی چونکە بورهـانم

ئەم شیعرە لەسـەر دەستووری بەندی چوارین دامـەزراوە. بە کێشێکی ڕەوانی هەشت برگـەیی باس لە هەست و نەسـتی ناوەوەی خـۆی دەکـا، ئەو سـیـفـەتانە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ کە لە ناو کۆمەڵدا پـەسـەند کراون. لەگەڵ ئەوەی هەندێ جاریش پێچەوانەی یەکترین بەڵام پایەی هەڵگریان لە ناو کۆمەڵدا بڵندتر دەکەن.

پشیلەی ناو گرتووخانە

لە ســـەردەمی ڕاپەڕینەکـەی بارزانیــیـان لە ســاڵی ١٩٤٥ جـاهیـد لە لایەن دەسەڵاتەوە دەگیرێ. لە ناو گرتووخانەدا ئاشنایەتی لەگەڵ وەهاب ئاغای جندیان و حـەمەد ئاغای مێرگەسـۆر و برایم ئاغای کاولۆکان پەیدا دەکا. دیارە ئەوانیش بەناوی جـمـوجـۆڵی کوردایەتی گیرابوون. لە نیوەشـەوێکدا پشیلەیێکی برسی لە گیراوەکان نزیک دەبێتـەوە. ئەم دیمەنە دەبێتە سـەرچاوەی ئیلهام بۆ جاهید و ئەم شیعرە دادەنێ:

پشـیلەیێکی وەک بەشـەر خـولقـاو
لێـمـان هاتە ژوور بە مـیـاو مـیـاو
تـەسلیـــمـم کـــرا دامنا لـە ڕۆخم
ئـەبێ بۆ ئـەمـــە نـەخــــتێ بکۆخم
لـە دەمـــوچـاوی گـــەلێ تێـــفکریم
ئەو هەڵبـەسـتـەیەم من لـەوی کـڕیم
پاشی مـەرحـەبا نانم دەرخـوارد دا
زانیـم برسـیـیـە بەحـەقـقی خـودا
گـەلێ مـەغـدووره گـەلێ بـرسـیـیـە
شـەریفی ئـاشـچی لێی نـەپرسـیـیـە
وتم هەی فـەقیـر هەی بەسـتـەزمـان
مـــیـوانی ئـەتۆ لای کـاکـە بـورهان
مـن زمـــانی تۆ لە کـــوێ پەیاکـــەم
بەکـامـە دوکـتـۆر دەردت دەواکـەم
بـۆ کـــامـــە حـــاکم دەردی تۆ بـەرم
کێ بێ بـخـوێنـێ قـسـە و دەفـتـەرم
هەزار مـحـامی هـەزار فـەیلەسـووف
لە تەشی ئەدرێ ئیمڕۆ وەکو سووف
هەزار مـــەلا وو هەزار خـــوێندەوار
فلســـەکی ناکـا ئـیـمـــڕۆ لە بازاڕ
هەزار خــەریجی ســانـەوی و عــالی
لە کـون و قـــوژبن بۆ خــۆی دەناڵی
هەزار کاتبی خۆش خـەت و ئینشا
بوویتــە غــوڵامی چەلەبی و پاشــا
ئیـمـڕۆ بێ پارەی هەتیـوی بێ باب
لـەشــی ڕزیوە لـە دەرد و عــــــەزاب

حەپسخانەیە جێگە و مەسکەنی
لەسەر ئەو حاڵەش هەر پێئەکەنی
ئەگەر جارێکی ڕووی خۆی ترش کا
دەڵێن کفری کرد لە قاپی خودا
جا ئەی پشیلەی بێ چارە و زەلیل
کە تۆ وا هاتی بۆ لای من دەخیل
ئەتۆ بۆ زگت وا پەرێشانی
ئێمەشەو میوانی برات بورهانی
شەرت بێ تێرت کەم برسیت نەهێڵم
وەها مەزانە لە تۆ بەفێڵم

جاهید لەم شیعرەدا لە ناگزووری کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی خەڵکی دەدوێ. دەسەڵات بەدەست کەسانێکەوەیە لە بەرژەوەندی خۆیان بەولاوە هیچی دیکە نابینن، فەیلەسووف و خوێندەوار نرخیان نییە. زانست و ئەدەب و هونەر بەهیچ ناچن. پارە و ناوی بێ ناوک مەبەسە، ڕۆشنبیر هەموویان لە خزمەت پاشا و چەلەبی و دەوڵەمەندی نەخوێندەواری دواکەوتوون. جاهید لەگەڵ پشیلە قسە دەکا، خۆی لەو کەسە بێهۆش و زۆردارانە جیا دەکاتەوە، بەپشیلە دەڵێ خۆشی دەوێ، ئەو شەوە میوانی ئەوە، زگی تێر دەکا، بەدڵسۆزییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکا، ئەمەی بەڕاستییە و فێڵ و فەنەری تێدا نییە.

کوردایەتی

لە شیعرێکیدا جاهید دەڵێ:

هەتاکەی ئاو و خاکی تۆ نەسیبی خوێن مژی خۆت بێ
هەتاکەی دوو یاری ئەغیار لەگەڵتا هەم دەم و جووت بێ
هەتاکەی بەم خەیاڵاتە شەو و ڕۆژ ئاه و ڕۆ ڕۆت بێ
هەتاکەی دەست و پا وو گەردەنت بەسراوەیی کۆت بێ
هەتاکەی نایەڵی ئەم جەننەتە بێ ئاگر و سووت بێ
هەتاکەی چاوی غەیرە هەر لە نان و لەززەتی دۆت بێ

بەخـــێـــری ئێـــوە غــەیرە بوو بــەخـــاوەن تــۆپ و تەییـــارە
هەتیــو و بێــوەژنتـــان بـۆ ســـواڵ لەم شـــار و ئـەو شـــارە
فـــیکر کـــەن بێکەســـینـە بەس نـەبێ ئـەم کـــار و ئینکارە
بەســـــەرتـان وەرگـــەڕێ یاخـــوا بەســـــە ئـەم بەیع و بازاڕە

......

بەچاو سـاغ و بـەسـەر سـاغ و بـەدەس ساغ و بـەپێ سـاغی
لە ناو ئـەم نیشـتـمـانەی خـۆت لـە ناو گـوڵزار و نـاو باغی
لـە بۆ قـــرتـاندنی گــــوڵ پێم بڵـێ بـۆ قـــەید و یاســـاغـی
دز و جــــــەردە ئــەحـــــوبێـن لە بـۆی بـاڵین و یاتـاغـی

......

وەتـەن مـــــەعنـای بزانـی بـێ وەتـەن نابـی لـە ژینی خــــۆت
بەیەک دوو مـەرحـەبای گەورە تـەرک ناکەی سـەرینی خۆت
هەوەس نـاتبـاتـە بەزمـی ئەو بەجێ نـایێـڵـێ شـینـی خــۆت
بەســـــە تیـــمـــاری بێگانە تیـــمـــارکـــە تۆ برینی خـــۆت

......

لە کـــام بێگانـە ســـەندت تۆ ئەدەب غـــەیری قـســـە و پارە
لە کـــامـــە ئـەجنەبی ســـەندت لـە بۆ دەردت دەوا و چارە
هەتا ئیــمـــڕۆ بزانە چیت بەســـەرهـات چیت دی لـەم کـارە
وەرە ڕێگای ســەلامـــەت بەســیـــەتی ئەم شـــەرم ئـەم عـــارە

......

گــوڵی خـــۆت لێ نەکـــا بایێکی تـر خـــۆت بۆنیکە چاکـــە
هەتاکەی غەیرە غەسبـی کـات لە دەستت عـەردی وا پاکە
بەســـە غـــەیرە بکێـــڵـــێت و بچــینی ئەم زەوی و خـــاکــە
ئەســەف ئەم کوردە هەردەم وا غورووور و مـەست و بێ باکە

......

بـرایـێکـین بـرایـیـنـە هـــەمـــــــــوو یــەک دیـن و ئـایـیـنـین
ئەگـەر یەکـتـر بـحـوبـبێنین لە پێش چاو خۆش و شـیـرینین

بەســە ئەم هەندە مــوحــتــاجـی خــەراباتی ڕق و کــینـین
هـەمــــوومـــــان چـاوەنـۆڕی ڕۆژەکێن نـاوی بـەجێ بێــڵێن
هـەتاکــەی نـایەڵـی ئەم جــەننـەتە بـێ ئاگــر و ســۆت بـێ
هـەتاکــەی چاوی غــەیرە هەر لـە نان و لـەززەتی دۆت بـێ

ئەم شیعرە لەسـەر بنچینەی بەندی شەشین (شەش نیوە دێڕ شیعر) دامەزراوە، دوو نیوە دێڕ شیعری دوایی لە هەموو بەندەکاندا دووبارە دەبنەوە (ا ا ا ا م م، ب ب ب ب م م، جـ جـ جـ جـ م م...). لەم شـیعرەدا جاهید ڕووی قسـەی کردۆتە میللەتی کورد، لە لایێک سەرزەنشتی دەکا و لە لایێکی دیکەوە ئامۆژگاری دەکا. لایەنە ڕەشبینییەکانی ژیانی کوردەواری بۆ دەگێڕێتەوە، باس لە دواکەوتووییان دەکا، بەشـان و باهووی سـروشـتی کـوردسـتـان هەڵدەڵێ. ئەو خاکـە ڕەنگینەی شـایانی ئەوە نییـە وا بەدواکەوتوویی بمێنێتـەوە، ڕۆڵەکانی لە خەودا بن، خـەڵکی دیکەش هوشـیـارانە مـەدەنییـەت بۆ خۆیان دروست بکەن. بەلای شـاعیرەوە کورد نووستووە و هەوڵ دەدا لە خەو هەڵیسێنێ.

مەی و مەیخانەی جاهید

لە شیعرێکیدا جاهید دەڵێ:

تێکە لـە بۆ من کــەم کــەمــە شــەراب
دڵم حــــازرە بـۆ مــــەزە و کــــەباب
مــەڵێن بـۆ ڕەنگی بادە ســوور ئـەکـا
گــەلێ شــەرمنە لێم ئەکـا حـیـجـاب
من بـەیەک دوو قــوم تێناگــەم لە مــەی
بـەیەک دوو پێکان تێــر نـابم جــەنـاب
مـــــەی مـن دایم لە مــــەی خـــواردنـە
تـاکــو ڕەحــەت بم لـە دەرد و عــەزاب
دڵی شــێــواوم ڕۆژێ ســەد کــەڕەت
ئەچێتە بەحری غـەم و ئیـزتیـراب

لۆمـــەمـــان دەکـا عــالەمی بێـــهــۆش

ئـاگـــای لـە چیــــیـــــە لێ دەدا ڕەباب

لە ڕۆژی مــەحـشـــەر زۆر چاک دەبینین

کـامــەمـان دەچین بۆ تەحـتــەلســەراب

گــەر مــەلەک هـاتن لێم بکەن ســوئال

بەڕاستی و مەستی باش ئەدەم جەواب

کـاکـە (جـاهیـد)تان زۆر بێ گـونـاهـە

بێ مـــەی و بادە نابینرێ حـــســـــاب

جاهید بەشێکی زۆری ژیانی بەمەستی و سەرخۆشی بردۆتە سەر، لەو باوەڕەدا بووە سـەرخـۆشی هەمـوو ئێش و ئـازار و مـەینەتی ژیانی لـە بیـر دەباتەوە. کـاتی ناخـۆشی لە ژیانیدا زۆر بووە، سـەردەمی خـۆشی کـەم بووە. لەبەرئەوە مـاوەیێکی زۆر لە ژیانیدا هاوڕێ و هاودەمی مەی و مـەیخانە بووە. شاعیر ئەوەندە هۆگری سەرخۆشییە ئامادەیە دڵی خۆی بکا بەکەبابی مەزە، هەروەها ڕەنگی مەی سوورە چونکە شەرم لە شـاعیر دەکا. بەجامێک و دوو جام تێر نابێ، چونکە دەردی زۆرە و برینی پڕ لە ئێش و ئازارە.

هەولێر

جاهیـد قـەسـیـدەیێکی درێژی هەیە بـەناوی «هـەولێر»ەوە، بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

قـــەڵەم بنووســـە باســـێکی هـەولێـــر

تـا لـە دەس منی ئـەی کـــاکی دلێــــر

ئەم شـارە شـاری شـاه و سولتـان بوو

ژیـا لـە نـاوی بـەهـەزاران نـێـــــــــر

ئەم شـــارە شـــاری بت و ســـەنـەم بوو

دەورەی درا بـوو بـەپڵنگ و شـــێـــــر

ئەم شـارە شـاری سەخـا و کـەرەم بوو

شـــارێکی دڵ گـیـر و پڕ لە زیو و زێڕ

سـولّتـان مـوزەفـەر لەم شـارەدا بوو
که سولّتانێک بوو بێ نەفس و چاوتێر
پێـغـەمـبـەر لە ناو گـشت ئـەم عـالەمـە
تەشـريفی هاتە خـەونی کـردی فـێـر
کـە ڕزگـاری کـات لـە دەس کـافـران
گوێ بگرە شـیعرم هەولێـر! دێر بەدێر

لەم بڕە شیعرەدا وەسفی هەندێ ڕووداوی مێژوویی شاری هەولێر دەکا. شاری سـولّتـان مـوزەفـەرەدینی گـۆکـبـەری بووە، لە پێش ئیسـلام بت و سـەنـەمی لێ پەرسـتراوە. شـاعیر هـەوڵی داوە ناوەرۆکی ئەو خـەونە بگێـڕێتـەوە کـە سـولّتـان موزەفەر دیویەتی. پێغەمبەر هاتۆتە خەونی و پێی وتووە چەند کافرێک ژێر زەویان کۆڵیوە و دەیانەوێ لەشی پێغەمبەر لە ناو گۆڕدا لە شاری مەدینە بدزن. جاهید لە شیعرەکەدا بەردەوامە و دەڵێ:

گـــــەورە خـــــەریکی پـوول و ئـانـەیـە
مل ئـەسـتــوور ئـەکـا زەنگینەکـانمان
نە شـــێخ نـە مـــەلا هـۆشـی لـە خــۆیتی
بەخـــوا زۆر حـــەیفـە هـەولێــری گـــران
هەمـوو بۆ ڕوتبـە و مـعـاش کار ئەکـەین
بـەپوول و پـارە ئـەفـــرۆشـین دینمــــان
نـاڵێن با لـەســــەر ئـەم زاتـە پـاکــــە
مــزگـەوتێ بکەین بۆ مـێـژووی زەمــان

لە پاش خـەونـەکـە سـولّتـان مـوزەفـەر خـۆی و هەندێ لە یـاوەرانی ڕوو دەکـەنە مـەدینە. بـۆیان دەردەکەوێ چەند کـافـرێک لەمێژە ژێر زەوییـان کـۆڵیـوە بۆ دزینی لەشـی پێغـەمبەر، بـەڵام هێشتـا نەگەیشتـبوونە گۆڕەکە. ئەو تاوانبارانە دەگیرێن و لە سێدارە دەدرێن. ئیتر لەو ڕۆژەوە بەهۆی ئەم کـارەی سولّتان موزەفەرەوە هـەموو سـاڵێک لە ڕۆژی لە دایکبـوونی پێغـەمبـەر ئاهـەنگ دەگێـڕدرێ بەناوی مـەولوودەوە، ئەم نەریتە لە دواییدا لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاوبووەوە.

ئینجا شـاعـیـر گلەیی دەکـا، بـەلایەوە خـەڵکی بەتەنگ شـارەکـەیانەوە نین و بایەخێکی ئەوتۆیان بەگۆڕی سوڵتان موزەفەر نەداوە. لە گلەییـیـەکانی بەرامبـەر بەدواکەوتوویی هەولێر بەردەوامە و لەم لایەنەوە دەڵێ:

لە دەس حـــاڵەتی هـەولێــری نازدار
گـەلێ غـەمگین و زۆر خـەفـەتبـارم
ئەم نیـشـتـمـانەی وا کـۆن و بەناو
بەنرخ و بەتام خـــۆش و ئاودارم
تاکەی بێکەسی و بێ سامان بژیت
تاکـەی کـاول بی ناوچەی بازاڕم
تاکـەی مناڵمـان بێ عیلم و ئەدەب
بەڕەڵـلا ببی نێـــــتـــــە هاوارم
تاکـەی بێ کـۆمـەڵ بخـوێنین ژیان
تاکـەی بڕزێتن ئێـسک و دەمـارم
قـەرز و قـومار و شـەراب بەس نەبی
ئەم تەرزە کـاره نابیــتــە کـارم
شـاعـیـر و ئەدیب جگەری سـووتا
هـەمـووبان کـەوتن لە ژێر دیوارم
حـەیفـە سـەد حـەیف بۆ ئەم میللەتە
کـە چارەم ناکـات زۆر برینـدارم

شاعیر غەمبارە چونکە هەولێر پشتگوێ خراوە، غەمخۆری نییە، کاول بووە، منداڵی لە ئەدەب و زانستـی دوورە. ئەوی ڕاسـتی بێ هەولێـر لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیستەم لە شارە دواکەوتووەکانی کوردستانی عیراق بوو. خـەڵکەکەی بەتەنگ پێشکەوتنی شارەکەیان نەبوون. جۆرە نەریتێکی دواکەوتوو لە ناوەوە بوو ڕێگەی لە پێـشکەوتن گـرتبـوو، بـەتایبـەتی لە بارەی مـافی ژنان و خـوێندنی قوتابخانە، هێشتا هەندێ نەریتی کۆنی دەرەبەگی دواکەوتوو لە ناوەوە مابوو.

ئینجا شاعیر باس لە کردەوەی ناپەسەندی دەوڵەمەند و کاربەدەستان دەکا:

پاشـــام خـــۆت بگره تا ڕۆڵەكـــانت
ئەبـن بـەپـیـــــاو لـەم چـەنـد ڕۆژانـە
ئەوسـا ئەو عـەردە بفرۆشـە بۆ خـۆت
پـارەی ســـەرف كـــە بۆ دیوەخـــانـە
بدە قاورمـە و شفتی و شێخ مـەحشی
قـــوزەڵقـــورتت بی عـــەینی سندانـە
چونكە بەناهـەق ئەم عـــەردە پاكـــە
كـــەوتـۆتە دەســـتت بێ پـوول و ئانـە
ئەخـــۆی ئـەزانی لـێ ئەدەی دەعـــیـــە
بەڵام تـەمـــەعكار هـەر پەشـــیـــمـــانـە
لەسـەر گـۆڕەكەت ڕۆژێک بە ئەشـعـار
ئەنووســـرێتـــەوە لەعنەت لەمـــانـە

شـاعیر ئەوە دەردەبڕێ دەوڵەمەند و كاربەدەستانی شار تەنیا خەریكی خۆیان بوون، لە پێناوی چاكەی خۆیان خەڵكی هەژار و بێ نەوایانیان دەڕووتاندەوە. بەڵام جاهید لەوە دڵنیا بووە ئەم كارە هەتا هەتایە بۆیان ناچێتە سـەر، ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووڕەش دەبن و خۆیان و كردەوەیان دەچنە ناو گۆڕەوە.

جاهید بەم دێڕانە كۆتایی بەشیعرەكەی دێنێ:

قـەڵەم بنووســە باســێكی هـەولێـر
تا لـە دەس منـی ئەی كـــاكـی دلێـــر
بـنووســـــە قـــــەڵەم داخـی گــــرانم
بۆ ئـەم عـالـەمــە قــەزات لە گـیـــانم
نە دوختـۆر هۆشی مـاوە لە نەخـۆش
نە حـــاكم گـــوێچكە ئـەدا قـــســـانم
نە فـەقێ ئاگـای لە دەرس و عـیلمـە
نە مـــەلا باری ســـووكـە لە شـــانم

مـــەلا نووزە نووز ئەكـات بۆ زەكـات

فـەقێش هـەر چاوی لە یەک دوو نانم

غـــەیرە بۆ مـــانگ و مـــەریخ ئـەڕواتن

مـنیش پـارەیە هـەمـــوو ئـیـــمـــانم

ئێـمـــە بەم حـــاڵە نـاگـەینە ئامـانج

بـــورهـــانـی ڕۆژم زۆر چـــاک ئـــەزانم

بچـووکی هـەمـوو کـورد و ئیـسـلامم

بەشـوهرەت (جـاهـید) بەناو بورهـانم

شـاعـیـر باس لە ئاژاوەی ناو کـۆمـەڵ دەکـا، کـار لە کـار ترازاوە، کـەس خـەریکی کار و کردەوەی خۆی نییە، پزیشک و دادوەر و فـەقێ و مەلا و هـەموو خەڵکی کەس بەکەس نییە. لای ئێـمـە ئاژاوە و وێرانەیە کـەچی خـەڵکی دیکە وا لە ڕێگەن بەرەو مـانگ و مـەریخ دەڕۆن. لای ئێـمـە هـەمـوو شـتێک پارەیە، لە دواییدا جـاهـید خـۆی بەبچووکی هـەموو کوردێک و ئیسلامێک دەزانێ.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و داشۆرین

لە ڕۆژگـارێکی فـەرمـانڕەوایی مـەلیکی عـیراق نەجـمـەدین سـائیب مـوتەسـەریفی هەولێـر بووە. لەو سـەردەمـەدا شـار لە بارودۆخـێکی ناخـۆش بووە. بەم هۆیەوە جـاهـید شـیـعرێک دەهۆنێتـەوە و لەسـەر کـاغـەز تۆمـاری دەکا و لەسـەر دیواری سـەرای هەولێر هەڵیدەواسێ. بەیانی کاربەدەسـتان چاویان پێی دەکەوێ جـاهـید لەسەر ئەو کارە دەگرن و دەیخەنە گرتووخانەوە.

لە شیعرێکیدا جاهید دەڵێ:

بازاڕی فـــەلەک چەوتە بەفلسێ نیـیـە ئەشـعـار

مـــەیدانی عـــەقڵ بۆتە تـەویلـەی کـــەر و کـــەردار

زیندانە مـــەقـامـی عـوقـــەلا ژێر دەســتی غـــەددار

ئیـــتـــر بە چ نەوعێ بکـەن ئەم عـــالەمـــە هاوار!

قـەسـســابی سـەری مـیللەتە حـوککامی زەمـانە

جـــەللادی کـــەسی بێکەســـە پۆلیس و شـــەبانە

لێــمــان ئەســتــێنن بەهـەوەس باج و ســەرانە
ئیــتــر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عــالەمــە هاوار!
قــانوونی عــوقــووباتە مــەگــەر ئالەتی ئەزیەت
دانراوە لە بۆ مـەنفـەعـەتی مـامـە حـوکـوومـەت
شێواوە لە دەس زوڵمی کەسانی هەموو میللەت
ئیــتــر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عــالەمــە هاوار!
عــالەم لە هـەمــوو لاوە بریـنداری جــەفــایە
مـەعلوومـە کـە ئەم چەرخـە چ بێ ڕەحم و وەفـایە
ئەم کـــارە چ کـــارە چ عـــەزابە چ بەلایە
ئیــتــر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عــالەمــە هاوار!
(جـاهیـد) لە دەر و دەشت و بیـابانە هەمـوودەم
شـیـعـر و غـەزەلی زینەتی ئینسـانە هـەمـوودەم
بوێژێکی وەتەنپــەروەری کــوردانە هـەمــوودەم
ئیــتــر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عــالەمــە هاوار!

ئەم شیعرە لەسەر دەستووری بەندی چوارین دانراوە، هەر بەندی لە چوار نیوە دێڕ پێکهـاتووە (ا ا ا م، ب ب ب م، جـ جـ جـ م...). ئەو ڕەخنـانەی جـاهیـد لە کـاربەدەسـتـانی حـوکوومـەتی عـیـراقی گـرتووە لەو سـەردەمـەدا کـەم کـەس ئەو ئازایەتیـیـەی تێدا بووە بوێرێ قسـەی وا بکا. جـاهیـد کـاربەدەست بەزۆردار و قـەسـاب و ئۆردیان ناودەبا. قـانوون بۆ ئازاردانی خـەڵکی بێ تـاوان و چاکـەی دەوڵەمەند و کاربەدەستان دانرا بوو.

دانایی

لە شیعرێکی دانایی فەلسەفە ئامێزدا بەناوی «غەزەلێکی خەیاڵی» جاهید دەڵێ:

خـــەیالاتی دڵی تەنگم لە دونیـــامــــا لە یەک پێکە
بفـــەرمـــا چاوەکـــەم ســـاقی هەتا ئەتوانی بۆم تێکە
عـەمـامــە و جـوببـە پۆشم دی نەیانتـوانی بدەن فـەتوا
بەلام مـــەست و خـــەراباتی هەمـــوو فـتـوایەکـەی ڕێکە

له عـیلم و تەجـریبـەی دونیـا شـەهادەم سـەند بـەبێ باکی
قـوتـابی مـەدرەسـەی غـەم بووم دڵم لەم چـەرخـە بەینێکە
بەعـیلمی نەفس و کـەف نادەم عـولوومی بادەنۆشی خـۆم
هـەموو عیلمی بەشـەر لای من خـولاسـەی ئەلف و عـەینێکە
شـەرارەی ئاتەشی سـەودام بگاتە پووشـی حـوسنـی یار
له سـووتانـی نەترسـاوم ئەویش هـەر ڕووی مـوعـەللێکە
تەریقـەت بێ شـەریعـەت بێ ئەبەد ناگـەیتـە ئەنجـامی
ئەگەر شـێخ و ئەگەر دەروێش له بـۆ خـوا عـەینی عـەبدێکە
له (جـاهـیـد) وەرگـرن دەرسی عـولوومـی دین و دونیـاتان
مـەڵێن بێ دین و بێ فـیکرە کـولاوی دەرسـی عـەشـقـێکە

لەم شیعرەدا جاهید هەندێ زاراوەی فەلسەفە و دانایی و عەشقی حەقیقی و شەرابی کردگاری تێکەڵ بەیەکتری کردووە، حەقیقەت و مەجاز بەچاوێک تەماشا دەکا، ڕیالیزم و میتافیزیک لە تەرازوویێک دەکێشێ، ئەوجا لە دواییدا شەریعەت و تەریقەت لەگەڵ یەکتریدا دەگونجێنێ. کاملی ئادەمزاد لەوەدا دەبینێ لە هەردووکیان بێ، هەرچۆنێ بێ شاعیر توانیویەتی ئەم هەموو تەنگوچەڵەمە و پرسانەی دژ بەیەکترین بیانخاتە چوارچێوەی لیریکێکی جوانەوە.

چوارین

لە دیوانی جاهیددا هونەری چوارین جێگەیێکی تایبەتی هەیە، تەنیا بایەخی بەم جۆرە شیعرە نەداوە، بەڵکو کۆمەڵێک لە شیعری دیکەی لەسەر دەستووری بەندی چوارین داناوە. لەبەرئەوە جاهید لە ئەدەبی کوردیدا وەک پسپۆڕێکی هونەری چوارین دەکەوێتە بەرچاو.

١

لە چوارینێکیدا بۆ ئەو کەسەی تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە دەڵێ:

حـاڵی نەخـۆشـێک ناپرسێ جـارێک
بـۆ ڕووت و هـەژار هـەڵناگـرێ بارێک

مـــەجلیس و بـەزمـی لـەگـــەڵ پـارەیـە
نـایێــتــە یادی ســوحــبــەتی یارێک

٢

بێـزاری جاهید گـەیشتـۆتە پلەیێک ئاواتەخـوازە هەمـوو شـتـێک بوایە، تەنیـا ئادەمزاد نەبوایە:

بریا وەک جـاران هـەر بـێ خـەبـەر بام
مـەڕ بام مـاڵات بـام لە ناو لـەوەڕ بام
دێو بام دەعبا بام نەوەک بەشـەر بام
بێ مـاڵ و حـاڵ بـام هـەر دەربـەدەر بام

٣

شـاعیر وا هەست دەکا لە ژیانی ئادەمـزاد پچڕاوە، هاودەمی تەنیا غەم بووە و هاوڕێی ڕاستەقینەیەتی:

چەند سـاڵان گـەڕام سـووک و ڕیسـوایی
بـێ یـار و هـاودەم تـاک و تـەنیـــــایـی
تـەنیـــا هـەر غـــەم بوو یار و ئەنیـــسم
هـۆگـــــرم بـووبـوو زۆر بـەســـــانـایـی

٤

بەلای شاعیرەوە پیاو پێش هەموو شتێک پێویستە نیشتمانپەروەر بێ، ئینجا ئاگاداری پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ماڵ و منداڵی بێ:

ســـینـەت هـەدەفی تیـــری قـــەدەر کـــە
بۆ نیــشــتــمــانت خــوێنت هەدەر کــە
ڕۆژت مـــەچوێنە بـەخـــەیاڵی خـــاو
منداڵی ســـاوات بـەس دەربـەدەر کـــە

٥

بەلای شاعیرەوە خۆشی لە ناخۆشییەوەیە، ئەگەر زستان نەبێ بەهاریش نابێ:

سـەیری بوهار کە چەند خـۆش و جـوانە
سـەیری زستان کە چەند قورس و گرانە
بێ زسـتـان بـوهار گـیـای سـەوز نـابێ
ئـەمـــە ئـەحکامـی دونـیـــا و زەمـــانـە

٦

بەلای شـاعـیرەوە قسـەی بێ مـانا نەبێ چاکترە، هـەمـوو کەسێک ئەگەر شـوێنی خـۆی لـە کـۆمـەڵدا دیـاری نەکـا، وەکـو ئەو کـەسـەیە دەهری بێ و باوەڕی بەهـیچ کردگارێک نەبێ:

قـــســـــەی لابـەلا کــــە ســــوودی نەبێ
وەکـــــــو نـاوێـکە وجــــــوودی نـەبـێ
ئینسـان کـە هات و جـێی خۆی نـەناسی
وەک مـــەخلووقـــێکە مـــەعــبــوودی نـەبێ

٧

شـاعیر دەڵێ مـەرجی سـەرەکی خـواناسی ئەوەیە ڕەوشـتت پاک بێ و بەڕاسـتی خوا بناسی:

ئەگـەر مـەسـیـحی ئەگـەر مـوسـوڵـمـان
هەمـوو خـوڵقـاون هەمـوو عـەبدی خـوان
دیـانـەت یـەعـنـی ڕەوشـــــــتت پـاک بـێ
بــەدڵــێـکـی ڕاســت بـنــاســی یــەزدان

٨

بەلای جاهیدەوە پیاو ئەو پیاوەیە بەگژ زۆرداردا بچێ نەک هەژار برووتێنێتەوە:

ئەگـەر ئەترسی تۆ لە عـەیب و عـار
پـەلامـــــار مـــــەدە بـەڕووت و هـەژار
ئەگـەر خـــەریکی غـیــرەت بنوێنی
پـەلامـــــار بدە بـەکــــــەسـی زۆردار

٩

شـاعـیر لـەسـەر ئەو باوەڕەیە پیـاو دەبێ ڕاست بـێ. دەروێشی لەسـەر ڕاسـتی دامەزراوە، پیاو ئەوەیە بەخۆیەوە بنازێ نەک بەباب و باپیرانی.

کەشف و کـەرامـەت لە ئیحـتـیرامـە
شێخی بێ حـورمـەت ڕەنجی حەرامـە
کـردەوەت بـاش بێ بەکـەس مـەنازە
تـۆ چ دەخلێکت بەخـــاڵ و مـــامـــە

تاک

لە دیوانی جاهیددا هـەندێ تاک بەرچاو دەکەون.
لە تاکێکیدا دەڵێ:

عاقیبەت ئەرزێ لەشم هەرچەند بەنازی گەورەکەم
خزمەتی زگ چەند بکەم موحتاجی یەک نانم دەکا

مانای ئـەم تاکە لە دانایی شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگیـراوە. لەش هـەرچەندە خـزمـەتی بکەی ئەنجامی لەناوچوونە، زگیش هـەرچی بۆ بکەی پڕ نابێ.

***

بورهـان مـحـەمـەد عـەبدولڕەحمـانی دۆغرەمـەچی لە شـیعـردا ناسـراو بە«جاهـیـد» یەکێکە لە شـاعـیرە دیارەکـانی ناوچەی سـۆرانی هـەولێر. ژیـانێکی سـەخـتی پڕ لە نائومـێـدی تووشـی مـەی و مـەیخـانـەی کردووە، لـە ژیانیـدا بەزۆری سـەرخـۆشی بەخـۆیەوە دیوە، بەڵام ئەوە هـەیە زیانی بۆ کـەس نەبووە، ئەگـەر هـەیبـووبێ بۆ خـۆی بووە.

جاهید ئاگاداری شیعری کلاسیکی کوردی بوو، لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعر و لە ژێر کاریگەری جەبار ئاغای کانی مامی چێژ و خەیاڵی ڕۆمانتیکی لە لا دروست بووە. نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە لای جاهید لە قاڵبی شیعری کلاسیکی عەرووزی و شیعری سیلابی خۆماڵی جووت قافیە (مەسنەوی)یەوە بووە. گیروگرفتی ڕۆژانەی سیاسی و کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و هەندێ خاسیەتەکانی کۆمەڵی هەولێر لە شیعریدا ڕەنگیان داوەتەوە. سەرەڕای ئەمانە جاهید بەشیعری عالەمی مەستی و سەرخۆشی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

مەدهۆش

بەشی بیست و شەشەم

مەدهۆش

١٩١٩ – ١٩٩٤

چەندم لا جوان بوو ئەو مەمکە قنجە
تومەز ئەو قنجە سوخمەی ئەسفەنجە
ئەو سمتە جوانە کە خرت وەستا بوو
شەرمی بردبووم دەسمی کێشا بوو

ژیانی

محەمەد عەلی کوڕی محەمەد ساڵح کوڕی محەمەد قوربانی لە ساڵی ١٩١٩ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە زگی دایکی بووە کە باوکی مردووە. دایکی بەخێوی کردووە. لەو کاتەی هەستی بەشاعیرییەتی خۆی کردووە نازناوی «مەدهۆش»ی هەڵبژاردووە. لە ناو خەڵکی بە حەمەعەلی مەدهۆش ناسراوە. ژیان و شیعری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا خاسیەتی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. لە ژیانیدا مووچەخۆری نەکردووە، خاوەنی پیشەی بەرگدروویەتی بووە، لە شیعردا بەرهەمێکی داهێناوە لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دایکی دایناوەتە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت. بەئێواران حەڵوای گەزۆ و کۆلارەی لە کاغەز دروستکراوی دەستی خۆی بەمنداڵانی گەڕەکی فرۆشتووە. لە پاشانا بووە بەشاگرد لە دوکانی حەمەسەعیدی خەیات و فێری پیشەی بەرگدروون بووە. بەمە بەشێ خوێندن و ماوەیێکیش بەشەو لە مزگەوتی شێخ ئەمین لە گەڕەکی دەرگەزێن لای کاکە مەلای پاوەیی لەگەڵ فەقێکانی خوێندوویەتی. هەندێ زانیاری لە بابەت ئەدەبەوە لەو فێر بووە. لە پاشانا لە قوتابخانەی زانستیی شەوان خوێندوویەتی. لە کۆڕی ئەدەبی شەوانی

سێشەموان بەشداری لە شیعر خوێندنەوەدا کردووە. بەهەوڵ و کۆششی خۆی لە ڕووی خوێندەوارییەوە پێگەیشتووە ئینجا دوکانی بەرگدروویەتی بۆ خۆی داناوە، قوماشی لە بەغداوە هێناوە، گوزەران و هەڵسوکەوتی دارایی باش بووە. دوکانەکەی بووە بەیانەی شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی سلێمانی، کەسانی وەکو فایەق بێکەس و بەختیار زێوەر و شاعیرانی دیکە هاتوچۆیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤١ لە ترسی هەراکەی ڕەشید عالی گەیلانی مەدهۆش لەگەڵ دایکی چوونەتە هەڵەبجە، لە پاشانا بەغدا کە هەندێ هێور بۆتەوە گەڕاونەتەوە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٤٨ لەسەر بیری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی گیراوە، ماوەیێک لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا بووە، ئینجا لە پاش ئازادبوون گەڕاوەتەوە سلێمانی. دایکی لە دوای ماوەیێکی زۆر بەسەر مردنی باوکی تێپەڕیوە لە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە. ئەم دایکە دەوری گرنگی بووە لە پێگەیاندنی مەدهۆش، جگە لەوە لە ئەدەبدا گەلێ شتی لێ فێر بووە، چونکە ئەو دایکە لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بووە کەچی سەرچاوەی ئەدەبی میللیی سەرزار و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان بووە.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا مەدهۆش چەند جارێکی دیکەش لەسەر سیاسەت گیراوە. لە دوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی بەغدا لە دوکانی بەرگدروویەتی و بازرگانی قوماش زیانی لێ کەوتووە. قەرزێکی زۆر بەسەریدا بووە بەماڵ، ناچار سلێمانی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە بەغدا؛ لەوێ دوکانی بەرگدروویەتی داناوە. ئەمجارەیان بووە بەبەرگدرووی ژنان. قازانجی زۆر بووە و گوزەرانی باش هەڵکەوتووە، بەهۆی خوێندنی منداڵەکانی لە زانستگای بەغدا ناچار بووە جارێ لەوێ بمێنێتەوە، لە پاشانا گەڕاوەتەوە سلێمانی و خانووی کڕیوە و دەستی کردۆتەوە بە بەرگدروویەتی. لە ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان لە سلێمانی لە دوورینی بەرگ نەکەوتووە و زیاتریش خەریکی ئەدەب بووە تا لە ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٩٤ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

مەدهۆش خۆی مامۆستای ڕاستەقینەی خۆی بووە و کردوویەتی بەخوێندەوار. دەوروبەر هەلێکی لەباری بۆ ڕەخساندووە. لە پێش هەموویانا دایکی شارەزای ئەدەبی میلليی سەرزاری کوردی بووە. خزم و کەسوکاری دایکی هەندێکیان شاعیر بوون وەک نەجمەدین مەلا، مەلا سەعدی، ئەخۆل، کامەران موکری، میرزا غەفوور، مەلاحەسەنی قازی (شاهۆ). هۆگری خوێندنەوەی دیوانە کوردییە چاپکراوەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە، بەتایبەتی دیوانەکانی بلاوەخانەی کوردی – مەریوانی لە چاپیان دابوو. لەگەڵ ڕۆژنامەی «ژین» پێوەندی هەبوو. پیرەمێرد لە ئەدەبدا ڕێبەری بووە و دەستی گرتووە، لە ساڵی ١٩٤٠ بۆ یەکەمین جار لە «ژین» شیعری بۆ بلاوکردۆتەوە. لە ناو شاعیراندا شیعری پیرەمێرد و کەمالی و گۆرانی بەدڵ بووە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

مەدهۆش ئەگەر شیعری کێشی میلليی خۆماڵی و شیعری نوێی نەووتایە، لە شیعری عەرووزیدا دەبوو بەتازەکەرەوەی کلاسیک. لەو جۆرە شیعرەدا وەستا بوو، بەحری عەرووزی و یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە بۆ مەبەس و ناوەڕۆکی تازە. ئەم جۆرە شیعرەی زۆر لە بابەتەکانی دیکەی کەمترە. ئەوەی هەیەتی هەمووی دەچێتە ناو لیریکەوە، خۆی لە قەسیدە (شیعری درێژ) لاداوە.

بەشی زۆری شیعری لە بابەتی کێشی سیلابی میلليی خۆماڵییە، لەمەدا زیاتر کێشی دە بڕگەیی بەکارهێناوە، هەشت بڕگەیی هەیە و لەو کەمتر حەوت بڕگەییە. لە شیعری نوێدا چەند لیریکێکی هەیە لە یەک کێش و یەک قافیە زیاتر لە تاکە شیعرێکدا بەکاری هێناوە. هەندێ لە هونەرەکانی شیعری کلاسیکی بەڕوخسار کۆن و بەناوەڕۆک تازە لە شیعریدا دەبینرێ وەکو: قەسیدەی پێنجین بەقافیەکانی (ا ا ا ا) و (ا ا ا ب)، قەسیدەی شەشین بەقافیەی (ا ا ا ب ب). جگە لەمە تەرجیع بەند لە دیوانیدا بەرچاو دەکەوێ: پێنج پارچە غەزەل، هەریەکەی حەوت نیوە دێڕ، نیوە دێڕی دوایی لە هەموویاندا دووبارە دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمانەدا مەدهۆش پێنج خشتەکی هەیە لەسەر شیعری ئەدەب (میسباح) و ئەخۆل و کەمالی.

بەشێکی زۆر لە شیعری لە بابەت نەورۆز و سەیران و بەهارەوەیە، ئەمەی بۆ ئەوە بووە کچی جوان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ببن بەهەوێنی شیعری. بەشێکی زۆر لە شیعری بەم ناوانە بڵاوکراونەتەوە: «نەورۆز»، «نەورۆزنامە»، «بەهار و سەیران»، «گوڵباران»، «هەمیشە بەهار». بەهۆی بەهار و نەورۆزەوە لە ساڵانی ١٩٤٠، ١٩٤٦، ١٩٥١، ١٩٥٧، ١٩٦٩، ١٩٧٠، ١٩٧٦ شیعری هۆنیوەتەوە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

لەگەڵ ئەوەی بنج و بناوانی شاعیرییەتی مەدهۆش لە بەهرەی سروشتی و زگماکی خۆی هەڵقوڵاوە، دەوروبەر یارمەتییێکی زۆری داوە شاعیرێکی چاکی لێ هەڵبکەوێ. لە شیعرە دڵدارییەکانیدا شاعیر لەگەڵ هەست و نەست و دەروون و خەیاڵی خۆیدا ڕاستگۆ بووە، جوانی پەرستووە، لە پەیکەری ژندا دیویەتی، لە بزووتنەوە و خۆنواندن و ناز و فیزی مێیینەیانەیدا بەدی کردووە، تا گەیشتۆتە ئەوەی لە ژیانی بەغدایدا لە «شەقامی زێ» (شارع النهر)ی بەناوبانگ دوکانی بەرگدروویەتی بکاتەوە، بەڵام بەرگدرووی ژنان. خودا خۆی دەیزانێ، هەروەها شاعیریش دەڵێ، چی لەو ژنانەی جلی بۆ دووری بوون فێر بووە! وەک لە خۆی بیستراوە بەمنداڵی ئەگەر حەزی کردبێ ببێ بەقوتابی بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببێ بەئەفەندی (مووچەخۆر) کەچی بوو بە بەرگدرووی مۆدەی ژنانەی ئافرەتانی سنگ و باڵ ڕووت.

ناوەڕۆکی شیعری مەدهۆش بەگشتی خەریکی دڵدارییە، دەچێتە خانەی ئەو شیعرە دڵدارییەی زەمینی پێ دەووترێ. خۆشەویستییێکە لە نێوان نێر و مێ، بۆنی ماچ و مووچ و دەست لە ملانێ و چوونە ناویەکی دڵدار و دلبەری لێ دێ. ئەم شێوازەی شیعری مەدهۆش لە دوو کۆمەڵە شیعری «دڵی کچان» و «دڵی کوڕان» ڕەنگی داوەتەوە. شاعیر بەتەما بوو لە پاشانا ئەگەر بۆی بگونجێ «دڵی پیران»یش چاپ بکا.

مەدهۆش لە شیعرە دڵدارییەکانیدا خاسیەتێکی هەیە وێنە لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەردەگرێ، بەزمانێکی ئاسان و ساکاری ناو خەڵک بەشێوەیێکی تازە دایدەڕێژێتەوە، خوێنەر دەتوانێ شیعری مەدهۆش بناسێتەوە چونکە شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە. شاعیر گرفتاری هەموو ئەندامە وردە جوانەکانی دلبەرە، لە

ناو ئەوانەدا لە هەمــوویان زیاتر لە مــەمک و چاو دەدوێ، ئەمــانە ســەرچاوەی زۆرینەی شیعرەکانین. بەگشتی شاعیرێکی گەشبین بوو، وێنەی جوانی لە مێبازی و مەکری ژناندا هەیە.

پرســیــارێکی گـرنگ لـە بارەی شـیـعـری مـەدهۆشــەوە لە ناوەوەیە، دڵ و بیـر پێوەندییان بەیەکترییەوە چییە و چۆن ڕەنگیان لە شیعری مەدهۆش داوەتەوە؟ دەکرێ بووترێ پێوەندییێکی ئەوتۆ لە نێوان دڵی شاعیر و ئەقڵییەوە لە ناوەوە نییە. مەدهۆش بەفیکر نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوو، ئەنتەرناسیۆنالیست بوو، لەسەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی دەکردەوە، لە دژی دەرەبەگی ناوەوە و ئەمپریالیستی ئەوروپا و ئەمەریکا بوو، بۆ ئەم ئامانجە بەپراکتیک سیاسەتی کردووە، ئازاری بەندیخانەی چەشتووە، کەچی ئەمە بەشێوەیێکی ڕوون لە بەرهەمیدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەم دیاردەیە ئەوە دەگەیەنێ شاعیر دڵسۆزی سۆزی خۆی بووە، درۆی لەگەڵ خۆیدا نەکردووە، شاعیرێکی ڕەسەن بووە، وەکو خۆی دەڵێ لە پێشانا شیعری تەنیا بۆ خۆی وتووە، وای زانیوە شاعیر دەبێ شیعر بۆ خۆی و شاعیرانی دیکە بڵێ. بەهۆی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆیدا شیعری بووە بەنموونەی داهێنانێکی ڕەسەن لە ئەدەبی کوردیدا.

لەوە گرنگتر لە مەیدانی دڵداریدا مەدهۆش لە ناو شاعیرانی کوردا سەرپشکە بەوەی شێوازی دڵداری بەزمانی کچ و ژنەوە بۆ کوڕ و پیاو هێناویەتییە ناو ئەدەبی کوردییەوە. ئەگەر ئاماژەیێکی بچووک لە شیعری کوردیدا لەم لایەنەوە هەبێ، مەدهۆش ئەم لاپەڕەیەی ئەدەبی نەتەوەکانی گێتی کردووە بەقوتابخانە لە ئەدەبی کوردیدا. بەگشتی شیعری کلاسیکی کوردی خۆی خەریک نەکردووە هەست و نەستی کیژ و لاوی هەرزەی تازە نەمام بخاتە قاڵبی شیعرەوە، بەتایبەتی هەستی کچان و ژنان بەرامبەر بەنێرینە. مەدهۆش هاتووە هونەروەرانە ئەو هەست و نەستەی کیژۆڵە و ژنان بەدزی و نهێنییەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە لە بابەت دڵدارییەوە خستوویەتییە قاڵبی شیعرەوە. ئەوی ڕاستی بێ نێرینە دڵداری دەکا، مێیینەش دڵداری دەکا، کەچی هەستی یەکەمیان چۆتە ناو شیعرەوە و سەرانسەری ئەدەبی کوردی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەی ژنان، لەبەر هەر هۆیێک بێ نەهاتۆتە دی. مەدهۆش بەم جۆرە شیعرەی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

شاعیر لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی سیاسی ڕاست بووە، لە پێناوی

ئەوەوە چۆتە بەندیخـانە، هەروەها لـە دڵداریشـدا ڕاست بـووە ئەمـە لە بەرهـەمی شیعریدا دەردەکەوێ، یەکەمیان لە دووەمیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە.

شاعیر کە لە ژیاندا بوو هەمیشە شانازی بەو قسـەیەوە کردووە نووسـەری ئەم کتێبە پێی وتووە «ئەگەر لە نزیکەوە تۆم نەناسیایە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد لەسەر سیاسەت گیرا بی». ئەمەی لە یادداشتی تایبەتی خۆی نووسیوەتەوە ڕاستییەکەی ئەمەیە حەقیقەتی مەدهۆش.

پەخشانی

جگە لە شیعر مەدهۆش کۆمەڵێک چیرۆکی هەیە. چیرۆکەکان لە بنجدا دڵدارین، قارەمانە سەرەکییەکانیان کچن. نووسەر هەوڵی داوە لە دیاردەیێکی کۆمەلایەتی بدوێ و لەگەڵ ماکی درامی تێکەڵ دەکا، هەندێ جاریش کوردایەتی تێدا دەکا. برێک لەو چیرۆکانە بوون بەسەرچاوە بۆ کۆمەڵێک شیعر، بەلام ئەو چیرۆکانە وەک بەرهەمێکی ئەدەبی نرخی خۆیان ماوە.

زمانی شاعیر ساکارە، وشە و ڕستەی مانا لە ڕووە. زۆری بەسەرهاتەکان وەک خـۆیان دەیانگێـڕێتـەوە. دەسکاری هـونەری نووســەر لە پلەیێک دایە بەگـشـتی چیرۆکەکان لە نێوان چیرۆکی میللی (فۆلکلۆری) و چیرۆکی هونەری دەوەستن. ناوەڕۆکیان لە ڕووداوی ژیانی کوردەواری بەتایبەتی ژیانی شار هەڵقولاوە.

نموونەی هەندێ چیرۆکی مەدهۆش لەمانە بەرچاو دەکەون.

١- چیرۆکی سەرگوڵ

هەندێ لە ژیانی تایبـەتی مـەدهۆش لەم چیـرۆکـەدا ڕەنگی داوەتەوە. سـامـان و دلێر دوو هاوڕێ بـوون، باوکی دلێر دەوڵەمەند بـووە، دلێر بۆ خوێندن چۆتە بەغدا. پێش ئـەوە حـەزی لە سـەرگـوڵ کـردووە، ئەمـەش ئەوی خـۆشـویسـتـووە. دلێـر لە بەغـداوە بـۆ خـوێندن دەچێـتـە ئـەمـەریکا، لەوێ جـوولێت دێنێ و دەگـەڕێتـەوە سلێمانی. ژیانی ئەم شارە بەجوولێت خۆش نابێ. لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دادەمـەزرێ و مـاڵیـان دەچێتـە ئەوێ. بۆ ئاهەنگی کۆنسـێرتێک دلێر و جـوولێت هـەردووکـیـان دەچن بۆ بـەغـدا، لە ئاهـەنگەکـە نێـوانیـان تێک دەچێ، مـاڵ جـیـا دەکەنەوە، دلێر دێتەوە سلێمانی و جوولێتیش دەگەڕێتەوە ئەمەریکا.

سـامـان لە کاتی خۆیدا حەزی لـە سەرگوڵ کردبوو، بەلام سـەرگوڵ مـەیلی بۆی

نەبوو. دلێر کە گەڕایەوە سلێمانی سەرگوڵ لە ڕقی پێوەندیی نێوان دلێر و جوولێت ئەوە دەردەبڕێ کە حەزی لە سامان کردووە. سامان ئەوە دەزانێ سەرگوڵ دڵی بۆی نەچووە، بۆیە ئەوە بۆ دلێر ڕوون دەکاتەوە کە ئەویش وازی لێ هێناوە. بەم جۆرە دلێر بەسەرگوڵ شاد دەبێ.

سامان کەسێک بوو خەریکی سیاسەت بوو، لە ئاهەنگێکدا بەرەی دوو ڕێکخراوی سیاسی دژ بەیەکتری لێ بووە، یەکێک هێرشی بردۆتە سەر سامان، نەسرین ناوێک لەسەری کردۆتەوە، سامان لەگەڵ ئەو نەسرینە حەز لە یەکتری دەکەن. دلێر بۆ ڕابواردنی سەرچنار بانگیان دەکا، بۆ ڕۆژی دوایی سامان لە لایەن پۆلیسەوە دەگیرێ چونکە ڕێکخراوە سیاسییەکەی دیکە ڕاپۆرتی لەسەر نووسی بوو، بەم هۆیەوە دەخرێتە گرتووخانەوە. دلێر بەخۆی و کۆڵێک دیاری و ئەموستیلەی زاوایەتی دەچێ بۆ گرتووخانە و لە پەنجەی سامانی دەکا و پیرۆزبایی لێ دەکا بۆ هاوسەریەتی لەگەڵ نەسرین.

٢- چیرۆکی ئاوات

قوتابییێکی عیراقی بۆ خوێندن دەچێتە تورکیا، لە ناو پاپۆڕی زەریای مەرمەڕە ناسیاوی لەگەڵ یەڵمازی کچە تورک پەیدا دەکا. کە ئەو کوڕە لە کۆلێجی پزیشکی دەبێ بەقوتابی ڕۆژێکیان چاوی بەو کچە دەکەوێ ئەویش لەوێ قوتابییە. ئارەزوو دەکا خۆی لێ نزیک بکاتەوە، کچەکە خۆی لێ دەدزێتەوە. هەرچۆنێ بێ کچەکە گازینۆیێکی بۆ دەسنیشان دەکا لەوێ چاویان بەیەکتری بکەوێ. لە گازینۆ یەکتری دەبینن، کچەکە ئەوەی تێ دەگەیەنێ لەبەرئەوەی بێگانەیە ناتوانێ لێی نزیک بکەوێتەوە. چەند جارێک لەو گازینۆیە دەگەنە یەکتری. جارێکیان یەڵماز بەتەنیا نایە بۆ گازینۆکە بەڵکو ژنێک و پیاوێک و دوو منداڵی لەگەڵدا دەبێ، ئەمانە دایک و باوک و خوشک و برای یەڵماز بوون. ئەم بنەماڵەیە کورد دەرچوون، لە بنجدا خەڵکی دیاربەکر بوون، لە ساڵی ١٩٣٨ ئاوارە کراون. ئەو کاتە لە شاری ئەدەنە دەژیان. کوڕە کوردی عیراق و کچە کوردی تورکیا دەبن بەدڵدار و دلبەر. زۆری پێ ناچێ کوڕەکە لە قوتابیەتی دەردەکرێ، بەتاوانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی. ناچار بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە ئەورووپا. لەم ماوەیەدا کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا ڕوو دەدا. ئەمە بۆ

کوڕە کوردەکەی ئەوروپا بوو بەدوو خۆشی، یەکەمیان ڕزگاربوونی عیراق لە فەرمانڕەوایی مەلیکی، دووەمیان ڕێی بۆ خۆش بوو دەست لە ملی یەڵماز بکا.

٣- چیرۆکی دڵ و گل

کۆمەڵێک ڕۆشنبیر لە سلێمانی گیرابوون، لە دواییدا ڕەوانەی گرتووخانەکانی هەولێر و مووسڵیان کردبوون. لەپڕ ڕۆژێک یەکێکی پەشۆکاویان فڕێ دایە ناو بەندییەکان. ناوی دارا بوو، بەم جۆرە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە: دراوسێیان ماڵێکی دەوڵەمەند بوون، کچێکی ناشیرینیان هەبوو، کەچی بەهێی کارەکەریان زۆر جوان بوو. دارا بۆ خوێندن ڕووی کردە بەغدا، لە ماوەی خوێندنیدا ماڵیان گواستبووەوە. کە لە پشووی نیوەی ساڵ گەڕایەوە سلێمانی بەهێ لە ماڵیان بوو. لە ماڵە دەوڵەمەندەکە دەرکرا بوو. دارا دڵی چووبووە بەهێ، پێش ئەوەی بچێ بۆ بەغدا خوشکی خۆی تێگەیاندبوو تامی زاری وەربگرێ بزانێ ئەویش دارای خۆش دەوێ! ئەگەر نا با بەشووی بدەن. ئیتر دەگەڕێتەوە بەغدا. خوشکی نامەی بۆ دەنووسێ و تێی دەگەیەنێ بەهێ لە خۆشیانا دەستی کردووە بەگریان کە زانیویەتی دارا حەزی لێ کردووە. پیاوێکی وەکو دارا بەکارەکەرێک ڕازی بێ.

نزیکی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ لە مانگرتنێکی سیاسیدا دارا لە کۆلێج دەرکرا. هەندێ دیاریی بۆ بەهێ و ئەوانی دیکە کڕی و گەڕایەوە سلێمانی. دایکی دارا کە بەم دڵدارییەی زانی تووڕە بوو. هەر ئەو کاتە فەرمانی دەرکرد بەهێ تەنیا ئەو شەوە دەتوانێ لەو ماڵەدا بمێنێ، پێویستە بەیانی بڕوا. ڕۆژی دوایی کە لە خەو هەڵدەستن دەبینن بەهێ خۆی خنکاندووە و بەمردوویەتی لەوێ کەوتووە. کە دارا بەرامبەر ئەم کارەساتە دەوەستێ پۆلیس هێرش دەبەنە سەریان چونکە لە بەغداوە هەواڵ گەیشتووە لە کۆلێجی بەغدا لەسەر سیاسەت دەرکراوە، هەروەها بەهۆی ئەو وێنەیەی دارایان لە گیرفانی بەهێ دۆزیوەتەوە بەکوشتنی ئەویش تاوانباریان کردووە. ئیتر چۆن بەپەشۆکاوی نەکەوێتە بەرچاوی بەندە سیاسییەکانی دیکە!.

٤- چیرۆکی نەریمان چی بەسەرهات

نەریمان لە دەشتەوە دەکەوێتە شار، دەبی بەیەکێ لە منداڵە کۆڵ هەڵگرەکانی ناو بازاڕ. لە پاشانا دەبێ بەکۆڵ هەڵگر و ئیشکەری ماڵە حاجییێکی دەوڵەمەند.

حاجی کچێکی جوانی دەبێ بەناوی نازدار. ئەو کچە گوارەیێکی بووە تاکێکی لێ ون دەبێ. حاجیی باوکی بەمە نازانێ. ڕۆژێک نەریمان داوای پارە بەقەرز دەکا لە حاجی و ئەویش نایداتێ. نازدار تاکە گوارەکەی دەداتێ. کە دەیبا بۆ لای زێڕنگر کابرای ڕێزناس گوارەکە دەناسێتەوە. هەواڵ بەحاجی دەگا، نازدار ناوێرێ پێی بڵێ ئەو داویەتییێ. ئیتر نەریمان بەدز تاوانبار دەکرێ و لە ماڵ دوور دەخرێتەوە. بەم جۆرە نەریمان لەسەر دزی دەگیرێ، ئەو کاتە بۆ میری ئاشکرا دەبێ ناوی سەربازی هاتووە. دەکرێ بەسەرباز و دەنێررێ بۆ ڕواندز، لەوێ لە ئەفسەرێک نزیک دەبێتەوە کوڕی حاجییە. لەبەر دەست پاکی دەیکا بەپیاوی خۆی. نازدار دەچێتە ڕواندز بۆ لای برای، لەوێ چاوی بەنەریمان دەکەوێ، ماوەیێک پێکەوە دەبن. کە نازدار دەگەڕێتەوە سلێمانی بەڕێگەی کەرکوک، ئەفسەری برای نەریمانی لەگەڵدا دەنێرێ. حاجی بۆی ئاشکرا دەبێ نەریمان لای کوڕەکەیەتی، نامەی بۆ دەنووسێ باوەڕ بەو کوڕە دزە نەکا، ناچار دەبێ لەسەر ئارەزووی باوکی نەریمان بنێرێتەوە ناو سوپا. لە ساڵی ١٩٤٢ کە سوپای عیراق هێرش دەباتە سەر بارزانییان نەریمان لەو تیپە دەبێ کە شەڕ دەکا. لە شەڕێکدا ئەفسەرەکەی فەرمانی بۆ دەردەکا تەقە بکا، ئەو نایکا. پێی دەڵێ دەتکوژم! نەریمان ناچار دەبێ ئامێرەکەی دەکوژێ. ئیتر ڕادەکاتە ناو جەنگاوەرە بارزانییەکان، لەو کاتەدا فڕۆکە ئەو ناوە بەردوومان دەکا لە ئەنجاما نەریمان بریندار دەبێ و لە پاشانا دەمرێ.

لەو ڕۆژەوە کە لە سلێمانی نازدار و نەریمان لە یەکتری جیابوونەوە نازدار چاوەنۆڕ بوو. خەڵکی پێیان دەووت یەکێکی کوشتووە و چۆتە لای بارزانییان و لەگەڵ ئەواندا ڕووی کردۆتە ڕووسیا. لەم ماوەیەدا خوشکەکانی هەموویان شوویان کردبوو و تەنیا خۆی و دایکی لە ماڵەوە مابوونەوە. کە بارزانییەکان گەڕانەوە وواڵت، نازدار چووە لایان. لێیانی پرسی، پێیان ووت کەسێکی وا لەگەڵیاندا نەبووە. ئیتر نازداری غەمگین وا مایەوە تا دایکی کۆچی دوایی کرد. ناچار بوو شوو بکا، لە ژیانا شاد نەبوو. زوو بەسەر منداڵەوە ئەویش مرد. پێش مردن وەسیەتی کردبوو ناوی کوڕەکەی بنێن نەریمان، بەڵام بەقسەیان نەکردبوو.

نموونەی شیعری

دڵداریی ئاسایی

١

لە لیریکێکیدا لە ساڵی ١٩٤٠ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

دڵم بۆ خۆش نەبێ یارم بەرامبەر من کە وەستاوە
لە سایەی خواوە هێشتا عەشقی جارانی لەلا ماوە
ئەگەر لوتفی ببێ ساتێ لە لام دانیشێ ئەو شۆخە
هەتا ئەمرم منەتباری ئەبم دایم لەمەولاوە
وەرن سەیری جوانی و دڵفڕێنی بەژن و باڵای کەن
بەشەر بەم ڕەنگە هەر نابێ سەرم لەم جوانە سوڕماوە
ئەگەر نازیش بکا توخوا دڵی مەشکێنن ئەی یاران
کە داوای چی بکا دلبەر بەسەر ڕووح و بەسەر چاوە
نەوەک هەر من بە تەنیا بێ قەرار و کوشتەیی عەشقم
هەزاران عاشقی بێچارە هەر بەم ڕەنگە فەوتاوە
بە لەنجەولار و هات و چۆی جوانی شێت و (مەدهۆش)م
لە سەرتا پای تەماشا کەن چ خەوشی تیا نەبینراوە

لەم شیعرەدا مەدهۆش لە دۆخی هەندێ شاعیرانی کلاسیک چۆتە دەرەوە، ئەوانەی تەنیا دلبەریان بۆ خۆیان ویستووە و ڕەقیبیان ڕیسوا کردووە. دلبەری شاعیر ئەوەندە جوانە هەموو کەس بووە بۆی بەدێوانە، لەبەرئەوە شانازی بەجوانییەکەوە دەکا بۆیە بەتەنگ ئەوەوە نییە خەڵکی خۆشیان بوێ.

٢

لە شیعرێکیدا مەدهۆش گەردوون لە ناو جوانی دلبەردا دەتوێنێتەوە، ئەو هەموو شتێکە بۆی، لە ساڵی ١٩٤٢ هۆنیویەتییەوە:

قوربان وەرە زوو دەسکە ملم ماڵ و سەرم تۆی
فەوتاوی دەسی تۆم و بەڵێ چارەسەرم تۆی

بەینێکە لە ژێر دەستی جەفا و تەعنەیی عەشقم
یەک دەفعە دڵم بێنەوە جێ خێر و شەرم تۆی

ڕوو دەرخە پەچەت لابەرە لێو بێنەرە پێشێ
ماچێک ئەفرێنم لە دەمت نەشئە دەرم تۆی

من بولبول و تۆ غونچەیێکی سەرچڵی عەشقی
ئێشکچییە دڵ شەو کە ئومێدی سەحەرم تۆی

عەشقت کە هەموو ئان و سەعاتێک لە دڵم دا
کردوویە بەغەوغایە کەچی بێخەبەرم تۆی

(مەدهۆش) کە وەکو شایە لە ژێر سێبەری عەشقا
غەم لەشکر و دڵ دوژمنە مایەی زەفەرم تۆی

لەم شیعرەدا مەدهۆش لەگەڵ دلبەر دەدوێ. وتەکانی ئاساین، وێنەکانی لە شیعری کلاسیکی وەسف و دڵداری بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەوە هەیە شاعیر بەزمانێکی کوردی پەتی دەریان دەبڕێ، وشەی فەرهەنگی و زاراوەی بێگانەی کەمتر بەکارهێناوە.

٣

لە بابەت ڕق هەڵسانی دلبەرەکەیەوە لە ساڵی ١٩٤١ لە پارچە شیعرێکدا بەناوی «تۆ»وە وتوویەتی:

بیستوومە کە یارم ڕقی هەڵساوە لەبەر چی!
تێناگەم و سووچم چییە تۆراوە لەبەر چی

مەعلوومە لە لای من کە جوان عادەتی وایە
ئەم ڕەسمە لە چەند کۆنەوە هەر ماوە لەبەر چی

هەر ناوی منی بێکەسی بەدبەختە لە ناوا
سەد شێخ و مەلا مێزەری داناوە لەبەر چی

لەم لەوحی دڵەم نەخشە دە تێفکرە بزانە
ئەم عەشقە بەڕەنگی چییە نووسراوە لەبەر چی

کەس حەددی نییە ناوی بەرێ دلبەری خۆمە

(مەدهۆش)ی هەژار خواردنی خوێناوە لەبەر چی!

لێرەدا پیاو نازانێ شاعیر ناز بەسەر دلبەری دەکا یا خۆشەویستی ئەوەندە قووڵە دەربەستی ئەوە نییە ئەگەر ڕقیشی لێ بێتەوە، ئەو هەر خۆشی دەوێ. شاعیر مەبەسی ئەوەیە بڵێ لە دڵداریدا سۆز هەیە، ڕق و کین ئەو سۆزە دەسڕێتەوە، چونکە ئەو لە چاکە بەولاوە شتێکی دیکەی نەبووە بەرامبەر بەدلبەر.

٤

لە پارچە لیریکێکیدا بەناوی «دیاری»یەوە لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ دلبەری نووسیوە دەڵێ:

گیانەکەم دیاریت بۆ من ناردبوو
بۆینباغێکت هەڵبژاردبوو
بەیانی جەژن ماچم کرد بەستم
بەڵام بۆینباغ نەبوو مەبەستم
من ویستم دەستی خۆت لە ملما بێ
نەک پارچە پەڕۆ بەپەت چنرا بێ

دلبەر کراڤێتی بۆ مەدهۆش ناردووە وەک دیاری جەژن. شاعیر بەخۆشییەوە لە ملی کردووە. بەدلبەر دەڵێ دەستی خۆت لە ملمدا بوایە، نەک ئەم پارچە پەڕۆیە!.

٥

لە شیعرێکیدا مەدهۆش بەناوی «گوڵبەهار»ەوە لە ساڵی ١٩٧٢ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

لەسەر گوڵبەهار گەر بمدەن لە دار
بەچەپڵە لێدان دەرم کەن لە شار
هەتا چەند ماچێک نەکەم لە لێوی
دەستێ نەگێرم لە باغی سێوی
ئەو دەستە نەرمەی نەگرمە ناو دەس
وەها نەگوشم کە خۆی بڵێ بەس

ئەو قـــژە خـــــاوەی نەئاڵۆزێنم
دەســـتێ بەشـــان و ملیـــا نەهێنم
دەم نەخـەمە سـەر کوڵمی یاقـووتی
نەیگێـڕم هەتا سـەر سنگی ڕووتی
دەس لە کـەمـەریا نەکـەم بەکـەمـەند
لێـدانی دڵمـان نەکـەم بەیەک دەنگ
شـەرمی نەشکێنم لێم سوور بێتـەوە
دوو مـستـەکۆڵەم پیا کـێشـێتـەوە
پێم نـەڵێ هەتیـو تۆ زۆر بێ حـەیای
بەچاکم زانیت نەمـــــزانی ئاوای
هەرگــیــز ئەم دڵەم ئاو ناخـــواتەوە
کـــەس ئەم ئاواتەم بیـــر ناباتـەوە

گوڵبەهار ناوی خۆشەویستی شاعیرە. وەسفێکی ساکار و ڕووکەشی دەکا. ئەندامە وردە جوانەکانی دەکاتە سەرچاوەی دەسبازی. لێوی گەرمی ماچ دەکا، مەمکی تورتی هەڵدەپشێوی و دەستی نەرمی دەگوشی. دەست دەئاڵێنێتە کەمەری بۆ ئەوەی لێدانی دڵیان ببێ بەیەک دەنگ. کە دلبەر بە ناز و نووزەوە بەشاعیر دەڵێ هەتیو تۆ بێ ئابڕووی، ئەو کاتە شاعیر دەگا بەمرازی.

مەمک

١

لە پارچەیێکی بەناوی «مەم»ەوە مەدهۆش لە ساڵی ١٩٦٣ وتوویەتی:

مـن کـــە بە مـــەمک بەخـــێـــو کـــرابم
چۆن هـەتا مـــــردن مـــــەم پەرست نابم
ئێـــســـتـــەش بۆ مـــەمک ئەڵێی منداڵم
هـەر بۆ باوەشـــــە خـــــەو و خـــــەیاڵم
هەرچەند ئەم مـەمکە لەو مـەمکە جیـایە
چی بکـەم تـەمـــەنم لەگـــەڵ مـــەمـــایە

لەم پارچەیەدا شاعیر باس لە هەردوو دیوی مەمک دەکا. یەکەمیان کانگای ژیانی منداڵانە بەشیرەکەی بەخێو دەکرێن. دووەمیان سەرچاوەی دەسبازی دڵدارییە، ئەگەر کاری یەکەمیان وەختی بێ، کاری دووەمیان هەمیشەیی و نەمرە.

٢

دیسانەوە لە بابەت مەمکەوە لە شیعری «هەر جوانە» لە ساڵی ١٩٦٤ دایناوە دەڵێ:

ئەو مەمکە توندەی لە چنگ ڕائەکا
پیر وەکو منداڵ بۆی سەما ئەکا
لەرزەی لە ترسی دەستی نەزانە
بە شاراوەییش دیمەنی جوانە
مەم هێندە جوانە تا خۆی منداڵە
کەوتە دەم منداڵ سیحری بەتاڵە

لەم پارچەیەدا وەسفی مەمک دەکا. توندە خۆی بەدەستەوەدا نادا، تەنیا بەڕووتی جوان نییە بەشارراوەییش ڕەنگینە. کە لە دەمی منداڵدا دەبێ تەلیسمی دەشکێ، تەنیا لەو کاتەدا جوانە کە مەمک خۆی منداڵە و مایەی دەسبازییە.

کچ شیعری دڵداری بۆ کوڕ دەڵێ

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «چار چییە؟»وە لە ساڵی ١٩٦٦ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

دایە گیان من سەیری شێوەی خۆم ئەکەم لە جوان ئەچم
تۆش دڵم خۆش کە بەیانی جەژنە بۆ ماڵان ئەچم
خۆ لەگەڵ ئاوێنەکەم دایم بەرەو ڕووی یەکترین
ئەمگرێتە باوەشی ئەو حەز ئەکا من لا نەچم
هەرچی تووشم دێ لە ڕێگا تێروپڕ سەیرم ئەکا
وەختە هەر قووتم بدەن کاتێ بەرەو ڕوویان ئەچم

لەم هەمـــوو لاوانەدا تەنیـــا یەکـــێکم خـــۆش ئەوێ
بێت و بانگم کـــا بەلاچاو من بەســـــەر چاوان ئەچم
داخـەکـەم هەروەک نەزانێ پێی ئەگـەم خـۆی گـێل ئەکا
چەند بەلایا دێم بە لەنجـــــەولار و خـــــۆ بادان ئەچم
ڕوومــەتی بۆ ســوور ئەکـەم درزی سنگی پیشــان ئەدەم
پێکەنینی بۆ ئەکـــەم دایم بەشـــێـــوەی جـــوان ئەچم
چونکە ناسـیـاوین بەخـێزان هـات و چۆی یەکمـان هەیە
گـــەر ســـەریشی لێ بدەم لای وایە بۆ ســـەردان ئەچم
خـــۆ لە ڕووشـم نایە باسی خـــۆشـــەویســـتی لا بکەم
ڕەنگە ئەو شـــەرمن بێ یا لووت بەرزە من هەرزان ئەچم
با ئەویش خـــۆشی نەوێم من هەر لەســـەر ئاوات ئەژیم
نەک دڵی داگـــیـــر کـــرا بێ بۆیە بۆ فـــەوتان ئەچم
شـیـوەنێکی مـەرگی پێشکەوتووم بکەم بەم جـوانییـە
تووشـی گـڵـپـەی ئاگـری دڵ بووم بەرەو سـووتان ئەچم

لە ئەدەبی کوردیدا شیعری دڵداری بە زمانی کچەوە بۆ وەسفی کوڕ نەووتراوە. هەرچی شاعیری ژنیشـە لە ئەدەبی کوردیدا تروووسکاییێک بەدی دەکرێ ژنی شـاعیـر غەزەلیـان بەپیـاو کردبێ (ئامینە و جیـهان ئارا، ناویان لەم کتێبـەدا هاتووە). بەڵام مـەدهۆش وەک پیاو هەست و نەستی دڵداری مێیینە دەخاتە ڕوو بەرامبەر بەنێرینەوە، بەمە بووە بەداهێنەری ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبدا.

لەم شیعرەدا ئەو کچە بەجوانی خۆی هەڵدەڵێ، لەگەڵ دایکی گفتوگۆ دەکا، هەرچی لە دڵی دایە بۆی هەڵدەڕێژێ و دان بەوە دادەنێ لە ناو ئەو لاوانەی حەزیان لێ کردووە یەکێکیانی خۆش دەوێ. هەرچەند هەوڵ دەدا کوڕەکە تێبگەیەنێ کە گیرۆدەی بووە و خۆشی دەوێ بەڵام کوڕەکە ئەقڵی پێ ناشکێ، لەگەڵ ئەوەشدا کچەکە هەر خۆشی دەوێ تا ئەگەر کوڕەکە مەیلیشی بۆ نەبێ. کچەکە لەوە دەترسێ پەیمانی لەگەڵ یەکێکی دیکە بەست بێ، خوانەخواستـە ئەگەر وابێ کچەکە لە ناو بۆتەی دڵداریدا دەتوێتەوە و لە دواییدا لەناودەچێ.

٢

لە بەندی یەکەمی لیریکێکی دیکەیدا بەناوی «بەیانی ئەتبینمەوە» لە ساڵی ١٩٧٧ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

دەمم بشکێ من ئەو لاوەم بۆچی تۆران
ملم بشکێ ئەو خۆشەویستەم بۆ ڕەنجان
ئەمویست وەکو کچانی تر
فێری ناز و مەکر نەبم
گەر دوانمی
بە ووشەی وورد
ئەگەر داوای ماچێکی کرد
منیش بە نەرمی بیدوێنم
گڕی لێوی دامرکێنم

لەم پارچە شیعرەدا مەدهۆش دیسانەوە هەست و نەستی ناوەوەی کیژ دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کوڕەی خۆشی دەوێ. دیارە کوڕەکە داوای ماچی لێ کردووە، ئەویش نەیویستووە بەئاسانی بیداتێ، بەڕەقی وەرامی داوەتەوە، لە پاشانا پەشیمان بۆتەوە. بەلایەوە دەبوو بەنەرمی بیدوێنێ و ماچەکەشی بداتێ، چونکە کیژەکە خۆشی حەزی لێ بووە.

دڵداریی هەرزان

١

جوانی ژن بەهۆی ئارایشی دەسکردەوە ئیلهامی داوەتە مەدهۆش و شیعری «ئارایشی تازە»ی لە ساڵی ١٩٥١دا هۆنیوەتەوە:

ئێستاکە سروشت باوی نەماوە
هونەری ڕووکەش وا لە بەرچاوە
باڵای بەرز هەمووی پاژنە عانەیە
پەرچەم ڕازاوەی نەخشە و شانەیە

لێــو نە قــەیتــانە و نـە وەک یاقـــووتە
باشـی ســـــەیر بکەی ڕەنگێکی ڕووتـە
لێـــو کـــە لە خـــۆیا فـــێــرە درۆیـە
بـەدەســــــــەڵاتـە و هـەر بۆیـەی بۆیـە
پێ و پووز بە بەرگی نایلۆنی ڕەنگ کاڵ
ســەرنج ئەکێـشن بـۆ دەرگـای خــەیاڵ
چەندم لا جـوان بوو ئەو مــەمکە قنجـە
تومـەز ئەو قنجـە سوخمـەی ئەسـفەنجـە
ئەو سـمتـە جوانـە کە خـرت وەسـتـا بوو
شــەرمی بردبـووم دەسـمی کـێـشـا بوو
نوقـــورچم لێ گــرت هـیچ نـەئەیـەشــا
تومـەز لاسـتـیک بوو مـن ڕامـئـەکێشـا
ئەمـجـا کـە ویسـتـم خـۆم دامـەزرێنم
لـەباتـی کــــچێ کـــۆگــــایە دێنم

لەم شیعرەدا مەدهۆش بەچاوێکی نزم تەماشای ئەو کچانە دەکا بەسووراو و سپیاوی ماکیاج خۆیان جوان دەکەن. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە جوانییە سروشتییەکە نرخی خۆی هەیە، بەڵام ڕووکەشەکە هەرچەندە بۆ ماوەیێک نرخی هەبێ وەکو سەراب وایە زوو بەسەردەچێ. شاعیر کۆمیدیانە باس لە هەندێ دیاردەی ئەم جۆرە جوانییە دەکا، وەکو باڵای بەرزە چونکە پێڵاوی پاژنە عانەی بەرزی لە پێیە. مەمکی توندوتۆڵە لە ئەسفەنج دروست کراوە، پەیکەری سمتی خرت و جوان بەلاستیک دروست کراوە. هاوار بەماڵی ئەو کەسەی دەکەوێتە دڵداری جوانی ڕووکەشی بێ ناوەڕۆکی واوە. لە دواییدا شاعیر ئەوە دەردەبڕێ لەو کچانە لە کۆگاکاندا زۆرن، مەبەسی پەیکەری لە شووشە دروستکراوی ئەو کچانەیە جلی جوانیان لەبەر کردوون بەمەبەسی پروپاگەندە بۆ ئەو کەلوپەلانەی لە کۆگاکاندا دەفرۆشرێن.

٢

له بابەت کچێکی گومناوی گۆشەی بیرکراو له شیعرێکیدا بەناوی «بێ پارەیی» له ساڵی ١٩٥٤ هۆنیویەتییەوه دەڵێ:

ئەو کچەی ئێستە پێی ئەڵێن جوانە
یەکەم پەسەندی دەستەی لاوانە
له سووچێکا بوو کەس نەیئەناسی
جار جار دەرئەکەوت زۆر بەکەساسی
خۆی نەیئەزانی کە نرخی چییە
وەیزانی بەشی له ژینا نییە
دامنا له دڵما ئەمە یارم بێ
لابەری غەمی ڕۆژگارم بێ
ووتم ئەی پەریە کەس نەناسیوە
زوو ڕاوی ئەکەم تا کەس نەیدیوە
بەڵام بەر لەوەی من بیخەمە داو
کەوتە بەرچاو و ناوی کەوتە ناو
ژمارەی عاشق له حیساب دەرچوو
دەوری هەژاری وەک من بەسەرچوو
ئێستا ئەو کەسەی دیار نەبێ منم
خۆم خۆ نابینم ئەوەندە وونم
لەشکری پارە دەوری لێداوە
بەدیناری زۆر دەوری گیراوە

مەدهۆش ئەم شیعرەی بۆ کچێک وتووە بەرچاو نەبووە، ئەمەی بەهەل زانیوە بیکا بەیاری خۆی، بەڵام لەو کاتەدا ناوی کەوتە ناوەوە، ژمارەی دڵدارانی ئەوەند زۆر بوون، شاعیر له ناویاندا وون بوو. بەمەکری خۆیان لای ئەوان شیرین بوو، پارەی دەوڵەمەندان له شاعیری دوور خستەوە.

پیری و دڵداری

له بابەت پیری و دڵدارییەوه مەدهۆش له شیعری «پیری»دا له ساڵی ١٩٧٦ هۆنیویەتییەوه دەڵێ:

هەتاکو گەنج بووم هێزم تیا بوو
خێزانم وەکو ناترم وا بوو
که سەرمام ئەبوو پشتی ئەشێلام
که دەرئەکەوتم شەو دائەپۆشرام
ئێستا که بوومە پەککەوته و داماو
خراومە لاوه وەک دەوری قوپاو
نەوەکو جاران مشوورم ئەخۆن
نه جلم ئەگۆڕن نه پشتم ئەشۆن
به لەشی چڵکن دێمەوه ماڵێ
حەمام گەرم ئەکەن کەس بەمن ناڵێ
بەڵام بەڕووکەش دۆستی بەڕێزم
که میوانمان بێ گەورەی سەرمێزم
کچان ئەمدوێنن ئەو پێئەکەنی
وەک جاران دڵی هیچ ڕاناچەنێ
ئاخ پیری توخوا چونکه بێ خێری
بەدۆستی خۆیشت ئەبێ نەوێری

له دڵداری ڕاستدا پیری ون نابێ، له دڵداری ڕووکەشدا مۆدەی بەسەر دەچێ. لەم شیعرەدا مەدهۆش کۆمیدییانه و بۆ پێکەنین باس له پیری و دڵداری دەکا. ئەوەی دەیڵێ بەسەر خۆی نەهاتووه، بەڵام ڕەوشتێکه له ناو کۆمەڵدا هەیە. دیاره پیاو هەرچەنده بەساڵا بچێ زیاتر ڕێزی دەگیرێ، کەچی له ڕووی خزمەتکردنەوه ئەوەی پێویستییەتی بۆی ناکرێ، مەبەسی شاعیر ئەوەیە له پاڵ دڵداری و بەناوی ئەوەوه گەلێ کاری نابەجێ دەکرێ.

***

محەمەد عەلی مەدهۆش لە ناو شاعیرانی کوردا کەسێتی و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. شاعیرێکە لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، لە قوتابخانەی ئێواران فێر بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە خۆی مامۆستای خۆی بووە. جۆرە شیعرێکی ئەڤینی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی نوێیەوە. بۆ یەکەمین جار بەزمانی کچەوە شیعری دڵداری هۆنیوەتەوە بۆ کوڕ. واتە ئەگەر بووترێ پیاو شیعری مێبازی دەنووسێ بۆ دەبێ کچ شیعری نێربازی بۆ پیاو نەنووسێ، با خۆشی داینەنێ و یەکێکی وەکو مەدهۆش بەناوی ئەوەوە بیڵێ! هەرچۆنێ بێ بایەخی شاعیر بەگشتی بۆ مەبەسی دڵداری زەمینی بووە.

شاعیر لە هەموو بابەتەکانی شیعری کوردی سەدەی بیستەمی نووسیوە لە ڕووی ڕوخسارەوە وەکو شیعری عەرووزی کێشی سیلابی خۆماڵی و شیعری نوێ. زمانی وشە و زاراوەی فەرهەنگی شیعری ئاسان و کوردی پەتییە، لە هەموو ڕوویێکەوە شیعری لە بەرهەمی ئەدەبی میللیی سەرزارەوە نزیکە.

مەدهۆش چیرۆکی پەخشانی هەیە، ناوەڕۆکیان دڵدارییە، تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتییان تێدایە، زۆربەیان دراماتیکین، تارمایی نیشتمانپەروەری و کوردایەتیشیان تێدایە.

عەلی عەبدولڕەحمان

بەشی بیست و حەوتەم

عەلی عەبدولڕەحمان

١٩٢٠ – ١٩٩٤

کوردستانا مە تو چقاسی شرینی
تو بۆ کوردا رۆنایا چەڤانی
ناڤێ تە هەر دلەکیدا گولە
چاوا خوون ناڤ دلدا دوخولخولە

ژیانی

عەلی کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەد لە ساڵی ١٩٢٠ لە هەوارگەی گۆلی چلوور لە قەزای وان لە کوردستانی تورکیا لە دایک بووە. ماڵی باوکی سەر بەلقی برووکی لە عەشرەتی زیللییە. لە دەوروبەری دامرکاندنەوەی هەڵسانی شێخ سەعیدی پیران ماڵی عەلی وەکو هەزارانی دیکەی کورد ئاوارەبوون و لە دواییدا لە نەخچەوان نیشتنەوە. تا سەردەمی تەمەنی مێردمنداڵی بۆ عەلی ڕێک نەکەوت چاوی بەقوتابخانە بکەوێ. لە ساڵی ١٩٣٣ ماڵیان گوزرایەوە ئەرمەنستان لە گوندی حەسەنلوو لە ناوچەی ئیچمیادزین نیشتەجێ بوون. عەلی خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو کرد و یەکسەر بوو بەقوتابی لە ئامۆژگای مامۆستایانی زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٣٧ باوەڕنامەی ئەو دەسگایەی وەرگرت. لەو ساڵەوە تا ١٩٤٠ مامۆستا بووە لە قوتابخانەی مووساکەند و عەمۆ بەهەردوو گوندەوە یەک قوتابخانەیان بووە. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی رووسیا و ئەڵمان لە ساڵی ١٩٤١ عەلی بوو بەپارتیزانی تیپێکی سوپای ڕووسیا. خەباتی چەکداری پارتیزانی لە سەنگەرەکانی سوپا قورستر بوو. عەلی لە کۆمارەکانی ئۆکرانیا و بێلۆڕووسیا جەنگاوە، لە ناو شاخ و هەردەکانی ڕۆمانیا و پۆڵۆنیا و

چیکۆسلۆڤاکیا و ئەڵمانیا خەباتی کردووە. چوار میدالیای پێ بەخشراوە: نمرە یەکی پارتیزانی، سەرکەوتنی جەنگی نیشتمانی، ڕزگاربوونی قەفقاس و ڕزگاربوونی مۆسکۆ. لە دوای کۆتایی جەنگ لە مایسی ١٩٤٥ گەڕایەوە ئەرمەنستان و خۆی بەکاروباری ئەدەبییەوە خەریک کرد، دیسانەوە هەوەسی خوێندنی هەڵسایەوە و ڕووی کردە ئازربێجان و بوو بەقوتابی لە ئامۆژگای مامۆستایان لە باکۆ و لە ساڵی ١٩٤٩ دیبلۆمی ئەو دەسگایەی وەرگرت. لە دوای ئەمە کرا بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی دە ساڵی سەرەتایی و ناوەندی. لەم کارەیدا زۆر نەمایەوە، لە پاشانا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و زانستی پێ سپێررا. لە ساڵی ١٩٥٣ کرا بەسکرتێری وەزارەتی زانیاری ئەرمەنستان بۆ کاروباری زمانی کوردی و ئازەری.

ڕۆژنامەی «ریاتازە» مەیدانی مەشق بوو بۆ خەملاندن و فراوانکردنی ئاسۆی بیری عەلی لە ساڵی ١٩٥٥ەوە تا ١٩٦١ نووسینی تێدا بڵاو دەکردەوە. دەستەی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە وەک یەکێک لە خۆیان حسێبیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١ عەلی بوو بەسەرۆکی سۆفخۆزی کالینین، ئەمە یەکێک بوو لە سۆفخۆزە گەورەکانی ئەرمەنستان.

سۆفخۆز دەسگایێکی ئابووری کشتوکاڵی دەوڵەت بوو لە یەکێتیی سۆڤیەتی کۆندا. عەلی لەم کارەیدا مایەوە تا سەردەمی خانەنشینی و کۆتایی ژیانی. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە قەفقاس (١٩٩١) و لە ئەنجامی شەڕی نەتەوەیی و ئایینی لە نێوان ئەرمەن و ئازەرییان بنەماڵەی عەلی ئاوارە بوون و خۆشی لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمی ئەدەبی

عەلی کۆمەڵێک زمانی دەزانی و شارەزای ئەدەبیاتیان بوو. جگە لە زمانی کوردی، ڕووسی و ئەرمەنی و تورکی (ئازەری) و عەرەغیزی و ئۆزبەکی و فارسی دەزانی. لە نزیکەوە ئاشنای ئەدەبیان بوو. ئەو زەمینە و سەرچاوانەی ڕێگەیان بۆ عەلی خۆش کردبوو ببێ بەنووسەرێکی بەرچاو دەتوانرێ لەم خاڵانەی لای خوارەوە ببینرێن:

١- عەلی وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی نەتەوەی خۆی بوو. لە تەمەنی شەش

ساڵییەوە تووشی ئاوارەیی و ئەشکەنجە و دەردی سەری ژیان بووە، لە تافی لاویدا ڕێگەی پارتیزانی هەڵبژاردووە، ئینجا بووە بەمامۆستا، لە پاش ئەمە لە ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، ئەوجا لە کشتوکاڵ، بەڵام ئەم هەموو کارەی کە بەشێکە لە ژیان بۆ خوێندن و نووسین بووە، چونکە ژیانی ڕاستەقینەیەتی.

٢- وەزیری نادری خزمی عەلی بووە، لە بابەت ئەوەوە دەڵێ: وەزیر مامۆستای یەکەمم بوو، سوودی زۆرم لێ وەرگرتووە و گەلێکیشی لێ فێر بووم.

سەرەتای پشکووتنی بەهرەی ئەدەبی عەلی لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی پێ کرد، بەڵام بەهۆی بەشداربوونی لە جەنگی ڕووسیا و ئەڵمانیا (١٩٤١ - ١٩٤٥) مەشقی نووسینی لەم ماوەیەدا نەبوو. لە دوای جەنگ عەلی بەڕاستی وەک نووسەرێک کەوتە سەر پێ و ناوبانگی پەیدا کرد. ئەوەی مایەی وتنە ئەوەیە عەلی وەکو عەرەبی شەمۆ بەرهەمی ئەدەبی لە چوارچێوەی پەخشان نەچووە دەرەوە. ئەو دە دوازدە پارچە شیعرەی ئێستا لە ناوەوەیە بەڵگەی ئەوەن، ئەگەر بابەتی شیعری بۆ بەرهەمی ئەدەبی هەڵبژاردایە شاعیری باشی لێ دەکەوتەوە. لە نێوەندی ئەدەبی ئەو وڵاتە ئەگەر عەرەب بەنووسەری یەکەم لە قەڵەم درا بێ، ناوی عەلی لە دوای ئەوەوە هاتووە.

عەلی بەرهەمی ئەدەبی خۆی بەگشتی بەڕێگەی پەخشان نووسیوەتەوە. چەند پارچە شیعرێکیشی هۆنیوەتەوە. پەخشانەکانی لەو بابەتانەن کە لە ئەدەبی نەتەوەکانی گێتیدا لە ناوەوەن، وەکو وتار و چیرۆکی کورت و چیرۆکی ناوەڕاست (پۆڤیست) و ڕۆمان.

ئەو سەردەمەی لە «ریاتازە» کاری کردووە و نووسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە ماوەی مەشق و پێشکەوتنی بووە لە نووسیندا و بەرهەمێکی زۆری هێناوەتە ناوەوە. لە ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبی «نڤیسارکارێد کوردایە سۆڤێتی یێ» چیرۆکی «مۆرۆڤ»ی بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە بەرهەمی گەورەترین شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمەی کوردی قەفقاسی ڕووسیای گرتبووە خۆ.

خاتێ خانم

خاتێ خانم یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی عەلییە لە کتێبێکدا بڵاو کرابێتەوە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە یەریڤان دەرچووە. عەلی نۆبەرەی بەرهەمی ئەدەبی بەم جۆرە

پێشکێش کردووە «ئەز ڤێ کتێب، خوەیە پێشنە چووک، پێشکێشی نڤیسکارێ کوردایی عەیان دەرسداریێ خوەیی عەزیز ڕەحمەتی وەزیرێ جەبار نادری و برێ خوەیی بێ مراز قولی خان دکم».

خاتێ خانم بریتییە لە چوار چیرۆک «ژنا کورد»، «مرۆڤ»، «بەختێ وی زلامێ»، «بەختەواری یا عەمر». چیرۆکی سەرەکی لەم کۆمەڵەدا «ژنا کورد»ە ناوی خاتێ خانمە لەبەرئەوە چیرۆکەکانی بەو ناوەوە بڵاوکردۆتەوە. دوو چیرۆکی بەرایی لە چیرۆکە درێژەکانن بەقەوارە نزیکەی سەد لاپەڕەن، دووانەکەی دیکە کورتە چیرۆکن.

دێ (دایک)

لە بەرهەمە گرنگەکانی دیکەی عەلی ئەو کۆمەڵە چیرۆک و شیعرەیە لە ساڵی ١٩٦٥ بەناوی «دێ»وە لە یەریڤان بڵاوی کردۆتەوە، شەش چیرۆکی گرتۆتە خۆ، لەمانە «دێ» و «ڕاست هاتن» و «دوو دلێ حز کری» لە چیرۆکە درێژەکانن. ئەوانی دیکە «بەردێلی» و «دوو ژی یێن» و «سەیران» چیرۆکی کورتن. هەروەها لەو کتێبەدا یازدە پارچە شیعری عەلی بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ پێنج پارچە شیعری لە زمانی بێگانەوە کراوە بەکوردی. ئەوەی پێویستە لەم ماوەیەدا بووترێ ئەوەیە پێشەکیی ئەم بڵاوکراوەی عەلی لە لایەن عەرەبی شەمۆوە نووسراوەتەوە.

هشیاربوون

عەلی عەبدولڕەحمان پێوەندی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی باشوور بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦) کۆمەڵێک لاو بۆ خوێندن چووبوونە باکۆ، لە دوای ڕووخانی کۆمار بەپەنابەری سیاسی لەو وڵاتەدا مانەوە. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ کۆمەڵێک شیعر و حیکایەتی ئەدەبی میللیی سەرزاری کوردییان وەرگێڕابووە سەر زمانی ئازەری بەناوی «اویانماق»ەوە (هوشیاربوون یا لە خەو هەڵسان) وا دەردەکەوێ بۆیان نەڕەخسا بوو بڵاوی بکەنەوە، وا دیارە تا ئێستاش بڵاو نەکراوەتەوە. ئیتر عەلی ئەو تێکستە ئازەرییانەی جارێکی دیکە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجیی باکوور) بەناوی خواستراوی «کوڕی کورد»ەوە لە ساڵی ١٩٥٩ لە یەریڤان بڵاوی کردۆتەوە.

ناوەڕۆکی بەرهەمی

عەلی لە کوردستان نابێتەوە، وەکو خۆی دەڵێ لە کوردستان نەژیاوە، بەڵام بیرەوەری و یادگاری باوک و دایک و کەسوکاری خۆشەویستی ئەو خاکەیان بەجۆرێک لە ناو ناخی دڵ و دەروونیدا چاندووە هیچ هێزێک ناتوانێ هەڵیبکەنێ. لەبەرئەوە زۆربەی بەرهەمی بۆ مەبەسی مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەیی تەرخان کردووە. ئەو کۆمەڵەی تێیدا ژیاوە بەلایەوە خۆشەویست بووە، هیچ ڕق و کینێکی بەرامبەر بەهاوسێیانی کورد نەبووە، دڵسۆزی دەسەڵاتی ڕووس و ئەرمەن بووە ئەوەی لەبەر تیشکی بیروباوەڕی سۆسیالیزم کۆمەڵیان بەڕێوە بردووە. عەلی یەکێک بووە لەوانەی لەو وڵاتەدا بوون مەسەلەی کوردایەتی لە بیروباوەڕیان لە هەموو شتێکی دیکە گرنگتر بووە. چونکە وەنەبێ هەموو ئەو کوردە خوێندەوارانەی ئەوێ لەم بابەتە بووبن.

نووسینی لە دەوروبەری ویست و ئارەزووی کوردی لای خۆیان و هەموو کوردستانە. ئەمەی تێکەڵ کردووە بەهیوا و ئامانجی ئەو میللەتە زۆرانەی هاوسێی کوردن. قارەمانەکانی لە هەموو لایێک هەڵبژاردووە. گەشبینە بەرامبەر بەهەموو کەسێکی خراپەی نەکردووە، دەرگای دۆزەخیش بۆ هەموو کەسێک دەکاتەوە دوژمنی کورد و بیروباوەڕی سۆسیالیزم بێ.

عەلی لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتووە لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە. هیچ جۆرە شێوانێکی ئیدیۆلۆجی لە لا دروست نەبووە. لە بارەی ناوەرۆکی بەرهەمەوە ئۆقرەی بیری لە لای بەهێز بووە، تووشی هیچ بابەتە شلەقانێک نەبووە. گۆڕانی لە ڕوخساری بەرهەمی ئەدەبیدا بووە. هەرچەندە بەسالاچووە، زمان و شێوازی بەرەو پێشکەوتن چووە. لە بابەت و قاڵبی نوێ گەڕاوە بۆ تۆماری ناوەڕۆکی بیروباوەڕی، لە پێشانا بایەخی بەوتار و چیرۆکی کورت و درێژ داوە، لە ناوەڕاستی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم پرۆژەی نووسینەوەی ڕۆمانی بەدەستەوە بوو، لەو ماوەیەدا خەریکی ئامادەکردنی ڕۆمانی «گوندێ مێرخاسا» بوو.

شیعری عەلی عەبدولڕەحمان

عەلی شیعر وتنی نەکردووە بەپیشە، مەگەر هەندێ جار بەهەوەس بۆی هاتبێ و بێ دڵی خۆی نەکردبێ و ئەو شیعرانەی نووسیبێتەوە.

لە شیعرێکیدا بەناوی «کەچا کوردا» دەڵێ:

قیزا کوردا تو حوسلجەمالی
تو دلێ من دا زەعف دەلالی
بەژنا تە زراڤە چا سپیندار
قالچیچەکا کانیا سەردار
قیزا کوردا قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا
ئەز بەنگیمە تو یارا منی
دەڤێ تە چووک دران مرجانی
گولی یی یارێ گاز و نیڤەک
نۆلی کەسکە سۆر، رحان گولەک

***

ل زۆزانێ مە کال و باڤا
شەمال ددی تەر هیڤا شەڤا
ئەز ئاشقم تو قودوومێ من
قەوەت تو نەبە مەری هێچن

***

تەمام دنێ وێ یەکێ زانە
بەدەوییا کەچا کورد عەیانە
قیزا کوردا هیڤا یەکشەڤە
شەمال گەش چاستیرک دەردکەڤە

***

کـــەچا کـــوردا کـــارا غـــەزالە
ئـــەو دلـــێ مـــن دا زەعـــف دەلالـــە
قـــیـــزا کـــوردا بۆی مـن عـــەمـــرە
روحـێ من شـــەڤـــرۆ وێ دگـــەرە

***

تو کـەچا کـوردا ئەز کـوڕێ کـورد
بـەســـە ل من خـی کـــولا ئو دەرد
ئـەز بـۆی تـە دنـالـم - دکـــــالـم
گـــەلۆ خـــوونـا تـەدا ناگـــەرم؟

قـیـزا کـوردا قـیـزا کـوردا
تـو لەتـیـفـــا ئـەشـــقـــا دلا

لەم شیعرە جوانەدا عەلی گفتوگۆ لەگەڵ کچی کورد دەکا، بەزمانێکی ڕەوان و ساکار، کوردییێکی پەتی، وەسفی جوانی دەکا، بەبەژن و باڵای هەڵدەڵێ، ئەو نهێنییەی لە ناو دڵیدا هەیە بۆی ئاشکرا دەکا و دەیەوێ تێی بگەیەنی خۆشی دەوێ، کە ئەو خۆشی بوێ پێویستە کچەکەش عەلی خۆش بوێ، بەڵگەی شاعیر ئەوەیە کچەکە کوردە، عەلی پێی دەڵێ کە تۆ کورد بی منیش کوردم بۆیە پێویستە بۆ یەکتری بین.

لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی «کوردستانا عەزیزرا» دەڵێ:

کـوردسـتـانا مـە تـو چقـاسی شـرینی
تـو بـۆ کـــــوردا رۆنـایا چـەڤــــانـی
ناڤێ تـە هـەر دلەکــــیـــدا گـــولـە
چـاواخـــوون ناڤ دلدا دوخـــولخـــولـە

***

راسـتـە ئەز چووک بووم لێ کـال و باڤ
وور دبێن خـوون کـشـیـایە وەکـە ئاڤ

لێ کوردا شەرکرییە مێرخاسی
وەتەنێ خوە نەفرۆتییە تو کەسی

***

خوونخۆرا تو بریندار دکری
ئو کۆکا ملەتێ مە دبری
مالهەبوونا تە ژی تالان کر
دوور دسەکنی ب تە قەلف کر

***

ئەز لاوەکی کوردایی ناڤسەرە
تاریقا تە دخوونم سەرانسەرە
دل و هناڤێ من دپەرتە
لەما ژی سوژدەدارم ئەز بەر تە

***

ئو من خاندییە فەقی یێ تەیرا
ئەحمەدێ خانی دەلالێ دلا
مەللەیێ جزیری ئو جەگەرخوون
دل - هناڤێ من بوونە کاف و نوون

***

ئەو نالیانە کالیانە ژ دەردا
ریا ئازایێ دا نە پێشیا کوردا
هەر شەرەکەوان بۆ مە ئۆجاخە
تو قەوەت تو نە ژ دلا دەرخە

***

دلێ منی زەلوول هێسا نابە
قەلبێ منی رەشە قەت قەنج نابە
سەبا تە قدوومێ من شکەستنە
ئەز زانم کوردستان جییێ مێرانە

کوردستـان تو مەسکەنە بۆک – بەرانا
تـاریق شـــــــەدەیـە بـۆی وان تـالانـا
کـوشـتـنا مـێـرا مـیـرات بـوونا مـالا
ڕەشـــــهـــــەشـێ ژ نـا ئـو داغـــــا دلا

***

کـوردسـتـانا مـە تـو چقـاسـی شـرینی
تـو بـۆ کــــــوردا رۆنـایا چـەڤـــــانی
ناڤـێ تـە هـەر دلەکــــیـــــدا گـــولە
چـاوا خـــوون ناڤ دلدا دوخـــولخـــولە

عــەلی ئەم شــیـعــرەی لە ســاڵی ١٩٦٢ هـۆنیـوەتـەوە، لەو کــاتـەی دەســـەڵاتە عـەسکەریتـارییـەکـەی عـەبدولکەریم قاسم لە بـەغدا دەسـتـی کرد بـەبۆمبـابارانی کوردستانی عیراق لە دژی مـافە ڕەواکانی کورد و شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دەسـتی پـێ کرد. شـاعیـر لەم لیریکـەیدا لەگەڵ ئێش و ئازاری نـەتەوەکەی دەژی. شـاعـیر ئەگەرچی لە نیشـتـمـان نەژیاوە و زۆر منداڵ بووە کـە لەوێ ئاوارە بووە، ئەمـە زیاتر خۆشـەویسـتی خاکی لە ناو دڵیدا چەسـپـاندووە. لەو شـیـعرەدا عـەلی یادی هەندێ لـە ڕەمـزە ڕۆشنبـیـرییـەکـانی دەکاتـەوە، بە شـانازییـەوە ناوی فـەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و جیگەرخوێن دەبا.

***

عـەلی عەبدولڕەحـمـان یەکێکە لـە ڕۆشنبـیـر و نووسـەرانی کوردی قـەفقـاسـی ڕووسیا. دەوری گرنگی بووە لە پەرەپێدان و پێشـخستنی خوێندەواری لە کۆمەڵی کوردی ئەو وڵاتەدا. مامۆسـتـای قوتابخـانە بووە، لە ڕۆژنامـەگەری کاری کردووە، کێڵگەی کشـتوکاڵی بەڕێوە بردووە، جەنگاوەری سەنگەرەکانی جەنگی ڕووسـیا و ئەڵمانیـا بووە لە ماوەی پێنج ساڵدا بەڵام پیشـەی بنچینـەیی ئەدەب بووە. بەرهـەمە ئەدەبییـە داهێنراوەکانی لە وتـار و چیرۆک (کورت و درێژ) و ڕۆمـان نمـوونەیێکی بەرزن لە کولتووری نەتەوەیی کورد.

هەژار

بەشی بیست و هەشتەم

هەژار

١٩٢٠ - ١٩٩١

دەڵێن ئەوانەی خۆشەویستمانن
تا لە بەر چاون لە بەر دڵانن
یەکتر نەدیتن لێک دووربوونەوە
دەبن بە مایەی لە بیرچوونەوە

ژیانی

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی لە گوندی شەرەفکەندی سەر بە شاری مەهابادی ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووە. باوکی مەلا بووە لە گوزەراندا دەستی کورت بووە وەکو زۆربەی مەلایانی کوردەواری، دیارە هەر لەبەرئەوەش نازناوی «هەژار»ی هەڵبژاردووە، لە مەیدانی شیعر و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەو ناوە ناسراوە. خوێندنی سەرەتایی هەژار لای باوکی بووە، لە حوجرەی چەند مزگەوتێکی جیاواز خوێندوویەتی، لە منداڵییەوە لەگەڵ فەقێ و شاعیر و خوێندەوارانی ئەو سەردەمە هەڵساوە و دانیشتووە. بەکۆششی خۆی فێری زۆر شت بووە بەتایبەتی لە بابەت ژیانی گوندایەتی و کۆمەڵی کشتوکاڵییەوە. لە دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی و پەیدابوونی ڕێکخراوی سیاسی کوردی وەکو (ژ. ک.) لە مەڵبەندی هێزی سیاسی نزیک بۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەوەی ببێتە یەکێک لە نزیکەکانی قازی محەمەد. لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ماوەیێک خۆی شاردۆتەوە ئینجا لە ساڵی ١٩٤٨ وڵاتی بەجێ هێشتووە و لە بەغدا نیشتۆتەوە. بۆ دابینکردنی نانی ڕۆژانەی هەموو جۆرە کارێکی کردووە: شاگردی چایچی، شاگردی چێشتخانە، پالەیی، دانانی ستۆدیۆی وێنەگرتن.

له ساڵی ١٩٥٣ له فیستیڤاڵی لاوانی گێتی له شاری بوخاریستی ڕۆمانیا بەشدار بووه. ماوەی دوو سێ ساڵێک له ئاوایی توربەسپیان له سووریا حاجۆ ئاغای دەوڵەمەندی کورد بەخێوی کردووه و له سایەی ئەودا ژیاوه. له ساڵی ١٩٥٧ لەوێ بووه، له پاشانا گەڕاوەتەوه بەغدا. کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی بەغدای ١٩٥٨ دەرگای گوشادی له ڕووی هەژاردا کردەوه، له هەژاری ڕزگاری بوو، بەتایبەتی له دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی له ئاوارەییەکەی ڕووسیایەوه بۆ وڵات. ناسیاوی لەگەڵ بارزانی پەیدا کرد و بوو بەیەکێک له هەره نزیکەکانی. ماڵ و حاڵی له بەغدا ڕێکخست و خۆشی له هاتوچۆدا بوو له نێوان بەغدا و شاخەکانی کوردستانی عیراق بەتایبەتی له کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد له ساڵی ١٩٦١.

له ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هەرەسی شۆڕشی کورد ماڵی هەژار له بەغدا تالان کرا و خێزان و منداڵەکانی له ئێش و ئازار ڕزگارییان بوو و هەموو ڕوویان کردەوه مەڵبەندی ژیانیان له ناوچەی موکریان. ئیتر له دوای کوودیتا ئیسلامییەکەی خومەینی هەژار کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوه له ئەدەبی کوردیدا. هەژار له ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کرد و له مەهاباد بەخاک سپێررا.

بارزانی له بیری هەژاردا

هەژار بەشێوازێکی تایبەتی بەخۆی کوردایەتی دەکرد، چارەنووسی کوردی دەبەستەوه بەسەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، له پێشانا له کوردستانی ئێران ئەو سەرۆکەی له کەسێتی قازی محەمەد دەدی. له دوای ڕووخانی کۆمار و هاتنی خۆی بۆ بەغدا و گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان، وێنەی ئەو سەرۆکەی لەودا دەدی. بۆیه لێی نزیک بووه و خۆشەویستی بەرامبەری گەیشته پلەیێکی گیانی و بوو بەجۆره پەرستنێک. جا هۆی ئەمه بێ گومان بیری کوردایەتییەکەی هەژاره، ڕەنگه ئایین و تەریقەتی دەروێشی نەقشبەندی بنەماڵەی بارزانییان دەوری هەبووبێ. شاعیر له ساڵی ١٩٥٨ەوه تا کۆچی دوایی زۆربەی هەره زۆری شیعری تەرخان کرد بۆ پێداهەڵدان و شانازی کردن بەکەسێتی مەلا مستەفای بارزان و بنەماڵەی بارزانییان.

شیعری

هەژار شیعری کەم نییە، بەدرێژایی ژیانی شیعری وتووە. شیعر لای ئەو بۆ ڕووداوی سیاسییە، بۆ هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییە. ئەگەرنا هەژار زیاتر ئامادە بووە لە پەخشاندا سەربکەوێ. مەبەس پەخشانی هونەرییە، کەچی تا ڕادەیێک ئەوەی پشتگوێ خستووە. لە کاتێکدا پەخشانی نووسیوە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک داوای وتارێکی ئەدەبی لێ کردبێ.

شیعری هەژار لە ڕووی ڕوخسارەوە

شیعری بەحری عەرووزی کلاسیکی لە بەرهەمی هەژاردا کەمە. ئەوەی هەیەتی ئەویشی بۆ دڵداری بەکار نەهێناوە بەڵکو بۆ بیری کوردایەتی. بەڵام شیعری میللیی خۆماڵی یەکجار زۆرە، کێشە بنچینەیییەکانی شیعری میللی بەکارهێناوە، قافیەی جووتە (مەسنەوی). گەلێ لەم جۆرە شیعرەی لە بەیتی میللی سەرزار بەرچاو دەکەون (فۆلکلۆر)، ئەگەر لە ناوەڕۆکدا هەست بەهەندێ وێنەی ڕووداو و زانیاریی ڕۆشنبیرانە نەکرێ پیاو وا دەزانێ ئەو شیعرانە بەشێکن لە ئەدەبی میللیی سەرزار. لەبەرئەوە ئەم جۆرە بەرهەمانەی هەژار دەچنە ناو شیعری پەروەردەیییەوە (دیداکتیکی). هەندێ لەو شیعرانەی زۆر بڕ ناکەن، زوو بەسەردەچن، چونکە وەک برووسکەیێکی هەواڵی سیاسی دەکەونە بەرچاو پاش ماوەیێک جوانکارییەکەیان نامێنێ.

شیعری هەژار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

بەشێکی کەم لە بەرهەمی هەژار دەچێتە ناو خانەی دڵداری و وەسفی سروشتەوە. بەشی هەرە زۆری ستایش و پێداهەڵدان و شانازی کردنە، ئەمەی تێکەڵ کردووە بەسیاسەت بەمانای ئەو ڕووداوانەی بەسەر کورد هاتوون لە ڕۆژگارانی ژیانی شاعیردا. لەم ڕووەوە شیعری بەچوار قۆناغدا تێپەڕیوە:

١- سەرەتا تا ساڵی ١٩٤٨: لەم ماوەیەدا شیعری بریتی بووە لە ستایش و پێداهەڵدان. ئیلهامی لە خۆشویستنی قازی محەمەد و دامودەسگای کۆماری کوردستان وەرگرتووە. خۆی بە ستالین و سوپای سووری سۆڤیەتی کۆن خەریک کردووە، داس و چەکوشی کردووە بەڕەمزی مرۆڤایەتی. چونکە

دەسەڵاتی سۆڤیەت دەستی هەبوو لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

٢- قۆناغی بەغدا ١٩٤٨ – ١٩٥٨: لەم ماوەیەدا شاعیر دوو سێ ساڵ لە سووریا ژیاوە. لەم قۆناغەدا شیعری ڕەنگدانەوەی بیری کوردایەتییە. ئەگەر لە پێشانا زۆرتر خەریکی ئەوە بووبێ هێرش بباتە سەر عەجەم، لەم دەورەدا زیاتر باس لە خراپەی هەموو هاوسێکانی کورد دەکا وەکو تورک و عەرەب و عەجەم.

٣- قۆناغی بەغدا و کوردستان ١٩٥٨ – ١٩٧٥: ئەوی ڕاستی بێ ماڵی خێزانی هەژار لەم ماوەیەدا لە بەغدا بووە، خۆی لە هاتوچۆدا بووە لە نێوان بەغدا و ناو شاخەکانی کوردستانی عیراق بەپێی پلەی پێوەندی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەدەسەڵاتی بەغداوە، چونکە ئەو پێوەندییە لە هەڵبەزین و دابەزیندا بووە. لەم قۆناغەدا زۆربەی شیعری هەژار لە ستایشی بارزانی و شۆڕشی کورد بووە، هەروەها لە دژی خراپەی هاوسێیانی کورد بەتایبەتی عەرەب.

٤- قۆناغی دوایی لە ماڵی خۆی لە مەهاباد ١٩٧٥ – ١٩٩١: لەم قۆناغەدا هەژار خۆی بەشیعر وتن خەریک نەکردووە، بەڵام ئەو شیعرەی وتوویەتی هەمووی لەسەر بارزانییە، بەهۆی یادی کۆچی دواییەوە، لە یادی ساڵی یەکەمەوە ١٩٨٠ دەستی پێ کردووە تا یادی ساڵی یازدەمین ١٩٩٠. واتە لە هەموو ساڵێکدا شیعرێکی داناوە بۆ یادی کۆچی بارزانی تا کۆچی دوایی هەژار خۆی.

هەژار لە بابەت شیعری خۆیەوە ڕاستییێک دەردەبڕێ کە دەڵێ هەرکەسێکی بێگانە لە هاوسێکانی کورد یا هەر دەوڵەتێکی گەورەی ئەوروپا ئەگەر چاکەی لەگەڵ کورد کردبێ ستایشی کردووە، لە پاشانا ئەگەر خراپەی کردبێ لە دژی نووسیوە، لەوانە بۆ بەڵگە دەوڵەتێکی وەکو سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیا، یا دەسەڵاتێکی وەکو عیراق و عەبدولکەریم قاسم. ئەمە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤەوە، بەڵام لە ڕووی جوانکارییەوە پلەی بەرزی و نزمی هونەری بەرهەمەکە بڕیار لەسەر ئەوە دەدا دەچێتە ناو ئەدەبی نەتەوەوە یا لێی دوور دەخرێتەوە.

نموونەی بەرهەمی شاعیر

١

لە شـــیـعــرێکیــدا بەناوی «هەر کــوردم» هەژار لە ســـاڵی ١٩٤٨ لە بـەغــدا نووسیویەتییەوە دەڵێ:

بـە دەربەدەری یـان لە مـــاڵی خـــۆم
لە خـــاکی عــەرەب لە ئێــران و ڕۆم
کۆک و پۆشـتە بم ڕووت و ڕەجاڵ بم
کـۆشـکم دە قـات بێ وێرانـە مـاڵ بم
ئازا و ڕزگـار بم شـــادان و خـەندان
یان زنجیر لە مل لە سووچی زیندان
سـاغ بم جحێڵ بم بگرم گوێسـوانان
یان زار و نـزار لە نەخــۆشـخـــانان
دانیــشم لەســەر تـەخـتی خـونکاری
یـان لـە کـــــۆلانـان بکـەم هـەژاری
کوردم و لە ڕێی کورد و کـوردسـتـان
سـەر لە پێناوم گیـان لەسـەر دەسـتان
بەکــوردی دەژیم بەکــوردی دەمـــرم
بـەکـــوردی دەیدەم وەرامـی قـــەبرم
بەکــوردی دیســـان زینـدوو دەبمەوە
لەو دنیـاش بۆ کـورد تێـهـەڵدەچمـەوە

هـەژار لـەم شـیـعـرەدا سـوورە لەسـەر ئەوەی کـوردە و هیچ شـتـێکی دیکە نیـیـە. ئەگـەر دەست کورت و بێنەوا بێ، ئـەگەر دەربەدەر و ئاوارە بێ، ئەگـەر ژێردەست و دیل بێ، واز لـە کـوردایەتی نـاهێنێ و هـەوڵ دەدا لەم هـەمـوو مـــەینەتیــیـە خـۆی و مـیللەتەکـەی ڕزگـارییـان ببێ. لە پاشـانا هـەژار کـوردایەتی دەکـا بەبیـروباوەڕ و ئیـدیۆلۆجییـەت دەیگەیەنێتە پلەی ئایین بەوەی بـەکوردی دەژی و بەکوردی دەمرێ،

ئەگـەر لە ڕۆژی حـەشـردا جـارێکی دیکەش زیندوو بێـتـەوە هەر کـوردە، واتە لە بەهەشت و دۆزەخدا کوردایەتی دەکا.

٢

لە شـیـعرێکی دیکەیدا بـەناوی «کوردم» نزیک لە مـانای شـیـعرەکەی پێشـوو لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦١ نووسراوەتەوە دەڵێ:

بـرا زۆر ســـەیرە نەمـنـاسـی من هـەر زۆر لـە زوو کـــوردم
کە تۆ پێنج شەش کەڕەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم
لە تـەکــیــە بـوویە جــێـگر ڕێگر و مــێگر لە بـن بەرمـــاڵ
ئەمـن لەوســـاوە جێ و بـانم لە بـانی بێــشـکە بوو کـــوردم
عەجەم بووی بوویە تورک و بوویە عارەب ئێستە سەرشێواو
ئەمن بێ گێلمـە گێلم و کەشـمـەکەش بێ «چاشنو» کوردم
سـپی بووی بوویە شـین و بوویە سوور و ئێستـە ڕوو زەردی
ئەمـن یەک ڕەنگ و ڕوو وەک پیـاوی خـاوەن ئابڕوو کـوردم
کـە تۆ بۆ مـز لە ناو مـزگـەوتی کـوردسـتـانـە ڕووگـەی من
کــە تۆ دەروێشـی زەرگ و مــەرگی من بێ هـایوهوو کـوردم
کە تۆ پەل بۆ هەمـوو جێیێک ئـەکێشی و بێ ڕەگ و بنجی
ئەمن گـەر پەلپـەلیـشـم کـەن لەســەر یەک ڕێگەم و کـوردم
دڵت بـۆ پـارە پارە بیــــر لـە لیــــرەگـــــیــــرە دەم بـۆ دەم
سـەراپا ڕەگ بەڕەگ ئێسـقان بەئێسـقان مـوو بەموو کوردم
کـە تـۆ دەرپێت فـڕێدا و چاکـەتی چاکت دەبـەر خـۆ کـرد
ئەمن شـەرمم بـەخـۆ و شـاییم بەخـۆمـە جل شـڕ و کـوردم
کـە تۆ گـیـرفـان پڕی گـیـرفـان بڕی من هـەر (هەژار) مـاوم
کـە تۆ خـۆت دا بەخـواردن مـن لەگـەڵ گـاڵ و بەڕوو کـوردم

لە شـیـعرەکـەی پێشـوودا هـەژار سـوورە لەسـەر ئەوەی کوردە. ئەم شـیـعرە وەکو شـیکردنەوەی شـیـعرەکەی پێشـوو دەکەوێتە بەرچاو. لەمـەدا دەیەوێ ئەو دەربڕی

ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کوردایەتی خۆی خۆش نابێ و ناگۆڕێ. لێرەدا باس لەو کەسە بێبارانە دەکا، بیروباوەڕی چەسپاوی نەگۆڕاویان نییە. هەردەمە هەڵسوکەتێکیان هەیە بەتەرازووی بەرژەوەندی خۆیان دەیکێشن. لەم شیعرە جوانەدا شاعیر وێنە و مانای داهێنراوی تازەی دروست کردووە، هەندێ ڕەوشتی موتڵەقی هێناوەتە ناوەوە کەس لە ڕاستی و دروستی ئەو ئەخلاقە لاری نییە، ئەمە خاوەنی شیعرەکە و خوێنەریش دەگرێتەوە.

٣

لە وەسفی بەهاردا لە شیعرێکی بەناوی «بەزمی بەهار» هەژار دەڵێ:

مــزگــێنی دا بەســروە بای بەهاری
وا هـاتـەوە نەورۆزی کــــــــوردەواری
بەتیـشک تێک شکا سـوپای کـڕێوە
هەواری ڕۆژ گـەیشـتـە خـاکـەلێـوە
فەرمـان درا بەسـەوزە سـەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی ڕەش نەمـێنێ
با دەرکـەون کـوڵ و کـەســەر بنێـژن
با ڕۆژی ڕزگــاری بکەن بەجــێــژن
شـەمـاڵ گـەواڵ گـەواڵ هەور بنێـرێ
ئاهەنگ و بەزمی جەژنی پێ بسپێرێ

ئەم شیـعرە کورتە بەهارییە تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە، لەو هەموو شیـعرە زۆرەی لەم بابەتەوە وتراوە جیـا دەبێتـەوە. شـاعیـر باس لە شـەڕ و زۆرانبـازی زستان و بەهار دەکا، زستان وەک بەڵگەی ناخۆشی و بەهار وەک بەڵگەی خۆشی. لێکچواندنەکانی و هەندێ وێنەی دیمەنی زستان و بەهار کە بەراوورد دەکا و شەڕ لە نێوانیان دروست دەکا و لە دوا جاریش بەهار سەر دەکەوێ، وەکو بڵێی شاعیر شێوازێکی ڕەمزی (سیمبۆلی) بەکارهێناوە و زستانی کردووە بەڕەمزی دیلیەتی و بەهاریش بووە بەڕەمزی سـەربەسـتی. مـانای دیار و مـانای شـارراوە لەم پارچە شیعرەدا هەردووکیان جوانن.

٤

هەژار بۆ قازی محەمەد لە شیعری «پاڵەوانان ناترسن»دا دەڵێ:

دەرگــای شـێــران کــرایەوە
دار و بــەرد دەنــگــی دایــەوە
گـوێ لـە زرەی زنجـیــر بگرن
پــاڵــەوان نــاتــرســن بمــرن
بـۆ مـــــــەرگ دێن بـەئـازایـی
دەڵێی دەڕۆنـە ســـەرشـــایـی
مــــەردانـە هـەنگـاو هـەڵدێـنن
بـەدکـــــار بـەتـونـدی دەدوێـنن
ڕوو گـرژن بـەرامــبـەر دوژمن
دەم بـە بـزەن بـەرەو مـــــردن
وا پێـشــەوای کـوردان قـازی
پێــشــەوایە بـۆ گـیــان بازی
گـورەی مـاتـی شـەو دەشکێنێ
دڵــی زۆردار دەلــەرزێــنـــێ

شـاعـیـر لە خـاوەن بیـروباوەڕێکی وەکـو قـازی مـحـەمـەد دەدوێ، دەیزانی لە خـەباتیدا لە ڕێی کوردایەتی ئەگەر سـەرنەکەوێ ئەنجامی مـەرگ دەبێ. لەبەرئەوە ئازا و نەترس بوو. شاعیر باس لەو هێزە نهێنییە دەکا کە قازی محـەمـەد باکی بەمردن نەبێ و لە کاتی پێویستدا ئازایانە پێشوازی بکا. هـەواڵێکی وا لە ناوەوەیە گۆیا پیـلانیـان بۆ دانابوو ڕزگـاری بکەن بەوەی بۆ وڵاتی دەرەوەی ئێـرانـی بنێرن. بەڵام وتبووی: بۆ شـەرمـەزارم دەکەن بەرامـبـەر بەکورد، ئەگـەر من ڕا بکەم ژیانی ئەوان دژوارتر دەبێ، ئەو کاتە چیم پێ دەڵێن!.

٥

هەژار بۆ مستەفا بارزانی بەهۆی یادی حەوتەمین ساڵی کۆچی دوایی (١٩٨٦) لە شیعرێکیدا بەناوی «ئەستێرەیێکی گەش» دەڵێ:

دەڵێن ئەوانەی خۆشەویستمانن
تا لە بەرچاون لە بەردڵانن
یەکتر نەدیتن لێک دووربوونەوە
دەبن بەمایەی لە بیرچوونەوە
بەڵێ بۆ کەس و دۆستی ئاسایی
سەبووری دەرە مەودای جودایی
نەک بۆ مەردێکی بەلەش نەدیوە
ناوی تەواوی دنیای تەنیوە
ئەو مەردەی کە بۆ لە بیرچوون نابێ
با بەرووالەت لە گڵکۆشدا بێ

لەم شیعرەدا هەژار بەراوورد لە نێوان دوو جۆرە مردن دەکا، یەکێکیان لە بیر دەچێتەوە زوو بێ یا درەنگ، ئەوی دیکەیان لە بیر ناچێتەوە. یەکێکی وەکو بارزانی هەرچەندە لەگەڵ ئەوانەیە کە لە بیر ناچنەوە، بەڵام لە ناو ئەوانیشدا جێگەی تایبەتی هەیە، هەژار لە ژیان و مردندا بەدیاردەیێکی تایبەتی دادەنێ وەکو لە سەرانسەری ئەو شیعرە زۆرانەی بۆ ئەوی وتووە دەردەکەوێ.

***

عەبدولڕەحمان هەژاری شەرەفکەندی موکریانی یا تەنیا هەژار. زۆرتر شیعر و کەمتر نووسینی ئەدەبی هەیە. لە ڕووی هونەرییەوە پەخشانی لە شیعری بەهێزترە، یا ڕاستتر شێوازی شیعری لە وتارە ئەدەبییەکانیدا بەکار دێنێ. پەخشانی نموونەی کوردی پەتییە، زۆرتر دەشکێننەوە سەر تەعبیر و لێکسیکۆنی کۆمەڵی گوندایەتی و کشتوکاڵی. بەگشتی شیعری لە شێوازی میللی فۆلکلۆرییەوە نزیکە، ناوەڕۆکی کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووداوی ڕۆژانەی بەسەرهاتی کوردە. بەشێکی زۆر لە شیعری بۆ ستایش و پێداهەڵدانی بارزانی و بنەماڵەی بووە. پێوەندی بەوەوە گەیشتۆتە پلەی سۆفیزم لەبەرئەوە دەکرێ بەشاعیر بارزانی ناو ببرێ.

جگە لە شیعر و پەخشانی ئەدەبی، دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوە

له ئەدەبی کوردی و وەرگێڕان لە زمانانی بێگانەوە کاری بنچینەیی هەژار بووە لە دوا قۆناغی ژیانی لە مەڵبەندی لە دایکبوونیدا. تەنانەت قورئانیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.



دڵزار

بەشی بیست و نۆیەم

دڵزار

١٩٢٠ – ....

دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کوورەی ئاگری
بۆچی فرمێسکت بەسروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی
بۆچی داری غەم بە تەوری کەیف و شادی نابڕی
بۆچی بەرگی زیللەت سەر تا بەخوار دانادڕی

ژیانی

ئەحمەد کوڕی مستەفا کوڕی محەمەد ئاغای حەوێزی لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ماوەی دوو ساڵێک لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٢٩ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی، لە پاشانا قوتابخانەی ناوەندی و لە ساڵی ١٩٤١ کۆتایی بەم قۆناغە هێناوە و دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. لەو کاتەوە کە دەستی کردووە بە شیعر وتن نازناوی «دڵزار»ی هەڵبژاردووە و بووە بەو ناوەی کە پێی دەناسرێتەوە.

لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی گێتی (١٩٤٢) بووە بەسەرباز لە تیپی تایبەتی «لیڤی». ئەم تیپە سوپاییە لە لایەن ئینگلیزەوە دامەزرا بوو لە دوای داگیرکردنی عیراق (١٩١٨). سەربازەکانی لە هەموو میللەت و کەسانی دانیشتوانی عیراق پێکهاتبوو، زۆریان لە ئاسوورییەکان بوون لە ناو کوردەواریدا تەیارییان پێ دەڵێن. دڵزار نزیکەی سێ ساڵ و نیو لە ڕێزی ئەم تیپە سوپاییە مایەوە. بەشێکی ئەم ماوەیەی لە فەلەستین بردە سەر.

لەو کاتەی لە خزمەتی سوپا ڕزگاری بوو لە ساڵی ١٩٤٦ گەڕایەوە کۆیە. لەو کاتەدا پێوەندی بەکۆمۆنیستانەوە کرد، لە دوای ماوەیێکی کەم لە لایەن

دەسەلاتەوە بۆ یەکەمین جار گیرا، لەوساوە تا ئێستا کار و پیشەی مووچەخۆری نەبووە بۆ دابینکردنی گوزەرانی، بەڵکو کادیرێکی حیزبی بووە، بەئاشکرا و نهێنی لە ڕێزی ڕێکخراوی کۆمۆنیستاندا کاری کردووە.

دڵزار بۆ جاری دووەم لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٨ گیراوەتەوە، لە کۆیەوە ڕەوانەی هەولێر کراوە. لە سەرەتای ١٩٤٩ دادگا فەرمانی شەش مانگ بەندکردنی دەرکردووە و نێرراوە بۆ بەندیخانەی نێوەندیی بەغدا. لە ناو بەندیخانە لەسەر جموجۆڵی سیاسی تاوانبار کراوە و دادگا فەرمانی سێ ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکردووە و ناردوویانە بۆ بەندیخانەی کووت. لە هاوینی ١٩٥٢ ئازاد بووە و گەڕاوەتەوە کۆیە. ئیتر دەستی کردووە بەژیانی نهێنی لە ڕێزی کۆمۆنیستاندا. لە ساڵانی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ لە هەولێر بووە، ئینجا نێرراوە بۆ سلێمانی، لە پاشانا لە ئاغستۆسی ١٩٥٤ گوێزراوەتەوە کەرکووک. لەو ماوەیەدا دەسەلات هەوڵی دەدا بیگرێ، بەلام خۆی بەدەستەوە نەدەدا. لە دوای ماوەیێک چووە بۆ هەڵەبجە لەوێ گیراوە و بە بەندکراوی نێرراوەتە کەرکووک، ئینجا بەدەستبەسەری ڕەوانەی بەندیخانەی نوگرەت سەلمان کراوە لە سارای باشووری عیراق. لە ساڵی ١٩٥٦ ئازادبووە و گەڕاوەتەوە کۆیە و بەنهێنی ژیاوە تا کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا. لەم ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٦٠ خەریکی کاروباری سیاسی کۆمۆنیستەکان بووە لە کۆیە. لەو ساڵەدا کراوە بەدەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «ئازادی» لە بەغدا.

لە دوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ چۆتە ناو ڕێزی کۆمۆنیستە چەکدارەکان کە بنکەیان لە گوندی کەڵکەسماق و لە پاشانا لە گوندی ئاوەگرد بوو لە ناوچەی کۆیە. لە ساڵی ١٩٦٧ بەملاوە چاوی دەسەلات زۆر بەدوای کۆمۆنیستەکانەوە نەبوو، بە تایبەتی لە دوای بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠.

لە ماوەی ١٩٧٠ – ١٩٧٢ بەشداری لە دەورەیێکی ڕۆشنبیری کردووە لە مۆسکۆ لە بارەی فیکری مارکسییەوە، هەروەها لە ئەکادیمیەی بوڵگاریا لە سۆفیا باوەڕنامەی زانستییە کۆمەلایەتییەکانی وەرگرتووە و ئینجا گەڕاوەتەوە ولات. لە ساڵانی ١٩٧٢ – ١٩٧٣ بووە بە وانەبێژ لە قوتابخانەی کۆمۆنیستەکان لە گوندی دەرگەڵە و مێژووی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و بزووتنەوەی کرێکارانی گێتی وتۆتەوە.

له دوای ئەوەی له سالّی ١٩٧٢ که دەسەلاتی عیراق بەدەست پارتی بەعسەوە بوو پەیمانی ستراتیجی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە مۆر کرد و له بەهاری ١٩٧٤ لەگەڵ شۆڕشی کورد تێکچوو، شایلۆغان و دەست له ملانێ بوو له نێوان پارتی بەعس و پارتی کۆمۆنیست. بەرەی نیشتمانییان دامەزراند، دڵزار لەگەڵ نۆ کەسی دیکه بەناوی کۆمۆنیستەوە بوون بەئەندام له ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئەڤتۆتۆمی کوردستان. ئیتر لەو کاتەوە حاڵ و باڵ و گوزەرانی دڵزار و کۆمۆنیستان باش بوو تا ناوەڕاستی سالّی ١٩٧٩، لەو کاتەی بەعس لەمانەش هەڵگەڕایەوە، ئیتر دڵزار ناچار بوو چووە پاڵ ڕێکخراوی کۆمۆنیستەکان له ناوزەنگ و پشت ئاشان تا سالّی ١٩٨٣. لەو سالّەوە چووە سووریا، ئینجا بولّگاریا له پاشانا سوید و بوو بەپەنابەری سیاسی تا سالّی ١٩٩٤ و بەیەکجاری گەڕایەوە نیشتمان و هەولێری کردە نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی و ئێستا خەریکی حەسانەوە و خوێندنەوە و نووسینی یادداشتەکانی خۆیەتی.

شیعری

شیعری له رووی ڕوخسارەوە

دڵزار له سالّی ١٩٤٠ دەستی داوەتە شیعر و له هەموو بابەتەکانی وتووە ئەوانەی له ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا باو بوون، زۆربەی مەبەسە کۆن و نوێکانی له رووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ ئەو بابەتە شیعرانەدا گونجاندووە. له شیعری عەروزیدا بەحرەکانی هەزەج و ڕەمەل و موتەقاریب و ڕەجەز و سەریعی بەکارهێناوە. له دەنگەکانی ئەلفوبێی عەرەبی و کوردی ئەم دەنگانەی کردووە بەقافیە: ا ت د ر ز ل م ن (ە – ـە) و وو ی ێ. کۆمەڵێک وشەی کردووە بەپاش قافیە: ئەدەین، ئەکا، بێ، نەبێ، ڕۆ (ڕۆیشت)، تۆ، من، کەم (بکەم)، محەمەد، گرتووە.

هەردوو جۆرە قافیەی لەم بابەتە شیعرەدا بەکارهێناوە، یەکێتیی قافیە و جووت قافیە (مەسنەوی). له شیعری میللیی کێشی سیلابی خۆماڵیدا دڵزار دەوڵەمەندە، زۆربەی کێشەکانی بەکارهێناوە بەتایبەتی دە و هەشت و حەوت بڕگەیی. له قافیەشدا گەمەی هونەری زۆرە. لەم بەشە شیعرەیدا یەکێتیی قافیە دەبینرێ،

هەروەها قافیە خۆماڵییەکانی (ا ب ا ب)، (ا ا ب ب جـ جـ)، (ا ا ب ا)، (ا ا ا ا)، (ا ا ا ب) و هی دیکەی بەکارهێناوە.

شیعری لەم بابەتەی بەقەوارە کورتن دەچنە ناو لیریکەوە، قەسیدە (پۆیێم)ی کەمە. لە هونەرەکانی شیعر جگە لەم دوو بابەتە پێنجینی هەیە، دوو جۆرە قافیەی تێدا بەکارهێناوە (ا ا ا ا ب)، (ا ا ا ب ب)، هەروەها قەسیدەی شەشینیش بەرچاو دەکەون بەقافیەی (ا ا ا ا ب ب). لەمانەش زیاتر دڵزار بایەخی زۆری بەموستەزاد داوە و هەندێ دەسکاری هونەری تێدا کردووە لە ڕووی ڕوخسارەوە واتە ژمارەی دێڕە کورت و درێژەکانەوە.

دڵزار یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی سەردەقی «شیعری نوێ»ی کوردییان شکاندووە و ئەو جۆرە شیعرەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا. شاعیر لە لیریکێکدا چەند کێشێک بەکار دێنێ، کێشە بنچینەییەکانی دە و هەشت بڕگەیی کەرت دەکا، خۆیان و کەرتەکانیان لە شیعرێکدا بەکار دێنێ. قافیەی ئازاد کردووە و هارمۆنیای ناوەوەی پاراستووە. لە پێنج خشتەکیدا دەستی هەیە، شیعری نالی و ڕاجی کردووە بەپێنج خشتەکی.

وشەی فەرهەنگی زمانی شیعری ئاسان و ڕەوانە. لە بەپەتیکردنی شیعری کوردی دەوری هەیە. جار جارە وشە و لێکسیکۆنی دیالێکتی ناوچەیی شێوازی کۆیە بەکار دێنێ. هەندێ جار وشە بەفۆنێتیکی دەشت و ئاوەدانییەکانی کشتوکاڵی تۆمار دەکا. دڵزار بایەخی زۆری بەڕەوانبێژی داوە بەتایبەتی ئەو لایەنانەی پێوەندییان بەڕیتم و مۆسیقای دەنگەکانی وشەوە هەیە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

دڵزار شاعیرێکی خۆڕسکی ڕەسەنە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە زۆربەی مەبەسەکانی شیعری کلاسیکی و شیعری سەردەمی خۆی وتووە. لە سەرووی هەموویانەوە دڵداری و وەسفی بووکی شیعر و سروشتی ڕەنگینی کوردستان. لەو کاتەی شیعری بۆ ستایش و پێداهەڵدانی ئیدیۆلۆجییەتی مارکسیزم و دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت تەرخان کردووە لە ڕووی ئیستێتیکییەوە بووە بەدوو بەش:

١- بەشێکی شیعرە ڕەسەنە خۆڕسکییە سروشتییەکەیە کە دەستی پێ کردووە. لێرەدا شاعیر لە ئیلتیزامی جوانکاری نەچۆتە دەرەوە، لەبەرئەوە فیکر

(ئیدیۆلۆجییەت) بووە بەملکەچی جوانکاری (ئیستێتیکی، شیعرایەتی) و شیعرێکی جوانی بەرهەم هێناوە.

٢- بەشێکی دیکەی شیعری بەپێچەوانەوە، ناوەڕۆکەکەی لە بیروباوەڕی ئەنتەرناسیۆنالیزمی و چینایەتی و مارکسیزم هەڵقولاوە، لێرەدا ئیستێتیکا بووە بەملکەچی ئیدیۆلۆجییەت و لە خەیاڵ و چێژی هونەری شۆراوە و لە شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) نزیک کەوتۆتەوە. ئەمەیان ئەو جوانکارییەی تێدا نییە، یا زۆر کەمە لەبەرئەوە تا پلەیێک لە شیعرایەتی کەوتووە.

دڵزار لەم جۆرە شیعرەیدا بەگشتی هەندێ تیۆری بەشیعر دەگێڕێتەوە، ڕووداوی ڕاستی مێژوو وەکو خۆی دەخاتە ڕوو، دروشمی سیاسی هێناوەتە ناو شیعرەوە، بۆ هاندانی خەڵک شۆڕش بکەن، تەخت و تاراجی کۆنەپەرست سەراوژێر بکەن، جەستەیان بپلیشێننەوە و لەناویان ببەن. داواکاری جەماوەر ئەوەیە نەیاری مارکسیزم تۆزیان نەمێنێ. بەم جۆرە زەبروزەنگ دەچێتە ناو شیعرەوە.

بەناوی سۆسیالیزمەوە هەڵوێست بەرامبەر بەرەمزەکانی مارکسیزم گەیشتۆتە ڕادەی پەرستن، بۆیە میللەتەکانیشیان وەکو ڕووس و چین و بولگار و ئەوانی دیکە، لە هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەوی جیا دەکرێنەوە. ئەمانە ئادەمزادی سووپەرمانن چونکە سۆسیالیستن، ئەوانی دیکە کەم فام و دواکەوتوون چونکە بۆرجوازین! ئەم جۆرە شیعرانەی لای دڵزار و شاعیرانی دیکە دەوری پڕوپاگەندەیان بۆ ئیدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراو هەیە، کاریگەرییان کاتییە و زۆر بڕ ناکەن.

بەشە ڕەسەنەکە لە شیعری دڵزار ڕەنگدانەوەی لایەنی ڕووناکی ژیانی ئادەمزادە، خۆی لەم وێنانەدا دەبینێ: دڵداری و وەسفی سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی و سۆزی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەهاوڕێیەتی و ژیانی خۆشی و مردن و چەوساندنەوەی هەژاران و زوڵم و زۆری کاربەدەست و دەربەگی ناوەوە و ئەمپریالیست و کۆڵۆنیالیستی دوژمنی مرۆڤایەتی لە دەرەوە، وەکو دەسەڵاتە پڕ لە زەبروزەنگەکانی دەوڵەتانی بەریتانیا و فرەنسا و ڕووسیا و ئەمەریکا. شاعیر هەیە توانیویەتی ئەم بابەتانە بکا بەشیعری ڕەسەن و جوان. بەڵام دڵزار شیعری ڕەسەن و جوانی هەیە لە لایەکەی دیکە.

نموونەی شیعری

١

لە کاتێکدا دڵزار لە ساڵی ١٩٤٥ سەرباز بووە لە فەلەستین بەناوی «دڵ و دڵزار» ئەم دیالۆجەی نووسیوە:

دڵ: دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کوورەی ئاگری!
بۆچی فرمێسکت بەسروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی!
بۆچی داری غەم بەتەوری کەیف و شادی نابڕی!
بۆچی بەرگی زیللەت سەر تا بەخوار دانادڕی!
بۆچی ڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز داناگری؟
دڵزار: ئەی دڵا بای بەحر و بەڕ ئەشکم ووشک ناکاتەوە
باغی ڕەنگینی فەلەستین دڵگەشیم ناداتەوە
کێوەکەی قودسی موقەددەس بەنیەتم ناباتەوە
حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە
ناعیلاجم غەم دەخۆم کەس غەم لە بۆ خۆی ناکڕێ
دڵ: باشە گەر تۆ ڕاست ئەکەی بۆچ ئەو غەمەت پەیدا دەکرد
بۆچی لەو خاکی بەهەشتی کوردگەلەت حاشا دەکرد
بۆچی بەقسەی ناحەز و بەد خۆت وەها ڕیسوا دەکرد
بۆچی سیرەی خۆت لە خاکی غوربەتا توونا دەکرد
ڕابەری لای خۆت لە زۆر کەس ماهیر و زاناتری
دڵزار: گەر موقەددەر بێ مرۆ بێهۆش و نابینا دەبێ
سەد هەزار جار مورشید و ڕابەر بێ هەر گومڕا دەبێ
ڕاستەڕێش بگرێ گەلێ جار تووشی چاڵی وا دەبێ
دوو بەشی عومری لە ناویا بەخت ئەکا و توونا دەبێ
چەشنی مردووی دێ بەسەر هەرچەند بەدیمەن نامرێ

دڵزار لەم دیالۆجەدا باس لە سۆزی ناوەوە و گیرۆدەیی خۆی دەکا بەخاکی نیشتمانەوە و ئەو دەردەبڕێ بەبێ ئەو ناتوانێ بژی. دڵ لێی دەپرسێ کەوا بێ بۆچ

لێی دوور دەکەوێتـەوە! لێرەدا دەڵێ: ئەوەیە بێهۆشی ئادەمزاد کە فیکری دەجووڵێ بیر لە دڵی ناکاتەوە. دەبێتە مەتریاڵێکی بە لەش زیندوو بەگیان مردوو.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «ئەفسانەی گوڵی شەرمن» دەڵێ:

دەڵێن کـە خـوڵقـا گـوڵ لـە گـوڵسـتـان
سـپـی بوو سـپـی وەک بـەفـری کوێسـتـان
بـەڵام لـەودەمــــــەی دەمـی کــــــردەوە
بـۆ مــــــاچ کــــــردنـی ڕووناکـی بـەیـان
هـەسـتـی کـرد ئادەم تەمــاشــای ئەکـا
بۆیە ڕوخسـاری سـوور بوو لە شـەرمـان
ڕاسـتـی ئاوا بوو ســەر کــوڵمـی یارم
پێش هەڵمــژینـی بەر لـە ڕامــووســان

شـاعیر لەم وەسفە شیعرییە جوانەدا بۆ سووری سەر کوڵمی یار لەو ئەفسانەیە دەدوێ ئەوەی دەڵێ گوڵ لە پێشانا بەڕەنگی سپی خوڵقاوە، لە دواییدا کە هەستی بەوە کردووە سـەرنجی خەڵکی ڕاکێشـاوە و تەماشـای دەکەن لە شـەرمـانا سـوور هەڵگەڕاوە، ئەو ڕوخسـارەی یاریش وەکو دڵزار دەڵێ لە شـەرمـانا یا لە خۆشیـانا سـوور بووە.

٣

لە پێنجـینێکیـدا بەناوی «هەسـتــە مـەوەسـتــە» لە سـاڵی ١٩٨٤ لە دیمـەشق نووسیویەتییەوە دەڵێ:

دە دەی هەسـتە مـەوەستـە دەستـە بەستـە
نیگارەی مــەم هەنارەی دیدە مــەســتــە
دڵم ئەمـشـەو بەڕاسـتـی تەنگ و پەسـتـە
لە ئەو ڕووحی ڕەزەی زۆر کۆن و خەستە
لـە بۆم تێکە پـەیا پـەی بێنە هەســــتــە

له ئاواز و ڕیتمی ئەم هەموو وشانەی دەنگی «س»یان تێدایە و سێیەکی هەموو وشەکانی شیعرەکەن دڵزار سرووودێکی وەسفی دڵداری دروست کردووە پێش ئەوەی قسە لەگەڵ بیر و خەیاڵدا بکا، وەک ئاوازێکی خۆش لە ناو گوێدا دەزرنگێتەوە.

٤

شاعیر لە لیریکێکیدا بەناوی «یەکگرتنی کورد» لە ساڵی ١٩٩١ هۆنراوەتەوە بیر لە دوارۆژی کورد دەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکا:

زازا و کرمانج و سۆران	لوڕ و کەلهوڕ و گۆران
هەر شەش بەدەست و بردن	بڕبڕەی پشتی کوردن
گەر یەک دڵ بن ئەمانە	هەموو بەڵای زەمانە
زۆردارانی سەر زەوی	سەرمان پێ ناکەن نەوی

شاعیر لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ کە هەستی بەوە کردووە لە ئەنجامی شەڕی عیراق و کوێت گۆڕانکارییێک لە کۆمەڵی کوردەواریدا ڕوو دەدا، لەبەرئەوە دەڵێ ئەگەر کورد بەهەموو تیرە و هۆز و توێژەکانی کۆمەڵ یەک نەگرن سەرناکەون، ئەگەر یەک بگرن هەموو زۆردارانی سەر ڕووی زەوی بۆیان ناکرێ سەریان شۆڕ بکەن.

٥

بەیادی بینینی شاعیری کورد سافی، دڵزار شیعرێک دادەنێ بەناوی «گەشتێک بۆ هیران» لە ساڵی ١٩٣٦:

ڕۆژمان کردەوە شەوێک لە هیران
بەشادمانی و سوحبەت و سەیران
ئینجا سبەینێ بەری بەیانی
کە تیشکی ڕۆژێ ڕەوشەنی هانی
وەحشی و دڕندە و حەیوانی کێوی
لە شاخ هاتنە دەر کەروێشک و ڕێوی

ئێمەش لە قیژە و قاسپە قاسپی کەو
چاومان کردەوە هەڵستاین لە خەو
سەرنجمان دایە دیمەنی باغان
دیمەنی گرد و سەر کێو و شاخان
سەراسیمە بووین لە جوانی بەهار
لە سنعەت و نەخشی پەروەردگار
سووڵاوی شاخان دەبریقایەوە
بەتیشکی ڕۆژێ دەدرەوشایەوە
پاشی دیتنی ئەم دیمەنانە
ڕوومان کردەوە لای دیوەخانە
لە دوای نان خواردن چووینە ناو گوڵزار
دامان بەست یاری لە ناو مێرغوزار
ئەوێ ڕۆژێکە بەشادمانی
ڕۆژمان بەرێ کرد لە دنیای فانی
جەنابی سافی قەدری زۆر گرتین
بەخوا بێ قوسوور خزمەتی کردین
(دڵزار) ئەو ڕۆژەی هەروا لە بیرە
کە چەندە خۆش و چەندە دڵگیرە

دڵزار وەک یادداشتێکی ڕۆژانەی ئەدەبی بەشیعر باس لەو گەشتە دەکا کە بۆ مەڵبەندی ژیانی سافی کردوویەتی لە گوندی هیران. سروشتی بەهاری ڕەنگین و جووڵە و قاسپەی کەو و زریکەی کەروێشک و خوڕەی جۆگەکانی بناری شاخ بوون بەسەرچاوەی ئەم گەشتنامەیە. خانەخوێی شاعیر بوو بەهەوێنێکی گرنگ بۆ داهێنانی ئەم لیریکە لە وەسفی بەهار و هاوین.

٦

دڵزار وەک هەندێ لە شاعیرانی دیکەی کورد سەرسامی شیعرەکەی بێخود بووە «لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من». بەناوی «پەرێشانە دڵی من»

قەسیدەیێکی بەندی چوارینی ڕێکخستووە بەم چوارینە دەست پێ دەکا:

قـوربان وەرە ئەمـڕۆکـە پەرێشـانە دڵی من
بێـهـۆش و بەبێگۆشـە لە زیندانە دڵی من
بێـئـاگـر و بێگڵـپـە لە سـووتانە دڵی من
سووتاوی ڕوخ و کون کونی موژگانە دڵی من!

بەم چوارینە کۆتایی پێ دەهێنێ:

دلبـەر چییـە بەم تاقی برۆت دڵ دەڕفـێنی
چیم کـردووە خـوێنم بەغـەزەب وا دەڕژێنی
(دڵزار)ی هەژار بۆچی لە هیجران دەسووتێنی
نازانـی کـە پڕ ئاگـری هیـجـرانە دڵی من!

لێرەدا دڵزار بەڕوخسـار لاسایی بێخـود دەکاتەوە، بەڵام ناوەڕۆک بابەتێکی دیکەیە. خەریکی لاواندنەوەیە بۆ شپرزەیی حاڵی لەبەر دووری لە دلبەری نازدار. شاعیر لە ڕێبازی شیعری لاسایی کلاسیکی دوور نەکەوتۆتەوە کە شاعیران لە جیابوونەوە و دووری لە دلبەر دەدوێن.

٧

دڵزار بەهۆی کـوشـتنی بەکـر سـدقی عـەسکەری لە بیـرەوەری چوارەمی شەهیدکردنی لە ١١ی ئاغستۆسی ساڵی ١٩٤١ بەناوی «شینی بەکر سدقی» ماتەمنامەی بۆ نووسیوە:

دیسـان دووکـەڵ و بوخـاری ئەسـتـەم
کوردسـتـانی گـرت چەشنی تۆز و تەم
باغی ژینی کـورد دیسـان سـاوا بوو
ئەسـتـێرەی بەخـتی لە کـەل ئاوا بوو

***

بەگـوللەی گـەرمی دەستی دوژمن چوو
لـە نامـەی ژیندا ناوبانگی وون بوو

ئەســەف بۆ گەورەی شــەهیدانــی کورد
حـــــەیف بـۆ بـاوکی هــەژارانی کـــورد
دریـّغ بۆ شـــێــری نێــری مـــەیدانم
بـۆ بەکـــر ســـدقی ڕەئیس ئـەرکـــانم
بـۆ جــــەنگاوەری بەهـێـــز و گـــوردم
بـۆ نـاپولیـــۆنی مـــیلـلـەتی کـــوردم

***

بـلـێ ئـەی (دڵزار) هـەژاری غــەمــبـــار
بـەڕۆڵەی ووردی کــوردی ســـیـــاچار
گـەر پرسیـار ئەکەن لە مێژووی مـەرگی
لـە ڕۆژی ڕەشــی پـچـــڕانی جـــەرگی
لە چەرخی بیستـەم سـاڵی سی و حەوت
یازدەی ئاغستۆس لە ژێر خـاکا خـەوت

دڵزار لەم شـیـعـرەدا شـیـوەن بۆ بەکـر سـدقی دەکـا لەبەرئەوەی کـوردە و وەک سـوپاییـێک لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عـوسـمـانی و عـیـراق ناوبانگی دەرکـردووە. پیلانی کوشـتنی ڕاسـتـەوخـۆ پێوەندی بەمـەسـەلەی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردەوە نەبووە، بەڵام وەکو کوردێک لە ناو شۆڤێنیستە عەرەبەکاندا خۆشـەویست نەبووە. تا ئێسـتـاش دوژمنانی کورد بەپیـاوخراپ لە قەڵەمی دەدەن تەنیـا لەبەرئەوەی کورد بووە. هەسـتی دڵزار دڵسۆزانەیـە و لە جێی خـۆیـەتی کـە فرمـێسکی بۆ کـەسێک ڕشتووە کوردبوونی هۆیێکی گرنگ بووە بۆ کوشتنی.

٨

دڵزار لـە ســـاڵی ١٩٨٧ لـە لیـــریکێکیــدا بـەناوی «بـۆ دەوڵەمـــەندێکی ڕەزیل» دەنووسێ:

سـگەســـــتـــووری وورگن بـەرازی بەزیـو
هــەتـاکـــــــــەی دەنــازی بـەزێـڕ و بـەزیـو

بەهارت بەسەر چوو ڕەزیلی ڕزیو
ژیانت لە دەس چوو بەرەو گۆڕ خزیو
لە بۆ کات و ڕۆژانی پڕ تەنگەبەر
شتێکی بەکەڵکت نەچاند بێتە بەر

لەم شیعرەدا دڵزار بەشێوازێکی داشۆرینی قەشمەری ئامێز وەسفی دەوڵەمەندێکی چاوچنۆک دەکا، نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەمەندە لە ناو کۆمەڵدا زۆرە، تەنیا کەڵکیان بۆ خۆیانە لەو کاتەی توانای ئەوەیان هەیە کاری خێرخوازی لە هەموو ڕوویێکی ژیان بگەیەننە ئەنجام.

٩

لە شیعرێکیدا «بۆ هەڤالانی کوردستانی» لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥ دڵزار دەڵێ:

هەڤالانی کوردستانی
گوێم لێ بگرن زۆر بەجوانی
ئەگەر ئێوە ڕاستە کوردن
بۆ کوردستان پەیژە و پردن
ئەبێ خزمەتکاری کورد بن
خاوەن هۆش و بیری وورد بن
ئازاردانی ئێمەی دڵسۆز
خزمەتە بۆ دوژمنی هۆز
گەر دژی سۆسیالیستی بن
دیارە ئەبێ فاشستی بن
پیاوی باش و دیمۆکراتی
هەرگیز نابێ بەشەللاتی
ڕێ لە جاسووس و جاش بگرن
ڕێگە لە پیاوی باش مەگرن

تکام وایە تاقــمی شــێــرە
گــوڵزاری گــەل نەکـا گــێــرە
هـیــــوادارم ئـەی هـەڤـــاڵان
کــەمێ عــەقڵ نەخــتێ ویژدان
بـەکــــاربێـنن تـا بێگومــــان
بـکـەونـەوە ســـــەر ڕێی ژیـان

لەو سـاڵەدا دڵزار لەگەڵ تیپی چەکدارانی کۆمـۆنیسـتـەکان بنکەیان لە گوندی ئاوەگرد بووە. لە پاش کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و سەرهەڵدانی دووبەرەکی لـە ناو ڕیزی شـۆڕش لە سـاڵی ١٩٦٤ ناخـۆشی و چەندوچوون کـەوتە نێـوان کـۆمـۆنیـسـتـەکـان و بەڕێوەبەرایەتی شـۆڕشی کـورد. دڵزار گلەیی لەو فـەرمـاندەیە دەکـا گـۆیا بەربەرەکـانی کۆمـۆنیـسـتـەکانی کـردووە، بەلایەوە ئەمـە کـارێکی باش نەبووە، ئەوەی ئەمـــەی کـردووە بەپیــاوچاک ناژمـێــررێ. وەک لە شیـعرەکە دەردەکـەوێ ئەوەی دەوری ئازاردانیـانی بووە تاقمـەکەی شێرە بوون، مەبەسی خورشید شێرەیە لەو کاتەدا لە جموجۆڵی سوپایی دەوری بووە.

١٠

لە شیعرێکیدا بەناوی «هـەژارین» لە سـاڵی ١٩٤٨ لە کۆیە هۆنیـویەتییـەوە دڵزار دەڵێ:

بـرا وەرزێر و جــووتیــار و ســـەپانـین
بـێ بـەرگ و نـانـین
ئەگــەرچی هەڵگری هەوجـاڕ و داسین
هەردەم کـەسـاسین
لـە چنگ ئاغـــا جگەرپارە و پەلاسـین

***

گـەنم چێنین و غـــەیری هەرزن و گــاڵ
نـابـەینـە نـاو مـــاڵ
کـــەچی ئاغـــا بەزۆری قـــەندەهاری

بێ غـــەم دەهـاری
لە ســـایەی ئێــمـــە لیــرەی بۆ دەباری
***
قـوبـووڵ ناکــەین ئیــتــر ئـەم ژینە تـاڵە
ئـەم تـەرزەحـــــاڵە
ســەروسـامـانی خـۆ ناخـەینە بـەرچنگ
دوژمـنـی دڵتـــەنگ
هـەمـوو هـاوارکـەین تێکڕا بـەیەک دەنگ
***
هـەژار و حـەق خـوراو و ڕووت و برسـین
ئـێـــمـــە نـاترسـین
لە گوللەی خائین و جاسووس و زۆردار
یاخـۆ ئیسـتیعـمـار
ئـەکــۆشین بـۆ نەمـــانـی زوڵـمی زۆردار
***
لـەســـەر ڕێگـەی ڕەوانی عـــەدل و دادا
ئـێـــمــــە لانـادا
تەقـــەی تۆق و زڕەی زنجـیـر و زینـدان
مــەینەتی و لێـدان
تـەنـانـەت ســــەربڕین و گـــوللـەباران

لەم شیعرەدا دڵزار باس لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەکا، ئەمانە ژیانیان هەژارانەیە، ڕەنجیان بۆ ئاغای دەرەبەگە. بۆ ئەوان ڕەنجی ئەمانە و بۆ ئەمانەش چەوسانەوە. شاعیر چەوساوەکان هان دەدا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەموو چەوسێنەرەوەکان، لە سەرووی ئەمانە هەموویان، ئەمپریالیستی ئەوروپایە، لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ. پێویستە ئەوەی لێ وەربگیرێتەوە و یەکسانی باڵی بەسەر خەڵکی کۆمەڵدا بگرێ.

***

ئەحمەد مستەفا دڵزار شاعیرێکی بەدیمەنی ئەدەبی کوردییە. پێش ئەوەی لەسەر هەر بیروباوەڕێک بووبێ یا نەبووبێ شاعیر بووە. شیعری بۆ جوانی ژن وتووە، ژن هەوێنی دڵدارییە. ئینجا سروشتی ڕەنگینی بەسەرکردۆتەوە چونکە سەرچاوەی ئیلهامی وەسفی بووە. دڵداری و سروشتی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە زۆربەی بابەت و هونەرەکانی شیعری وتووە. بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی و سیستێمی «شیعری نوێ»ی کوردی و هەموو جۆرە قافیەکانیشی بەکارهێناوە.

لە دوای ئەوەی باوەڕی بەئیدیۆلۆجییەتی کۆمۆنیزم هێناوە، شیعری بۆ ئەم مەبەسە تەرخان کردووە. هەوڵی داوە ئیدیۆلۆجییەت بەسەر جوانکاریدا زاڵ بێ لەم جۆرە شیعرەیدا، لەبەرئەوە بەرهەمی لەم بابەتەی لە شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) نزیک بۆتەوە. لە شیعری دیکەیدا ڕەچاوی هەموو مەرجە پراکتیکی و مەعنەوییەکانی کردووە، بۆیە بە بەرهەمێک دەکەونە بەرچاو مێژووی ئەدەبی کوردی شانازییان پێوە دەکا.

مارف بەرزنجی

بەشی سییەم

مارف بەرزنجی

١٩٢١ - ١٩٦٣

شاخی بەرز و جوان وولاتی کوردان
قـەڵا و سـەنگەر و پشت و پـەنامـان
چەن هـەزار سـاڵە ژینمـان تێکەڵە
بووی بە نیشانەی کورد و کوردستان

ژیانی

مـارف کوڕی شـێخ عـەبدولکەریم کوڕی شـێخ حـوسـێن بەرزنجـی لە ١٠ی شـوباتی ١٩٢١ لە ئاوایی قادر کەرەم لـە دایک بووە. باوکی وەکو شێخێکی تەریقەتی قادری تەکیـە و دامودەسگای دەروێشی بووە، بـەڵام لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمـەند نەبووە. خوێندنی لە قـوتابخانەی سـەرەتایی قـادر کەرەم دەست پێ کردووە، لەو سـەردەمەدا خوێندنی ئەو قوتابخانەیە تا پۆلی چوارەم بووە. ئیتر لەبەرئەوەی باوکی نەیتوانیوە بینێرێ بۆ کـەرکووک بەهۆی دەست کورتییـەوە دوو سـاڵ مـاوەتەوە. ئینجـا لەگـەڵ شـێخ حـوسـێنی برای چوونـەتە کـەرکووک و لە تـەکیـە کـۆنەیێکی خـۆیان ژیاون. گـوزەرانیـان زیاتـر لە کوڵەمـەرگییـەوە نزیک بووە. لە پۆلـی یەکـەمی قـوتابخـانەی ناوەنـدی لە کـەرکـووک پێـوەنـدی لەگـەڵ پارتی هـیـوا کـردووە. لە سـاڵی ١٩٤٣ قـوتابخـانـەی ئامـادەیی تەواو کـردووە. لەو کـاتەدا بـاوکی خـوازبێنی کـچـێکی بۆ کـردووە بـەبێ ئەوەی چاوی پێی بکەوێ. لە دوای ژن هێنان بـۆ مـاوەی سـاڵێک کـارێکی مـووچـەخـۆری بچـوکی دەست کـەوتووە، لـە سـاڵی ١٩٤٤ ڕووی کـردۆتە بەغدا و لە کۆلێجی ماف (حوقووق) بووە بەقوتابی. لەبەر دەست کورتی ماوەیێک لە کارگێڕی تووتن لە بەغدا دامەزراوە بۆ ئەوەی خوێندنی کۆلێجی ماف بباتە سەر.

لە بەغدا پێوەندی ناسیاوی لەگەڵ ئازادیخواز و نیشتمانپەروەران کردووە. لە خۆپیشاندانەکانی ئەو سەردەمانەی بەغدا بەشدار بووە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٧، فەرمانی گرتنی لە لایەن دەسەڵاتی میرییەوە دەرچووە. ماوەیێک خۆی شاردۆتەوە. لە هاوینی ١٩٤٨ کۆلێجی مافی تەواو کردووە و لە پاییزی ئەو ساڵەدا فەرمانی ئەوقاتی بۆ دەرچووە و بوو بەمحامی. لە کاروباری ئەوقاتیدا شتێکی وای دەست نەکەوتووە پێی بژی، بۆیە کارێکی لە کۆمپانیای نەوت چنگ کەوتووە، بەڵام زۆری پێ نەچووە وازی لێ هێناوە چونکە کاربەدەستە ئینگلیزەکان بەچاوێکی سووک تەماشایان کردووە، بەوەی لە بن دەستی کابرایێکی ئاسووری نەخوێندەواریان داناوە وەک یاریدەدەرێکی.

لە مارتی ١٩٥٠ بەهۆی جموجۆڵی سیاسییەوە ناچار بوو چوار مانگ خۆی بشارێتەوە، بەدەربەدەری لە سەنگاو و قەرەداغ و شارباژێڕ ئەو ماوەیەی بردە سەر. وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە لە ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٢ تووشی گرێیێکی سایکۆلۆجی بوو، واتە حاشاکردن لەو بیر و ئیدیۆلۆجییەتەی باوەڕی پێی هەبوو، بەڵام زوو خۆی دۆزییەوە. ئەم دان پێدانانەی مارف بەرزنجی لە مرۆڤێکی ژیر و زیرەک و دڵسۆز هاتۆتە دەرەوە، دوور لە بیری عەشایەری ڕۆژهەڵاتییانەی دواکەوتوو، ئەم جۆرە کردەوانە دەشارێنەوە بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن، بەڵام مارف ئاشکرای دەکا بۆ ئەوەی لەسەری نەڕوا.

لە ساڵی ١٩٥٦ لەبەرئەوەی پشتی میسری گرتبوو لە دەست درێژییەکەی مەسەلەی سوێس خرایە بەندیخانەوە. لە دواییدا ئازاد کرا. لە ساڵانی پێش کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە کەرکووک خەریکی کاری ئەوقاتی بوو. لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ەوە یەکێک بوو لە ئەندامە بەکارەکانی دەستەی نووسەرانی کۆواری «شەفەق» تا هاوینی ١٩٥٩.

لە دوای کوودیتاکەی تەمووزی ١٩٥٨ بەسکرتێری ڕێکخراوی ئاشتیخوازانی کەرکووک هەڵبژێررا. لە پاشانا کرا بەسەرۆکی شارەوانی کەرکووک، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و لە دوای مانگ و نیوێک پاش ئاهەنگی بیرەوەری یەکەمی ١٤ی تەمووز، لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ١٨ کەس لە نیشتمانپەروەران گیرا و هەموویانیان ڕەوانەی گرتووخانەی بەغدا کرد.

ئاژاوەی تەمووزی ١٩٥٩ لە شاری کەرکووک پیلانێک بوو کۆمپانیای نەوتی

کەرکووکی سەر بەئینگلیز داینا بوو لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و دەسکەوتەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە سەرانسەری عیراق. ئەم پیلانە بەهۆی کۆنەپەرستانی عیراق و بەشێک لەو تورکمانانەی سەر بەدەوڵەتی تورکیا بوون و تا پلەیێک دەست تێوەردانی ئێران و سووریا و میسر گەیشتە ئەنجام. کارەساتێک بوو کورد لە هەموو کەسێک زیاتر زیانی لێ کەوت.

مارف بەرزنجی لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩ەوە لە گرتووخانەی بەغدا مایەوە تا ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو لە دادگای بەغدا. لە دوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گوێزرایەوە بەندیخانەی کەرکووک و لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە کەرکووک لە سێدارە درا.

شیعری

مارف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٣٦ کە لە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتایی بووە یەکەم شیعری هۆنیوەتەوە. بڵاوکردنەوەی شیعری دواکەوتووە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە ڕۆژنامەی «ژین»ی سلێمانی دوو پارچە شیعری بڵاوکراوەتەوە. بەرهەمی شیعری دەوروبەری ٣٠ پارچە شیعری لیریکییە.

مارف بەرزنجی شاعیرێکی خۆڕسکی ڕەسەنە، لە کۆمەڵی دەوروبەری بەتایبەتی باوکی چێژی شیعری بەهێز بووە و خەیاڵی لە مەشق و تاقیکردنەوە بووە لە هەموو بابەتەکانی شیعری کوردی، بەحری عەرووزی بەکارهێناوە، کێشی میللیی سیلابی خۆماڵی بەشی زۆری شیعری گرتۆتەوە. لە شیعری نوێدا کێشی زۆر و قافیەی ڕەنگاوڕەنگی لە لیریکێکدا بەکارهێناوە. گەمەی لە قافیەدا کردووە. یەکێتیی قافیە و مەسنەوی و هەمەڕەنگی هەیە. بەزۆری شیعری وێنەی لیریکی ئەوروپاییان وەرگرتووە. زمانی ئاسان و مانای لە ڕووە. هەندێ لە ڕۆمانتیکییەت نزیکە، بەڵام لە سیمبۆلیزم دوورە. لیریکی سەر بەقوتابخانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتین، هەندێ جار وەکو شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) دەکەونە بەرچاو.

١

لە شیعرێکیدا دڵداری دەکا بەهەوای غەزەلی کلاسیکی:

لە چاوی تۆوەیە تاریکی دڵ ئێستاکە چراخانە
لە جێی پەیمانە وو جەژنانە قوربان نێو نیگاتانە
بەئێمەی گەر ڕەوا بێنن غەریبین دڵ برینداریین
ڕەهەندەی دەستی جەورین سایەتان ئەمڕۆکە جێمانە
ئەزانم کەی منت دیوە لەبەر وەی وا پەسەندم لات
لە پۆلی پێشڕەوی گەل دا و لە جەنگی سەر شەقامانا
منیش لەوساوە تۆم دڵ خست کە غونچەت کردبوو ئیکلیل
بەبیست و حەوتی کانوونا لە پێش تەرمی شەهیدانا
دەمێکی دیش لە خۆ دەرخستنێکا چوویتە سەر مینبەر
بەدەنگ و ڕەنگ و کردار چووی بەدڵما قارەمانانە
ئەوا زانیم بناغەی خۆشەویستمانە ئازادی
وەکو سەرچاوەیی هەست و دروستی و بەرزی گیانمانە

مارف بەرزنجی لە کاتێکدا لە گوندی داریکەلی لە ساڵی ١٩٤٩ خۆی لە چاوی جاسووساندا دوور خستۆتەوە یادی خۆپیشاندان و ڕێڕەوەکانی سەر گۆڕی شەهیدانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ی کردۆتەوە. لە گۆڕەپانی ئەو خەباتەدا چاوی بەکچە قوتابییێکی جوان کەوتووە، چۆتە دڵیەوە نەک تەنیا لەبەرئەوەی جوان بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی هاوبیر و بەجەرگ و نەترسیش بووە. ئەو خۆشەویستییەی لە کۆڕی خەباتدا لە پێناوی ئازادی دروست بووە، ئەڤینی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە.

٢

لە چوارینێکیدا مارف بەرزنجی دەڵێ:

شاخی بەرز و جوان وولاتی کوردان
قەلا و سەنگەر و پشت و پەنامان

چەن هەزار ساڵە ژینمان تێکەڵە
بووی بەنیشانەی کورد و کوردستان

ئەم چوارینە لەساڵی١٩٦٠لەگرتووخانەی بەغدا هۆنراوەتەوە. شاعیر ڕاستییێکی ژیانی کوردی خستۆتە بەرچاو، بەوەی بەدرێژایی مێژوو شاخ کوردی لە توانەوە و لەناوچوون پاراستووە، بۆیە شاخ بووە بەبەشێک لە کورد و نیشانە و دروشمی ئەو میللەتەیە.

٣

بۆ گەشتە ئاسمانییەکەی یووری گاگارینی ڕووس شاعیر دەڵێ:

ئێمەی دەستبەستەی ناو زیندان
وا باڵ ئەگرین
ئەفڕین لە خۆشیانا ئەفڕین
چونکە هاوڕێیێکی شیرین
وەک گاگارین
کوڕی جووتیارێکی زەمین
مژدەی سەرکەوتنی لینین
وەک فریشتە
ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین

لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٦١ هاووڵاتی ڕووس فڕۆکەوان یووری گاگارین بەکەشتیێکی ئاسمانی و بە(١٠٨) دەقیقە بۆ یەکەم جار لە جازیبییەی ئەرز چووە دەرەوە و لە ناو کۆزمۆس بەدەوری زەویدا سووڕایەوە. ئەم شیعرە جوانەی مارف بەرزنجی ئاماژەیێکە بۆ دەست ڕەنگینی ئادەمزاد لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکدا. ئەوەی شیاوی باسە لەو ڕۆژگارەدا یەکێتیی سۆڤیەتی کۆن و ئەمەریکا تەنیا لە سیاسەتدا بەرامبەر بەیەکتری نەچووبوونە مەیدانەوە، بەڵکو لە گۆڕەپانی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەودیوی سروشت خەباتیان لە دژی یەکتری تیژتر بوو، لەبەرئەوەیە شاعیری کوردی ئێمە دەڵێ: گاگارین مژدەی سەرکەوتنی سیاسەتی لینین دەبا بۆ ئاسمانی بەرین. لە ڕووی بیروباوەڕەوە ئەم وێنە شیعرییە قسە

هەڵدەگرێ، بەڵام هەرچۆنێ بێ داهێنانی تێدایە و جوانە.

٤

مارف بەرزنجی لە شیعرێکیدا بەناوی «پرتەوی لۆمۆمبا» بەهۆی کوشتنی ئەم نیشتمانپەروەرە ئەفەریقییە دەڵێ:

ئەستێرە نییە کە نەکوژێتەوە
ژیانێک نییە کە نەبڕێتەوە
کوژانەوەی پاتریس لۆمۆمبا
پرتەوێکی دا ناکوژێتەوە

***

شەوچرایێک بوون بۆ شەوی کۆنگۆ
درەخشان تابان وەک مانگی ئاسمان
نموونەیێک بوون لە بەرزی ئینسان
مەسیحی سەردەم بۆ ئەفریقای تۆ

***

بناغەی هێز و سەرچاوەی پرتەو
خواستی گەلەکەت هەموو ئەفریقا
بۆیە چەشنی کێو هەرگیز نەلەقا
گۆی مەردایەتیت بردەوە بەگەرەو

***

چونکە بەڕاستی ئازادیتان ویست
بۆیە ئیستیعمار ئێوەی نەئەویست
دەستەمۆ ئەکرێن کورسی پەرستان
ئێوە گەلخواز بوون نەک کورسی پەرست

***

کۆنگۆ وەک دڵی ئەفریقیایە
ئەو دڵەش دڵی کاک لۆمۆمبایە

نە کـــۆنگۆ ئەمـــرێ نە ئەفـــریقـــیـــا
تـــۆیش بـــۆیە ئەژیـت هەتـا هەتایە

***

دڵ پڕ لە کـــــوڵە و دیدە پڕ گـــــریان
لە هەمــوو لایێک سەراســەر جـیـهـان
دەســتی کـرێکار جـووتیـار خـوێندەوار
بۆ تۆڵەســـەندن بەرزە تا ئاســـمـــان

پاتریس لۆمۆمبا یەکێک بوو لە نیشتمانپەروەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەفەریقا لە کۆنگۆ. لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ بەهۆی پیلانێکی ئەمپریالیستی ئەمەریکی لۆمۆمبا کوژرا. ئەو کاتە مارف بەرزنجی لە گرتووخانەی بەغدا بوو ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە. سۆزی بەکوڵی شاعیر بەرامبەر بەم نیشتمانپەروەرە لەوەوە هاتووە مەسەلەی نیشتمانی کۆنگۆ و ڕەشەکانی ئەفەریقا هەندێ لە مەسەلەی نیشتمانی کورد دەکا، لەبەرئەوە ڕووداوەکە شاعیری کوردی وروژاندووە و نەفرەت لەو دوژمنە دەکا کە خراپەی بۆ ئەفەریقییەکان هەیە، چونکە هەر ئەویشە دوژمنایەتی کوردیش دەکا.

٥

مارف بەرزنجی لەگەڵ هەموو بایەخێکی بەدوارۆژی ئادەمزاد دڵداری لە ناخی دەروونیدا بووە چونکە دڵداری ماک و هەوێنی ئازادی و بەختیارییە:

لە خەوما یارەکەی جاران لە تافی جوانییا ماوین
وەکو دوو کۆتری نەخشین بەتەنیا وا لە گوێی ئاوین
وەکـــو ئەم دەهری هیـــجـــرانە
وە یا ئەم لێک بەجـــێـــمـــانە
نـە بـووبـێـت و نـە ڕووی دابـێ
وەکو ئەم دەست لە یەکتر شوشتنە
ئـــەم بـــێ و لـــە دڵ ڕابـــێ

له گوێی ئاوێ بەجووتە بێ خەفەت ڕاز و نیازمانە
نە ترسی چاوی بەدکار و نە ئازاری ژیانمانە
چ خۆشە دڵ وەها سادە
وەها پڕ خۆشەویستی بێ
له ڕوخساری نیگارێکا هەموو ئاوات و هەستی بێ

شاعیر خەونی دیبێ یا نەیدیبێ کێشەیێک نییە پێویستی بەجێبەجێکردن بێ. شاعیر وزەی ئەوەندە بەهێزە لە ناو ئەم چوار دیوارە تاریکەدا بەتاوانی گەورەی وا تاوانبار کراوە سەری لەسەر دادەنێ کەچی یادی دڵداری دەکاتەوە، ئەوەی بەشێکە لە بوونی ئادەمزاد لەگەڵ ئازادی بوون بەو هیوایەی مرۆڤایەتی بەدوایانا وێڵە.

چیرۆکی

مارف بەرزنجی لە تەمەنی هەژدە ساڵی دەستی بەنووسین کردووە، ماوەیێکی زۆر تەنیا خۆی زانیویەتی توانای نووسینی شیعر و پەخشانی هەیە. تا ساڵی ۱۹٥٧ بایەخێکی ئەوتۆی بەچیرۆک نەداوە، هۆی بنچینەیی بۆ مەبەسی چیرۆک نووسین لە پاییزی ساڵی ۱۹٥٧ لە لای دەرکەوتووە، لەو کاتەی ئەفسەری خانەنشین عەبدولقادر بەرزنجی بەهۆی کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی کۆواری «شەفەق» بوو لە کەرکووک. مارف بەرزنجی خۆی یەکێک بوو لە دەستەی نووسەرانی. ماوەی دوو ساڵ بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی لەو کۆوارەدا بڵاوکرایەوە، بەتایبەتی چیرۆکەکانی. سەردەمی بڵاوکردنەوەی یەکەمین چیرۆکی دەکەوێتە ساڵی ۱۹٥٨.

چیرۆکی مارف بەرزنجی دەچێتە ناو ڕێبازی ڕیالیزمی کۆمەلایەتی، مەسەلەی سەرەکی لای ئەو بیری کوردایەتی و ڕزگاری مرۆڤە لە چەوساندنەوە.

لە هەندێ لە نووسینەکانیدا ئەم دوو مەبەسەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. پیلانی هێزە ئەمپریالیستییەکانی ئەورووپا و فێڵ و فەنەری دەرەبەگ و کاربەدەستانی دەوڵەت و هەڵخەڵەتاندنی هەژار و ڕەش و ڕووتی ناو کۆمەڵ لە لایەن پیاوانی ئایینی و شێخی تەریقەتەکانی دەروێشی دەخاتە بەرچاو. سوودی لە چیرۆکی ئەورووپایی و میسری وەرگرتووە، شێوازی ئەوانی هێناوەتە ناو چیرۆکی

کوردییەوە، بەمە پێشکەوتووە و دەوڵەمەند بووە. هەندێ لە چیرۆکەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن:

ئاواز و کەباب

نووسەر ئیلهامی ئەم چیرۆکەی لە هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فرەنسا و ئیسرائیل وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر، لە دواییدا بەهەرای قەناڵی سوێس ناوی دەرکرد. لە چیرۆکەکەدا فەلامورز ڕەمزی هێزی ئاشتییە، میرزاش ڕەمزی هێزی جەنگە. لە ئەنجامی خەباتی ئەم دوو هێزە، ئاشتی سەردەکەوێ. دیارە جەمۆلی چاپچی کە ڕەمزی میللەتە بچووک و ژێردەستەکانە ئەویش ڕزگاری دەبێ. ئیتر ئاسنی هەموو چەکەکان دەتوێنرێنەوە و دەکرێن بەشیشی کەباب و چەقۆی مەتبەق و ئامێری مۆسیقا.

گای پیرۆز

تابلۆیێکی زیندووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان. دووبەرەکایەتی کۆن و تازە لە ناوەوە بوو. مامۆستای قوتابخانە و حەمەڕەشید نموونەی هێزی تازەی کوردستان بوون. شێخ و کوێخا و پۆلیس نموونەی هێزی کۆن بوون. کەسایەتی شێخی تەریقەتی دەروێشیش بەگای پیرۆزی هیندستان دەچوێنێ.

شەتڵ

موعادەلەیێکی سیمبۆلییە باس لە کۆمارە ساواکەی عیراق دەکا لە ئەنجامی کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا، کۆمەڵە ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان نەمام بوون تازە سەریان دەرهێنا بوو، قوتابیانی گوندەکان وەک شەتڵ وا بوون. جووتیارانیش لەوە دەترسان دیوەخانەکان وەکو جارانی لێ بێتەوە. ئەمە پێشبینییێکی هونەروەرانە بوو مارف بەرزنجی لەم چیرۆکەدا خستییە ڕوو. بەڵام لە دواییدا کۆماری تازە نەمام وا ویران کرا لە مێژووی میللەتانا کەم کارەساتی وا ڕووی داوە یەکێ لەوان مارف بەرزنجی و شێخ حوسێن بەرزنجی برای لە سێدارە دران.

جەژنێکی شادی

نووسەر ئیلهامی ئەم چیرۆکەی لە بەسەرهاتی ژیانی گرتووخانەی بەغدای وەرگرتووە. وێنەی داهێنراوی لە واقیع وەرگرتووە و خەیاڵبازی تێدا کردووە و لەوەوە ڕووداوێکی تازەی دروست کردووە. ئەم بیروڕایە دەتوانرێ لە ڕستەی «هەژاران زوو نامرن... نامرن...» بەمانای ئەوەی هەزاران میر و شا بەڕێ دەکەن کەچی خۆیان نامرن.

سەرلەبەیانی نەورۆزێک

ئەم چیرۆکە بیری باوکێکە بەراووردی ژیانی سادە و ساکاری سەردەمی ڕابردوو دەکا کە نە کارەبا هەبوو نە ئۆتۆمۆبیل، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی شاد و دۆست بوون، بەڵام کە کارەبا و ڕادیۆ و سینەما پەیدابوون هەموو کەسێک دڵ تەنگ و شپرزەیە.

دنیا چڕوپڕ و هەڵڵایە. ئەوسا باغەکان تەنیا بۆ خواردن بوون، ناوی فرۆشتن نەبوو، ئێستا هەرچی میوەی باشە بۆ فرۆشتنە و ڕەزای میوان گران بووە کە جاران زۆر ڕەزا سووک بوو. دنیای ئێستا چاولێکەری و چاوچوینی و خەفەتە. بێجگە لەمانەش سەرباز یاساغ و قەدەغە و ناو نووسین و گرتن و خەفیە وا زۆربوون ژیانیان تاڵ کردووە. کوڕە لاوەکە تێی دەگەیەنی مەسەلە کارەبا نییە. هیچ وەختێک قوتیلەی نەوت لە کارەبا خۆشتر نییە، بەڵام مەسەلە ئیستیعمار و دەست و پێوەندییەتی کە نایەڵن خۆشی لە شتی خۆش وەربگرین. بەئازار و گرتن و یاساغ و ڕاونان و خەفیە ژیانیان تاڵ کردووین.

شانۆگەری

بەرهەمی ئەدەبی مارف بەرزنجی دوو کورتە چیرۆکی شانۆگەری دەور دەکاتەوە: «زەوی زەوی خۆمانە» و «کۆمیدیا ئادەم و هارووت».

زەوی زەوی خۆمانە

چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە چوار پەردە پێکهاتووە. ناوەڕۆکی بریتییە لە خەباتی ڕەنجبەرێک لە دژی بەگزادەیێکی دەسەڵاتداری سەر بەحوکوومەت. کابرایێکی درۆزن و تەڵاق خۆر و دەردەدارە، نەخۆشیی دڵ و گورچیلەی هەیە.

کۆمیدیای ئادەم و هارووت

ئەم شانۆگەرییە لە یەک پەردە پێکهاتووە، بریتییە لە دیالۆجێکی فەلسەفی لە نێوان خودا (کردگار) و هارووت. لە ئەفسانەی ئایینە کۆنەکانی میللەتانی سامی ناوی دوو فریشتە «هارووت و ماڕووت» هاتووە. لە کاتێکدا کردگار فەرمانی دەرکردووە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەربکرێن بۆ سەر زەوی، دوو فریشتەی هارووت و ماڕووتیش بنێرێتە ئەوێ. ئەمانە تکا لە کردگار دەکەن ئەم کارە نەکا، چونکە ئەوان لە ڕووناکی (نوور) دروست کراون، کەچی ئادەم و حەوا لە قوڕ. بەڵام بۆیان ناکرێ بەقسەی کردگار نەکەن. ناچار دێنە سەر ئەرز و لە فەرمانی خودا دەردەچن، ناکۆکی و ئاژاوە دەنێنەوە. کردگار ناچار دەبێ لە بیرێکدا لە وڵاتی بابل هەرەسیان پێ بێنێ و لە ناویان ببا.

مارف بەرزنجی دیالۆجێکی فەلسەفی دروست کردووە لە نێوان خودا و هارووت. شێوازی سیمبۆلی بەکارهێناوە، پەردەیێکی ڕۆمانتیکی بەسەردا گرتووە. نووسەر ئادەم و حەوا، واتە مرۆڤایەتی کردووە بەهێزی چاکە و هارووت و ماڕووتی کردووە بەهێزی خراپە. ئەم دوو هێزە لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە بەرامبەر بەیەکتری چوونەتە مەیدان و تا ئێستا کێشەکەیان نەگەیشتۆتە ئەنجام.

«ئەلف» و «یێ»

«ئەلف» و «یێ» پرۆژەیێکی ئەدەبی گرنگ بوو مارف بەرزنجی بەتەما بوو لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری «شەفەق» بیگەیەنەتە ئەنجام، لەم بابەتەوە خۆی دەڵێ «لە ئەلفەوە تا یێ هەموو شتێکی لێ پێک دێ، نامانەوێ هەر بەووتن بێ، بەڵکو کردارمان ئەوێ، لەم دەرگایەوە لە گیروگرفتی ژیانمان ئەدوێین». پرۆژەکە ئەوە بوو لە هەر تیپێکی ئەلفوبێی کوردی چەند ووشەیێک هەڵبژێرێ و بیکا بەوتارێکی کورت و ناوەڕۆکی هەموو ووتارەکان خەریکی هەموو لایەنێکی ژیان بێ و بەشێوازێکی ئەدەبی و هونەری دەریان ببڕێ. ئەم جۆرە داهێنانە ئەدەبییە بابەتێکی تازە و تایبەتی بوو لە ئەدەبی کوردیدا.

نووسەر لە ژمارە یەکەمی شەفەقەوە خەریکی ئەم گۆشەیە بوو تا ژمارە حەوتەم. بەرپابوونی کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی بەغدا بووە هۆی ئەوەی بۆی تەواو نەکرێ. لە نووسینەکەیدا لە تیپی ئەلفەوە دەستی پێ

کرد تاکو تیپی ژێ. ئەو وشانەی بوون بەبەڵگەی تیپەکانی «ئە – تا – ژ» ئەمانە بوون: ئاو، ئاگر، بابەگورگوڕ، برادەر، پێ، پیاو، ترس، جیاوازی، جەژن، چەرمگە (چاڵکەی ڕۆمی)، حوکوومەت، خەبات، دەرد، دەرمان، دەستی بێگانە، ڕێگا، زەوی، ژن.

نامەکانی

مارف بەرزنجی دەستێکی باڵای هەبوو لە نووسینی نامەی ئەدەبی، ئەو بەهرەیەی لەو کاتەدا دۆزرایەوە لە ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦١ لە گرتووخانەی بەغداوە پێنج نامەی بۆ نووسەری ئەم کتێبە ناردووە لەودەمەی کە قوتابیی خوێندنی باڵا بوو لە مۆسکۆ و سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا). نامەکان لەوە دەرچوون تەنیا ڕەنگدانەوەی سۆزی قووڵی دوو هاوڕێی خۆشەویست بن، بەڵکو بوون بەبەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراو لە ئەدەبی نەتەوەکانی گێتیدا بەچاوێکی بەرز تەماشا دەکرێن و بە بەرهەمێکی بەکەڵک لە قەڵەم دەدرێن.

ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

جگە لە داهێنانی ئەدەبی بەشیعر و پەخشان مارف بەرزنجی لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە بایەخی بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە. لەم لایەنەوە بەتوانا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو لەو سەردەمەدا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کورد پێویستی بەداهێنان بوو لە مەیدانی پەخشاندا. واتە چیرۆک و ڕۆمان. بۆ ئەم مەبەسە پرۆژەی نووسینەوەی ڕۆمانی دانابوو هەندێکی لێ نووسیبووەوە بەڵام تەواوی نەکردبوو. ئەوەی نووسرابووەوە ئەم دەست و ئەو دەستی کرد و لە ئەنجامدا ون بوو.

مارف بەرزنجی لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا نووسینی هەیە، بەڵام زۆر نییە. هەندێکیان لە گۆوارەکاندا بەم ناوانە بڵاوکراونەتەوە: «کامەران و دیارییەکەی»، «بووکی پەردە» و «شانۆی کوردستان»، «دوو شانۆگەری عەبدولڕەزاق بیمار»، وتاری «کۆن و تازەیی لە شیعرا»، وتاری «گۆرانی دووبارە نەمر»، «ئەرکی سەرشانی ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان» و هی دیکە.

***

مـارف بەرزنجـی لە دوو لاوە دیاردەیێکی گـرنگ بـوو لە کـۆمـەڵـی کـوردەواریدا، یەکەمیان وەک مرۆڤ و دووەمیان وەک نووسـەر. مرۆڤێک بوو لە واقیعی خۆی وەک ئادەمزاد گەیشتبـوو، وەک نووسـەرێک ئەوەندە بێ فـیز بـوو، هەمیشـە دەیووت من هیچی لێ دەزانم! لە کەسێتی خۆیەوە دەستـی بەشۆڕش کردبوو. کوڕی شێخێکی خـاوەن تەریـقـەتی دەروێشی و خـاوەن جێگە و ڕێگەی کۆمـەڵایەتی بـوو، بەڵام پێی خۆش نەبوو شێخی پێ بڵێن، لە مارف بەرزنجی بەولاوە خۆی بەهیچ شتێکی دیکە حـسـێب نەدەکـرد. لە ناو ڕۆشـنـبـیـری کورد و هـەمـوو خـەڵکی ڕۆژهـەلات، ئەگـەر کەسێک هەڵەیێکی کردبێ کـەس گوێی لەوە نەبوو بێ دان بەو هەڵەیەدا بنێ. مارف بەرزنجی دەڵێ سـاڵێکیـان لە خـوو و ڕەوشـتـی خـۆم وەرگەڕام، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن خـەریکـی خـۆم بم چۆن دەوڵەمـەند بم، بەڵام زوو هـوشـیـار بوومـەوە. ئەگـەر مـارف بەرزنجی لەگـەڵ خـۆی و لەگەڵ کورد و لەگەڵ هەمـوو مـرۆڤـایـەتی ڕاسـتگۆ نەبوایە پاڵەوانانە پێشوازی مەرگی نەدەکرد.

مـارف بەرزنجـی نووسـەر و شـاعـیـر نموونەی ڕۆشـنـبـیـری هـاوچەرخی کـۆمـەڵـی کـــوردەواری بوو. کـــولـتــووری ڕۆژهـەلات و ڕۆژئـاوای کـــۆ کـــردبـووەوە و تێکەڵ بەکـولـتـووری نەتەوەیی کـورد کـردبوو و کولـتـوورێکی تازەی لێ دروست کـردبوو، لەگەڵ هیوا و ئامانجی سـەردەمی کورد بگونجێ.

بەرهـەمـی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخسـار و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە. نموونەی شـیـعری کلاسیکی ڕەندە، ئەوەی خـۆماڵی و شـیـعری نوێی بەرزە. چیرۆکی بالایە، ئەلف و یێ و نامەکانی دیاردەی تازەن لە ئەدەبی کوردیدا.



موحەڕەم محەمەد ئەمین

بەشی سی و یەکەم

موحەڕەم محەمەد ئەمین

١٩٢١ – ١٩٨٠

ژیانی

موحەڕەم محەمەد ئەمین یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی نەوەی تازە کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا هاتنە ناو مەیدانی ئەدەبی کوردییەوە. نووسەر لەساڵی ١٩٢١ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەر لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ لە کۆلێجی ماف (حوقووق)ی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام زوو لەبەر هەندێ هۆی سیاسی نەیتوانیوە لەسەر خوێندن بەردەوام بێ. ئیتر بووە بەمووچەخۆری میری و گوزەرانی لەسەر ئەوە بووە. لە ژیانی مووچەخۆریدا لە کارگێڕی ئازووقە (تەموین) و پەروەردە و نامەخانەی گشتیی سلێمانی و قەلاچۆکردنی مەلاریا و شارەوانی و هی دیکە کاری کردووە.

نووسەر دەوری لە ڕۆژنامەگەری ئەدەبی کوردیدا بووە، لە ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦١ بەشداری لە دەستەی نووسەرانی کۆواری ئەدەبی مانگانەی «ڕۆژی نوێ» کردووە، هەندێ بەرهەمی تێدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها لە زۆربەی ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە و نووسینەکانی بۆنی ئازادی و سەربەستییان لێ دێ.

موحەڕەم محەمەد ئەمین کەسێکی کڕ و بێ دەنگ بوو، بەڵام لە ناوەوەی خۆی هوشیار بوو. گیانی نەتەوەپەرستی و ئازادیی بیروڕا لە لای بەهێز بوو. کاری مووچەخۆری تەنیا بۆ بەسەربردنی گوزەرانی ماڵەوەی بوو لە ڕووی دارایییەوە، دڵسۆزی کاری ئەدەبی خۆی بوو و کاتی بۆ تەرخان کردبوو. نووسەر لە ٢٣ی ئاغستۆسی ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی مەڵبەندی لە دایکبوون و ژیانی کۆچی دوایی کردووە.

نووسەر لە تافی لاویدا هەردوو تای لەنگەری تەرازووی ژیانی یەکسان بوو، تایێکی کۆڕی تێکۆشان و جوولانەوەی سیاسی بووە، لەم ڕێیەدا سزای چەشتووە و خراوەتە بەندیخانەوە. تایەکەی دیکەی قەڵەم و داهێنانی ئەدەبی و نووسینی بەکەڵک بووە. هەر لە سەردەمی قوتابیەتیدا مەیلێکی تەواوی بووە لە خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان، ئەمە ڕێگەی بۆ نووسەر خۆش کردووە ڕوو بکاتە چیرۆک نووسین.

قارەمانی چیرۆکەکانی موحەڕەم محەمەد ئەمین نوێنەری هەژار و بێ دەرامەت و بێ دەسەلاتی ناو کۆمەڵن. لەمانە چیرۆکی «مام هۆمەر». کە ئەمە ناوی کۆڵهەڵگرێکی هەژارە هەندێ تەنگوچەڵەمەی کۆمەلایەتی بەشێوازێکی ساکار دەخاتە ڕوو. ئەم چیرۆکە ڕەنگە بۆ کۆمەڵێکی پێشکەوتوو لە پلەی هونەرێکی بەرزدا نەبێ، بەلام بۆ کۆمەڵی کوردەواری کە تازە بابەتی چیرۆک لە ئەدەبیدا پەیدا بووبوو دەوری هەیە. کۆڵهەڵگرێکی هەژار ئەگەر ڕۆژێک کار نەکا نان نابێ بیخوا. لەبەرئەوە مام هۆمەر ناچار بوو دزی بکا. جارێکیان لێی ئاشکرا دەبێ، سێ مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە، لەو ماوەیەدا خێزانی بەناچاری لەشی خۆی دەفرۆشی بۆ ئەوەی نانی منداڵەکانی دابین بکا.

لە دوای بلاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە نووسەر پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆیەوە دی لە نووسینی چیرۆکدا. لە ساڵی ١٩٥٧دا نووسەر دوو چیرۆکی «سەیرانێک لە ئەزمڕ» و «زیندووی مردوو»ی لە کتێبێکدا بلاوکردەوە بەناوی «گۆمی شڵەقاو»ەوە. چیرۆکی سەیرانێک لە ئەزمڕ نموونەی وەستایەتی نووسەرەکەیەتی. قارەمانەکان لاوی بێکاری ناو شارن. کاری تایبەتییان نییە، هەرچی کارێکی هەبێ دەیکەن، لەگەڵ دەست کورتی و هەژاریدا لە گیانی گاڵتەوگەپ و قۆشمەیی دوور نین، هەندێ جار وا دەکەونە بەرچاو بەتەنگ ژیانەوە نەبن، بیر لە ئەمڕۆ دەکەنەوە و لایان وایە بۆ سبەینێ خودا کەریمە.

موحەڕەم محەمەد ئەمین لە چیرۆکەکانیدا هەوڵ دەدا ڕووی ڕاستەقینەی ڕەنجبەر و کرێکاران بخاتە ڕوو، بەوەی هەمیشە لە ژیانی بێکاری و نەبوونی ئیش دەترسن. بەگشتی چیرۆکەکانی ڕەخنە لە ناهەمواری کۆمەلایەتی و نەبوونی یەکسانی دەگرن.

توانای نووسەر لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا زیاتر کەوتە ڕوو. هەرچەندە زمان و شێواز و پێویستییەکانی چیرۆک لە لای نووسەر بەهێز بوون، بەڵام ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی دەتوانرێ هی چیرۆکنووسەکانی دیکەی ئەو ڕۆژگارەش بەدیاردەیێکی سیاسی ڕۆژانە دابنرێ. ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەو سەردەمە بوو بەپرووپاگەندە بۆ کوودیتاکە. لە لای موحەڕەم محەمەد ئەمین بەجوانی و ڕێکی ڕەنگیان لە چیرۆکی «ڕێگەی ئازادی» (١٩٥٩) داوەتەوە. لێرەدا نووسەر دەسەڵاتی کۆمەڵی دەوری مەلیکی پێش ١٩٥٨ تاوانبار دەکا بەوەی بۆتە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵ، ئەوەی خەڵکی دەڕووتاندەوە بۆ چاکەی کاربەدەستە دەوڵەمەندەکان و وڵاتانی بێگانەی دەرەوە. هەروەها نووسەر ئەو هۆیانە دەخاتە ڕوو کە بوون بەپاڵپشت بۆ سەرکەوتنی کوودیتا سوپاییەکە.

لە قۆناغی ژیانی ئەدەبیدا موحەڕەم محەمەد ئەمین دوو ڕێچکەی گرتبوو، یەکەمیان بەردەوام بوو لەسەر چیرۆک نووسین و لەو ماوەیەدا چیرۆکی «گردی شەهیدان» (١٩٥٨) و کۆمەڵە چیرۆکی «ئادەمزاد» (١٩٦٩)ی بڵاوکردەوە. دووەمیان خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی دەکرد لە ڕێگەی وەرگێڕان لە زمانانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی. لەمەشدا نووسەر بابەتی هەمەجۆری هەڵدەبژارد لەمانە چیرۆکی «یادی گۆڕستانەکە»ی نووسەری ڕووس دەستۆیێڤسکی. هەروەها بابەتی مێژوویی و فەلسەفی و ماف و کۆمەڵایەتی، بەمە بەڕاستی بەشدارییێکی بەهێزی دەکرد لە دەوڵەمەندکردنی نامەخانەی کوردی، بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەدا وەرگێڕان دەوری گرنگی هەبوو، چونکە هەموو توانایێکی داهێنانی ئەدەبی و هونەری لەو کاتەدا تەرخان کرابوو بۆ پرووپاگەندە لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی کوودیتا سوپاییەکە، بۆیە وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەکوودیتا و شۆڕشەوە نەبوو، نرخێکی تایبەتییان هەبوو لە ڕۆشنبیری کوردیدا.

زانینی زمانی کوردی و خۆ پەروەردەکردن لە خوێندەواری کوردیدا لە لای موحەڕەم محەمەد ئەمین وەکو زۆربەی نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی دیکە لە خۆیانەوە بووە، واتە خۆیان خۆیانیان فێر کردووە. خوێندنی ڕێکوپێکی قوتابخانەیی لەو ڕۆژگارەدا بەزمانی کوردی نەبووە، لە هیچ لایێکی کوردستاندا

دامـودەسگای زانیـاری و زانسـتی نەبووە بـۆ فـێـربوون و لێكۆڵینەوە لە سـامـانی نەتەوەیی کورد. ئەوە هـەبوو لە هـەندێ وڵاتانی ئەوروپا لە دەسگا زانستییەکانیاندا لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسیدا کولتوور و خوێندەواری کوردی پارێزرا بوو.

زمانی نووسـینی موحـەڕەم محـەمـەد ئەمین بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئاسان و بێ گرێ و مـانا لە ڕووە. لاکۆنیـزم واتە کورتی و وردی لە دەربڕینـی بیر لە نووسـینیدا دیارە. نـووسـەر بەتـوانا بوو لە دۆزینـەوەی شـتـی تازە، ڕێگـەی تازە، بەم پێـیـە لە دواڕۆژدا گـۆڕانی تێـدا دیار بوو. لەگـەڵ ئـەوەشـدا نووسـینی بـەقـەوارە لەگـەڵ تەمـەنیـدا ڕێک ناکـەون، واتە کـەمـتـرن، ئـەمـەش وەنەبی تایبـەتی بێ بـەموحـەڕەم مـحـەمـەد ئەمین، بەڵکو ئـەمـە سـیـفـەتی زۆربەی داهێنـەرانی کوردە لە شـاعیـر و نووسـەران. هۆی ئەمـە بـێ گـومـان ڕەنگدانەوەی سـەخـتـی ژیان و نارێکی باری سـیـاسی کـۆمـەڵە. هـەندێ جـاریش زانست و زانیـاری و هونەر و ئەدەب دەکـەونە مەترسـییەوە لە هـەمـوو پارچەکانی کوردسـتاندا، وەکو ئـەم دیاردەیە لە ناوەڕاستی شـەسـتـەکانی سـەدەی بیـسـتـەم (١٩٦٣ – ١٩٦٧) لە کـوردسـتـانی عیـراق کـەوتە ناوەوە.

سـەرجەمی بەرهـەمی مـوحەڕەم مـحـەمـەدئەمین پێویسـتییـان بەکۆکردنەوە هـەیە، پێویستە ئەوەش بزانرێ بەرهـەمی وای هـەیە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.



هێمن

بەشی سی و دووەم

هێمن

١٩٢١ – ١٩٨٦

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

ژیانی

محەمەدئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخەلئیسلامی موکری لە ساڵی ١٩٢١ لە گوندی لاچین لە نزیک مەهاباد (ساباڵغ) لە دایک بووە. لە دواییدا بەهۆی «کۆمەڵەی ژ. ک.»ەوە «هێمن» بووە بەناوی نهێنی بۆی و لە پاشانا وەک نازناوی شیعری بەکاری هێناوە، ئینجا لە ناو خەڵکدا بەم ناوەوە ناسراوە.

هێمن لە بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو پەروەردە بووە. سەرەتای خوێندنی ئەلفوبێی لای عەبدوڵڵای مستەوفی (سەعید ناکام) بووە. لە پاشانا لە گوندەوە ناردوویانەتە مەهاباد بۆ خوێندن لە قوتابخانەی سەعادەت. چوار ساڵ لەم قوتابخانەیەدا بەفارسی خوێندوویەتی، هاوینان لە ماڵەوە لە گوند بەردەوامی خوێندن بووە. لە پاشانا وازی لە قوتابخانە هێناوە و چۆتە حوجرەی خانەقای شێخی بورهانی لەمەڕ خۆیان. چوار ساڵیش لەوێ خوێندنی بردۆتە سەر.

لە ساڵی ١٩٣٨ دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە، دەوڵەمەندی ماڵی باوکی وەکو جاران نەبووە، بۆیە دەستی بەکار و کاسبی کردووە. لە کاروباری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات لێزان بووە، لەبەرئەوە کە لە ساڵی ١٩٤١ دەستی داوەتە ئەم کارە سەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نزیکەوە ئاگاداری نێوەندی ئەدەبی و

ڕۆشنبیریش بووە. لە ساڵی ١٩٤٢ کە کۆمەڵەی نهێنیی «ژ. ک.» دامەزراوە، هێمن بووە بەئەندام، ناوی نهێنی «هێمن» و ژمارەی ئەندامیەتی «٥٥» بووە.

لە ساڵی ١٩٤٦ کچی خاڵیان بۆ هێناوە بەبێ ئەوەی چاوی پێی بکەوێ. هەرچەندە لە سەرەتادا بەدڵی نەبووە بەڵام لە پاشانا خۆشیویستووە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی، لە مەڵبەندی خۆی دوور دەکەوێتەوە و سنوور دەبڕێ و خۆی دەگەیەنێتە قەڵادزە، ماوەیێک لە مزگەوتێکدا بەنهێنی دەژی، لە دواییدا کە سیاسەتی دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر بەکورد هەندێ نەرم دەبێ و بڕیاری لێبووردن لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ عەشرەتەکان دەردەکا، هێمن دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و دەست دەکاتەوە بەکاسبی و بایەخدان بەشیعر و ئەدەب، هەروەها تا ساڵی ١٩٦٥ لە ژیانی سیاسیشەوە دوور نەبووە.

لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ ئەوەی گوزەرانی باش بووە و دەست ڕۆیشتوو بووە لە ڕووی داراییەوە، بەڵام نەیتوانیوە بەرهەڵستی دەستدرێژی دەسەڵاتی شای ئێران بکا بەرامبەر بەکورد، ناچار بووە سەری خۆی هەڵگرتووە و پەنای بردۆتە بەر کوردستانی عیراق. لەو دەمەدا بەشێکی زۆر لە ناوچە شاخاوییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی چەکداری شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بوون. هێمن لە ناوچەی حاجی ئۆمەران میوانی شۆڕش بوو.

لە دوای بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ هێمن توانی بەئازادی لە هەموو عیراقدا بسووڕێتەوە. گەشتی شارەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی کرد. لە پاشانا لە بەغدا نیشتەجێ بوو لەگەڵ پەنابەرە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئەو کاتە مەڵبەندی لیجنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بەغدا بوو، لە ڕیزی ئەواندا کاری دەکرد. جموجۆڵی حیزبییان هەبوو، ڕۆژنامە و چاپەمەنی دیکەیان دەردەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ کارەساتی ڕووخانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هێمن لە بەغدا تووشی نەخۆشیی مێشک بوو، ماوەیێکی زۆر لە نەخۆشخانە مایەوە. هەر لەو ساڵەشەوە ئەگەرچی پێوەندی ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا وەکو خۆی مایەوە، بەڵام هەرچۆنێ بێ کاری کردبووە سەر جموجۆڵییان. ئیتر هێمن لەگەڵ هاوڕێکانی تا کوودیتا ئیسلامییەکەی خومەینی لە کوردستانی

عیراق مایەوە، ئینجا گەڕایەوە مەهاباد. ماوەیێک لە کۆواری «سروە»ی کوردی لە ورمێ کاری کرد، تا لە ڕۆژی۱۷ی نیسانی ۱۹۸٦ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەهاباد نێژراوە.

شیعری

هێمن لە منداڵییەوە شیعری وتووە، ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە دۆستی شیعر بووە و کاری لێ کردووە. بەهرەی خۆڕسک لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر بووە، شیعری بۆ خۆی نووسیوە، لە تەمەنێکی هەراش لە ساڵی ۱۹٤۲ یەکەمین شیعری «کوردم ئەمن» لە کۆواری «نیشتمان»ی کۆمەڵەی «ژ. ک.» بڵاوکراوەتەوە.

ماوەی منداڵی لە گوند بردۆتە سەر و عەیامێکیش لە مەهاباد (سابڵاغ) ژیاوە، ئەم شارۆچکەیەش لە گوندەوە نزیکتر بووە نەوەکو لە شاری گەورە. لەبەرئەوە فەرهەنگی زمانی کوردی دەشت و دەر و ناوچە کشتوکاڵییەکان لە لای هێمن دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بووە لە فەرهەنگی زمانی ناو شار. ئەم دیاردەیە لە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا لە شیعر و پەخشان ڕەنگیان داوەتەوە. ئەگەر ئەمە لە شیعردا کەڵکی بووبێ لە پەخشاندا بەگشتی ئەوە نەبووە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

شیعری بەحری عەرووزی لە دیوانی هێمندا کەم نییە، بەڵام ئەو بەحرانەی لە کێشی شیعریدا بەکاری هێناون زۆر نین. سێ بەحری بەکارهێناوە هەزەج و ڕەمەل و خەفیف. وەکو دیارە ئەم بەحرانە لە کێشە سووک و ڕەوانەکانی عەرووزن و لە کێشی سیلابی خۆماڵییەوە نزیکن.

لە قافیەی شیعرە عەرووزییەکانیدا ئەم دەنگانەی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە: ا ت د ر م ن (ە — ــە) ۆ ی ێ. پاش قافیەی هەیە، ئەو وشانەی بۆ ئەم مەبەسە بەکاری هێناون ئەمانەن: ئەمن، من، تۆ، کورد، نەبێ، کەم (بکەم)، هەڵاتم، دەگریم، نابێ، تر (دیکە)، دەوێ، چبکەم، دەکەم.

جگە لە یەکێتیی لە شیعرە عەرووزییەکانیدا جووت قافیە (مەسنەوی)شی بەکار هێناوە. لە هونەرەکانی شیعری عەرووزی بایەخی بەپارچەی کورت (لیریک) داوە. قەسیدەی کەمە، چەند پارچە قەسیدەی پێنجین لە دیوانیدا بەرچاو دەکەون لەسەر

قافیەی (ا ا ا ب) و (ا ا ب ب) ڕێکخراون.

زۆرینەی شیعری هێمن لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی هۆنراونەتەوە. کێشی دە بڕگەیی لەم جۆرە شیعرەدا زاڵە بەسەر کێشەکانی دیکە. هەندێ کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەییشی هەیە، لەمانەدا بەگشتی قافیەی مەسنەوی (ا ا ب ب جـ جـ...) و (ا ب جـ ب)ی بەکارهێناوە. جگە لەوە هەندێ شیعری لەسەر دوو کێش داناوە، جاری وا هەیە تێکەڵ بەیەکتری دەبن بەتایبەتی ئەگەر کێشەکان لە ژمارەی بڕگە لە یەکترییەوە نزیک بن، وەکو بەکارهێنانی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی لە شیعرێکدا.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

هێمن لەو ڕۆژەوە خۆی ناسیوە هەستی بەجوانی سروشت و ژن کردووە، لە پاشانا خۆشەویستی نیشتمان گەیشتۆتە پلەی ئەو دڵدارییە. هەرسێ جەوهەری ژن و سروشت و کوردایەتی لە بەرهەمیدا دیارە. زۆرجار تێکەڵی کردوون و هەندێ جاریش شیعری تایبەتی بۆ داناون. بەم جۆرە هێمن دەچێتە ناو بازنەی ئەو شاعیرانەی ژیانی ئادەمزاد بەهەموو لایەنەکانییەوە لە بەرهەمیاندا ڕەنگیان داوەتەوە، جا ئەم لایەنانە گرنگتر و گرنگترینیان نییە، بەڵام ئەوە هەیە ئەو لایەنانەی کاریان لە شیعری هێمن کردووە لەگەڵ سەردەمی ژیانیدا ڕێک دەکەون، بەتایبەتی لایەنی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری. بەم ڕەنگە بەهەناسەیێکی هونەری توانیویەتی شیعری بکا بەسەرچاوەیێکی گرنگ بۆ چاندنی سۆزی نیشتمانپەروەری لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکدا.

هێمن سیاسەتی کردووە، چۆتە ناو ڕێکخراوی سیاسی نهێنییەوە، بەڵام بەوەی باش بووە شیعری نەکردووە بەپڕوپاگەندە بۆ حیزب. خۆ ئەگەر لە بنچدا حیزبایەتی نەکردایە باشتر بوو، چونکە هێمن شاعیر و نیشتمانپەروەر بوو، لە سیاسەتدا لەو هوشیارانە نەبوو ببێ بەئەندام لە دەستەی هەرە باڵای ڕێکخراوی سیاسی.

هێمن جگە لە شیعری لیریکی، چیرۆکی شیعری (پۆیێمی) فۆلکلۆر ئامێزی هەیە، واتە بەیتی ئەدەبی میللی. بەشێک لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی چیرۆکی شیعری ئەمانەن:

١- ناڵەی جودایی: لە زیاتر لە سەد دێڕە شیعر پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٧٤ لەو کاتەی لە بەغدا بووە هۆنیویەتییەوە، شێوازێکی سیمبۆلییانەی بەکارهێناوە ڕەنگدانەوەی دڵ و دەروونی شێواویەتی لە ئەنجامی تێکچوونی نێوان دەسەڵاتی بەغدا و شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ. لەو شیعرەدا موناجات لەگەڵ مەیگێڕ دەکا، بۆ ئەوەی سەرخۆشی بکا تا بتوانێ ئەوەی لە دڵی دایە هەڵیرێژێ.

٢- ئێوارەی پاییز: قەسیدەیێکی درێژە لە ٣٦ چوارین پێکهاتووە (١٥٦ نیوە دێڕ شیعر)، ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا نووسراوەتەوە ئیلهامی لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عیراقدا وەرگرتووە. هێمن لەم شیعرەدا ڕەشبینە، ڕۆژگار ناو دەروونی هەڵتەکاندووە لە حەژمەت ئەوەی لە ژێر ئازاری دوژمنان دەتلێتەوە. پاییز لە لای شاعیر بووە بەبەڵگەی لەناوچوون. لەم شیعرەدا هێمن وێنەی زۆر پیشانی خوێنەر دەدا، وەکو کوندەبوو، بێوەژن، برا کوژراو، خوشک هەتک کراو... هتد. سروشتیش هەمووی هەورەتریشقە و بوومەلەرزە و هەرەس هێنانە، ژنانیش ئەوەی ماون پیشەیان واوەیلا و سنگ کوتانە، لە قوڕ دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیکەن بەسەریانا.

٣- سووری دەوران: چیرۆکێکی شیعری درێژە لە زیاتر لە (٣٠٠) دێڕە شیعر پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٧٨ نووسراوەتەوە. سەرچاوەی ئەم کارە ئەدەبییە لە بەیتی فۆلکلۆری میللیدا هاتووە. ڕووداوی ساکارە، هێمنیش فۆلکلۆرییانە دایڕشتۆتەوە. کوڕێکی ڕەنجبەر و کچی میر پەیمانی دڵداری لەگەڵ یەکتریدا دەبەستن، لە ئەنجامدا دەکوژرێن. شاعیر ڕووداوی تازەی بۆ بەسەرهاتەکە دروست کردووە. هەوڵی داوە دڵداری ئەم دوو کەسە بخاتە قاڵبی سۆفیزمەوە و بە بەسەرهاتەکەی شێخی سەنعانی گرێ بدا. لەم شیعرەدا دەیەوێ بڵێ «دڵداری بەهێزترە»، مەسەلەی دەوڵەمەندی و هەژاری ڕەت کردۆتەوە، بەهەموو جۆرێ ئەم بابەتە بەرهەمەی هێمن دەچێتە ناو ئەدەبی میللیی نووسراوەوە.

پەخشانی

گیانی شاعیری لە هێمندا خوڕسکە، لەگەڵ ئەویشدا کوردی زان و پەخشان نووسێکی دیارە. شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. زیاتر لە وتارە هونەری و

ڕۆمانتیکییەکانیدا دەردەکەوێ، دەستێکی باڵای لەمەدا هەیە چونکە فەرهەنگی وشە و زاراوە لە لای دەوڵەمەندە بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەئەدەب و هونەر و ژیانی گوندایەتی و کشتوکاڵەوە هەیە. لە فەرهەنگی وشە و زاراوەی زانستییە پراکتیکییەکاندا کزە، چونکە مەشقی ئەو جۆرە خوێندەوارییە لە کوردستانی ئێراندا نەبووە. ڕۆژێ لە ڕۆژان و تا ئێستاش کتێبێکی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستانی ئێران نەخوێندراوە.

بەگشتی بەرهەمی هێمن لە پەخشاندا لەم وێنانەی خوارەوە دەکەونە بەرچاو:

١- وتاری هونەری: نووسینی لەم بابەتەی هێمن بەرزە، کوردییەکەی پەتی و ڕەوانە، چونکە پێویستی بەوشە و زاراوەی زانستییە پراکتیکییەکانەوە نییە، دەکرێ ئەم جۆرە نووسینەی شاعیر لە پەخشاندا بەشێوازی شیعری بزانرێ، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا ئەوە باو بوو لە پێشەکی هەموو شیعرێکدا پارچە پەخشانێکی کورتیان دەنووسی.

٢- وتاری زانستی: کۆمەڵێک وتاری لە بابەت مێژووی ئەدەبی و کوردی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیە. نرخی ئەم وتارانە زیاتر لەوە دایە زانیاری بەکەڵکیان تێدایە لە بارەی مێژووی ژیانی شاعیران و مێژووی نووسینی هەندێ لە شیعرەکانیان و ڕووداوی نێوەندی ئەدەبی لە کوردستانی ئێران. بەڵام کە مەسەلە دێتە سەر ڕەخنە و دەربڕینی بیروڕا بەرامبەر بەشاعیر و خوێندەوار و ڕۆشنبیران بەرنامەیێکی زانستیی دیاریکراو لای هێمن نییە، هەروەها هەندێ لە بڕیار و بۆچوونەکانی سۆزی کەسێتی بەسەر بیری زانستیدا زاڵ دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا نرخی خۆیان هەیە وەک سەرچاوەیێک بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

٣- وتاری گشتی: لەم وتارانەیدا هێمن دەست لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و گوزەرانی خەڵکی و نایەکسانی لە کۆمەڵدا دەدا. ئەمانە بێ گومان زانیارییان تێدایە و بە سەرچاوە دەژمێررێن بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام خۆیان وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراو نانوێنن، یەکێتیی بابەتیان تێدا نییە، گەلێ جار هەردوو بابەتەکەی پێشوو «وتاری هونەری» و «وتاری زانستی» تێکەڵ بەیەکتری دەکا و لە پاشانا بابەتی لاوەکی دێنێتە ناوەوە، ئەم هەموو مەسەلانە بەیەکتری دەبەستێتەوە، وەک بەرهەمێکی سەربەخۆی مەبەس دیاریکراو

ناکەوێتە بەرچاو. ئەم جۆرە نووسینانەی زیاتر خزمەتی مێژووی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکەن.

نموونەی شیعری

دڵداری

١

لە غەزەلێکی بەناوی «ماچی شیرین» لە ساڵی ١٩٥٩ لە تەورێز نووسیویەتییەوە دەڵێ:

بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ
بەپیریش لەززەتی ئەم ماچە شیرینەم لە بیر ناچێ
بەسەد دوکتۆر و دەرمان و پەرستار ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لە دڵ ڕاچێ
دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ ئەو کچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بەمۆدەی تازە هەڵپاچێ
غەم و دەردی زەمانە پیری کردم ووشک و بێ زەوقم
کە شاعیر ووشک و بێ شۆر بوو لە ناو خەڵکی دەبێ لاچێ
لە گۆشەی بێکەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و غەمبارم
نییە باکم ئەگەر ماڵم بەجارێکی بەقوڕدا چێ
بەشی کوردێکی زانا لەم ووڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتویست بڵێ ڕەببی بەدەردی کوردی زانا چێ
لە ناو بازاڕی ئەوڕۆکەی ئەدەبدا شیعری تۆ (هێمن)
وەکو پووڵی چرووکە هیچ ڕەواجێکی نییە ناچێ

ناوەڕۆکی ئەم شیعرە دڵدارییە، لە وێنە و قاڵبی کلاسیکی شاعیر لای نەداوە. بەڵام لێرەش دەیەوێ کوردایەتی بکا لە ناو ئەو ماچەی بەمنداڵی ئەو کیژۆڵەیە داویەتییێ، دەیەوێ لە پاشانا ئەو کچە کە گەورە بوو ئەو ماچە بۆ شاعیر ببێ بەماچی دڵداری. ئینجا گلەیی لە چارەنووس دەکا بەوەی زانای کورد لە کۆمەڵی شێواودا نرخی نییە، بۆیە کەسیش گوێ لە شیعری هێمن ناگرێ.

٢

لە لیریکێکیدا بەناوی «کچی مەهاباد» لە ساڵی ١٩٤٧ نووسیویەتییەوە دەڵێ:

لە باری نازەنینی نەرم و نۆڵی دڵتەڕی شادی
لە چاوی بەد بەدوور بی ئەی کچی جوانی مەهابادی
لە جوانیدا لە پاکیدا نییە هاوتان و نازانم
فریشتەی ئاسمانی یانە پەروەردەی پەریزادی!
سەری کوڵمت گەشە هەروەک گوڵی کوێستانی کوردستان
لەبەر بەژنت دەبێ سەر دانوێنی خەڵفی شمشادی
دڵی سەد عاشقت کردە نیشانەی تیری موژگانت
کچی کوردی لە تیر ئاوێتنا مەعلوومە ئوستادی
بەشمشێری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لە کار بێنی کچیش بێ تۆرمەیی مادی
لە سوێیانت وەها دێوانە بووم چاوەمەستی خوێن شیرن
لە قەڕنی بیستەما ڕەنگە ڕەچاو کەم کاری فەرهادی
ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەسی بێگانەی و ئەمنیش
لە دووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەرد و داخی بێ مرادی
زەمانە (هێمن)ی تۆی وێڵی دەشت و چۆڵ و سەحرا کرد
فەرامۆشی مەفەرموو جاروبارە هەر بکە یادی

لەم شیعرەشدا هێمن سووره لەسەر ئەوەی بەشان و باهووی جوانی کچی کورد هەڵبلێ. ئەمجارەیان کچەکە کوردە و خەڵکی شاری مەهابادی خۆیەتی. شاعیر بەبێ یادی نیشتمان ناژی. ئەم شیعرەی لە کاتێکدا وتووە کە لە مەڵبەندی خۆی دوور کەوتۆتەوە و ڕای کردووە بۆ کوردستانی عیراق و ماوەیێک لە مزگەوتێکی قەڵادزە خۆی شاردۆتەوە. لە شیعرەکەدا دەیەوێ باس لە دوو شتی ناو دەروونی بکا. یەکەمیان دڵداری لەگەڵ کچی مەهابادی و دوور نییە خێزانی خۆی بێ چونکە لەمێژ نەبوو هێنابووی، دووەمیان یادی نیشتمان کە هەرگیز لە مێشکی ناچێتە دەرەوە.

٣

لە چوارینێکیدا بەناوی «دڵی شاعیر» لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا وتوویەتی:

دڵی شـــاعـیــر وەکــو ئاوێنە دەچێ
گــوڵەکــەم! تۆ دڵەکــەم مــەشکێنە
ڕاســتــە زۆر ناسکە ئەمما کە شکا
وەکـــو خـــەنجـــەر دەبڕێ ئاوێنە

شاعیر لەم چوارینەدا وێنەیێکی نوێی هونەری داهێناوە. دڵی وەک ئاوێنە وایە، بەڵام دلبـەر ئەگـەر ئەو دڵە بتـۆرێنێ، دەبێـتـە خـەنجـەر و ئاوێنەکـە دەبڕێ و دەیشکێنێ.

٤

لە چوارینێکی دیکەیدا بەناوی «بۆ کچە کوردێک» شاعیر دەڵێ:

کـچە کـوردێکی نەشـمـیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیێکە چوویە شاری
ئەگەر پێت خۆشە هـەروا بتپەرستم
نەکـەی لادەی لە دابی کـوردەواری

شاعیر ئەوەندە گیرۆدەی داب و نەریتی کوردەوارییە ڕوو دەکاتە کچە کورد و پێی دەڵێ، لە گوندەوە بۆ شار چووی، ئەگەر دەتەوێ لەسەر دڵداریی خۆم بمێنم، پێویستـە تۆ لە خـوو و ڕەوشـتی کـوردەواری دوور نەکـەویەوە و شـار ڕەوشـتت نەگۆڕێ.

٥

لە پارچە لیریکیکیدا بەناوی «سنوور» لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

ئەی ئەو کـەســەی دەتپـەرسـتم و لێم وونی
تۆ خـــودا نی تۆ خـــۆشـــەویســـتی منی

له ئاسمان نی تا ویت ڕانەگا دەستم
له قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم
تۆی له من وون کرد و منی له تۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور

ئەو کەسەی هێمن ئەو شیعرەی بۆ نووسیوه سەلاحی کوڕیەتی. ئەو کاته شاعیر له بەغدا بوو. بەهەر ڕێگەیێکی نهێنی بێ کوڕەکەی له شاری مەهابادەوه وێنەیێکی بۆ باوکی ناردبوو. ئەو ڕۆژه هێمن میوانی ماڵی نووسەری ئەم کتێبه بووه له بەغدا، هەر لەوێ له پشتی وێنەکه ئەم پارچه شیعرەی نووسییەوه و بەدیاری پێشکێشی نامەخانه و ئەرشیفی ئەو ماڵەی کردووه. ئەم شیعره پڕ له سۆز و هەست و نەستی باوکیەتی له خەیاڵی شاعیرێک هەڵقولاوه ڕۆژگارێکه له کوڕەکەی جیابۆتەوه. هۆی ئەو لێکدابڕانه ئاشکرا دەکا، هەردووکیان لەو کاتەدا (ساڵی ١٩٧٢) له نیشتمانی کورد دەژین که کوردستانه، بەڵام ئەو بسته زەوییەی دوژمن ناوی ناوه سنوور لێکیانی کردۆتەوه و هەریەکەیان سەر بەوڵاتێکن بەپێی ڕەوشتی نێودەوڵەتی بێگانەن و هەریەکەیان ناسنامەیێکی هەیه له یەکتری ناکەن.

کوردایەتی

١

یەکەمین شیعری هێمن بەناوی «کوردم ئەمن»ەوەیە:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت له دەس ئەم چەرخه سپڵه نابەزم مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر له برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانه ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من له زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییه
لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

هێمن ئەم شیعرەی لە گوندی شیلاناوێ لە ساڵی ١٩٤٢ وتووە و لە کۆواری «نیشتمان» بڵاوکراوەتەوە. لووتکەی بیروباوەڕی کوردایەتییە، باوەڕی بەشۆڕش هەیە، خۆی ئامادە کردووە بۆ خەبات، هیچ هێزێک ناتوانێ لەم بیروباوەڕەی بکا. لە ڕووی هونەرییەوە شیعرێکی بەرزە. جارێکی دیکەش ئەم شیعرە ئەو تیۆرییە هەڵەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ شاعیر وەک زانا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دانانی شیعر توانای زیاتر دەبێ. پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، هەموو شیعرێک بەرز بێ بەکامڵی لە دایک دەبێ. لە سەردەمی لاویەتی شاعیر بێ یا ڕۆژگاری پیری.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی«تۆم هەر لە بیرە» لەساڵی١٩٤٤ لە گوندەکەی خۆیان وتوویەتی:

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە
بەشەو تاکو بەسەرما زاڵ ئەبێ خەو
بەڕۆژ تاکو دووبارە دێتەوە شەو
لە کاتێکدا کە دەدوێنم ئەم و ئەو
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە
زەمانێکی کە دەچمە سەیری گوڵزار
لەگەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار
تەنانەت وەختی دەسبازی لەگەڵ یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە
لە کوێستانێ دەمی ڕاووشکارێ
لە مەزرایێ کە خۆم هەڵکرد لە کارێ
لە جێژوانێ کە دەگوشم مەمکی یارێ
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بەخاکی تۆ دەمی ئاویلکەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

لەم شیعرەدا هێمن دەیەوێ بڵێ تەنیا نیشتمانی خۆش ناوێ وەک هەوەسێک ناوە ناوە سەری لێ دەدا، بەڵکو هەمیشە لە بیریەتی لە هەموو دەمێکدا، لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا. لە شین و شایی، لە خۆشی و ناخۆشی، بەشەو و بەڕۆژ، لە سەیرانا، لە دەسبازی لەگەڵ یارا. بێ گومان لە ناو سەنگەریشدا هەر لە بیریەتی چونکە لەوێ بۆ نیشتمان دەجەنگێ.

٣

لە شیعری «ڕەق هەڵاتم» لە ساڵی ١٩٦٨ وتوویەتی:

من لە داخی خزمی خوێڕی و ئاشنای ئەحمەق هەڵاتم
من لە ترسی زاق و زووقی ئەمنیەی چاوزەق هەڵاتم
کوا بەخۆشی خۆم بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم
من لە ترسی زللە وو باتووم و دار و شەق هەڵاتم
هەر بەر پێیان و بەکۆمە کۆمە گەیمە ئەم وڵاتە
ڕەنگە پێت وابێ بەسواری مایەنی گوێ لەق هەڵاتم
(نۆکەری بێگانە ناکەم) هاتە جێ فەرمایشی خۆم
وا لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵاتم

هێمن ئەم شیعرەی لە کوردستانی عیراق وتووە، لەو کاتەی لە دەست تیرۆری شای ئێران پەنای بۆ شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق بردبوو لە ناوچەی حاجی ئۆمەران وەک پەنابەرێک میوانی شۆرش بوو.

باس لە ئاوارەیی خۆی دەکا. هەڵاتنی لەودیوی کوردستانەوە بۆ ئەمدیو، لە ترسی خزمی خراپ و تیرۆری دەسەڵاتی ئێران بوو. بەپێ سنووری دەسکردی بڕیوە تا خۆی ڕزگار کردووە. لێرەدا ئاماژە هەیە بۆ شیعرێکی خۆی کە دەڵێ «نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن»، بەم کارەی وەکو خۆی دەریبڕیوە

ئەو بەڵێنەی داویەتی بەهەر نرخێک بێ لەسەری دەڕوا.

٤

لە شیعرێکیدا بەناوی «ڕقی پیرۆز» لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا نووسیویەتی دەڵێ:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم
دەمکوژێ ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە ناتوێمەوە

ئەم شیعرە ئەستووری بیروباوەڕی کوردایەتی هێمنە، هێز نییە لە گێتیدا لە کوردایەتی بکا.

٥

لە شیعری «مەحکەمەی ئیستیقلال» لە ساڵی ١٩٤٣ هۆنیویەتییەوە بەناوی یادی لە سێدارەدانی شێخ عەبدولقادری نەهری لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری تورکیای خوێنڕێژ:

دوێ شەوێ گریام هەتا ڕۆژ پێت بڵێم بۆچی برا
مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال وەبیرم هاتەوە
ڕیزەیان بەستبوو لە پێش چاوی منا گشتی هەموو
ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بەسەد ئاواتەوە
پاک بەکفنێکی لە خوێنا شەتڵ و لێوێکی بەبار
پاک بەڕەنگێک و قیافێکی پەڕیوو و ماتەوە
هاتە گوێم لێکرا دەیان گوت: ئێمە کوژراین بێ خەتا
میللەتی کورد تا بەکەنگێ تۆڵەمان ناکاتەوە
من لەسەر لووتکەی بڵندی کێو لە حەق داوا دەکەم
تۆش بپاڕێوە جەنابی شێخ لەسەر ڕووی تاتەوە
بەڵکو ڕوحمێکی بکا پێمان خوداوەندی ڕەحیم
چیدیکە ژێردەس نەبین دیسان وەسەرمانخاتەوە

(هێــمن)ا پێت وا نەبێ یەزدانی بێ هاوالّ و فـــەرد
کــەیفــەری ئەم زوڵم و زۆرە بێ حــیــســاب ناداتەوە

هێمن و زۆربەی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری کوردستان لە هەر پارچەیێکی کوردستان بووبن هەمیشە کوردیان بەیەک میللەت داناوە و کوردستانە پارچە کراوەکەیان بەیەک نیشتمان ژماردووە. کارێکی ئاساییە شاعیری کوردی کوردستانی ئێران بۆ شەهیدانی کوردستانی تورکیا بلاوێنێتەوە و هیچی بۆ نەمێنێتەوە ئەوە نەبێ لە خودا بپاڕێتەوە تۆڵەی ئەم کوردە لێقەوماو و مافخوراوە بکاتەوە.

***

محەمەد ئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخەلئیسلامی موکری ناسراو بەهێمن شاعیرێکی بەدیمەنی سەدەی بیستەمە، شاعیر و نووسەر و کوردپەروەر بوو. بۆ ئەم ئامانجە بوو بە سیاسی، بەلاّم بەڕاستی نەدەبوو سیاسەت بکا، چونکە بۆ ئەم کارە ئامادە نەبوو، دەبوو تەنیا خەباتی شۆڕشگێری بەشیعر و پەخشان بێ. ئەگەر سیاسەتی ڕۆژانە هیچی لێ قازانج نەکردبێ، خۆشی هیچی لە سیاسەت قازانج نەکرد. لە ژیانیدا ئەوەی قازانجی خۆی و نەتەوەی بوو دیوانی شیعر و نووسینە پەخشانییەکانی دیکەی بوون.

لە شیعردا بەتوانا بوو، بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی و یەکێتیی قافیە و مەسنەوی بەکارهێناوە. لەو کاتەی شیعری بۆ زۆرترین خەڵکی کوردی نووسیوە، هەر لەو کاتەدا لاسایی قوتابخانەی کلاسیکی کوردستانی باشووری کردووە، واتە بۆ چینی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵی نووسیوە.

هێمن شیعری بۆ دڵ و بیری خۆی هۆنیوەتەوە، ڕەنگدانەوەی ناو دەروونی هەموو کەسێک بووە، چونکە ئادەمزاد لە هەموو ڕۆژگارێکدا بەبێ دڵ و دڵداری هەڵناکا. لە کۆمەڵی کوردەواریشدا زۆربەی خەڵک بەبێ بیرکردنەوە لە چارەنووسی کورد ناژی.

لە پەخشاندا دەوری گرنگی هەیە، تابلۆ ڕۆمانتیکییەکانی نموونەی وتاری هونەری کوردین. بەزمانێکی ئاسان و خاوێنی کوردی پەتی نووسراون. سەرچاوەی بەکەڵکن بۆ مشتوماڵ کردنی بیری لاوی کورد، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا.

هەردی

بەشی سی و سێیەم

هەردی

١٩٢٢ - ....

ئازادیخوای کوردین ئێمە
شووورەی پۆلا و بەردین ئێمە
پشتی جووتیاری زەبوونین
ئالای بەرزی چون یەک بوونین

ژیانی

ئەحمەد کوڕی حەسەن بەگ کوڕی عەزیز بەگ لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٨ نازناوی «هەردی» هەڵبژاردووە بۆ شیعری و لە دواییشدا هەر بەم ناوە ناسراوە. خوێندنی بەرایی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندییەکانی سلێمانی بووە، ئینجا خانەی مامۆستایانی گوندایەتی لە بەغدا تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٤١ کراوە بەمامۆستای قوتابخانە لە هەندێ لە ئاواییەکانی ناوچەی هەورامان، ئەوجا گوێزراوەتەوە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٤٩ بەهۆی جموجۆڵی سیاسی و کاری نهێنیی حیزبایەتی لە ڕیزی کۆمۆنیستانی عیراق لە مووچەخۆری لابراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ گەڕاوەتەوە سەر کاری جارانی. ماوەیێکی زۆر مامۆستایەتی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کردووە.

هەردی لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ - ١٩٧٤ لە زانستگای سلێمانی وانەی ڕەخنەی ئەدەبی پێ سپێرراوە. لە دوای چەند مانگێک لە بەهاری ١٩٧٤ بەهۆی سیاسەتی دوژمنانەی دەسەڵاتی عیراق بەرامبەر بەکورد و داخستنی زانستگای سلێمانی ئەم کارەی لە دەست چوو.

شاعیر تا ساڵی ١٩٨١ وەک مامۆستایێکی قوتابخانەی سەرەتایی مایەوە، لەو

ساڵەدا خانەنشین کرا. لەوە بەدواوە ژیانی خێزانی ئاسایی نەبوو. لە جێگەیێکی دیاریکراو ئۆقرەی نەدەگرت. دەمێ لە ئێران و دەمێ لە وڵاتانی ئەوروپا تا لە دواییدا لە لەندەن نیشتەوە. ماوەیێکی زۆر وەکو پەنابەری سیاسی لەوێ مایەوە تا ساڵی ٢٠٠٢ بەیەکجاری گەڕایەوە نیشتمان و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی، خەریکی خوێندنەوە و پێشوازیکردنی ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانی ئەم سەردەمەیە.

شیعری

هەردی لە تەمەنی لاویدا لە ساڵی ١٩٤٤ دەستی بەشیعر وتن کردووە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ نەیکردووە بەپیشە، بەهرەی خۆڕسک و توانای هونەری و ڕۆشنبیری هەبووە، بەبەڵگەی ئەو بڕە شیعرە کەمەی هەیەتی خۆی بکا بەکەسێک وەک شاعیر ناو دەربکا، ماوەی دانانی شیعری کەم بوو لە سنووری نیوەی دووەمی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم نەچووبووە دەرەوە. بۆیە هەردی لە شاعیرانی ئەو سەردەمە کورتەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەژمێررێ.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

بەرهەمی شاعیر لە ڕووی ڕوخسارەوە لە چوارچێوەی مەرجەکانی شیعری کلاسیکی لاسایی نەچۆتە دەرەوە. ئەدگاری شیعری لەم وێنانەی خوارەوە دەکەوێتە بەرچاو:

١- شیعری هەردی بەگشتی لەسەر بەحری عەرووز هۆنراوەتەوە، زۆربەیان لەسەر بەحری هەزەج و سێ چوارێک لەسەر بەحری ڕەمەل هۆنراونەتەوە. لە موزاریع و ڕەجەزیش لە هەریەکەیان پارچە شیعرێکی هەیە. کێشی شیعری لەم بابەتەی لەبەرئەوەی لەسەر بەحرە سووکەکانی عەرووزن بەکێشی سیلابی خۆماڵی حەوت و هەشت و دە برگەییش دەکێشرێن، لە هەندێ شیعریدا دوو کێشی بەکارهێناوە.

٢- لە قافیەدا یەکێتیی قافیەی کەمە، جووت قافیە (مەسنەوی) زۆرە. هەندێ جار لە شیعرێکدا لە یەک قافیە زیاتر بەکار دێنێ تا دەگاتە چوار قافیە.

٣- بەگشتی شیعری لیریکییە، لە ڕووی قەوارە و ژمارەی دێڕەکانیەوە کەم و کورتن.

٤- تەنیا یەک پێنج خشتەکی هەیە لەسەر شیعرێکی نووری شێخ ساڵح.

٥- بەشێکی زۆر لە شیعری هەردی لەسەر بنچینەی بەند (کووپلە) ڕێکخراون. وێنەی ئەم شیعرانە بەم جۆرە دەکەونە بەرچاو:

(أ) قەسیدەی پێنجین (ا ا ا ب ب).

(ب) قەسیدەی شەشین (ا ا ا ا ب ب)، لەم بابەتەی زۆرە.

(ج) قەسیدەی شەشین، نیوە دێڕی یەکەم و شەشەم کورتن، چوارەکەی دیکە درێژن (ا ا ب ب جـ د).

(د) قەسیدەی بەندی حەوت نیوە دێڕی (ا ا ا ب ب جـ جـ).

(هـ) قەسیدەی بەندی هەشت نیوە دێڕی، دوو نیوە دێڕی کورت لەگەڵ شەش نیوە دێڕی درێژ، هەمووی جووت قافیەیە (مەسنەوی) (ا ا ب ب جـ جـ..).

(و) قەسیدەی بەندی نۆ نیوە دێڕی (ا ا ا ا ا ا ب ب ب).

(ز) قەسیدەی بەندی نۆ نیوە دێڕی، شەشی درێژ، لەگەڵ سێی کورت (ا ا ب ب جـ جـ د د د).

٦- زمانی شیعری هەردی دەوڵەمەندە، لە بە پەتیکردنی زمان دەوری باڵای هەیە. وشەی بێگانە کەم بەکار دێنێ، زاراوەی شیعری ڕێبازی ڕۆمانتیکی و سیمبۆلی ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا لە بەرهەمیدا دیارە. بەم جۆرە شیعری هەردی بەشێکە لەو شیعرە نوێیەی کوردی کە لە ڕووی زمانەوە لە وشەی فەرهەنگی شیعری عەرووزی ئیسلامەوی دوور کەوتۆتەوە.

٧- لە ڕەوانبێژیدا دەستێکی درێژی هەیە. ئەو شیعرەی هەردی کە بەنوێ ژمێرراون لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو جۆرە وێنە ڕەوانبێژییانەیان تێدایە هەندێکی لە ڕەوانبێژی شیعری کلاسیکی کوردی و زیاتریش لە شیعری ڕۆمانتیکی ڕۆژئاوایی وەرگیراون و شاعیر وەستایانە گیانی کوردی پێ بەخشیوون.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

شیعری هەردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە دوو مەبەس یا ڕێبازی سەرەکی نەچۆتە دەرەوە. یەکەمیان شیعری ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی موتروبە کراو بەهەناسەی ڕۆمانتیکی لە دەوروبەری ئیدیۆلۆجییەتی جیاوازی چینایەتی و ئەمپریالیستی

گێتی و کێشەی نەتەوەیی کورد دەسووڕێتەوە؛ دووەمیان شیعری ڕۆمانتیکی (وەک قوتابخانە و ڕێباز) قانگدراو بەسیمبۆلیزم لە دەوری چێژ و خەیاڵی دڵدارییێکی بێ هیوا و ئەنجام لە کۆمەڵێکی پڕ لە ئاژاوە و تەنگوچەڵەمە دەسووڕێتەوە.

بەڕاستی ئەم دوو جۆرە شیعرە ڕەنگدانەوەی ئیدیۆلۆجییەتی هەردییە لەو دوو قۆناغە پێچەوانە یەکترییەی بیروباوەڕی.

١- قۆناغی یەکەمی شیعری هەردی بابەتی شۆڕش و هەڵمەت بردن بوو. سەرەتا بەدانانی شیعری دڵداری دەستی پێ کرد بەڵام زوو لە دوای جەنگی دووەمی گێتی وەکو بەشێک لە لاوانی عیراق بەگشتی و لاوانی کورد بەتایبەتی بوو بەهەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزم، کۆمەڵێک شیعری داناوە ناوەڕۆکیان بریتییە لە دروشمی سیاسی ئەوەی لە خۆپیشانداندا هەڵدەکران. هەڵمەت و هێز و زەبروزەنگ و هاندانی تێدایە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و لەناوبردنی دەسەڵاتی دواکەوتوو لە عیراق و هێزی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان لە هەموو گێتیدا. ئەو شیعرانە لە سروودی شۆڕشگێڕی دەکەن، لەبەرئەوە بەزۆری دەچنە ناو شیعری پەروەردەییەوە (دیداکتیکی).

دەتوانرێ ئەو ماوەیەی هەردی ئەم شیعرانەی تێدا هۆنیوەتەوە بەنیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی بیستەم دیاری بکرێ. لە دوای ساڵی ١٩٥٠ کە سەردەمی گواستنەوەی بیروباوەڕی بووە لە هەردوو شیعری «ست فاتیمە» و «دڵداری کچی تازە» هێشتا شوێنەواری بیری جیاوازی چینایەتی تیایاندا دیارە.

٢- قۆناغی دووەمی شیعری هەردی ڕەشبینی و دوورکەوتنەوە بوو لە شۆڕش. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئینقیلابی گەورە لە بیر و خەیاڵی شیعری هەردی ڕووی دا، لە بابەت لایەنی بیرییەوە هەموو تاقیکردنەوە کۆنەکانی مارکسیزمی پراکتیکی لە بیری خۆی بردەوە و بوو بەهەڵگری بیری ناسیۆنالی (کوردایەتی). ئەم کوردایەتییە لە دەوروبەری پێش کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا لە ناو هەندێ لاوانی کوردی عیراق پەیدا بوو. ئەمە نە «کوردایەتی کۆمۆنیستە کوردەکان» بوو، وە نە «کوردایەتی لیبیرالی دیمۆکراتی کوردەکان» بوو. ئەمانە خۆیان بەهێزی سێیەم دادەنا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لە کۆمەڵی کوردستانی عیراقدا. هەردی هەڵگری ئەم بیروباوەڕە بوو لەو ماوەیەدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبی

فەلسەفی و مێژووی ئیدیۆلۆجییەتی ئەو حیزبانەی ئەوروپا بوو کە باوەڕیان بەسیستێمی تاکە حیزبی هەبوو، ئەوانەی هەریەکەیان تەنیا دانی بەخۆی دەهێنا و فەلسەفە و حیزبی دیکەی ڕەت دەکردەوە.

ئەمە لە ڕووی ئیدیۆلۆجییەوە، بەڵام لە ڕووی خەیاڵەوە هەردی خەریکی ئەو شیعرانە بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧ بەناوی «ڕازی تەنیایی» بڵاوکرانەوە. کۆمەڵە شیعرێکە لە دەوروبەری دڵدارییێکی ناکامی بەئەنجام نەگەیشتووی خنکاو لە ناو ڕەشبینیدا دەسووڕێتەوە.

لە کاتی چاپکردنی «ڕازی تەنیایی» هەردی دوودڵ بوو لە چاپکردنی کۆمەڵە شیعرەکەی، وای دەزانی بیرە تازەکەی کە پێچەوانەی بیرە کۆنەکەیەتی دژی بیروباوەڕی ئەم شیعرە ڕەشبینییانەیە، لەبەرئەوە نەیدەزانی چۆن بڕیار بدا. هەڵوێستی سیاسی و ئیدیۆلۆجی تێکەڵ بەچێژی هونەری و ئیستێتیکی بوو، هەوڵی دەدا خۆی دوور بخاتەوە لەو جۆرە شیعرە چونکە بەلای هەڵگرانی بیروباوەڕە کوردایەتییە تازەکە ئەو شیعرانە جوان نەبوون. بەڵام لە دوای چاپکردنی شیعرەکان و بڵاوبوونەوەیان، بەڕاستی دەنگی دایەوە، ئینجا هەردی کەوتە ئەوەی شانازییان پێوە بکا و جارێکی دیکە «ڕازی تەنیایی» لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٤دا چاپ بکاتەوە. بەڵام ئەوە نازانرێ بۆچ شیعری قۆناغی یەکەمی شاعیرییەتی لەو چاپەدا بڵاو نەکردەوە؟!

هەرچۆنێ بێ لە ڕووی جوانکارییەوە هەرچەندە شیعری قۆناغی یەکەمی هەردی لە پلە و پایەی شیعری قۆناغی دووەمی نین، بەڵام بەزیادەوە لە مێژووی ئەدەبدا بەنموونەی شیعری سەرکەوتووی کوردی دەژمێررێن.

ماوەی شاعیرییەتی هەردی دیاریکراوە، لە نیوەی دووەمی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بووە. دوا شیعری «پەیامی یار» لە ساڵی ١٩٥٨ هۆنراوەتەوە. ئەو شیعرە کەمەی هەردی کە لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی دڵداریی بەئومێد نەگەیشتووی ڕەشبینی دایە، لووتکەی داهێنانی هونەرییە و دەلاقەیێکی دیکەی لە مێژووی ئەدەبی کوردی پڕکردۆتەوە، ئەو دەلاقەیە بەتاڵ بوو هەردی فریای کەوت.

نموونەی شیعری

هێرش و شۆڕش

١

هەردی لە بەندی یەکەمی سێ بەندەکەی سرووودی «ئازادی خوا» دەڵێ:

ئازادیخــوای کــوردین ئێــمــە
شــوورەی پۆڵا و بەردیـن ئێـمــە
پشـــتی جـــووتیـــاری زەبوونـین
ئـالای بـەرزی چـون یـەک بـوونـین
شـیـری دەسـتی لێـقـەومـاوین
لە ڕووی زوڵـمـا هـەڵکێـشـراوین
ئـاغـــا و بەگـــزادانـی زۆردار
جـەردەی گـیـانـی گـەلی هەژار
خـوێن خـۆری ئەم نیـشـتـمـانەن
ئـالـەتی دەســـــتـی بـێگـانەن
ڕۆژی خـۆی گـیـانیـان دەردێنین
تۆڵەی گـەلیـان لێ ئەسـتـێنین
ئازادیخـوای کـوردین ئێـمــە
شـــوورەی پۆڵا و بەردین ئێـمـــە

کوردە کۆمـۆنیسـتـەکـانی عیراق ئەم شـیـعرەیان کردبوو بەسـرووودی ڕەسـمی خـۆیان. بەرامبـەر بەمـە کوردی دیکە شـیـعری «ئەی ڕەقیب»ی دڵداریان کـردبوو بەسرووودی ڕەسـمی وەکو پاشماوەیێکی کۆماری کوردستـانی ئێران لە مـەهاباد (١٩٤٦)، ئەو کاتە ئەم شیعرە ناوبانگی دەرکرد.

لەم شـیـعرەدا هەردی جەنگاوەرێکی تووڕەیە، هەڕەشـە لە دوژمـن دەکا، چوونە مەیدانی لەم لایەنەوە لە پلەی کردەوە نابەجێ و نامرۆڤایەتی دوژمن بەرامبەر بەبێ دەســـەڵات و هەژاران زیاترە. بێ نەوایان دڵنیـــا دەکـــا لـە دواڕۆژدا دوژمـنـان لەناودەچن و تۆڵەی زۆربەی میللەتیان لێ دەکرێتەوە.

٢

له دوای ئەم هەڕەشەیە له دوژمنان ڕوو دەکاتە کرێکاران:

کــوڕانی ڕۆژی مـــەیدانی شـــەڕ و ئـاشـــووب و ئاژاوە
بـراکـــانم! کـــرێکاری هـەمـــوو ئـەم لانە ڕووخـــاوە
هەمــوو دایکـێ کـه تـاقـانـەی لەســەر سـێـدارە خنکاوە
بەکــورتـی مـــیللەتی برسی پـەنای بـۆ ئێـــوە هـێناوە
دەسا تۆ حەققی ئەم خاکەی کە خاکی ئەشک و خوێناوە
هەتا خـــوا هێـــزی پـێ داون هەتـا دنیـــا خـــرۆشـــاوە
هەمـوو پڕ دەم بقیـژێن کـە ئیسـتـیعـماری ئینگلیسی
بڕووخێ تەفـروتوونا بـێ سـەر و فـەسـسـاڵی نەگریسی
بـڕووخێ تـەخت و تـاراجـی بتـــۆپـێ نۆکـــەری پـیـــسی
لە ڕۆژێکی وەهـا ســـوورا کـــە تەئریخی شـــەهیـــدانە
چ تـەئریخـێ! ئەوی جـــەرگی نیگاری خـــوێنی لاوانـە
چ خـــوێنـێ! هەر دڵۆپێکی نموونەی خـــوێنی ئینسـانـە
چ ئینسـانـێ ئـەوەی گــیــانـی لە لا بـێ نرخ و هـەرزانە
لە تاو بێـدادی ئیسـتـیعـمـار هەڵاتووی کێـو و هەردانە
هـەرا بـۆ ڕۆژی وا چاکــە کــە دڵ وەک جـۆشی بورکـانە
دەســا پڕ دەم بقیـژێن کـە ئیسـتـیعـماری ئینگلیسی
بڕووخێ تەفـروتوونا بـێ سـەر و فـەسـسـاڵی نەگریسی
بـڕووخێ تـەخت و تـاراجـی بتـــۆپـێ نۆکـــەری پـیـــسی

شـاعیر بـاوەڕی بەهێزە بەوەی لە ناو کۆمەڵدا هیچ هێزێک نییە جگە لە چینی کرێکار شایانی ئەوە بێ ئەمپریالیستی ئینگلیزی لەناوببا. ئەوەی ئاشکرایە تا کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئینگلیز فەرمانڕەوا بوون لە عیراق، لەو سەردەمەدا ئەوان و کاربەدەستانی دەوڵەتی عیراق گەورەترین دوژمنی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بوون.

٣

لە شـیـعـرێکی دیکەیدا هەردی بانگی خـەڵکی دەکـا هەڵمـەت بەرن و ئاگـری شۆڕش هەڵگیرسێنن:

بەیادی ئەو شـەهیـدانەی کـەوا بێ ناز و بێ گـیـانن
لە ژێر پۆسـتاڵی پۆلیسا هـەموو پێـخوسـتی کـۆڵانن
بەیادی ئـەو هـەتیـوانەی کـە برسی و ڕووت و عـوریانن
بـەیادی ئـەو پڵـــینگانـەی کـــە دیلی کـــۆنی زیندانن
وەرن ئەی مـــیللـەتی برسی ئیـــتــر وا ڕۆژی مـەیدانە
بچـینە سـەر تەلار و کـۆشکـی ئەو مـیللـەت فـرۆشـانە
کـە خـوێنی ئێـمـەیان بـەخشـی بەپارە و زێڕی بێگانە

شـاعیر بەناوی شـەهید و چەوسێنراو و ئازاردراو و هەتیو و ئەو پڵـینگانەی لە بەندیخانەن (مەبەسی کۆمۆنیستە بەندکراوەکانە) جەماوەری میللەت بانگ دەکا هێرش ببەنە سەر کۆشک و باڵەخانەی میللەت فرۆشان و تەفروتوونا و خاپووریان بکەن.

٤

ئینجا شاعیر بەرنامە دادەنێ بۆ لەناوبردنی سەرداری ناشایستە:

ئەوی خـــوێنی هەژارانی مـــژی و نامـــووسی ژێر پـێ نا
بەفـــێڵ و جـــەردەیی پارەی لـە چنگی خـــەڵکی دەرهێنا
بەزۆر تـۆ ناوت نا (ســـەردار) و ئیـمـــانیـشـت پـێ هێنا
هـەتا خـاکی بـەدیل گـرتیت و ئیـسـتـیـعـماری تێ هـێنا
قوڕی بـۆت گرتەوە و ئەوسا سـەری بەدبەختی تۆی تێنا

شـاعیر دەڵێ ئەو سـەرۆکەی خـوێنی هەژاران دەمژێ، خـەڵکی دەڕووتێنێتـەوە، خاکی نیشتمان پێشکێش بە ئەمپریالیستەکان دەکا، پێویستە ئەو جۆرە سەردارە لە فەرمانڕەواییدا نەمێنێ.

دڵداریی ناکام

١

لە شیعرێکیدا هەردی دەڵێ:

بناغە و چینی دیواری
تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا ڕووخا تەپوتۆزی غەمی هێنا
بەدووی باڵداری ئاواتی فریوی بێ سەروشوێنا
دەسا ئەی پاییزی ماتەم ئەوەندەم تاسە پێ ماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە
بەجارێ وەک گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕاماڵێ
بە ووردی هەر گەڵایێکی ببا بۆ قوژبن و چاڵێ

شاعیر خۆی دان بەوە دادەنێ ئەم شیعرە زادەی دەم و ساتی هەڵسوکەوتێکی سایکۆلۆجییە، گرێیێکی لا دروست کردووە. لێرەدا وێنەی هەستی دڵدار دەگرێ لە کاتێکدا ڕاستییێکی شارراوە لە دلبەردا دەدۆزێتەوە. ئەو دڵدارییەی بەرەو ڕووی دڵداری دەکاتەوە بەڕاستی نییە. ئیتر شاعیر ئەم هەموو درۆیەی کراوە بەشێوەیێکی داهێنەرانە ڕەتی دەکاتەوە و بیرەوەرییەکان لە بیر خۆی دەباتەوە.

٢

قەسیدەی «دڵێکی شکاو» لە سی و سێ دێڕ پێکهاتووە، شاعیر لە دوو دێڕی سەرەتاییدا دەڵێ:

بەسەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی! سەراپا سەرگوروشتەی نائومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە

لە دوو دێڕی دواییدا دەڵێ:

له پاشا گەرد و تۆزقاڵی کە وەک کەرتی دڵی من بوو
یەکێ ڕووی کردە سووچێک و لە تاریکی شەوا وون بوو
بەڵێ ئێستا ئەوی جێ ماوە بۆ من یادگارێکە
بەسەرهاتی دڵی وورد و بەسەرچوونی بەهارێکە

هەردی ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٦ هۆنیوەتەوە، ئەو کاتە حەوت دێڕە شیعر بووە. لە پاش ٣٧ ساڵ لە ساڵی ١٩٨٣ تەواوی کردووە. ئەوی ڕاستی بێ دەبوو تەواوی نەکا. لە دوای ئەم هەموو ماوە درێژەدا شاعیر خەیاڵ و مێشکی ٣٧ ساڵ گەڕاندۆتەوە پاشەوە، بۆ شیعرێک لیریکییە، کات و جێگەی تێدا نییە، لەبەرئەوە تەواوکردنی ئاسانە لە هەموو کات و ساتێکی شاعیر ئارەزوو بکا. وا دیارە هەردی پێی ناخۆش بووە کە پێیان وتووە لە دوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم وازی لە شیعر هێناوە، ئەویش دەیەوێ بڵێ ڕاستە وازم هێناوە، بەڵام لە شاعیری نەکەوتووم. هەرچۆنێ بێ نەدەبوو لەبەر ئەم قسانە شیعرەکە تەواو بکا. کە تەواویشی کردووە کارێکی چاکی کردووە و ئەو شیعرە نایاب و جوانە تەنیا بۆ ساڵی ١٩٤٦ حسێب دەکرێ، بەڵام بۆ هەموو کات و سەردەمێک دەست دەدا. بەهەموو جۆرێک ئەم شیعرە و هەموو شیعری دیکەی لەم بابەتەی هەردی لاپەڕەیێکی زێڕینیان لە دیوانی شیعری کوردیدا ڕەنگین کردووە.

٣

لە شیعری «خەرمانە» هەردی لە ساڵی ١٩٥٣ دایناوە لەگەڵ فریشتە نادیارەکەی موناجات دەکا:

چ سررێکت لە ناو دڵدا حەشار داوە بەپەنهانی
کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی
ئەزانم دڵ هەیە وەک مس کە ژەنگ دێنێ بەئاسانی
دڵی تۆ زێڕی تیزابە لە کوێوە ژەنگی هەڵهانی
ئەمانە گەرچی تێ ناگەم بەڵام پێویستە بیزانی
هەتا ماوم لە دنیادا فریشتەی باغی ئاواتم
بەدڵ هەر چەشنی خەرمانە لە دەوری مانگی گۆناتم

ئەوەی ئەم شیعرەی بەرزکردۆتەوە ئەو تەنگوچەڵەمانەیە شاعیر هەوڵ دەدا بەشێوازی سیمبۆلیزم چارەسەریان بکا، بەڵام ئەم شێوازە زیاتر گیروگرفت دەخزێنێتە ناوی. نهێنی لە ناو دڵی دلبەردا هەیە. دڵ ئەگەر لە مس بێ زوو ژەنگ دەگرێ، بەڵام دڵی دلبەر زێڕی تیزابە، ئەمە ژەنگ هەڵناهێنێ، کە ژەنگیش هەڵێنێ مانای ئەوەیە دڵدار لێڵ بووە. جگە لەمە وێنەی شیعری کلاسیکی ئاسایی لەم لیریکەدا هەیە، بەڵام شاعیر هەندێ چێژی ڕۆمانتیکی ئەوروپایی تێ ئاخنیوە.

ست فاتیمە

لە شیعری «چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتیمە» لە ساڵی ١٩٥٠ لە سلێمانی هۆنراوەتەوە. شاعیر دەڵێ:

فاتیمە! دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مۆسیقایە بەستەیە گۆرانییە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتیمە
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە
گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و ئانەیە
گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بە تەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم ست فاتیمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە
خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسک وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دلبەران
نەک وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەرپەروەران
ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ چەندە دڵیان هەڵوەران

خـــەڵقی تر پارە پـەرسـتـی با بکەن ست فــاتـیـمـــە
مـن بـەتـەنـیــــا تـۆ پـەرســــــتـی ئـەوپـەڕی ئـاواتـمـە

زۆر کـــــەڕەت هـانم ئـەدا داخی دەروونـی پڕ گـــــڕم
بـۆتـی هـەڵڕێـژم سـکاڵای نـاسـکـی گـــەرم و گـــوڕم
داخـــەکـــەم کـــاتـێ کـــە دێـمـــە بەردەمت واقی ووڕم
وام ئـەشـــێـــوێـنـێ بـەجـــۆرێ نـایـەڵـێ هـیـچ دەربـڕم

بووکی ڕازاوەی خـەیاڵم! گـیـانـەکـەم ست فـاتـیـمـە
گـــوێـیـــە بـۆ ئـەم ڕازە شـل کــــەی ئەوپـەڕی ئـاواتـمـە

هـەردی مـوناجـات لـەگـەڵ کـیـژێک دەکا تازەپێگەیشـتـوو و تازە دەرچـووی خـانـەی مـامـۆسـتـایانی قـوتابخـانـەی سـەرەتایی کـچـانە لە بەغدا. ئەو کیژە مـامـۆسـتـایە لە یەکێ لـە قـوتـابخـانەکـانی کـچـان لـە سلێـمـانی، هـەردی خـۆشی ویسـتـووە و ئـەم شیعرەی بۆ نووسیوە.

ئـەمـەیە بۆچوونی ئەو کەسەی شیعرەکەی دەخوێنێتەوە. ئەمە ئەگەر ڕاستیش بێ ڕاسـت نـیـیـــە، چونکە لە مـــەبەسـی داهێـنـانی شـیــعـری دەردەچێ. ئەو ست فاتیمەیە موتڵەقە، بووکێکی تازەیە خەیاڵی شیعری هەردی دروستی کردووە. ئەو ست فـاتـیـمــەیە پەرییـێکی بەهەشـتە بۆ ئەو کەسـەی ئیلهـامی لێ وەرگرتووە کە هـەردییـە و ئەم شـیـعـرەی بۆ داناوە هـەروەها بۆ هـەمـوو خـوێـنـەرێکی کە شـیـعـرەکە دەخـوێنێـتـەوە. ئینجـا لەو سـەردەمەدا، لە نـاوەڕاستی سـەدەی بیسـتـەمـدا شاعیر دەتوانێ ئیلهـام لە کـامـە کچ وەربگرێ و ببـێـتـە هۆی ئەوەی شـیـعـری بەسـەردا هـەڵبـڵـێ؟! دەبێ لە مامۆستایێکی قوتابخانەی کچان وەربگرێ، چونکە تەنیا ئەوانن لە دەرەوەی مـــاڵ بەرچـاو دەکـەون. بـەم جـۆرە هـەردی بووکـێکی دیکەی بـەنـاوی «فـاتیمـە»وە خستۆتە ناو پۆلی بووکە شیعرییەکانی کورد لە فاتیمـە لەرەی بابا تاهیرەوە تا شیرینی محەمەد ساڵح دیلان.

پەیامی یار

دوا شـیـعـری هـەردی بەنـاوی «پەیامی یار»وە لە سـاڵی ١٩٥٨ لە سلێـمـانی هۆنیویەتییەوە، لە بەندی یەکەمیدا دەڵێ:

له یارەوە
له شۆخ و شەنگی پارەوە
له ڕازی پڕ نیهانی یا
لەتەک شنەی بەیانییا
پەیام له یاری جوانەوە
گەیشتە لام

ئەمە سروودێکە شاعیر بۆ گۆرانی دایناوە، له وێنە و مانا ساکارە وەکو هەموو شیعرێکی بۆ ئاواز دادەنرێ، دەنگی گۆرانیبێژ و ئاوازی مۆسیقا نرخی هونەری بەرز دەکاتەوە.

***

ئەحمەد حەسەن هەردی جێگەیێکی دیاری هەیە لە ئەدەبی کوردیدا، دوو هۆی سەرەکی سنووری ئەو جێگەیە دیاری دەکەن:

١- شاعیر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە گەیشتۆتە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، کەچی کەسایەتی شیعری لە نیوەی دووەمی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بووە (١٩٤٥ - ١٩٥٨)، لەو ماوەیەدا بڕێک شیعری نووسیوە.

٢- ئەو بڕە شیعرە داهێنانێکی ڕەسەنە لە ئەدەبی کوردیدا. لە ڕوخساردا بێ کەموکوورییە، لە ناوەڕۆکدا بەشداری لە داهێنانی «شیعری نوێ»ی کوردی کردووە، بەوەی جەوهەری شیعری ڕۆمانتیکی و سیمبۆلی ئامێزی ئەوروپایی تێکەڵ بەداهێنانی خۆی کردووە. لە دوو مەبەسی پێچەوانەی یەکتری شیعری شۆڕشگێڕی و دڵداریی ڕۆمانتیکی ڕەشبینی سەرکەوتووانەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. هەردی لە شاعیرە ناودارەکانی کوردی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەژمێررێ.



شامی

بەشی سی و چوارەم

شامی

١٩٨٧ - ١٩٢٣

لە ڕۆژی ترسم ئەجـــــەل بدەی زەنگ
عومرم تەمام بوو لە دونیای دوو ڕەنگ

ژیانی

شامراد موشتاق ناسراو بەشامی لە ساڵی ١٩٢٣ لە کرماشان لە دایک بووە. لە تەمەنی سێ ساڵیدا لە ئەنجامی نەخۆشیی ئاوڵە (خوریکە) هەردوو چاوی کوێر بووە. لەم لانەوە دەڵێ:

هەنووز نەشناســـوم چەپ ژاسْ دەست
دەستْ جەهاندار جەهانبینم بەست

هێشتا منداڵ بووە بەمردنی دایکی لە سۆزی دایکێتی بێ بەش بووە. کارەسات لە دوای یەک ڕووی تێ کردووە. لە دەوروبەری تەمەنی دوازدە ساڵیدا باوکیشی مردووە و بێ کەس ماوەتەوە، ناچار مامۆژنی خۆی کردووە بە بەرپرسیار و گرتوویەتییە خۆی و پەروەردەی کردووە. لە پاش ماوەیێک مامۆژنی دەینێرێ بۆ ماڵی حاجی ئەمانوڵڵای موعتەزیدی و لە ژێر چاودێری ئەو خێرخوازە دەمێنێتەوە تا دەبێ بەپیاو.

لەبەر کوێری نەیتوانیوە فێری خوێندن و نووسین ببێ، لە لایێکی دیکەوە ئەم دیاردەیە بووە بەهۆی ئەوەی گوێی مۆسیقی بەهێز بێ و چێژ لە خوێندنەوەی شیعر وەربگرێ. بەشەوانی زستان کە هاوڕێ و برادەران لە ماڵاندا کۆڕیان بەستووە گوێی لە دەمەتەقێ و حیکایەت خوێندنەوە گرتووە. گفتوگۆی ئەدەبی بەدڵ بووە و شیعری ئەڵماس خان و غولام ڕەزای لوڕ و سەید ساڵحی

نیعمەتوڵلاهی بزواندوویەتی. وەکو لە گێڕانەوەکانی خۆیدا دەردەکەوێ توانای ئەوەی بووە ئەگەر نیوە دێڕە شیعرێکی بۆ بخوێنرابایەوە نیوە دێڕەکەی دیکە خۆی بیڵێ.

کە بەتەمەن گەورە دەبێ ماڵی ئەمانوڵلاخان بەجێ دێڵێ و خۆی خەریکی کاسبی دەکا. وردەواڵە لە قەسری شیرین دەکڕێ و دەیبا لە کرماشان دەیفرۆشێ. لەگەڵ ئەم هەژارییەی چاو تێر بووە، بەو کاسبییەی توانیویەتی خانوویێکی بچووک پێکەوە بنێ، چەند ژوورێکی تێدا بووە، ژوورەکانی بەکرێ داوە و لە سەردەمی پیریدا بەو کرێیە ژیاوە.

وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە شیعری زۆری وتووە، لەبەر کوێری بۆی نەنووسراوەتەوە، کەسیش نەبووە بۆی بنووسێتەوە، بۆیە زۆریانی لە بیرچۆتەوە، ئەوەی لە بیری ماون تۆمار کراون و لە پاشانا بڵاوکراونەتەوە. ئەمەو کارێکی بەجێیە شاعیرێکی کوێر دیوانی شیعری هەبێ، هەروەها ڕۆشنبیریش بێ. شامی یەکێکە لەم جۆرە شاعیرانە تەنیا ئەوە هەیە لەبەر کوێری خوێندن و نووسینی نەبووە. ئەو دیوانەی لە بەردەست دایە ماجید ڕووحانی لە دەمی شامی خۆی وەریگرتووە و تۆماری کردووە و لە پاشانا بڵاوی کردۆتەوە. شامی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ لە کرماشان کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

شیعری

زۆربەی شیعری شامی لە ڕووی کێشەوە خۆماڵی سیلابی دە بڕگەیی و قافیەی مەسنەوییە. شیعری بەحری عەرووزی هەیە، ئەگەرچی بەژمارە کەمە بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە بەهێزە. ئەم جۆرە شیعرە عەرووزییەی شامی لە ئەدەبی کوردی ناوچەی کرماشان کەمە، لەبەرئەوە بوونەتە نموونەی نوێگەری لە ئەدەبی کوردی ئەو ناوچەیەدا.

زمانی شیعری شامی ئاسایی و ساکارە، وشە و تەعبیری میللی بەکار دێنێ، لە زمانی ئەدەبی میللییەوە (فۆلکلۆرەوە) نزیکە. زمانی تێکەڵاوە تایبەتییە لە دیالێکتە گەورە و بچووکەکانی زمانی کوردی وەکو گۆرانی و لوڕی و بەختیاری و فەیلی و لەکی و کەلهوڕی پێکهاتووە.

شیعری شامی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە باس لە تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی دەکا.

شیعرێکە وێنەیێکی ڕاستی ڕێبازی ڕیالیزم دەخاتە ڕوو لە کۆمەڵی ئێران بەگشتی و کوردەواری ئەوێ بەتایبەتی. لە ساڵی ١٩٥٢ شامی شیعرێک بە ناوی میللەتی ئێرانەوە دادەنێ. ڕوو دەکاتە محەمەد موسەددەق (١٨٨١ – ١٩٦٧) و داوای لێ دەکا ئێران لە دەسەڵاتی بەگ و ئاغا و خان ڕزگار بکا و نەوت و سامانی وڵات لە دەست دەرەبەگ و کۆمپانیای دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان دەربێنێ.

نموونەی شیعری

کرانشینی "کرێچیەتی"

شامی قەسیدەیێکی درێژی بەناوی (کرانشینی)یەوە لە ساڵی ١٩٥١ دایناوە، لە ٢٨ بەندی هەشت نیوە دێڕ شیعری پێکهاتووە، کێشی دە بڕگەیی و قافیەی (ا ا ا ا ا ب ب ب)یە. هەندێ لە بەندەکانی ئەم شیعرە بەم شێوەیە خۆیان دەنوێنن:

بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چو عەزیز مردی دایم غەمینم
نە خاریج مەزەب نە جوداش دینم
ئەر دوعات گیراس بکەر نفرینم
شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
راحەت بووم لە دەس کرانشینی
چ بکەم وە دەس کرانشینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
بەس کە کرادام لەی تەویلە چوخەر
عومر وە بەدبەختی هاوردم وەسەر
بیمەسە موونس چەن گر و بەشەر
لوڕ لە لوڕستان کورد لە دینەوەر
سنەیی و پاوەیی جاف و کەمانگەر
کورد و لوڕ و فارس تورک قەزوینی
چ بکەم وە دەس کرانشینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی

یەی شــەو دوو نەفــەر بینە مــیـمــانم
نیم ساعەت بیشتر لە بەرق سووزانم
ســوب بینە ئاگــر ڕشــیــانە گــیـانم
ئاغـای ساحـێـو مـاڵ وە گـەرد خـانم
ئاو پاشـــــینە بان تەپڵ ئامـــــانم
هـەم لافـــە شــــڕە دریا وە شـــانم
ووتن: تا غــــرووب لەیردا نەمـــینی
چ بکەم وە دەس کـــــرانشــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
چو کــاوڕ وە گـورگ لەلی ڕەم کـردم
یەی پا هاتە وەر سێ یا دوور گـردم
وە هـەوڵ گــیـــانم ســـڵامی کــردم
ووت: کـاری داشـتی! ناو ئۆتاق بردم
ووت: تۆســرکـانیت؟ ووتم: نە کـوردم
ووت: کورد کورەیت؟ ووتم: هەرسینی
چ بکەم وە دەس کـــــرانشــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی

لەم دێڕانەدا شامی گیروگرفتی کرێچیەتی دەخاتە ڕوو لە ناو چینە هەژار و بێ دەرامەتەکانی کۆمەڵ. ئازاری خۆی لەم لایەنەوە دەگاتە پلەیێک ئاواتەخوازی ئەوە دەبێ بمرێ چونکە لەو گێتییەدا کرێچیەتی نییە. هەموو تەمەنی بەفیڕۆ چووە لەبەرئەوەی خانووی خۆی نەبووە، لەگەڵ خەڵکی جیاواز ژیاوە، سنەیی و پاوەیی و جاف و تورکی قەزوینی. ئەگەر شەوێک میوانێکی بوایە خودا خۆی دەیزانێ لە ڕۆژی دواییدا خاوەن ماڵ چی بەزمێکی پێ کردووە. شامی ئەوە دەردەبڕێ هاوار بەماڵی ئەوەی بیەوێ ژوورێک بەکرێ بگرێ. بۆ بەڵگە دەڵێ ئارەزووی ئەوەم هەبوو ژوورێک بەکرێ بگرم. سڵاوم لە خاوەن ماڵ کرد لە ناو ژوورەکە، وتی: کارت هەیە؟ وتم: بەڵێ. وتی: تۆسرکانی؟ وتم: نا کوردم. وتی کوردی کوێی؟ وتم: هەرسینی. ئەم هەموو پرسیارانە دەسەڵاتی شای ئێران لێی داوا کردووە بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت.

شاعیر لەسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی کرێچیەتی دەڕوا و دەڵێ:

سێ مـــانگم پەس کـەفت کرایەی خـانی
یە سێ مـانگی تر هـات نیـشـتـە بانی
باورو پیم نیـــەوت خـــودا خـــۆی زانی
چشـتی کـەشک بـەم مـەجـمـە و قـازانی
ئـەویش دی نـیـــــــەیلم ژنم بـزانـی
ســـوب هـەراجی کـــەم نیـــەیلم بمینی
چ بکەم وە دەس کــــرانشــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
کــەس خـــەوەر نیــیـــە وەحـــاڵ دەردم
گـووشی کـەس نیـیـە وە ئاهی سـەردم
چل ســـاڵ وە ئیــــران زندگی کـــەردم
کـــــرای زەمـین دەم وەبانی گـــــەردم
ڕۆزگـــار مــوحـتـــاج کـرد وە نامــەردم
نـە ڕۆمـی ڕۆمـــــیم نـە چینی چینی
چ بکەم وە دەس کــــرانشــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
ئـۆتـاقی گـــــــردم بی بـەرق و بی ئـەو
دەر و پەیکەر خـویرد چوار دیوار خـرەو
داغی پیـــرم کـــرد کــردمــــە قــولەو
ڕۆژ نیــــمــــەڕۆ وە لیم کـــردە شـــەو
دی چەتوای وەلیم؟ ئاســـمــــانْ کـــەو
حـــەقـقی من تا حـــەشـر لـە لات بمینی
چ بکەم وە دەس کــــرانشــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی

چو ســـــەگْ وڵگەرد دەروەدەر وەخـــۆم
شەو تا سوب نەخەف ڕەنج بیوەر وەخۆم
دڵگیـر وە دونیـای دوون پـەروەر وەخـۆم
لە دەس ساحێو ماڵ خوون جگەر وەخۆم
مشتی خاک نەیرم خاک وەسـەر وەخۆم
لـە زیندەی ئـایـەم بـی خـــەوەر وەخـــۆم
نیـــەزانم (شـــامـی) دی تاکـــەی مـــینی
چ بکەم وە دەس کـــــرانشـــــینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی

شاعیر بەڵگە و کێشە و ئازارەکانی کرێچیەتی لە گەڵێ وێنەدا دەبینێ. سێ مانگ کرێی خانوو کۆبۆتەوە، ناچار بووە بەدزییەوە قاپ و قاچاغ بفرۆشێ بەبێ ئەوەی خێزانی پێی بزانێ. ئەوەندە لە گیانی خۆی بێزارە دەڵێ چل ساڵ لە ئێران زیندەگانیم کردووە کرێی ژوورم نەبووە بیدەم، لەو کاتەی ئەو ژوورە نە ئاوی لێ بووە نە کارەبا. دیواری ڕزی و ڕووخاو. ئەم حاڵە پیری کردم و ڕۆژم لێ بوو بەشەو. لە دواییدا شامی داوای مردن دەکا و بۆ خۆی دەلاوێنێتەوە: وەک سەگی بەڕەڵڵا دەربەدەرم، شەو تا بەیانی ناخەوم، لە دەست خاوەن ماڵ جگەرم بووە بەخوێناو، بستێک خاکم نییە بەسەر خۆمی داکەم، نازانم تاکەی لەم پەرێشانییەدا دەبم.

لەم شیعرەیدا بەشێوازێکی هونەری شامی گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو لە بەرهەمێکدا نزیک لە شیعری میللی.

باغەوان وەفای بۆ کەس نییە

بەناوی «باغەوان وەفای بۆ کەس نییە» شامی پۆیێمێکی (١٥٠) دێڕی هەیە. کێشی خۆماڵی سیلابی دە بڕگەیی و قافیەی مەسنەوییە لە ساڵی ١٩٥٨ دایناوە. ناوەڕۆکی بریتییە لە گێڕانەوەی ڕابواردنی شەوانی زستان لە دەوری ئاگردان و سەماوەر و گۆرانی و حیکایەتی میللی.

سەرەتا بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

بنام بی چوون جـــەهاندار فـــەرد
موخبیر جە هەر کار تەبیب جە هەر دەرد
زاتەش بی زەواڵ لوتفـــەش بی پایان
خـــودایش وە خـــەلق عـــالم نمایان

لەسەر دەستووری شیعری کۆن، بەتایبەتی بەیت و قەسیدەی درێژ، شامی بەموناجات لە ستایشی خودا دەستی بەشیعرەکەی کردووە.
لە پاشانا دەڵێ:

سەحەر وە نەغمەی مورغْ خۆش ئاواز
سـەبا مـەجـوونبـاد گـەهوارەم وە ناز
لالەی سوپاخیر سەحرا و کووه و دەر
وە فـەرش دیبـا پووشـا و سـەراسـەر
گـولان سەف کیشاون لە ئەترافْ جوو
هەر گـولی ڕەنگی هەر ڕەنگی یەک بوو
خـار وێنەی سـەرباز سـوپای پیـادە
سـەرتاسـەر گـرتو ئەترافْ جـادە
بوو عەتر گول سورخ غونچەی نەشکوفتە
نەغمەی ڕەوان بەخش مورغْ ئاشفتە

لەم دێڕانەدا شامی وەسفی جوانی سروشت دەکا، بەهار بەخۆی و باڵندەی خۆش ئاواز و فەرشی سەوزی مێرغوزار و گوڵاڵەی کەنار جۆبار و دڕک و داڵ وەکو سەرباز پاسەوانی ئەم جوانییە دەکەن.
بەم دێڕانە کۆتایی بەپۆییمەکەی دێنێ:

یەی دەستەی گووش کوو خەستەی گووشتْ گاو
چوار جـامی ڕووحین یەی سـەتڵ جـا ئاو
لافـەکـەی (شـامی) فـەسلی تاوسـان
وە نـاو سـەوەتـە بـایەس بـوەیدەی بـان

غەزەلی کلاسیکی

بەڕاستی شامی لە سەرانسەری دیوانی شیعری خۆی بەشاعیری میللیی ڕاستەقینە پیشان دەدا لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا. کەچی ئەو شیعرە کەمە عەرووزییەی بەڵگەی شاعیرییەتێکی ڕەسەنی شارەزای خەیاڵ و چێژی شیعری کۆنی کلاسیکی ئەدەبی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

١

لە غەزەلێکیدا لە پاییزی ساڵی ١٩٧٥ وتراوە دەڵێ:

خـــیش و بیگانە بزانن قـــاتڵ گـــیـــانم تونی
باعیسی ئاه و فەغانی شامی هیجرانم تونی
بی سەبەب بارانی دیدە دامەنی کەس تەڕ نەکرد
مـــایەیی ئەشکی عـــەیان و ئاهی پەنهانم تونی
خـــوەم شناسم دو زووخـــاو دیدە وو ئارامْ دڵ
توهمەتی ناحەق وەکی کەم! بی وەفا زانم تونی

لەم شیعرە ڕەوانەدا شامی مەرجەکانی ئەم جۆرە شیعرەی بەکارهێناوە، بەحری عەرووزی و یەکێتیی قافیە و تەنانەت پاش قافیەشی هەیە، «تونی» بەواتای (تۆی، ئەتۆی). لە شیعرەکەدا شامی ئاه و ناڵەی گەرم دەڕژێنێ لە ڕاست دووری و بێ وەفایی دلبەر.

٢

لە غەزەلێکی دیکەیدا لە ساڵی ١٩٧٣ وتوویەتی دەڵێ:

دڵ وە زنجـــیـــری فـــیـــراقت راهی ئازادیش بەنە
کـــاری دڵ هەر دەم وە دووریت داد و ئاه و شـــیـــوەنە
داد و بەد عـــەهدی خـــووبان هەر کـــەسی دیریت وەلی
گـــووشی گـــەردوونی ســـتـــەمگەر کـــەڕ وە فـــەریاد مـــەنە
دڵ وە فـــەریاد و فـــەغـــان کـــرخـــیش و بیگانە مـــەلوول
بی وەفـــا یایا دڵی تو ســـــەنگ ســـــەخت یا ئاهەنە

سـەنگی ئومیـدی ویسـاڵت شـیـشـەیی سـەبرم شکاند
بەرقْ شـمـشـیـری فـیـراقت قـاتڵی گـیـان و تەنە
خـوەم عەجـەب دیرم وەتاڵەی شـوومی کەچ بنیادی خـوەم
مـیـهرەبانی گـەردی هـەر کـەس کـەم وەگـەردم دوشـمـەنە
بی سەبەب سەرگەشتە مەجنوون چی وەسەحرایی جنوون
مـەر نە زانست ڕەسـمـی خـووبان بی وەفـایی کـەردەنە
تـا دەمـی مـردن دەمـا دەم دەم وەدیـدار تـو دەم
تـا بزانـی دڵ ئەسـیـری چاهـی تورک چون بیـژەنە
گـیـان وە چەنگاڵْ فـەراقی دەرینەکـەی (شـامی) نەکـە
داد وە بەد عـەهـدی خـووبان مـایەی خـوون خـوەردنە

شامی لەم لیریکەیدا موناجات لەگەڵ دلبەر دەکا. هەوڵی داوە بەرگی تازە لەبەر هەندێ وێنەی شیعری کلاسیکی بکا. شیعرەکە وەکو دیاردەیێکی نوێ دەکەوێتە بەرگـوێ بەتایبـەتی شیـعـری بەحـری عـەرووزی لە شیـعـری شـامی و هـەمـوو شـاعیرانی هەورامـان و ناوچەکانی کرمـاشـان و لوڕسـتـان بـاو نەبووە. جگە لەوە وێنەی ڕەوانبێژی و شارەزایی خوێندەوارانەی شیعری کلاسیکی لەم بەرهەمەدا دەبینرێ، شـاعیـر لەگەڵ ئەوەی خوێندن و نووسینی نەبووە بەڵام ڕۆشنبیـر بووە. هەندێ وێنەی جوان لەم شیـعرەدا بـەرچاو دەکەون وەکو: بەردی هیـوای گـەیشـتن بەدیدەنی تۆ شـووشـەی سـەبرمی شکاند؛ ڕووناکیی شـمـشـێر دووری تۆ گـیان و تەنی من لەناودەبا.

***

شامراد موشتاقی کرماشانی ناسراو بەشامی بەشیعرە جوانەکانی لاپەڕەی مـێـژووی ئەدەبی کـوردی ڕەنگین کـردووە. کـابرایێکی کوێری دوور لە خـوێندن و نووسین، دەست کـورت و هـەژار، بـۆ دابینکردنـی نانی خـۆی سـەربڵندانە لە دژی سروشت و ناگزووری کۆمەڵایەتی و بێ چاوی چۆتە مەیدانەوە. دێوەرەیی کردووە، شـتـومـەک و وردەواڵەی لێـرە کـڕیوە و لەولا فـرۆشـتـوویەتی. مـەیدانی کـڕین و فرۆشتنی لە ئاواییەکانی دەوروبەری شارانی کرماشان و کرند و قەسری شیرین بووە.

شیعری شامی ڕەنگدانەوەی لایەنێکی نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری ئێـــــران بوو، هەروەها بەڵگەی ناسکی دڵ و ئاوەدانی دەروونی بوو. لە ڕووی ڕوخسارەوە مەرجەکانی شیعری بەحری عەرووزی و کێشی خۆماڵی پاراستووە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ شامی ئەگەرچی خوێندن و نووسینی نەبووە، بەڵام ڕۆشنبیر بووە لەبەرئەوە توانیویەتی شیعری نالییانە بڵێ، بۆیە چۆتە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

ع ح ب

بەشی سی و پێنجەم

ع ح ب "عەین حێ بێ"

٢٠٠٠ – ١٩٢٣

به سووژن سەد چاو کوێر که
بـه دزی پـاره پـەیـدا کـــــــه
چەند دینارێکی کەم خێر که
بۆ باغی بەهەشت ڕاکـــــه

ژیانی

محەمەد کوڕی حوسێن کوڕی محەمەد بەرزنجی لە ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی بەرزنجەی سەر بەقەزای چوارتای سلێمانی لە دایک بووە. هێشتا منداڵ بووە ماڵی باوکی گواستوویانەتەوە گوندی سەرکان نزیک بەرزنجە لە لای ڕۆژهەڵاتەوە. لەو کاتەی دەستی بەنووسین و بڵاوکردنەوە کردووە «ع ح ب»ی بۆ خۆی داناوە وەک ڕەمزێکی نهێنی. لە ڕاستیدا تیپی یەکەمی ناوی سێیانی برای خۆی «عەلی حوسێن بەرزنجی» وەرگرتووە و کردوویەتی بەناوی خاوەنی ئەو نووسینانەی بڵاوی دەکردنەوە بەمەبەسی ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتی میری نەناسرێتەوە و لە چاوی سانسۆر ڕزگاری ببێ.

سەرەتای خوێندنی لای شێخ ئەمینی باپیری بووە (باوکی دایکی) لەسەر بەرنامەی حوجرەی مزگەوت. لە ساڵی ١٩٣٢ ماڵیان گواستراوەتەوە سلێمانی و لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەنجی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٤٦ بەمووچەخۆری میری دامەزراوە تا ساڵی ١٩٦٣ لەسەر ئەو کارەی ماوەتەوە. لە دوای کوودیتا کۆنەپەرستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وەکو زۆری مووچەخۆرانی کورد لە کار دوور خرایەوە، بەدرێژایی شەستەکانی سەدەی بیستەم دوور بووە لە

ژیانی ئاسایی، دەستی کورت بووە، ماوەی بڵاوکردنەوەی نەبووە. ئەو ڕۆژگارە نالەبارترین سەردەمێک بووە لە مێژووی کوردی کوردستانی عیراق بەتایبەتی لە ڕووی خوێندەوارییەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ وەکو زۆربەی خەڵکی دیکە گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی پێشووی خۆی.

ع ح ب بەهێمنی و لەسەرخۆ دڵسۆزی بیروباوەڕی بووە، شیعر بەشێکی گرنگ بووە لە ژیانی گیانی ئەو شاعیرە تا ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

شیعری

شاعیری ئەم ماوەیە ع ح ب لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی داوەتە شیعر، لە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆواری گەلاوێژ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. شاعیرێکە لەسەر سیستێمی لیریکی نوێی کوردی شیعری داناوە، فرە کێشی سیلابی خۆماڵی و فرە قافیەیی ڕەنگیان لە شیعری داوەتەوە. بەلای شیعری عەرووزی نەچووە و بەدەگمەن هەندێ دێڕە شیعری خۆماڵی جووت قافیەی مەسنەوی لە ناو لیریکیدا دەبینرێن، ئەم جۆرە دێڕانە لە ناو لیریکەکاندا بزر دەبن.

بەگشتی دێڕی شیعری ع ح ب کورتە چونکە بەزۆری کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی بەکار دێنێ، تەنیا بەمە ناوەستێ ئەمانەش کەرت دەکا واتە دێڕی کورتتر لە حەوت بڕگە و هەشت بڕگەشی زۆرە. شیعری ع ح ب لە ڕووی کێش و قافیە و زمان و لێکسیکۆنی شیعرییەوە کاری ئەدەبی میللیی سەرزاری پێوە دیارە. زمانی ساکارە، وشە و زاراوەی کوردی پەتی بەکار دێنێ، قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئیدیۆمی هەیە. ئەم هەموو ئەدگارانە خوێنەر حەیران دەکەن بەوەی شاعیرییەتی ع ح ب توانیویەتی بەناوەڕۆک هێزێکی ئەوتۆ بداتە شیعرەکەی وەک بەرهەمێکی داهێنراوی بەرز بکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. واتە بەڕوخسار میللییانە (فۆلکلۆرییانە) و بەناوەڕۆک بەرز مێشک و خەیاڵی زۆرینەی خەڵکی کورد زمان دەبزوێنێ.

بەگشتی شێوازی شیعری ع ح ب دەچێتە ناو خانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە. بۆ ئەم مەبەسە وەستایانە ماکی سیمبۆلی و ڕۆمانتیکی بەهەناسەی شیعری ڕۆژهەڵاتییانە و هەندێ جاریش ڕۆژئاواییانە (ئەوروپاییانە) دەخاتە ناو

شیعرییەوە، لەبەرئەوەیە وێنەی ڕۆمانتیکییانەی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا لە شیعریدا بەرچاو دەکەوێ.

مەیدانی شیعری ع ح ب فراوانە، سەرچاوەی دەوڵەمەندە، بەشێکی زۆری ژیانی ئادەمــزادی گـرتۆتەوە. ژن و دڵداری لە لای ئەو بایەخـێکی تایبــەتی پێ دراوە. سـروشت بۆ سـروشت خـۆی و بۆ زۆربەی شـیــعری دیکەی هەوێنێکی گـرنگە. میللەتی کورد و نیشتمانی کوردستان و چەوساوەکانی سـەر ڕووی زەوی جێگەی دیاریان لە شـیعریدا هەیە. شـاعیر بەهەناسـەیێکی پڕ لە سـۆزی مرۆڤـایەتی لە پێناوی بـەرگـری لـە چەوســاوەکــان هێــرش دەباتە ســەر چەوســێنەرەکــان لە کاربەدەست و دەرەبەگ و دەوڵەمەندی ناوەوە و ئەمپریالیست و کۆلۆنیالیستەکانی دەرەوە لە ئەوروپایی و ئەمەریکییان.

شـاعیـر هەندێ لە بەسـەرهاتنەکـانی سـەردەمی ژیانی خـۆی دەور کـردۆتەوە. ڕاپەڕین و ڕووداوە سیاسییەکانی عیراق و کوردستانی عیراق. شینی بۆ کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ و کۆچی دوایی شێخ مەحموود کردووە، لە کوردستانی تورکیا دواوە، نەورۆزی پیرۆز کردووە، گەلێ بۆنەی لەم ڕووەوە لە بیر نەچۆتەوە.

ئاوڕی زۆری لە دەرەوەی نیـــشـــتـــمـــانی خـــۆی داوەتەوە. بەگـــیـــانێکی ئەنتەرناسیۆنالیزمی لەسەر مافی نەتەوەکانی گێتی کردۆتەوە، وەکو ڤیتنام و فەلەستین و میسر. باسی قارەمانیەتی سپارتاکۆس و لۆمۆمبا و گیڤارای کردووە، میهرەجانی لاوانی بەرلینی (١٩٧٢) پیرۆز کردووە، لە دژی بەکارهێنانی بۆمبای ئەتۆم بووە.

بەپێی تاقیکردنەوەی خۆی شاعیر لەسەر ئەو باوەڕە بووە شیعر وتن بەهرەیە. لەم لایەنەوە زۆر جـار ویسـتـوویەتی شـیـعر بڵێ بۆی نەهاتووە، لە جـاری دیکەدا شـیعر لە خـەیاڵیدا نەبووە کەچی لەپڕ بۆی هاتووە. هەروەها بیـروڕای دیکەشی دەربڕیوە لە بارەی شیعرەوە وەکو ئەوەی شاعیر هەرچەندە بچێتە ساڵەوە توانای شـیعر وتنی کەمتر دەبێتەوە. ڕەنگە ئەمە حـاڵەتێک بێ بۆ ع ح ب خۆی، چونکە شـاعیـریش هەیە لە شـیعر ناکەوێ، هـەندێ جار شـاعیـری پیر بـەرهەمی بەرز دادەهێنێ بەپێی ئەو تیۆرییەی دەڵێ بەرهەمی جوان و ڕەسـەن بەکامڵی لە دایک دەبێ لە هەر قۆناغێکی ژیانی شاعیردا بێ.

زۆرینەی شـیـعری ع ح ب لە بابەتی لیـریکی کـورتە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێ

قەسیدەی درێژی هەیە (پۆیێم). ئەمانە لە بەرهەمە جوانەکانی دەژمێررێن. لە ناویاندا پێویستە ئاماژە بۆ بڕێکیان بکرێ:

١- ڕەنجی فەرهاد: ئیلهامی ئەم شیعرەی لە چیرۆکی شیعری «شیرین و فەرهاد»ی خانای قوبادی وەرگرتووە، لە دەوروبەری ٣٥٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە. بەشێوازێکی سەردەمانە بەرهەمێکی تازەی لە ئەوەی خانای قوبادی دروست کردووە.

٢- داستانی دمدم خانۆی لەب زێڕین: لە نزیکەی ١١٠٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە. گێڕانەوەی ئەدەبی میللیی سەرزار بووە بەسەرچاوە بۆ دانانی ئەم پۆییێمە.

٣- مەم و زین: لە دەوروبەری ٣٨٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە. شاعیر ئیلهامی لە گێڕانەوەی میللیی سەرزار وەرگرتووە.

٤- برایمۆک: لە دەوروبەری ٣٣٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە. ئەمەش لە بەیتی ئەدەبی میللیی (فۆلکلۆری) وەرگیراوە. شاعیر ئەو سێ کارەی دوایی لەو بەرهەمە ئەدەبییانە وەرگرتووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمان ئۆسکار مان لە ناوچەی موکریانی کوردستانی ئێران کۆی کردبوونەوە و لە پاشانا لە بەرلین لە ساڵی ١٩٠٤ بەچاپی گەیاندبوون.

٥- سلێمانی: لەم پۆییێمەدا بەنزیکەی ٢٤٠ دێڕە شیعر ع ح ب باس لە دایکبوونی شاری سلێمانی و پەرەسەندنی دەکا کە بەڕاستی لە مێژووی کورد و کوردستاندا شایانی ئەوە بوو بە«شاری هەڵمەت و قوربانی» ناوی پیرۆز بکرێ.

نموونەی شیعری

نیشتمانپەروەری

١

شاعیر بەشێوەیێک هۆگری کوردستانە لە چوارینێکیدا دەڵێ:

کەسێ لێی پرسیم ئەم خاکە جوانە
پێم ووت ئەوەتەی زەمان زەمانە
ئێمە پێشێلی دڕندە و دەعبایین
بەڵام کوردستان هەر کوردستانە

لەم چوارینەدا شاعیر ئەوە دەردەبڕێ لە خۆشی و ناخۆشیدا نیشتمانی خۆش دەوێ و قەت لە ئاسۆی بیریدا ئاوا نابێ، هەمیشەییە و هەر دەمێنێتەوە.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «ئەختەر»ەوە دەڵێ:

دوارۆژێکی خۆش
پڕ جۆش و خرۆش
ئەختەری نازدار
گەڕایەوە بۆ شار
لەوێ شاڵاو
گرتیە ناو
کە لە تەرمی شێخی گەورە
درا بوو دەورە
خەڵکی بەشان
بەرەو سەیوان ئەیانفڕان
لە بەردەمی سەرا
ئەبێ بەهەرا
ئەختەر سنگ
لە دەزگای کوشتن ئەکا تونگ
خوێنی ئەڕژێتە داوێنی
ئەختەر شۆڕەژنی سەختی وەک قولە
سینە و مەمکی ئەداتە بەر
ڕەهێڵەی گوللە
ئەو ئافرەتە
گەردنی بەرزی ئامادەی پەتە
لە زوڵم و زۆری هەراسانێ بوو

شۆڕەسواری مەیدانێ بوو
کچە قارەمانێ بوو
هەڵکەوتووی سەردەم و زەمانێ بوو
یەکێکە لەو تاکە تاکە
فیداکاری ئاو و خاکە
ئەختەر

لە ساڵی ١٩٥٦ شێخ مەحموود لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، کە تەرمەکەیان هێنایەوە سلێمانی. جەماوەری شار بەخۆپیشاندانێکی گەورە تابووتی شێخیان گرتە باوەش. دەسەڵاتی عیراق تەقەی لە خەڵکی کرد. یەکێک لە کوژراوەکان ئەختەر بوو. ع ح ب لە ساڵی ١٩٨٣ بەیادی کوژرانی ژنە کوردی قارەمان ئەختەر خان ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە. ئەم لیریکەی بۆ ئەختەری نازدار داناوە، مایەی ژیان بوو، نەرم و ناسک بوو، سنگ و مەمکی دایە بەر گوللە لە پێناوی ئەو قارەمانەی لە پشت بەردە قارەمان لە بازیان وەکو سەربازێک بریندار کرا. دەسەڵاتی کۆنەپەرستی عیراق دەبوو کچە قارەمانی سلێمانی ئەختەر بکوژن، چونکە لایەنی شێخ مەحموود بوو. شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە تاوان لەوە گەورەتر نییە سنگ و مەمکی ئەختەر بدرێتە بەر گوللە.

کوردی کوردستانی ئێران

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «سکاڵای لاوێکی کوردی ئێران» دەڵێ:

ڕوو ئەکەمە هەر کوێ
ئاگرە و بۆم دێ
دەستم سووتا هەستم سووتا
ماڵم سووتا مناڵم سووتا
ژوور سەرم تارە
کراسی بەرم ژارە

دەمم پڕ لە خۆڵە
دەورویشتم چۆڵە
نازانم ڕووی دەم
لە کام و کێ کەم
هەرچی ئاوە
ژاری تێ ڕژاوە
هەرچی نانە
هۆی مردن و ژانە
ئەی وولاتی پڕ ئاگرم
جێت ناهێڵم هەتا ئەمرم

هەڵوێستی دوژمنانەی دەسەلاتی ئێران بەرامبەر بەکورد بەگۆڕینی ئەوەی فەرمانڕەوایە ناگۆڕێ. ع ح ب ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٨٤ نووسیوەتەوە. ئەو دەمە ماوەیێک بەسەر کوودیتا ئاییینییەکەی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران تێپەڕی بوو، کەچی هەڵوێستیان بەرامبەر بەکورد هەر ئەوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی شا بوو، بەچاوێکی سووک تەماشای کوردیان دەکرد. شاعیر لەسەر زمانی کوردێکی کوردستانی ئێران سوورە لەسەر ئەوەی نیشتمان بەجێ ناهێڵێ، ئەمە تەنیا زمانی حاڵی ئەو کوردەی ئەوێ نییە، بەڵکو هەست و نەستی شاعیریشە.

٢

لە چوارینێکیدا شاعیر لەم بابەتەوە دەڵێ:

شایێکی ڕەوشت وەک گورگی ئێران
کوردێکی لەسەر ئاگر ئەبرژان
ئەیانویست وولات جێبێڵێ و بڕوا
تا مرد هەر ئەیووت خاکمە کوردستان

ئەم هۆگرییەی شاعیر بەخاکی کوردستانەوە، لە ئەنجامی پارچەکردنی خاکەکەیە، هەر پارچەی میللەتێک داگیری کردووە، تورک و عەجەم و عەرەب، ئەگەرچی ئەوانیش لە ناوخۆیاندا لەگەڵ یەکتری ڕێک نین بەلام بۆ مەسەلەی

بزووتنەوەی بیری کوردایەتی یەک دەنگن. مەبەسی هەموویان دەرکردن یا توانەوەی کوردە. ئیتر شاعیر پەیمان دەدا لە خەبات نەکەوێ و خاک بەجێ نەهێڵێ.

دادی کۆمەڵایەتی

لە شیعرێکیدا ع ح ب بەناوی «نرخی پارە» دەڵێ:

بۆت هەیە چوار ژن بێنی
یا ئەگەر پیاوێکت کوشت
بەپارە ئەکڕی خوێنی
پارەیە بڕبڕەی پشت

***

بەسووژن سەد چاو کوێر کە
بەدزی پارە پەیدا کە
چەند دینارێکی کەم خێر کە
بۆ باغی بەهەشت ڕاکە

***

فێڵ و دەست بڕین و سوو
تاوانێکی وای نییە
مەگرە سی ڕۆژەی ڕۆژوو
تێر کە دوو سێ برسییە

***

لێرە ڕابواردن و گەشت
بۆ خاوەن دەسەڵاتە
بۆ پارەدارە بەهەشت
جەهەننەم شوێنی لاتە

***

لە وولاتی وێرانا
لە ناو کەڕ و کوێرانا

ئەمـــــــــە ڕای ڕابـەرانـە
بـۆیـە مــــــــــردن هـەرزانـە

لەم شـیـعرەدا ع ح ب باس لـە ڕەوشت و نەریت و دەسـتـوورێک دەکا هەنـدێکی نـەنووســـراوە و دروسـت کـــراوە، هـەرچۆنـێ بێ ئـەوەی نـووســـراوە بخـــرێتـــە پـراکــتــیـکیــشـــەوە ڕێی تـێ دەچێ، بـەڵام ئەوەی نـەنووســـراوە خـــەڵکی پـێ هـەڵدەخـەڵەتێنرێ. نویشکی بیـروڕای ئەوەیە پارە هـەمـوو شـتێکە، ناهـەقـیشـی پێ دەکرێ، پیاوی فاسق بەپارە خێر دەکا، چوونە بەهەشتی مسۆگەرە.

٢

لە شیعری پێشوویدا ع ح ب باسـی لـەو کۆمەڵە کردووە بەزەبری پارە دەسـتوور دادەنرێ بۆ چاکـەی دەوڵەمـەند، کەچی لە شـیـعرێکی دیکەیدا بـەناوی «شـیـعر و هات» بـاس لە ســـایکۆلـۆجــیـــیـــەتی نـاوەوەی ئادەمـــزاد دەکـــا لـە دابـەشکردنی جەوهـەرەکانی مەتریاڵی و گیانی لە ژیانیدا:

کە ئافرەتێکی ناشیرین
لە کەسێ ئەبێ بەهەنگوین
ئەبێ بەحەڵوا
کەس ئەموستی پێوە ئەخوا
وە یا ئافرەتێکی شەنگ
ئەبێتە هاوسەری کەسێ
هەمیشە ئاژاوەیە و جەنگ
هەردەم هاواری لێ هەڵدەستێ
یا پیاوێکی دانا
ئەبێتە هاوەڵی ژنێ
لە یەک نان دانانا
ڕۆحی ئەجنێ
وا ئەکا پیاوە
ژەهری باشتر بێ بەلاوە

لەو نانە
پڕ لە ئاشووب و ژانە
وە یا گەمژە پیاوێ
بەپلارێکی هات
ئەوەندەی لێکنانی چاوێ
سامانی بە کەشکەشان ئەگات
زاناییێکی وورياش
ئەبێتە ئاشەوانی ئاش
شیعریش ئاوایە
شیعری گەن
نووزەی دەرنایە
دەسا و دەس ئەیبەن
کەچی شیعری جوان
ئەوەی لە ناخەوەیە بۆ هەموان
وەک بەئەنقەست
تێناپەڕێ لە یەک دوو دەست
کا لە بەردەمی سەگایە
بۆ ئەسپیش ئێسکی ڕووت
ژیان بەشی زۆری وایە
زێڕ بۆ کەرە و بۆ دانا زەقنەمووت

لەم بەرهەمـەدا وێنەی هـونەری داهێنراو دەبیـنرێ. بەڵگەکـانی لە دابەشـکردندا هەمـووی ئاوەژوو و پێچەوانەیە. «کا و سـەگ» و «ئێسـقان و ئەسپ» هـەموو کـەس دەیزانێ. یا لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا دەڵێن: دەسەڵات بەدەست پیاوە بۆ کار نادۆزێتەوە، بەڵام بۆ پیـاو کـار دەدۆزێتـەوە، دیارە ئەو پـیاوەش شـایانی ئەوە نیـیـە. ع ح ب ئەم بیروڕایە دێنێتە ناو گێتیی شیعرەوە. ڕاسـتییەکەی ئـەوەیە شیعر شیـعرە، چاک و خراپی نییە. کە شیـعر بێ مانای چاکە. کە چاک نەبـوو مانای ئەوەیە شیـعر نییە. بۆیە کورد وتوویەتی ئەمە میعرە و شیعر نییە!.

٣

له چوارینێکیدا شاعیر دەڵێ:

مـن ئێـــســـتـــە دیلـم لە بیـــابانـێ
سک هەڵـئـــەگـــوشم بۆ پارچە نانـێ
ڕۆژی چەن جــارێ فــەلاقــەم ئەکــەن
ئـەڵـێن وا ئـەبـی تـا دێـر زەمـــــــانـێ

لەم چوارینەدا شـاعـیـر باوەڕی بەگـۆڕان هەیە، ئەو شـیـعـرەی بـۆ ئەوە وتووە هـەژاری و زۆرداری هـەتا هـەتایە نامێنن، ڕاستە تا ڕۆژگارێکی درێژیش دەمێننەوە، بەڵام یەکسـانی و داد و ئازادی لە دوارۆژدا باڵـیان دەکێشنە سـەر هـەمـوو لایێکی ڕووی زەوی.

٤

له چوارینێکی دیکەیدا دەڵێ:

داغیان ئـەکردم بەشیشی ئاسن
ناوی خۆم گۆڕی بەڵکو نەمناسن
ناسیاوێکی خۆم ئاشکرای کردم
سینەیان کێـلام بەلووتی گـاسن

لەم چوارینەدا شـاعیر باس لە تاوانی جاسـووسی دەکا. کەسێکی بێبار خـراپە بە نزیـکێکی خـۆی دەگـەیەنێ. بـۆ بەڵگە نیـشـتـمـانپـەروەرێکی کـورد ناوی خـۆی دەگۆڕێ بۆ ئەوەی دوژمن نەیناسـێتـەوە، کەچی ناسـیـاوێک ناوی ئاشکرا دەکا بۆ دەسـەڵات بەدەست.

کچی قارەمان

له شیعرێکیدا بەناوی «کچە عارەبێ» شاعیر دەڵێ:

بەبەستەڵەک و نسێوا
هەڵئەزنا بەکێوا

د. مارف خەزنەدار. ب٧ (٣٣)

کچە عارەبێکی چاو ڕەش
وەک گوڵاڵە گەش
لە ڕۆژئاواوە
گەییبووە ئەم ناوە
وەک قارەمانێکی وێنەکەم
شیری هەڵکێشا بوو لە ستەم
کچە عارەبێکی شاخەوان
تا دڵ حەز ئەکا جوان
وەک میوان
هاتبووە لامان
شەیدای سەربەستی بوو
دڵی لەسەر لەپی دەستی بوو
کچە عارەبێکی ئاسک
نازدار و ناسک
لە بنارێکی بێدەنگا
بۆ کورد ئەجەنگا
لە ڕۆژێکی ئاڵۆزا
پڕ تەپ و تۆزا
بێچوە گورگی شاخ
کرد و دەماخ
لەناکاو
خستییە داو
کچە عارەبێکی ئازا
کوژرا بەسزا

ع ح ب شاعیری ڕاستە، لەبەرئەوە عەوداڵی ژنە، ئەگەر قارەمانیش بێ دەبێ جوان و ناسک و نازدار بێ. ئەو کچە عارەبە بەپێی فیکری ئەنتەرناسیۆنالیزمی

هاتۆته کوردستان و بۆ کورد جەنگاوە. بیری مرۆڤایەتی و وەکیەکی هەموو ئادەمزادێک بووە بەهەوێنی ئەم شیعرە. کچێکی جوان پێش هەموو شتێک سەرچاوەی داهێنانی شیعری دڵداری بووە، کەچی بوو بەقارەمانی کارەساتێک بۆ سەندنی مافی میللەتێک. کچێکی عەرەب لەسەر مەسەلەی کورد شەهید دەکرێ.

***

محەمەد حوسێن بەرزنجی ناسراو بە ع ح ب (عەین حێ بێ) شاعیرێکی کورد بوو، بەشیعری نوێی کوردی دەستی پێ کرد، هەر بەئەویش کۆتایی پێ هێنا. کێشی سیلابی خۆماڵی و قافیەی ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. زمانی ئاسان و کوردی پەتی بوو، لیریکی تازە بابەت بوو، بەو مانایەی دڵداری ژن و بزووتنەوەی سروشتی وەک سەرچاوەیێک بەکار دەهێنا بۆ هەموو جۆرە شیعری کە لایەنێکی زۆری ژیانی گرتبووەوە. ئەو لایەنانە لەم بابەتانەدا دەکەوتنە بەرچاو: نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و مرۆڤایەتی و ئەنتەرناسیۆنالیستی و دژی دەرەبەگ و سەرمایەدار و ئەمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و بەرگری کردن لە جووتیار و کرێکار و هەژار و ڕەش و ڕووت لەبەر ڕۆشنایی ڕیالیزمی کۆمەلایەتی و شێوازی ڕۆمانتیزمی و سیمبۆلیزمی.



تیرێژ

بەشی سی و شەشەم

تیرێژ

١٩٢٣ – ٢٠٠٢

گەر شا بە دل جهان خوەشە
گەر گول هەبی بلبل گەشە
نە وەک (تیرێژ) ئەو بەخت رەشە
دەرد و غەمان ژێ هش برن

ژیانی

نایف کوڕی حەسۆ لە ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی نەجمۆک (نجیمێ) لە ناوچەی قامیشلی لە دایک بووە. لە تەمەنی شەش ساڵی ماڵی باوکی چۆتە گوندی تووکی لەو ناوچەیەدا. ئەوجا ڕووی کردۆتە گوندی سێ مەتکی لە نزیک شاری عامووده. سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە، زانستییەکانی ئایینی ئیسلامی و زمانی عەرەبی فێر بووە، لە تەمەنی مێردمنداڵی لە ساڵی ١٩٣٨ وازی لە خوێندنی حوجرە هێناوە. لە شاری عامووده نیشتەجێ بووە، نزیکەی پێنج ساڵ لە قوتابخانە خوێندوویەتی، لەم ماوەیەدا مەیلی لەسەر ئەدەب بووە، هۆگری شیعر بووە، لە پێشانا خوێندوویەتییەوە و لە پاشانا مەشقی هۆنینەوەی کردووە. ئەوجا وشەی «تیرێژ»ی هەڵبژاردووە، بەمانای (تیشک) و (بڵێسە) هاتووە، کردوویەتی بەنازناوی شیعری.

تیرێژ لەبەر هەژاری و دەست کورتی خوێندنی تەواو نەکردووە، بەتەمەن زۆر گەورە نەبووە کە دەستی داوەتە خەباتی سیاسی و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و هۆنینەوەی شیعر. ئەندامێکی زیرەک و کار ڕاپەڕێنەر بووە لە «یانەی دیدەوانی و وەرزینی کوردستان» لەگەڵ جیگەرخوێن و عوسمان سەبری و ڕەشیدی کورد و

یووسف حرسـان و قـەدری جـان هـاوکـار بووە لەو ڕێکخـراوەدا. پێـوەندی لەگـەڵ ڕۆشنبیر و نووسـەر و شـاعیرانی کوردی ئەو سـەردەمـەی سووریا بەهێز بووە. لە دوای دەرچوونی فـرەنسـا لە سـووریـا و دەسـتپـێکردن بەعـەرەبکردنـی کورد لەوێ تیـرێژ سـوور بوو لـەسـەر خـەبـاتی ئەدەبی و کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی. بـەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە مەیدانی کوردایەتیدا دوورنەکەوتەوە.

شـاعیر مـەقامێکی بەرزی لە ناو کۆمـەڵی کوردی سووریا هـەبوو، خـەڵکی وەکو شاعیرێکی میللی تەماشایان دەکرد، ڕۆشنبیران بەشاعیرێکی بەرزی داهێنەر لە قەڵەمیان دەدا. شیعری لەسەر زاری هەموو کەسێک بوو. گۆرانیبێژە میللییـەکان بەئاوازەوە شیعریان دەچڕی.

لە بەهاری ساڵی ۲۰۰۱ کوردی ئاوارەی ئەڵمانیا میـوانداری تیرێژیان کرد، لە مـانگێک زیاتر گـەشـتی چەند شـارێکی گـەورەی ئەو وڵاتەی کـرد. شـیـعـری بۆ دەخـوێندنـەوە، ئامـۆژگـاری ڕۆشنبـیـرانی دەکـرد بگەڕێنەوە نیـشـتـمـان، چونکە سـیـاسـەتی سـووریا هـەرچەند خـراپ بێ بەرامـبـەر بەکـورد، ناوەوەی وڵات جـێی خەباتی ڕاستـەقینەیە. لەو گەشتەدا تیـرێژ شاد دەبوو کە لە ئاهەنگەکاندا شـیعری خۆی بەئاوازی خۆشی دڵڕفێنەوە دەبیست.

تیرێژ لە ڕۆژی ۲۳ی مارتی ۲۰۰۲ لە شاری حەسـەکە کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمی گوێزرایەوە گوندی کرکفتار و لەوێ نێژرا.

شیعری

تیـرێژ خـوێندەواری کۆنی حـوجرەی مـزگـەوت و خـوێندەواری تـازەی قـوتابخـانەی وەرگرت، لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا ناوی بەمەلا نایف ڕۆیشتبوو بەڵام بەتەواوی لە ڕووی پراکتیکەوە لە گێتیی خوێندنی حوجرە پچڕا، لەگەڵ ئـەوەشدا سـوودی لێ وەرگرتبـوو. شیـعری تیرێژ لە هـەمـوو ڕوویێکەوە دەچێتـە خانەی «شیـعری نوێ»وە. دیاردەیێکی داهێنەرانە و هـونەروەرانەی دروست کـردووە لەو کـاتـەی شـیـعـری لەسـەر بەحری عـەرووز و یەکێتیی قـافیە و پاش قـافیـە وتووە بەناوەڕۆکێکی زۆر تازە لە شیـعـری کوردسـتـانی باکووردا بـاو نەبووە. لەو قـاڵبـە کۆنەدا وەسـتـایانە شـیعری کۆمەڵایـەتی و سیاسی و نیشـتمـانپـەروەری و کوردایەتی وتووە. کێشی خۆماڵی و هـەموو مەرجەکانی شیعری نوێ لە بەرهـەمیدا بەدی دەکرێن.

وەک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هاتووە شاعیری بەهێز ئەو کەسەیە بتوانێ چەند ڕێبازێکی ئەدەبی تێکەڵ بەیەکتری بکا و لە بەرهەمێکدا وێنەیان بکێشی. لە شیعری تیرێژدا بەگشتی هەست بەتەمومژی ڕۆمانتیکی دەکرێ لە ناو قاوغی ڕیالیزمدا، سیمبۆلیزم وەک شێواز لە هەندێ شیعریدا بەرچاو دەکەوێ.

تیرێژ لە هەموو ناوەڕۆکەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دوور کەوتۆتەوە، بەتایبەتی ستایش و پێداهەڵدان و شانازی کردن و داشۆرینی نییە. دڵداری لە ناو سروشت تواندۆتەوە.

ڕەمزی سروشتی کوردستان کەژی بەهارە. شێتی بەهارە، ئەم خۆشەویستییەی لە ناخەوە بۆ ئەوەیە لە کورد بدوێ، لە دواکەوتوویی، بۆ ئەوەی پێش بکەوێ؛ لە دیلیەتی بۆ ئەوەی ئازاد بێ. لە شیعریدا هەست بەدڵداری و وەسف و لەرزی سایکۆلۆجی دەروونی دەکرێ، دەتوانرێ لە خانەی تایبەتی شیعر دابنرێ لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە هەمووی لە ناو مەبەسی سەرەکی تیرێژ تواوەتەوە کە میللەتی کورد دلبەریەتی لەسەر خاکێک ناوی کوردستانە.

تیرێژ بەرهەمی شیعری کەم نییە. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هەوڵی بڵاوکردنەوەی هەندێکیانی داوە بەنهێنی و ئاشکرا گەیشتوونەتە خوێنەری کورد. بەشێ لەم بەرهەمانە لە دوای چاپکردن قەدەغە کراوە، لەسەر هەندێکیان گیراوە و خراوەتە بەندیخانەوە. هەرچۆنێ بێ لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵە شیعرەکانی بەناوی «خەڵات» و «زۆزان» و «جوودی» لە دیمەشق و بێرووت بڵاوکراونەتەوە. جگە لەم بەرهەمانە تیرێژ «مەلوودنامە»ی کوردیشی هەیە.

نموونەی شیعری

١

لە شیعرێکیدا تیرێژ دەڵێ:

گەر ڕا نەبی تو سەر خوە وەلات ب پێشڤە ناچی
ئەو ڕێبەرێن مللەتان ئەڤ وەک تەنەب هەمەت
وەلاتێ خوە ب زۆرێ ژ بن دەستان دەرئانین
کەتن ڕوو پەلێ تاریخ ب مێرانی ب شوهرەت

هـەتاکــو ئەم وســا بن دێ تم حــالێ مــە ئەڤــەبە
پەریشــان و بەلەنگاز ژار و بێ ســەر و ســیککەت
تـو گـــــوهـ دێـری ل (تیـــــرێژ) پەسـن د دەژ بۆتـە
دەست هلینـی ب مـەردی خـۆش بژی ئەڤ دەم و وەخت

شـاعیـر لەم لیـریکەدا ئـامـۆژگـاری کـورد دەکا. ڕەنگە ئەو قسـانەی دەیکا هیچ شتێکی تازەی تێدا نەبێ لە ڕووی مـاناوە. دەڵێ ئەگەر ڕانەپەڕی وڵات پێش ناکەوێ. توانای تۆ لە میللەتانی دیکە کەمتر نییە. ئەوان سەربەخۆییان وەدەست هێنا، تۆش چاو لەوان بکە. شاعیر توانیویەتی بەگیـانێکی هونەری ئەم ئامۆژگارییـانە قانگ بدا و کار بکاتە سەر خوێنەر و بەقسەی شاعیر بکا و ڕاپەڕێ.

٢

لە بابەت بەهارەوە تیرێژ دەڵێ:

بـوهـار دەم و دەورانـا مـنـێ
ســــەرپـشـک هـەم یـارا مـنـێ
بـاغ و گـــــولیـــــزارا منـێ
مـێـرگ و گـولیـسـتـانا منێ
خـــەمـــلاتە نیـــشـــانا زەمـین
کـولیلک ب ســەد رەنـگ و ب بین
شـاعـیـر ل ســەر تە هـار و دین
ئادار و نـیــــســــــانا مـنـێ

شـاعیـر بەسـروشت کـەژی بەهاری خـۆشـویسـتـووە. بەسـەرچاوەیێکی لە بن نەهاتووی ئیلهامـی شـاعـیرانی دانـاوە. بەهار بەمـانای سـەربەسـتی و ئازادییـە، ڕەنگدانەوەی بەهار بەشێـوەیێکی فراوان لە بەرهـەمی شیـعری تیرێژ زەمـینە خۆش دەکا بۆ شیـعر دۆسـتان بۆ ئەوەی بڵـێین لەم لیریکەدا بەهار ڕەمـزە بۆ نیشـتمـانی کورد، چونکە گومـان لەوەدا نییـە، مـەبـەسی سـەرەکی لە شیـعری ئەو شـاعیـرەدا هـەڵسوکەوتی ئێستـای کوردە و هـەوڵ و تێکۆشینە بۆ گـەیشـتن بەئامانج، بۆ ئەوەی خۆی خاوەنی خۆی بێ.

٣

له شیـعرێکی درێژی چوارین بەند تیـرێژ بەم جۆرە دەست بـەقسـەکردن دەکا لەگەڵ بلبل:

ئـەی بلـبلـێ دلشـــادی هـەلا وەرە بکـە فـــیـــغـــان
دەردێ مـــە گـــرانـە هـەی برا برینامـــە کـــوورە
گـۆری تە بـکن جـەرگ و دل و مـێـلاک و هـەم جـان
دەنگـێ تـەیـە خـــوەشـــتـــر ژ نـەی و بلـوورە

***

سێ هـاوێ تە دەنگەک ژ سـران بایێ سـبـێـیـە
هـاوێ دی ژ دەنگی خـــوەشـــینا دەهـل و رەزایـە
هـاوێ ســسـیـێ ژ بێـهنا شـمـامـۆک و گـولایە
لـەورا کـو ل دنیێ تـو ب ناڤ و تو مـەشـهـوورە

***

مـەیدان مـە ژ بۆ هـرچ و چەقـەل رۆڤی و کـەفـتـار
گـۆری تەمـە بلبل ژ سـەرێ دارێ تو وەرخـوار
دا تێکدە مـژوول بن ب خـوە چەند رۆژێن د دژوار
ئیـرۆ ل مـە فـەرمـانە ل سـەر گـەردەنێ شـوورە

***

دەسـتێ تەوقێیـە یێ ئیرۆ کو ئەم هـەرد و بدن هەڤ
چەند سـال و زەمـانن دخـەراب ژین ئەم دگـەل هەڤ
دنیـا ب خـوە دەورانـە بزان گـەه رۆژە گـەه شـەڤ
گـەه تـاری و دومـانە و گـەه رەوشـەن و نـوورە

بلبل و تیرێژ و کورد هـەرسـێکیان دڵدارن، دلبـەری بلبل گوڵە، دلبـەری تیـرێژ و کورد ئازادییە. گوڵستـان کوردستـانە مـەڵبـەندی ئەو سـێ دڵدارەیە. لە لێکدانـەوەی ئەم شـیـعرە ئـەبسـتـراکت دروست دەبـێ. دەکـرێ وێنەکـە ڕەنگدانـەوەی هەسـتی دەروونی شـاعـیر بـێ. تەنیا ئـەو خـۆی لە جێی بلبل دانەناوە، گەلێ لە شـاعیران

ئەمەیان کردووە. هەروەها دەکرێ وێنەکە ڕەمز بێ بۆ ئازادی کە کورد دەمێکە خەبات دەکا بۆ گەیشتن بەخاکی ئازادیستان. وێنە هونەرییەکانی لەم بەشەدا تیرێژ دایهێناون لە زەمینەیێکی واقعییەوە هەڵقولاون لە کۆمەڵێکدا چاکە و خراپە لە جەنگ دان و بۆ یەکتری چوونەتە مەیدانەوە. شاعیر پارچە شیعرەکەی بەهەندێ بیری دانایانە لە قاڵبی ئامۆژگاریی ڕۆژهەڵاتیانە ڕازاندۆتەوە.

تیرێژ شیعرەکەی بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:

بیــــهنا خـــوە ددەنک بایێ بارین ئەی برادەر
ستـێـرکـا سـبێ ئێـرۆ ژ شـەرقێ ل مـەدا دەر
ڕەوشەن کری کوردستان ب جارەک وێ سەرانسەر
نیـشـانا سـبـێـیـە فـەرەجـا خـێـرێ نە دوورە

***

پشـتی وێ سـتـێـرێ ب خـوە بەربانگا سـبـێـیـە
وێ ڕۆژهلـێ ڕۆهنی دکـەڤێ شـوونا شـەڤـێـیـە
کـاروانێ مـە وێ بگهێ جێ و وارێ مـەقـسـەدێیـە
چەرخـا فـەلەکێ هەردەم ب فـتل و گـەر و دەورە

***

کـاروانێ مـە ڤـا ب ریکەتی لێ شـەڤـرەش و تاری
سـەرمـایە تەرەز کـولی یێ بەرفـێ هەر دیاری
بەهرۆزە چەلپـەک تێنەمـە ژ هەر چار کـەناری
وارێ مـە وەلاتـە ئەی هـەڤـال ڕێگا مـە دوورە

***

چەرخـا فـەلەکێ هەردەم ب فـتل و گـەر و دەوران
هـێـڤـی و هـەوارا مـە ژ یـەزدانێ دلۆڤـان
قـەت چـار و ئومـێدا مـە ل سـەردارێن د کـوردان
وەک (تیـرێژ) دبێـژە ژین دڤێ کـۆتـەک و زۆرە

شاعیر کە بیر لە چاکە و خراپە دەکاتەوە، لەودەمەی کۆمەڵی کورد لە خانەی

خراپەدا دەبینێ ڕەشبینە. بەڵام کۆڵی نەداوە و باوەڕی بەدوارۆژ هەیە، لەبەرئەوە لە ڕەشبینییەوە وەردەگەڕێتە سەر گەشبینی، بەخەونیش بێ ئەستێرەی دوارۆژی کورد لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتدا هەڵدێ و کوردستان ڕووناک دەکاتەوە. دڵسۆزی تیرێژ لەوە دایە ژیرانە ئامۆژگاری کورد دەکا بەو مانایەی «بیناکردن لە ڕووخاندن قورسترە» پێویستە بکەونە خۆ بۆ دروستکردنی ئەو کۆمەڵەی کورد تێیدا دەحەسێتەوە.

لە ڕووی هونەرییەوە تیرێژ لەم لیریکەدا واقیعێکی سیاسی دەخاتە قالبێکی شیعرایەتییەوە، پەنا بۆ شێوازی جیاواز دەبا، وێنەی ڕۆمانتیکی دروست دەکا، هێمای سیمبۆلیزمییانەی هەیە خوێنەر دەتوانێ بەڕووکەش لە سەرەوە بگاتە مانایێک لە وشەکان، هەروەها بەقووڵی لە ژێرەوە بگاتە مانایێکی دیکە لە وشەکان.

٤

لە لیریکێکی دیکەیدا تیرێژ دەڵێ:

ئەڤ بەغچێ پر خوەش یێ منە
تەڤدە گولێ سۆر و زەرن
تەیر و تلۆر پر تێ هەنە
هەردەم دگەل هەڤد و شەرن

***

تێدە دژی هەودەکا ئاڤ
هەردەم دلبەری ژێ خناڤ
ژ وان چاڤێن هوور و زراڤ
هۆستا د نیڤ هەود چێکرن

***

رەوشا دنێ کێفا دلان
ئاڤێن زەلال بەغچێ گولان
ئاواز و دەنگێن بلبلان
وەختا سەحەر سەیران کرن

***

گەر شا بە دل جهان خوەشە
گەر گول هەبی بلبل گەشە
نەوەک (تیریژ) ئەو بەخت رەشە
دەرد و غەمان ژێ هش برن

شاعیر لە گێتیی خەیاڵی رۆمانتیکی و ڕەمز و ئیشارەت و بەهار و بلبل و گوڵ نایێتە دەرەوە. ئەم سروودەش وەکو زۆربەی شیعری دیکەی لە دەوری وشە و زاراوە و وێنەی پرناسی دەسووڕێتەوە، ئەگەر بشێ پرناسی بۆ ئەدەبی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار بهێنرێ! باغچە و بەهار نیشتمانی شاعیرە، بەڕاستی بەهار هی هەموو کەسێکە تەنیا هی شاعیر نییە، بەڵام کوردستان هی هەموو کەسێک نییە تەنیا هی تیریژە بەو مانایەی ئەویش کوردە. مانا ڕووکەشی ئەم لیریکە وەسفی بەهارە، بەگوڵ و موڵ و جۆگە و جۆبارییەوە، بەبلبلی دڵدارییەوە، ڕەنگە هەموو کەس بەبەهار گوشاد بێ، کەچی تیریژ بەدبەختە و دەرد و غەم بێهۆشی کردووە.

***

نایفی حەسۆی ناسراو بەتیریژ شاعیرێکی خۆڕسک و دڵسۆزی بیروباوەڕی خۆی بووە. خوێندەواری هەردوو گێتیی مەلایەتی کۆن و قوتابخانەی تازە بابەتی وەرگرتووە. لە خاکی کوردستانی سووریا لە دایک بووە، هەموو ژیانی لەوێ بردۆتە سەر. بەشداری لە جموجۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی کردووە. شاعیرێکی نوێخوازە، شیعری کلاسیکی ئاسایی تازە کردۆتەوە و بۆ مەبەس و ناوەڕۆکی نوێ بەکاری هێناوە. هەناسەی لە «شیعری نوێ»ی کوردیدا درێژە. بایەخی زۆری بەجوانکاری داوە لە شیعردا، یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی توانیویەتی جەوهەری ئیستێتیکی لە شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ و ئاسۆیێکی بەرفراوانی بداتێ.



محەمەد مەولوود (مەم)

بەشی سی و حەوتەم

محەمەد مەولوود "مەم"

١٩٢٧ - ١٩٨٧

ژیانی

محەمەد مەولوود لە ساڵی ١٩٢٧ لە ناوچەی سابڵاغ (مەهاباد)ی موکریان لە دایک بووە. لە تەمەنی منداڵی بەهۆی هەژاری و دەست کورتی خێزانی کەوتۆتە دیوی کوردستانی عیراق و بەهەتیوی گەورە بووە. زۆربەی ژیانی لە شەقڵاوە بردۆتە سەر. خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٤٤ بووە بەمووچەخۆری میری لە برادۆست. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەهۆی مووچەخۆری میرییەوە لە کۆیە و پیرمام (هاوینەهەواری سەلاحەدین) و شەقڵاوە ژیاوە. لە سەرەتای شەستەکانەوە گوێزراوەتەوە هەولێر و مووچەخۆری میری بووە لە کارگێڕی شارەوانی.

محەمەد مەولوود لەو کاتەی دەستی بەنووسین کرد بیری لەوە کردەوە نازناو بۆ خۆی دابنێ، ڕاستییەکەی هەڵبژاردنی ناوی «مەم» بۆ ئەم مەبەسە ئەوەیە وشەی «مەم» هیچ مانایێک ناگەیەنی، لە کۆبوونەوەی هەردوو «میمی» ناوی خۆی و باوکی وشەی «مەم»ی دروست کردووە و لەگەڵ ناوی خۆی و باوکی یا بەتەنیا بەکاری هێناوە.

مەم لە پاڵ کاری ڕەسمی لە شارەوانی هەولێر ماوەیێکیش خەریکی دەرکردنی کۆواری «هەولێر» بوو بەزمانی کوردی شارەوانی دەری دەکرد. وا بوو لە ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧١دا چەند ژمارەیێکی لێ بڵاو کردەوە. زۆری پێ نەچوو گیروگرفت کەوتە ناوەوە لە نێوان کارگێری شارەوانی و مەم بەهۆی ئەوەی سانسۆریان خستە سەر ئەو نووسینانەی تێیدا بڵاو دەکرانەوە لە ئەنجامی ئەوەی مەم لە چەند

نووسینێکدا ڕەخنەی لە بیرۆکراتییەتی دەسەڵات گرتبوو. جگە لەمە مەم کۆششی دیکەی هەبوو لە ڕۆژنامەگەری. لە ساڵی ١٩٧٠ دەوری دیاری هەبوو لە یارمەتیدانی بڵاوکراوەی «دەفتەری کوردەواری» لە بەغدا. لە هەرسێ ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە نووسینی هەبوو بەتایبەتی چیرۆکی «پێشوازی» لە ژمارە دووەمیدا لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکرایەوە.

مەم وەکو خوێندەوار و ڕۆشنبیرێک بیری دەکردەوە، نەک وەک سیاسییێک، ئەمە هەندێ کێشەی بۆ دروست دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی لە نزیکەوە بێ لایەن بوو و دوور بوو لە حیزبایەتی تووشی سەرێشەی بەندیخانە و ئازار نەبوو، بەتایبەتی لە شەستەکاندا بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە کەم کەس لە ناو ڕۆشنبیرانی شارەکاندا ڕزگارییان لە گرتووخانە و بەندیخانە بووبوو. مەم لە منداڵیدا ئازاری برسیەتی و نەخۆشی چەشتبوو کەچی لە ماوەی ژیانیدا لە هەولێر لە سەرەتای شەستەکانەوە تا کۆچی دوایی هەڵسوکەوتی دارایی و گوزەرانی ماڵی باش بوو. ئەمە بەفریای نەکەوت و نەخۆشی کۆنی تەنگی پێ هەڵچنی بوو تا لە ڕۆژی ٧ی مایسی ١٩٨٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمیان بردەوە شەقڵاوە و لەوێ نێژرا.

مەمی مرۆڤپەروەر

بیرکردنەوەی مەم لە مرۆڤ هەمیشەیی بوو. دواڕۆژی مرۆڤ لە ئاسۆی بیریدا ئاوا نەدەبوو، چارەنووسی مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤی هەژار و دەست کورت و بێ دەسەڵات دڵ و دەروون و مێشکی داگیر کردبوو، وێنەی ئەو هەژارانەی لە خۆیدا دەدی، لەبەرئەوە هەستی ڕاست و پاک و بێگەرد بوو بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژگار یاریدەی نەدابوون توانای بیر و بازوویان بۆ چاکەی ژیانی خۆیان و کۆمەڵ بەکار بێنن.

بێ کەسی و ئاوارەیی و دەست کورتی هەندێ گرێی سایکۆلۆجی لە ئادەمزاددا دروست دەکەن، هەزاران هەزار کەس دێنە سەر ڕووی ئەم زەوییە و ئەو گرێیە لە ژیاندا دەیانتلێنێتەوە. لە ئەنجامدا بەهێمنی و بێ دەنگی، بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بێ مەرگ کۆتایی بەژیانیان دێنێ، بەڵام تەنگوچەڵەمەی گیانی کە تووشی مەم بووە لەبەر بێ کەسییە، کۆمەڵ دەتوانێ ئەم بۆشایی و بێ کەسییەی

بە«بەکەسی» پڕ بکاتەوە، مەبەس لە کۆمەڵ خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەدەبپەروەرانن. ئایا خوێندەواری کورد دۆخێکی وایان ڕەخساندبوو مەم هەست بەبێ کەسی نەکا؟!

مەم ناحەزی هەبوو، ئەمانە خەڵکی جیاواز بوون، یەک ئیدیۆلۆجی کۆی نەدەکردنەوە، هەریەکەیان بەبەڵگەیێکەوە لە ناخەوە مەمی بەناحەزی خۆی دەکەوتە بەرچاو. لە سەردەمی ژیانی ئەودا باو باوی «پێشکەوتنخواز» و «کۆنەپەرست» و «پرۆلیتار» و «ئەمپریالیزم» و شتی دیکە بوو. لەبەرئەوەی مەم لەو ڕێکخراوانەی ئەم دروشمەیان هەڵگرتبوو، دوورەپەرێز بوو، لایەنگری ئەو ڕێکخراوانە بە چاوی گومانەوە تەماشای مەم و هەموو بێ لایەنەکانیان دەکرد، واتە ئەو کەسانەی ناسنامەی هیچ ڕێکخراوێکیان لە گیرفانا نەبوو. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ مەم وەکو کەسێتی بەگشتی و بەرهەمە ئەدەبییەکەی بەتایبەتی بەتەرازووی «پێشکەوتنخوازی» و «کۆنەپەرستی» ناکێشرێن. نووسینی لە پلەیێکی بەرزی داهێنان دان، بۆ مشتوماڵ کردنی بیر و هەست و نەست و خەیاڵی خوێندەوار لە ڕووی ئیستێتیکییەوە بوون بەسەرچاوەیێکی گرنگ. بەمەش گەلێ خزمەتی چاک کردنی باری ژیانی ئادەمزادی کردووە، هەروەها لە پێناوی هێنانە دی هەموو ئامانجە نەتەوەییەکاندا بووە، لەبەرئەوەیە مەم ڕۆڵەی دڵسۆزی نەتەوەی خۆی بوو، هەمیشە ئەوەی لە بەرچاو بوو نەتەوە دەبێ تێر و ئازاد بێ. ئەمە دروشمێکی ڕاست بوو.

لەو کاتەی تەنیایی دڵ و دەروونی مەمی داگیر کردبوو، بەوەی باش بوو بەهوشیارییەوە ئەمەی بەکۆمەڵەوە بەستبووەوە. واتە خۆی و کۆمەڵ هەردووکیان هەستیان بەتەنیایی دەکرد، ئەمە بەجۆرێک کاری تێ کردبوو بیری لە قەڵەمی تیژتر و بەهێزتر بێ. هەرچەندە زمانی قسەکردنی مەم پاراو و ڕێکوپێک بوو، نووسینیشی لە قسەکردنی پاراوتر و ڕێکوپێکتر بوو، بەڵام نووسینی لە پلەی بیرکردنەوەی دانەبوو، ئەمیان لەویان بەهێزتر بوو.

مەم یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی بەرهەمی لە پلەیێکی بەرزی هونەری دایە، بەڵام لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لە نێوەندی ئەدەب دۆستاندا بەختی یار نەبوو، هەندێ کەس خۆشیان نەدەویست چونکە دەیانزانی چیرۆکنووسێکی باشە، ئەوەی ئەو دەیکا ئەوان بۆیان ناکرێ، هی دیکەش پشتیان تێ دەکرد چونکە پارێزگاریی

ناوی بەرزی «نووسـەر»ی دەکـرد. بێ گـومـان نەبوونی ناسـنامـەی ڕێکخـراوێکی سیاسـی لە گیرفانیدا بووە هۆی ئەوەی ئەم دڵ پڕ لە گریانە ئەگەر بەسەریشیدا هەڵنەڵێن، لەسەری نەکەنەوە.

مەمی چیرۆکنووس

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم مەم دەستی کردووە بەچیرۆک نووسین. سـاڵی ١٩٥٧ سـاڵێکی گـرنگ بـووە لە ژیانی ئەدەبی نووسـەر، لەو سـاڵەدا لە تشرینی یەکەم چیرۆکی «پەنجا فلس»ی بڵاوکرایەوە. چیرۆکەکە دەنگی دایەوە و بوو بەبەڵگە بۆ ناوی مەم. واتە چیرۆکی «پەنجا فلس» و ناوی «مەم» بوون بەیەک مانا. ناوی هەریەکێکیان بهاتایە ناوەکەی دیکە دەهاتەوە یاد.

چیرۆکەکانی مەم لە گۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، بەزۆری لە دوای نووسینەوەیان پێشکێش بەچاپەمەنییەکان دەکران. لە پاشانا چیرۆکەکان لە دوو بەرگدا بڵاوکرانەوە. یەکێکیان لە ساڵی ١٩٧٠، ئەوی دیکەیان لە ساڵی ١٩٨٤.

مەم بەگشتی لە چیرۆکەکانیدا جەوهەرە بنچینەییەکانی پاراستووە، هەندێ جـار تێکەڵ بەحـیکایەتی مـیللی (فـۆلکلۆری) دەکـا، هەندێ جـاری دیکەش بەپێچەوانەوە پەنا بۆ سیمبۆلیزمی چیرۆکی ئەوروپایی دەبا و تووشی تەمومژ و گرێی سایکۆلۆجی دەبێ، بەهەموو جۆر شەقڵی کوردەواری و کوردایەتی بەسەر چیرۆکەکاندا زاڵە، ناوەڕۆک هەرچی بێ، ڕوخسار نەتەوەییە، واتە کوردییە.

لای مـەم بەگـشـتی جێگەی چیرۆک کـوردسـتـانی گـەورەیە، بەڵام بەزۆری لە کوردستانی عیراق لە دایک دەبن. کات بەزۆری لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە دەخایێنێ تا کۆتایی حەفتاکان. مەم هوشیارانە سەردەم بە بەسەرهات و مێژووی کـۆنی کـورد دەبەسـتـێـتـەوە. قـارەمـان چینە هەژارەکـانی خـوارەوە و چینە دەوڵەمـەندەکـانی سـەرەوەن، هەروەها ئەمـپـریالیـسـتی ئەوروپا و دەوڵەتە دراوسێکانی عیراق لە تورک و عەجەم، بێ گومان دەسەڵاتی سیاسی عیراقیش کە لە دەستی عەرەب دایە دەچێتە ڕیزی ئەم دوژمنانەوە.

لە ڕووی ڕاگەیاندنی ناوەوە چیرۆکەکانی مەم خوێنەریان لە کوردستانی عیراق و ئێران هەبوو، بەشەوقەوە پێشوازی دەکران، بۆیە وەک نووسـەر ناوبانگی دەرکـردبوو. لە ڕاگـەیاندنی دەرەوەش تا پلەیێک بەخـتـەوەر بوو. هەندێ لە

چیرۆکەکانی دەکران بەعەرەبی و لە ڕۆژنامـە و کۆوارەکانی عیراق بڵاو دەکرانەوە. جگە لەوە مەم یەکەمین چیرۆکنووسی کورد بوو سێ چیرۆکیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی. لە ساڵی ١٩٦٥ لە مۆسکۆ لە کتێبی «کۆمەڵە چیرۆکی نووسەرانی عیراق» چیرۆکەکانی «پەنجا فلس» (١٩٥٧) و «ئاوارەکان» (١٩٦١) و «بێ وڵات» (١٩٦١) بڵاوکرایەوە. ئەو کتێبە لە نێوەندی ئەدەبی ڕووسی و ئەدەبی نەتەوەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە دەنگی هەبوو.

لە سـاڵانی دوایی ژیانیـدا دوو کـاری هونەری گـرنگی بەدەسـتـەوە بوو، ڕۆمـانەکانی «پایزە خەون» و «ڕێگا». ئەم دوو ڕۆمـانـە شیکردنەوە و فراوانکردنی ئاسۆی چیرۆکەکانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەتی خۆیان پاراستووە و وەک نموونەیێکی داهێنراو لە ڕۆمانی کوردیدا دەکەونە بەرچاو.

لە گفتوگۆییێکیدا لەگەڵ دۆستێکی مەم وتی:

– ڕاستە هەر ڕێییێک شێوەیەکی هەیە، «ڕێگا»کەی منیش شێوەی تایبەتیی خۆی هەیە.

– «ڕێگا»کەی یەڵماز گۆناییش بابەتێکە.

– هەموو شت ڕێگەی هەیە.

– گرنگ سەرەتای ڕێگە نییە، بەڵکو ڕووداوەکانی، لەویش گرنگتر ئەنجامە.

– بەڵێ! ژیان ڕێگەیە، ڕێگەی بێ ئەنجامیش کارەساتە.

ناسینی چەند چیرۆکێکی مەم

پەنجا فلس

نووسـەر بـاس لە دوو منداڵی هەژاری شـاگردی قوتابخـانەی سـەرەتـایی دەکا، یەکـێکیـان خـۆیەتی. ئەو ژەمـەی دوو منداڵەکـە نان و چایان هەبوایە خـۆیان بەبەختـەوەر دەزانی. بەڕێکەوت لە ڕێگەی قوتابخانە پەنجا فلس دەدۆزنەوە. ئەو پارەیە بۆ دەوڵەمەند هیچ نەبوو، بۆ هەژار زۆر بوو. ڕۆژانەی پاڵەیێک بوو. دەست کورتەکـان دەیانتـوانی دوو ڕۆژ یا سێ ڕۆژ بەم پارەیە بژین. دەبێ چی گـۆڕانێکی سـایکۆلۆجی لە دڵ و دەروونی ئەم دوو منداڵە هەژارەدا پەیدا بووبێ! بەم جـۆرە خەونیان بەهـەموو شـتێکی خۆشەوە دەدی بەهۆی ئەم پەنجا فلسەوە بۆ یەک دوو

ڕۆژ ئەوەی دڵیان ئارەزووی دەکرد دەستیان کەوت. وەستایەتی نووسەر لە هونەری چیرۆک نووسین لەوەدایە ڕاستییێک دەردەبڕێ، بەوەی شتێکی کەم لە جێیێک کەمە و لە جێیێکی دیکە زۆرە.

بێ وولات

لەم چیرۆکەدا مەم لە دابەشکردنی خاکی کوردستان دەدوێ، گۆڕەپانەکە پارچە کراوە و دابەش بووە. خەڵکی هەر لایێکیان بووە بەبێگانە لە لایەنەکانی دیکە. پیرەمێردێک خەڵکی ناوچەی بیتوێنە لە کوردستانی عیراقدا. لە گرانی گەورە خۆی و خێزانی لە برسانا ڕوویان کردۆتە کوردستانی ئێران و لە دەشتی مەرگەوەڕ شەش ساڵ ڕەنجبەری و جووتیاری کردووە. لەوێش هەژار و دەست کورت بووە، لە شەپۆڵی نەخۆشییێکی گشتیدا ژن و کوڕ و کچی گەورەی مردوون، تەنیا خۆی و کچێکی ساوای ماونەتەوە. ناچار هاتوونەتە شنۆیە. لەوێ دەکەونە تۆڕی ئاسایشەوە. بەناوی سنوور بەزاندنەوە کە کارێکی قەدەغەیە پیرەمێرد و کچە منداڵەکەی سنووورداش دەکرێن. لە دیوی عیراق پێشوازی ناکرێن و دەیانگێڕنەوە ئێران، بەم جۆرە حەوت جار ئەمبەر و ئەوبەریان پێ دەکەن.

سەیرە! لە پێش پێنسەد شەشسەد ساڵ بەر لە ئێستا (پێش جەنگی چالدیران ١٥١٤) خەڵکی کورد لە شنۆ و سابلاغەوە دەچوون بۆ وان و باشقەلا، لە سلێمانی و خانەقینەوە ڕوویان دەکردە دیاربەکر و مرعش.

لەم سەین و بەینەدا کیژۆڵەی بچووکی بەستەزمان لە باوکی دەپرسی: بابە ئەوە بۆچ هەر دەڕۆین؟ کەنگێ دەگەینە ماڵی خۆمان؟ کەینێ دایکم دەگەڕێتەوە؟ بابە ئەوە بۆچ خانوومان نییە؟ لە دایە تووڕە بووی؟ وەرامی قسەی ئەم کچە نەخۆشە بێچارەیە ئەوەیە ئەم سنووورە دەسکردە بەدفەڕە بشکێنرێ و تێکومەکان بدرێ.

ئەگەڕێمەوە وولاتم

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئەمەریکا دەستدرێژی کردە سەر وولاتی کۆریا. بۆ بەشداربوون لەم جەنگە تورکیای دۆستی ئەمەریکا لەشکرێکی ناردە کۆریا لە دژی ئازادیخوازانی میللەتی کۆری بجەنگێ. زۆربەی لەشکرەکەی تورکیا کورد بوون. لەم کارەدا دەسەلاتی تورک دەیویست دوو چۆلەکە بەبەردێک بکوژێ.

یەکێکیان ئەوە بوو ئەوەی دەکوژرێ ڤیروسیا با لەناوبچی چونکە کوردە. ئەوی دیکەیان هەر جۆرە سەرکەوتنێکیش بەدەست بێنن بەناوی تورکەوەیە.

سەربازێکی لەشکری تورک بەدیل دەگیرێ و دەیبەن بۆ سەر سنووری کۆریای باکوور لەگەڵ مەنشووریای چین. لەوێ کۆری و چینییەکان دەکەونە گفتوگۆ و پشکنینەوە، بەڵام ناگەنە هیچ ئەنجامێک چونکە سەربازەکە لەوان ناگا، ئەمانیش لەو ناگەن. سەربازەکە تەنیا لەوە دەگا ئەوان کە پێی دەڵێن تۆ سەربازی تورکی. لە وەرامدا دەڵێ: نا تورکیش، ئەز کوردم، ئەز کوردیش نا تورکیش. خەڵکەکە وا بۆ مەسەلەکە دەچن، ئەم دیلە لەوانەیە پیاوی چاک بێ، بەزۆر دەسەڵاتی وڵاتی خۆی بەفیتی ئەمەریکا ناردبێتی بەشداری لەو جەنگەدا بکا.

ئیتر گەنجۆی دیل لەسەر سنووری کۆریای باکوور و چین هەر کوردستان، کوردستانی بوو، خەڵکەکە نەیاندەزانی «کوردستان» چییە! یەکێ دەیووت ئەمە ناوی باوکیەتی. یەکێکی دیکە دەیووت ناوی دایکیەتی. لەولاوە دەنگێک دەیووت دەزگیرانیەتی. یەکێکی دیکە لە هەموویان ڕاستتر بوو دەیووت خۆشەویستترین کەسیەتی.

نامەیێک بۆ بەندیخانە

کوردێک لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی دەگیرێ، کە دەخرێتە بەندیخانە ژن و کوڕ و کچێکی بێ کەس و بێ دەر دەمێننەوە، کوڕەکەی منداڵ بوو ناوی ڕەشکۆ بوو. کچەکەی لەو بچووکتر بوو ناوی نازێ بوو. دایک کارەکەری و ئیشی ماڵانی دەکرد، ڕەشکۆ بەپێخاووسی و جلی پیناوییەوە هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد. توانای ئەوەیان نەبوو نازێ بخوێنێ، یارمەتیی دایکی دەدا لە کارەکەری ماڵاندا. لە دوای هەشت ساڵ ڕەشکۆ دەگاتە پۆلی پێنجەم، دەست دەداتە قەڵەم و نامە بۆ باوکی دەنووسێ بۆ بەندیخانە. بە ووردی ئەوەی لەو هەشت ساڵەدا بەسەر ئەو خێزانەدا هاتووە بۆ باوکی دەنووسێ. ئەوەی گرنگ لە چیرۆکەکەدا ئەوەیە ڕەشکۆ باوکی زۆر خۆش دەوێ، لە نێوان قسەیێک و قسەیێکی دیکەدا «بابە گیان» و «تۆم خۆش دەوێ» و «دەستت ماچ دەکەم» دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە. لەم نامەیەدا خوێنەر لەوە ناگا ئەم باوکە ماوەی بەندی تەواو بووە و بەم زووانە ئازاد دەبێ، یا وەکو نوقڵانەیێک ڕەشکۆ داوای دیاری لێ دەکا کە ئازاد بوو بۆی بێنێتەوە!

ڕەشکۆ باس لە هەژاری ماڵیان دەکا، جلوبەرگیان پیناوییە، خۆی پێڵاوی نییە، ئەگەر بۆی نەکرا هیچی بۆ بێنێتەوە پێڵاوەکە زۆر پێویستە.

چیــرۆکنووس ســـوورە لەســەر ئەوەی ئەم بنەمــاڵەیە یەکگرتوون لە ســۆزی بنەماڵەییدا، لە ناو یەکتریدا لە سۆزی دایکییەتی و باوکییەتی تواونەتەوە، لەگەڵ سەرداری خێزانیانن. پشتیان گرتووە، لایەنگری بیروباوەڕی ئەون، بۆیە لە پاش بەندکردنی سەرداریان لە لایان خۆشەویستتر بووە.

مۆمەکەی شەماشە دنحە

کات لەم چیرۆکەدا ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمە. لە کوردستانی عیراق شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لە جموجۆڵی و چالاکیدا بوو. دەسەڵاتی نێوەندی بەغدا سەرەڕای شەڕی سەختی زەمینی و بۆمبابارانی فڕۆکەی جەنگی ئابڵوقەی ئابووریشی خستبووە سەر هەرێمی کوردستان.

ئۆتۆمۆبیلێکی گواستنەوە بەڕێوە بوو لە هەولێرەوە بۆ شەقڵاوە. خەڵکی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە ئاغایێکی دەرەبەگی کورد بوو لەگەڵ غولامی، شەماشە دنحەی مەسیحی شەقڵاوەش لەگەڵیانا دەگەڕایەوە ماڵی خۆی. ئاغا بۆڵە بۆڵی بوو، لەبەر خۆیەوە دەیووت: چیان دەوێ؟ بۆ وا دەکەن؟ مەبەسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو. بەڵام خەڵکی کورد ئەم پرسیارە ڕەت دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە دەڵێن: دەسەڵاتی بەغدا چی لە کورد دەوێ؟!

شەماشە دنحە هەندێ شتومەکی بۆ دیاری کڕیبوو، لەناویاندا چەند مۆمێکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ سەر گۆڕی پیرۆزی ووسوو ڕەحمان کڕیبوو ئەوەی لە ناو ئەشکەوتێکی چیای سەفین نێژراوە و کەسێکی پیرۆزە لە لای هەموو ئایینە ئاسمانییەکان.

لە نێوان ئاواییەکاندا دەسەڵات بنکەی پشکنینەوەی دانا بوو. شووفێر ڕووی کردە دانیشتوانی ناو ئۆتۆمۆبیل پێی ووتن شتومەکی قەدەغە فڕێ بدەنە خوارەوە. شەماشە دنحە پرسی: چی قەدەغەیە! شووفێر وتی: شەکر، چای، گەنم، دەرمان، قەڵەم، کاغەز، نەوت، ڕووناکی... شەماشە دنحە کە ناوی نەوت و ڕووناکی بیست، دڵی کەوتە خورپە! پرسی: خۆ مۆمیش قەدەغە نییە؟ شووفێر ڕاچڵەکی و قیڕاندی: هەی هاوار نەمووت، ڕووناکی، مۆم، نەوت، چاکە، پیاوەتی، شەڕەف، غیرەت،

نامووس، بەزەیی، مرۆڤایەتی هەمووی قەدەغەیە! شەماشە دنحە هەموو مۆمەکانی فڕێ دا.

شەماشە دنحە لە ناو ئۆتۆمۆبیل بیری دەکردەوە، بڕیاری دا شەوی یەک شەموو لە دار و دەوەنی زۆری شەقڵاوە ئاگرێکی گەورە لەسەر لووتکەی سەفین بکاتەوە بەناوی پیرۆزی ووسوو ڕەحمانەوە، ئاگرەکە بێ گومان دەبێتە ڕەنگدانەوەی هەزاران مۆمی ڕەنگاوڕەنگ.

***

محەمەد مەولوودی مەم سەرەتا بەشیعر دەستی پێ کرد، بەڵام هیچی بڵاو نەکردەوە. لە پاشانا وازی لە شیعر هێنا و بوو بەیەکێ لەو چیرۆکنووسانەی تاقیکردنەوەی شیعری نەبووە. لەبەرئەوەی خوێندنی ڕێکوپێک و هەموو قۆناغەکانی تەواو نەکردبوو بەتەواوی بەسەر زمانی نووسیندا زاڵ نەبوو، کەچی بەپێچەوانە هەستی هونەری و تێگەیشتنی ناگزووری کۆمەڵایەتی و بەهرەی دۆزینەوەی گیروگرفتی دڵ و دەروونی هەژاران یارمەتیی داوە ناوەرۆکی لەبار هەڵبژێری و بیکا بەچیرۆکێکی هونەری سەرکەوتوو. ژیانی تایبەتیی نووسەر و سەردەمی زیندەگانی، سنووری ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان کێشاوە، لە ژن و دڵ و دڵداری هەندێ دوور بووە و لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی نزیک بووە.



دیلان

بەشی سی و هەشتەم

دیلان

١٩٢٧ - ١٩٩٠

دیلان بەخەیام دەڵێ:

تۆ لەسەر باکەی شووشـەکەی شکان
لەگـــەڵ خـــودادا کـــردت بەزۆران
هەڵسـ‍ــە بەرەو ئەم ناوە هەڵتـــووتێ
نەک شـووشـە شـکا وا ڕەز ئەسـووتێ

ژیانی

محەمەد ساڵح کوڕی مەلا ئەحمەد دیلان کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا قادری شەوخوێن. ماڵی باپیری لە قەلاچۆلانەوە هاتوونەتە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٢٧ لەو شارە لە دایک بووە. لەقەبی باوکی «دیلان»ی کردووە بەنازناوی شیعر و ناوی هونەری خۆی. سەرەتا لە مزگەوتی بابا عەلی لە سلێمانی خوێندوویەتی، ئینجا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە تا پۆلی سێیەمی خوێندووە، بەهۆی دەست کورتی و خۆ خەریک کردن بەسیاسەتەوە لە پێناوی مافی کورد و دژی دەسەڵاتی عیراق و دەست تێوەردانی ئەمپریالیستی ئینگلیز لە کاروباری وڵات وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٤٧ لە کارگێڕی توتن لە سلێمانی بەمووچەخۆر دامەزراوە. زۆری پێ نەچووە هەر لەو ساڵەدا لەسەر خۆپیشاندان گیراوە و لە پاشانا ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٩٤٨ جارێکی دیکە گیراوەتەوە و لە کاری میری دەرکراوە.

لە ساڵی ١٩٤٩ لە سلێمانی گیراوە و بردوویانە بۆ بەغدا تا لە ساڵی ١٩٥٠

دادگـایی کـراوە و بەکـەفـالـەت بەردراوە. لە کـاتێکدا بردوویانە بۆ کـارگـێـڕی لێکۆڵینەوەی تـاوانبـاری (ئاسـایـشی ئەو سـەردەمـە) ڕەفـیق چالاک لـەوێ پیـاوی ئاسـایش بـوو بەگـرتنی داوە و ئیـتـر بـردوویانە بۆ ژوورێکـی تاریکی بەنـدیخـانەی ئەبوغرێب لە بەغدا، هەشت مـانگ لەوێ ماوەتەوە. ئینجا دراوە بەدادگا و سـاڵێک بەند و سـاڵێک دەستبەسـەری بۆ دەرچووە. ئەو ماوەیەی لە بەندیخانەکانی بەغدا و کووت و سلێـمـانی بردۆتە سـەر. لە دوای ئەمـە جـارێکی دیکەش گیـرایەوە دادگا فـەرمـانی سـاڵێک دەستـبـەسـەری بۆ دەرکرد، لە شـاری عـەمـارە ئەم مـاوەیەی بردە سەر و لە دوا ڕۆژانی ساڵی ١٩٥١ گەڕایەوە سلێمانی. هەر لەو ساڵەدا بەئەندامی لیجنەی ئاشتیخوازانی سلێمانی هەڵبژێررا. لەسەر ئەمە گیرایەوە بەڵام زوو ئازاد کرا. لە سـاڵی ١٩٥٢ بەهۆی ڕێکخراوی ئاشتـیـخوازانەوە نێررایە شاری ڤیـەننا لە نەمسا بۆ ئامادە بوون لە «کۆنگرەی نەتەوەکان بۆ بەرگری لە ئاشتیخوازی». لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەری ڕووس ئیلیا ئەهرینبورگ پەیدا کردبوو، لەو گەشتەیدا سەردانی ئیتـاڵیا و سویسرە و چیکۆسلۆڤاکیا و ڕۆمانیـای کردبوو. کە لە ئەورووپا گـەڕایەوە فـەرمـانی گـرتنی دەرچووبـوو. خـۆی شـاردەوە ئەو مـاوەیەی لە بەغـدا و کەرکووک و گوندی دەرگەزێن و مـورتکەی لای سلێمانی بردە سـەر. لە پاشـانا لە سـاڵی ١٩٥٣ خـۆی ئاشکرا کرد و بەدەسـتـبـەسـەری نێررایە بەغدا و لە ئەنجـامی دادگا ئازاد کرا.

لە سـاڵی ١٩٥٤ جارێکی دیکە گیرایەوە، لە کەرکووک دادگایی کرا و فەرمـانی سـاڵ و نیـوێک دەستبەسـەری بۆ دەرچوو، ماوەکەی لە نوگرەت سـەلمان بردە سەر و لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٥٦ گـەڕایەوە سلێمـانی. لەو سـاڵەدا بەهۆی هێرشـە سێ قۆڵیـیەکەی بەریتانیـا و فرەنسا و ئیسرائیل بۆ سـەر میسر دیلان دادگایی کرا و فەرمانی دوو ساڵ دەستبەسەری بۆ دەرچوو، ماوەکەی لە سلێمانی بردە سەر.

سـاڵی ١٩٥٧ هـەنگامێکی گرنگ بوو لە بیری سیاسـی و ئیدیۆلۆجییـەتی دیلان، تا ئەو سـاڵە بیری سوسـیـالیزمی (ئیشـتـیراکی) و ئەنتـەرناسـیۆنـالیزمی کردبووە ڕێبـاز لـە پێناوی هێنانە دی ئـامـانجی بیــری کــوردایەتی. ئـەو ســاڵە مــاوەی گـواسـتنەوەی فـیکری بوو، لەوەوە دەرباز بوو بۆ بیری ناسـیـۆنـالیزمی (قـەومی) و فـیـکری دیمۆکـراتی. دیلان ئەم گـۆڕانەی بەشـتـێکی بنچـینـەیی دادەنا لـە ژیانی سـیـاسـی تایبـەتی خـۆیدا. ئەوەی پێـویسـتـە لـەم لایەنەوە ڕوون بکرێـتـەوە ئەوەیە

کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر و سیاسی کورد ئەو گۆڕانە لەو کاتەدا لە فیکریان ڕووی دا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ لە کارگێڕی بەڕێوەبردن لە پارێزگای سلێمانی بەمووچەخۆر دامەزرا. ڕۆژگاری پاش کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا سەردەمی پشووداني بەندیخانە بوو بۆ دیلان، ماوەی حەسانەوە دەستی پێ کرد، لەبەرئەوە لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا ژنی هێنا، لە ساڵی ١٩٥٩ جارێکی تریش لە «میهرەجانی گێتیی لاوانی دیمۆکراتی» لە شاری ڤیەننا بەشداری کرد. لە دوای ئەمە جارێکی دیکە دەرگای بەندیخانەکان لە ڕووی دیلاندا کرانەوە. لە ساڵی ١٩٥٩ لە جموجۆڵیی دەستەی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان بەشدار بوو، لەسەر ئەوە گیرا، بەڵام زوو ئازاد بوو. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠ بەتاوانی ئەوەی لە دژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم خەبات دەکا گیرایەوە بەڵام زوو ئازاد بوو. لە ساڵی ١٩٦١ دیسانەوە هەر بەو تاوانە گیرایەوە و نێررایە شاری کووت. لە ساڵانی نەهاتی کورد ١٩٦٣ – ١٩٦٤ دیلان لە گرتووخانەکانی کەرکووک و بەغدا بە دەستبەسەری مایەوە.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم دیلان گەڕایەوە سەر کاری پێشووی لە کارگێڕی بەڕێوەبردن لە پارێزگای سلێمانی. ئەمجارە کارگێڕی نامەخانەی گشتیی شاری سلێمانییان پێ سپارد. خزمەتێکی زۆری ئەم دەسگا زانستییە گرنگەی کرد. تا ساڵی ١٩٨٣ لەم کارەیدا مایەوە ئینجا لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا.

دیلان لە دەنگخۆشە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی بوو. شارەزای ئاوازی مەقام و گۆرانی و بەستە میللییەکان بوو. ئەم هونەرەی لە باب و باپیرانییەوە بۆ مابووەوە. دوا ساڵانی ژیانی خانەنشینی بەشیعر وتن و دۆستایەتی برادەرە نزیکەکانی بردە سەر لە ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیران.

دیلان تەنیا شاعیر و دەنگخۆش نەبوو، نووسەر و ڕەخنەگر بوو، پسپۆڕی ئەدەبی کوردی بوو. لەبەر کاری نەهێنی زۆربەی بەرهەمی ئەدەبی بەناوی خواستراو بڵاو دەکردەوە. لە ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا گەلێ نووسینی بەم ناو و ڕەمزانە بڵاوکردۆتەوە: (م. ص. د.)، (د.)، (دیلان)، (م. ص. دیلان)، (ژیل)، (نالید)، (ص.).

دیلان لە ڕۆژی یەک شەمووی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژرا.

شیعری

شیعری دیلان لە ڕووی ڕوخسارەوە

دیلان یەکێکە لە گەورە شاعیرانی کوردی سەدەی بیستەم، ئەوانەی بابەتە جیاوازەکانی ڕێباز و قوتابخانەکانی شیعری کوردی دەور دەکەنەوە. شیعری لە هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا لە ڕووی هونەری و جوانکارییەوە گەیشتۆتە لووتکە. دیلان بەگۆڕان و پەرەسەندن لە ڕێبازێکەوە دەربازی یەکێکی دیکە نەبووە، بەڵکو لە سەرەتاوە مەشقی لە هەموو ڕێبازەکاندا کردووە، دیارە سەرکەوتنی هەرە گرنگیش لەوەدا بووە کە ئەو ڕێبازانەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە و تا دوایی ژیانی لەگەڵ هەموویاندا بووە. بۆ بەڵگە بەشێوازی کۆن لەسەر بابەتی تازەی نووسیوە، یا بەپێچەوانەوە بەشێوازی تازە لەسەر بابەتی کۆنی نووسیوە. لای دیلان ئاسایی بووە لە دوا ساڵانی ژیانیدا شیعر لەسەر بەحری عەرووزی دابنێ، ناوەڕۆکەکەی کلاسیکی کۆن بێ یا ڕووداوی تازە و سەردەم بێ. دیلان هەرسێ قوتابخانە شیعرییەکەی ئەدەبی کوردی دەور کردۆتەوە.

شیعری عەرووزی

شیعری عەرووزی دیلان لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەل و موجتەس و موزاریع ڕێکخراون. بەشێک لە دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی کردووە بەقافیە. پاش قافیەی زۆر نییە. ئەوەی جێی تێبینییە دەبوو بەشێک لە شیعرە عەرووزییەکانی یەکێتیی قافیەیان هەبێ، کەچی لەسەر جووت قافیە (مەسنەوی) ڕێکخراون و کەمیان لەسەر یەکێتیی قافیەیە.

شیعری کێشی سیلابی خۆماڵی

دیلان لە بەرهەمی شیعری دا هەموو کێشە خۆماڵییەکانی شیعری کوردی بەکار هێناوە:

١- حەوت برگەیی (٤ + ٣)، (٣ + ٤).

٢- هەشت بڕگەیی (٤ + ٤).
٣- دە بڕگەیی (٥ + ٥).
٤- یازدە بڕگەیی (٤ + ٤ + ٣).
٥- دوازدە بڕگەیی (٤ + ٤ + ٤).
٦- سێزدە بڕگەیی (٥ + ٥ + ٣).
٧- پازدە بڕگەیی (٥ + ٥ + ٥).

بەشی هەرە زۆری ئەم جۆرە شیعرەی لەسەر کێشی دە و هەشت و حەوت بڕگەیی داناوە، لە قافیەدا مەسنەوی (ا ا ب ب جـ جـ...)ی بەکارهێناوە. جگە لەمە ئەو شیعرانەی لەسەر بنچینەی بەند ڕێکخراون، ئەم جۆرە قافیانە دەکەونە بەرچاو (ا ا ا ا)، (ا ا ا)، (ا ب ا ب). هەروەها سیستێمی یەکێتیی قافیە لە شیعری خۆماڵیدا لای دیلان زۆرە. بەپێچەوانەی شاعیرانی دیکە بەزۆری یەکێتیی قافیە بۆ شیعری عەرووزی و جووت قافیە (مەسنەوی) بۆ شیعری خۆماڵی بەکار دێنن.

شیعری نوێ

ئەم جۆرە شیعرە لە ڕووی کێش و قافیە گەڕاوەتەوە سەر ئەو دەستوورانەی لە شیعری میللیی نووسراو و شیعری میللیی نەنووسراو (فۆلکلۆر) بەکار دەهێنران، واتە کێشە سیلابییە میللییە خۆماڵییەکان، تەنیا ئەوە هەیە کێشە میللییەکانیشیان وەکو خۆی بەکاریان دەهێنان، هەندێ جاریش کەرتیان دەکردن و دێڕە شیعریان لەو کەرتانە دروست دەکرد، دەسکاری شاعیر دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دێڕی شیعر لە وشەیێکی یەک بڕگەیی دروست بکا. لە شیعری نوێی دیلاندا ئەم دیاردانە لە ڕووی کێشی خۆماڵی دەکەونە بەرچاو. شاعیر بەم جۆرە کێشە خۆماڵییەکانی لە شیعری نوێدا کەرت کردووە.

١- حەوت بڕگەیی (٤، ٣)، (٣، ٤).
٢- هەشت بڕگەیی (٤، ٤).
٣- نۆ بڕگەیی (٢، ٣، ٤).
٤- دە بڕگەیی (١، ٢، ٣، ٤).
٥- دوازدە بڕگەیی (٤، ٨)٠
٦- چواردە بڕگەیی (٢، ٣، ٤، ٥).

تاقـیکردنەوەی دیـلان لە مـەیدانـی شـیـعـری نوێدا بەردێکی بنچـینەیی بوو لە بنـاغـەی کـۆشـک و تـەلاری بزووتنـەوەی شـیـعـری نوێی کـوردی کـە بەڕێبـازی ڕۆمـانتیکیش ناو دەبرێ. ئەم جۆرە شیعرەی دیلان و هەندێ لە شـاعیرانی دیکە بوون بەسـەرچـاوەی ئیلهـام بۆ ئەو شـیـعـرە نوێیـە کـوردییـەی کـە ناوی بە«لیـریکی نوێ» دەبرێ و بووە بەدیاردەیێکی عالەمی لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی گێتیدا.

زمانی شیعری

فـەرهـەنگی وشـە و زاراوەی شـیـعـری دیلان تایبـەتە بەخـۆی. لـە دوو گـێـتـیی پێچـەوانەی یەکتری دەسووڕێتـەوە. هەندێکیان ئاسان و ساکارن، مانایان لە ڕووە لەگەڵ وێنەی تیپی وشـەکاندا خـۆیان بەدەسـتـەوە دەدەن، لە زمـانی سـتـانداردی قسـەی خەڵکی کورد وەرگیراون؛ هەندێکی دیکەیان قورس و دژوار و داخراون، لە زاراوەی دەشـتـی کـوردەواری و کـۆمـەڵی کـشـتـوکـاڵی وەرگیـراون، یا لـە هـەندێ دیالێکتی گەورە و بچووکی دەرەوەی سلێمانی بەکارهێنراون. جا لەو کاتەی دیلان ئەم وشـە قورسـانە بەکـار دێنێ لە شـیـعرێکدا بـەشێوازی سیمبۆلی دەیهۆنێتـەوە تێگەیشتنی مانای شیعرەکە قورستر دەبێ. هەرچۆنێ بێ بەگشتی مانای شیعری دیلان لە ڕوو نییە، شارەزای ژیری گەرەکە بۆ ئەوەی لە ماناکانی بگا.

ڕەوانبێژی

دیلان وەسـتـا و لێزانی ڕەوانبێژییە بەو مـانایەی خۆی وێنەکان دروست دەکا. هەندێ جار لە ئەدەبی میللیی سـەرزار وەریان دەگرێ، لە جاری دیکەدا وێنەکان وەک پەندی پێشـینان و قسـەی نەسـتـەق دەکـەونە بەرچاو، جگە لەوە تەعـبـیـری فۆلکلۆری کۆمەڵی کشتوکاڵی کوردەواری لە بەرهـەمی دیلاندا بۆ یەکەمـین جار لە ئەدەبـی نووســـراودا دەبینرێ. هەروەهـا شـــارەزایـی قـــووڵی لـە نەریت و خـــوو و ڕەوشتی کورد لە شار و دێهاتدا یارمەتی ئەوەی داوە گەلێ جـەوهـەری تازە لە ناو شیعریدا ببینرێ و لەوە پێش بەنووسین نەکەوتوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

لیریک

بەشـی زۆری بەرهـەمـی دیلان لە بـابەتی غــەزەل و قــەســیــدەیە بەپێی زاراوەی کلاسیکی، واتە شـیـعـری کورت و شـیـعـری درێژ. شـیـعـری لە هـەر بـابەتێک بێ لە

ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئێستا کورتەکە بەغەزەل (لیریک) ناوی دەبرێ و درێژەکە بەقەسیدە (پۆێم) دەناسرێ.

پێنج خشتەکی

لە ناو سێ دامەزرێنەرەکەی شیعری کوردستانی باشوور نالی و سالم و کوردی، دیلان تەنیا شیعری سالمی کردووە بەپێنج خشتەکی. شاعیر لە هەموویان زیاتر لە سالمەوە نزیک بووە زیاتر لەبەر شیعرە نیشتمانپەروەری و کوردایەتییەکانی بووە.

موستەزاد

بابەتی موستەزاد لای دیلان نوێیە، کورتە، کێشی خۆماڵییە. بەڕاستی لیریکێکە و شاعیر گەمەی هونەری لەگەڵدا کردووە، هەر نیوە دێڕێکی درێژ نیوە دێڕێک یا دوو نیوە دێڕی کورتی داوەتێ. چەند شیعرێکی لەم بابەتەی هەیە.

شیعری دیلان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

دیلان لە ساڵی ١٩٤٩ دەستی کردووە بەشیعر هۆنینەوە تا ڕۆژی کۆچی دوایی لەگەڵ شیعردا ژیاوە. ناوەڕۆکی بنچینەیی شیعری دیلان لە ناخی سۆزی کەسێتی و مەسەلەی نیشتمانی کورد و هیوا و ئامانجی دواڕۆژی مرۆڤایەتی هەڵقولاوە. بەرهەمی شیعری دەچێتە خانەی داهێنانی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە. لەم ڕێبازەدا شێوازی سیمبۆلی و ڕۆمانتیکی بەکار دێنێ. لەبەرئەوەیە هەندێ شیعری داخراوە تا دەگاتە پلەیێک ئەوەی شارەزای ئەدەبی کوردی و نەریت و سامانی ڕۆشنبیری نەبێ ناتوانێ گرێی ئەو تەلیسمانە بکاتەوە کە شاعیر بەستوویەتی، بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیێک لە شیعریدا کرابێ تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە.

نووسەری ئەم کتێبە دەتوانێ شانازی بەوەوە بکا لە پێش کۆچی دوایی دیلان هەموو هۆی وتنی شیعری و سەرچاوەی ئیلهامی بۆ گێڕاوەتەوە بەتایبەتی شیعرە سیمبۆلی و داخراوەکانی.

بابەتەکانی شیعری دیلان

دڵداری کان و بنکەی سۆزی ناو دڵی دیلانە. لە سێ پەیکەردا پیشانیان دەدا.

یەکـەمیـان کـچـێکی جـوان ناوی شـیـرین یا نازەنـین یا ئەخـتـەر بێ گـرنگ نییـە؛ دووەمیـان کوردسـتـان و سێیـەمیان مـرۆڤایەتی. لە زۆربەی شیـعریدا هـەرسـێکیانی تێکەڵ بەیەکـتـری کـردووە بەتایبـەتی لە سـەرەتای شـیـعر نووسـینەوەیەوە تا سـاڵی ١٩٥٧، لەمـە بـەمـلاوە هۆش و بیـر و خـەیاڵی تەنیـا بۆ کـچـی جـوان و کـوردسـتـان مـایەوە. ئەگـەر بەرهـەمـی شـیـعـری دیلان ورد بکرێتـەوە ئـەم مـەبەسـانـە بەرچاو دەکەون:

١- دڵداری: ئەم جۆرە شیعرەی سۆزێکی کوڵیوە بەرامبەر بە ژن. مەسەلەکە لەبەر ڕۆشنایی دڵداری زەمینییەوە تەماشا دەکا.

٢- کۆمەڵایەتی سیاسی: ناوەڕۆکی ئەم بەشە شیعرەی تێکەڵ بەنیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەکا.

٣- ئەنتـەرناسـیـۆنالیـزمی و مـرۆڤـایـەتی: ئەمـەی بـۆ چاکـەی هـەژار و بێ نەوایان وتووە، لەسـەریانی کـردۆتەوە، لـە دژی چەوسـێنەرانیـان لە دەوڵەمـەند و کاربەدەست و دەرەبەگ و ئەمپریالیست و کۆڵۆنیـالیستی ئەورووپا و ئەمـەریکا وەسـتـاوە. لـەم شـیـعـرانەی دیلاندا داهێنان بەدی دەکـرێ لـەو وێنـە ڕەوانبێژییـانەی سیـمایان لە خـەیاڵی فراوان و بیری قـووڵ وەرگرتووە، نەک دروشمی سیاسیی ڕۆژانەی دوور لە داهێنان.

ڕووداو و مەبەس و کەسانی شیعری دیلان

ناوەڕۆکی بەشێکی زۆر لە شیـعری دیلان لە ڕووی مـەبەسـەوە تا پلەیێک ئەم مەسەلە و دیاردانە ڕوون دەکاتەوە:

١- لە سـاڵی ١٩٥٠ تا ١٩٥٧ لە لیـجنەی ڕێکخـراوی ئاشـتیـخـوازانی سلێمـانی ئەندام بووە، بەشێک لە شیعری لە بابەت بزووتنەوەی ئاشتیخوازییەوەیە.

٢- لە ساڵی ١٩٥٣ شیعری بۆ مردنی ستالین وتووە.

٣- شیعری بۆ کچە ئەڵمانی دەنگخۆش پۆڵدی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٥٣ گۆرانی بۆ کۆنگرەی ئاشتیخوازان چریوە لە شاری ڤیەننا.

٤- لە سـاڵی ١٩٥٤ بەهـۆی هێرشی ئەمـەریکا بۆ سـەر گـواتیـمـالا شـیـعـری هۆنیوەتەوە.

٥- لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ کۆچی دوایی بێخود شینی کردووە.

٦– له ساڵی ١٩٥٧ بۆ کۆچی لاوی جوانەمەرگ ڕۆشنبیر حەسەن تۆفیقی هاوڕێی شینی کردووە.

٧– بەشیعر پیرۆزبایی نووسیوە بەهۆی دەرچوونی کۆواری «شەفەق» لە ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکووک.

٨– بەشادییەوە پێشوازی لە کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدای کردووە و شیعری بۆ نووسیوە.

٩– لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ستایشی پاتریس لۆمۆمبای کۆنگۆ شیعری داناوە وەک قارەمانێکی نەتەوەیی لە ئەفەریقا.

١٠– ستایشی نیشتمانپەروەری کوردستانی ئێران غەنی بلووریانی کردووە کە لە ساڵی ١٩٥٩ فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو بوو لە لایەن حوکوومەتی کۆنەپەرستی شای ئێرانەوە. لە دواییدا فەرمانەکە بوو بە بەندیخانەی هەتا هەتایە.

١١– لە ساڵی ١٩٥٩ شینی بۆ هاوڕێیێکی خۆشەویستی کردووە، ناوی جەمیل بووە، لە تەمەنی لاویدا جوانەمەرگ بووە.

١٢– لە ساڵی ١٩٨٤ شینی بۆ عەزیزی مەلا خالیدی مەحوی کردووە.

قەسیدە درێژەکانی دیلان

دیلان کۆمەڵێک قەسیدەی درێژ (پۆیێم)ی هەیە، لە کارە ڕەند و هونەرییەکانی شیعری کوردی دەژمێررێن، لەوانە:

١– شەڕ و ئاشتی: داستانی مامەی پیرەیە بەشیعر. چیرۆکێکە بەزمانی پیرێکی سەفەربەرلک (ڕۆژگارانی جەنگی یەکەمی گێتی) دەگێڕێتەوە. لە زیاتر لە سەد و بیست دێڕە شیعر پێکهاتووە. لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ لە سەیرانێکی قەراغ شاری سلێمانیی ئەو کاتە تووی مەلیک خوێنراوەتەوە و دیلان لەسەری گیراوە.

٢– چیرۆکێ: لە زیاتر لە دووسەد و چل دێڕە شیعر پێکهاتووە. بەسەرهاتی ژنێکی نانکەری لێقەوماوی بۆردوومانەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە. شاعیر لە ساڵی ١٩٦٩ ئەم بەرهەمەی هۆنیوەتەوە.

٣- سلێمانی: ئەم شیعرەی دیلان لە قەوارەی زیاتر لە هەشتا دێڕ دایە. شاعیرانە حیکایەتی دروستکردن و بەسەرهاتی سلێمانی دەگێڕێتەوە. بەندەکانی بەم ناوانەوە هاتوون: سەرچنار، شاری تازە، لاپەڕەیێکی شاردراوە، وەڵام، شادی، ناسۆر و داخ.

٤- شێخ مەحموودی زیندوو: مەلحەمەیێکە لە سەد دێڕە شیعر پێکهاتووە. دیلان لە ساڵی ١٩٥٦ بەهۆی کۆچی دوایی شێخ مەحموود دایناوە.

گەشتی گوڵزاری دیلان

شیرین

یەکێ لە ڕەمزەکانی دیلانی کردووە بەشاعیر لیریکی «شیرین»ە. ئەمە شیعرێکە لەوانەی شاعیری پێ دەناسرێ. کە ناوی «شیرین» لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە سلێمانی دەهات دیلان بیر دەکەوتەوە. شیرین لووتکەی سیمبۆلی شاعیرە، نێوەندی ئەدەبی خەریک کردووە. گەلێ بۆچوون لەم لایەنەوە کەوتوونەتە ناوەوە، دیلان مەبەسی هەموو ئەو بۆچوونانەیە و زیاتریش. «شیرین» لە پێش هەموو شتێکدا ڕەمزی نیشتمانە، ئینجا چیای شیرینی سەرکەش، لە پاشانا کیژێک ناوی شیرینە، ئەگەر شیرینی فەرهادەکەش بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکە دەگونجێ، بەمەرجێ دیلان فەرهاد بێ. لەو سەردەمەی ئەم شیعرەی وتووە (١٩٥٤) ئازادی مەسەلەیێکی گرنگ و سەرەکی بوو لای شاعیر، لە ئاشتی و ئازادی دەگەڕا بۆ هەموو کەسێک. جارێکیان لێیان پرسی بوو ئەم شیرینە دەبێ ناوی نهێنیی کیژێکی خەڵکی سلێمانی نەبێ و دیلان حەزی لێ کردبێ و ئەم شیعرەی بۆ وتبێ؟ لە وەرامدا بزەیێک لەسەر لێوی هەڵفڕی بوو. وا زان دەکرێ ئەم شیعرەی بۆ ئەو کچە وتبێ لە دوای سێ چوار ساڵ بوو بەهاوسەری.

شیعرەکە بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

شیرین بەستەی گوڵاڵەی سوور ... تریـــــفەی مانگم
شیرین گەشەی ئەستێرەی دوور ... گفتــوگۆ و بانگم
شیرین تیشکی ڕۆژی دەم کــاڵ ... بــۆ وێـــرانەی دڵ
شیرین هـــاژە و جریـــوەی مەل ... بۆ وەنەوشە و گوڵ

شیرین ئەوپەڕی جوانی شێوەی   نیگاری سروشت
شیرین تۆ ئەو تاقە سێوەی   کە فەرهادی کوشت
شیرین تۆ بووی یەکەم بینین   کارەبای نازت
چاو هەڵبڕین زەردەخەنەت   سروەکەی ڕازت
لێی شێوانم تەلی تاری   هەڵبەست و خەیاڵ
بووم بەو مەلەی بێ لانەیە   زامدارە و بێ باڵ

لەم دێڕانەدا دیلان موناجات لەگەڵ شیرین دەکا. سروشتی ڕەنگین لە ناو جوانی ئەودا دەتوێنێتەوە. لە یەکەم بینیندا گرفتاری بووە، سەری لێ شێواوە وەک ئەو مەلەی بریندار بووە و هێلانەی ڕووخاوە.

لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

ئیتر نە مانگ نە ئەستێرە   نە گزنگی زەرد
نە فووی شمشاڵ قاسپەی کەو   لەم بەرد و لەو بەرد
نە بریقەی شەونمی سەر   چیمەنی قەراغ
نە خەندەکەی تازە غونچەی   درەختانی باغ
نە کەروێشکەی دەغڵی بنار   نە هاژەی چاوە
نە ئەو بۆنە سەرمەست کەرەی   ئەگریجە خاوە
نە کڕنووشی سەوز و سووری   پەلکەزێڕینە
نە بەهارێ کە خەریکی   عیشوە کڕینە
نە تەبیعەت نە جوانییەکەی   نە فەڕ و نرخی
جارێکی تر وای تەما بێ   خۆش بکا مرخی
وا بزانێ بە پەڕەی گوڵ   بەسیحری جوانی
ڕاچڵەکێنێ ئا ئەو دڵەی   کە تۆی میوانی
چونکە لەگەڵ هەچ کامێکیان   بەراوورد بکرێی
تۆ پێی بەرزی بەرەو ئاسمان   بەسەریا ئەنێی

شاعیر وێنە و دیاردەکانی سروشت بۆ شیرین دەژمێرێ، ئەمانە هەموویان ئەگەر لە ناو تەرازوو بنرێن و تایەکەی دیکەی دڵی شاعیری تێدا بێ کە شیرین

لێی میوانە، بێ گومان تایەکەی شیرین قورستر دەبێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ هیچ جوانییێک لە ناوەوە نابێ ئەگەر جوانی شیرین لە گۆڕی بێ.

دیلان لەسەر شیعرەکەی بەردەوامە:

ئیتر شیرین داری فیزت　　　باش ڕاوەشێنە
تۆ جێگاکەت هەرچەندە وا　　　لەسەر گلێنە
تا ئێوارێ شەپۆڕم بێ　　　و نالەی جگەردۆز
ئۆقرە نەگرێ کاتێ ساتێ　　　دڵەکەی گرۆز
منی کەساس منی کڵۆڵ　　　یا منی هەژار
چۆن ئەتوانم ئاشی هیوات　　　بۆ بخەمە کار!
چۆن ئەتوانێ پشت کۆماوەی　　　زنجیری دوژمن
دەستی لەرزۆک بەئاسانی　　　بنێتە گەردن
چۆن ئەتوانێ دەمی ووشکی　　　چەوساندنەوە
لێوی قرچی ووشک هەڵاتووی　　　ڕووتاندنەوە
نزیکی خا لە دوو لێوێ　　　دەوری تەنراوە
بەدرکەزی چاولێکەری　　　ئەم بەند و باوە

لە لای دیلان کەس لە شیرین خۆشەویستتر نییە، لەبەرئەوە هەرچی بکا بەلایەوە خۆشە، ئەگەرچی خۆشی هیچی بۆ ناکرێ، چونکە زنجیری دوژمن لە ملیەتی. کەسی دیل چۆن دەتوانێ دەمی بۆ دڵداری درێژ بکا!.

دیلان بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

هەیهوو! هەیهوو! ماوە پانە　　　ڕێ پڕ لە خێوە
کۆسپی بەر لووت بڵندترە　　　لەو شاخ و کێوە
ئەبێ شیرین پەلەقاژەی　　　دڵەی مندالم
نوێنی لێژ و شەو بێداری　　　شەوگاری تالم
هەڵیگرم بۆ ئەو کاتەی　　　ڕژێمی ڕاستی
ئەگاتە دەس ئەو کەسانەی　　　بەخوێنی خواستی

ئەوســـا منیش بەداخـــی دڵ	تێــر تێـــر ئەڕێــژم
لەو هـەنگوینـەی گـوڵی لێـوت	تۆزێ ئەچـــــــــێژم
یا وەک بلبل هەر بـەتەمــــــای	گـەیــــین بەئـــــاوات
بەرەو هیـــــوا باڵ ئەکـــوتم	بمبـــــات و بمبـــات

بەلای دیلانەوە دڵداری لە وڵاتی تاڵانستاندا ناچێتە سەر، لەبەرئەوە دوای دەخا تا ڕژێمی ڕاستی سەردەکەوێ، مەبەسی کۆمارەکەی ئەفلاتوونە. شاعیران خەون بەو سۆسیالیستی و یەکسانییە دەبینن. ئەگەر لە ژیاندا نەیەتە دی، خەونەکە دەبێتە ئەفسانە، ئەفسانەش شادی بەئادەمزاددا دەگەیەنێ. دیلان سوورە لەسەر ئەوەی ڕژێمی ڕاستی باڵی بەسەر مرۆڤایەتیدا دەکێشی، لەبەرئەوەیە دڵداری دوا دەخا تا ئەو کاتە، چونکە دیلان لەسەر ئەو باوەڕەیە هەموو شتێک کۆتایی پێ بێ، دڵداری نەمر و هەمیشەییە، بۆیە تەنیا بۆی هەیە دوا بخرێ.

شێخ مەحموودی زیندوو

دیلان کە شیعری «شێخ مەحموودی زیندوو»ی هۆنییەوە شەش حەوت ساڵ بوو دەستی دابووە شیعر، ناوبانگی پەیدا نەکردبوو و لە لایەن هەموو کەسێکیشەوە نەبووبوو بەشاعیری تەواو. لە دوای ئەم شیعرە دۆستانی ئەدەب وتیان دیلان بوو بەشاعیر. دەبێ چی نهێنییێک لە ناو ئەم شیعرەدا هەبێ! پێش هەموو شتێک سۆزی کەسێتی دیلان بەرامبەر بەشێخ مەحموود. پێوەندی ئەو بەشێخەوە زۆر لە تەمەنی باوکی دیلان و باوکی شێخ کۆنترە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەردەمی ژیانی باپیرە گەورەی هەردوو لایان و کاتی دروستکردنی شاری سلێمانی. هەرچی مەسەلەی شێخیشە لە ڕووی سیاسی و وەک دەروێشێکی تەریقەتی قادری و نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ ئەمەیان لە لای دیلان لە پلەی دووەم دەوەستێ و کاریگەری کەمترە لە سۆزە کەسێتییەکە.

هەرچۆنێ بێ خۆشەویستی بێ سنووری دیلان بۆ شێخ مەحموود بووە هۆی لە دایکبوونی ئەم شیعرە بەرزەی یەکێکە لە نموونە هەرە جوانەکانی شیوەن و ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا.

دیلان بەم جۆرە دەست بەشینەکەی دەکا:

پاییــز خــەزانی تـەمــاوی و مــەنگە
گــەڵا لق و پۆپ غــونچــە بـەژەنگە
ئاســمـــان نە شــینە نە پیــرۆزەیی
نە شـەو جـریوەی ئەسـتێـرەی شـەنگە
نە سـروەی شـەمـاڵ نە سـەدای مـەلە
چـاوە ووشـک و ڕەش بـەبێ ئـاهـەنگـە
ڕۆژ کــە ڕووناکی دەری ســروشــتــە
تەرازووی تیــشکی نەوی و لاســەنگە
تـەلی تـار خــاوە بێ ســۆز و ســازە
شـمـشـاڵ لەگـەڵ فوو بەشـۆر و جـەنگە
ئەگــەر پێکەنـین ببێ بەخــەنجــەر
لای گـوڵخـەندەران شـەق بردن نەنگە
پۆلە چۆلەکــەی مــۆلی ئێــواران
کــڕ و کش و مـــات وڕ و بێــدەنگە
سـەرچـنار ڕەشـە ڕەشـتـر ئـاسـمـانی
پـرچـی ژاکــــــاوە چـرە زەبـەنگـە
بـلـبـل بـێ ئـارام بـەبێ ســـــــرەوتـە
دنیـــای فـــراوان لای گـــۆڕی تەنگە
خـاڵ خاڵی لووتکەی شـیرین و هەڵگورد
لەگــەڵ فــرمــێــسکا تـوواوەی پەنگە
پشـــــــتکۆ تـەمی نـارد بـۆ ئـارارات
هـەنـاوی ئـەزمـــڕ بە کـــاژاو بـەنگە
بەڵام کــوردســـتــان بـا لە شــینا بێ
گـــوێ هـەڵخـــراوی ئـاوازی زەنگە
کــورد بـا ســەراپا مـــاتـەم دایگرێ
جــۆش و خــرۆشی وەک پـوورە هەنگە

دیلان بەسەر پاییزدا هەڵدەڵێ چونکە ڕەمزی مردن و لەناوچوونە. سروشت هەمووی بەگوڵ و گوڵاڵەوە ڕەشپۆشە، تەنانەت گوڵخەندەرانیش شەق نابا، چونکە یەکێک بەدەمیەوە پێنەکەنێ ناکرێتەوە. چۆلەکە کش و ماتە، سەرچنار ڕەش هەڵگەڕاوە، لووتکەی شاخەکانی شیرین و هەڵگورد لە حەژمەتانا فرمێسک دەڕێژن، بەفری سەر لووتکە و قەدپاڵ دەتوێنەوە. شاخەکانی پشتکۆ و ئارارات و ئەزمڕ و کوڕەکاژاو لەگەڵ هەموو کوردستانا لە ماتەم دان.

ئەوجا دیلان دەڵێ:

سیا کەژ سیا سیا کێوانە
سیا بەرگ دیارە هەر هەورامانە
لە کێ بپرسین سۆراغی ڕاستی
دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز
ئێستە ئەوپەڕت کێی لا میوانە
هەواڵی پرسە لە داریکەلی
شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە
ئێستە سێبەری سەر جەستەی کفنی
هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە
ئێستە پێخەفی نەرم و نۆڵی شەو
بەردە یا خاکی کانی ئاسکانە
بەردە قارەمان لە جێی خۆی ماوە
هەر لە دەربەندە یا لە پیرانە
ئێستە ئاوباریک وەک بوومەلەرزە
هەر هەڵئەلەرزێ یا لە وەستانە
کوا شێخ! کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی
کوا نەبەردەکەی ئەم نیشتمانە
بەرانان دیارە قوڕگت گیراوە
چاوت لیخنی خوڕی گریانە

سـەرت چەپۆکی کـۆچی بێ وادەی
شـێخ خـولی داوە سـسـتی فـغـانە
بەڵام بەرانـان گـوێم لێ ڕاگـرە
من کـوردم کـوردیش گـەلە ئینسـانە
هـەزار ئەوەندە بـخـرێتـە بینی
دەسـتی گـەردوون و چنگی زەمـانـە
کورد شۆڕەسواری وەک شێخی بووبێ
سـەر نەوی ناکـا لە بۆ بێگانە

دیلان لەسـەر دەستووری گۆرانیی «سیاچەمانە = چاوڕەشان»ی هەورامانیان دەڵێ، هەورامان ڕەشی پۆشیوە. لە شاخی بەرانان دەپرسێ ئایا شێخ مەحموود لە گوندی داریکەلی ماوە یا لە گۆڕستانی گردی سەیوانە. داریکەلی جێی زیندەگانیی شێخ بوو لە قەدپاڵی شاخی بەرانانە. هەروەها دەپرسێ ئایا شێخ ئێستا لە کانی ئاسکانە! ڕاستییەکەی ئەوەیە شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی نێژراوە. ئەو مزگەوتە لە گەڕەکی کانی ئاسکانە و ماڵی شێخیش لە کۆلانێکی ئەو گەڕەکەیە و بەناوی کۆلانی شێخان ناسراوە. دیلان لەسەر پرسیارەکانی دەڕوا و دەڵێ بەردە قارەمان لە جێی خۆیەتی یا لە ئاوایی پیرانە. بەردە قارەمان لە دەربەندی بازیانە، پیران گوندێکە لە مەریوان، شێخ ماوەیێک لەوێ ژیاوە. لە شیعرەکەدا ئاماژە هەیە بۆ گوندی ئاوباریک لە نزیک کفری. شێخ مەحموود لەو جێیەدا بەشداری لە شەڕێکدا کردووە.

شاعیر لەو دێڕانەدا جارێکی دیکە ڕوو دەکاتەوە چیای بەرانان لە پێشانا بۆی دەلاوێنێتەوە، ئەوجا هانی دەدا، تێی دەگەیەنێ کورد هەیە، کورد ئادەمزادە، هەزار ئەوەندە گەردوون خراپەی لەگەڵدا بکا، شۆڕەسواری وەک شێخی هەبێ سەری نەوی ناکا.

شاعیر دەگەڕێتەوە لای پاییز:

پاییـز خـەزانی تاریک و تاڵە
یا فـڕە قـەلە یا هاشـەی داڵە

ترونتـــــەی دەوران تیـــــژ و بەباڵە

بە ســـەر شـــەهێنی کــوردانا زاڵە

ســـەروو دەمـــێکە باغی هیــوامـــان

گـۆڕیکەی درەخـتـی هەر کـرچ و کـاڵە

ڕێگەی بەردەممان مـاوەیێ تەخـتــە

ئـەوەنـدەت زانـی پـڕ چـۆڵ و چاڵـە

نە شـەو ئاسـوودەین ڕۆژیشـمـان درێژ

بەخت سـەرنگوون مـاڵمـان نا حـاڵە

هێـــشـــتـــا برینێ تیــمـــار ناکــرێ

کـــەچی شـــەبەقێ هاوار بەحـــاڵە

بەڕاســـــتی چەرخ بێ بەزەییـــانە

بەم گــەلی کــوردە باش ئەکـا گـاڵە

بەڵام ئەی پاییـــز ئەی گـــەڵاڕێزان

تۆش گـــوڵی ئاڵی ســـەرداری ژاڵە

شـێخ با مـاڵ ئاوا لە کـوردسـتـان کـا

ئەم خـــاک و خـــەڵکە بخـــاتە ناڵە

ئێستـە کوردسـتـان ئامـانج و سەودای

لـە بۆتـەی ســـەخـــتـی دوارۆژا قـــاڵە

سـەردەمی ناخۆشـی بۆ کورد بەدرێژایی مێژوو زۆر بووە، کـاتی گوشـادی کەم بووە. تیماری برینێک ناکرێ، برینێکی دژوارتر دەردێنێ، بەڵام کورد کۆڵ نادا، کە شـێخ ماڵئـاوایی لە کوردستـان دەکا کورد ئازاتر دەبێ بۆ ئەوەی هیوا و ئامـانجی شێخ بهێنێتە دی.

دیلان بەم دێڕانە کۆتایی بەقەسیدەکەی دێنێ:

پاییـــــز ئاخـــــری گـــــەڵاڕێزانت

وورووژمـی تیـــــژ و توندی خـــەزانت

کــزەی بای ســاردی دەمــە و بەیانت
گــەردەلوولی ڕەش ســەر لووتکەکـانت
ئـالآیە گـــەردن ســـەرۆکی ناشـــاد
کــردی بــەنێــچــیــر مــەرگی دەورانت
کەوا بوو سـەرۆک مەحمـوودی کوردان
ســووک لێکی بنــێ پێـڵـووی چاوانت
بـنـوو لـە بـاوەش دایـکـی دڵســـــۆزا
بۆی هــەڵبــژێرە دەرد و هیـــجـــرانت
لەگــەڵ یـەکــتــری بکـەونە گــفــتــار
ئـەو بـەئیـــشـــارەت تۆ بەزمـــانت
بۆی بگێــڕەوە ڕەنجــووری کــوردان
پـیـــشـــانی بدە برینی گـــیـــانت
بـنوو نـووســـتنـی دوای هیــلاکی ڕێ
پرخــەت بگاتـە گـشـت کـوردســتـانت
ئـەو ڕێیـــەی کـــە تۆ گـــرتت لە ژینا
ئێستەش بەجێت هێشت بۆ ڕۆڵەکانت
کـوردســتـان بگرە چەپکـە نێـرگسێ
ســووک دایـبـهێـڵـە و بیـخـە گـوڵدانت
بـا بـۆنـی خـــــۆشی هــەتا هـەتـایە
ببێ بەمــایـەی شـــەوکــەت و شـــانت
با هـەنگی لاوی نـیـشـتـمـانپـەروەر
ئـەو بـۆنە بـبـــا بـۆ دەردەکـــــانت
لێـی دروست بـکا شــانەی هەنـگوینی
مـەبەست و بڕوا و جـۆش و فـەرمـانت

شاعیر دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو پاییزەی دوایی بە ژیانی شێخ هێنا، ئینجا ڕوو دەکاتە شێخ و پێی دەڵێ: لە باوەشی خاکی کـوردسـتان بنوو و بحەسێوە،

پێکەوە گفتوگۆ بکەن، بەسەرهاتی ڕەنجەڕۆیی کوردان بۆ خاک بگێڕەوە. دیلان ئەم هەموو فرمێسکە لە دواییدا دەکاتە نوقڵانە بۆ دوارۆژی نەتەوە. شێخ مەحموود وەکو ڕەمزێک دەبێتە هۆی هاندانی لاوان بۆ خەبات لە پێناوی ئەو هیوا و مەبەسەی بەدرێژایی تەمەنی بۆی لە جەنگدا بوو.

مامە کوڕنوو

لە شیعرێکیدا دیلان مامە کوڕنووی کردووە بەبەڵگە بۆ دوان لەو ئاژاوە و تیرۆرەی دەسەڵاتی عیراق نابوویەوە بەگشتی لە کوردستانی عیراق و بەتایبەتی لە سلێمانی:

مامە کوڕنوو ڕاکشاوی گردەکەی سەیوانەکەم
سەر ڕەحەت دڵ بێگرێ گوێ شلکە بۆ داستانەکەم
سەیرە بەزمە هەڵپەڕینە پڕ لە قاقا و خەندەیە
نەعرەتەی گوێ کەڕ ئەکا جۆش و کوڵی سەیرانەکەم
ئەرخەوان سوورە بەهارە گوڵشەنە ڕازاوەیە
دەشت و کۆ ڕەنگین و پڕ شۆیە وەنەوشەی یانەکەم
خەرمەنی لالە لە کۆساران و پێدەشت و نشێو
سوورترە لەو خوێنە باریوەی کوڵی گریانەکەم
دلبەران سرک و بە ناز و ڕەوتی نەرم و ئیستەکەی
سەد توانج ئەگرێتە ئاهووی دەشتەکەی شێروانەکەم
هەڵبڕە چاوی نومایش تێر سرنجی وورد بدە
وەک بەجێت هێشت وا نەماوە شارەکەی جارانەکەم
ئەو بەهارەی تۆ بەجێت هێشت پڕ برینی تازە بوو
پڕ لە ئافاتی لەپڕ بوو بۆ گوڵی ئینجانەکەم
ئەو گوڵەی ئاواتی کورد بووبێتە پشکوتن دەمێ
ڕایوەشێنێ بای شەماڵی نەرمی کوردستانەکەم
ئەو کەسەی دەستی ئەنایە بێن و قورگی ئەو گوڵە
چنگی خوێناوی ئەنایە ناو دڵە پڕ ژانەکەم

ئێــمــە ئارەق ڕشتن و بازوو وەشــاندن بێــخــەوی
ئەو گڕ و پشکۆی ئەخستــە ژێر بنی خـەرمـانەکـەم
ئێستــە وا خـۆی دائەنێ بۆتە فـریشتـەی ئاسـمـان
بۆتە دوکتـــۆر و برین پێــچی برینی گـیـانەکــەم
مـامـە کـوڕنوو! چی بڵـێم زیاتر لەوەی خـالیس ئەڵێ
(فێست و ڕێوی و مێزەر و مەیموونە سەیری بانەکەم)
وەک ووتم ســــەیرە لە بانە یا وەکــــو نالی ئەڵێ
زیندەگـیم تاڵە کـە زەلکاو بێ بەتیـمـارخـانەکـەم

ئەم شیعرە نموونەیێکی دیکەی بەرهەمە سیمبۆلییەکانی دیلانە بەهەناسەیێکی درامی تێکەڵ بەکۆمیدی لە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتییەوە. مامە کوڕنوو، ئەحەی کوڕنوو کەسێکی بەناوبانگ بووە لە سلێمانی لە سەدەی نۆزدەمدا. کابرایێکی قسە خۆش و بەتوێکڵ و نوکتەچی بووە. کردەوە و قسەی بوون بەمایەی بەراوورد بۆ دەرخستنی خراپە و ناگزوورییەکانی کۆمەڵ.

لە دوای جەنگی دووەمی گیتییەوە دەسەڵاتی نێوەندی لە بەغدا لە پێناوی بەربەرەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد چاوی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بوو بەتایبەتی سلێمانی. لە پەنجاکاندا عومەر عەلی ناوێکی کۆنە ئەفسەری سوپای بە موتەسەریفی ئەو شارە دامەزراند. کابرا تورکچی و تۆرانی بوو، کوردی خۆش نەدەویست کینی بەرامبەر بەکورد لە پەنای ئیسلامەتی و نزیکی لە عەرەب شاردبووەوە. جۆرە تیرۆرێکی نابووەوە لە دژی خەڵکی ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی بنەماڵەی شێخ مەحموود. لەو ڕۆژگارەدا ناو نووسینی ئەو کەسانە لە ناوەوە نەبوو کە لە نێوان شارەکاندا هاتوچۆیان دەکرد، تەنیا لە سلێمانی نەبێ هەر ئۆتۆمۆبیلێک لە کەرکووکەوە بهاتایە سلێمانی کە لە بەکرەجۆ و سەرچنار ڕەت دەبوو پۆلیس خەڵکی دەپشکنیەوە و ناونووسی دەکردن.

لەو شیعرەدا دیلان یادی ئەحەی کوڕنوو دەکاتەوە، ئەوەی تێدەگەیەنی شار وەکو سەردەمی ئەو نەماوە. ئەوانەی لە ئازادی دەگەڕان بۆ کورد ئێستا بوون بەدژی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بەپیاوچاک دەزانن. شیرازەی کۆمەڵ تێکچووە، ئاژاوەیە دار لەسەر بەرد نەماوە. دیلان ئەوە بەئەحەی کوڕنوو دەگەیەنێ

هیچی پێ نەماوە پێی بڵێ نیوە دێڕە شیعرەکەی خالیسی کوڕی شێخ ڕەزا نەبێ کە فێسی لەسەری ڕێوی و مێزەری لەسەری مەیموون داناوە.

سروودی کوردستان

دیلان لە ساڵی ١٩٥٧ مارشێکی بۆ لاوانی کورد هۆنیوەتەوە بەناوی « سروود »ەوە:

کوردستان بەهەشتی زەمین
جێی تێکۆشان و ڕاپەڕین
مەڵبەنی کاوەی قارەمان
بەڵگەی سروشتی نەوجەوان
کوردستان کوردستان
ئەی نەتەوەی کوردی دلێر
ڕۆڵەی نەبەرد و بێچوە شێر
هەستە هەستان دەرمانە بۆ
دەرد و ئازاری جەستەی تۆ
کوردستان کوردستان
وا نەورۆزە جەژنی گەلە
ئاسۆ ڕازاوەی دەم کەلە
با نەورۆز و بەهاری کورد
پێگەیێنن بەدەست و برد
کوردستان کوردستان

ئەم سروودە مارشێکی بەناوبانگی ناو کۆمەڵی کوردەوارییە. دیلان لەم شیعرەدا ڕەچاوی لایەنی گەشبینی ژیانی کردووە، لەو کاتەی ئاماژە بەمێژووی میتیۆلۆجی دێرینی کورد دەکا و ناوی کاوەی ئاسنگەر دەبا و بە جەژنی نەورۆزی دەبەستێتەوە کە پێوەندی لەگەڵ هەڵسانەکەی کاوە هەیە. ئەم نەورۆزە هەموو ساڵ تازە دەبێتەوە.

من ئینسانم

دیلان ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٦٠ وتووە بۆ ئەوەی خۆی لە ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی جیا نەکاتەوە:

پێستم ڕەشە وەک شەوەزەنگ
لێوم ئەستوور لچم زەقە
نیگام ماتە وەک گۆمی مەنگ
بزەم نەرم و سەرم ڕەقە
من ئێستاش لە هەندێ جێگا
ڕەشیم مایەی تێز و بێزە
لەم کۆڵان بێ و لە ئەو ڕێگا
سپی لێم دوورەپەرێزە
بەڵام من ئیمڕۆ شێرانە
پێم لە زەوی گیر کردووە
ئەنەرێنم دلێرانە
زراوی سپیم بردووە

شاعیر بەزمانی ڕەشێکی ئەفەریقی دەدوێ، باس لە ڕەنگ ڕەشی و لێو ئەستووری خۆی دەکا. هەندێ بزووتنەوە و کردەوەی خۆی ڕوون دەکاتەوە، ئەوە دەردەخا هەرچەندە کەسی لەش سپی بەچاوێکی سووک تەماشای دەکا بەڵام ئەو خۆی سەپاندۆتە سەری و وای کردووە لێی بترسێ.

ئینجا بەزمانی ڕەشەکە دیلان دەڵێ:

من لە کۆنگۆ یا لە کینیا
ئەڵێم وەک سپی ئینسانم
دەنگم چوو بۆ بنی دنیا
ئیتر خۆم خاوەن فەرمانم
من ڕەنگم زەرد و لووت پانم
ڕووم پڕ بوو لە لۆچ و چرچی

تفت و تاڵ بوو گـــــوزەرانم
بەری ژینم هەر بەکـــــرچی
دوژمن ئەیبرد منی نەخــۆش
جێی زۆر بەم بەندیخـانە بوو
دیلی ڕژێمی خـــــۆفــــرۆش
بـەشـم تـوانج و تـانـە بـوو

بەزمانی ڕەشی دوو وڵاتی ئەفەریقا کۆنگۆ و کینیا شاعیر قسە دەکا، ئەوە دەردەبڕێ ئادەمـــزادە وەک سـپی، ئازاری زۆری چەشـــتـــووە، ژیانی دیلی لە بەندیخانەکاندا بردۆتە سەر.

ئینجا دیلان بەزمانی خەڵکی هەندێ لە نەتەوەکانی ئاسیا قسە دەکا و دەڵێ:

بەڵام ئیـــمـــڕۆ منی ڕەنگ زەرد
خـــۆم خـــاوەنی کـــاروبارم
سکم تێـــــرە و دوورم لە دەرد
ســـەرفـــرازە لادێ و شـــارم
من بووم لە شەش یەکی جیهان
ئـاواتم گــــــــرتـە بـاوەشـم
ڕەگی دوژمنم هەڵتـــەکـــان
بەزەبری شــــۆر و شــــۆرشم
منم لە چین من ئینســـــانم
مــن ڕێکـخـــــــــەری ژیـانم
فـــێـــرکـــردنە تێکۆشــــانم
خـۆم گـەورەی نیـشـتـمـانم

لەم دێڕانەدا دیلان باس لە ڕزگاربوونی کۆمەڵێکی دیکەی خەڵکی ئاسیا دەکا. ئەم قسانەی بەزمانی ڕەشی ئەفەریقا و زەردی ئاسیایە، چونکە هەردوو لایان ئادەمزادن، بەشێکن لە مرۆڤایەتی. باس لە ڕزگاربوونی شەش یەکی خەڵکی سەر ڕووی زەوی دەکا، مەبەسی وڵاتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی کۆنە (١٩١٧ –

١٩٩١)، هەروەها وڵاتی چینیش کە دەوڵەتی سۆسیالیستیان دامەزراند.
ئینجا شاعیر بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

منـم بەتـەنیــــا و بەتـاکی
لێـم قـــەدەغـــەیە و تاوانە
دووان بە ووشــەی زگــمـاکی
ئەنجــامی کــۆت و زیندانە
منم لە کــوێ! لە تورکـــیـــا
ســەیر گـۆڕاوە نـاونیــشـانم
بەمن ئەڵێن تورکی چیـــا
وەک ڕووچوو بێ کوردستـانم
بەڵام منی کــورد ئینســانم
وەکـــو تۆ ئەی برای ڕەشـم
خــاوەنی ترکـە و هەســتـانم
هەرچەندە ئێــسـتـا دابەشم
منیش وەکــو تۆ ئینســـانم
ئەی کــاکـە ئەی برای زەردم
دۆســتـی گـەلانی جـیــهـانم
ڕۆڵەی مـــــەیدان و نەبەردم
ســا ئیمـرۆ بێ یاخـو سبـەی
ئەگـەمــە ســەودا و مـەبەسم
هەڵئەکێشم پشـووی ئۆخەی
تێر لەو بایەی کە پێی مەستم

لەم دێڕانەدا دیلان باس لە ئادەمزادی کورد دەکا. دەڵێ ئەفەریقا ڕزگاری بووە، بەڵام کورد هێشتا بەدیلی ماوەتەوە. لە هەندێ جێگە قسەکردن بەزمانی خۆی لێی قـەدەغـە کـراوە. لە تورکـیـا نابێ کـورد بەزمـانی خـۆی قسـە بکا، هەروەهـا نابێ کوردیش بێ، لەوێ پێی دەڵێن «تورکیا چیا» وەکو کوردستانەکەی ڕووچوو بێ.

لە دواییدا دیلان ڕوو دەکاتەوە برا ڕەشە ئەفەریقاییەکەی ئینجا برا زەردەکەی (نەتەوەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا) پێیان دەڵێ منی کوردیش وەکو ئێوە ئادەمزادم و بەڵێنیان دەداتێ ئیمڕۆ بێ یا سبەی وەکو ئەوان بای ئازادی هەڵدەمژێ.

تاوان

ئەم شیعرە دانەیێکی دیکەیە لە شیعرە سیمبۆلییەکانی دیلان لەساڵی ١٩٦١ هۆنیویەتییەوە. بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

تاوان سەختە تاوان باری گرانە
بارکردنی لە ئەستۆدا هەرزانە
کام سەر گەورە کام مل بەرز و بڵندە
کام دەم و لێو مەست و پڕە لە خەندە
ئەتوانرێ بەیەک بزەی ژەهراوی
تیری توانج بەردی تانەی بۆ هاوی
وەک چۆن پووشێ بای تیژ ئەیبا بەپەلە
بەو شێوەیە ناوبانگ بخەیتە مەلە
ئا ئەتوانی سەر لە سەرین بسێنی
تۆوی نەفرەت بێزکردنەوە بچێنی

دیلان دانایانە وێنەی بەرزی هونەری دادەهێنێ. تاوان کردن کارێکی قورسە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی دەیکا ئاسانە. ئینجا کچێکی شۆخی نازەنین دەکا بەڕەمزی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و دەڵێ:

ئەی نازەنین! ئەی بەرگ ئەرخەوانی
ووتەی گەرمم لەگەڵ تۆیە و ئەیزانی
سەوداسەری ئەو گفتوگۆ دێرینەم
لەپ سووتاوی ئەو یەکەم دەس گوشینەم
لەو دەمەوە تۆم کردووە بەتاسە
بێ مەودایە کۆی دووکەڵی هەناسە

بێ دواییە ئەشک با سوور و سوێر بێ
نایێ لە بن ئەگەرچی دیدە کوێر بێ
ئیتر بۆچی ئەمدەیتە بەر تیغی دەم
هیچ ناترسی بتسووتێنێ هەناسەم

شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ نازەنین دەکا، ڕەمزی ئازادی کوردستان، بەرگی لە ڕەنگی خوێن دایە، لەو ڕۆژەوە ئەو ئازادییەی ناسیوە، خەباتی بۆ دەکا، ڕەنجی بۆ دەدا. هەرگیز کۆڵ نادا.

ئینجا شاعیر باسی هەڵسوکەوتی ناهەمواری گێتی بۆ دەکا:

ئەی نازەنین! ئەی ڕوو جوانتر لە شەست پەڕ
ئەی گوێچکەی دڵ هیچ نەمبیستووە تەمەن شەڕ
هێجگار سەیرە هەروەک ترازوو وایە
هەڵسەنگاندن لە لای ئا ئەم دنیایە
دنیا سەیرە و سەیر شێواوە پۆی کێشان
قورس بۆ زەوی و سووکە ئەچێ بۆ ئاسمان
زەهر شیرە مار ئەهێنن بۆ بێرە
گا لە شۆخی و خاوەن خەرمان بۆ گێرە
گورگ پاسەوان شوان دانی لە گۆشت جیرە
مر بۆ چەقەڵ مل درێژە بێ قیرە

لەم دێڕانەدا دیلان بەئازادی دەڵێ، خوم شێواوە، هەموو شتێک لە کۆمەڵدا ئاوەژووە، بەڵام بۆ خاوەنی بەچاکە دەگەڕێتەوە. گورگ پاسەوانە کارێکی باشە بۆ خۆی، مەڕ دەخوا، بەڵام بۆ خەڵکی کارەساتە. مریشک بۆ چەقەڵە، بۆ کۆمەڵی خەڵک ماڵ وێرانییە.

لە دواییدا شیعرەکە بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:

ئەی نازەنین! ئەی بەرگ ئەرخەوانی
ووتەی گەرمم لەگەڵ تۆیە و ئەیزانی

لەگـــــەڵ ئەوەی دڵ پـەرۆشـی ڕووی ئاڵـە
دەروون سـەودای لووتکەی بەرز و خـاڵ خـاڵە
خـــــەیاڵ ووڕی بینینێکی چیـــــایـە
لەبەر دووری لە مـێـرگ و سـەوزە گـیـایە
ڕەنگی گـــەڵای تێکەڵ بەشــــۆی نزاران
ئەکـــســــیــــرێکە بۆ دڵی دەردەداران
بەکـورتی فــەڕ لەگــەڵ جــوانی ووڵاتم
هۆی تروسکەی ئامــانجـــمـــە و ئاواتم
کــە نەتەوەم گــەیشــتــە دوا مــەبەســتی
نامــەی کـردار هـەچ کـەمی درایە دەسـتی
ئـەوســا ئەگــەی لە خـــەبات و تێکۆشـــان
کــە بۆ کـوردە و بۆ ڕزگـاری کـوردســتـان

دیلان لەم دێڕانەدا وێنەی ڕەوانبـێـژی جـوان دەکـێـشـێ، سـۆزی بەرامـبـەر بەنیشتمان لە پلەی شاخە بەرزەکانە، وزەی خەباتی لە بەردی چیاکان بەهێزترە. دوا ئامۆژگاری بۆ نازەنین ئەوەیە دەڵێ ئەو کاتەی کوردستان ڕزگاری دەبێ ئەوسا لە مـانای خـەباتی من دەگەی و دەزانی بۆچی من هەمیشە لە مەیدانی جەنگدا بووم.

ڕەز

ئەم شیعرە بەرزەی دیلان لە ساڵی ١٩٦٢ هۆنراوەتەوە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی عـیـراق لە بەغدا لە دەست عەبدولکەریم قاسم بوو. ئەم کابرا سـەرلێشـێواوە کوردستانی بۆمباباران دەکرد.

شاعیر بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

بەهـار! ئـەی مـــەی ئەڵوەن و ســـادە
نەتدیوە پـەترۆی پـیـــــاڵەی بـادە
جـەسـتـەکە شـەنگە هەناسە سـوارە
ســـــــەر ووڕی لـەپـە دڵ بـریـنـدارە

هەناسـە ڕەشـە هەست پلیـشـاوە
بانگ لەبەر بین و قـوڕگـا خنکاوە
پێست بەسەر ئێسکا قرچ هەڵگەڕاوە
لەشـە جنراوە سـەرە بڕاوە
لە کوێیە شەراب! لە کوێیە شەراب!
بۆ لە ئێمە بوو بەرێچکەی سەراب!

لەم شیعرە سیمبۆلی ڕۆمانتیکییەدا شاعیر لە ڕەز و ترێ و شەراب دەدوێ، ئەم دیاردەیە بەفەلسەفەی ئەفلاتوون و بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی کورد دەبەستێتەوە. مەینەتی کوردی عیراق بەلای دیلانەوە گەیشتۆتە ئەوەی هەناسە و هەست و قسە کۆتاییيان هاتووە، لەش داڕزاوە، سەر لە لەش جیا کراوەتەوە. چارەسەری ئەمە تەنیا مەیخانە دەیکا.

شاعیر دەڵێ:

ئەبێ لە کـوێ بێ بۆن و بەرامـەی
ئەو ڕەنگە ئاڵ و ئەو تفـتـە تامـەی
ئەبێ لە کـوێ بێ درەوشـەی سـووری
ڕووناکی تیـشک و بڵـێسـەی دووری
وا دیارە هەڵپـە و ئاوات و ئۆخـەی
ئەبێ ببـەینە پەنا شـووشـەی مـەی
ئەی گـەردن ڕەوان وێنەی نازداران
سـاف هەروەک نیگای چاوی خـوماران
بێگەرد هەر وەکـو دەروونی مـەردان
بێخەوش وەک گوڵی سای پەنا بەردان
لە کـوێیە شـەراب! لە کـوێیە شـەراب!
بۆ مـەزەی ئەوا گـیـان بوو بەکـەباب
وا دیارە هەڵپـە و ئاوات و ئۆخـەی
ئەبێ ببـەینە پەنا کـووپەی مـەی

لەم دێڕانەدا شاعیر وەسفی جوانی مەی دەکا. لێی دەگەڕێ، وێنەی ڕەوانبێژی هونەرییانە دادەهێنێ، ڕەنگە تارمایی ئەم وێنانە لە ئەدەبی کلاسیکیدا بەرچاو بکەون، بەڵام دیلان بەشێوەیێکی نوێ و بەکوردییێکی پەتی و تەعبیرێکی تازە دەریان دەبڕێ. لە پاشانا بەم جۆرە لە کووپەی شەراب دەگەڕێ:

سەبوو! ئەی کانگای بیری ئەفلاتوون
پیاڵە و شووشە وا بوون بە هەپروون
ووڕن هەروەکو ئەستۆی نالەبار
خاشن بەوێنەی زنجیری زۆردار
وونن بەوێنەی تۆزی با بردوو
تەفرن بەوێنەی کەسی پەک کەوتوو
لە کوێیە شەراب! ئەوا تاسەی مەی
هەست نوقوم ئەکا وەک زەریای بێ پەی

سەبوو کووپەی شەرابە. دیلان ئاماژە بۆ «بیری ئەفلاتوون» دەکا. لە ئەفسانەی گریکی کۆن ئەوە هاتووە، ئەم فەیلەسووفە ئەگەر ئارەزووی کردبێ تیۆریی فەلسەفەیێکی تازە بدۆزێتەوە چۆتە ناو کووپەیێکی بەتاڵی مەی و لەوێ بیری کردۆتەوە و فەلسەفەیێکی تازەی بۆ هاتووە، کە لە کووپەکە هاتۆتە دەرەوە لە ناو خەڵکی جاڕی داوە. دیلان لە کووپەیێکی وا دەگەڕێ بۆ ئەوەی ڕێگەیێک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری مەینەتی کورد، بەڵام شاعیر هێشتا نەیدۆزیوەتەوە.

ئینجا دیلان دەڵێ:

ئەی داری مەمک پڕ لە شیلەی ئاڵ
کۆرپەی مێشکی برسی شیری تاڵ
گڕۆزە بۆ یەک مژ و یەک دڵۆپ
بۆ شەوی خەیاڵ ببێ بەگڵۆپ
ڕۆشن کا دنیای هەستی من هەروەک
چرایە بۆ ناو بیرێکی نووتەک

ئـای کـێ بـێ بـانـگ و هـاوار و پـەیـام
بگەیێنێـــتـــە گـــوێی گـــۆڕی خــــەیام
بڵێ هەی سەرشێت کوشتەی گڕی تەڕ
گـەر تێـتـا مـاوە یەک تۆز نرخ و فـەڕ
تۆ لەسـەر باکەی شـووشـەکـەی شکان
لەگـــــەڵ خــــــودادا کـــــردت بـەزۆران
هـەڵســــە بـەرەو ئەم نـاوە هـەڵتـــووتێ
نەک شـــووشــــە شکا وا ڕەز ئەســـووتێ

شـاعـیـر لـە داری مـێـو دەپرسێ، مـەمکی پڕە لە شـیلەی تاڵ، ئارەزوو دەکـا هـەندێکی پێشکێش بکا، بۆ ئەوەی سەرخۆش بێ و هەموو شتێکی لە بیر بچێتەوە، بەڵام کـوا ئەو شـەرابە! ئینجـا دەقـیـژێنێ و بـەدەنگی بەرز دەڵێ کێ بێ بگاتە لای گۆڕی عومـەر خەیام لە شاری نیشـابوور و پێی بڵێ: سەرشێتی بێهۆش، تۆ لەگەڵ کردگار کردت بەهەرا لەبەرئەوەی شووشـەی شـەرابەکەی شکاندی، هەڵسـە وەرە ئەم ناوە، شەرم لە خۆت بکە تەنیا شووشە نەشکاوە، ڕەز دەسووتێ. عەبدولکەریم قاسم بەفڕۆکەی ڕووس و ئینگلیز و فرەنسی و ئەمەریکی کوردستان دەسووتێنێ و لە ناوی دەبا.

دیلان بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

سـروشت بەپێـچـە خـوار و چەپ گـەردە
لـە جـــــێـــــیێ ئاو بـێ ڕەقــــەن و بـەردە
لـە جـــــێـــــیێ زەوی نـەرم و هـەڵۆڵ بـێ
ئەبـێ خـــــــورەی ئـاو تـۆزێ دەهـۆڵ بـێ
ئەگـینا شــەراب لە مـامـۆسـتـای مـاف
بۆ ئەگـەیشــتـــە ئەوپەڕ قـولەی قـاف
قـــاتـی شــــەرابـە گـــیـــانـی ئـەفــلاتـوون
ســـەر دەرکــە هەتا نەبووی بـەمـــەیموون
بەرەو مـــەڵبــەنی کــوردســـتـــان ڕەوتێ
نـەک کـــــووپـە شکـا وا ڕەز ئـەســـــووتێ

کێشەی کورد پڕ لە تەنگوچەڵەمەیە، دەردێکە دەرمانی نییە، تیۆری ئەگەر هەبێ بۆ مەسەلەی کورد ناخرێتە پراکتیکەوە، ئەگەر نا لەبەرچی شەرابەکە گەیشتە قولەی قاف و ئەفلاتوونیش هیچی بۆ نەکرا. ئینجا گفتوگۆ لەگەڵ گیانی فەیلەسووف دەکا و پێی دەڵێ: سەر دەرکە بۆ ئەوەی نەبی بەمەیموون، وەکو خەیام وەرە بۆ کوردستان و بەچاوی خۆت ببینە تەنیا کووپەکەت نەشکاوە، ڕەز سووتاوە.

برسیمە

لە ساڵی ١٩٦٩ دیلان کارگێڕی نامەخانەی گشتیی شاری سلێمانی بوو. بۆ مەبەسی ڕێکخستنی نامەخانەی قوتابخانەکان کۆبوونەوەیێک بەسەرۆکایەتی دیلان لە قوتابخانەی ناوەندی کچاندا کرا بوو. لە پاش کۆبوونەوە مامۆستا ژنەکانی قوتابخانە میوانداری دیلانیان کردبوو. شاعیر لیریکێکی بۆ خواردنە خۆشەکان و لەشولاری مامۆستا ژنە جوانەکان هۆنیبووەوە:

برسیمە من! دەکوڵمت بێنە وەکو تەماتە
با قاشیکەم بەتیغی دانی وەکو سمارتە
لا مل لە دەم نزیکخە بۆ ماچی لێوی زبرم
توێژاڵ کرینە هەروەک چەقۆ بۆ سەر پەتاتە
ئای چەندە سوور و سوێرە دڵۆپی ئەشکی دیدە
وەک گۆشتی ناو قەزاتمە کەچی لە ئێمە قاتە
بەڕۆژ مەمک ئەبینم شەو گیپەیە لە خەوما
بەیانی دەستەوئەژنۆ درۆ هەمووی هەلاتە
کراسی کورت لەبەردا دوو ڕانی گردی تێدا
سپی هەروەک پلاوی مەولوود بەسوور و ساتە
پووز چی بڵێم خڕ و پڕ پتەو بەزەرد و زۆڵی
وەک کفتە سەر شکێنە بەئەرک و شاتە شاتە
قوربانی ئەو دەمەت بم بچووک و ئاڵە هەرگیز
مزر وەکو هەڵووژە شیرین ئەڵێی نەباتە

حــەیرانی باغی ســینەم پڕ بۆن و پڕ بەرامــە
وەک شـیلەیی مـورەببـای بەهێـیـە یا کـەباتە
بۆ نالەبارە بەجــێی لەوەڕ لە هەردوو جــێــدا
بۆ ئێـمــەش ئاو لە دەم چووت لە ڕێگایی نەهاتە

لەم وەسفە جوانەدا تارمایی کۆمیدیاییێکی نەرم و ناسک بەرچاو دەکەوێ. دیلان لەو لیـریکەدا بەراووردێک دەسـازێنێ لە نێـوان هەندێ لە ئەندامــە جـوانەکـانی لەشولاری ئـەو مامۆسـتا ژنانە و خواردەمەنییەکان لە چێشت و میوە و شیرینی. بەو هۆیەوە پێویستە ئەوە بزانرێ دیلان کەسێکی نەوسن بوو، حەزی لە خواردنی خۆش دەکرد. لەسەر ئەو باوەڕە بوو خۆشی لە ژیاندا لەوەدایە پیاو خواردەمەنی خۆش بخوا و ژنی جوان ببینێ. بۆ ئەو لەو میوانداریـیەدا ئەگەر یەکەمیان دەست کەوتبێ دووەمیانی بۆ نەبووە، چونکە بۆی نەکراوە ئەوەی جوانە لەو ژنانە ماچیان بکا.

شیوەن

دیلان شیعرێکی لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان وتووە:

ئەو گـوڵانەی دەشت و کـێـوانە بەرەو سـامـانی دڵ
ڕەنگی ئاڵی هەڵمــژیوە ســـەر هەتا دامـــانی دڵ
ئەرخـەوان سـووره شـەرابی کۆنی خـوێنی چێشـتووە
بۆیـە یاقــووتە هەمــوو بەردێکی گــۆڕســتــانی دڵ
هێندە تفـتـە کـامی لێـوی نەوشـکۆفـەی غـونچـەیی
بۆیە ســـوێرە ئەشکی چاوی بێ پەیی گـــریانی دڵ
دەک نمەکگیر بی بەهار وەک ئەو گوڵەت زوو هەڵوەران
خــۆت لەبەر پێـدا بنێـژە کــوشــتنە دەرمـــانی دڵ
مـــەی مـــەزەی برژاوە برژانە هـەمــیـشــە کـاری ئەو
بۆ چرووکی مەست ئەکا هەرگـیـز جـزەی بۆرانی دڵ

دیلان لەم شــیــعــرەدا دیمەنی بەهاری بۆ دڵتــەنگی و ناســۆری دەروونی

بەکارهێناوە. بە بینینێکی هونەری ورد خوێنی شەهیدانی کوردستانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. هەموو گوڵە سوورەکانی بەو خوێنانە ئاودراون، بەردی یاقووتی ڕەنگیان لەو وەرگرتووە. ئەم لیریکەی دیلان شایانی ئەوەیە لە ژێر پەیکەری ڕەمزی شەهیدانی کورد تۆمار بکرێ یا لە ژێر ئاگردانی هاڵاوی سەربازی نەناسراوی کورد بنووسرێ.

درەخت

دار بەڕوو کۆنترین و دێرینترین درەختێکە لەو خاکەی ئێستا کوردستانی پێ دەڵێن. تۆفیق وەهبی بەدارێکی پیرۆزی داناوە، چونکە یەکەمین ڕووەکە لەسەر ئەم خاکەدا شین بووە. دیلان لە شیعرێکیدا لە ساڵی ١٩٦٢ لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ وتوویەتی، بەم جۆرە دەستی پێ دەکا:

دار بەڕوو
گەڵای ئەستوور
لقی دوایی ئەبێ بەموور
ئەیپەڕێنن
ئەیشکێنن
شەتەک ئەدرێ
ئەیجەڕێنن
ئەیکەن بەبار
ئەیهێنن بۆ بازاڕی شار
ئەیفرۆشن
بەوەی بۆ ماڵ بەپەرۆشن
ئەیسووتێنن
نانی پێ هەڵئەبرژێنن
ئەیکەنەوە بەگڕی سوور
ئەیکەن بەچاووگ بۆ تەنوور

لەم دێڕانەدا دیلان وەکو خەڵکی دیکە سەرپێیی تەماشای ئەم درەختە دەکا. بۆ

ژیانی ڕۆژانە کـــەڵکی هـەیە، بۆ گـــەرمـــایی و نان کـــردن و چێـــشت لێنان سـەرچاوەیێکی گرنگە. تەنووری مـاڵی کوردەواری بەبێ دار نابێ، بەڵام دار بەڕوو لەمە گەورەترە، بەشان و شکۆترە، پیرۆزترە، شاعیر دەڵێ:

بەڵام ئێستا
ئەی کتێبەکەی ئاڤێستا
سێبەری تۆ
ئاخۆ ئاخۆ
بۆ چەن بریندار دەرمانە
پەنای چەندەها خێزانە
بەڵام ئێستا
ئەی کتێبەکەی ئاڤێستا
سێبەری تۆ
لەم پەڕ ئەو پەڕ پێیا بڕۆ
لەو شاخانە
لەو ملە و لووتکە بەرزانە
سێبەری خەست
جێگەی دوانە بۆ مەبەست

لێرەدا شـاعیر دار بەڕوو لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکـەی تۆفیق وەهبی تـەماشا دەکا. بووە بەرەمزێک وەکو کتێبەکەی ئاڤێستا، بەڵکو لەویش کۆنترە. ئەوەی لەو کـتـێـبـەدا نووسـراوە دەسـتـوورێکە لە هەمـوو سـەردەم و کـاتێکدا دەبێ بەڕێ پیشـاندەر بۆ ئەو قـارەمـانانەی خـەریکی خـەباتن لە پێناوی هێنانە دی ئـامـانجی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردسـتـان. ڕێ پیشـاندەرێکە بۆ ئەوانەی خـەریکی خـەباتی چەکدارین لە ناو دارستان و لووتکەی بەرزی شاخـەکاندا. شیـعرێکی سیـمبۆلیـیە لە سـاڵی ١٩٦٢ بۆ کوردستان و دەستدرێژی و دیکتاتۆرییەتی عـەبدولکەریم قاسم لە دژی کورد وتراوە.

تەپڵ

«تەپڵ» ناوی شیعرێکە دیلان لە ساڵی ١٩٥٧ هۆنیویەتییەوە. ئەگەر لایەنی جوانکاری و هونەری لەم شیعرەدا ڕەچاو بکرێ و شێوازی سیمبۆلی و ڕۆمانتیکی بخرێتە سەری دەبێ بەداهێنانێکی بەرز لە ئەدەبی کوردی نوێدا، نموونەی وا کەم دەکەوێتە بەرچاو. دیلان ئەم شیعرە بالآیەی بۆ ئەوە داناوە باس لە گواستنەوەی بیری (ئیدیۆلۆجی) خۆی بکا، دان بەوە دادەنێ لە فیکری ئەنتەرناسیۆنالیزمییەوە دەرباز بووە بۆ ناسیۆنالیزم (کوردایەتی). ئەمە ئەوە ناگەیەنی وازی لە یەکەمیان هێناوە، بەڵکو دووەمیانی کردووە بەیەکەم، واتە لە پێش هەموو شتێکدا مەسەلەی نیشتمانی کورد و کوردستان.

دیلان لە لیریکی «تەپڵ»دا دەڵێ:

کام گێژە کەوتوومە ناوی
بۆ کام گێژە مەلەی سستم!
پەلەی باڵی لە گۆ کەوتووم
کام چڵە کەوتۆتە مستم!
بۆچی بوو هەڵپەی جارانم
بۆ کوێ بوو بازرەقەی بەستم!

***

بۆ کام ڕیسی بەخوری بوو!
هەڵم تەکان شان و باڵم
بۆ کام نیوەڕۆی ڕووناک بوو
بێداری شەوگاری تاڵم
یا بۆ کام هەنگاوی دوور بوو
تەووژمی ئاواتی کاڵم
وام پێ ئەڵێ وای ئەژەنێ
تەپڵی ئەو تەشییەی ڕستم
خڕ بیژەنە دنیا کپە
ماوە تەخت و فراوانە

بشـــیـــڕێنە نەک بەچپـــە

کـــوتەک بۆ ســـەری تاوانە!

تاوانم کـــرد نرا پێـــمـــا

مـــۆری ئەو جـــووتە چاوانە

***

هەرچیم هەیە لێم وەرگـــرە

لەشم ناوم جـــووڵەم تینم

بیگروو پێـــســـتی ئەندامم

بـیـکـە بـە بـەیـداغـی ژیـنـم

بەڕەڵلای کـــە هەوری توانج

بۆ ئەستێرەی بەختی شینم

***

بەڵام شـتێ لە مـۆخـمـایە

ئەتۆم نـایـهـــێـننـە دەرێ

هـیـچ دەســـەڵاتـێ نـاتـوانـێ

پەنا و زەفـــەری پێـــبـــەرێ

ئەزانی چی! ئەمن کـــوردم

گـــەڵای کـــوردانەم ناوەرێ

دەبیـــژەنە دنیـــا کـــپـــە

دڵ لە تووێی ئارامـــا خـــپـــە

دیلان ئەوە دەردەبڕێ بۆ مـــاوەیێک خـــۆی لە گـــێـــژاوی ڕێ بزرکـــردندا دیوە، پڕوپاگەندەی کردووە، تەپڵی بۆ مەبەستێک لێداوە، مەبەسێکی گرنگتر لە ناوەوە بووە. پووزشت دەخـوازێ، داوای لێبـووردن دەکا. ئەوە دەردەبڕێ، هەرچی بووە و چۆن بووە و چۆن نەبووە گرنگ نییە. لەوە پاش تەنیا یەک شت لە مێشکیدا ماوە، هێزی ئەتۆم نایهێنێتە دەرێ، هیچ کردارێک کپی ناکا، ئەویش ئەوەیە کوردە و گەڵای ئەو کوردایەتییە هەتا هەتایە ناوەرێ.

پاییزی جاران

دیلان شـیـعـری «پاییـزی جـاران»ی له سـاڵی ١٩٦٨ نووسـیـوه بۆ ئەو درز و دووبەرەکـییـەی کەوتە ناو شـۆرشی کوردسـتـانی عـیراقەوە له سـاڵی ١٩٦٤، له پێشانا فیکری و تیۆری و لەسەرخۆ بوو. له پاشانا شەرەنگێزانە گۆڕانی بەسەردا هات، هـەردوو بەرە بـوون بەدوژمـنی یەکـتـری و کـەوتـنە شـەڕی چەکـداری و خوێنڕشتن.

دیلان شیعرەکەی بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:

شـەوی جـاران شـەوگـاری پاییـزی درێژ
تا سـووراییی ئەپەڕیە چاوی گـێـژ و وێژ
ئەم وولاتـە پـڕ لـە پیت و پڕ سـامـانە
جـێگای فـەڕ بوو پڕ بوو له شـەقڵی پیـاوانە
ئەوا دیسـان پاییـز هات گـەلارێزانە
هەوری پەڵە ڕووەو شـاخ و بەرەو کـوێسـتانە
بەڵام ئێستا و شەوی ئێستا چۆن بەجۆش کەم
گـڕی کـۆڕی ساردەوە بوو بەچی خـۆش کـەم
شـەوگاری تاریک و نووتەک چۆن ڕۆشن کـەم
ئەم سـەرە گـێژ و شـێواوە چۆن هۆشن کـەم
ئەی هەورەکـە دایڕێژە سـەری تشـرینە
وادەی پەڵـە و نـاشـتـنی تـەرمی هـاوینە
نۆرەی تۆیە بگری بەسـەر هـەمـوومـانا
بەسـەر ئێـسک و پرووسکی ڕابردوومـانا
بیـشـۆرەوە با سـەر لە دەسی دیاری بێ
با قـوڕ خـەست بێ بۆ سەری شـەرمـەزاری بێ

دیلان ژیرانە پـاییـز دەکـاتە ڕەمـزی خـۆشی و ناخـۆشی. شـەوانی پاییـزی درێژ هەنگامی دڵداری بوو. شەوی یەڵدا له پاییزدا بەڵگەی دەست له مل یەکتری کردنی دڵدار و دلبەران بوو. شـەوی درێژ ماوەی گێڕانەوەی بەسـەرهـاتی نـەتەوە بوو. ئەمە

لایەنە جوانەکەی پاییز، لایەنە ناخۆش و ناشیرینەکەی، گەڵاڕێزانە ڕەمزی مردن و لەناوچوونە. شاعیر لە هەوری پەڵە داوا دەکا بەسەر هەموو کوردێکی کە ماوە ببارێنێ، هەروەها گوزەر کاتە شوێنی ئێسک و پریسکی هەموو ئەوانەی نەماون، بۆ ئەوەی ئەوانەی دووبەرەکییان نایەوە لە ناو شۆڕشی کوردی عیراق (١٩٦١ – ١٩٧٠) شەرمەزار بن. هەردوو لا هیچ بەڵگەیێکی مێژوویی و لۆجیکییان بەدەستەوە نەبوو ببێتە هۆی نانەوەی دووبەرەکی.

***

محەمەد ساڵح دیلان یەکێکە لە شاعیرە مەزن و بەدیمەنەکانی سەدەی بیستەم لە کوردستانا. خاوەنی شێوازی خۆیەتی، قوتابخانەیێکی سەربەخۆیە، بەگشتی شیعری دەچێتە ناو خانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی ڤانگ دراو بەسیمبۆلیزم و ڕۆمانتیزم. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لە شیعری داخراو و تەمومژاوی بن. فەرهەنگی زمانی شیعری دەوڵەمەندە، زۆر جار وشەی قورس و کەم بەکارهێنراو دەخاتە ناو شیعرییەوە، ئەمە زیاتر تەماوی دەکا و وەک تەلیسمێک دەکەوێتە بەرچاو، پسپۆڕێکی شارەزا نەبێ ناتوانێ لە مەبەسی شاعیر بگا، مەگەر خۆی مانای ئەو شیعرانە بۆ خوێنەر لێک بداتەوە.

لە بەرهەمی دیلاندا هەرسێ قۆناغی شیعری عەرووزی و شیعری کێشی سیلابی خۆماڵی و شیعری نوێ (ڕۆمانتیکی) کۆبوونەتەوە. هەموویانی تاقی کردۆتەوە و داهێنانی هونەری و جوانکاری تیایاندا بەرچاوە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دیلان ئیلهامی لە سۆز و ترپەی دڵ و هەست و نەستی ناوەوەی دەروونی خۆی وەرگرتووە. ژنی پەرستووە لە ناو سروشتدا تواندوویەتیەوە، ئینجا بۆ مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەی کورد دەرباز بووە. ئەمەیان بووە بەمەسەلەی سەرەکی لە لای. لە پاشانا ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر بووە تا هەموو گێتیی گرتۆتەوە، لەگەڵ هەموو هەژار و بێ نەوا و بێ دەسەڵاتان بووە. هیوا و ئامانجی ڕەشی ئەفەریقا و زەردی ئاسیای لە شیعریدا دەور کردۆتەوە. لە ئەنجامدا لەبەرئەوەی نەتەوەی کوردی خۆی لە هەموو کەسێکی دیکەی سەر ڕووی زەوی بەدبەختتر بووە، لە هەموویان زیاتر خۆشی ویستووە و یادی کردۆتەوە.



هێدی

بەشی سی و نۆیەم

هێدی

١٩٢٧ – ....

ئەمن جــــاران لە دەس دوژمـن دەناڵیـم
چەکی دوژمن دەهـات ئێــسکی دەهاڕیم
بە دەستی کورد ئەوەی پێم دەکرێ ئەوڕۆ
ئـەوەی دوێنـێ لـە دەســـــتی دوژمنـان دیم

ژیانی

خالید کوڕی حەمەد ئاغای موکری لە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی شێخاڵی لە نێوان مەهاباد و بۆکان لە دایک بووە. لەقەبی بنەماڵەی «حیسامی»یە، لە عەشرەتی دیبۆکرین. ناوی «هێدی» وەک نازناوی شیعری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لە ناو خەڵکی بەخالیدی حیسامی ناوبانگی دەرکردووە. سەرەتای خوێندنی لە گوندی خۆیان لای مامۆستای تایبەتی بووە. دەوڵەمەندی بنەماڵەی بۆتە هۆی ئەوەی هیچ جۆرە کارێک نەکا بۆ بەڕێوەبردنی خۆی، لە ڕووی ئابوورییەوە. لە ساڵی ١٩٤١ کە کۆمەڵەی «ژ. ک.» دامەزراوە لێی نزیک کەوتۆتەوە. هەر لەو ساڵەدا سوپای سووری ڕووسیا (سۆڤیەتی کۆن) بەهۆی جەنگی دووەمی گێتییەوە هاتۆتە ناو ئازربێجان و کوردستانی ئێرانەوە. لە ڕێگەی باوکیەوە لە سیاسەت نزیک بووە، بەشداری لە ڕووداوەکاندا کردووە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، بەڵام لە ئەنجامی ئەم کارەساتە بنەماڵەی هێدی زیانی لێ نەکەوتووە. دووجار هەوڵ دراوە بگیرێ، خۆی بەجێ گۆڕین و چوونە ناو شاخ ڕزگار کردووە. لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ یەکەمین جار لە مەهاباد مەلا مستەفا بارزانی ناسیوە و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردووە، ئەمە بووە بەسەرەتای سۆزی کەسێتی تا ئێستا هێدی ئەو سۆزەی پاراستووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکوڵتر بووە بەرامبەر ئەم بنەماڵەیە.

له ماوەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە مەڵبەندی خۆی مەهاباد بووە، هاتوچۆی تەورێزی کردووە، دوور و نزیک ئاگاداری بزووتنەوەی چەکداری نهێنی کوردستانی ئێران بووە. لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق هێدی چۆتە ناو شۆڕشەوە بۆ دووەمین جار چاوی بە بارزانی کەوتۆتەوە لە دوای بینینەکەی ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد. لەسەر دەستی ئەو بووە بەخەباتگێڕی چەکدار لە ناو شۆڕشدا. ماوەیێک لە ڕانیە و سەنگەسەر و قەڵادزە ژیانی پێشمەرگەیی بردۆتە سەر.

لە ماوەی گفتوگۆکەی نێوان شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف لە بەغدا، هێدی لە لایەن شۆڕشەوە کراوە بەقایمەقامی قەڵادزە، لە پاشانا گواستراوەتەوە ڕانیە، ماوەیێکیش لە ڕادیۆی «دەنگی کوردستانی عیراق»دا کاری کردووە. لە دوای وەستانی ڕادیۆ گواستراوەتەوە ناوچەی باڵەک، چاپخانەی شۆڕشی لێ بووە و کاری لە چاپکردنی ڕۆژنامەی خەباتدا کردووە.

لە دوای بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ گەشتی بەغدای بووە، دوکتۆر حەسەن حیسامی برای لە ئەڵمانیا دەژیا هاتبووە بەغدا و پێکەوە چووبوونەوە ئەڵمانیا. گەشتەکەی هێدی زیاتر لە دوو مانگی خایاندبوو، لەوێوە ڕووی کردبووە سوید، لە پاشانا گەڕابووەوە کوردستان.

لەگەڵ کۆتایی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ هێدی گەڕابووەوە ئێران، ماوەیێک ئاسوودە بوو. پێشنیازی بۆ کرا بوو لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی بەشی کوردی تاران کار بکا. بەینێک کاری کردووە و لە پاشانا بەجێی هێشتووە. لەو ماوەیەدا پێوەندی لەگەڵ بارزانییان بووە لە ئێران تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لەگەڵ ئەوانا گەڕاوەتەوە کوردستانی عیراق. لەو کاتەوە تا ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە و خەریکی هۆنینەوەی شیعر و خوێندنەوەی چاپەمەنی و نووسینی یادداشتەکانیەتی.

شیعری

هێدی لە سەرەتای ژیانیدا ئەوەندەی خوێندووە فێری خوێندن و نووسین ببێ و خوێندەواری لێ بکەوێتەوە. نەیویستووە ببێ بەمەلا و پێی بژی. لە ماڵی باوکی کە ژیانی باشی بۆ مەیسەر بووە هەوڵی داوە بەکۆششی خۆی لە ڕووی

خوێندەوارییەوە خۆی پێ بگەیەنی. کاری سیاسی و پارتییایەتی و خەباتی نهێنی و نیوە نهێنی لە کوردستانی ئێران و عیراق یارمەتی داوە وەک خوێندەوارێک پێ بگا و بەهرەی شیعری بیکا بەشاعیر.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

هێدی شیعری بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی وتووە. لە بەحری عەرووزیدا تەنیا کێشەکانی هەزەج و ڕەمەل و موزاریعی بەکارهێناوە. دەنگەکانی قافیە و وشەکانی پاش قافیەی کەمە چونکە شیعری لەم جۆرەی زۆر نییە. لە دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی ئەم تیپانەی بەکارهێناوە: ا س م ن (ە – ـە) ۆ ی ێ. لە پاش قافیەشدا ئەم وشە و ڕستانەی بەکارهێناوە: تۆ، نەدەبوو، نەبێ، دێ، دەکەم، هەیە، بڵێ چی، دەبێ، دەبوو، هێمنە، بوو، بڵێ، دەچێ، بەسەری تۆ، هەیە.

شیعرە عەرووزییەکانی بەگشتی بریتین لە پارچەی بچووکی غەزەل (لیریک) لە هۆنینەوەیاندا یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە. لە هونەری شیعرییەکانی دیکە قەسیدەی پێنجین (ا ا ا ا ب) و قەسیدەی شەشینی هەیە (ا ا ا ا ب ب). کۆمەڵێک چوارینی کلاسیکیشی داناوە. شیعرە میللییەکانی زۆربەیان لەسەر کێشی دە بڕگەیی و هەشت بڕگەیین و قافیەیان مەسنەوییە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

شیعری هێدی لە دەوروبەری دوو مەبەسە سەرەکییەکەی شیعری کوردی ئەو سەردەمە دەسووڕێتەوە، دڵداری و کوردایەتی، ئەمانەی تا پلەیێک تێکەڵ بەیەکتری نەکردووە. لە وەسفدا داهێنانی هەیە. لە شانازی و ستایش و پێداهەڵداندا شیعری کەم نییە، بەشی زۆری ئەم جۆرە شیعرەی بۆ مستەفا بارزانی وتووە وەک خەباتگێڕێکی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد. دەتوانرێ بەڕاستی بەشاعیری بنەماڵەی بارزانی بژمێررێ. بەم جۆرە کەمتر ستایشی چەکدار و شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەی کوردی کوردستانی ئێران و عیراقی کردووە. جگە لەمە ستایشی هەندێ لە شاعیرانی کوردی هەیە، وەکو: خانی، حاجی، قانیع، بێکەس، گۆران، هێمن، جیگەرخوێن.

لە ناو شیعرە میللییەکانیدا کۆمەڵێک چیرۆکی شیعری (پۆیێم) بەرچاو دەکەون، لەوانە:

١- خدرە شێت: لە زیاتر لە سەد دێرە شیعر پێکهاتووە، لە بەیت و بالۆرەی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) دەکا. باس لە گێلە پیاوێک دەکا هەرچی ڕەوشتی شێتی هەیە لەگەڵی دەکەن کەچی تووڕە نابێ و هەر پێدەکەنێ، وەکو بڵێی شاعیر دەیەوێ ئەوە دەربخا شێتی وا ڕەمزی ئاسوودەییە.

٢- نامەیێک بۆ کاوە: لە هەشتا دێرە شیعر زیاترە. بەیتێکە هێدی لە ساڵی ١٩٧٩ لە دوای کوودیتا ئیسلامییەکەی خومەینی دایناوە بە ناوی «کاوە»وە. ئەمە منداڵێکی خزمی شاعیرە، لە شیعرەکەدا ئامۆژگاری دەکا، ئەوە دێنێتەوە یادی کە بە ناوی کەسێکی گەورە کراوە، کاوەی ئاسنگەر، هەروەها کوردایەتی دەکا و یادی ماد و میدیا دەکاتەوە وەک باپیرانی دێرینی کورد.

٣- چیرۆکی خۆش: لە زیاتر لە دووسەد دێرە شیعر پێکهاتووە. لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەولێر هۆنیویەتییەوە. بە حیکایەت هەڵگیرسان و ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق دەگێڕێتەوە.

نموونەی شیعری

دڵداری

١

لە شیعرێکیدا بەناوی «ئاوات»ەوە لە شاری ورمێ لە ساڵی ١٩٨٦ دایناوە دەڵێ:

ناسرەون هەست و خەیاڵ خۆزگە من دێوانە بام
خۆزگە دەست و پێم لە ناو زنجیری بایە و وا نەبام
زوڵفی سەرشانت عەزیزم کاتێ هاتی شانەکەی
من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانە بام و شا نەبام
کەس وەک ئاوێنە بە ووردی ناژمێرێ خاڵی ڕووت
بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام
شەو جەق و جۆی جووتێ بەی وام دەگرێ ڕۆژێ ڕەنگە من
وا نەلەرزی بام لەسەر سینگی ئەگەر لەرزانە بام

نابێ ڕزگارم لە دانەی خاڵ و داوی کەزیەکەی
من کە دەمویست قەت لە گیری داو و دانەدا نەبام
زەردە خەندەی لێوەکانت هەر هەناسێکی دەوێ
ئەو تەلیسمەم پێ نەدەشکا من کە وەک شەوبا نەبام
تا پەرەنگ و پیاڵە وا لاجانگ و لێوت ماچ دەکەن
من دەڵێم قەیدی چبوو خوایە یەکێ لەو دووانە بام
کێ هەبوو وەک شەم بسووتێ بۆ منی شەیدا ئەگەر
خۆم لە دەوری وی وەکو پەروانە بێ پەروا نەبام
شەو بوو ئەو بوو مەی بوو بسکی باوەشێنی ڕووی دەکرد
هەر منی بێچارە لەو ناوە دەبوو بێگانە بام
خۆزگە بۆ ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی ژیانی خۆم منیش
هەروەکو (هێدی) مەلی تۆفانی بێ هێلانە بام
ماڵ و سەر ویستم بەجارێ وا فیدای تۆ کەم وەتەن
ئەوڕۆ چیرۆک بێ لە ناو گەلدا سبەی ئەفسانە بام

ئەم شیعرەی هێدی لە قاڵبی غەزەلی کلاسیکی نەچۆتە دەرەوە، بەڵام هەندێ وێنەی ڕەوانبێژی کلاسیکی جوانی تێدایە، لە غەزەلە لاساییەکان جیای دەکاتەوە. شاعیر ئەوە دەردەبڕێ دەنکی شانە بێ لە لای خۆشترە لەوەی شاهنشا بێ، چونکە شانە پرچی دلبەر شانە دەکا. هەروەها ئاوێنە بوایە بۆ ئەوەی خاڵەکانی ڕوومەتی بژماردایە. وێنەی جوانی تریش لەم شیعرەدا دەست دەکەوێ.

٢

لە غەزەلێکی دیکەیدا بەناوی «گۆوەند»ەوە لە کەرەجی ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

ئەو دەم کە ئەتۆ دوگمە بەرۆکت دەترازێ
سەیری دڵی دێوانە کە چم لێ دەخوازێ
خۆی دی لەبەر ئاوێنە بزەی هاتێ کە یانی
گوڵ بەو دوو گەڵا سیسەوە با هێندە نەنازێ

کــەس نـەیدی لە تـۆ هاتـن و ڕۆیشـــتنی بێ نـاز
چـبکـەم لـە ڕوانـینـی تـۆپـێک نـایە نـیـــــازێ
من چم کـەمە لەو شەمعە کە شەوگاری جودایی
ڕووناکــیــیــە بۆ کــوڕ و بەســووتانێ دەســازێ
نە ئەتۆ چت کەمە لە جوانی نە گەنجی مەحموود
حــــەوجێ بوو بەژیری و دەم و ڕاوێژی ئەیازێ
دنیــایەکـــە ســـەرلەنوێ بـەبووک بـەرنەوە تـازە
هەر مــەگیـرانی دەکـا و شـیـرنـی وەک تۆ نازێ
من باڵی هومـای تۆم بەسـە بۆ بەختـەوەری سـەر
وەک لووتکە چیــا نابـەمـــە بەر شـــاپەڕی بازێ
تۆ دێی و ســـەمـــا دێن ووشـــە لـەو ناوەکــە ئاوا
ئـاوێتـــە دەبن بـەســـتـــە لە مـن ناڵە لە ســـازێ
ڕیسـوا دەبێ بەو نامـەیە مـەیخـوێنـەوە (هێـدی)
هـەر بـەیتـێ دەنـا هـەڵدەگــــرێ پـەردە لـە ڕازێ

لەو شیعرەدا هێدی باس لە هەندێ بزووتنەوە و ئاوڕدانەوەی پڕ لە ڕاز و نیازی دلبەر دەکا. وێنەی شیعری زۆرە لەوانەی شاعیرانی کلاسیکی دایانهێناوە و بوون بەنموونەی قسـەی جوان، یەکێ لەوانەی ناو ئەم شـیعرە ئەوەیە، شـاعیـر لەگەڵ دلبــەر دەدوێ و پێی دەڵێ: ئەوەندە جـوانی پێـویسـتـیت بـەجـوانـی دیکە نـیـیـە، خەزێنەی سـوڵتان مـەحمـوودی غەزنەوی ئەوەندە پڕە پێـویستی بەزێڕی دیکە نییە، ئەگەر سوڵتان پێویستی بەهەیاسی خاس بێ، تۆ پێویستیت بەڕاوێژکار نییە.

٣

لە وەسفی مەمکی دلبەر لە چوارینێکیدا لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٥ دایناوە، دەڵێ:

ئـەوەی ســـــەیرە نـە نـارنجن نـە لـیـــمـــۆ
لـەوانیش خـــڕترن جـــووتـە مـــەمی تـۆ
کـە نرخـی وان کـەسـیش نـەیزانـێ چەندە
لە دەس مـنیـــان بنـێ و ئیــتـر مــەڵێ بۆ

بە دلبـەر دەڵێ مـەمکەکـانت ئەوەندە جـوانن کـەس نازانێ نرخـیـان دیاری بکا، تەنیا من نەبم، تۆ بیاندە دەست من، تەنیا من نرخیان دەزانم.

کوردایەتی:

١

لە شـیـعـرێکیـدا هێـدی بەناوی «سـروود»ەوە لـە سـاڵـی ١٩٤٣ هۆنیـویەتیـیـەوە موناجات لەگەڵ نیشتماندا دەکا:

مـەزرەعەی قـەلبی مـە ویشکە ئەی وەتەن کوا ئاوی تۆ!
بێ زەوادن ڕۆڵەکـانت کـوانی شـەکـری خـاوی تۆ!
زەردە ڕەنگی غـونچـەکـانت سێـبـەری زوڵم و جـەفـا
لادە بـەو هـاوینـە کـوانـێ تیـشـک و تینی تـاوی تـۆ
بێ سـروودی جـاویدانی بولبـولت بێ نـەشـئـە بوون
دەسـتـە دەسـتـە لاوەکـانت وەک گـوڵی تێـراوی تۆ
لێم دەپرسێ دڵ بەدایم بـۆچی سـەرگـەردانی تـۆ
ژەهری تاڵی چی دەچێژی هەرکـە سـەر شـێـواوی تۆ
دەردی دڵ نـاکـەم دەزانم دەردی بێ دەرمـانی مـن
خـەسـتـەمـە کەس بێ دەوای کـا غـەیری بەرزی ناوی تۆ
ئەی وەتەن کـەنگێ ڕەوایە مـەسـتی خـەو بێ پاسـەوان
گـورگی دوژمـن کـەوتە کـۆزی مـێگەلی پاراوی تۆ
شـەرتە هـەر خـاری دڵم بێ هـەرچی عـەیش و شـادییـە
تا لـە دەس دەگـرم وەنـەوشـە و سـووسـن و لاولاوی تۆ
دڵ ئـەگـەر بۆ تـۆ بنـاڵێ چۆن ئـەبێ ژێر بێـتـەوە
تـا لـە ژێر پێـمـدا دەبینـێ دوژمنی خنکاوی تـۆ
ئەی وەتەن گریانی تۆمـە و بۆت دەڕێژم ئەشکی سوور
ئـیـشـی تـۆیە زامی جـەرگ و شـیـوەنی شـێـواوی تۆ

لەم شیعرەدا هێدی سۆزی بەکوڵی دەردەبڕی بـەرامبـەر بەنیشـتمـان، ئەوەندەی

خـۆش دەوێ نایەوێ بەدڵ شکاوی چاوی پێی بکەوێ. پەنا بۆ سـروشـتی بەهار دەبا، دەیکا بەیەکێ لەو هۆیانەی نیشتمانی جوان کردووە، کە جوان بێ دەبێتە دلبەر، کە دلبەریش بێ لەو خۆشەویستتر لەسەر ڕووی زەوی نییە. شایانی ئەوەیە بەشادی بژی.

٢

لە شیعرێکیدا بەناوی «ئەشکەوتی خەزاڵێ» هێدی دەڵێ:

ڕێ سـەرەوژوورە گـەلێک بڕ ناکـەم
بۆ ووچان جێـیێک ئەبێ پەیدا کـەم
لەسـەر ئەشکەوتی خـەزاڵیش تاوێ
با خـەیاڵی سـەرەڕۆ خـۆی باوێ
سێبـەری فێنکی هەیە بۆ ڕێبـوار
وەکـو یەک ڕادەگرێ پیادە و سـوار
مـاڵی بۆ دەربەدەران ئەنوایە
خـانەخـوێی دەربەدەر هەر وایە
زگی پڕ سـووچ و کـەلێن و قـوژبن
سـەر بەلام پووچەک بێ نێـو ئاخن
کـەچی بەو حـاڵەوە چی بێتە گـوێ
ئەویش ئەیڵێتەوە بۆت سـەرلەنوێ
هێشتە هەر ئەیڵێ کە عـەولا ناسر
پێی لە خـۆبوردنی نا ناو ئاگـر
کاتێ وا دەستی لە ژینی خۆی شوت
چەند بەسەربەرزی دەمرد و دەیگوت
حەز دەکەن نەبنە مەکۆی داخ و دەرد
پشت مـەبەستن بەهەڤـاڵی نامـەرد

ئەشکەوتی خـەزاڵێ لە ئاوایی «ئەڵوەتان»ی ناوچەی سـەردەشـتە. لەو ناوەدا

شەڕێک لە نێوان چەکدارانی شۆڕشی کوردستانی ئێران و سەربازی دەسەڵاتی شا ڕووی داوە. لەو شەڕەدا عەولا ناسری چەکداری شۆڕشگێڕ لەگەڵ هاوڕێییێکی لە سەنگەردا جەنگاون، لە ئەنجامدا هاوڕێکە لە ترسانا هەڵاتووە و خۆی شەهید کراوە. لەم شیعرەدا هێدی ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە.

٣

لە شیعرێکیدا بەناوی «نەورۆز»ەوە بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٦٦ لە گەلاڵەی کوردستانی عیراق دایناوە، بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی کوردەکان
هاتەوە بگرێتە باوەش کوردەواری سەرلەبەر
هاتەوە نەورۆز و بۆ زستانە ئیتر چارەسەر
جێژنی نەورۆزە وەتەن وا کاتی پیرۆزباییە
جێژنی لاو و کیژ و کاڵی تۆیە ڕۆژی شاییە
هەر هەڵاڵەی زەردە بۆنی دێ لە ڕێگەی دوورەوە
هەر چڵووکی دارەزەردەی دێ بەغونچەی سوورەوە

شاعیر لەم دێڕانەدا باس لەو جەژنە هەمیشەییە دەکا لە کۆنەوە بووە و لە دوارۆژیشدا هەر دەمێنێ، یادی کاوەی ئاسنگەر و شارستانییەتی میدیا دەکاتەوە، بەسەر سروشتی ڕەنگینی بەهاردا هەڵدەڵێ، چونکە لووتکە هەرە جوانەکەی لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا دەبێ.

بەم دێڕانە شاعیر کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

دڵ کە ڕۆژ و شەو دەسووتێ ئاگری تۆی تێبەر بووە
بۆیە پیاوانە لەگەڵتا مەرجی خوێنی بەستووە
باسی خوێنی پاکی تۆیە و شۆڕشی ڕزگارییە
یان بەسەربەستی ژیان یا مردنی یەکجارییە

گـەر تۆ ئـەورۆ نی لە نێـومـانا کـوڕی دڵســۆزی تۆ
هـەڵگری ئاڵای خــەبات و شــۆڕشـی پیــرۆزی تـۆ
قــارەمــانی کــوردی ئازا مــاوە کــاوەی بـارزان
ئەو کـوڕە کوردەی بناغـەی دوژمنی تۆی هەڵوەشـان
دڵنیــا بە جــێــژنە پیــرۆزەی دوای نەورۆزی مـن
جـێـژنی ئـازادی گـەلە و ســەرکـەوتـنی پیـرۆزی من

لە سـاڵی ١٩٦٦ هێدی لە ناو شـۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کـوردسـتـانی عـیراق بووە. لەو شیـعرەدا لە نەورۆزی شـۆڕش دەدوێ. شـۆڕش ئەگـەر بۆ ڕزگـاری کورد بێ، نەورۆزیش ڕزگاری دەبێ، چونکە ڕۆژگارێکی دوورودرێژ نەورۆز قـەدەغە بووە، لەبەرئـەوەی مـیللەتەکـەی دیل بـووە. شـاعـیر ئـومـێدی بەسـەرکـەوتنی شـۆڕش و ئازادبوونـی نەورۆز هەیە، زیاتـریش بەهۆی ئەوەی شـۆڕشـەکـە لە ژێر چاودێری و فـەرماندەی کاوەیێکی وەکو بارزانییە. لە دواییدا کـورد سـەردەکەوێ و نەورۆزیش پیرۆز دەبێ.

٤

لە سـاڵی ١٩٩٤ کـە کوردسـتـانی عیراق لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بوو شـەڕ لە نێوان دوو هێزی سیاسیی چەکداری کورد هـەڵگیرسـا. بۆ ئەم ڕووداوە هێدی لە ١٠ی ئاغستۆسی ١٩٩٥دا چوارینێکی هۆنیوەتەوە:

ئـەمـن جــــاران لە دەس دوژمـن دەنـاڵـیم
چەکی دوژمن دەهـات ئێــسکی دەهـاڕیم
بە دەستی کورد ئەوەی پێم دەکرێ ئەورۆ
ئـەوەی دوێنـێ لـە دەســــتی دوژمـنان دیم

شـاعیر سـەری سـوڕماوە لەوەی ئەگـەر دوژمن زۆری کردبێ لە دژی کـورد ڕەنگە کـارێکی ئەوەندە گـران نەبـووبێ چونکە دوژمنی بێگانە کـردوویەتـی، بەڵام ئەوەی کورد بەکوردی دەکا چی پێ دەووترێ!.
لە چوارینێکی دیکەیدا هـێدی لـە دوای نۆزدە ڕۆژ پاش چوارینەکـەی پێـشــوو نووسیویەتییەوە (٢٩ی ئاغستۆسی ١٩٩٥) دەڵێ:

هێندی دیومــە ڕۆژێ تورک و ڕۆژێ عـارەب دەمکوژێ
ڕۆژێ فـارس دێ بەفـەتوای دین و مـەزهـەب دەمکوژێ
گـەر لەسـەر ئـەو بسـتـە خـاکە هـەرچی دێ پێم دادەدا
کوردەکەی خۆم چی دەوێ! ئەو بۆچی یارەب دەمکوژێ

لەم چـوارینـانەدا شــاعــیــر ناوی ئـەو دوژمـنـە یا دوژمـنـانـە ئاشکرا دەکــا، لە چوارینی پێشوودا ناویـان هـاتووە، ئەمانە تورک و عارەب و عەجەمن. شـاعیر دەڵێ ئەمـانە و خـەڵکی دیکەش ئەوەی دێ لە کـورد دەدا، ئەمـە هـەمـووی ئەگـەر ڕێی تێ بچێ، کورد لە کورد بدا ئەمەیان هەر نابێ!.

٥

لە شـیـعـرێکیـدا بـەناوی «چلەی بـارزانی» هێـدی لە مـانگی نیـسـانی ١٩٨٠ ماتەمنامەی بۆ مستەفا بارزانی نووسیوە:

کـــە هـات هەواڵی جـــەرگ بڕ
بـاوک هـۆشـی بڕا لـە کـــــــوڕ
خــــەفــــەت ئـەباری لـەو نـاوە
بـاوکی کـــورد ســـەری ئـەنـاوە
ئەو ڕۆژە بـاوکی خـــۆشــەویست
سـروێک ئەهات تۆ نـەت ئـەبیست
هـەناسـەی پێشـمـەرگـەی تۆ بوو
ڕووحـیـان لەسـەر گـڵکۆی تۆ بوو
چل ڕۆژ تێـــپـــەڕی لـەو کـــاتـە
بەڵام کـــوردســـتـــان هـەر مـــاتە
هـەڵگورد و پێـــرس و مـــەتین
قـــەندیل و کــوڕەک و ســـەفـین
هـەڤـــاڵانـی بـەوەفـــای خـــۆت
ئـامـــێـــزیـان ئـاواڵـەیـە بـۆت

***

تۆ بووی شـانازی گـەلی کـورد
زۆر شـانـازیت لەگـەڵ خـۆت برد
کـــۆچـت دەردێکی بـەســـۆ بـوو
کـوردسـتـان حـەوجـێی بەتۆ بوو
گـڵ تـۆ لــە دڵ دەرنــاهــێـنــێ
خـاکی کـورد تـۆ ناشــەمـزێنێ
دایک کــورِ لە باوەش ئـەگـــرێ
ســەد جـاریش لەبـەری ئـەمــرێ

ئەمـە شـیـعرێکی پڕ لە سـۆزی کـەسـایەتییـە، پێش ئەوەی بۆ گـەورەپیـاوێک وترا بێ. بـێ گــومـــان هێــدی هـەردوو لایەنـی بارزانـی مـــەبەست بووە، بـارزانی وەک خـۆشـەویسـتێک و وەک گـەورەپیـاوێک. لەم شـیـعرەدا هەندێ داهێنانی شـاعیـر لە بەرچاوە. برِێکی لە ئەدەبی میللیی سـەرزار وەرگرتووە. وێنەی رەوانبێژی جوانیش لە دێرِی دواییـدا خـۆی دەنوێنـێ: خـاک کـوردسـتــانە و بارزانی کـورِیـەتی، کـۆچ کردووی گرتۆتە باوەشی.

***

خـالیدی کورِی حـەمەد ئـاغای مـوکری، ناسـراو بەخـالیدی حیسـامی، نازناوی شـیـعری «هێدی»یە، لـە پێشـانا شـاعیری کوردایەتی ئینجـا شـاعیـری دڵداری و غەزەل. هێدی ئەوەندەی لە شیعری نیشتمانپەروەری و کوردایەتیدا گەرمە ئەوەندە لە شیعری دڵداریدا ساردە، مەبەس لێرەدا سۆزە نەوەکو داهێنانی شیعری.

شاعیر بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی لە شیعریدا بەکارهێناوە، لە هـەمـوو جۆرە قـافیـەکانی شیـعری کلاسیکی و قـافیـەی مەسنەوی خـۆمـاڵی هـەیە. بەهۆی ئەوەی هـەمـوو ژیانی لە رێزی راپەرِین و هـەڵسـان و شـۆرِش بـردۆتە سـەر. زۆربـەی شـیـعری رەنگدانەوەی خـەباتی مـیللەتی کوردە لە هـەمـوو کوردسـتـانەکاندا بەتایبـەتی لە کـوردسـتـانی عیـراقـدا، چونکە مـاوەیێکی زۆری ژیانی لەو خـاکـەدا بردۆتە سـەر. دیارە بۆ هێدی و هـەموو کوردێکیش هـەموو جێیێکی کوردستان ماڵی خۆیانە.



شکۆی حەسەن

بەشی چلەم

شکۆی حەسەن

١٩٢٨ – ١٩٧٥

شەرە، شەرە لالێ جان
د شـەوتە کـوردسـتـان
ژ ناڤ مـــژا بارووتـێ
دەنگی شین و گری تێ

ژیانی

شکۆ کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەنی مدۆیە لە گوندی جامووشوانی بچووک لە ناوچەی ئاقبارانی ئەرمەنستان لە ساڵی ١٩٢٨ لە دایک بووە. ماڵی باوکی لە بنجدا لە گوندەکانی ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی ژیاون. شکۆ لە تەمەنی پێنج ساڵی بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. سۆفی کوڕی حەسەنی مدۆی مامی گرتوویەتییە خۆی و بەخێوی کردووە. خوێندنی سەرەتایی بەچوار ساڵ لە گوندی خۆیان تەواوی کردووە. قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی ئەلەگەزی کوردان گەیاندۆتە ئەنجام. لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٤٨ بووە بەقوتابی زانستگای یەریڤان لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە ساڵی ١٩٥٣ باوەڕنامەی ئەو دەسگا زانستییەی وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی باگنار لە ناوچەی گاگرا (ئەبخازیای گورجستان) شکۆ بووە بەمامۆستا لە قوتابخانەی ئەو گوندەدا، وانەی زمان و ئەدەبی ئەرمەنی وتۆتەوە تا ساڵی ١٩٥٧ لەو کارەیدا ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەشی کوردی ڕادیۆی ئەرمەنستان لە شاری یەریڤان دامەزراوە، کاری نووسینەوە و وەرگێڕان و ئامادەکردنی بەرنامە ئەدەبییەکانی پێ سپێرراوە. لە ساڵی ١٩٦١ لە

تاقیکردنەوەی تایبەتی سەردەکەوێ وەک قوتابی خوێندنی باڵا لە ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان وەردەگیرێ. بەمەبەسی تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە شاری سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا) لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی، لە بەشی کوردناسیدا دادەمەزرێ. لە ساڵی ١٩٦٥ خوێندنی باڵا تەواو دەکا. لەم ماوەیەدا تووشی نەخۆشی گەدە دەبێ. ئازاری زۆر دەچێژێ و بێ ئارامی دەکا. بەدەم نەخۆشییەوە لە کار ناکەوێ تا دوایی ژیانی. لە ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی بەژیانی دێ و کۆچی دوایی دەکا.

شیعری

خەیاڵی شیعری لە لای شکۆ لە سەردەمی قوتابیەتیدا پشکووتووە. هەندێ شیعری لە ڕۆژنامەی زانستگای یەریڤان بڵاوکراوەتەوە. هەروەها ڕۆژنامەی «ریاتازە» مەیدانی مەشقی شکۆ بووە لە شیعر نووسیندا. لە پاشانا شیعرە بڵاوکراوەکان و شیعری تازەی دیکەی لە دیوانی تایبەتیدا بڵاوکردۆتەوە. لەوانە کۆمەڵێک شیعر بەناوی «قالچیچەک» (١٩٦١) و «تەمبوورا کوردا» (١٩٦٥) و «مەرەمێ دلێ کورد» (١٩٧٠)ی بڵاوکردۆتەوە. بەشێک لەم بەرهەمانەی بەزمانی ڕووسی و گورجی و ئەرمەنی لە سانت پیترسبورگ و تفلیس و یەریڤان بڵاوکراونەتەوە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

شیعری شکۆ لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی هۆنراونەتەوە، هەموو جۆرە کێشەکانی بەکارهێناوە بەتەواوی و بەکەرت کراوییەوە. لە ڕووی کەمی و زۆری بڕگەکان (تەفعیلەکان) شاعیر دێڕە شیعری زۆر کورت و زۆر درێژی هەیە، لەم لایەنەوە لە دابەشکردنی ئەو بیرانەی دەیانخاتە ناو شیعرییەوە سەرکەوتووە، بۆ بەڵگە دێڕە شیعری هەیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، دێری دیکەی بریتییە لە پازدە بڕگە.

شکۆ لە هەموو بابەتەکانی شیعری نوێکردنەوەیدا وشە و زاراوەی فەرهەنگی پێوە دیارە، ئەگەر شاعیرانی دیکەی ئەو وڵاتە نوێکردنەوەیان لە وشەی تازە بابەت بێ لە ئەنجامی دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالیزم، نوێکردنەوەی شکۆ لە هەموو

بەرهەمەکەیەتی بەگشتی واتە بەکارهێنانی ئەو وشانەی ڕۆشنبیر و خوێندەوار دەیکەنە کەرەستە بۆ بیروباوەڕ و بینینێکی لە مێشکێکی تەرکیبییەوە هەڵقوڵا بێ دوور لە بینینی ڕووکەشی شاعیری میللیی نەخوێندەوار. شاعیر ئەدگاری هەستی نەتەوەیی پاراستووە، بەڵام تێکەڵ بەبینینی هەستی شیعری ڕۆژئاوایی کردووە لە ڕێگەی ئەدەبی ڕووسییەوە، تا پلەیێکیش لە ڕێگەی ئەدەبی گورجی و ئەرمەنییەوە.

زۆربەی بەرهەمی شیعری دەچێتە ناو بابەتی لیریک و پۆیێم. لیریکەکانی لە ڕووی قەوارەوە ئاساییین، بەزۆری کورتن و درێژیان کەمە. هەرچی پۆیێمەکانیشن بەقەوارە ناوەنجین درێژیان زۆر نییە. جگە لەمە لە ناو شیعری کوردی قەفقاسی ڕووسیا بابەتی چوارین بەرچاو ناکەوێ. شکۆی حەسەن یەکێکە لەوانەی ئەم بابەتە گرنگەیان هێناوەتە ناو شیعری خۆیانەوە. زیاتر لە پەنجا چوارین لە کۆمەڵە بڵاوکراوەکانی شکۆ دەکەونە بەرچاو، لە کێشدا ڕەنگاوڕەنگن لە ڕووی کورتی و درێژی بڕگەدا، کورتترین دێرە شیعری چوارینەکان چوار بڕگەیە، درێژترینیان پازدە بڕگەیە. لە قافیەدا لاسایی چوارینی شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە لەسەر سیستێمی (ا ا ب ا) دایمەزراندووە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ئەوەی بەرهەمی شیعری شکۆ لە شاعیرانی دیکەی ئەو وڵاتە جیا دەکاتەوە ئەوەیە لیریکی بەرزی شیعری ئەورووپایی ئامێزی لە وەسفی سروشت و دڵداری تێکەڵ بەغەزەلی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی کردووە و بابەتی تازەی هێناوەتە ناوەوە لەگەڵ چێژی مرۆڤی سەردەم دەگونجێ. ئەم داهێنانەی شکۆ ئینقیلابێکی گەورەیە لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا. کچە کوردی ڕەخنەگر ئێما بەکۆیێڤا لە پێشەکی کۆمەڵە شیعری شکۆی حەسەن «مەرەمێ دلێ کورد» (١٩٧٠) دەڵێ: «دوشورمیش بوونا شاییر ب شکل و سفەتن. تەبیەت و عەمرێ جمەعەتا مە، سفەتێ مێرخاسێ شاییرە لیریکی یێ راست تێنە نتراندنێ، بە ژن و بالا دۆتا کوردایە ب شووتک و شراڤ و رەشکالێ کوردایی چەک و رحالێ ملەتێ یێ، کو راستی مە تێن عەفراندنێد شکۆیێ حەسەن دا، نە خوەش نە رند ددنە شیێرا». ئەم جۆرە شیعرەی شکۆ لەو

کۆمەڵەدا ئاسایی نەبوو، چونکە لە شیعری نووسراو گوێیان بەوە ڕانەهاتبوو بەم جۆرە دڵداری لەگەڵ کچدا ببەسترێ و دەست لە ملی بکرێ. لەبەرئەوە هەرچەندە ئەوانەی شیعری شکۆیان بەداهێنان لە قەڵەم دابوو زۆریان لەسەر نووسیبوو و ستایشیان کردبوو بەڵام چەند کەسێکیش دەنگی بێزارییان دەربڕی بوو. بێ گومان هۆی ئەو بێزارییە زیاتر لەوەوە بووە، ئەوەی شکۆ کردبووی ئەوان پێیان نەکرابوو، ئیتر تووشی گرێی سایکۆلۆجی بوون لە ئەنجامی داهێنانەکەی شکۆ.

شیعری شکۆ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە دەوروبەری ئەم مەبەسانە دەسووڕێتەوە:

١- وەسف و دڵداری: مەبەسێکی تازەیە شاعیر ئەدەبی کوردی قەفقاسی ڕووسیای پێ بەرز کردۆتەوە. گێتییێکی ڕۆمانتیکی دروست کردووە. وەسفی شیعر و دڵداری و باران و کەژەکان و شەو و ڕۆژ و بەیانی و ئێواران دەکا. ماچی تەنیا لە کچی کورد ناوێ، لە کچە جوانەکانی قەفقاس و ئەوروپاش داوا دەکا.

٢- کوردایەتی: مەسەلەی نیشتمانی کورد کێشەیێکی گەورە بووە لە ناو دڵ و دەروونی شکۆ، وەک مەبەسێکی سەرەکی لە بەرهەمیدا دەکەوێتە بەرچاو، دیاردەی کوردایەتی لە سەرانسەری شیعری شکۆ بەدی دەکرێ، لە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ مەبەسی دیکە هۆنراونەتەوە. لە پێش هەموو شتێکدا کورد و کوردستان وەک زاراوەیێکی مێژوویی و جوگرافی شیعری شکۆی داگیر کردووە. کوردستانی من، کوردستان دەسووتێ، کوردستانی عەزیز. یادی ڕەمزەکانی کورد دەکاتەوە فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی، ئەمینی عەبدال. ئەلەگەز و جەژنی نەورۆز و زمانی کوردی و دڵداری مەم و زین و گوڵناز و کەلەش و گەلێ دیاردەی دیکە سەرچاوەی داهێنانی شیعری شکۆ بوون. شاعیر پڕ باوەڕ بوو لە دواڕۆژی ڕووناکی کورد، دەیووت لەبەرئەوە شیعری بۆ دەڵێم، ئەگەر بمزانیایە ئەو دواڕۆژە – خودا نەخواستە – نایەتە دی شیعرم نەدەوت.

٣- نیشتمانی سۆڤیەتەکان: شکۆ وەکو شاعیرانی دیکەی کوردی ئەو وڵاتە بەشێ لە مەبەسەکانی شیعری بۆ دەسەڵات و سۆسیالیزم تەرخان کراوە. جا ئەم شیعرانە بەزۆر سەپێنرابنە سەر شاعیر یا لە ناخی دەروونی ڕاستی خۆی هەڵقوڵا بن گرنگ نییە. بەشێک لەو بەرهەمانە داهێنانی جوانکارییان تێدا

هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەوەسفی سروشت و ڕەنگینی شار و جوانی ژنانەوە هەیە. لەم جۆرە شیعرانەیدا یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و جەژنی کرێکاران و لینین و سوپای سوور دەکاتەوە. سانت پیترسبورگ (لینینگراد) وەک شارێکی یەکجار جوان لەسەر ڕووی زەوی و ئەبخازیا وەک سروشتێکی زۆر جوان لە گورجستان جێگەی بایەخی شاعیر بوون، لەو شار و ناوچانەدا ژیا بوو. شاعیر لە دوای پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم لەسەر خەباتی دەوڵەتە عەرەبەکانی کردۆتەوە لە دژی ئەمپریالیستی ئینگلیزی و ئەمەریکی و فرەنسی چونکە هەندێ لەو وڵاتە عەرەبییانە دۆستی ڕووسیا بوون.

شکۆی حەسەن یەکێک بوو لەو شاعیرانەی تەعبیریان لە ویست و ئارەزووی کوردی قەفقاسی ڕووسیا دەکرد. بەشیعری جوان و ڕەنگینەوە مێشکیان دەکردنەوە و خەیاڵیان فراوان دەکرد.

نموونەی شیعری

١

لە وەسفی ئەلەگەز شکۆ دەڵێ:

هەمێز کرن پەنجێ رۆیێ
ئەلەگەزا کاو ئو ناز
وێ چەڤ مزدان رابوو خەوێ
وەرگرت خەملا خوەیە خاس
کوبار هوونا زلف و گولی
مینا زەریا دەعوەتێ
موحبەت گورکر هەزار دلی
عەقد و ئیسان، تەبیەتێ
کۆنی کوردی ل سینگێ وێ
بوونە هەزار خال ئو خەت
هەزار هەزار وار بنگێ وێ
بوونە رەوشا خەون، قودرەت

ئەلەگـەز ڕەمـزی کـوردی ئەو وڵاتەیە، وەک دەشـت قـشـلاقـە، مـەڵبـەندی ژیانی زسـتانانە، وەک شـاخ زۆزان و هـاوینەهەوارە، ڕەشـماڵی کوردان وەک خـاڵی گۆنای جـوانانە نیشـتۆتە لـووتکە و قەدی شـاخ. واتە ئەلەگەز بەزسـتـان و بە هـاوین بەهار بۆ ئەو کوردانە دێنێ. شـاعیر وەک نێوەندێکی پیرۆز تەماشای دەکا.

٢

شکۆ چوارینەکانی بەشـێوازی ڕۆمـانتیکی هۆنیـوەتەوە، لە هەندێکیاندا هەست بەهەناسـەی سـیمبۆلیـزم دەکرێ و لە هـی دیکەیاندا گیـانی خەیام دەجووڵێـتەوە، لە هەندێ لە چوارینەکانیدا ناویشی دەبا.

لە چوارینێکیدا دەڵێ:

ئەز جـارەکێ سـەر پێگاسـێ هـەیلۆ چوومـە عـەرشـی عـەزمین
ئەحمەد خـانی روونیشت بوو سـەر پارنـاسـێ مەیی هێـشـین
سـاز – تەنبـووری خـوە نهێری، کـە سـەرهـاتێ، کرە ئاخین
گـۆ، بێـژە من، بێـی کـوردسـتـان کـورد دنێـدا هـەلا دژین؟

لەم چوارینە جوانەدا شاعیر بەسواری ئەسپی پێگاس دەچێتە عەرشی ئاسمان (کۆزمۆس). پێگاس ناوی ئەسپێکە ئیلهام دەدا بەشاعیران لە ئەفسانەی گریکیدا. لەوێ چاوی بەئەحمەدی خانی دەکەوێ لەسەر شاخی پارناس دانیشتووە، ئەمەش ناوی شاخێکی ئەفسانەیی گریکە پەرستگای شاعیرانی لێ بووە. ئەحمەدی خانی لەو پەرستگایەدا دانیشـتووە، بیر دەکاتەوە سـەری سـوڕماوە، دەپرسـێ پێم بڵێن کـورد بەبێ کـوردسـتـان مـاوە! خـانی باش دەزانی خـاکی کـوردسـتـان لە دەست خاوەنی خۆی نییە.

لە چوارینێکی دیکەیدا دەڵێ:

من گـولەک دیت ل ناڤ مـێـرگێ
قـــــورچمی بوو دەر پا زەرگێ
گـــۆ مـــالخـــراڤ تەزە هـاتـی
ئیـــدی من هـات بـایێ مـــەرگێ

دواکەوتن کارەساتی لێ دەبێتەوە. نەخۆش لە کاتی خۆی دەرمان نەکرێ بێ

سـووده. ئەو گـوڵەی ناو مـێرگی بـەهار ڕەمزە بۆ خـۆشـەویست و هـەمـوو شـتـێکی مـرۆڤ ئارەزووی دەکا، ئەگـەر لە کاتی خـۆیدا فریای نەکـەوێ بـێ سـوودە. چونکە گوڵ تەمەنی کورتە زوو سیس دەبێ و دەمرێ.

لە چوارینێکی شکۆ ئەمە هاتووە:

ئاخ چەڤێ رەش ئاخ چەڤێ رەش ئەز کوشـتم
وەلاتـێ دوور ئو غـــەریبی یـێ ئەز هـیـــشـــتم
بـەژنا نـازک، بـەژنـا ســــــۆسـن ئـو رحــــــان
دل مـن ســـۆتـن ئو کـــەربـا وان ئەز هـەلیـــام

شکۆ ئەم چوارینەی لە ساڵی ١٩٦١ لە شـاری سانت پیـترسبـورگ (لینینگرادی ئەوســا) نـووسـیـــوەتەوە، ئـەو کـاتە تـازە هـاتبــووە ئـەوێ. جــوانانـی وڵاتـی خــۆی هـەمـوویان چاویان ڕەشـە، کچانی هاوسـێیانی کورد بەتایبـەتی گورج و ئەرمـەنی ئەوانیش چاویان ڕەشە، چاوی بەچاوی کچە ڕووسە چاوکاڵەکان ڕانەهاتبوو، هەر بیری لە چاوڕەشـەکانی خـۆیانی دەکردەوە، بەڕاسـتی لە دەست ئەوان وڵاتی خـۆی بەجێهێشت و ژیانی ئاوارەیی هەڵبژارد.

لە چوارینێکی دیکەدا دەڵێ:

ئەڤێ حـۆری یێ، ئەڤێ زەری یێ هـات حـوبا مـن خـوەرا بر
وێ ئـەز دامـــە بـەر خـــــەنجـــەرا دل و ســــەری مـن ژێکر
سـەبەب کی بوو، سـەبەب کی بـوو، گـەلۆ کی بوو، گەلۆ کی؟
مـــــالخـــــرا بۆ، تـو نزانـی حـــــالێ دلـێ خـــــوەیی بەنگر

لەم شـیعـرەدا شکۆ ئەوە دەردەبڕێ دلبـەرەکە هـات دڵدارییـەکـەی لێ سـەند، بـەمـە پەریشانی کرد، ماڵوێران ئایا تۆ نازانی بەمە حاڵی دڵی خۆی شێواند.

٣

لە وەسفی شەودا دەڵێ:

شـــەڤـە تـەریـە، شـــەڤـە رەش
نـە هـیـڤ هـەیـە، نـە ســـتـــەیر

نه چڤــــیکه نه ژی تەیر
هەر تشت نهـــا رازایه
تەنێ فــیـــتــینا بایه
دلـــەرزم ڤــێ هــنــداڤــێ
هۆلی تەلیـــا ناڤـــا ئاڤێ
بۆی ڤێ کـــــاوێ، بەدەوێ
دکم گـــازی بەر پەنجـــەرێ
دبـێـم: بــەدەو، ده تـو دەرێ
ده تـو دەرێ، دەرێ ژ مـــال
چـــەڤــێ نـــەده دلــێ یـــار
دلــێ مــنــی بــریــنــدار
ده، تـو دەرێ، دەرێ ژ مـــال
کــو رامــووســانی ئاگــری
بدم لێـــڤێ شــــەکـــری

ئەم دڵدارییەی شکۆ شارستانییه له ڕەوشتی ساکاری گوندایەتی هاتۆته دەرێ. شەوه کشوماته، هەمـوو شت له خەودایه. له بەرپەنجەره له دلبەر دەپاڕێتەوه له ماڵ بێته دەرێ بۆ ئەوەی لێوی بمژێ و ماچێکی ئاگرینی لێ بکا.

٤

له شیعرێکی بەناوی «تو من حزکه» دەڵێ:

گـــەردەن گـــازی، گـــولا نازی، گـــولا نـوور
ئەز نەخـوەشم، ئەز سـەرخـوەشـم حـوبا کـوور
دەمـێ گـــولاڤ، حـــوبا ئـالاڤ، حـــوبا دل
ئەوقــاس شـاییـر، ئەوقــاس دەنگـبـێـژ و بلبل

***

هیشتن سەفیل، هیشتن مەحرووم، هیشتن ژار
برنه گــۆرێ قــیــز و خــورتێ بێ پەرگـــال

چقــا بلبل، چقــا شــاروور ئو دەنگبــێــژ
کـــو بێن هـەرن ئو دەرباز بـن، بـبن کـــێش
***
تــو یــەک وانــا، تــو یــەک وانــا نــکــارە
ب کـــلامــێ حـــوبـا دنـێ خـــلاس کــــە
حـــوب کــو هـەیە، هـم ئۆکـــیــانە، هـم بـەرە
کـا ســۆبـەکـار، بەر ئۆکـیـانا مــەقــەسکە؟
***
تو مـن حـزکـە، تو من حـزکـە، قـیـزا قـەنج
ئـەزی خـــورتم، ئـەز جـــاهـلم، ئـەزی گـــەنج
ســـــەری حـــوبـا، ســـــەری دلە، ئـەز ئـو تـو
کـو ئـەم شـابن، بەخـتـــەوار بن تەڤ هـەڤـدو

لەم شـیـعـرەدا شکۆ گـفـتـوگـۆ لەگـەڵ دلبـەردا دەکـا، ئەوەی لە دڵـی دایە بۆی هەڵدەڕێژێ، لە پێشـانـا باس لە جـوانـی دەکا، ئەوەی بۆ دەگێڕێتـەوە ئەو جـوانییـە بووەتـە هۆی ئەو دڵدارییــەی دڵ و دەروونـی داگـیـر کـردووە. لـە پاش ئەوەی تێی دەگـەیـەنێ کـە حـەزی لێ کـردووە، داوا لە کـیـژەکـە دەکـا ئەویش خـۆشـی بوێ، هـەردووکیان لە تەمەنی لاویەتی دان و بۆ یەکتری دەگونجێن.

٥

لە شیعری «کوردستان د شەوتە»دا دەڵێ:

شـــەرە، شـــەرە لالێ جـــان
د شـــەوتە کـــوردســـــتـــان
ژ نـاڤ مــــــــژا بـارووتــێ
دەنگی شـین و گــــــری تـێ
***
نـالـینـێ کــــال تـفـــــالا
تـێ ژ چـیــــــا ئـو نـەوالا

قـــيـــژينا قـــيـــز، دايیكا
كــه تيــه مــێــشــێ واويكا
***
قــوورينا شــێــر عــەفــاتا
مــينانی شـــوور ئو بالتــا
ئو زلفــەقـــار و خـــەنجـــەر
قـوتكر دژمن دل – جـەگـەر
***
شـــەره، شـــەره، لالێ جـــان
د شـــەوتـه كـــوردســـتـــان
ژ نـاڤ مـــــــزا بـاروتــێ
دەنگی شـین و گـــــری تێ

له ناوەڕاسـتی شـەسـتـەكانی سـەدەی بیسـتـەم كـوردسـتـانی عیـراق له لایەن دەسـەڵاتی بەغداوە بۆردوومان دەكرا، شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ له جەنگەی دابوو. ڕۆژنامـەكانی ئەوروپا هەواڵی وێرانكردنی كوردسـتـانیـان بڵاو دەكردەوە، زۆربەی بـرووسكەی ڕۆژنـامــەكـان بەناوی «كــوردســـتــان دەســووتێ»وە بـوو. لەو سـەردەمـەدا له سـاڵی ١٩٦٥ شكۆ ئەم لیریكەی له شـاری یەریڤان نووسـیوەتەوە. هەستی شـاعیرێكه بەرامبەر خاكێک خۆی نەیدیوە، بەڵام باب و باپیرانی لەوێ له دایک بوون و ئەوە دەزانێ نیشتمانی خۆیەتی.

***

شكۆی حەسـەن شاعیرێک بوو شیعری ئەدەبی كوردی له قـەفقاسی ڕووسـیا له چوارچێوەی هونەری ناوچەییـیـەوە گواستیەوە گێتیی شیعری بەرزی له دواڕۆژدا پێی بڵـێن كلاسیكی. لـه قـاڵبی شـیـعـری كێش و قـافیـەی میللی خـۆمـاڵی جـۆرە شـیـعـرێكی نوێی دروست كرد بەرامبـەر لیریكی نەتـەوە پێشكەوتووەكـانی وڵاتی ڕووسـیـای ئەو سـەردەمـە بوەسـتێ. لەبەرئەوە كەوتە بەر نەشـتـەری ڕەخنەگـرانی دواكـەوتـوو، ئەوانەی گـوێیـان بەو شـیـعـرەی لەناوە بـوو ڕاهـاتبـوو. بەڵام داهـێنانی نوێ مـاكی ئـەوەی تێـدا هـەبوو لـەســەر پـێ بوەسـتێ و شــیـعـری شكۆ بمێـنێ و ڕەخنەگرە نەفامەكان ببنە سەد قەل و بەردێ.



کاکەی فەللاح

بەشی چل و یەکەم

کاکەی فەللاح

١٩٢٨ – ١٩٩٠

ئەگەر غەم ڕۆژ و شەو دەستەو یەخەم بێ
ئەبێ خۆم غەم نەخۆم غەم تووشی غەم بێ

ژیانی

محەمەد کوڕی محەمەدئەمین کوڕی قادر لە ساڵی ١٩٢٨ لە شارۆچکەی چوارتا لە دایک بووە. لە خێزانێکی دەست کورت و هەژار و نەخوێندەوار پەروەردە بووە. لە ساڵانی ١٩٣٩ – ١٩٤١ لە قوتابخانەی سەرەتایی چوارتا خوێندوویەتی لەو کاتەی عەبدولواحید نووری بەڕێوەبەر بووە. لە پاشانا چووە بۆ سلێمانی بۆ خوێندنی قۆناغی قوتابخانەی ناوەندی. هەندێکی دەخوێنێ و بۆی تەواو ناکرێ و دەکەوێتە ناو خەباتی سیاسی نهێنییەوە. لە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆبوونەوەیێکی جەماوەری لە سلێمانی شیعرێک دەخوێنێتەوە، لە بەندێکی پێنجینیدا دەڵێ:

کرێکار و قوتابی و چینەکانی ڕووت و بێ نانت
سەپان و کاکی فەللاحی بەرەی تاڵان کراوانت
لەگەڵ کیژ و هەتیوانی کزی بێ سووچ و تاوانت
ئەڵێ دەی ڕاپەڕە و گوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت
بەدەنگی بەرز ئەڵێ نێزیکە جەژنی بەش خوراوانت

لە دێڕی دووەمی ئەم شیعرەدا ڕستەی «کاکی فەللاح» هاتووە. لە دوای ئەمە لە لایەن خەڵکی سلێمانییەوە ڕستەی «کاکەی فەللاح» دەسەپێنرێتە سەری و دەبێ بەنازناو و ناوی هونەری و تەنیا بەم ناوە دەناسرێتەوە. لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە

کاکەی فەللاح بەتەواوی دەچێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی نهێنییەوە.

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٨ دەگیرێ بەناوی ئەوەی خۆی لە خزمەتی سەربازی شاردۆتەوە، بەڵام دادگا بەرەڵڵای دەکا. لە دوای ئەمە جارێکی دیکەش دەگیرێ لەبەر جموجۆڵی سیاسی دادگا بڕیاری ساڵێک بەندیخانە و ساڵێک دەستبەسەری بۆ دەردەکا. ئەو ساڵانە لە بەندیخانەکانی بەغدا و کووت و ناسرییە و ئەبووغرێب دەباتە سەر. لە دوای ئەمە ماوەی شەش ساڵ بەخۆشاردنەوە و خەباتی نهێنی لە ژیانیدا بەئەنجام دەگەیەنێ. هەرچۆنێ بێ دەسەڵات دەیدۆزێتەوە، ئەمجارە فەرمانی پێنج ساڵ بەندیخانە و سێ ساڵ دەستبەسەری بۆ دەردەچێ. لە دوای ڕزگاربوونی لە ژیانی بەندیخانە و ئاوارەیی بەیەکجاری واز لە سیاسەت و حیزبایەتی دێنێ. چاپخانەیێکی بچووک پێکەوە دەنێ، هەندێ کتێبی دەگمەنی کوردی دووبارە چاپ دەکاتەوە، خەریکی شیعر و نووسینی خۆی دەبێ. هەر لەو ماوەیەدا چوار ساڵ ڕۆژنامەی «ژین»ی پیرەمێرد بڵاودەکاتەوە. ئەم کارەی پڕ سوود دەبێ لە ڕووی خوێندەوارییەوە خزمەتی کۆمەڵ دەکا و لە ڕووی داراییەوە ماڵ و منداڵی پێ بەڕێوە دەبا. کاکەی فەللاح لە ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

شیعری

کاکەی فەللاح لە خێزانێکی هەژاری نەخوێندەواری دەشتی کوردەواری پێ گەیشتووە. لە منداڵییەوە هەستی بەدەست کورتی باوکی و زۆربەی خەڵکی ئاوایی کردووە لە ئەنجامی بەرژەوەندی دەرەبەگ و کاربەدەست و مووچەخۆرانی گەورەی میری. خوێندنەوەی سەرچاوەی ڕەنگاوڕەنگی زانیاری زەمینەیان بۆ خۆش کردووە بیر لە دواڕۆژی هەژاران بکاتەوە، خەیاڵیان زاغ داوە لە شیعر نووسین نەترسێ، ماوەیێکی ژیانی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، ئیتر ئازار و چەرمەسەری ژیانی بەندیخانەی چەشتووە، ماوەیێک میوانی ئەو ئێستگە سەختانەی ژیان بووە. لە دواییدا نەیتوانیوە بەرهەڵستی ئەم هەموو ئێش و ئازارە بکا لە پێناوی بیروباوەڕی سیاسی، لەبەرئەوە وازی هێناوە و کەوتۆتە ناو ژیانی هێمنی و ماڵداری لە پێناوی پێگەیاندنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ.

کاکەی فەللاح توانیویەتی شتێک بخاتە سەر سامانی شیعری نەتەوەی کوردەوە

شەقڵی تایبەتی خۆی هەبێ. لە ساڵانی دەوروبەری کۆتایی جەنگی دووەمی گێتی دەستی داوەتە شیعر. شیعری لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بەسێ قۆناغی گۆڕینی شیعری کوردی تێپەڕیوە لە سەدەی بیستەمدا. لە ڕووی پراکتیکییەوە کاکەی فەللاح لە هەرسێ قۆناغدا مەشقی هەیە و بەرهەمی شیعری هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

شیعری عەرووزی و یەکێتیی قافیە

لە نموونەی شیعری کلاسیکی قوتابخانەی کرمانجیی کوردستانی باشوور لە سلێمانی کاکەی فەللاح وەک شاعیرێکی لە ڕوو دەکەوێتە بەرچاو، شارەزا لە هەموو مەرجەکانی شیعری کلاسیکی. هۆنینەوەی ئەو شیعرانەی هوشیارانەیە، لاساییکردنەوەی ئەوە نییە لە ئەنجامی خوێندنەوەی زۆری شیعر گوێی مۆسیقی لا دروست بووبێ، بەڵکو زادەی توانایی بەهرەی ناوەوەی خۆیەتی. لە شیعرێکیدا بەناوی «لەسەر شێوەی کۆن» لە ساڵی ١٩٥٧ هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

لە وەسفی خۆشەویستیتا زمانی لالە هەڵبەستم
ئیتر تۆ پێ بزانی یا نەزانی من چ دەربەستم
ئەپرسی بۆچی جامی دڵ بەنەشئەی بادە مەست نابێ
ئەڵێ لێوڕێژی بادەی عەشقی تۆم و هەر بەتۆ مەستم
ئەگەر باوەڕ بەمن ناکەی وەرە سەیری دەروونم کە
لە دنیای خۆشەویستی تا چ دەریایێکی پڕ هەستم
لەبەر سۆزی دڵم دوور و نزیکی بۆ نییە چاوم
خوڕەی دێ ئاوی سەرچاوەی ئەگەر شادم ئەگەر پەستم
جگە لەو بادە شیرینەت سەرانسەر تاڵە ژینی من
کەچی ئەتوێتەوە غەم چون لەگەڵ ئەو بادە پەیوەستم
بەتاجی عەشقی تۆوە شام لە ناو بەرگی گەداییدا
کە بەندەی تۆم و ئازادەی چەرخ دیلێکی سەربەستم
بەهیوای ئاوڕێکی تۆیە خۆ هەڵبەستەکانی من
لە ڕێی تەیری نیگایێکتا ئەبێ هێلانە هەڵبەستم

له ناوی شـیـعرەکـەوە ئەوە دەردەکـەوێ کـاکـەی فـەللاح ئاگـاداری شـیـعری کـلاسیکی کـۆن و شـیـعری نوێیـە، لەبەرئەوە ناوی نـاوە (لەسـەر شـێوەی کـۆن). خوێنەر لەم شیعرەدا بەهەڵە ناچێ ئەگەر وابزانێ وەسفی دلبەرێکی شاعیرانی کۆنە چونکە بۆ ئـەوە دەشێ، کەچی شاعیر سیمبۆلییانە بۆ مەسـەلەکە چووە. ئەو خۆشـەویستـە یا دلبـەرە «ئـازادی و بەخـتـیـارییـە» بـۆ گـەل و بووە بەسـەرچاوە بۆ دانانی ئەم لیریکە.

شـاعـیـر ئاشنـایەتی لەگـەڵ بەندیخـانـەدا بووە، لیـریکێکی لـە سـاڵی ١٩٥٦ هۆنیوەتەوە بەناوی «بەندیخانە لە جەژنا» تیایدا دەڵێ:

شــوێنە ســەیرانگای بەهـارم ئێـسـتــا بەندیخـانـەیە
خــواردنم نان و پیـــازە و بـەرگــەکــەم هـی کــانەیە
شــەربـەت و خــۆشــاوی جــەژنم چایە یان ئاوی پەتی
چێـشـتــە خـۆشــەی بەربـەیانم نیـسکی دانە دانـەیە
پێ لـە ناو زنجــیــر و کــۆتا دەست و دەم گـیــرۆدەیە
دڵ لـە گــۆشـــەی مـــەینەتی دا عـــابیـــد و دێوانـەیـە

شـاعیـر لەم دێرانـەدا باس لە گـوزەرانی بەندیخـانە دەکـا، لە بابەت خـواردن و کەلوپەل و شتوومەکی ئەوێ دەدوێ. زاراوەی «کانە» بەکار دێنێ ئەمە ناوی هەموو ئەو شـتـانەیە کـە بەندیخـانە دەیداتە بەندییـەکان لە جلوبەرگ و خـواردەمـەنی و سـابوون و شـتی دیکە. شـیـعرەکـە هونەروەرانە وێنەی ژیانی مـەتریالی و گـیـانی بەندییـەکـانی ناو بەندیخـانەی گـرتووە، بەتـایبـەتـی ئەوەی پێـوەندی بەبەندکـراوی سیاسییەوە هـەیە.

له تاکه شیعرێکیدا کاکەی فەللاح دەڵێ:

ئەگـەر غـەم ڕۆژ و شـەو دەسـتـەو یەخـەم بێ
ئەبێ خۆم غـەم نەخۆم غـەم تووشی غـەم بێ

بەمەبەسـی داهێنانی وێنەی ڕەوانـبێژی لەم دێڕە شیعرە جوانەدا کاکەی فەللاح حـەوت وشـەی بەکارهێناوە چواریان «غ»ی تێدایە و سێیـانیـان «خ»ی تێدایە، ئەم دوو دەنگە لە یەکترییـەوە نزیکن، نیـوەی وشـەی شیـعرەکە لەم دەنگانە پێکهـاتوون

بەمەبەسی ڕەوانبێژی لە رووی ریتم و مۆسیقاوە، جگە لەوەی مانای شیعرەکە پلەی بەرزی شاعیرییەتی کاکەی فەللاح دەخاتە ڕوو.

شیعری سیلابی خۆماڵی

قافیەی مەسنەوی

شاعیر لەم بابەتە لیریکەی کەم نییە، بەزۆری هەموو کێشە بنچینەییەکانی شیعری سیلابی خۆماڵی حەوت و هەشت و دە بڕگەیی بەکارهێناوە. یاری بەقافیە کردووە وەکو (ا ا ب ب جـ جـ) و (ا ب ا ب).

لە لیریکێکیدا بەناوی «ڕێگای بەختیاری» لە ساڵی ١٩٤٧ دایناوە دەڵێ:

ئەوەی ئەیەوێ ببێ بەختیار
بیروباوەڕم بکا ئیختیار
پێش هەموو شتێ بەرەو نیشانێ
خۆی بکوتێ خۆشی با لەسەر دانێ
چاوی نەترسێ بچێ بێ پشوو
گیانی نەبەزی بکا بەتێشوو
ئەبێ بزانێ لەسەر ئەو ڕێیە
کە نەبێ هەزار چوتورمی لێیە
دوژمنی خاوەن چەکی هەمەڕەنگ
لەسەر چوونی ئەو لەو ڕێیە بوون بەنگ
ئەویش لە سایەی ئەو هێز و تینەی
میللەت داویتێ لەو وەرسی ژینەی
لەگەڵیان بکا بەربەرەکانی
تاکو بڵێسەی گڕی تەکانی
ڕۆشن کەرەوەی بەردەرکی شادی
دەریخا بۆتە شیری ئازادی

ئەم لیریکە دە بڕگەیی خۆماڵی مەسنەوییە ئەستووری بیروباوەڕی ئەو

سەردەمەی کاکەی فەللاح بووە. کەسێکی عەقاییدی باوەڕی بەشۆڕش بووە بۆ ڕەشورووت و هەژاران، ئامادە بووە گیانی بکا بەقوربانی بۆ ئەو بیروباوەڕە. ئامۆژگارییەکانی شاعیر لەم بەرهەمەدا هەوێنی داهێنانی شیعری نییە، بەڵام ئەو توانیویەتی تەکانێکی هونەری بداتێ و سووک و خۆش بکەوێتە بەرگوێی خوێنەری هەڵگرتووی ئەم ئیدیۆلۆجییەتە. دەبێ ئەوەش بزانرێ ئەگەر شیعرەکە جوانیش بێ لە ڕووی پراکتیکییەوە لە خاوەنی پچڕاوە چونکە لە ناوەڕاستی ژیانیدا وازی لەو ئیدیۆلۆجییەتە هێنا.

لە شیعرێکیدا بەناوی «لەگەڵ شەپۆڵەکانا» لە ساڵی ١٩٦٣ دایناوە دەڵێ:

ئەی زستانی کرێوە و تۆف
پێم بڵێ چیت لێمان ئەوێ
سەرما و سۆڵەی بەئاخ و ئۆف
بۆ وەیشوومەی تۆ ناخەوێ
لەو ڕۆژەوە کە خەزانە
دڵی گەڵا و گوڵ ئەشکێ
بەو دڕکی گەڵاڕێزانە
بلبل خوێنی لێ ئەتکێ
ئاسمانی بەرزی دڵسووتاو
بۆ حاڵی سەر زەوی ئەگری
بەخوڕ فرمێسکی دێ لە چاو
بەلێزمەی بارانی هەوری

لەم لیریکەدا کاکەی فەللاح سیمبۆلییانە لە ساڵی ١٩٦٣ دەدوێ، لەو ساڵەدا گۆڕانی سیاسی لە عیراقدا هەبوو، وەکو کوودیتا کۆنەپەرست و شۆڤێنییەکەی ٨ی شوبات ئازار و ئەشکەنجەیێکی جەرگبڕ بەگشتی تووشی خەڵکی عیراق و بەتایبەتی تووشی ڕاپەڕینی کورد بوو. شاعیر کەژی زستانی کردووە بەڕەمزی فرمێسک و باران و ڕەهێڵە بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر عیراقدا هاتووە.

شیعری نوێ

شاعیر بەشداری بەرچاوی هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردی. ئەو شیعرە لیریکییەی لە یەک کێشی خۆماڵی زیاتر لە تاکە شیعرێکدا بەکار دەهێنرا، هەروەها ڕەچاوی ڕەنگاوڕەنگی قافیەش دەکرا.

لە لیریکێکیدا بەناوی «بۆچی نابێ» لە ساڵی ١٩٧٥ دایناوە دەڵێ:

نازدارەکەم
گەر نەختێ گوێ ڕاگری لێم
پێ لێ ئەنێم
خۆم خۆش ئەوێ
هەرگیزاو هەرگیز نامەوێ
مۆمی داگیرساوی ژینم
بتوێتەوە
هیچ حەز ناکەم
پشکۆی خۆزگە و خەو بینینم
بکوژێتەوە
خواپەرست بم لە خوا زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەگەر دنیاپەرستیش بم
زۆر زۆر لەم دنیایە زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەزانی بۆ نازدارەکەم
ئەوەندە من خۆم خۆش ئەوێ
لەبەر تۆیە تۆم خۆش ئەوێ
پەیکەری خۆشەویستی بم
بۆچی نابێ
تا ئەم دنیایە دنیا بێ
هەر بمێنم هەر بمێنم هەر بمێنم

کاکەی فەللاح بینای ئەم شیعرەی لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی داناوە. هەندێ دێڕی وەکو خۆی هێشتۆتەوە، هەندێ دێڕی کەرت کردووە و بووە بەچوار بڕگە. چوار پێنج جۆرە قافیەی بەکارهێناوە. بێ گومان ئەم شیعرە و هەموو ئەو شیعرانەی بەنوێ ژمێرراون گەمەیێکی تەکنیکی لە دێڕی شیعری عەرووزی و خۆماڵی تیایاندا کراوە تازە دەکەونە بەرچاو، کەچی ئەدگاری شیعری عەرووزی و خۆماڵییان تێدا ماوە.

بۆچوونی شاعیر لە بارەی خۆشەویستییەوە ناسک و هونەروەرانەیە. نویشکی ئەوەیە بەدلبەر دەڵێ لەبەرئەوەیە من خۆم خۆش دەوێ چونکە تۆم خۆش دەوێ بەواتای ئەوەی ئەگەر دلبەری خۆش نەویستایە خۆی خۆش نەدەویست. ئەم بیرە ئەگەر لە ناو قاڵبی کێش و قافیەشدا نەبێ هەر شیعرە.

کاکەی فەللاح لە شیعرێکیدا بەناوی «ئەوە پێرێ، ئەمە دوێنێ، بەڵام ئەمڕۆ» لە ساڵی ١٩٧٨ دایناوە دەڵێ:

ئەژدەهاکەکانی سەردەم
هەموو هەورەکانی مێژوو
کۆبوونەوە
هەموو زام و
برینەکانی ڕابردوو
هەرچی کۆن و نوێیە هەموو
بەناسۆری ڕاست بوونەوە
لە زۆر لاوە
ڕەهێڵەی باران و لافاو
جێ پێی ستەم ئەشواتەوە
لە زۆر لاوە
هەوری ژان خۆی ئەخواتەوە
بۆ دەمی تەووژمی بەتاو
تامەزرۆیە و

تینووه بۆ ماچی هەتاو
تا نەورۆزی ڕاستەقینە
بۆ مرۆڤی ڕاستەقینە
وەکو خۆرێ لە ئاسۆوە
پرشنگ ببەخشێ بەهیوای
ڕەنگاوڕەنگی
هەزاران پەلکەزێڕینە

ئەم شیعرە نموونەیێکی دیکەی شاعیرە لە شیعری نوێدا، سیمبۆلییانە لەو هێزانە دەدوێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر بێ دەسەڵاتان، بەئەژدەهاک ناویان دەبا، ئەمانە تەنیا بێگانە نین، بەڵکو ئەژدەهاکەکانی ناوەوە زۆرداریان لە ئەوانەی دەرەوە کەمتر نییە.

کاکەی فەللاحی ڕۆشنبیر

کاری سەرەکی کاکەی فەللاح شیعر بوو، تێیدا سەرکەوتوو بوو. شارەزایی لە مێژووی ئەدەبی کوردی هەبوو، بەتایبەتی قوتابخانەی کوردستانی باشوور و شیعری دیالێکتی گۆرانی. توانای ئەوەی هەبوو لە هەندێ لایەنی ئەدەب بکۆڵێتەوە، هەروەها تێکستی هەندێ دیوانی شیعری کوردی ساغ بکاتەوە و لە پاشاندا بەچاپیان بگەیەنێ. چاپخانەی خۆی لەم کارەدا دەوری هەبوو. بەشێکی زۆر لە نووسینی خۆی لە ڕۆژنامەی «ژین» بڵاوکراونەتەوە لەو سەردەمەی خۆی بەرپرسی دەرکردنی بوو. جێ پەنجەی هەوڵ و کۆششی کاکەی فەللاح لە پەرەسەندنی سامانی ئەدەبی کوردی دیار و ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەشدا کاکەی فەللاح پێش هەموو شتێک شاعیر بووە.

***

حەمەی حەمەمین ناسراو بەکاکەی فەللاح شاعیرێکە دەچێتە ڕیزی ئەو شاعیرانەی دەستیان هەبوو لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا. لە ڕووی ڕوخسارەوە مەشقی هەموو جۆرە شیعرەکانی هەبوو لە عەرووزی و خۆماڵی و نوێ. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خۆی لە هەندێ لە

مەبەسـەكانی شـیـعری كلاسیكی كۆن داوە، بەڵام زۆرتر بۆنـی لیـریكی تازەی لێ دێ، واتە شـۆڕشگێـڕی و سـیـاسی و كـۆمـەڵایەتـی بەشـێـوازێكی ڕۆمـانـتـیكی و سیمبۆلییانە، ئەم هەمـوو شێوازانە لای ئەو و شـاعیرانی دیكە دەچنە ناو ڕێبازی ڕیالیزمی كۆمەڵایەتییەوە. شـاعیر ئەوەندەی بایەخی بەبیری ئەنـتەرناسیـۆنالیزمی و چینـایەتی داوە وەک ڕەنگدانەوەیێكی مـاركسـیـزم ئەوەندە بیـری لە مـەسـەلەی ناسـیـۆنالیـزمی كورد «كوردایـەتی» نەكردۆتەوە بـەتایبـەتی لە بـەرهـەمی شـیـعری خۆیدا.

عەلی فەتاح دزەیی

بەشی چل و دووەم

عەلی فەتاح دزەیی

١٩٢٨ – ١٩٩٢

نە بێهۆشی
نە سەرخۆشی
خەونێکی خۆش و شیرین بوو
بووکی خەونەکەش هێلین بوو

ژیانی

عەلی کوڕی فەتاح کوڕی حەوێز کوڕی سلێمان باب و باپیرانی لە ئاغایانی خێڵی دزەیین، لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی دووگردکانی لای باشووری شاری هەولێر لە دایک بووە. لە تەمەنی منداڵی سەرەتای خوێندنی لە گوندی دووسەرەی خۆیان لای مەلای گوند مەلا خەلیلی سنجاوی (موخلیسی شاعیر) بووە. کە لە گوندی قازیخانە قوتابخانەی سەرەتایی کراوەتەوە پۆلی یەکەمی لەوێ تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٣٦ هاتۆتە هەولێر قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئوولا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ رووی کردۆتە قوتابخانەی ناوەندی و ئینجا ئامادەیی لە ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی ئەو قۆناغانەی بەئەنجام گەیاندووە.

لە پاییزی ساڵی ١٩٤٨ لە کۆلێجی مافی بەغدا (حوقووق) وەردەگیرێ، هەمووی چەند مانگێکی پێ ناچێ لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩ لەسەر جموجۆڵی سیاسی دەگیرێ. دادگا بڕیاری سێ ساڵ بەند و ساڵێک دەستبەسەری بۆ دەردەکا. ماوەی سێ ساڵەکە لە بەندیخانەکانی بەغدا و کووت و کەرکووک دەباتە سەر و ئینجا دەگەڕێتەوە هەولێر. ماوەی دەستبەسەرییەکەی لە هەولێر دەبێ. لە ساڵی ١٩٥٣ داوای گەڕانەوە دەکا بۆ قوتابیەتی لە کۆلێجی مافی بەغدا، بەڵام ڕێگەی نادەن. بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە شاری دیمەشق و لە بەشی زمانی عەرەبی

کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای دیمەشق دەبێ بەقوتابی. ساڵی یەکەم تەواو دەکا و سەردەکەوێ بۆ پۆلی دووەم، بەڵام کەسوکاری کۆلێجەکەی پێ دەگۆڕن و کۆلێجی مافیان پێ باشتر دەبێ. بەم جۆرە کۆلێجی ئەدەبیات بەکۆلێجی ماف دەگۆڕێتەوە و لە هاوینی ١٩٥٨ باوەڕنامەی زانستگا وەردەگرێ.

لە ساڵی ١٩٥٩ بەمووچەخۆر لە دادگای هەڵەبجە دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٦٠ گوێزراوەتەوە و بووە بەکارگێڕی پێنجوین. لە دوای ئەوە وەک مووچەخۆرێکی میری گوێزراوەتەوە بۆ هەندێ لە شارەکانی باشووری عیراق. لە ساڵی ١٩٦٦ گەڕاوەتەوە کوردستان بووە بەکارگێڕی میری لە برادۆست و دیانە. لە دوای بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ کراوە بەقایمەقامی شارباژێڕ، لە پاشانا بۆ قایمەقامی دەربەندیخان گوێزراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٧٤ لەوێ ژیاوە. لەگەڵ تێکچوونی نێوانی دەسەڵاتی بەغدا لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ی کورد، شار و کاری ڕەسمی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە ناو شاخ. لە دوای کارەساتی لەناوچوونی شۆڕش لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە سەر کاری میری لە هەولێر. لە ساڵی ١٩٧٧ گوێزراوەتەوە شاری ناسرییە لە باشووری عیراق.

لەو ماوەیەدا عەلی هەوڵی دابوو لە کاروباری میری دوور بکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٨٣ خانەنشین کرا و گەڕایەوە هەولێر، بۆ یەکەم جار دەستی کرد بەکاروباری ئەوقاتی (محامیەتی)، بەڵام زۆری نەبرد لە ساڵی ١٩٨٦ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی قوڕگ بوو، چەند ساڵێک ئازاری ئەم نەخۆشییە کوشندەیەی چێشت تا لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد و لە هەولێر نێژرا.

شیعری

عەلی لە گوندی دووسەرە کە چاوی کردۆتەوە و خۆی ناسیوە لەگەڵ مەلای گوند شاعیری نازناو موخلیس ئاشنایەتی پەیدا کردووە، ماوەیێک لە حوجرە لای ئەو خوێندوویەتی و بووە بەرێبەری، بۆیە لە دواییدا کۆمەڵێک شیعری لە ستایشی ئەو مامۆستایەی وتووە. لە منداڵییەوە مەیلی ئەوەی بووە بەپیشە ببێ بەئەوقات (محامی) و بەهەوەس ببێ بەشاعیر، بەنووسین و بەقسە ئەم ئارەزووەی دەربڕیوە. وەکو خۆی دەڵێ لە ساڵی ١٩٤٤ بیری لە شیعر وتن کردۆتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ شیعری نووسیوە، لە ساڵی ١٩٤٧ شیعری بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵە

وتووه كه له هەولێر نیشتمانپەروەران له مێرگی بەهاری قەراغ شار گیرِاویانه.
بەلای شاعیرەوه قۆناغی دووەمی شیعری له ساڵی ١٩٥٣ دەست پێ دەكا.

شیعری له رِووی رِوخسارەوه

شیعری عەلی له رِووی رِوخسارەوه لەم تێبینییانەدا رِوون دەبێتەوه:

١- بەرهەمی شیعری له كێشدا دەوڵەمەندە، هەردوو بابەته كێشی عەرووزی و خۆماڵی بەكارهێناوه، كێشی یەكەمیانی كەمه، ئەوەی دووەمیان زیاتره. له تاقیكردنەوەكانی نووری شێخ ساڵح و گۆران كەڵكی وەرگرتووه، بەتایبەتی ئەوان له هەندێ بەحری عەرووزی و كێشی خۆماڵی كێشی تازەیان داهێناوه وەكو حەوت برِگەیی (٤ + ٣) خۆماڵی هاوئاهەنگی هەزەجی مەجزووئی مەحزووفه (مفاعیلن فعولن)؛ كێشی یازده برِگەیی (٤ + ٤ + ٣) هاوئاهەنگی رِەجەزی مەقتووعی مەخبوونه (مستفعلن مستفعلن فعولن) و هەندێ كێشی دیكەش.

٢- له شیعریدا هەموو جۆره قافیەكانی شیعری كوردی بەكارهێناوه، وەك یەكێتیی قافیەی شیعری كلاسیكی و مەسنەوی و شیعری خۆماڵی و قافیەی رِەنگاورِەنگی شیعری نوێ.

٣- شیعری بەزۆری بەقەواره و ژمارەی دێرِه شیعر درێژ نین، دەچنه ناو بابەتی لیریكەوه. قەسیده(شیعری درێژی)كەمه، هەروەها قەسیدەی چوارین و پێنجین و شەشینی هەیه.

٤- زمانی شیعری ئاسان و خاوێنه، شێوەی دیالێكتی سۆرانی ناوچەی شار و دەشتی هەولێری پێوه دیاره.

شیعری له رِووی ناوەرِۆكەوه

شیعری له رِووی ناوەرِۆكەوه زۆرتر خەریكی مەبەسه تازەكانه و كەمتر بۆ مەبەسه كلاسیكییەكان چووه. هەندێ جار ئەمانەی تێكەڵ بەیەكتری كردووه و وەك لیریكی نوێی هەموو نەتەوەكانی گێتی دەكەوێته بەرچاو. مەبەسه بنچینەییەكانی شیعری عەلی له دەوروبەری نیشتمانپەروەری و كوردایەتی و دڵداری و وەسفی سروشت و كۆمەڵایەتی و ماتەمنامه دەسوورِێتەوه.

پەخشانی

قەڵەمی بەبڕشت و داهێنەری عەلی لە سێ مەیداندا کەوتۆتە جووڵە:

١- وتاری ئەدەبی: ئەمەیان زۆری دەسنووسە و کەمی بڵاوکراوەتەوە. زۆربەی وتارەکانی پێوەندییان بەشیعرەوە هەیە، پەخشانی لە پێناوی ناسینی شیعر بەکارهێناوە، بایەخی بەڕووداوی مێژووی نەتەوەی کورد داوە.

٢- لێکۆڵینەوە: لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەدەب سەرکەوتووە. ئەحمەدی خانی جێگەی تایبەتی بووە لە بیری عەلیدا، تێبینی و بۆچوونی ژیرانەی هەیە لە بابەت مەم و زین و نۆباری بچووکان، هەندێ لایەنی نهێنی ئەم بەرهەمانە ئاشکرا دەکا.

٣- شاعیر بایەخی بەوەرگێڕان داوە. لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە نووسینی داهێنراو و زانستی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

نموونەی شیعری

١

بەناوی «غەزەل»ەوە لە شیعرێکیدا عەلی دەڵێ:

مەڵێ گیانم بلند پەروازە ئیمشەو
لەگەڵ دڵ چونکە یارم سازە ئیمشەو
چ ئاهەنگێ دەگێڕێ دڵ لە سینە
هەزارێکی چ خۆش ئاوازە ئیمشەو
لە دوو چاوی نیگارم دا دیارە
ستارەی بەختەکەم هەورازە ئیمشەو
بەڕاستی دڵ گوشاد و بەختیارم
لە لام جەژن و شەوی دڵخوازە ئیمشەو
دەوامی بێ خودایە نیعمەتی تۆ
کە نازی یارەکەم شانازە ئیمشەو

خـەیاڵم بۆ شکاری شـیـعـری نـاسک
لە ئاسـمـانی غـەزەلدا بازە ئیـمـشـەو

لەم شـیـعـرەدا عـەلی گـەشـبـینە، هـەر خـۆی دەزانێ چـی بزەیێکی پڕ لە ناز و نیگاییێکی تێـلاوی چاوی پڕ لە نووزی دیوە، ئـەوەندەی شـاعـیـر نزیکبـوونەوەی دلبـەری پێ خـۆشـە، زیاتر ئەم مـژدەیە دەبێـتـە هۆی ئیلهـام بۆ نـووسـینـەوەی غەزەلێکی تازە.

٢

لە پارچەییێکی دیکەیدا عەلی دەڵێ:

بـەقـــوربان ئـاگـــری دووریت لە دڵدا جـــۆشـی تەنـدوورە
ئەگـەر مـەیلـێ نەفـەرمـووی تاقـەت و خـۆشـیـم لە تەن دوورە
وەکـــو یـاقـــووب نـەمـــاوە نـووری چـاوم هـێندە بـنـوارم
وەکـو یاقـووت ئەوەنـدەی گریەکـەم فرمـێسکەکەم سـوورە
شەو و ڕۆژ بێ خـەو و خۆراک و بێ وەسـتان و سـەرگەردان
دەســـوورێم ئـۆقـــرە نـاگـــرم زامـی دڵ هێنده بـەناســـوورە
وەهـات شـێـواندووم خـەڵکی بەشـێت نـاوم دەبەن هێـشـتـا
لـە لام هـەروەک خـــــەڵاتـی لێـــــوتـە ئـەم نـاو و نـاتـوورە

لەم شیعرەدا عەلی لاسایییەکی وەستایانەی شیعری کلاسیکی کردۆتەوە، لە شیعردا بێ گومان نوێخوازە، ئەو چەند شیعرەی لەسەر مەرجەکانی بەحری عەرووزی دایناون بۆ ئەوەیە بڵێ دەتوانێ هەموو جۆرە شیعرێک دابنێ. لەمەدا ئاوڕی لە هەندێ وێنەی ڕەوانبێژی کلاسیکی داوەتەوە وەکو «تەندوور» بۆ مانایێک «تەن دوور» بۆ مـانایێکی دیکە. هەروەکو ئەو «یاقـووب» و «یاقـووت»، هـەرچەندە مۆدەیان لە سەدەی بیستەمدا بەسەرچوو بوو، بەڵام وەک وێنەی هونەری جوانییان تێدا ماوە.

٣

لە شیعرێکیدا بەناوی «کەسک و سۆر» شاعیر دەڵێ:

هـەمـــــــــوو ڕۆژێـکـی بـەهـاران
کــــــــە تـاو تـاو دەبـارێ بـاران
کـە دەردەکـــەوێ شـــۆخ و شـــەنگ
جوان بووکی ژێر ئاڵای حەوت ڕەنگ
سـەیری دەکـەم مـەست و دڵشـاد
پـەرواز دەکـــا گـــیـــانـی ئازاد
دەمـــــەوێ وەک جــــاری جــــاران
ڕاکــــــەم و تـەڕم کــــــا بـاران
ئەی کـەسک و سـۆرەکـەی بەهار
بـەبیـــــرت دێ دەهـات بـەغــــار
منداڵێک تەمـــەن هـەشت نۆ ســاڵ
مـەستی نەشئەی خـەون و خـەیاڵ
ئێـــســـتـــاش ئەو دڵ منداڵە هـەر
پیـــری نـەکـــردووە دەردی ســـەر
هـەمـــــــــوو ڕۆژێـکـی بـەهـاران
کــــــــە تـاو تـاو دەبـارێ بـاران
دەیەوێ وەک جـــــاری جــــاران
ڕاکــــــات و تـەڕی کــــــا بـاران

خوو و ڕەوشتی مرۆڤ بەسەر ناچێ، چێژ و خەیاڵ پیر نابێ، یادگار و بیر کۆن نابێ و لە بیر ناچێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە دڵداری بەڕوخسار دەگۆڕێ و بەناوەڕۆک نەمر و هەمیشەییە. هەندێ وێنەی جوانی عەلی لەم شیعرەدا لە پەراوێزی ئەم بیروباوەڕەدا خۆیان دەنوێنن.

٤

لە شیعرێکیدا بەناوی «سکاڵا» عەلی دەڵێ:

نـە کـــــاغـــەزی بۆ دەنێـــرم
نە بـای شـــەمـــاڵ ڕادەســپــێـرم

نه هەڵدەکێشم ئاخی سەرد
نه کەللەی سەر دەدەم لە بەرد
نە ڕۆژ یادی بەهار دەکەم
نه بەشەو شینی پار دەکەم
نە خەیاڵ نە بیرەوەری
هیچ نەما گشتی هەڵوەری
وەک گەڵای ئەم دارستانە
بەم وەرزی چلەی زستانە
درەختێکم ڕووت و بێ بەر
بەفری سپیم نیشتۆتە سەر

شاعیر تووشی ڕەشبینی بووە، وا دەزانێ ئەوەی هەوڵی بۆ دەدا قەت دەستی ناکەوێ، لەبەرئەوە سوورە لەسەر ئەوەی واز لەو دڵدارییە بێنێ، بەڵام مەسەلە بەدەست خۆی نییە، لەو کاتەدا نایەوێ نامەی بۆ بنێرێ، بەڵام لە دواییدا بێ گومان پەشیمان دەبێتەوە چونکە پێش ئەو دڵداران لە قسەی ئەویش زلتریان وتووە.

٥

لە شیعرێکیدا بەناوی «خەونێکی خۆش»ەوە لەساڵی ١٩٥٧ لە دیمەشق هۆنیویەتییەوە دەڵێ:

ماچێک لەم دوو لێوەی پڕت
بۆنێک لەم بن مەمکەی خڕت
بەناز بڕۆ
وەک ئاوازەی فۆکستڕۆ
وەک شنەی با
پێ دانێ سەر باری ڕۆمبا
خێرا وەرە نێو باوەشم
ئەی ئاواتم بەختم بەشم

دەســـــتـــەکـــانت بکە ملـم
مـــەمکۆڵەت دانـێ ســـەر دڵم
ســـا دەی ئۆخـــەی ئۆخـــەی
ئوخـــەخـــەخـــەخـــەی

***

نـــە بێـــــــــهـــــــــۆشـی
نـــە ســـــــەرخـــــــۆشی
خـەونێکی خـۆش و شـیـرین بوو
بووکـی خـــەونەکـــەش هـێلـین بوو

ڕەشبینی شاعیر لە شیعری پێشوو، لە هەڵوێستێکدا دروست بوو، ئەم شیعرە لە هەڵوێسـتـێکی دیکەی پڕ لە گەشـبـینی دروست بووە. جـێگە هۆڵی سـەمـا و مۆسیقا و گۆرانییە، بەتایبەتی ئەو سەمایانەی ژن و پیاوێک پێکەوە دەیکەن. عەلی کچێکی جوانی دیوە ناوی هێلین بووە، خۆی دەیزانـێ خەڵکی سووریا و لبنان یا ئەوروپایی بووە، دوور نییە عەلی سەمای لەگەڵ هێلیندا کردبێ، چونکە کچی ئەم جۆرە شـوێنانە ئارەزووی پیاو ڕەت ناکـەنەوە. هەرچۆنێ بێ ئەم هـەڵوێسـتـە بۆتە مایەی داهێنانی ئەم شیعرە لیریکییە جوانەی سیمای مرۆڤایەتی و گێتی پێوەیە.

٦

عەلی لە ساڵی ١٩٥٦ شیعری «چرای سوکرات»ی داناوە:

بـــــرای مـــــن
وەرە پـێش چـرای مـن
نـــەوەک چـــرایـــانـــە
بێ ژمـــــار پـەروانە
بەدەورەیدا دەفـــــڕن
شـەوقی لێ وەردەگـرن
دەبـن بـەتـرووسـکـە
بەگـڵـپـە و برووسکە

وەک خـــۆرەتاوی پـاک
جیـهـان دەکـەن ڕۆناک

***

ئەی شـەمـشـەمـەکوێرە
بـەدوورکـــەوە لێـــرە
بـڕۆ بـەدوورکـــــــەوە
بۆت نـاکـــوژێتـــەوە
چرای مـن ڕاسـتـیـیـە
شـەوقی سـەربەستییە
بەخـــوێنە ســـۆتانی
شـــەهیـــدە زمـــانی
بـــــــرای مـــــــن
وەرە پـێش چـرای مـن

عـەلی لە سـاڵی ١٩٥٦ ئەم شـیـعـرەی بەزمـانی بـاوکی فـەیلەسـووفـانی گـریک سـوکـرات وتووە. ئەم دانا گـەورەیە خـاوەنی وتەی «خـۆت بناسـە»یە. دادگـای پیـرەکانی ئەتینا بڕیاری خنکاندنی بۆ دەرکردبوو، بەژەهراو خواردنەوە کۆتایی بەژیانی هێنا.

شاعیر بەسـەر بیری سـەربەستیخوازی سوکرات هەڵدەڵێ، کڕینی سەربەستی بەخوێن کارێکی ئاساییە وەکو سوکرات خۆی دەیڵێ.

***

عەلی فـەتاح دزەیی شـاعیر و نووسـەر و ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ بوو لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیـسـتـەمدا. شـاعیر بوو، هـەمـوو قۆناغـەکانی شـیـعـری کوردی دەورکردبـووەوە. بەشداریکردنی لە چەسپاندنی «شیعری نوێ» لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکـەوە بەرچاوە. جگە لە بـەرهـەمی داهـێنراو لە شـیـعـر و پەخـشـان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هـەیە، بەتایبەتی لە بارەی کێش و قافیـەی شیعری کوردی و مەم و زین و نەوباری بچووکانی خانییەوە.

عاجز

بەشی چل و سێیەم

عاجز

١٩٢٩ - ١٩٦٧

گیان و دڵ بۆ تۆ نەماوە پڕ لە ئاه و حەسرەتە
سیــنە پڕ جۆش و خرۆشە جانی جانانم وەرە

ژیانی

عەبدوڵڵا کوڕی مەلا محەمەدی حوسێنی بەرزنجی، وشەی «عاجز»ی وەک نازناو هەڵبژاردووە و لە شیعریدا بەکاری هێناوە. لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی چل هەوێزە لە نزیک دیبەگە لە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە، بایەخی بەتەجویدی قورئان داوە. زۆربەی ماوەی خوێندنی لە گوندی زیخان لە ناوچەی خۆشناوەتی بووە، ماوەیێکیش لە زێوەی خۆشناوەتی خوێندوویەتی، ئینجا هەر لەوناوە لە گوندی خەتە بەشێکی دیکەی خوێندنی بردۆتە سەر. لە پاشانا هەر بۆ ئەم مەبەسە ڕووی کردۆتە ڕواندز و لە دواییدا گەڕاوەتەوە هەولێر و لە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. لە دوای ئیجازە وەرگرتن لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان لە مزگەوت مەلایەتی و پێشنوێژی کردووە. لە گوندەکانی هەرمەک و دەراش لە خۆشناوەتی مەلا بووە. ئینجا بووە بەمەلای گوندی گۆمەشین لە دەشتی قەراجی هەولێر، لە پاشانا گەڕاوەتەوە گوندی کۆتمەی خۆشناوەتی، ئەوجا گوندی شاوێس لە نزیک هەولێر. لە دوای ئەمە لە لایەن کارگێڕی ئەوقافەوە بووە بەمەلا لە خورماڵ، لە پاشانا لە چەمچەماڵ. لە دواجاردا گەڕاوەتەوە هەولێر و بووە بەمامۆستای قوتابخانەی ئەوقاف و لە مزگەوتی حاجی بەکریش بووە بەئیمام و خەتیب.

لەپڕ عـاجـز تووشـی نـەخـۆشـیـیـێکی دژوار بووە، بـردوویانە بۆ نەخـۆشـخـانەی هەولێر بەڵام بێ ئەنجام بووە، ناچار بـردوویانە بۆ مووسڵ لەوێش چاری نەکراوە، بەم جـۆرە لە ٢ی مـایسـی ١٩٦٧ لە مـووسڵ کـۆچی دوایی کـردووە و تەرمـەکـەیان هێناوەتەوە هەولێر و لە نزیک مزگەوتەکەیەوە بەخاکیان سپاردووە.

شیعری

عـاجـز حـەزی لە خـوێندنەوەی شیـعری کلاسیکی کوردی بـووە، هەروەها بایەخی زۆری بەئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) داوە. لە ئەنجامی ئەمە گوێیێکی نەرمی مۆسیقی لە لا دروست بووە بەگشتی بۆ بابەتی شیعری ئایینی و دڵداری بەکاری هێناوە.

شیـعری عـاجز لە ڕووی ڕوخسـارەوە بریتیـیە لە پارچە غـەزەلی کورت (لیریک) لەسـەر بەحری عەرووز و یەکێتیی قافیە و پاش قافیە دامەزراوە. شیعری زۆر نییە بۆیە بەشێکی کەمی لە دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عـەرەبی بەکارهێناوە، بەم پێیـە پاش قافیـەشی زۆر نییە. جگە لە غـەزەل شیعری بەندی چـوارینی و پێنجینی عەرووزی هەیە (ا ا ا ب) و (ا ا ا ا ب).

لە شـیـعـری سـیـلابی خـۆمـاڵیـدا بەزۆری بابەتی بەندی چـوارینی (ا ا ا ب) بەکارهێناوە، لە ڕووی کێشەوە بەگشـتی لەسـەر کێشی حـەوت بڕگـەیی و هەشت بڕگەیی ڕۆیشـتووە. لە ڕووی نـاوەڕۆکەوە شـیـعری عـاجـز لە چوارچێوەی دڵداری شێوەی کلاسیکی و ئایینی (مـوناجات و نەعتی پێغەمـبەر) نەچۆتە دەرەوە. ئەوەی تازە بێ لە لای ئەم شـاعیرە ئەوەیە قـاڵبی کێشی شـیعری خۆمـاڵی مـیللی لەگەڵ شیعری ئایینی گونجاندووە. بەشێکی زۆر لە شیعرە ئایینییەکانی لە ڕووی کێش و قـافیـە و زمـانی شـیـعرییـەوە لەسـەر بنچینـەی بەیتی ئەدەبی مـیللیی فـۆلکلۆری هۆنراونەتەوە. ئەمـەی بۆ ئەوە بووە لە ئاهـەنگی مـەولوودی پێغەمـبەر ئەم شـیعرانە لەسەر ئاوازی گۆرانییە میللییەکان بخوێنرێنەوە بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵی خەڵکی هەولێر.

عـاجـز شـیعری هـەندێ شـاعیـرانی کوردی کردووە بەپێنج خشـتـەکی لەوانە: عاسی، مەلا شێخ عومەری بالیسانی، راجی، تاهیر بەگ، وافی.

نموونەی شیعری

وەسف و دڵداری

١

لە شیعرێکیدا عاجز دەڵێ:

شـۆخـەکەی بێ ڕەحم و ئینسـاف قـاتیلی جـانم وەرە
باعیسـی گـومـراهـی ڕووح و شـێخـی سـەنعـانم وەرە
دڵ هـەمـیـشـە ئینتـیـزاری لوتف و ئینعـامـی تووە
دەردەمـــەندی قـــامـــەتی تۆم چاو بـەگــریـانم وەرە
دڵ وەکـــو بولبـــول دەنـاڵێ تالیـــبی ئاوی گـــوڵە
هـەر ئەتـۆی پرشــــەنگی ژینـم مـــاهـی تابـانم وەرە
گـیــان و دڵ بۆ تۆ نـەمــاوە پڕ لـە ئاه و حـەسـرەتە
سـینە پڕ جـۆش و خـرۆشـە جـانی جـانانم وەرە
دائیمـەن وەک سۆفی مـەجزووبە بەعیشقی دلبەران
تـا نەفـــەوتاوم عـــەزیزم پێـــشـی فـــەوتانم وەرە
عــاشــقی وەک من لە بۆ تۆ زەحـــمـــەتە پەیدا ببێ
چاوەڕێی تـۆم زوو لە بـۆ بـاغ و گـــوڵسـتـــانم وەرە
پاییـزی هیجـرانی تۆ وا ڕەنگی ڕووی زەرد کردووم
هەم لـەبەر سـاردی فـیـراقت ڕوو لە کـێـوانم وەرە
(عـاجـز)م ڕووحـی ڕەوانم پڕ لە ئێـشـە جـەرگ و دڵ
تۆی تـەبیـــبم زوو لـە بـۆ دەرمـــانی دەردانم وەرە

شیعرێکی ئاسایی دڵدارییە، شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ دلبەری خۆشەویستی دەکا، لێی دەپاڕێتەوە. وشەی «وەرە»ی کردووە بەپاش قافیە بۆ ئەوەی لە هەموو دێڕە شیعرێکیدا بڵێ «وەرە تیماری دەردم بکە». لە لیریکەکەدا هەست بەڕەوانییێک دەکرێ. ئەگەر شاعیر وشەی «تووە»ی لەباتی «تۆیە» و هەندێ وشە و تەعبیری دیکەی لەم بابەتەی بەکارنەهێنایە کەس نەیدەزانی شاعیر هەولێرییە و دیالێکتی بچووکی شار یا سۆرانی کرمانجی باشووری زمانی کوردی بەکارهێناوە.

٢

له شیعرێکی دیکەیدا عاجز دەڵێ:

ئەی ســـــەنەم تاکـــــەی بناڵم من لە دووری ڕێ و خێ
بەس بەناحەق پێم پیشـان دە غەین و ڕێ وو بێ وو تێ
غوربەتیش یەک جار وەها زوڵمە لە عاشق چاوەکەم
مـروەتت بێ پێم بفەرمـوو ڕێ وو حێ وو مـیم و تێ
ڕەحـمـەتت وەسـڵـە لە بۆ من ئەی گـوڵی باغی ئیرەم
تۆم بەسـە هەتتـا لەباتی حـۆری جـیم و نوون و تێ
جـەننەتی من قـامـەتی سـەروی تووە و گـوڵزارەکـەی
پڕ لە نارنج و لیـــــمـــــۆی سین و پێ وو نوون و هێ
سـینە پڕ سـۆزە لە تاووت وەک سـەمـاوەر وا لە جـۆش
وا نەزیک سـووتانەکـەم کـە حـەرفی ئەلف و گـاف و ڕێ
ئاگـری عـیـشـقت لە بۆ من ئەسـتـەمـە ئەی دلبـەرم
زێدە گـەرمـە مـەیلی وەسـڵی حێ وو سین و نـوون و تێ
حوسنی تۆ بێ شک گەیشتە حەدد و میقداری نیساب
موستەحەققم بێنە حیسسەی زێ وو کاف و ئەلف و تێ
بۆ زەکـاتی باغ و بێـسـتـانی جـەمـالت هاتووم
نامـەوێ زیاتر لە حـەقـقی شین و ڕێ وو عـەین و بێ
پڕ خـرۆشـە دڵ وەکـو بولبـول لە دەوری غـونچـە گـوڵ
جارێ دڵ خۆش کە حەبیبم عەین و ئەلف و جیم و زی (عاجز)

عاجز لەم لیریکەدا خۆی خەریکی گەمەیێکی ڕەوانبێژی کردووە لەسەر دەستووری هەندێ لە شیعری کلاسیکی کۆن. لە نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەکان دەنگ و وێنەی هەندێ لە تیپی ئەلفوبێی نووسیوە، لە نیوە دێڕی یەکەمی هەموو دێڕەکاندا تیپەکانی کۆکردۆتەوە و بوون بە وشەی یەکەمی دێڕی دوای ئەو، واتە دەنگەکانی غەین و ڕێ و بێ و تێ دەبن بە «غربت» (غوربەت)، ڕێ و حێ و میم و تێ دەبن بە«رحمت» (ڕەحمەت)...

٣

شیعرێکی میللییانەی عاجز بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

ئەی گـــوڵرۆخـی زیبـــایـی مـن
قـــەد ســـــەروی دڵ روبـایی مـن
مــەلحـەمی جـان شـیـفـایی من
جـــــاریٚ نـەزەرکــــــە لایی مـن

***

ڕەحـــــمیٚ بکە بـەبولبـــــولان
بـۆ دەفـــــــــــعـی ئـازاری دڵان
هـەر تووی غـونچـەی باغی گوڵان
لای دڵــی بـــیٚ نـــەوایـــی مـــن
بەم دێڕانەش کـۆتایی پێ دێنیٚ:
غـــــەمگین و پڕ لـە داغـــــە دڵ
چاونـۆڕەبیٚ لـەو باغــــە گـــــوڵ
کــە چونکە شـــەوچـراغــە شـل
گــــڵــــۆپی کـــــارەبـایـی مـن

***

جــــەفـــا بـەســــە وەفـــا بکـە
(عــاجــز) بـە وەسـڵـت شــا بکە
لـە غـــــەمـــــخــــۆری ڕەها بکـە
ئـەو دڵـی مـــــــوبتـــــــەلایی من

ئەم شـیـعـرە هـەشت بڕگـەییـیە لە ئەدەبی مـیللی سـەرزاری کـوردی یەکـێکە لە کێشـەکانی شیعری گۆرانی. عـاجز ئەم جۆرە شیعرەی تەنیـا لە ڕووی ڕوخسـارەوە دەسـتنیـشـان نەکـردووە بەڵکو لە ڕووی ناوەڕۆکـیش بۆ بابـەتی شـیـعـری ئاییـنی بەکاری هێناوە. ئەم جـۆرە شـیـعـرانە ئەوەندە لە ئەدەبی مـیللییـەوە نزیـکن ئەگـەر ناوی شاعیریان تێدا نەبیٚ بەگۆرانییێک لە گۆرانییە تازەکان دەژمێررێن کە لە ناو میللەت دروست دەبن و کەس نازانیٚ خاوەنیان کێیە!.

شیعری ئایینی (موناجات و نەعت)

١

عاجز قەسیدەیێکی (بەیتێکی) ئایینی درێژ بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

ئەی سـەییـدی سـەرداری من
ئەی مـەحـرەمی ئەسـراری من
ئەی ئەحـمـەدی مـوخـتـاری من
سـەڵات لـەسـەر تـوو یاری مـن

***

مـوددەیکە هـیـجـر و مـاتەمـە
تـاکـەی بمینم لەم غـەمـە
هـەروەکـو جـاران کـۆلـەمـە
بـا بەس بـێ ئینتـیـزاری مـن

بەم دێڕانەش کۆتایی پێ دێنێ:

حـەمـزە و ئەبووبەکـری سـدیق
فـارووق و عـوسـمـانی حـەقـیق
بەمـوئمـینی دەبوون ڕەفـیق
لەگـەڵ شـێـری شکاری مـن

***

(عـاجـز) فـەقـیـری ئوممەتە
سـائیلی بابی ڕەحـمـەتە
هـەر چاوەنۆڕی هـیـمـمـەتە
بـۆ دەفـعـی نالـە و زاری مـن

عـاجـز ئەم شـیـعرەی بۆ سـتـایشـی پێـغـەمـبـەر دانـاوە، بەسـەرهـاتی دەگێڕێتەوە بەپێی سـەرچاوەکانی ئایینی ئیسـلام و حیکایەتەکانی ئەدەبی میللی سـەرزاری عـەرەبی و کـوردی. بەناوی هـەمـزەی کـوڕی عـەبـدولموتەلـیـبی مـامی پێـغـەمـبـەر و خەلیفەکانی ڕاشیدی کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ.

٢

شاعیر لە قەسیدەیێکی ئایینی دیکەیدا لە ستایشی پێغەمبەر بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

تو ئەحمەدی موختاری
موقەڕڕەبی غەففاری
شافیعی توڕڕەداری
لێتبێ سەلامی باری

***

خاکی حیجاز فیدامە
کۆلەی شاھ و گەدامە
هەتا ڕۆژی قیامە
نیازی دڵمە یاری

بەم دێڕانەش کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

زەمانە پڕ جەفایە
هەرچی هەیە بەڵایە
فیتنە لە فیتنەدایە
لە دێهات و لە شاری

***

(عاجز) ئەگەرچی خواری
لە دەرگەی شەرمەزاری
مەئیووس مەبە لە یاری
شافیعتە لای غەففاری

لەم شیعرەدا عاجز باس لە هەندێ شەعائیرەکانی حەج و کۆچی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە دەکا و لە پێشوازی خەڵکی ئەو شارە دەدوێ و چۆن بەخۆشییەوە بەخێرهاتنی ئەو میوانە گەورەیان کردووە.

***

عەبدوڵڵا کوڕی مەلا محەمەدی بەرزنجی ناسراو بە(عاجز)، شاعیرێکی تەمەن کورت بووە، لەبەرئەوە شیعری کەمە. ئەوەی هەیە لە پلەیێکی هونەری دایە ئەدەبی کوردی دەیگرێتە خۆی. مەشقی شیعری عەرووزی و کێشی خۆماڵی هەیە. بایەخی بەشیعری ئایینی و دڵداری داوە، ناوەڕۆکی ئەم جۆرە شیعرانەی لەگەڵ هەردوو بابەتە شیعرییەکەی گونجاندووە، واتە لەگەڵ بەحری عەرووز و خۆماڵی، بەتایبەتی ئەو شیعرە ئایینییانەی لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی دایناون. ئەمانە بوون بە بەشێک لە سامانی ئایینی ئیسلام بەزمانی کوردی، چونکە بەزمانی ئاسانی زۆربەی میللەت نووسراون و لە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر بەئاوازی گۆرانی کوردی گۆنیدەکان دەیچڕن.

کامەران موکری

بەشی چل و چوارەم

کامەران موکری

١٩٢٩ – ١٩٨٦

گـۆیـژە گـریا گـریا بـە خـوڕ
لافـاو هـەسـتـا بە تین و گـوڕ
خـوێناوی شـاخی مـات و تەزیو
خـانووی ڕائەدا بۆ ناو شـیـو

ژیانی

محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی تەها ناسراو بەکامەران موکری لە ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی لە دایک بووە. بنەچەیان دەگەڕێتەوە ناوچەی موکریان. لە پێشانا ماڵیان گواستۆتەوە پشدەر و لە دواییدا هاتوونەتە سلێمانی و لەوێ ژیاون. کامەران برای شاعیری کورد ئەخۆڵە لە دایکەوە.

سەرەتا خوێندنی شەش ساڵی قوتابخانەی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە دواییدا ناوەندی و تا گەیشتۆتە قۆناغی ئامادەیی. لەو سەردەمەدا دەستی کردووە بەجموجۆڵی سیاسی، لە بەرەی داواکردنی مافی کورد بووە. لە پێناوی کوردایەتی وازی لە خوێندن هێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩ گیراوە. نزیکەی شەش ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانە جیاوازەکانی عیراق بردۆتە سەر. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە بەندیخانەیێک ڕزگاری بووبێ یەکێکی دیکە چاوەڕێی کردووە. لە خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا بەشداری کردووە، دوانی داوە، شیعری خوێندۆتەوە. لە دواندا بەتوانا بووە، دەموپلی لە قسەکردندا وەک ئەکتەرێکی لێزان خستوویەتییە ڕوو. لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا دەستی کرد بەجموجۆڵی خوێندەواری. لە ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦١ سەرنووسەری

کۆواری «ڕۆژی نوێ» بوو لە سلێمانی. لە دوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و بەدرێژایی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەنگی کامەران کپ بوو، وەکو زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد. لە دواییدا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای سلێمانی بەمامۆستای موحازیری ئەدەبی کوردی دامەزرا. تا کۆتایی ژیانی لەسەر ئەم کارەی مایەوە. لە کاتی گواستنەوەی زانستگای سلێمانی (١٩٨٢) بۆ هەولێر و گۆڕینی ناوی بۆ «زانستگای سەلاحەدین» کامەرانیش ماڵی گواستەوە هەولێر و لەم شارەدا مایەوە تا ڕۆژی ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەی برایەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاک سپێررا.

شیعری

بەقسەی کامەران خۆی لە ساڵی ١٩٥٤ دەستی داوەتە شیعر نووسین، بەشێکی کەمی بەناوی ڕاستەقینەی خۆی حەمەی ئەحمەدی تەها بڵاوکردۆتەوە. وا دەردەکەوێ باوەڕی بەخۆی نەبووە دەبێ بەشاعیر، تا ساڵی ١٩٥٧ ئینجا هەستی بەوە کردووە بووە بەشاعیر و ناوی «کامەران»ی هەڵبژاردووە وەک نازناوی شیعری لە دواییدا موکری کردووە بەلەقەب بەناوی ئەوەی بنج و بناوانی خێزانیان لە موکریان بووە. بەم جۆرە ناوبانگی شاعیرێکی تازەی کورد لە ساڵی ١٩٥٧ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە کەوتە ناوەوە.

کامەران یەکێکە لەو شاعیرانەی بەرهەمی شیعری دەچێتە ناو بزووتنەوەی شیعری نوێوە، بەتاقیکردنەوەی شیعری کلاسیکی عەرووزی و یەکێتیی قافیە تێنەپەڕیوە، ئەگەر تاک و تەرا بەرهەمی لەم بابەتەی هەبێ نایخەنە پلەی شاعیرێکی بەرچاو.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

خاسیەتەکانی شیعری کامەران لە ڕووی ڕوخسارەوە تایبەتمەندیان تێدایە، بەم تێبینییانەی لای خوارەوە هەندێ ڕوون و ئاشکرا دەبنەوە.

١- کامەران تەنیا کێشی سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە، لە ناو ئەمانەشدا زۆربەیان لە کێشە سووکەکانی حەوت و هەشت و دە بڕگەییین. شاعیر ئەم

کێشانەی لە شیعری میللیی سەرزار وەرگرتووە، لە ناو ئەمانەدا کێشی دە بڕگەیی زۆر باوە بۆ هەموو مەبەسەکانی شیعر بەکار دەهێنرێ بەتایبەتی بۆ شیعری درامی. دوو کێشەکەی دیکە حەوت و هەشت بڕگەیی بەگشتی لە شیعری میللیی سەرزار بۆ گۆرانی و سروود و شیعری منداڵان و مەتەڵۆک بەکار دەهێنرێن، لە شیعری نوێشدا لە بابەتی دڵداری و ویژدانی و ناوەڕۆکی سووک و ساکار و شیعری مانا لە ڕوو دەبینرێن.

لێرەدا ئەگەر تەماشای بەرهەمی کامەران بکرێ ئەوە دەردەکەوێ لە سەدا هەشتای لەسەر کێشی هەشت بڕگەییە. ئەوانی دیکەی لەسەر کێشی دە بڕگەییە. ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کامەران چۆن توانیویەتی بەشی هەرە زۆری شیعری لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی بهۆنێتەوە ئەوەی بە هەرمێنترین کێشێکە لە گۆرانیی میللیی سەرزاری کوردی (فۆلکلۆر)، وەکو لە گۆرانییێک هاتووە:

چاوت ڕەشە بەخومارەوە
مەمکت سێوە بەدارەوە
خودا داویە مەیشارەوە

ئەم دیاردەیە لە لای کامەران دەکرێ بەدوو جۆر لێک بدرێتەوە. یەکێکیان وەستایەتی شاعیر دەنوێنێ چۆن توانیویەتی ئەم هەموو ناوەرۆکە جیاوازانە لەگەڵ تاکە کێشێک بگونجێنێ! ئەوی دیکەیان ئایا کامەران لەم سنوورە تەسکەی کێشدا توانیویەتی زاڵ بێ بەسەر چێژی خوێنەری و گوێی ڕابێنێ ئەم هەموو شیعرە لە قاڵبی کێشێکدا قورس نەبێ لە لای لەگەڵ ئەوەی سووکترین کێشی خۆماڵی شیعری کوردییە!

٢- بەشێکی کەم لە شیعری کامەران ئەو پارچە لیریکانەن لە شیعرێکدا چەند کێشێک بەکار دێنێ وەکو خۆیان یان بەکەرتکردنیان، وەک لە کەرتکردنی دە بڕگەیی پێنج بڕگەیی دروست دەکا، یا لە هەشت بڕگەیی چوار بڕگەیی دروست دەکا.

٣- قافیەی شیعری کامەران لەو شیعرانەی لەسەر یەک کێش دایناون جووت قافیەیە (مەسنەوی)، ئەوانەی لەسەر کێشێک زیاتر هۆنراونەتەوە قافیەیان ڕەنگاوڕەنگە.

٤- زمانی شیعری کامەران ئاسان و ڕەوانە، وشە و زاراوەی کوردی پەتی بەکار دێنێ بەتایبەتی لە لیریکەکانیدا چونکە زمانی ئەو جۆرە شیعرە میللییە پێویستی بەوشەی بێگانە نییە. بەپێچەوانەوە شیعرە سیاسییەکانی ئەوانەی بەزۆری کوردایەتییان تێدا دەکا، زاراوەی زانستی و وشەی بێگانە بەکار دێنێ. زمانی بەگشتی دەوڵەمەندە، ڕەنگدانەوەی لێکسیکۆنی گوندایەتی و ناوچە کشتوکاڵییەکانی دوور لە شارە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ناوەڕۆکی شیعری کامەران لە ڕووی جوانکارییەوە بەرزە و داهێنانی تێدایە، بەڵام لە ڕووی بابەتەوە تەسکە و هەموو گێتیی فراوانی شیعری نەگرتۆتەوە بەڵکو لە دەوروبەری بابەتەکانی خەباتی کورد لە پێناوی ڕزگاری و هەندێکیش ئەنتەرناسیۆنالیزم و دڵداری ڕۆمانتیکی دەسووڕێتەوە. ئەو ڕووداوانەی کاریان لە شاعیر کردووە بریتین لە بەسەرهاتی سیاسی و هەڵسان و ڕاپەڕین لە کۆمەڵدا، قەومانی کارەسات لە سروشتدا وەکو بوومەلەرزە و لافاو، یا مردنی گەورەپیاوان. ئەم جۆرە شیعرانەی لە قاڵبی تەسکی کلاسیکی هێناوەتە دەرەوە و بەخەباتی نەتەوەیی و هەندێ بەخەباتی چینایەتی بەستۆتەوە.

شیعری کامەران برووسکەیێکی کورتە بەقەوارە لەو هەواڵە سیاسییانە دەکا کە لە ڕۆژنامەکانا بڵاو دەکرێنەوە، ئەم دیاردەیە تەنیا لە شیعرە کورتەکانیدا دیار ناکەوێ، لە شیعرە درێژەکانیشیدا دێڕە شیعری یەکێتیی خۆی هەیە، جگە لەوە چەند دێڕێک یا چەند بەندێک کە یەکێتییان تێدا هەیە دەتوانرێ بەشیعرێکی سەربەخۆ بژمێررێ. بۆ بەڵگە ئەو شیعرە سیاسییانەی لەسەر کێشێکی دیاریکراو دانراون، بەئاسانی دەتوانرێ تێکەڵ بەیەکتری بکرێن بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکرێ لە یەک بابەت نین.

کامەرانی ڕۆشنبیر و نووسەر

کامەران لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢ - ١٩٥٧ کۆمەڵێک چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە پێش ئەوەی وەک شاعیرێک لەسەر پێ بوەستێ و نازناوی کامەران بۆ خۆی هەڵبژێرێ. چیرۆکەکانی بەژمارە شەش بابەتن: سزا، ئەم ئینسانانە، نانی سیلاوی، کۆتەرە

خەڵووزێک، لە بیابانێکدا، مانگ و دڵێکی بەسەزمان.

ئەم تاقیکردنەوە کەمە لە مەیدانی چیرۆکدا لە ژیانی ئەدەبی کامەران بەڵگەی شارەزایی لە نووسینی چیرۆک و زانینی زمانی کوردییە. جا ئەمە پێشدەستییێک بوو واز لە چیرۆک بێنێ و خوو بداتە شیعر! یا ئەگەر هەر لەسەر نووسینی چیرۆک بەردەوام بوایە دەگەیشت بەچی! هەروەها شیعری لە رووی هونەرییەوە دەگاتە چیرۆکەکانی! ئەمانە هەمووی پرسیارن لە ئەنجامی بەراوورد لە نێوان بەرهەمی پەخشان و شیعری کامەران وەرام دەست دەخرێ.

چیرۆکی کامەران لە بابەت ژیانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵە، بەشی گوند و شاریان تێدایە. قارەمانەکانی بەگشتی دەوڵەمەند و هەژاری شار و لادێکانن. لە هەندێ چیرۆک بیابانی عەرەب بووە بەشانۆی رووداو، کەسی عەرەب بووە بەقارەمانی گێرانەوە وەکو چۆن لە شیعریشدا لەسەر جەمیلە بووحێردی جەزائیری دەکاتەوە. حەسەن جاف بەجوانی بۆ ئەم مەسەلەیە چووە لە بابەت کامەرانەوە دەڵێ مرۆڤی نەتەوەپەروەری ڕاستەقینە گشت نەتەوەکانی جیهانی خۆش دەوێ و بەمەش دەگاتە چڵەپۆپەی مرۆڤایەتی.

ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی لە ژیانی هەژاران و دەستدرێژی دەوڵەمەندان و گیانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە ئەدەبی کوردیدا هەوێنی ئەو چیرۆکانە بوو لەبەر رۆشنایی ریالیزمی کۆمەڵایەتی نووسەرانی کورد دەیانهێنانە بەرهەم. ئەم چیرۆکانەی کامەران رەنگدانەوەی کۆمەڵی ئەو سەردەمەنە و دەچنە ریزی ئەو چیرۆکانەی لەو کاتەدا دەنووسران و بڵاودەکرانەوە.

جگە لە چیرۆک کامەران وەکو رۆژنامەنووسێک لەو کۆوارانەی سەرپەرشتی کردوون یا ئەوانەی وتاری بۆ نووسیون هەندێ نووسینی هونەری رۆمانتیکی شیعر شێوازی بڵاوکردۆتەوە، ئەمانە دەچنە خانەی داهێنانی ئەدەبییەوە. هەروەها هەوڵی داوە لە بارەی مێژووی ئەدەب و رەخنە هەندێ وتار بنووسێ، ئەم کارانەی بە بەرهەمی زانستی دەژمێررێن لە ئەدەبدا ناگەنە ئەو پلە هونەرییەی کارە داهێنراوەکانی لە شیعر و چیرۆکدا.

نموونەی شیعری

کوردایەتی

١

لە شیعرێکیدا کامەران دەڵێ:

گـوڵاڵەی شـادیم لـە گـەشـە دایە
هـیچ بـایێک نیـیـە هـەڵیـوەرێنـێ
دڵیـشـم وەکـو پـارچەی پۆڵایە
کـەس توانای نییـە تێکی شکێنێ

***

شـەهیـد کـە چاوی ژیانـی لێک نا
گـڕ بـەر ئـەبێـتـە وڵاتی ئارام
دوا گـەردشـی سـوور لـەگـەڵ دوژمنا
بەزاڵ بوونـی کـورد ئەگـاتە ئەنجـام

لەم شـیـعـرەدا وێنـەی هونەری کـامـەران بریـتـیـیـە لە دوو برووسکە، لە قـاڵبی چواریندا، یەکـەمیـان گوڵاڵە سـوورەی سـەرکـەوتن هیچ بایێک نایـوەرێنێ، دڵیـشی وەک پۆڵایە تێکشکانی بۆ نییـە. کـورد ئەگـەر ئامـادە بێ شـەهیـد بدا، هـەر دەگاتە هیوای خۆی.

٢

لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

ژین لە لای دڵسـۆز هەر تێکۆشـانە
هەوڵە بۆ خـاکی ئەم کـوردسـتـانە
خـۆزگـە ئـەندازەی ژیان و تـەمـەن
تێکۆشـان بوایە بۆ خـاکی وەتەن
ئاخـۆ تەمـەنی کـام دڵسـۆزی کـورد
لە چوار پێنـج ساڵێ تێپـەڕی ئەکرد

لەم شیعرە جوانەدا کامەران ئاوات دەخوازێ بۆ ئەوەی کاشکی تەمەن پێوانە بوایە بۆ ژیان، ئەو کاتە تەمەنی هەموو دڵسۆزێکی کورد لە چوار پێنج ساڵ تێپەڕی نەدەکرد. ئەم شیعرە لە دروشمی سیاسییەوە دوورە، بەهەناسەیێکی ڕۆمانتیکییانە لە واقیعی بەردەوامی کورد دەدوێ لە خەباتیدا لە پێناوی مافە نەتەوایەتییەکانی.

٣

لە شیعرێکیدا بەناوی «پێڵوو»، کامەران یادی دوو قارەمانی کوردستانی ئێران عەلیی شێرزاد خانی بۆکانی و برای دەکاتەوە:

لەپڕ پەنجەی ناسکی گەست
خوێنی گەشی ڕایەڵەی بەست
بەو خوێنە ڕووی کوڕی ڕەنگ کرد
ووتی بژی ڕووسووری کورد

بەدرێژایی ڕۆژگار میللەتی کورد شەهیدی داوە، زۆرینەی کوڕی کورد ڕوویان بەو خوێنە شۆراوە. ئاوڕدانەوەیێکی دیکەی کامەرانە بەمەبەسی داهێنانی شیعری لە چوارچێوەی کوردایەتیدا.

٤

کامەران لە ژیاندا لەگەڵ کۆڵنەدانە، ئەمەی تەنیا بۆ ئادەمزادی کورد نییە، بەڵکو لە هەموو دیاردەیێکیدا دەیبینێ. لە لیریکی «ئەستێرە و مەل و خەزان»دا دەڵێ:

ئەو گوڵەی خەزان وەرانی و نەمرد
ئەو دڵەی ناسۆر لە هیوای نەکرد
ئەو پریشکانەی دامردنەوە
بەڵام هەمیسان گریان گرتەوە
ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناوچەم
لە سەرەمەرگا خەندەی لەسەر دەم

ئەو مەلەی بای وەشت باڵی هەڵوەران
لە بەستە ووتن نەکەوت لە ئاسمان
وان لە ناو دڵی منا میوانن
چونکە نموونەی قەت کۆڵ نەدانن

شاعیر دەنوارێتە گوڵ و دڵ و ئەستێرە و باڵدار ئەمانە وەک رەمزی کۆڵنەدان دەکەونە بەرچاوی. ئەمانە لە ناو دڵی شاعیر دان چونکە لە ژیانا جگە لە خەبات کاری دیکەیان نییە، تا ئەو کاتەی کۆتاییان دێ دەمیان لە بزە و خەندە ناکەوێ.

وەسف و دڵداری

١

کامەران کیژۆڵەیێکی خۆشویستووە، لە شیعرێکیدا بەناوی «گڕ» بەم جۆرە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا:

کە پرچت ئالآن لە گەردن
گڕت بەردا لە دڵی من
کە پەرچەمت ڕشتە سەر ڕوو
ئاگر لە دەروونم بەر بوو
ئەی زۆرداری جوانی بچووک
تکایە کچی ئێسک سووک
لێرەوە مەیە شەیدام بۆت
وەباڵی دڵم بەئەستۆت

بەشێوەیێکی ساکاری ڕۆژهەلاتیانە کامەران قسە لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیە دەکا. ئەگەر ئەم شیعرە لە دیوانی ئەم شاعیرە نەخوێندرێتەوە لەوانەیە بیری خوێنەر بۆ شیعری میللیی سەرزاری فۆلکلۆری ناوچەی سلێمانی بڕوا.

٢

کامەران لە بینینی کیژۆڵەکەوە باز دەداتە لای ژنێک بۆ ئەوەی وەسفی جوانی بکا، لە شیعری «ئەو ژنە»دا دەڵێ:

گـوڵـی پاراو کــاتێ کــه دێتــه شـنه
جـوانتـر نـیـیـه لەو ڕوومــەته خـرپـنه
گـڕی کـاڵـی پشـکۆی کـەمێ گـەشـاوه
ڕەنگـی جـوانی ناگــا بەو بـەرگـەردنه
نەغمەی باغی شەوی بەشەونم شۆراو
بەســۆز نـیـیـه وەک تریفــەی ئـەو ژنه
هەنگی چرپەی لەرەی بـەژنی ناسکی
مـۆسـیـقـای گـیـان ئاواتی دڵی منه
هەرچەند ئەکــەم ووشــەیێکم بۆ نـایه
بیـــهــاوێـمــه بەردەمـی ئەو شــەرمنه

ڕوومەت و گەردن و ڕەوت و بزه و کردەوەی دیکەی ئەو ژنه لەگەڵ شتومەکی ناو سروشت و گوڵ و ئاواز و دیاردەی دیکه بەراوورد دەکا. ئەو ژنه شـەرمنه ئەوەنده جوان و دڵگیره شاعیر نازانی چۆن شیعرێکی بۆ بڵێ، شیعر بەشی جوانییەکەی ناکا.

٣

له شیعرێکیدا بەناوی «تەلار» کامەران دەڵێ:

مــن ئـاواتــێـکـم هــەبــوو زوو
وەک خەوی خۆش له دەستم چوو
یــارێـکـم هــەبـوو وەک بــاڵـدار
فـــڕی بـۆ نـاو کـــۆشـک و تـەلار
مـــەل بـۆ گــریا نـەگــریـام خـــۆم
ســــــەرم نـەنـایـه ســـــەر ئـەژنـۆم
ئەی گــوڵـی گـــەشـــاوەی بەهار
با تـۆ مــاچ کـەم لەجـیـاتـی یار

شاعیر دڵی چۆته کچێکی جوان، لەبەر هەر هۆیێک بێ پێی نەگەیشتووه، چونکه شـووی بەخـاوەن کـۆشـک و تەلارێک کـردووه، لەبەرئەوه له پێش چاوی کـامـەران کەوتووه. بۆیه بەگوڵاڵه سوورەی بەهار دەڵێ تۆ ماچ دەکەم لەباتی یار.

یادی بێ نەوایان

کامەران لەو کاتەی بەگشتی بیری لە چارەنووسی میللەتی خۆی کردۆتەوە، لەگەڵ هەست و نەستی هەژاران و بێ نەوایانی سەر ڕووی زەوی بووە.

١

لە شیعرێکیدا دەڵێ:

هەزاران مانگی تریفەی زیوین
لە دڵی منا ئەدرەوشێنەوە
گوڵ بەمیلیۆنان هی سوور و زێڕین
لە باغی دڵما ئەگەشێنەوە
ڕووناکی لە ناو دڵێکا ئەبێ
هەژاران تیایا نەچەوسێنەوە

لە ناو مێشک و خەیاڵ و چێژی شاعیردا هەزاران وێنەی خۆشی خۆیان دەنوێنن، کەچی دڵ ڕووناکی تێ ناکەوێ تا هەژار لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ.

٢

لە شیعرێکی تازەی سەر بەبزووتنەوەی شیعری نوێ (ڕۆمانتیکی) بەناوی «تینوومە» کامەران دەڵێ:

ئەمڕۆ تینوومە
زۆرم تینووە هەروەک بیابان
لەی سووتاوم تاسەی تاساووم
تینوون بۆ نەختێک دڵۆپی باران
سادەی هەورەکەری ژیان! بارانێ
ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ
خەندە و گریانێ
شۆڕشی لێشاو

با هەستێ بەتاو
بۆ سەر قەڵاکەی سەختی دەروونی
سزا و نەبوونی
دەرهێنێ لە بێخ ژاڵەی پەژارە
ژیانم تاڵە
ئەمڕۆ تینوومە هەروەک بیابان

لەم شیعرەدا ڕەشبینییانە کامەران دەنوارێتە ژیان، هەرچی مەینەتیی خەڵکی چەوساوەی سەر ڕووی زەوی هەیە کەوتۆتە ناو دڵی ئەوەوە. دیارە بەشی نەتەوەی خۆی لە هەموویان زیاترە. شێوازی سیمبۆلی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ئەوەی لە خەیاڵی دایە. لیریکەکە وەک نموونەیێکی جوانی «شیعری نوێ»ی کوردی دەکەوێتە بەرچاو.

لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانی

بەهۆی لافاوەکەی سلێمانییەوە کامەران قەسیدەیێکی درێژی پۆیێم ئامێزی هۆنیوەتەوە بەناوی «لافاو»ەوە. ئەو شیعرە دەوری گرنگی هەبوو بۆ ناوبانگی دواڕۆژی کامەران وەک شاعیرێک. لە هەڵبژاردەی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

ئەی فرمێسکی لێل بلەرزە
لە عەزرەت باران و تەرزە
دیسان هەستی هۆنراوەی دڵ
وەکو مەنجەڵ هاتۆتە کوڵ

***

گۆیژە گریا گریا بەخوڕ
لافاو هەستا بەتین و گوڕ
خوێناوی شاخی مات و تەزیو
خانووی ڕائەدا بۆ ناو شیو
بێشکەی منالی ئێسک سووک
بوو بوو بەگۆڕێکی بچووک

خـــانووی گــڵـی کــۆڵانـی تەنگ
ئەکــەوتـە ناو گــۆمــاوی مــەنگ
کـــە پەنگی ئـەخـــواردەوە ئـاو
ئـەیزریکان ســـــوپای لافــــاو
***
ئێـــوارە بوو لێــشـــاوی ســـوور
هـەر لاشــــــەی ئـەهـێنا لـە دوور
دەمــێک ســـەریک و پرچی زەرد
تاوێک دەس و پەنجـــەی بێگەرد
***
ئـەبێ ســــاڵی جـــارێک ئێـــرە
وێران کـــا بیکا بەگـــێـــرە
ئـەبێ شــینێک هەر ســـاز بکا
خـــــــەڵکی وا پـەرەواز بـکـا
دەرگـــای شـــادیمان دابخـــا
ئـالای ڕەشـــمـــــان بۆ هـەڵبکا
نیـــوەشـــەو بوو دەنگێ هەڵسـا
بـانگی بـەناو شــــــارا ئـەدا
ئـەیووت ئـەوی مـــــــاڵـوێرانـە
ڕوو بکاتـە خـــەســـتـــەخـــانـە

ئـەم قـەسـیدەیە وەسـفێکی فۆتۆگرافیانە و هونەرییانەیە بۆ لافاوەکە. شـاعیر جەوهەرەکانی چیرۆکی مەلحەمی بەکارهێناوە لە بابەتی تراجیدیا. ناوی جێگە و ڕێگە و خـــەڵک هـاتووە. زیانی لافـاو زیاتر بـەر هەژاران کـەوتـووە لە ئەنجــامی ڕووخـانی خـانوویان چونکە لە گڵ دروست کـراون. ئـەمـە یـەکـەمین کـارەسـاتی سلێمانی نییە لەو کاتەوە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم بناغەی لێدراوە تا ئێـسـتـا. کـۆتـایی تراجـیـدیای کـامـەران بـەوە هـاتووە دەڵێ ئـەوەی کـارەسـاتی بەسەرهاتووە ڕوو بکاتە نەخۆشخانە و مردووی خۆی بدۆزێتەوە.

بۆ قازی محەمەد

لە ڕۆژی ٣١ی مـــارتی ١٩٤٧ لە لایەن ڕژێمی کـۆنەپەرسـتی ئێـرانەوە قــازی محەمەد لە سێدارە درا. درەنگتر بەهۆی بیرەوەری شەهیدبوونی قازی لە ساڵی ١٩٦٠ کامەران شیعرێکی هۆنیوەتەوە بەناوی «ئاگری ڕووت»ەوە، لە هەڵبژاردەیدا دەڵێ:

ئـەی پـێـــــــــشــــــــەوا
یـادت لـە دڵـمـــــــــا نـاڕوا
بیــــــروباوەڕی گــــەشی تۆ
وەکـــو دیاری گــــڕ و پشکۆ
ڕژایە ســــەر ســــەهۆڵی ژین
بەفـــری پەروا و ترس و بەزین
ڕایماڵی کــــەژی دواکــــەوتن
دارســـتـــانی ســامی مــردن

***

ئالای کـــــورد لە دڵ و چاوا
لە کـەژا جـۆگـەی خـوێناوا
بۆ ئەم گـــەلەی هی تۆ و منە
ووردە ووردە کــــــەوتە شنە

***

ئـەی پـێـــــــــشــــــــەوا
تۆی نموونەی گــــەشی بڕوا
دوای کۆچی تۆ برای ڕەنجبەر
لاوی بێ پەروای تێکۆشـــــەر
پێـچاوی پشـتـێنی نەبەزین
بۆ هەڵمـەت بۆ ڕۆژی خـوێنین

***

دەس هەڵنەگرێ تا کوردستان
ڕزگـــار ئەبێ ئەی قـــارەمـــان
ئەی ئاگـــری ڕووت پێـــشـــەوا
یـادت وەک گـــــــــوڵاڵـە ڕووا

شاعیر لەگەڵ پێشەوا دەدوێ، ئەوە دەردەبڕێ ڕاستە ئەو لەسەر مەسەلەیێک لە سێدارە دراوە، بەڵام مەسەلەکە نەدۆڕاوە بەڵکو ئاگری خەبات بەگڕتر بووە، هەروەکو قازی خۆی لەسەر قەنارە وتبووی، ئێوە تەنیا قازییێک لەناودەبەن، بەڵام کورد زۆرن. شاعیر بەڵێن دەداتە پێشەوا کە ڕۆڵەکانی سوورن لەسەر هێنانە دی هیوا و ئامانجیان بەهەر نرخێک بێ.

بۆ شێخ مەحموود

لە یادی ساڵی یەکەمی کۆچی دوایی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٥٨ کامەران قەسیدەیێکی ماتەمنامەی داناوە بەناوی «شێخ مەحموودی نەمر»ەوە، لە هەڵبژاردەی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

بـۆت ئەڵێم لە دێڕی شـــیـــوەن
دوور لە ووردەکـــاری و لـە فـــەن
کـــام ووردەکـــاری کـــام هونـەر
هەڵبەستی جوانی وەک گەوهەر
ئەتوانێ وەسـفـی تۆ هـەرگـیــز
بنێـتـــە ســـەر کـــاغـــەز بەڕیز

***

گـەورەپیـاوەکـەی نیـشـتـمـان
هەمـیـشـە زەردەخـەنەی جـوان
لەســـەر لێــوی وەک زیـوی خـاو
یـا وەک گــــزنگـی خـــــۆرەتاو
بریسک و هۆڕی بوو شـــیـــرین
وەکــــو نیــــشـــانەی نـەبەزین

له دەربەندی بازیان کـــه هات
کڵـپـەی ئەسـەند گڕی خـەبات
بەتاو کـــه هێــــرشی ئەبرد
ئەینرکـــان و بانگی ئەکــــرد
مــردن بۆ گــەل شـــانازییــە
دڵم بەو مــــەرگـــە ڕازییـــە

***

لەبەر فرمـێـسکی لێڵ و خـوڕ
خامـەکـەم هەرچەند هاتە گوڕ
نەیتـــــوانی بنووسی پتــــر
بۆ یادی کـۆچ کـردووی نەمـــر
هەر ئەوەندە بڵـــێم مـــەگـــەر
گـیـانی پیــرۆزی تێکۆشـــەر
ئەوی ئاڵاکـــەمــــان پێــــدا
وا لە ناو دڵی ئێـــــمـــــــەدا
ئیـــستـــە لە یاد بۆی ئەچنین
وێنەیێکی جـوان و شــیـــرین
ئاخـۆ کەی بێ کورد لە گەوهەر
لە یاقـــووت بۆی بکا پەیکەر

کامەران شانازی بە سەردارێکەوە دەکا لە هێڵی جەنگا لە پێشی پێشەوە بووە، تەنیا بەرنامەی ستراتیجی بۆ جەنگ دانەناوە، وەکو سەربازێکی سوپایی لە مەیدانی جەنگدا بریندار کراوە. بەلای شاعیرەوە شێخ ئەوەندە گەورەیە لە توانای خەیاڵی شاعیردا نییە ئەوەی پێویستە بۆ ستایشی ئەو بینووسێ، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر چاوەنۆڕی ئەوەیە نەتەوە بگاتە ئامانج ئەو کاتە لە جەواهیر و یاقووت پەیکەرێک بۆ شێخ دروست دەکا.

بۆ جەمیلە بووحێرد

جەمیلە بووحێرد کچە قارەمان و موجاهیدی جەزائیری بوو. کامەران لە ساڵی ١٩٥٨ شیعرێکی ستایش و پێداهەڵدانی بۆ هۆنییەوە بەناوی «جەمیلە»وە. لە هەڵبژاردەی ئەو لیریکەدا دەڵێ:

ئەی جەمیلە
سلاو لە ئاگر و ژیلە
لە حەیرانا لە لاووکا
کاتێ کچ لەگەڵ باوکا
هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن
بەرەو قەلای سەختی دوژمن
لە هێرشی سەرکەوتنا
لە کاتی بۆ گەل مردنا
کاتێ لە نزار لە مەڵبەن
ئەمان سووتێن بۆ وەتەن
ناوت وەکو ووشەی نەمر
ئەڕژێتە ناو گەرووی ئاگر

***

ئەی باڵندەی هەستم بەگوڕ
بفڕە بۆ ناو بڵێسە و گڕ
بۆ جەزائیر خاکی ژیلە
بڵێ بەخوشکە جەمیلە
سلاوی گردەکەی سەیوان
سلاوی گەرمی نیشتمان
پێشکێش بەتۆ ئەی کچی لاو
ئەی پەروەردەی گڕ و خوێناو
ئەی خاکی ئاگر و ژیلە
هەزار سلاو لە جەمیلە

ئەم شیعرە سلاویکی شۆڕشگێڕانەیە کامەران بەناوی کورد و کوردستان و سلێمانی و گردی سەیوانی مەلبەندی شەهیدانەوە بۆ جەمیلە بووحێردی جەزائیری دەنێرێ. ئەم شیعرە ڕەمزی هاوکاری ئەنتەرناسیۆنالیزمییە لە نێوان میللەتە ستەمدیدەکانی سەر ڕووی زەوی. کارەساتی نەتەوەیی کورد و جەزائیرییەکان لە زۆر شت لە یەکتری دەکەن. هەرەوەزی لە نێوان چەوساوەکان لە دژی چەوسێنەرەکان لە دەرەبەگ و سەرمایەداران دیاردەیێکە هەموو گێتیی گرتبووەوە. لەبەرئەوە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی جەزائیر کارێکی ئاسایی بوو جەمیلە بووحێرد مێرد بەکابرایێکی فرەنسی بکا، چونکە میللەتی فرەنسەی خۆش دەویست و لە دژی دەستدرێژی ئەمپریالیستی فرەنسی بوو. هەروەها کابرا فرەنسییەکەش دۆستی خەڵکی جەزائیر و دژی فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی خۆی بوو.

بۆ مستەفا بارزانی

لە دوای کودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا کە مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو کاتە) بەرێگەی ڕۆمانیاوە گەڕایەوە نیشتمان کامەران بەشێوەی برووسکە لە شیعرێکیدا بەناوی «بارزانی»یەوە پیرۆزبایی لێ کرد. لە هەڵبژاردەی شیعرەکەدا دەڵێ:

ڕۆمـــانیـــا
بـۆ وولاتی ڕۆمـــانیـــا
شـــەقـــامی تاســـەی دیداری
کـــۆشکی ڕۆڵەی کـــوردەواری
گـەورەم کـە نامـەکـەتان هات
نـامـــەی ئاگـــرینی خـــەبات
هـەمـــوو ئازاری لەشم لەرزی
ووشـــــە لـە نـاو دەمما تـەزی
گـەورەم! وا مـــیلیـۆنان کـۆتر
جـێـیان هێشت باغی پڕ ئاگر

بەری ئاســمــانیــان ڕێک تەنی
بــەپــۆل هــاتــوون بــۆ دیــدەنــی

***

ســـــــڵاو لـە ئێـــــوە و لـەوانـە
کــــــە تیــــشکن بۆ ئەم ژیانـە
کــە بوون بـەپێــشــڕەوی کــاری
ڕزگـــــاربـوون لە چنگ زۆرداری
هـاوڕێم هـەزار هـەزار ســـــڵاو
لە ئـێــــــوە و لـە لەشـکری لاو

بەتاسـەوە میللەتی کورد بەگشتی لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە بیری لەو ڕۆڵە بارزانیانە دەکردەوە ماوەیێکی زۆر لە ناو ژیانی سەختی ئاوارەییدا تەمەنیان بردەســەر، بەتایبـەتی لە ڕۆژانی فـەرمـانڕەوایی سـتـالین و جـەعـفـەر باقـیـرۆڤی ئازربێجانی دوژمنی کورد. کە هەواڵی گەڕانەوە بڵاوبووەوە جێی شادمانی هەموو کورد بوو. هەزاران هەزار ئاشـتیـخواز پێشـوازییـان لە بارزانی کرد و گوشـادی خـۆیانیـان پێ ڕاگـەیاند. کـامـەران یەکێک بوو لەوانە، بـەخـتـیـار بـوو بەوەی ئەو بارزانییانەی لە کاتی خۆیدا لـە زۆرداری ئێرە ئاوارەبوون، ئێستا لە زۆرداری ئەو جێیەی لێی بوون ڕزگارییان بوو.

دوا شیعری کامەران

پێش کۆچی دوایی کامەران لە ساڵی ١٩٨٦ لە هەولێر شیعرێکی هۆنیوەتەوە، لە پاشانا بەناوی «دوا شیعری کامەران»ەوە بڵاوکراوەتەوە:

قـژت لادە لـەســـەر کـوڵمـی پشکۆی ئـاگـر
لەســـەر سنگ و لاملی وەک کلووی بـەفــر
لەگــەڵ تۆمــە ئەی دوا تیــشکی خــۆرەتاوم
دوا پـریشـکـی دڵی دامـــــــرکــــــــاوم
لەگــەڵ تۆمــە دوا دێڕی عــەشــقی ژیانم
دوا هـەنسک و دوا قـەترەی ئەشکی گریانم

تاکــەی ئـەنوارِیتــە لێــڵی گــۆمی چاوم
ڕووی بـەخــەفــەت و پەژارە هـەڵقــرچاوم
ئەو ووشــەیەی لە ناو دڵتـا قــەتیس مــاوە
بیـــدرکــێنە نـە ئاگــرە و نـە لافـــاوە
ئەم دڵ لێـدانـەی شـاعـیـر مــەڕەنجـێنە
بەو ووشـــەیە دڵی شـــیــعــرم بجــووڵێنە
تەنیـا جـارێ پێم بڵـێ من تۆم خـۆش ئەوێ
بـەڵکو ئـەم دڵە گـــرۆزەم پێـی بســـرەوێ

ئەم شیعرە سیمبۆلی ڕۆمانتیکییەی کامەران جەوهەر و حەقیقەتی دڵداری دەخاتە ڕوو و ئەو تیۆرییە بەڕاست دەزانێ کە دەڵێ ئەگەر دڵداری نەبێ شیعریش نابێ، شاعیری ڕاستەقینە جوانکاری بۆ هەر مەبەسێک بەکار بێنێ دڵداری لە بیر ناکا.

***

حـەمـەی ئەحمـەدی تەهـای ناسراو بەکامـەران مـوکری. نووسـەر بوو، وتار و چیرۆکی دەنووسی. لە پاشـانا خـۆی گواسـتەوە بۆ مـەیدانی شـیعر، دەیتـوانی خەریکی هەردووکیان بێ، کەچی لە دواییدا لـەسەر شیعر نیشتەوە. ئەم شاعیرە دیاردەیێکی دەگمـەن بـوو لە ئەدەبی کـوردیدا. لە قـاڵبی تـەنیـا یەک دوو کـێشی سـیلابی خـۆماڵی زۆربەی هـەرە زۆری شـیـعری لە قـاڵب دا. ڕەنگە ئەم کـارە بۆ خـوێنەر مـەلەلێک پەیدا بکـا. بەڵام چۆن ئەم شـاعـیـرە توانی ئەم هـەمـوو بابەت و هونەرە شیعرییانە لە یەک دوو کێشی سیلابی خۆماڵی کۆبکاتەوە!.

کامەران موکری یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد لە مەیدانی شیعری نوێدا ئەوانەی ئاوڕیان لە شیعری کلاسیکی و بەحری عەرووزی نەداوەتەوە.

حەسیب قەرەداغی

بەشی چل و پێنجەم

حەسیب قەرەداغی

١٩٢٩ - ١٩٩٧

با برینمان یەک برین بێ و با غەمیشمان هەر غەمێک
با سروودمان یەک سروود بێ وەک تیۆری سەردەمێک
خاکی کوردستانە غەممان ناوی کوردستان ژەمە
کوردستانە موڵکی بابمان خاتوو زینمان بۆ مەمە

ژیانی

حەسیب کوڕی عەلی کوڕی عەبدولڕەحمان ناسراو بەحەسیب قەرەداغی لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی سۆڵەی چرچە قەڵا لە ناوچەی قەرەداغ لە دایک بووە. باوکی مەلای مزگەوتی گوند بووە و بەلای چینی هەژارانا شکاوەتەوە. سەرەتای خوێندنی حەسیب لای باوکی بووە لە حوجرەی مزگەوت، کە قوتابخانە لە گوندەکەیاندا کراوەتەوە لە پۆلی سێیەم وەرگیراوە، لە پاشانا قوتابخانەی سەرەتایی لە قەرەداغ تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئاوەدانی مەحاویل لە ناوچەی حیللە بووە بەقوتابیی خانەی مامۆستایانی هەرێمە کشتوکاڵییەکان. بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٤٨ کە لە دواییدا بەوەسبە «وثبە» (ڕاپەڕین) ناوی دەرکرد لەو خانەیەدا دەرکرا و گەڕایەوە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٤٩ بوو بەقوتابیی قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی بەهۆی کاری سیاسییەوە بۆی نەکرا تەواوی بکا و ناچار گەڕایەوە گوندی سۆڵە تا ساڵی ١٩٥٤ لەوێ ژیانی بردەسەر و ئەوجا گەڕایەوە سلێمانی. لە کاتی هەڵگیرسانی کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا حەسیب وەکو زۆربەی خەڵکی عیراق پێشوازییێکی گەرمی کرد. لە دوای کوودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣

وەکـو خـەڵکێکی زۆری عـیـراق زیندانی کـرا و تا ناوەڕاسـتـی سـاڵی ١٩٦٥ لە بەندیخانەی نوگرەت سەلمان لە باشووری عیراق مایەوە.

لە ســاڵی ١٩٦٥ەوە تا ســاڵی ١٩٦٩ لە بـەغـدا بـەمــاڵ و منداڵەوە ژیانێکی هەژارانەی بردبووە سـەر. ئەو سـەردەمە هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لە ناوەوە بوو لە عیراق و کوردستانی عیراقدا. نێوانی دەسەڵاتی بەغدا و شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ی کـورد هـەندێ هێـوور بـووبووە و هێــمن و لەســەرخــۆ بوو. لەو ســاڵەدا (١٩٦٩) لێبـووردنێکی گشـتی لە دەسـەڵاتی بـەغداوە دەرچوو لە بابەت هـەمـوو ئەو کەسانەی بەهۆی سـیاسـییـەوە لە مـووچەخۆری مـیری دوور خـرابوونەوە. حەسیب بەر ئەو لێبـووردنە کـەوت، بەمـووچەخـۆرێکی بچـووک لە کـارگـەی چیـمـەنتـۆی سەرچنار لە سلێمانی دامەزرا.

گەورەترین کـارەساتێک لە ژیانی شـاعیری دڵ ناسک ئەوە بوو لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤دا دوو کچی لە هەڕەتی گەنجێتیدا کەژاڵ و بەهار لەناکاو هەڵوەران. ئەمە لە پەلوپـۆی خست و بۆ مـاوەیێکی زۆر هەست و نەسـتی هـەژاند. شـیـعـری بۆ ئەم کـارەسـاتە وت، بـەڵام ئەوەندە دژوار بوو شـاعـیـرییـەتی دەرەقـەتی نەدەهات و ئەو شیعرانەی لە ڕووی هونەرییەوە نەگەیشتنە پلەی ئازاری کارەساتەکە. زیاتر لە دە سـاڵیش لە پاش ئەو ڕووداوە حـەسیب لە ژیاندا مـایەوە تا لە ڕۆژی ٥ی کـانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

شیعری

حـەسـیب دەیتـوانی ببێ بەشـاعـیری بەرەی کلاسـیکی و شـیـعـر لەسـەر بـەحری عـەرووز و یەکێـتیی قـافـیـە بهـۆنێـتـەوە، چونکە لە نێوەندی خـوێندنی بەرایی لە حوجرەی مزگەوت گوێی بەکێشی ئەو جۆرە شیعرە ڕاهاتبوو. بەڵام زوو هاتە سەر سیستێمی شیعری نوێ بەبێ ئەوەی مەرجەکانی شیعری کۆن بخاتە پشتگوێ. بەم جۆرە زۆری بەرهـەمی شـیـعری حـەسیب ڕێگە بۆ ئەوە خـۆش دەکا بووترێ لە هـەمـوو بابـەتەکـانی شـیـعـری کـوردی هـەیە لە کـۆن و تازەدا. جگە لە بەحـری عـەرووزی بایەخێکی زۆری بەکێشی سـیلابی خـۆمـاڵی داوە، هـەمـوو کێشـەکـانی بەکارهـێناوە بەتایبـەتی کێـشـە سـووکـەکـانی ٧ و ٨ و ١٠ برگـەیی. لە «شـیـعـری نوێ»یدا ٨ برگـەیی و ١٠ برگەیی کەرت دەکـا و دەیانکاتە ٤ برگـە و ٥ برگـە، بەم

جـۆرە دێڕە شـیـعـری ٤ بڕگـەیی و ٥ بڕگـەیی دروست دەبێ. هەروەها بـایەخ بەو بابەتە شیعرە میللییانـە دەدا کە لەسەر کێشی دە بڕگەیی دادەمەزرێن و لە ڕووی قافیەوە دەچنە ناو جووت قافیەوە (مەسنەوی).

یەکێ لە خـاسیـەتە تـایبـەتییـەکانی شیعری حـەسیب ئەوەیە لە لیریکێکدا دوو بابەتە کێش بەکار دێنێ بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆماڵی، ئەم دیاردەیە زۆرتر لە شیعرە کورتەکانیدا دیاردەکەوێ.

ناوەڕۆکی شـیـعـری حـەسـیب دەوڵەمـەندە گەلێ لایـەنی ژیانی ڕۆژانەی خـەڵکی دەگرێتـەوە. دڵداری و وەسـفـی سـروشت جێگەی دیاریان هەیە، بـەڵام بەگشـتی لە مـەبەسـەکانی دیکەی شیـعردا دەتوێنەوە. حـەسیب شـاعیری غـەمخـۆری کوردە، لەسـەر هـەژار و بێ دەسـەڵات و بـێ نەوایان دەکاتەوە، دژی ئـەمپـریالیسـتـەکـانی ڕۆژئاوایـە، ڕق و کـینی بـەرامـبـەر بـەدوژمنـانی کـورد بەتینە. لـەو کـاتەی وەک کـەسـێکی پڕ لە گـیـانی نـەتەوەیی دێتـە بەرچاو، لەسـەر هـەمـوو چـەوسـاوەکـانی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

پێـوەندی کـۆمـەڵایەتی فـراوان بوو، لە نزیکـەوە ئاشنایەتی لـەگـەڵ خـوێندەوار و ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و گۆرانیبێژ و هونەرمەندان هەبوو، شیعری ستایش و پێداهـەڵدانی بـرادەرایەتی نووسـیوەتەوە بۆیان، یەکێکە لەو شـاعیـرە کوردانەی بەشـێکی زۆر لە بەرهـەمی شـیـعـری دەچێتـە ناو خـانـەی شـیـعـری هـاوڕێیـەتی لە ستایش و پێداهەڵداندا.

حـەسیب ئیلهـامی تەنیـا لە خـەیاڵی کـەسـێتی خـۆی وەرنەگـرتووە. لەم لایەنەوە سـەرچاوەی گەلێ زۆرە. لەوانە، وردە گێڕانەوەی ئـەدەبی میللیی سـەرزار و قسـەی نەسـتـەق و پەندی پێشـینان و شـیـعری کوردی کلاسیکی و شـیـعری شـاعیـرانی سـەردەمی ژیانی خـۆی و هـەروەها شیعری نەتەوە مـوسوڵمانەکانی هاوسـێی کورد و شیعری نەتەوەکانی ئەورووپای کۆن و تازە، لەوانەوە شیعری بۆ دەهات، لە ڕووی ڕوخـسـارەوە شـیـعـری لەسـەر کـێش و قـافـیـەی ئـەوان دەهۆنیـیـەوە. لە ڕووی ناوەڕۆکـەوە بەشـێکی وەکـو خـۆی وەردەگـرت، بەشـێکی دیکەی بەدەسکارییـەوە دایدەڕشـتـەوە، لە هـەندێکیـشـیـانا وێنە و بیـری تازەی لێ دروست دەکـردنەوە. شـەقڵی ئەم هـەموو سـەرچاوانە بەسـەر هـەندێ لە بەرهـەمی شیعریدا دیارە.

بەرهەمی شیعر

جەژنانە

١

حەسیب جەژنانە لە دلبەری داوا دەکا:

ڕۆژی جـــەژنە چاوەکـــانت جـــوانە جـــەژنانەم ئەوێ
من بەهەڵپـــەم چاوەکـــانم! جـــامێ پێـــوانەم ئەوێ
ســــەروی باڵات نەوبەهارە و باغی ســــینەت پڕ لەبەر
خـــــــوانی تۆیە پڕ لە نانە بۆیە لەو نانەم ئەوێ
وەک هەژارێ هاتمە دەرگـــات وا لە دەرگـــای تۆ ئەدەم
خـــــــاوەنی باغ و بەهاری وەرزی ئەو دوانەم ئەوێ
من سەرم گەرمی شەرابی عەشقە بۆچی بێ مەزەم
من مـــەزەی مـــزری هەنار و ســـێـوی ئەو بانەم ئەوێ
چونکە گـــیـــانم وا لە کـــوڵدا و کـــوورەیە ناخی دڵم
بـــۆ ئـــەوەی دڵ دابمـــرکـــێ یـــاری دێـــوانـــەم ئـــەوێ
ڕۆژی جەژنە و سواڵکەرێکم بێ حەیا و بێ شەرم و ڕوو
وا بەکـــوردی پێت دەبێـــژم پێکی لێـــوانەم ئەوێ

لە دەستپێکردنی خوێندنەوەی ئەم شیعرە خوێنەر ئەو شیعرە جوانەی دێتەوە یاد کە زێوەر لە ساڵی ١٩٢٣ بەهۆی جەژنێکی ئایینییەوە پیرۆزبایی جەژنی پێشکێش بە شێخ مەحموود کردووە:

ڕۆژی جەژن ئەتفالی وردە پوولی جەژنانەی ئەوێ
هەریەکە لای باب و مامی ڕوپیە یا ئانەی ئەوێ

حەسیب لە ڕوخسارا تەنیا کێش و ڕیتم و قافیەی وەرگرتووە، ناوەڕۆکی نوێیە. ئەوەی زێوەر کۆمەڵایەتییە، ئەمەی حەسیب دڵدارییە، ماچ و مووچ و دەست لە ملانێ و گوشینی مەمکی دەوێ لە دلبەر وەک جەژنانە، پوول و پارە و دیاری دیکەی پێویست نییە.

٢

لە لیریکێکیدا حەسیب دەڵێ:

دوو ڕووباری شێت و وێتن مەمکەکانت
بەسینەتا وەکو تاڤگە هاژەیان دێ
کە دەگەنە سەر نەرمایی پێستی سکت
دەبنە دڵۆپی یاقووت و ڕادەوەستن
خۆشییان نایێ لە کرداری ڕێگە بەستن
وردە وردە وەکو دەنووکی نێرەکەو
قوت دەبنەوە قاسپە قاسپێ دەست پێ دەکەن
جام تێدەکەن
بەناو چاوی بیماراندا دێن و دەچن و ڕێ دەکەن
داوای دەستی دڵدار دەکەن
داوای دەمی بەبەی جوان و نازدار دەکەن
داوای تیشکی سوخمە دڕی ئەشعار دەکەن
بۆیە منیش لە سێبەرتا
کێشی هەموو شیعرەکانم
دەبێ بکەم بەکەمەرتا

لەم شـــیـعــرەدا دوو مــەمکی دلبــەر بـەدوو ڕووبار دەچوێنێ، لەگــەڵ وێنەی داهێنراوی هونەرییـانە بەراووردیان دەکـا. ئەو مــەمکانە خــۆشی دەبەخـشنە ئادەمزاد، بەوەی داوای دەستی دڵدار دەکەن، کاریان تەنیا ئەم خۆشی گیانییە نییە، خۆشیی مەتریالییان هەیە، شیر دەدەنە بەبەی جوان و نازدار، ڕەمزی ژیان و مانەوەی مرۆڤایەتی.

٣

حەسیب وەسفی دەنگی کۆتر دەکا:

کۆترە گاویلکەی شیعرێ بوو
لەسەر پەرژینی چاوانم بای باڵی دا
زۆری گمان
چاوم باری خەوی خست و
گلێنەشم کەوتە جمە
گوێیان ڕاگرت بۆ ئاوازی
قووڵ بوونەوە بۆ ناو ڕازی
تمەز بەستەی شاعیرێک بوو
کە دەستی برد بۆ گیرفانی
ئەوسا زانی
شیعر برسێتی ناکوژێ
برسێتیش واز لەو ناهێنێ

خەبات و بۆ یەکتری چوونە مەیدان دیاردەی هەمیشەییە لە نێوان شیعر یا ڕاستتر داهێنانی هونەری و هەژاری یا برسییەتی. هەردووکیان بەبێ یەکتری هەڵناکەن و دەرەقەتی یەکتریش نایەن. هەژاری مایەی بەشێکی داهێنانی هونەرییە، ئەگەر ئەو نەمێنێ ئەو سەرچاوەیە کوێر دەبێتەوە، لەبەرئەوە لە لایێکی دیکەوە گریمان ئەگەر هەژاری نەمێنی دەرگای داهێنان داناخرێ، چونکە سەرچاوەیێکی دیکە هەیە «دڵداری» ئەمەیان هیچ کۆتایی نایێ هەتا ئادەمزاد لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ.

کاروان

٤

لە شیعرێکدا بەناوی «کاروان»ەوە حەسیب دەڵێ:

کـــە کـــاروانی مـــاندووی بادە
دەگـــــاتـە هـەورازی ســــــەرم
لـە نـاخـــمـــەوە دەکـــرێمـــەوە
وەک شــــۆڕەیی گـــۆمی ووشک
بەســەر خــۆمــدا دەشکێـمـەوە
لە ڕێی خــۆری واقــیــعــمــان دا
تـەپکەی بێـــژنگ دەنێـــمـــەوە
ئەو زۆر قــورســە و منیش هیـلاک
ئـیـــتـــر بۆ خـــۆم دەتوێمـــەوە
کێ دەتـوانـێ خــــــەبــەر بدا
منی عـاشق جـارێکیکە دەڕوێمـەوە

لەم پارچە لیریکە کورتەدا شاعیر دیمەنێکی ئەفسانەیی تەمومژاوی دەکێشی، لە کـاتێکدا سـەرخـۆشـە و هـۆشی لای خۆی نییـە. لەم وەخـتـەدا دەتوانێ بیـر لە شتێک بکاتەوە لە سەردەمی هوشیار ناسەرخۆشیدا ناتوانێ بیری لێ بکاتەوە. دان بەوە دەنێ ژیانی سـەختـە، ژیانی خۆی و کـۆمـەڵی، لەو کـاتەدا ناتوانێ ئەم سـەخـتـیـیـە ببـەزێنێ، بەڵام ئایا جـارێکی دیکەش دەتوانی هەڵـمـەت بەرێ و ئەمجارەیان سەربکەوێ!.

نەورۆز و خەبات

٥

لە لیریکێکیدا حەسیب دەڵێ:

هۆ سـتـەمـدیدە گـەلی کـورد جـەژنی نـەورۆزت بەهات
ئاگری نەورۆز و گـڵـپەی مـەشـخـەڵن بۆ ڕێی خـەبات

تۆ و خەبات و هەوڵ و کۆشش قەت لەیەک جیا نابنەوە
میللەتانی سەر زەمینیش بەم غەمە دەتناسنەوە
تۆ لە کوورەی مامە کاوە پەنگری هەردەم گەشی
بۆ لە مافی زۆر ڕەوای خۆت تاکو ئەمڕۆش بێبەشی
ئەی ستەمدیدە گەلی کورد! ڕێگە هەر ڕێی کاوەیە
ڕابەری ئاڵا و دروشمت هەر هەمان سەرچاوەیە
بەشکراویت بەشخوراویت پێ لە گشت مافت دەنێن
چوونە ناخت وەک جنۆکە و وا لە هۆشیشتا دەزێن
ڕاپەڕینێک! سا درەنگە با هەموومان یەک گرین
گەردەلوولی ئێش و ئازار ڕوو بکاتە یەک برین
با برینمان یەک برین بێ و با غەمیشمان هەر غەمێک
با سروودمان یەک سروود بێ وەک تیۆری سەردەمێک
خاکی کوردستانە غەممان ناوی کوردستان ژەمە
کوردستانە موڵکی بابمان خاتوو زینمان بۆ مەمە
قیبلەمان گۆڕی شەهیدە جۆگەیێکمان زەمزەمە
داد و دوژمن بابزانن هەر وەلی یاری شەمە
هەر وەلی یاری شەمە هەر وەلی یاری شەمە

حەسیب ئەم شیعرەی لە پێش جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢ نووسیوە، نەورۆزنامەیێکە یادی ئەم جەژنە پیرۆزە دەکاتەوە، ڕوو دەکاتە کورد و بەگەلەییەوە ئامۆژگارییان دەکا، قسەکانی لە ڕووی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە هەڵقولاوە. شاعیر دەڵێ پێویستە یەک برین و یەک غەم و یەک بۆچوونمان هەبێ لە ڕێی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆژگارە، لەمێژ نەبوو کاروباری بەڕێوەبردن لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا کەتبووە دەست کورد خۆی، لەو کاتەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی عیراق لەو ناوچانەدا کشابووەوە. ئیتر کارگێڕانی کوردی ناوچە ئازادکراوەکان بووبوون بەدوو بەشەوە. شاعیر ئامۆژگارییان دەکا بە دووبەرەکی قەت خەباتی نیشتمانی کورد بەڕێکی ناگاتە ئەنجام. حەسیب لەم شیعرەیدا یادی هەندێ ڕەمزی خۆشەویست دەکاتەوە

لە مێژووی کۆن و نوێ و ئەفسانەیی و ڕاستی کورد وەکو مامەی کاوەی ئاسنگەر و کاکە مەم و خاتوو زینی بۆتانی و وەلیی دێوانە و شەمی نازەنینی هەورامان.

***

حەسیب قەرەداغی بەدرێژایی ژیانی لە شیعر دوور نەکەوتبووەوە، لەبەرئەوە بەرهەمی زۆرە، دیوانی شیعری گەورەیە، بۆیە لە ڕووی ڕوخسارەوە لە هەموو بابەتە شیعرێکی هۆنیوەتەوە. شیعری کلاسیکیی کۆن و شیعری نوێ، بەڵام هەموویان ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارەن کە ژیانی تێدا بردۆتە سەر. شیعری سەر بە ڕێبازە سەرەکییەکانی سەدەی بیستەمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دڵداری و وەسفی سروشت جێگەی دیاریان لە بەرهەمیدا هەیە. زۆربەی شیعری دەچێتە ناو خانەی لیریکی، هەرچەندە زاراوەکە لە ڕۆژئاواوە هاتووە، بەڵام بەناوەڕۆک لە ناو بەرهەمی نەتەوەکانی هەموو گێتیدا هەیە.

بێبەش

بەشی چل و شەشەم

بێبەش

١٩٣٢ – ١٩٩٨

مەرد بە نامەرد ئیشی کەوێ گەر بۆی نەکا پێی مەردییە
مەردیش بەمەرد ئیشی کەوێ گەر بۆی نەکا نامەردییە

ژیانی

مەسعوود کوڕی مەلا عەبدوڵڵای شەنەغەیی لە ساڵی ١٩٣٢ لە هەولێر لە دایک بووە. شەنەغە گوندێکە لە دەشتی کەندیناوەی هەولێر خەڵکی عەشرەتی سیانی لێ دەژی. لەو کاتەی خۆی بەشاعیر ناسیوە نازناوی «بێبەش»ی هەڵبژاردووە، لە هەندێ شیعریدا بەکاری هێناوە. باوکی مەلای مزگەوتی ناو بازاڕی هەولێر بوو (لە هەولێر مزگەفتی ناوەندی باژێڕی پێ دەڵێن). سەرەتای خوێندن و هەموو قۆناغەکانی زانستی ئیسلامی و زمانی عەرەبی لای باوکی بووە.

بێبەش دەنگی خۆش بووە، بایەخی زۆری بەتەجویدی قورئان داوە. شارەزایی لەو هونەرەدا پەیدا کردووە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ هەندێ لە هونەری تەجویدی قورئانی گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی و بەکتێب بڵاوی کردۆتەوە. بەشێک لە خوێندنەکانی بەدەنگی خۆی تۆمار کراون.

گوزەران و بەڕێوەچوونی ژیانی لە ڕووی داراییەوە لەسەر مەلایەتی بووە. لە مزگەوتێکی بچووکی گەڕەکی خۆیان مەلایەتی کردووە، بەڵام بەگشتی بەپێچەوانەی ژیانی مەلایان لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوەندە لێیانەوە نزیک نەبووە، زیاتر پێوەندی لەگەڵ ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و مووچەخۆران بووە. جوببە و عەمامەی لەبەر نەکردووە، لە پێشانا شەرواڵ و مرادخانی و لە پاشانا ڕانک و چۆغەی لەبەر کردووە.

بێبەش کەسێکی قسە خۆش و گیان سووک بوو، نوکتە لە دەمی نەدەکەوت، لە هیچ پرس و هەڵوێستێکدا دانەدەما، هەولێری زۆر خۆش دەویست، بەدرێژایی ژیانی لێی دوور نەکەوتەوە. تا لە ڕۆژی ٢٥ی مایسی ١٩٩٨ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

شیعری

بەهرەی دەنگ خۆشی بێبەش هانی داوە گۆرانی و مەقام بچڕێ و قورئان بەتەجوید بخوێنێ. ئەم دیاردەیە گوێیێکی مۆسیقی هوشیاری لا دروست کردووە و بەرەو گێتیی شیعری کلاسیکی پاڵی پێوە ناوە، چونکە ئەمەش لەسەر ئاواز و ڕیتم دامەزراوە. لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە پێوەندی لەگەڵ شاعیرانی دەوروبەری خۆی بووە لە هەولێر، بەتایبەتی لەگەڵ جاهید و پیربال مەحموود. لەگەڵ جاهید هەوڵی داوە پێکەوە شیعر دابنێن. حەزی لە شیعر خوێندنەوە بووە، شیعری زۆری لەبەر کردووە، شانازی بە شێخ ڕەزاوە کردووە و بە مامۆستای خۆی داناوە.

شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە

بێبەش پێڕەوی هەموو مەرجەکانی شیعری کلاسیکی کردووە. بەگشتی شیعری دەچێتە ناو خانەی شیعری کلاسیکییەوە. لە کێشدا بەزۆری بەحرەکانی ڕەمەڵ و هەزەجی بەکارهێناوە، لە قافیەدا لەسەر یەکێتیی قافیە دەڕوا. زۆرینەی شیعری بەقەوارە کورتن لە بابەتی لیریکن، قەسیدەی درێژی کەمە. بایەخی زۆری بەچوارین داوە، بەشێک لە دیوانی لەم بابەتەیە، هەروەها تاکیش بەرچاو دەکەوێ. لە سیستێمی بەندا (کووپلە) بەندی پێنجین و شەشینی هەیە. لەو کاتەی پێنجین لە دیوانی بێبەشدا بەرچاو دەکەوێ، لەو زیاتر هۆگری پێنج خشتەکی بووە، شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانی کوردی کردووە بەپێنج خشتەکی، لەوانە: نالی، حاجی، سانی، وەفایی، حەمدی، سابیری، سافی، بێکەس، کەمالی، مەلا ئەسعەدی مەحوی، جاهید، هێمن، هەردی و هی دیکە.

شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

جگە لە دڵداری کە مەبەسی سەرەکی شیعری بێبەشە، ناوەڕۆکی شیعری کوردایەتی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی لاوانی هەولێری پەنجا و شەستەکانی

سەدەی بیستەمە. لەو شیعرانەدا هەستی گیانی نەتەوەیی و سۆزی خۆشەویستی کوردستان لە دڵ و دەروونی گەنجاندا دەجوولێنێ. ئەو شیعرانە لە هەندێ ماوەی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری و ڕەشبگیری حوکمی عورفی هەرچەندە قەدەغەبوون و بڵاوکردنەوەیان ئاسان نەبوو، بەڵام لە ناو خەڵکی بە ئەزبەر دەخوێنران و لەبەر دەکران. مەبەسی هەرە گرنگ لە شیعری بێبەشدا ئەو شیعرانەیە لە هونەری بابەتی داشۆرین و شیعری کراوە (ئیرۆتیک). بێبەش شێخ ڕەزایانە ئەم دوو بابەتەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. بەرهەمی لەم ڕەنگەی زۆرە، بەڵام ئەوە هەیە تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، بەناوی ئەوەی ئەو شیعرانە بۆ کەسانی دیارکراو وتراون. بنەماڵەی شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەن ئەو شیعرانە ئەگەر بڵاو بکرێنەوە ناوی خاوەنەکانیان پێ دەزڕێ.

نموونەی شیعری

دڵداری

لە شیعرێکیدا بێبەش هەستی دەروونی دەردەبڕێ بۆ ئەو خانمەی خۆشی دەوێ، لە ساڵی ١٩٤٩ هۆنیویەتییەوە:

لە عەشقی تۆ ئەزانم من نەجاتم
مەحاڵە تاوەکو مابێ حەیاتم
بەداوی زولفی هارووتت بەقوربان
دڵم بەندە هەتا وەختی مەماتم
لە دڵدا نەقشی بەست نەقشی جەمالت
هەیە حەققم نەبیتن گەر سەباتم
هەموو دەم ئینتیزارم خوایە کەی دێ
کەرەم کا پێم بدا ماچی زەکاتم
بەعەزمی قەتلەوە گەر بێیە لامان
موتیعم بەندەتم فەرموو فیداتم
ئەبم بەندەی کەسێک موخلیس بەتۆ بێ
ئەگەرچی غەرقی دەریایی جەفاتم

له تـاریکی فـیــراقت دامــه (بێــبــەش)
هـەمـــوو دەم ئـینتـــیـــزاری ڕۆژهـەڵاتم

شـاعـیر لەسـەر دەسـتووری دڵداریی شـاعـیرانی کـلاسـیک هـەرچەندە بەکردەوە دلبەر لەگەڵی خراپ بێ و لێی دوور بکەوێتەوە، ئەو هەر خۆشی دەوێ. هەوڵ دەدا ئەوە بخاتە ڕوو مەسەلەکە بەدەست خۆی نییە. ئاگری دڵداری نهێنی لە ناو دڵیدا نەخشی کێشاوە، چارەسەری بەدەست خۆی نییە، لە تاریکی دووریدا دەژی بۆیە چاوەنۆڕی ڕووناکیی ڕۆژهەڵاتە، چاوەنۆڕی ئەوەیە ماچێک وەک زەکات لە دلبەر وەربگرێ. ئەمە هەموو ئاواتێکی بۆ دەهێنێتە دی.

کوردایەتی و نیشتمانپەروەری

١

بێبەش ڕوو دەکاتە ئەو کوردانەی خۆیان بەکورد نازانن و پێیان دەڵێ:

کـوردی بۆ حـاشـا ئەکـەی دایم لە قــەوم و خـوێش و کـار
کوردی بۆ کورد نیم ئەڵێی ئەگریت و ڕێگەی چەوت و خوار
کـوردی بۆ کـەم تێ ئەگـەی کـەم خـۆتی جـارێ نـا هـەزار
کـوردی وەک تۆ دەک نـەمـێنێ کـوردی وا بـێ شـەرم و عـار
لاڵ و کـــەڕ بێ پڕ کـــەدەر بێ هـەر بکێـــشێ ئـاه و زار
سـووک و ڕیسـوا بـێ هـەمـوودەم نـەیبێ قـەدر و ئیـعـتـیبـار

ئەم پارچە شیعرە بەندێکە لە قەسیدەیێکی شەشین، بێبەش لە ساڵی ١٩٥٠ هۆنیویەتییەوە. قسە لەگەڵ هەندێک لە خەڵکی شار دەکا، ئەمانە بە نەژاد کوردن و بەکوردی پەروەردە بوون، بەڵام خۆیان بەکورد نازانن و هەندێکیان دوژمنایەتی کوردیش دەکەن بە یادی دەسەڵاتی عوسمانی پێشوو و بیری کەمالییەکانی تورکیا لە مەسەلەی نەتەوەیی کورددا.

٢

لە شیعرێکیدا بێبەش لە نایەکسانی و مافخوراوی ناو کۆمەڵی عیراق دەدوێ، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان:

حـــەق و نـاحـــەق بەجـــارێ تێکەڵاوە
ئەگـەر ڕاسـتـیت دەوێ ڕاسـتی نەمـاوە
هەزاری بـێ نیـشـانت پێ پیـشـان دەم
کـە ڕوتبـەی بەرزی ئێـسـتـا پێ دراوە
هـەزاران عـــــاقـڵ و دانـاش ئـەبـینـی
لە ژێر باری غــەمــا پشـتی چەمــاوە
هـەزاران خـــانـەدان خـــانـەی خـــرا بـوو
هـەزاران ناپیـــاو ئێـــســـتـــا پیـــاوە
هەزاران ڕاسـتگۆش ئێـسـتـاکـە بەندن
لـە بەنـدیخـــانـەیی کــووت و ســـەمـــاوە
دەمت ئەبـڕن وشـەی حـەق بێ لە دەمـتـا
بڵـێـی حـەق تـەق دەروونت کـون کـراوە
عـــەدالـەت وابـێ تف بێـتـــە عـــەدالـەت
لـە لام وایە عــــــەدالـەت هـەر بـەنـاوە
عـــەدالـەت حـــەق ئەزانی چینە ئـەمـــڕۆ
لـە حـــــــەق لادان و زوڵم و بـەنـد و داوە
خـەیاڵت خـاوە (بێـبـەش) بێـبـەشت دەن
دەبێ بسـتـێندرێ حـــەق کـــەی دراوە

بێبـەش ئەم شیعرەی لە نیسـانی ١٩٥٧ هۆنیوەتەوە. لەو ڕۆژگارەدا دەسـەڵاتی ڕژێمی مـەلیکی لە عیراق بەهۆی دەست تێوەردانی ئەمـپریالیسـتی ئینگلیـزی و تا ڕادەیێکیش ئەمەریکی لەو ساڵانەدا خەڵکی عیراق شـپرزە بوون. نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخـواز بەربەرەکانی دەکران. نیشـتمانفرۆش و بێ توانا دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد. خـەڵکی دڵسـۆز پێ بەکۆت و زنجیر لە بەندیخـانەکاندا ئازاریان دەچەشت. شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم بەند و باوە سـەر ناگرێ، میللەت ڕادەپەڕێ، مافی خۆی وەردەگرێ، چونکە ماف وەردەگیرێ و نادرێ.

٣

شاعیر بەهۆی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و بارزانییە پەنابەرەکان لە ساڵی ١٩٥٨ لە ڕووسیاوە بۆ نیشتمان دەڵێ:

لە هەر لا وەک بەهەشت ڕازا جیهانی کورد و کوردستان
کە ژەنراڵ مستەفا دەرچوو لە غوربەت بوو بەرەو بارزان
بەدەرکەوت ڕۆژی ڕووناکی لە ژێر هەوری خەفەت باران
فەرەح کەوتە دڵی مەردم نەما لاچوو هەموو غەممان
سوپاس بۆ خوا بکەن ئیتر لە هەر لا ئەی گەلی کوردان
گەیینە ڕۆژی ئازادی نەما ئازار و تێهەڵدان

بێبەش ئەم پارچە شیعرەی وەک بروسکەیێک نووسیوە پیرۆزبایی لە بارزانی دەکا بەهۆی گەڕانەوەی لە ئاوارەیی ڕووسیایەوە بۆ نیشتمان. بارزانی و کۆمەڵێک لە جەنگاوەرانی بارزانییان لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئاوارەی ڕووسیا بوون ماوەی دە دوازدە ساڵ لەوێ مانەوە. گەڕانەوەیان جێی خۆشی و گوشادی بوو بۆ بێبەشی شاعیر و بۆ هەموو کورد.

٤

بێبەش لە شیعرێکیدا باس لە ڕۆژانێکی ڕەشی کورد دەکا، لە مێژووی کوردا ئەم ڕۆژە ڕەشانە زۆرن:

بەختی بەدی ئێمەی کورد تاکەی لە بەدی دابێ
هەستن لە خەوی غەفڵەت هەستا ئەوی هەستا بێ
هەر میللەتێ ئەیبینی ئێستا هەموو سەربەستن
هەر کوردە هەتا ئێستا بێبەش کە وەها مابێ
هەر کوردە لە ژێر دەست ما و هەر کوردە کە بێ هەست ما و
هەر کوردە کە چاوبەست ما و هەر کوردە بەتەنیا بێ
هەر کوردە کە ئەیبینی یێکی کە دووسەد دێنێ
وەختی کە لە جەنگ دابێ وەک ئەو نییە ئازا بێ

گـــەر یەکـــێـــتـی بنوێـن ئەو مـــافـــە زوو دەســـتـــێـن
زۆر حـــەیفـــە لـە جـــەنگدا بن دوژمـن لە تەمـــاشـــا بـێ
(بێـــبـــەش) کـــە ئـەڵێن کــوردە گــەر وورد بـێ ئەوی مـــەردە
لەم خـــاکـــە کـــە هەیتی کـــورد بێ مـــەلجـــەئو مـــەئوا بێ

ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٦٦ نووسراوەتەوە، ئەو کاتە کورد لە کارەساتدا بوو، شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق دەوری گرنگی هەبوو لە داواکردنی مافی کورد، بەڵام سیاسەتی ناوەوەی عیراق و دەست تێوەردانی دەرەوە لە ئەمپریالیستی ئەوروپا و ئەمەریکا و دەوڵەتە هاوسێکانی عیراق لەبار نەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە. لەم شیعرەدا شاعیر سیمبۆلییانە ئاماژەی هەیە بۆ ئەو دووبەرەکییەی لە ناو ڕێزی شۆڕش پەیدا بوو لە ساڵی ١٩٦٦ و کورد کەوتنە کوشتنی یەکتری و دوژمن بەخۆشییەوە تەماشای دەکرد و سوودی لێ وەردەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بە ئازایی و لاوچاکی کورد هەبوو، ئەگەر یەکێتییان هەبێ دەتوانن بگەنە ئامانجی خۆیان.

٥

لە شیعرێکی دیکەیدا شاعیر دیسانەوە لەو سەردەمە ڕەشانەدا دەژی، بۆ پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز دەڵێ:

لاوی کـــورد نـەورۆزە ئـیـــمـــڕۆ جـــەژنەتـە
دوژمـنـت جــــەرگـی لـە داخـــــا لـەت لـەتـە
بـەرگـی زســـتـــانیت فـــڕێدە داکـــەنـە
تێـــبکۆشـــە ئـیـــمـــڕۆ ڕۆژی هـیـــمـــەتـە
تۆش وەکو کاوەی نەبەز دەست کە چەکووچ
لێـدە سـەر زەحـحـاکـی ئەمـڕۆت فـرسـەتـە
نـیـــشـــتـــمـــانـت چاوەنۆڕی تـۆ دەکـــات
تـۆی هـەیـە ڕزگـــاری کـــات لـەم زیللـەتـە

بێبەش ئەم شیعرەی لە هەولێر وتووە بۆ پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٨. ڕوو دەکاتە لاوی کورد، واقیعی ئەو ڕۆژەی کوردی بۆ دەگێڕێتەوە، دوژمن

چۆن چڕنووکی لە لەشی گیر کردووە. ئامۆژگاری دەکا، پەند لە کاوەی ئاسنگەر وەربگرێ و دژ بەزەحاکی ئەو ڕۆژگارە بجەنگێ کە دەسەڵاتی بەغدا بوو.

٦

لە پێنج خشتەکییێک لەسەر دێڕێکی فایەق بێکەس، بێبەش دەڵێ:

ئەی برای کوردی نەبەردم کوردی مەردی بەشخوراو
وا لە بەینی عارەب و تورک و عەجەم دابەشکراو
تێت بگەینم تێبگە کاتێ کە دیتت تۆ بەچاو
(هەر زەمانێ قەومی کورد دەرچوو لە زیللەت بوو بەپیاو
جەژنی من ئەو ڕۆژەیە نەک جەژنی قوربانی و پڵاو)

لەم شیعرەدا بێبەش دێڕە شیعرێکی بێکەس شی دەکاتەوە، بەوەی کورد جەژنی زۆرە، دەتوانێ هەموویان پیرۆز بکا، بەڵام جەژنی ڕاستی لەو کاتەدا دەبێ کە لە دیلی ڕزگاری دەبێ و بەئازادی دەژی.

٧

لە پێنج خشتەکییێکی دیکەیدا دیسانەوە لەسەر دێڕە شیعرێکی بێکەس، بێبەش دەڵێ:

نامەوێ شەڕ تا بڵێی دووری شەڕم
دێمە شەڕ بۆ مافی میللەت بێ شەرم
هەستیارم ئاشکرایە جەوهەرم
(شاعیرێکی کوردم و کوردپەروەرم
بۆ هەموو کوردێکی کورد بێ نۆکەرم)

لەم پێنج خشتەکییەدا بێبەش سوورە لەسەر ئەوەی کوردە و لە نەتەوەیێکی دیکە نییە. دێڕە شیعرەکەی بێکەس دەکاتە بەڵگە. هەروەها خۆی وا دەخاتە ڕوو ئاشتیخوازە، شەڕی ناوێ، بەڵام شەڕ بۆ هێنانە دی ئاشتی بۆ کورد کارێکی بەجێیە.

٨

ئەستووری بیروباوەڕی شاعیر و زۆربەی ڕۆشنبیری کورد لەم دێڕە شیعرەی بێبەش ڕەنگی داوەتەوە:

کەس بەکورد ناوەستێ تەنیا خائینانی کورد نەبێ
لێکی ناکا دۆست و دوژمن تاکو ئەستۆی ورد نەبێ

وەک تیۆرییێکی ڕاست لە زانستی کۆمەڵایەتیدا مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد لە ناوەوە دەست پێ دەکا. دوو کردەوە دژی مەسەلەکەن. یەکێکیان ئەو تاوانبارانەی دوژمنایەتی لەگەڵ کورددا دەکەن، ئەوی دیکەیان بەناوی کوردایەتییەوە دووبەرەکی دەنێنەوە، کردەوەی هەردوو لایان بەخراپە دەگەڕێتەوە. جا با یەکەمیان دوژمنایەتی ڕووت بێ و دووەمیان بەناو سۆزی نیشتمانی و کوردایەتی تێدا بێ!.

داشۆرین و شیعری کراوە (ئیرۆتیک)

بێبەش مەبەسەکانی داشۆرین و شیعری کراوەی (سێکسی) تێکەڵ بەیەکتری کردووە. شیعرێکی زۆری لەم بابەتەی هەیە، هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی بوونەتە هۆی بڵاونەکردنەوەیان. بۆ نموونەی ئەم بەشەی لەسەر بێبەش نووسراوەتەوە لەم کتێبەدا توانرا هەندێ لەو جۆرە شیعرانە دەست بخرێن. بنەماڵەی شاعیر بەتایبەتی مەحموود زامداری برای جێگەی سوپاسن بۆ پێشکێش کردنی ئەو شیعرانە.

١

لە شیعرێکیدا بێبەش بەم جۆرە کەسێک دادەشۆرێنێ:

حەمەی وەستا سەوری ڕاستە سەورییە
سەورییە هەر بۆ جیناس و تەورییە
وا ئەویش خۆی خستە داوم تێپەڕی
ئیفتیرام با پێ بکاتن دەورییە
دەورە دەورە دەوری ویش تێپەڕ دەبێ
لێی ئەسێنرێ ئەم کڵاو و هەورییە

ئەحـمـەقـە حـەقـقـە بڵـێم پێی ئەم کـەرە
وەک کـەری کـەوری کـەرە نەک کـەوریـیـە
موستـەحەققی هـەجوە شیـعری هـەجوی من
وەک جــەنـابی شــێخ ڕەزایـە فــەوریـیــە
لایـەقی هـیـچ شت نـیــیــە تـەنیــا دەڵێم
بیکەنـە بـەس پـاســـەوان و دەوریـیـــە
ڕێوییــە پێــویـست دەکــا من ڕاوی نێم
ڕاوی ڕێوی با بڵــێم بۆ کــەوڵیـــیـــە
ئـەیبــڕیـتن کلکی بێ کــەڵکی حـــەمــە
شـیـعـری هـەجـووم تیـژە هـەروەک تەوریـیـە
حـەز لـە جـێگەی چـەورەکـاتن وەک دەڵێن
ســـەوری چی ئەو چاوەنـۆڕی چەوریـیــە
زۆر ســواری شــیــعــرەکــانم وەک ڕەزا
بۆ پـەلامـــاردان دەڵێی وەک بـەوریـیـــە

لەم شیعرەدا حەمەی وەستا ڕەمزێکە بۆ کەسێکی دیاریکراو، گرنگ ئەوە نییە کـەسـەکـە بناسـرێ بەڵکو نرخی هونەری و جـوانکاری شـیـعـرەکـەیە. لە ڕووی ڕەوانبێژییـەوە شاعیر سەرکەوتووە، بەتایبەتی کە وشەی «سـەوری» (شۆڕشگێڕ) دووبارە و سێبارە دەکاتەوە. ئەو کەسە بەخۆپەرست و هەلپەرست دەخاتە ڕوو. کەسێکی بێ بارە، بۆیە بوو بەمووچەخۆرێکی گەورەی دەسەڵاتی میری. شاعیر ئەوە دەردەبڕێ ئەو کـەسـە شـایانی ئەم مـەقـامـە نیـیـە. لە دواییـدا شـانازی بەشاعیرییەتی خۆی دەکا و شێخ ڕەزا بەمامۆستای گەورەی خۆی دەژمێرێ.

٢

لە چوارینێکیدا بێبەش بە«حاجی»یێک دەڵێ:

حاجی حیز بـابی تەرەس گەووادی کـۆنی دوودەکی
حــاجی ڕاســتم پـێ بڵـێ حـیـزی لـەکی یا باڵـەکی

بۆم بەدەرکـــەوت مـــەزهـەب و ئایـن و دینـت پارەیـە
لازمـە بتکەن بەتـەمسـیل کـاحـەمە و حـاجی مـەکی

شـاعیـر حـاجییێکی کردۆتە نموونەی ئەو دەوڵەمـەندانـەی پارە لە لایان هـەمـوو شــتێکە. بەناوی حــەج کـردنەوە هـەمـوو جـۆرە فـێڵ و فـەنەرێک بەکـار دێـنن بۆ دەوڵەمـەندبوون. لە کۆمـەڵی کوردەواری ئێمـەدا بەتایبـەتی لە شـاران کەسـانی لەم بابەتە زۆرن. شـاعیـر پێشنیاز بۆ کاکە حـەمە و حـاجی مـەکی دەکا ئەو حـاجییـە بکەن بەقـارەمـانی چیرۆکێکی شـانۆ یا سـینەمـا. ئەوەی پێـویسـتـە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە مەبەسـی لە «کاکـە حـەمە» محـەمەد سدیقی محامییە لەگەڵ حاجی مـەکی ئەکتـەری شـانـۆ و سـینەمـای کـوردی لە هـەشـتـاکـانی سـەدەی بیسـتـەم هـەردووکیـان لە هـەولێر دەژیان و دۆسـتایەتییـان لەگەڵ بێبەشدا هەبوو. بـەتایبـەتی مـحـەمەد سـدیق لە بـەهرەی دانانی شـیعـر بێ بەش نـەبوو، لەگەڵ بێبـەشـدا شـەڕە شیعری زۆرە.

٣

لە چوارینێکی دیکەیدا بێبەش بەم جۆرە لەگەڵ نەیارێکی قسە دەکا:

بشــتگێم ئەی ســەفـیل قــازانجی تۆیە
وەکـــو تـۆ نیـم ئـەمن ئـاگـــام لەخـــۆیـە
لـەوەش زلتـــر دەبی گـــەر بێت و بتـگێم
بـەگـــیـــانی تـۆ ئـەوەی مـن بـێ درۆیـە

ئەم شــیـعــرە ڕەوانە شــەوچـەرەیێکی دیکەیە بۆ کـۆڕی ڕابواردنی شــاعـیــر و شـیعـردۆسـتان. هـەرچۆنێک بێ ڕەنگدانەوەی ڕووداوێکە لە ناو کۆمـەڵدا هـەیە. ئەم دیاردەیـە تەنیـا لە ئـەدەبی نووسـراودا نیـیـە، لە ئـەدەبی مـیللی بە پەخـشــان و شیعرەوە جێگەی دیاری هەیە.

***

مـەلا مـەسعـوودی بێبـەش مـەلا و شـاعیـر بوو. مـەلایەتییـەکەی بۆ نان بوو، وەک ڕۆشنبیـر و شـاعیر و دەرچووی قـوتابخانەی تازە بابەت خۆی دەنواند. شـاعیرێکی خۆڕسک بوو، گوێی مۆسیـقی بەهێز بوو. شیعری عەرووزی کلاسیکی لاسایی بۆ

مەبەسی تازە بەکارهێناوە. شیعری لە دەوری سێ مەبەسی گرنگ دەسووڕێتەوە. یەکەمیان دڵداری بەشێوازی کلاسیکی کۆن؛ دووەمیان نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لە قاڵبی شیعری کۆندا؛ سێیەمیان داشۆرین و شیعری کراوەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لایەنی داشۆرینی قوتابخانەی شیعری شێخ ڕەزای دەوڵەمەند کردووە.

زمانی شیعری بێبەش سادە و ڕەوانە، وشە و لێکسیکۆنی دیالێکتی ناوچەیی سۆران و بەتایبەتی شاری هەولێری پێوە دیارە. بەرهەمی شیعری بێبەش بەڕاستی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردستانی عیراقە بەگشتی و کۆمەڵی هەولێرە بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.



پیربالّ مەحموود

بەشی چل و حەوتەم

پیربالّ مەحموود

١٩٣٤ – ٢٠٠٤

من خـۆمم ئەوان ڕوونووسی خـەڵکین
ئـەمـن هـەراش و ئـەوان زارۆکـن
من خـۆمم ئەوان تـاپۆی خـودی من
مـن داهـێـنـەرم ئـەوان دزۆکـن

ژیانی

پیـربالّ کوڕی مـەحـمـوود لە سـاڵی ١٩٣٤ لە هەولێر لـە دایک بووە. تەنیـا بـەناوی خـۆی و بـاوکی لە ناو خـەڵکیـدا ناسـراوە و لە ژیانی ئەدەبیـدا بـەکـاری هێناوە. نەیویستـووە بەهیچ ناو و نازناوێکی دیکەوە بناسـرێ. باوکی لە ڕووی داراییـیەوە دەست درێژ نەبووە، دایکی لە خێزانێکی ئایینی سـەر بە مزگەوت و شـەریعـەت و تەریقـەت بـووە. قـوتابخـانـەی سـەرەتایی لە هـەولێـر تەواو کـردووە، لـە قـۆنـاغی خـوێندنی ناوەندی و ئـامـادەیی گـەیشـتـۆتە پۆلی پێنجـەمی بەشی ئـەدەبی بەڵام تەواوی نەکردووە. لە سـەردەمی لاوییەتیدا بـاوکی کۆچی دوایی کردووە، چێژی لە ئەدەب وەرگـرتووە، لە سـیـاسـەت نزیک کـەوتۆتـەوە، بیـری لـەگـەڵ بێ نـەوایان و زەحمەتکێشاندا بووە. بۆ دابینکردنی گوزەرانـی لە دوای وازهێنانی لە خوێندن بە مووچەخۆر لە کارگێڕی شارەوانی هـەولێر دامەزراوە. لە سـاڵە نەهاتەکەی عیراق و کوردسـتانی عیراق لە دوای کوودیتا فاشـستییـەکەی ٨ی شوباتـی سـاڵی ١٩٦٣ی بەغدا لەگەڵ کەسانێکی یەکجار زۆر گیراوە. لە پاش ئازادبوونی لە دوای دوو ساڵ گەڕاوەتـەوە هـەولێر. لە سـاڵی ١٩٦٥ بۆ بەڕێوەبردنـی ژیانی دارایی خەریکی کاری ئەرزوحـاڵ نـووسی بووە و کـاروبـاری زەوی و خـانـوو فـرۆشـتنی لە تاپۆ بۆ خـەڵکی

گەیاندۆتە ئەنجام. لە ساڵی ١٩٦٨ بەمووچەخۆر گەڕاوەتەوە کارگێڕی شارەوانی هەولێر و لە بەشی تایپرایتەر دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٨٣ خانەنشین کراوە.

کە خانەنشین کرا تا دوایی ژیانی لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەرییەوە نزیک بوو. لەسەر هەندێ لە بەرهەمی ئەدەبی لە شیعر و پەخشان دەژیا، سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی دەکرد لە کتێب و ڕۆژنامە و کۆوار. لە ساڵانی دوایی ژیانیدا نەخۆشیی دڵ ئازاری دەدا، تا ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

شیعری

پیربال لە منداڵییەوە هەوەسی لە شیعر بووە، حەزی لێ کردووە، توانای لەبەرکردنی بەهێز بوو، زوو شیعری لەبەر دەکرد، بۆ ماوەیێکی زۆریش لە بیر نەدەچووەوە. ئەم دیاردەیە بەهرەی گوێی مۆسیقی لە لا دروست کردبوو. خانەکانی ناو مێشکی پڕبوون لە وێنە و ئاوازی گەلێ لە شیعری کوردی و عەرەبی و تورکی. خانە بەتاڵەکانی ناو مێشکی دەیانتوانی هەندێ لە تارمایی ئەو وێنە و ئاوازانە بدزن و بەشێوەیێکی دیکە بیانکەن بە بەرهەمی شیعری. بەرهەمی پیربال هەمووی ناچێتە ناو ئەم بابەتەوە شیعری هەیە داهێنانی خۆی پێیانەوە دیارە.

یەکەمین نووسینی پیربال پارچە پەخشانێک بووە لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە ساڵی ١٩٥٥ لە کۆواری «هەتاو» لە هەولێر بڵاوی کردۆتەوە. لەودەمەوە لە گەلێ ڕۆژنامە و کۆواری کوردی و هەندێکی عەرەبی شیعر و نووسینی هەیە. جگە لەوە لە بڵاوکردنەوەی شیعری لە سیپارە و کتێبی بچووکدا چالاک بوو. ناوە ناوە شیعرە بڵاوکراوەکانی جارێکی دیکە لە دوو توێی کتێبدا دەیگەیاندنە خوێنەر. هەندێ لە بڵاوکراوەکانی «لافاو» (کەرکووک ١٩٥٧)؛ «بەهەشتی دڵداری» (کەرکووک ١٩٥٨)؛ «بزەی سروشت» (بەغدا ١٩٨٥)؛ «مەرگی نەوجەوانێ» (هەولێر ٢٠٠٤) و هی دیکە بوون. پیربال بەڕاستی لە شاعیرییەتی خۆی گەیشتبوو، ئەوەی لە دڵی ڕەخنەگردا بوو خۆی دەریدەبڕی و دەیووت: «من هەواکارم پیشەکار نیم» بەو مانایەی هەوەسی شیعری هەیە و شیعر نەبووە بەپیشەی. سەرچاوە بنچینەییەکانی بۆ پەیداکردنی زانست و زانیاری لە بابەت ئەدەبەوە بەتایبەتی شیعر دیوانی شاعیرانی کوردی کۆن و نوێ بوو. ڕێبازی ڕۆمانتیزمی زۆر پێ خۆش

بوو، لەبەرئەوە بەرهەمی شاعیرانی مەهجەری عەرەب و جەماعەتی ئەپۆلۆ و شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی میسر و لبنان بەتایبەتی عەلی مەحموود تەهای موهەندس سەرچاوەیێکی گرنگ بوون بۆ مشتومالّ کردنی بیر و چێژ و خەیالّی پیربالّ. شاعیر بەسەلیقە لە زۆربەی بابەتەکانی شیعری کوردی سەردەمی خۆی دەنووسییەوە. هەردوو جۆرە کێشی بەحری عەرووزی و کێشی سیلابی خۆمالّی بەکارهێناوە. لە قافیەدا یەکێتیی قافیە و جووت قافیە (مەسنەوی) و قافیەی ڕەنگاورەنگی هەیە. لە بابەت ڕوخسارەوە «شیعری نوێ»ی هۆنیوەتەوە، واتە ئەو شیعرەی لە تاکێکدا زیاتر لە کێشێک و قافیەیێک بەکار دێنێ.

بەگشتی پیربالّ بایەخ بەکێش و ڕیتم و مۆسیقا دەدا، ئەوەندە بەتەنگ ماناوە نییە، لەبەرئەوە هەرچەندە زمانی ڕەوانە، میللییانە و زمانی قسەکردنی ڕۆژانەیە و مۆرکی دیالێکتی ناوچەیی هەولێر (سۆرانی) پێوەیە، بەلاّم هەندێ جار وشە و تەعبیری وا بەکار دێنێ بەم کارەی مانا دەکاتە قوربانی کێش و ڕیتم، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەو جۆرە دێڕانە لە شیعریدا قورس خۆیان نانوێنن و بەناسکی دەکەونە بەرگوێ و ناودلّی خوێنەرەوە.

نموونەی شیعری

لەسەر گۆڕی یار

پیربالّ لە تافی لاویدا لەگەلّ کچێکی خزمی خۆی پەیمانی دلّداری بەستووە. لەناکاو و لە سەردەمێکی چاوەنۆڕ نەکراو لە سالّی ١٩٥٥ سەعادەتی دەسگیرانی جوانەمەرگ دەبێ. ماتەمنامەی بەکولّی بۆ ئەم خۆشەویستە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

لەسەر گۆڕت وەکو بولبول ئەنالّێنم هەتا ماوم
دوای ڕۆیینی تۆ گێتی هەموو ڕەش بوو لە بەرچاوم
سەراپا گولّخەنی ژیلە و زوخالّە گیانی سووتاوم
هەموو قورگی غەم و ئێش و گرینە ژینی ڕووتاوم
دەبا ون بێ لە پاشی تۆ لە ڕووی ئەم ژینەدا ناوم
لەبەر مەرگی سیاهی تۆ وەها سیس و پەشۆکاوم

وەکو ئەستێرەیی گەش بووی لە ئاسمانی ژیانم تۆ
گولاوی کامی بێ غەش بووی لە باغی بێ زیانم تۆ
گزنگی خۆری گەردوش بووی لە تافی بەربەیانم تۆ
پریشکی ئاڵی ئاتەش بووی لە ئومێدی نیانم تۆ
فریشتەی شەنگی ئەندێشەم دلارامی درەوشاوم
تەلاری پەیکەری بالام پەرستگەی بەرزی ڕووخاوم

لەم لاواندنەوەیەدا شاعیر شین بۆ کەسێک دەکا بووە بە بەشێک لە پەیکەری خۆی وەک دیاردەیێکی مەتریالی، هەروەها بووە بەشێک لە گیان و دڵ و دەروونی. بە مردنی ئەو بەشە، بەشەکەی دیکەی کە ماوەتەوە شاعیر خۆیەتی چۆن دەتوانێ بژی! ئەگەر لەش چارەی بکرێ، گیان چۆن دەتوانێ بە لەتکراوی و نیوەچڵی بژی. ئێشی ئەم دوورکەوتنەوەیە گران کەوتووە. ناخی دەروونی شاعیر لە جووڵانەوە دایە، ئۆقرە ناگرێ، چونکە جوانی وەک ئەوەی لە دەستی چوو نەبووە و نابێتەوە. لەم بابەتەوە دەڵێ:

جوانی من جوانێ بوو بەدڵ وەک شەونمی گوڵ بوو
خەونگەی وێژەوانێ بوو کە وێژەی مەشخەڵی دڵ بوو
لە شێوەی ئەرخەوانێ بوو هەمیشە شایەنی چڵ بوو
چ سووچێکی نەبوو نا نا سروشی زەنگی بولبول بوو
ئیتر بۆچی لەپڕ هاتی بەرەو بەختی بریقاوم
ڕماندت کۆشکی ئاواتم وەراندت نێرگسی لاوم

ئەو پەیکەرە ونبووەی شاعیر شەونمی گوڵ بوو، سەرچاوەی ئیلهامی شاعیر بوو، شاعیر خۆشی بولبول بوو. مەرگ ڕیشەی دڵداری لە بن هەڵکەند و شاعیری تووشی ڕەشبینی بوو. پیربال بەم دێرانە کۆتایی بەقەسیدە شەشینەکەی دێنێ:

کە کۆچی کرد نیگاری من ئەمن بۆ کۆچ نەکەم کاکە
لەبەرچی من بمێنم وا ئەویش بنوێ لە ئەم خاکە
لە نێو گۆڕێکی تاریکا کەوا شوێنێکی سامناکە
دەبا بمرم منیش وەک ئەو نەمانم مردنم چاکە

له ئەو ژینەی کەوا تاڵە لە شێوەی ئەشکی شاراوم
کە ئەیرێژم لەسەر مەرگی ئومێدی پاکی ژاکاوم
لەتەک ئەو گۆڕە بمنێژن کە دەورەی بێ درِ و داڵە
کە بەرگی خۆڵەکەی بەردی سیاه و قاوەیی و ئاڵە
لەسەر کێلی گەرا قوپم کە ڕەمزی مردنی تاڵە
بنووسن ناوم و ناوی (سەعادە)ی شەنگ و (پیرباڵ)ە
لە زین و مەم زیاتر بووین بەڵام ئەو چوو ئەمن ماوم
فەلەک تەختت سەرەنگوون بێ بەدەستی تۆ پەشووکاوم

شاعیر لە ناو تەمومژی ئەشکەوتێکی ئەفسانەیی پڕ لە ترس و لەرز پەیکەری قووپاوەی خۆی دەبینێ. باکی بەوە نییە خۆی چی جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیێک دەچێژێ، لەو ئانەدا گیانی لە ناو لەشی سەعادەتی خۆشەویستی تواوەتەوە. ئەشکەوتەکە ڕەمزی ئەو گۆڕەیە نازەنینەکەی هەتا هەتایە تێیدا خەوی لێ کەوتووە. ئاواتەخوازی ئەوەیە زوو بگاتە سەعادەت کە ئەوپەڕی بەختیارییە بۆی و لەسەر گۆڕیشی ناوی هەردووکیان بنووسن بۆ ئەوەی هەموو ڕێبوارێک یادی ئەو دڵدارییە بکاتەوە.

فەرامۆشم نەکەی

لە لیریکێکی وەسفدا پیربال دیالۆج لەگەڵ دلبەری دەکا:
بەیانان کاتێ گوڵ پشکووت لە گوڵزاری گوڵەندامان
خوداوەندی جوانی هاتە بانیژەی دلارامان
شەرابی پاکی پیرۆزان درەوشاوە لە نێو جامان
لەوێدا لەو کەیفگایەی کە تێدا بووین لەگەڵ ڕامان
فەرامۆشم نەکەی گیانە ئەمن شایانی بالاتم
هەتا ماوم لە دنیادا تروسکەی ئاڵ و والاتم
لە هاوینا لە کاتێکا کە خۆر هەڵهات لە پشت کێوان
قژی تاڵ تاڵ و زێڕینی ڕژایە سەر بەی و مێوان
لە کاتی هەر دڵی مەست بوو بەمیسک و عەنبەری لێوان
لەوێدا لەو کەیفگایەی کە بۆ تۆ هۆشمی شێوان

فــەرامــۆشم نـەکــەی گـیــانـە ئەمن شــایانـی باڵاتم
هـەتـا مـــــاوم لـە دنیـــــادا ترووسکـەی ئاڵ وواڵاتم
لە پـاییــزدا لە کــاتێکا کــە دار ڕووتـە لە کــۆســاران
کـەو و قومـری بەکوڵ گـریان لەســەر ئاواتی شاکـاران
لە کــاتێ گــەردەلوولـی بۆر ســوپـای هێنا وەکــو هـاران
لـەوێدا لـەو بەزمـگـایەی کـــە تـۆم لـێ دی لەگـــەڵ یـاران
فــەرامــۆشم نـەکــەی گـیــانـە ئەمن شــایانـی باڵاتم
هـەتا مـــاوم لەگـــوڵشــــەندا ترووسکەی ئاڵ و واڵاتم
لە زســتــاندا لە کــاتێکا هەور گــرمــا لە گــوێی دۆڵان
گــەواڵە کــردییــە ڕێژنە لـەســەر خــاشــاکی زەندۆڵان
لە کــاتێکا گــیــا و گــوڵت ئـەدەیتــە پۆلی ئاسکۆڵان
لـەوێدا لەو ژوانـگـایەی کـــە ڕۆڵی دی لە نێـــو ڕۆڵان
فــەرامــۆشم نـەکــەی گـیــانـە ئەمن شــایانـی باڵاتم
هـەتا مـــاوم لـە گـــوڵشــــەندا ترووسکەی ئاڵ و واڵاتم

هۆی لـە دایکبـوونی ئـەم لیـریکەی پیـربـاڵ بەم جـۆرە بوو: لـە سـاڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لە ماڵان شیـعری کوردی دەخوێندرایەوە. جارێکیـان لە هەڵبـژاردەی یەکێ لە دەستنووسـە بەنرخـەکانی نەجمـەدین مـەلا بەناوی «سـۆزی نیشتمان» (١٩٤٥)، لیریکێکی چوارین بەند بەناوی گۆرانەوە تۆمار کرابوو خوێندرایەوە، بەندی یەکەم و دوایی ئەمانەی لای خوارەوە بوون:

لە گــوڵزارا لە ســـەرچاوەی بـەهارا
لە چیـمـەن دا لە بن سـایـەی چنارا
لە گـوڵشـەن دا لەگـەڵ ناڵەی هـەزارا
فـەرامۆشم نەکەی من گیـرۆدەی تۆم

***

لە گـەنجی دا لەســەر تافی جـوانی
کە گەردوون ڕانە گیـانە تۆ شـوانی

له وەخـــتی لێ ئەدەی لافی جـــوانی
فەرامۆشم نەکەی من گیرۆدەی تۆم

له دوای ئەوەی پیربال گوێی له شیعرەکە گرت، بۆ خۆی نووسییەوە، ئینجا له پاش چەند ڕۆژێک له کۆبوونەوەی شیعر خوێندنەوە لیریکەکەی خۆی خوێندەوە. بەئاشکرا دیارە شاعیر ئیلهامی له شیعرەکەی گۆران وەرگرتووە، بەڵام مانا و وێنەکانی شیعری پیربال جیاوازن لەگەڵ ئەوەی گۆران. نیو سەدە بەر له ئێستا پرس لەسەر ئەم شیعرە هەبوو، ڕاستە نەجمەدین مەلا بەناوی گۆرانەوە تۆماری کردووە، بەڵام ئەم شیعرە لە ناو شیعرە بڵاوکراوەکانی گۆراندا نییە، له نێوەندی ئەدەبی کوردیدا هەندێ کەس بەشیعری ئیبراهیم ئەحمەدی دادەنێن، هەندێکی دیکە بەشیعری ڕەشید نەجیب (فەرامەرز)ی حسێب دەکەن. هەرچۆنێ بێ شیعرێکی جوانە. پیربال له دانانی شیعرەکەیدا سەرکەوتووە ئەگەر هەندێ ڕستە و تەعبیری نائاسایی بەداهێنان بۆی بژمێررێ.

جگە لەوە هێمن له پێنجینێکی دا بەناوی «تۆم هەر له بیرە» دەڵێ «له شایی دا له وەختی هەڵپەڕینا...» ئەم شیعرەش له هەوا و کێش و ڕیتم دا لەگەڵ شیعرەکەی دیکە یەکتری دەگرنەوە.

هەڵبەستەکانم

له شیعرێکی کۆمیدی ئامێزی پڕ له قسەی سووک له بابەت شیعری خۆیەوە پیربال دەڵێ:

شیعرەکانی من قوماشی خۆمن
شیعرەکانی وان پینە و پەڕۆکن
من خۆمم ئەوان ڕوونووسی خەڵکین
ئەمن هەراش و ئەوان زارۆکن
من خۆمم ئەوان تاپۆی خودی من
من داهێنەرم ئەوان دزۆکن
ئەمن گوڵاوی گوڵشەنی کوردم
ئەوان وردە بای نێو ڕیخەڵۆکن

کــــاتێ دەچڕن لەســــەر شــــانۆدا
گـــوێگران دەڵێن هەر خـــاپەرۆکن
بێ تام و چێـــژ و بۆن و بەرامــــەن
بـــێ ڕواڵـــەت و بـــێ نـــاوەرۆکـــن
توورگی ســەفین و پیــرەمــەگــروونن
ڕێوی کــەرکـووک و زاخــۆ و دهۆکن
لــە دیوی دەرێ زێــڕی تیـــــــزابـن
لــە دیـوی ژۆریــش بــەردی بـلـۆکـن
هەر ڕۆژێ چەشنە بـەرگێ دەگـــۆڕن
نازانم مـــارن یا مـــارمــــیلۆکن
قـــەنقـــەڵاشکی نێـــو دار و دەوەنن
قـەنقـەڵاشکی چی! حـوشـتـرالۆکن
گەر بڵێم سـەگن سـەگ ئەمـەکداره
ڕێوی فــێـڵـبــاز و کـتکی بزۆکن
گـــوژاڵکی تاڵ و خــــڕنووکی ژاڵن
بـانـی تـەپـی وو زەوی ڕفـــــــۆکـن
من خـۆر و ئەوان هێلەگی کون کون
من مـــانگم ئەوان ســـەگی چەپۆکن
گــەواهی قــســـەم چەند بەڵگەیێکە
بۆ تاوانیــــان وەک کـــــەتەلۆکن
گۆشت بۆ قەسساب و نان بۆ نانەوا
من کـێـرد و چەقـۆ ئـەوان تیـرۆکن

شاعیر ڕیالیزمیـانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بیروڕای خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کەسـانەی خۆیان بەشـاعیر دادەنێن و بەڕاستی شـاعیـر نین، ئەو بیـروڕایانەی بەڕستەی جوان و وێنەی شیعری داهێنراو دەڕازێنێتەوە. شاعیر لێرەدا ستایشی خـۆی دەکا، جـا ئەوەی دەری دەبڕێ بەرامـبەر بەخـۆی ڕاست بێ یا ڕاست نەبێ

گرنگ نییە، بەڵام لە کۆمەڵدا کەسانی وا هەن لافی شاعیرییەتی لێ دەدەن کەچی ئەوە نین. ئەگەر ئەم شیعرە لە مانای پلەی شاعیرییەتی پیربال دەربهێنرێ و ببێ بەموتڵەق، وەک شیعرێکی داهێنراوی بەرز دەکەوێتە ڕوو. بێ گومان مەبەسی بنچینەیی لە هەموو داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری ئەوەیە لەو قاوغەی بۆی دانراوە بچێتە دەرەوە و ببێ بەموتڵەق.

لەم شیعرە و لە هەندێ شیعری دیکەی پیربالیش وشە و ڕستەی وا دەکەونە بەرچاو لە لێکسیکۆنی زمانی کوردی نەبیستراون لە ڕووی دەستووری زمان و مانای وشەکانەوە، خۆی دروستی کردوون و بەرگرییان لێ دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەوەی ئەو نووسیویەتی ئەویش ڕاستە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبی کوردی.

***

پیربال مەحموود کەسێک بوو زیرەک و هوشیار. شیعری خۆش دەویست، بەبێ شیعر خوێندنەوە هەڵی نەدەکرد، بیری تیژ بوو بۆ لەبەرکردنی شیعر، گوێی مۆسیقی بەهێز بوو. توانای ئەوەی هەبوو قسە و گفتوگۆی ڕۆژانە بخاتە ناو چوارچێوەی وتەی کێش و قافیەدار. شیعری لەسەر بەحری عەرووز و کێشی سیلابی خۆماڵی هۆنیوەتەوە، یەکێتیی قافیە و جووت قافیە (مەسنەوی) و قافیەی ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. هەوای ڕۆمانتیکی بەسەر شیعرییەوە دیارە، بایەخی بەدڵداری و وەسف داوە. شیعری کۆمەڵایەتی هەیە، لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بەدوور نەبووە. شیعری پیربال بەزۆری کێش و ڕیتم و مۆسیقایە. زۆر بایەخی بەناوەڕۆک نەداوە. هەندێ شیعری کلاسیکی و نوێی کوردی و عەرەبی بوون بەسەرچاوە و ئیلهامیان داوەتە پیربال شیعری جوان بهۆنێتەوە وەک ڕەنگدانەوەیێکی ئەو شیعرانە.

جەلال میرزا کەریم

بەشی چل و هەشتەم

جەلال میرزا کەریم

١٩٣٥ - ١٩٩٣

خنکاین! خنکاین!
لە دووکەڵی بوخوردی درۆی ئاشتی یا
برژاین! برژاین!
لە دۆزەخی بەهەشتی پڕ سوێی ئاشتی یا

ژیان و شیعری

ژیانی

جەلال میرزا کەریم لە ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی لە دایک بووە. ماڵی باپیرانی لەگەڵ بناغە لێدانی شاری سلێمانی لە سەدەی هەژدەم لە قەلاچۆلانەوە هاتوونەتە شاری تازە. لە گوزەراندا دەست ڕۆیشتوو و دەوڵەمەند بوون. خوێندنی بەرایی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی بووە.

جەلال لە خێزانێک پەروەردە بووە باوک و کەسوکاری هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بوون، وایان دەزانی بەو ڕێگەیە و بەهۆی ڕووسیاوە (یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە) کورد دەگاتە شادبوون بەمافی نەتەوایەتی. بەم جۆرە جەلال لە منداڵییەوە بەخۆڕسک و لاساییکردنەوەی دەوروبەری خۆی بووە بەهەڵگری ئەو فەلسەفەیە. لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە لە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی عیراق بوو و مەشقی بەربەرەکانی کۆنەپەرستانی دەکرد. لە تەمەنی شازدە هەڤدە ساڵیدا لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی بۆمبای تەقینەوەی فڕێ دایە ناو سەرای سلێمانی و لە خۆپیشاندانە سیاسییەکانی دژی دەسەلات بەشداری دەکرد. لە ساڵی ١٩٥٦ لەو کاتەی ئەندامی ڕێکخراوی قوتابیانی عیراق بوو و تەرمی شێخ مەحموودیان لە

بەغداوە هێنایەوە سلێمانی لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بوو، لە دواییدا گیرا. دادگا فەرمانی سێ مانگ بەندکردن و ساڵێک دەستبەسەری بۆ دەرکرد، ئەم ماوەیەی لە شاری بەدرە بردەسەر.

لە دوای کوودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا بوو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٥٩ بوو بەکارگێڕی کۆواری «هیوای کوردستان» ئۆرگانی یەکێتیی قوتابیانی عیراق لە سلێمانی. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەهۆی سیاسەتی دیکتاتۆری عەبدولکەریم قاسم لە عیراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی هەڵسوکەوت نالەبار بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ لە یادی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ سلێمانی جارێکی دیکە گیرایەوە. فەرمانی دوو ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچوو، ماوەی زیندانییەکەی لە بەندیخانەی شاری حیللە لە باشووری عیراق بردەسەر. لە دوای ئازادبوون گەڕایەوە بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی وەک مووچەخۆرێک دامەزرا و چەند ساڵێک لەوێ مایەوە.

لە ساڵی ١٩٧٠ بەئەندامی دەستەی نووسەرانی کۆواری «بەیان» هەڵبژێررا. ئەم چاپەمەنییە لە لایەن کارگێڕی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی سەر بەوەزارەتی ڕاگەیاندنی عیراق لە بەغدا بڵاودەکرایەوە. تا ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێ کردەوە لە نێوان دەسەڵاتی بەغدا و بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد جەلال بەغدای بەجێ هێشت و ڕووی کردەوە شاخ. لە ساڵی ١٩٧٦ ژیانی ئاوارەیی هەڵبژارد و ڕووی کردە ئەمەریکا. لە دواییدا وتبووی باشتر ئەوە بوو نەچوومایە ئەمەریکا، چونکە پەنابەری سیاسی لەوێ نەبوو و نەدەدرا بەکەس. لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئەمەریکا ئۆتۆمۆبیل لێی دابوو و لەشی تێکشکاند بوو و تووشی نەخۆشیی لەرزۆکی کردبوو.

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عیراق جەلال گەڕایەوە نیشتمان. لە ئەیلوولی ١٩٩٢ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردستانی عیراق لە هەولێر دامەزرا. لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی نەخۆشی دڵ لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژرا.

شیعری

لە تەمەنی دەوروبەری بیست ساڵیدا خەیاڵی شیعری لای جەلال خەملێوە وەک دیاردەیێکی هونەری مێشکی خزاندۆتە ناو هەست و نەستی ناوەوەی، لە کەسێتی خۆیەوە تەقیوەتەوە، لە سەرەتادا پێوەندی بەئێش و ئازاری کۆمەڵەوە نەبووە. لای ئەم شاعیرە کەسێتی ئەدەبی و رۆشنبیری لە تەمەنی سی ساڵیدا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم دروست بووە. زۆربەی شیعری لە رۆژنامە و گۆوارەکاندا لە ناوەوە و دەرەوەی نیشتمان بڵاوکراونەتەوە، هەندێ بەشی لە نامیلکەی بچووک گەیشتوونەتە دەستی خوێندەواران.

جەلال مەشقی شیعری عەرووزی و کێشی شیعری میللیی سیلابی خۆماڵی نییە. لەو شاعیرە تازانەیە بەشیعری نوێ دەستی پێ کردووە. کۆمەڵێک لەو شیعرە نوێیانە لە ناوەوە بووە بەشی ئەوەیان کردووە گوێی مۆسیقی لای جەلال دروست بکەن. شیعری لە رووی ڕوخسارەوە لە پارچەی لیریکی و قەسیدەی درێژ (پۆیێم) پێکهاتووە. لە هەر شیعرێکیدا چەند کێشێکی خۆماڵی و چەند قافیەیێک بەکار دێنێ وەکو لیریکی نوێی نەتەوەکانی سەر رووی ئەم زەوییە. بێ گومان کاری ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا تا پلەیێک بەسەریانەوە دیارە.

لە ناوەڕۆکدا شیعری دەچێتە خانەی ریالیزمی کۆمەلایەتییەوە، لە پێشانا خەریکی سۆزی دڵداری ناوەوەی دەروونی خۆی دەبێ، ئینجا هیوا و ئامانجی گەلی کورد لە پێناوی رزگاریی نەتەوە (کوردایەتی) دەبێتە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ دانانی شیعری. ئیدیای ئەنتەرناسیۆنالیزم و بیرکردنەوە لە چارەنووسی مرۆڤایەتی هەوێنی هەندێ لە بەرهەمەکانیەتی. ناوەڕۆکی شیعر لای جەلال هەندێ جار بەشێوازی رۆمانتیکی و هەندێ جاری دیکە بەشێوازی سیمبۆلی لە پارچە شیعرێکی لیریکیدا دەخاتە روو. جاری وا هەیە هەردوو شێوازەکە تێکەڵ بەیەکتری دەکا و مانا دەچێتە ژێرەوە وبەرهەمەکە قورس دەکەوێتە بەرگوێ، بەلام کێش و ریتم و مۆسیقا رەوانن.

شیعری جەلال رەنگدانەوەی بیروڕای سیاسی و ئیدیۆلۆجی خۆیەتی. شاعیر بەراستی بۆ مەسەلەکە چووە کەوا زان دەکا ئەدەب نابێ راستەوخۆ وەرامی تیۆرییێکی زانستی یا ئیدیۆلۆجی بێ، واتە وەرامی خواست و ئارەزووی هیچ

ڕێکخـراو و پارتـیـیـێکی سـیـاسـی بێ. داهێنانی ئەدەبی بۆ هەمـوو توێژەکـانی کۆمەڵە، ئەگەر بۆ تاکیش بێ لە دوایی دەبێتە هی کۆمەڵ، هـەروەها بۆ تاقمێک و توێژێک و چینێکی دیاریکراویش نییە. ئەدەب لـە سیاسـەت گەورەتر و فراوانترە. داهێنانی ئەدەبی و هونەری بەبێ سیاسەت سـەر دەگرێ، بەڵام بەرهەمی ناوەڕۆک سیاسی و ئیدیۆلۆجی بەبێ جوانکاری سەرناگرێ.

نموونەی شیعری

١

لە لیریکێکیدا جەلال بەناوی «خۆشەویستییێکی شێتانە» دەڵێ:

گیانە! نەمویست
بەم چەند دێڕە
لاڵ و کوێرە
بڵێم تۆم ویست
چونکە هەرچی وزە و توانای
شیعرە هەمە
هەڵیڕێژم بۆتی بڵێم
هێشتا کەمە
ڕەنگە نەغمەی شیعر وتن
تەواو ببێ
ساز و دەنگی پیا هەڵوتن
تەواو ببێ
گوڵ هەڵوەرێ
هەزار بمرێ
بەڵام هەتا ڕووی تەبیعەت
وا والا بێ
هەرگیز هەرگیز جوانی ئافرەت

تەواو نابێ

***

وەک شاعیرێک شیعرەکانم

هەر بەموڵکی خۆم نازانم

بەڵام وەک دڵدارێک کە هەم

وا تێ ئەگەم

هەر جوانی ئافرەت پەرستم

هەر بۆ ئەویش خۆشەویستم

***

من ئەمەوێ هەر وەکو شێت

ڕێ بگرم لێت

هەر چیم بوێ

داوای کەم لێت

من ئەمەوێ گوڵی ئاگر

لەجیاتی زێڕی ساردوسڕ

بکەم بەقژی ژاکاوتا

بە بەرۆکی وەک هەتاوتا

***

وەک ڕێبوارێ

بست بست دنیای جوانت پەیکەم

وەک باڵدارێ

ئاسمانی پەنهانیت تەی کەم

وەکو شێتێ خۆشەویست بم

وەکو شێتێ تۆ پەرست بم

لە بەندی یەکەمی شیعرەکەیدا جەلال وەسفە هەمیشەییەکەی دڵداری دەکا، بەڵگەی ئەو دڵدارییە ژنە. هەوا و هەناسەیێکە لە ئەقڵی تەرکیبییەوە هەڵقوڵاوە. ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کۆن لێی دوور بووە. ئەدەبی ڕۆژئاوای کۆن و تازە نموونەی

هەیە. بەلای شاعیرەوە ئەو شیعرەی ئێستا دەیڵێ و ئەوەی وتوویەتی بەشی ئەو دڵدارییە ناکەن. ژن ماکی بنچینەیی دڵدارییەکەیە، چونکە ئەگەر گوڵ نەمێنێ و بلبل لەناوبچێ، تەنیا سروشت بمێنێ جوانیی ژن بێ پایانە و تەواو نابێ. لێرەدا دیسانەوە سێ کوچکەی سۆفیزمەکە لە دڵدار و دلبەر و سروشت دروست دەبێ.

لە بەندی دووەمدا ئەوە دەردەبڕێ شیعر پێویستە لە هەموو شتێکی دیکە خۆشەویستتر بێ لای شاعیر، کەچی ئەو جوانی ژن دەپەرستێ و لە شیعرەکانی خۆشەویستترە، چونکە ئەگەر ژن نەبێ شیعریش نابێ.

لە بەندی سێیەمدا ئەوە دەخاتە بەرچاو شاعیر ڕێ لە خۆشەویست دەگرێ، دەیەوێ هەرچی ئارەزوو دەکا لێی داوا بکا. ئەو جوانییەی قژە ژاکاوەکەی سەر سنگ و مەمکی ڕەنگیان لە هەڵاوی ئاگر وەرگرتووە نەوەکو زێڕ.

لە بەندی دواییدا دەڵێ گێتیی جوانی ئەو خۆشەویستە بێ پایانە، ئاسمانی نهێنییەکانی فراوانە، ئارەزوو دەکا وەک ڕێبوارێک و باڵدارێک جوانییەکان بدۆزێتەوە و نهێنییەکان ئاشکرا بکا. لە دڵداری ڕاستدا ئەقڵ ون دەبێ، شێتی ڕەمزی دڵدارییە.

٢

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩ جەلال لیریکێکی هۆنیوەتەوە بەناوی «وەرزەکان». ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕۆژە ڕەشەکانی دوای بەهاری ساڵی ١٩٧٥ بوو، ساڵی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق. لەودەمەوە ساڵ دوازدەی مانگ و هەموو وەرزەکانی ساڵ ڕۆژانی ڕەش بوون. سەرەتای شیعرەکە بەم بەندە دەست پێ دەکا:

چوار وەرزی ساڵ
لە دامێنی ئاسمانی وڵاتی منا
لە چوارچێوەی بێ کۆتایی
تەمەنی ئاواتی منا
بۆتە ئاوێنەی ئاوەژووی
مێژوویێکی ئێجگار جەنجاڵ

لەم پێشەکییەدا بۆ وەرزەکان شاعیر دەڵێ لە نیشتمانی مندا وەرزەکان گۆڕاوون، وێنەی ڕاستیمان نانوێن وەکو وڵاتانی دیکە، ڕووداویان بەپێچەوانەی نیشتمانی خەڵکی ڕووی ئەم زەوییەیە.

ئینجا لە بابەت بەهارەوە دەڵێ:

بەهارمان دێ و لەجیاتی نێرگسی دیاری
چۆڕاوگەی خوێن
بەری دەرگای نەورۆز ئەگرێ
لە یادی ناشتنی تەرمی دوێنێی پڕ لە نادیاری
لیستەیێکی تری قوربانی
لە بەردەم دەرکی سەرادا هەڵئەواسرێ

لافاوی خوێن لەباتی چەپکە نێرگس هێرش دەباتە سەر دەرگای نەورۆز. ئێمە دوێنێ یادی تەرمی شەهیدەکانمان دەکردەوە لەناکاو لیستەیێکی ناوی شەهیدانی دیکەیان لەسەر دەرگای سەرای سلێمانی هەڵواسی.

لە بابەت هاوینەوە دەڵێ:

هاوین دادێ و
خۆری چلە ئارەقەی گڕی لێ ئەتکێ
لێوی کانیاوەکان چین چین
بەدیواری خۆی هەڵئەستێ
لەجیاتی سروەی پڕ بزەی
سەرچاوەی زەڵم و بادینان و شەقڵاوە
گاز و بۆمبا و فڕۆکەیە
ڕەشماڵی مەرگی هەڵداوە

چلەی هاوینی گەرم ئارەقەی هەڵاوی لێ دێتە خوار، کانیاوەکان وشک بوون و قەراغی خۆیان دەخۆنەوە. لەباتی شەپۆلی ئاوی زوڵاڵ سەرچاوەکانی زەڵم لە شارەزوور، کانیاوەکانی بادینان و شەقڵاوە گاز و بۆمبا و فڕۆکە دەپژێنن.

لە بابەت پایزەوە دەڵێ:

وا سەردەمی بەرەو چوونی سروشتی گەڵاڕێزانە
پەڵە چەواشەی ساڵێکی کەس نەزانە
با هەڵوەرێ
غونچەی چاوی کووچەکانی ئومێدی شار
تازە خۆزگەی عیشقی ئیمڕۆ
ناچێتەوە بەر هەوارگەی پار و پێرار

لە وەرزی گەڵاڕێزاندا پەڵە سەری لێشێواوە، کۆڵانەکانی شاری سلێمانی ئەوەی ئەمڕۆ چاویان پێی دەکەوێ هەر ئەوەی پار و پێرارە. لە وێرانکاری بەولاوە هیچی دیکە نییە.

لە بابەت زستانەوە دەڵێ:

دیسان نۆرەی گەردەلوولی چەک لە شانی
خۆشەویستی هەڵچوونی بەرەو ئەشکەوتە
زستانە! شەوچەرەی هیوای
پێشمەرگەی ئەم کوردستانە لەت و پەتە
بێدارییە، تێرامانە لە یەکتری نەنوستنە
بۆ وەرزی نوێ ڕێگا بیر و چەک گرتنە

لەم وەرزی زستانەدا پێویستە چەک لە شان بکشێتەوە ناو ئەشکەوتی شاخ. ئەو شاخە نەبوایە، چەک لە شان نەما بوو، کوردیش نەدەما. لە ناو ئەشکەوتدا چەک لە شانەکان بێدارن، نانوون، تەنیا بیر دەکەنەوە بۆ ڕاپەڕینێکی دیکە.

٣

لە لیریکێکیدا بەناوی «سووتان لە ئاهەنگی ئاشتی یا» دەڵێ:

خنکاین! خنکاین!
لە دووکەڵی بوخوردی درۆی ئاشتی یا
برژاین! برژاین!
لە دۆزەخی بەهەشتی پڕ سوێی ئاشتی یا

کوژراین! کوژراین!
لە ژێر گەڵا زەیتوونی بێ بۆی ئاشتی یا
ڕزاین! ڕزاین!
لە ناو کۆشکی وەک زیندانی نوێی ئاشتی یا
***
پەنجەرەکان بکەنەوە
با هەڵمژین
هەناسەی شەهیدەکانمان
دەروازەکان بکەنەوە
با ببیسین
گۆرانیی پێشمەرگەکانمان
چاوی تفەنگ
زیانی دەنگ
هەڵبێننەوە
شاری گریاو
ژێر کەنەوە
باڵ بەکۆتری سەر بڕاو
بگرنەوە
لە سەنگەرا
لە سروودی تەواو نەبوونی جەنگاوەرا
داستانی تەمەنی ئاشتی
ئاشتی ڕاستی
بنووسنەوە

لەم شیعرەدا جەلال بەشێوەیێکی هونەری لە دیاردەیێکی باش و پێویست دەدوێ لە ژیانی مرۆڤایەتی کە ئاشتییە. دەبێ کەس هەبێ ئاشتی نەوێ! بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەم ئاشتییە بۆ مەبەسی ئامانجێکی دیاریکراو بەکار بهێنرێ

چاکەی بەهێزی تێدا بێ و بەخراپە بۆ بێ هێز بگەڕێتەوە، ئەمە گەمەیێکی ڕووسە سۆڤیەتییەکان بوو لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە بازرگانییان پێوە دەکرد بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆیان. شاعیر ئاماژە بەوە دەکا کورد کە چەک هەڵدەگرێ بۆ ئەوەیەتی ئاشتیی هەمیشەیی بکەوێتەوە. بێ گومان ئەم بیروڕایە لەوەوە هاتووە لە ڕۆژگارێکدا چەک هەڵگرتن و شۆڕش پێویست بوون، کەچی بۆ ڕۆژگارێکی دیکە دەست نادەن.

***

جەلالی میرزا کەریم دیاردەیێکی لەبار بوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا. نیشتمانپەروەر و شاعیر و نووسەرێکی بەدیمەن بوو. بەدرێژایی ژیانی باوەڕی بەهەر فیکر و ئیدیۆلۆجییەتێک بووبێ، وای زانیوە سوودی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووە. وەک شاعیرێک بەرهەمی کەمە، بەڵام لە پلەیێکی بەرزی هونەری دایە. ئاگاداری کۆمەڵی کوردەوارییە. لە دروستکردنی شیعردا زیاتر پێڕەوی ئەدگاری شیعری ئەوروپایی دەکا. هوشیارانە هەندێ بەڵگە و زاراوە و ناوی جێگە و ڕێگەی کوردەواری بەکار دێنێ، بەمە شەقڵی کوردی دەداتە بەرهەمەکەی، ئەگینا لە شیعریدا ئەگەر ئەم جەوهەرانە نەکەونە بەرچاو بیری خوێنەر و خوێندەوار بۆ ئەوە دەڕوا لە شیعری ئەوروپایی وەرگیرا بێ. شیعری جەلال نموونەیێکی جوان و بەفەڕی شیعری نوێی کوردییە.



دڵشاد مەریوانی

بەشی چل و نۆیەم

دڵشاد مەریوانی

١٩٤٧ – ١٩٨٩

کەسەکەم بۆ من نازانم وەها باوە
هەموو جۆرە دڵدارییێک کە کراوە
یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە

ژیانی

دڵشاد محەمەدئەمین مەریوانی لە ڕۆژی ٢٨ی مارتی ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەنجی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ بووە بەقوتابی لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا (ئەو کاتە ناوی کۆلێجی زمانان بوو). لە ساڵی ١٩٧٢ کۆلێجی ئەدەبیاتی تەواو کرد. یەکسەر لە کارگێڕی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دامەزرا. لەو دەسگایەدا لە بەشی ڕۆژنامەنووسیدا سەرپەرشتی کاروباری زمانەوانی چاپەمەنییەکانیانی دەکرد. لە دوای دوو ساڵ بەهۆی زیرەکی خۆی و دەرچوونی بەپلەیێکی بەرز لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات، لەو بەشە دامەزرایەوە وەک موعید، بەڵام ئەو کاتە موعەلیم جامیعییان پێ دەوت. هەرچەندە دڵشاد خاوەن شەهادەی بەرز نەبوو مافی ئەوەی هەبێ موحازەرە لە زانستگا بڵێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو کارەی پێ بسپێرایە بەسەرکەوتوویی دەیبردە سەر. بۆ بەڵگە لە ساڵی ١٩٧٤ کە نێوانی فەرماندەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا تێکچوو و خەڵکێکی زۆری کورد ڕوویان کردە ناو شاخ. بەشێکی زۆر لە

مامۆستا و قوتابیانی زانستگای سلێمانی شاریان بەجێ هێشت. بەشێک لە قوتابیانی بەشی کوردی زانستگای سلێمانی لە شار مابوونەوە. ئیتر بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانە زیانی ساڵێکی خوێندنیان لێ نەکەوێ مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤ ڕوویان کردە سلێمانی و پرۆگرامی خوێندنیان پێ تەواو کردن. دڵشاد مەریوانی یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی لە ماوەی دوو سێ مانگدا بەدرێژایی ڕۆژ لەگەڵیاندا بوو، فێری دەکردن و موحازەرەی بۆیان دەدا.

لە ساڵی ١٩٧٣ کە شیرین کەمال بوو بەقوتابی لە بەشی زمانی کوردی ناسیاوی لەگەڵ دڵشاد مەریوانی پەیدا کرد، ئەمە بوو بەهاندەرێکی دیکە شیرین بایەخ بەشیعر بدا و لە دواڕۆژدا ببێ بەشاعیر و نووسەر. لە ساڵی ١٩٧٦ دڵشاد مەریوانی بوو بەمامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی ناوەندی سەرچنار لە سلێمانی. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ شیرین کەمال بوون بەهاوسەر و بنەماڵەیان پێکەوە نا.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩ دڵشاد ڕووی کردە دەرەوەی نیشتمان ماوەی چوار مانگ لە سووریا و چیکۆسلۆڤاکیا و هەنگاریا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەو سەردەمە و سوید مایەوە بەئومێدی ئەوەی دەربازی ڕووسیا بێ بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا کەچی هیوای لەم بابەتەوە سەرنەکەوت و گەڕایەوە نیشتمان و چووەوە سەر کارەکەی پێشانی خۆی.

لەو ماوەیەدا جموجۆڵی خوێندەواری دڵشاد مەریوانی بەهێز بوو، بەکوڵ دەستی دابووە نووسین و کۆکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللیی سەرزار. زۆر ئاگاداری قوتابیانی بوو، لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵان وێنەی کەم بوو. چاوی ئاسایشی دەسەڵاتی پارتی بەعس بەدوایەوە بوو. لە ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ ئەفسەری ئاسایشی سلێمانی داوای دەکا و پێوەند دەخاتە دەستییەوە. تاوانی سەرەکی دڵشاد ئەوە بووە گۆیا قوتابیانی خۆی فێری ئەلفوبێی لاتینی کردووە. ئیتر بێ بەزەییانە هەندێ ڕۆشنبیری بەناو پێشکەوتنخواز دەکەونە پیلان دانان بەهۆی کوردی نیشتمانفرۆشی ئەڵقە لە گوێی پارتی بەعس و کاربەدەست لە بەڕێوەبەرایەتییە درۆزنەکەی ئەفتونۆمی هەرێمی کوردستان (١٩٧٤ – ١٩٩١) سوور دەبن لەسەر ئەوەی نووسینی کوردی

بەلاتینی تاوانێکە لە ئیسلام و عەرەب دەکرێ لەبەرئەوە پێویستە دڵشاد مەریوانی بکوژرێ.

کوشتنی دڵشاد مەریوانی بەیاریدەدەری کارگێڕی ئاسایشی سلێمانی سپێردرا بوو، ئەفسەرێکی پۆلیسی عەرەب بوو. لە کاتی بەئەنجام گەیاندنی تاوانی کوشتنی دڵشاد بەئەفسەرەکەی وتبوو: دەمێکە بڕیارتان داوە من بکوژن، زووکەن بڕیارەکەتان بهێننە دی! ئەفسەرەکە وتبووی: سەر دانوێنە. ئەویش بەشانازییەوە سەری بڵند کردبوو. ئیتر گوللەی بەنێوچەوانیەوە نابوو، لە پاشانا بەدەمانچە گوللەیێکی دیکەی بەسەرووی گوێچەکەیەوە نابوو. ئەم کارەساتە لە کارگێڕی ئاسایشی سلێمانی لە ڕۆژی ١٣ی مارتی ساڵی ١٩٨٩ ڕوویدا بوو. بەم جۆرە دڵشاد مەریوانیش بوو بەکاروانچییێکی دیکەی کاروانی قەڵەم و شۆڕش لە پێناوی کوردایەتیدا.

شیعری دڵشاد

دڵشاد شاعیرێکی خۆڕسک بوو، چێژی لە شیعری کلاسیکی وەردەگرت، زۆری لەبەر بوو چونکە زۆری دەخوێندەوە، دەمخۆشی لە هەموو شاعیرێک دەکرد کە شیعری جوانی بخوێندایەوە، بەڵام هەوڵی نەدەدا لاسایی شیعری کلاسیکی بکاتەوە، لەبەرئەوە بەرهەمی شیعری دەچێتە ناو بەرهەمی «شیعری نوێ»وە. لەمەدا بەتەواوی کێش و قافیەی شکاندووە، کەچی لە ڕووی مۆسیقییەوە دێڕە شیعری گەلێ ڕەوانە، شکانەکە تەنیا لە ژمارەی ئەو کێشانەیە کە لە لیریکێکیدا بەکاریان دێنێ، واتە کێشێکی زۆر و قافیەیێکی زۆرتر لە تەنیا شیعرێکدا بەکار دێنێ.

کاریگەری ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) زۆر بەهێزە لە شیعری دڵشاددا، لە یەکەم خوێندنەوەدا هەست بەم دیاردەیە دەکرێ، بەڵام لە پاشانا داهێنانی هونەری شاعیر بەسەر شیعرەکەدا زاڵ دەبێ و کاریگەرییەکە ون دەبێ. گەلێ جار دوو دیاردە ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەوە بەراوورد بکرێن لەوانەیە وەک دوو شتی پێچەوانەی یەکتری بکەونە بەرچاو، دڵشاد وەستایانە ئەم دوو شتە دەگونجێنێ لەگەڵ یەکتری تا ڕادەیێک هەردوو ئامانجەکە دەبن بەیەک. دوو شتەکە دڵداری و نیشتمانپەروەری یا کوردایەتین.

له هەمـوو تەمـەنی کـورتیـدا دڵشـاد شـیـعـری فـەرامـۆش نـەکردووە، بەرهەمی شیـعـری ئەوەی مـاوەتەوە کەم نیـیە، ئەگـەر خـەریکی بـابەتەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی نەبوایە ئەوانەی بە پەخشان دەنووسرێتەوە بێ گومـان بەرهەمی شیـعـری زۆر لەوەی لە بەردەست دایە زیاتر دەبوون.

کۆمـەڵێک شـیـعـری بەنامیلکە بڵاوکردۆتەوە لەوانە «فرمـێسک و زەردەخـەنە» و «پەلکەزێڕینـەش نامـۆ مـەکـەن» و «بـبن بەتیـشک» و «سـەمـفـۆنیـای وەنەوشـە»، کـۆمــەڵێکی دیکەش لە ڕۆژنامــە و کـۆوارەکـاندا بڵاوکـراونـەتەوە، جگە لـە هەندێ بەرهەمی شیعری دیکە کە تا ئێستا چاویان بەمەرەکەبی چاپخانە نەکەوتووە.

چیرۆک و درامای دڵشاد

کە دڵشـاد قـوتابیی کـۆلێجی ئەدەبیات بوو پێی دەووترا، هـەندێ لە چیرۆکەکانت سەرچاوەی شیعرن نەوەکو پەخشان، واتە ئەو چیرۆکانە دەکرێن بەپۆیێم (قەسیدە یا شیعری نیمچە درێژ) دەیووت وای پاش دەزانم وەکو هەیە، واتە ئەو چیرۆکانەی بەپەخشان نووسـراونەتەوە دەچنە ناو ئەو پەخشـانانەی بەشیعر ئـامێز نـاسراون. هـەرچۆنێک بێ سیفـەتی هـەرە گرنگی چیرۆکەکانی ئەوەیە لە قاڵبی کلاسیکی کۆن دەری هێناون، بەڵام لـەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر خـوێنـەر بەقـووڵی لێیـان ورد ببێتـەوە هـەست بەدەمـار و هـەوای کـلاسیـکییـانە دەکـا بەجـۆرێک سـیـفـەت و خـاسـیـەتی تازەگەری لە نووسینەکاندا بەهێزتر دەکەن. دڵشاد هوشیـارانە توانیویەتی هەندێ لە ڕێبـازەکانی چیـرۆکی ئەوروپایی و میـسری بێنێتـە ناو چیـرۆکی کوردییـەوە بەشێوەیێک ئەدگارەکانی ئەو چیرۆکانەی کردووە بەکوردی نەک پێچـەوانە بەوەی ئەدگارە کوردییەکان لە ناو ئەوەی ئەوانا بتوێنەوە.

بەپێی تەمەن کورتی دڵشـاد چیرۆکی کەم نییە، هەندێکیانی لە چەند کۆمەڵێکدا کۆکردۆتەوە و بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە «دێر یـاسین» و «بەپەنجەکانم دەتبینم» و «دڵدارانی شــۆڕش» و «یەکــەم هـەنگاو»، جگە لە بـەشــێکی دیکەی کــۆوار و ڕۆژنامــەکــاندا بـڵاوکـراونەتەوە، هـەندێکی دیکەی بەدەسـنووسی مـاونـەتـەوە و لە ئەرشیفدا پارێزراون.

دڵشــاد تەنیـا نووســەری درامـا نـەبوو. وەک نووســەرێکی هـەڵکەوتوو درامــای «بووکەخـان»ی نووسـییـەوە، هـەر خـۆشی سیناریۆی بۆ دانـا. واتە ئەو توانایەی لا

دروست بووبوو وەک ڕیجیسیۆرێک لە گێتیی هونەری شانۆی هاوچەرخی کوردی بکەوێتە بەرچاو، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو لە چیرۆکی «لانەوازان»دا وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو دەوری «قوتبەدین»ی بینی. لە ناو خەڵکی ئەوەندە بەناوبانگ بوو خەریک بوو «قوتبەدین» وەک ناوێک بسەپێتە سەر دڵشاد و ناوی خۆی ون ببێ و بەقوتبەدین بناسرێ.

وتاری ئەدەبی دڵشاد

بەپێچەوانەی هەندێ نووسەری کورد دڵشاد سنوورێکی دیاریکراوی لە نێوان وتاری ئەدەبی و چیرۆک دانا بوو. وتاری زۆر نەبوو کەچی چڕ بوو، زیاتر لە لیریکێکی دەکرد، بەتایبەتی لەو کاتەی بایەخی بەشێوازی ڕۆمانتیکی یا سیمبۆلی دەدا زۆرتر لە ڕووی ماناوە کەمتر لە ڕووی ڕوخسارەوە واتە زمان و وشەی فەرهەنگییەوە. لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کە کەوتە هەوەسی ئەوەی باسی زانستی و ڕەخنەی ئەدەبی تاقی بکاتەوە بایەخی بەوتاری کۆمەڵایەتیش دەدا، ئەمەیان وەک ژانرێک یا بابەتێک لە نێوان وتاری ئەدەبی هونەری و باسی ئەکادیمی دەوەستێ. ئەم جۆرە بەرهەمە لای دڵشاد لە هەندێ لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکراونەتەوە. دەتوانین زۆربەی گفتوگۆ و تێبینییەکانی لە کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا لە یانە و ڕێکخراوە ئەدەبی و هونەرییەکاندا لەم بابەتە وتارانە بژمێرین.

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی دڵشاد

دڵشاد لێکۆڵینەوەی لە ئەدەبی کوردیدا هەبوو، بایەخی بەئەدەبی سەردەم دەدا بێ ئەوەی ئەدەبی کلاسیکی بخاتە پشت گوێ. ڕەنگە زۆر کەس لەو سەردەمەدا دڵشادیان بەکەسێکی نوێگەری زیادە ڕۆیشتوو لە قەڵەم دابێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو لەسەر ئەو بیروباوەڕە بوو لە ناو قاڵبی شیعری کلاسیکی عەرووزی تازەگەری دەدۆزرێتەوە، بەو مانایەی شاعیر دەتوانێ شیعری بەرزی سەردەم بهۆنێتەوە بەهەوای شیعری کلاسیکی. وا بوو لەسەر ئەم مەسەلانە ڕەخنەی لە شاعیری ناودار هێمن گرتبوو، لەو سەردەمەدا لە بەغدا دەژیا. کە وتارەکەی دڵشادی لە ڕۆژنامەدا خوێندبووەوە کاری تێ کردبوو و دڵی شکا بوو، نەک لەبەرئەوەی

ڕەخنەکە باشە یا خراپە، بەڵکو لەبەرئەوەی هێمن وای دەزانی گەنجێک چۆن جۆرئەت دەکا ڕەخنە لە گەورەشاعیرێکی وەکو ئەو بگرێ. هەرچۆنێ بێ بۆچوونەکانی دڵشاد جێگەی ڕەزامەندی زۆربەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد بوون.

بەرهەمی دڵشاد لە مەیدانی ڕەخنەدا زۆر نەبوو. کاری هەرە دیاری لەم لایەنەوە ئەو نامیلکەیە بوو کە بەناوی «پێشوازی خاوەن شکۆ و دوو چیرۆکنووس» لە ساڵی ١٩٧٣ لە سلێمانی بڵاوی کردەوە. بەچاوێکی وردبین و ڕەخنەیێکی زانستییانە دەنواڕێتە دوو چیرۆک بەناوەڕۆک لە یەک سەرچاوە هەڵقوڵاون. یەکەمیان چیرۆکی «پێشوازیی خاوەن شکۆ»ی خاوەنی ئەم کتێبە. دووەمیان چیرۆکی «پێشوازی»ی محەمەد مەولوود (مەم). دڵشاد ڕێبازێک یا میتۆدێکی تازەی بەکارهێناوە هەندێ لە ئەوەی ئەوروپاییان دەکا، بەدەگمەن لە ڕەخنەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. ئەوەی گرنگ بێ لەم ماوەیەدا ئەوەیە بۆچوونەکانی لە ڕووی ئیدیۆلۆجییەوە ڕاست بێ یا نا! شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی دڵشاد ئەوە دەگەیەنێ لە تێبینییەکانیدا وردە و لە بۆچوونەکانیدا وەک ڕەخنەگرێکی شارەزا دەکەوێتە بەرچاو.

بایەخدان بەئەدەبی میللیی نەنووسراو

لە سەرەتای ژیانی خوێندەوارییەوە ئەدەبی میللیی نەنووسراو (فۆلکلۆر) جێگەی تایبەتی بووە لە پرۆژە خوێندەوارییەکانی دڵشاد بەڵام مەرگ ماوەی نەدا. لە سەرەتاوە ئەو کاتی تایبەتی نەبوو بۆ کۆکردنەوەی تێکستی بەرهەمی ئەدەبی میللی، بەڵکو ئەمە خووی ڕۆژانەی بوو، لە هەر کوێیێک بەقسە یا سەرچاوەی نووسراو تووشی شتێک بوایە لەم بابەتەوە لە دەست خۆی نەدەدا. بەتەما بوو لەم کارەیدا بەجارێک دوو مەبەس بپێکێ، یەکەمیان کۆکردنەوەی ئەو تێکستانەی بڵاو نەبووبوونەوە، ئەوی دیکەیان زانستییانە لێیان بکۆڵرێتەوە، دڵشاد توانای ئەمەی هەبوو. بۆ ئەم مەبەسە کەرەستەیێکی باشی کۆکردەوە بەڵام مەرگ بوو بەتەگەرە بۆ نەگەیاندنی ئەم مەبەسە بەئەنجام. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی سوودی زۆری لەم کارەیدا وەرگرت بوو بە بەڵگەی ئەوەی شێوازی ئەدەبی میللی لە هەموو ڕوویێکی هونەرییەوە لە هەندێ لە بەرهەمە داهێنراوەکانی دڵشاددا بەدی دەکرێ.

دڵشاد مەریوانی گەلێ لایەنی مەیدانی ڕۆشنبیری تەنی بوو، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی تەمەنەوە تاقیکردنەوەی زۆر نەبوو، بەڵام لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو، زیادەڕۆیی نەدەکرد، هەر کارێکی دەرەقەتی نەهاتایە لێی نزیک نەدەکەوتەوە. لە ڕۆژنامەگەریدا دوور نەبوو، لەبەرئەوە پێویست بوو، وردە نووسین بۆ کۆوار و ڕۆژنامەکان ئامادە بکا. دەستی وەرگێڕانی هەبوو، عەوداڵی خوێندنەوەی شیعری عەرەبی نوێی سەردەم بوو، هەندێ لەو پارچانەی وەری دەگێڕانە سەر زمانی کوردی ئاسۆیێکی شیعرایەتی تازەی پێ دەبەخشین بەبێ ئەوەی لە مەبەس و مانای شاعیرەکە لابدا.

دڵشاد نووسەرێکی داهێنەر بوو لە پەخشانی نامە نووسین و یادداشتدا. پێوەندی فیکری زانستی و سۆزی برادەرایەتی لە لای بەهێز بوو. حەزی لە نامە نووسین و تۆمارکردنی یادداشتی ڕۆژانەی بوو. لە سەرەتادا بەبێ ئەوەی هەست بکا نامەکانی شێوەی ئەدەبییان وەردەگرت، لە دواییدا ئەمە بوو بەشێواز. هەندێ لە نامەکانی دەبوون بەداهێنانێکی ئەدەبی سەرکەوتوو، لەو کاتەی ئەگەر نامەیێکی دوورودرێژی بۆ دۆستێکی دوور وڵاتی بنووسیایە، یا کەسێکی بۆ ماوەیێکی زۆر چاوی پێ نەکەوتایە. کۆمەڵێک لەم جۆرە ئەدەبە بەنرخانەی دڵشاد مەریوانی هێشتا ڕووناکییان نەدیوە.

دڵشاد فرزەندێکی بەکار بوو، ناوی لە مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا دەدرەوشێتەوە، نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لە خۆی دەهات، سەربەرزانە بوو بەشەهیدی ئەدەبی کوردی.

نموونەی شیعری دڵشاد

١

لە لیریکێکیدا بەناوی «وێنە» دڵشاد دەڵێ:

کوا شوناسنامەکەت؟ کوا؟
– گەڕا

گیرفانەکانی گەڕا
نەبوو
غەمێکی قورس گرتی و بردیان
ئەوان دەیان وت و
ئەم بیری دەکردەوە
«داخۆ وێنەی ئەو کچەی لە شوناسنامەکەدا بوو
چی لێ هاتووە؟
بێناز ژێر چ پێیێک کەوتووە؟»
– غەمەکەی گرانتر بوو
تفەنگ بەدەستەکان
بەرامبەری وەستان
کە چاویان بەستەوە
بیری کەوتەوە
«پێش ونبوونی
لە ناو دیوانێکدا
دام نا
دەنا ژێر پێ نەکەوتووە»
– زەردەخەنەیێک گرتی
ڕێزێک تەقەی لێ کرا
سەری بەشلی
کەوتە سەر شانی
بەڵام زەردەخەنەکەی
نەترازا...

لەم شیعرە بەرزەدا دڵشاد دوو دیاردە کۆدەکاتەوە، یەکێکیان دڵدارییە، ئەمە هەمیشەیی و نەمرە، کچێکی خۆش دەوێ، تا ئەو پلەیە گرفتارییەتی وێنەی لەگەڵ ناسنامەی خۆی هەڵگرتووە، بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵی بێ و لە باغەڵیدا لە دڵیەوە

نزیک بێ. دیاردەکەی دیکە خەباتە لە ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانا. پیاوکوژەکانی پارتی بەعس دەیگرن، ناسنامەی لێ داوا دەکەن. دیار نییە، شاعیر ماتەم دایدەگرێ لەبەرئەوەی وێنەی خۆشەویستەکەی لەگەڵ ناسنامەکەیە، کە ئەمەیان دیار نەبێ دەبێ وێنەکەش لەگەڵ ئەودا بزر بووبێ. لە دواییدا زەردەخەنەی خۆشی لە دەموچاویدا دەفڕێ کە بیری دەکەوێتەوە وێنەی خۆشەویستی لە ناو دیوانێک داناوە. لەگەڵ زەردەخەنەی خۆی تەقەی لێ دەکرێ و سەری لار دەبێتەوە و دوایی بەژیانی دێ.

بەڕاستی ئەم شیعرەی دڵشاد پێشبینییێکە تێیدا وەسفی کۆتایی ژیانی خۆی دەکا. قارەمانی ئەو شیعرەی جەنگاوەر و نیشتمانپەروەرێکی کوردە، ئەو چارەنووسەی دڵشاد بۆ ئەو قارەمانەی دیاری کردووە، لە دواییدا بەسەر خۆی هاتووە. ئەمە وەکو ئەوە وایە بە وردی ماتەمنامەی بۆ خۆی نووسیبێ و وەسفی لەناوچوونی خۆی کردبێ و چۆن دوایی بەژیانی دێ. لەم شیعرەدا دڵشاد دڵداری و خەبات، سۆز و سیاسەتی کۆکردۆتەوە، کوردایەتییەکەی لە دروشمی سیاسی ڕۆژانە چۆتە دەرەوە و ڕێبازێکی ڕۆمانتیکیانەی هونەری وەرگرتووە و بووە بەلیریکێک لەگەڵ بەسەرچوونی لایەنی سیاسی مەسەلەی نیشتمانی کورد ئەو بەسەر ناچێ و دەمێنێتەوە.

٢

دڵشاد لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوی «ژوورەکە» دەڵێ:

هاوسەرەکەی خەریکی دەرزی و دەزوو بوو
چاوەکانم کز بوون
دەزووەکەم بۆ پێوە ناکرێ
نا! گیانەکەم، ژوورەکە تاریکە دەنا
چاوەکانت هەر جوان و
گەش و
ڕووناکن
دەرگایان ئاوەڵا کرد و هاتنە ژوورێ

قۆڵ بەستیان کرد و بردیان
خۆیان پرسیار و وەڵام بوون
فەرمانیان دا
بخنکێنرێ
پێش هەڵواسین داوای کرد هاوسەرەکەی بێ:
– گیانە دەزووەکەت بۆ پێوە کرا؟
– بەڵێ گیانە
– دڵنیا بووی
لەوەی چاوەکانت کز نین و
ژوورەکەمان تاریک بوو؟
– بەڵێ گیانە
گەشایەوە
ڕووی کردە گاردەکەی و وتی:
– چاوپێکەوتنمان تەواو
کارم نەما
فەرموو بمبەن

ئەم شیعرەی دڵشاد بەناوەڕۆک لە شیعرەکەی پێشوو دەکا، بەشێوازی دەربڕین جۆرێکی دیکەیە و داهێنانی تێدایە. لە خێزانێکدا ژن و مێرد دڵدار و دلبەری ڕاستەقینەن. ژنی جوان لەبەرئەوە نییە چاوی کز بووە بۆیە ناتوانێ دەزووەکە بەدەرزییەکەوە بکا، بەڵکو لەبەرئەوەیە ژوورەکەیان تاریکە. لەم کاتە خۆشە و لەم گفتوگۆیە ڕۆمانتیکییەدا زەبانیە پیاوکوژەکانی دەسەڵاتی بەعس بەبێ دەرگا لێدان دێنە ژوورەوە، هاتوون پیاوەکە بگرن، پێشین بڕیاری خنکاندنیان دەرکردووە. پێش لە سێدارەدانی چاوی بە دلبەری خۆشەویستی دەکەوێ. بەبێ بایەخدان پێشوازیی مردن دەکا، لەو کاتەی دڵنیا دەبێ چاوی دلبەرەکەی هەر جوانە و گەشاوەیە دەتوانێ دەزوو بەدەرزییەوە بکا. گفتوگۆ لەگەڵ دلبەری خۆشەویست تەواو دەبێ و بەپیاوکوژەکان دەڵێ: فەرموو بمبەن!.

٣

لە لیریکێکی ڕەنگینی دڵداریدا بەناوی «جورئەت» دەڵێ:

کەسەکەم بۆ من نازانم وەها باوە
هەموو جۆرە دڵدارییێک کە کراوە
یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە
سەرەڕێگەی پێ گرتووە
تا نامەیێکی داوەتێ
پەڕ و باڵی دەرکردووە
من ئەوانە چاک ئەزانم
بەڵام چی لە جورئەت ئەکەی
هەرکە چاوم پێت ئەکەوێ
قاچەکانم تێکەڵ ئەبن
لە لەنجەکانتا ون ئەبم
هەر نازانم ڕێگەم کوێیە
ئەوەم هەر بیر ئەچێتەوە
کە نامەی دڵداریم پێیە
نەگبەتیەکەش ئا لەوایە
وەکو من ئەوە حاڵمە
دڵی تۆش وەها زاڵمە
کە هیچ نەبێ
زەردەخەنەیێک ناتگرێ
هاندەر بێ
بە بەرگی ئاوریشمینەوە
لە بەردەمی منی لاتا
تازە تێرێتی ئەفرۆشی

کێ ئەوێرێ بێ بەلاتا
من خۆم ئەزانم کوێم دێشێ
بەو داخەوە ڕۆژێ ئەمرم
برینم گەییە سەر ئێسقان
ڕوویێکی خۆشی تۆم نەدی کچی عاسمان
کە تۆ بەو حاڵە ئەبینم
لەوە ئەچێ خۆم نەبینم
گیرفانەکەم قووڵتر ئەبێ
نەکو نامە
هەر دەستیشمی تیا ون ئەبێ
ئیتر جورئەت لە کوێ بێنم
نامەی گیرفانم دەربێنم

ئەم لیریکە جوانەی دڵشاد ڕەنگدانەوەی ناو دڵ و دەروونی هەموو لاوێکی هەرزەی هەژاری دەست کورتە. دڵشاد تەعبیر لە سۆزی قوتابییێکی زانستگا دەکا. قوتابی هەستی دڵداری بەهێزە، بەڵام شەرمنە، ڕەنگە شەرمنییەکەی لە دەست کورتی خێزانییەوە هاتبێ. دڵی چۆتە کچێکی جوانی شۆخ و شەنگی دەوڵەمەند، لەوانەی دەزانن جوانن، ئەمە فیزێک و لووت بەرزییێکی لە لا دروست کردووە. شاعیر هونەروەرانە باس لە شەرمنی ئەو دڵدارە هەرزەیە دەکا کە جورئەتی ئەوەی نییە هەستی ناو دڵی بۆ ئەو کچە جوانە دەوڵەمەندە هەڵڕێژێ، نەک تەنیا ئەوە بەڵکو ناتوانێ ئەو نامەیەی لە بابەت دڵدارییەکەوە بۆ کچەکەی نووسیوە لە گیرفانیدا دەری بێنێ و بیداتێ یا بۆی بنێرێ.

ئەم لیریکە بەزمانێکی ساکاری ئاسان نووسراوەتەوە، لەبەرئەوەی بەڕاستی و هونەروەرانە وێنەی ناو دڵی لاوان دەکێشی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆر بەناوبانگ بوو لە نێوەندی لاوان و بەتایبەتی لە ناو قوتابیانی زانستگاکاندا.

٤

وەک لاسایی کردنەوەیێکی هەندێ گۆرانیی میللیی سەرزار دڵشاد دەڵێ:

حـــاجی لـەقلـەق دوو پێـــیـــە
لەســـەر بـانی بـووکـێـــیـــە
دەکـــچـێ مـــاچـێکم بـەرێ
پیـــرێژن چاوی لێـــیـــە

***

چەند خـۆشــە سکی برسی
بـرنج و شلـەی قـــــەیسی
توخـــوا مـــاچـێکم بـەرێ
توو سـەری عـەدنـان قـەیسی

***

پەلکە پیـازم تێ مـــەگـــرە
مـن شــێـــتی باینجـــانم
شلـەی بـامێ مـــــەهێـنە
مـــــــــەلـەوانـی نـازانم

***

بەو عــاسـمــانە بـەو هەورە
بـەریشـی مـــامـــە گـــەورە
دوێنـێ کـچـێکم مـاچ کـرد
ئەمـــڕۆ ســمـــێـلم چەورە

دڵشـاد ئەم کـۆمـەڵە شـیـعرەی وەک لاساییکردنەوەی شـیـعری مـیلليی سـەرزار هۆنیـوەتەوە، ئەگـەر هـەندێ وشــە و ناو و تـەعـبـیـری سـەردەمی تێـدا نەبێ وەک بەرهەمێکی میللیی بێ خاوەن دەکەوێتە بەرچاو. ئەم گۆرانییانەی لەسـەر کێشی سـیلابی خـۆماڵی حەوت بـڕگەیی داناوە. ئەم کێشـە لە سـووکـتـرین و ڕەوانـتـرینی کێـشـەکانی شـیـعری مـیللییـە، بۆ گـۆرانی و سـروودی منداڵان بەکـار دەهێنرێ.

بەناوەڕۆک بریتییە لە قسەی خۆش و پلار گرتن و ڕەخنە و کۆکردنەوەی وێنەی شیعری پێچەوانەی یەکتری. لەو گۆرانییانەدا دڵشاد ناوی عەدنان قەیسی هێناوە ئەمە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم کابرایێکی ئەمەریکی بوو بە نەژاد عیراقی، گۆیا قارەمانی زۆرانبازی و مستەکۆڵە بوو، گەڕابووە و بەغدا دەسەڵاتی عیراق ماوەیێک سەرنجی خەڵکی عیراقی ڕاکێشا بوو بۆ شانۆی ئەو زۆرانبازییەی ئەم کابرایە لەگەڵ قارەمانی دیکەی ئەم وەرزینە دەیکرد.

***

دڵشاد محەمەدئەمین مەریوانی نووسەر و شاعیر و دراماتوورگ و ئەکتەر و ڕۆژنامەنووس بوو. بەرهەمی کەم بوو چونکە زۆر نەژیا، ئەو بەرهەمە کەمەی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کرد. داهێنانی شیعری زۆر بوو. بەرهەمی نموونەی لیریکی نەتەوەکانی گێتی بوو لە ئەدەبی کوردیدا. ناوەڕۆکی بنچینەیی دڵداری بوو، خۆشەویستی ژن و سروشت، ئەمەی تێکەڵ بەئاواتی میللەتەکەی کردبوو کە سەربەستی و ئازادی و ڕزگاری نەتەوایەتی بوو. سەری بۆ دوژمنی کورد دانەنواند، لە ئەنجاما بوو بەقوربانی وشەی کوردی. شەهید لەوە گەورەتر هەیە تاوانبار بکرێ بەوەی ئەلفوبێی لاتینی بەقوتابیانی کورد وتووە! یا هەر لەبەرئەوە بەدەستی پیاوکوژەکانی پارتی بەعس کوژراوە چونکە کورد بووە!

جەمیل ڕەنجبەر

بەشی پەنجایەم

جەمیل ڕەنجبەر

١٩٤٨ - ١٩٨٠

ئەمڕۆ هەندێ ووشەم خۆشویست
شیعرێکی شۆخم لێ چنی
پیتەکانم هەڵگیرساند و
ئاواتێکم خستە بنی

ژیانی

جەمیل کوڕی ساڵح گۆران لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. لە دوای ئەمە لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٦٧ بڕوانامەی ئەو ئامۆژگایەی وەرگرتووە و بووە بەمامۆستای قوتابخانەی مێرگەسوور، لە پاشانا گوێزراوەتەوە قوتابخانەی سەرەتایی هەریر. لە ساڵی ١٩٧٤ کە نێوانی شۆرشی کورد و دەسەڵاتی بەغدا تێکچوو جەمیل وەکو خەڵکێکی زۆر ڕووی کردە ناو شۆرش، لەوێ زۆر نەمایەوە لە بەهاری ١٩٧٥ لە دوای هەرەس هێنانی شۆرش یەکێک بوو لەوانەی کە چوونە ئێران و گەڕانەوە وڵات و دەستی کردەوە بەخەباتی نهێنی تا ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن دەسەڵاتەوە گیرا و لە دادگا فەرمانی بەندکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو. لە دوای ماوەیێک دەسەڵاتی بەغدا لێبووردنێکی گشتی دەرکرد بۆ بەندە سیاسییەکانی مەسەلەی کورد. جەمیل بەر ئەو لێبووردنە کەوت و لە بەندیخانە ئازاد بوو. ئیتر ئەم ماوەیەی بەهەلێکی لەبار زانی و یەکسەر ڕووی کردەوە ناو شۆڕش و چووە ڕێزی چەکدارانەوە. لەو کاتەوە جەمیل هەستی بەشاعیرییەتی خۆی کردووە ناوی «ڕەنجبەر»ی هەڵبژاردووە وەک نازناو بۆ

شیعری و ناسینی لە ناو خەڵکیدا.

ئەم ماوەیە دوا قۆناغی ژیانی جەمیل بوو، چەک بەشانەوە لە خەباتدا بوو تا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی جەلکانی پشدەرە ڕەقەی بناری کێوە ڕەش لە ناوچەی سەنگەسەر دوو هەلیۆکۆپتەری بچووک بەدۆشکە کۆمەڵێک جەنگاوەری کوردیان گوللەباران کرد، لە ئەنجامدا هەشت کەس شەهید کران یەکێکیان جەمیل ڕەنجبەر بوو. تەرمی هێنرایەوە هەولێر و لە گۆڕستانی سەید مەعرووف بەخاک سپێررا.

شیعری

جەمیل لە ساڵی ١٩٦٦ دەستی بەشیعر وتن کردووە، واتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا. سەرەتا بەشیعری میللی کێشی سیلابی و جووت قافیە (مەسنەوی) دەستی پێ کردووە. یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەی تازە بەتاقیکردنەوەی شیعری بەحری عەرووزی تێنەپەڕیون و یەکسەر لەسەر دەستووری بزووتنەوەی «شیعری نوێ» ڕۆیشتوون. بەرهەمی تاقیکردنەوەی جەمیل لە کێشی شیعری خۆماڵیدا بەزۆری لە ساڵانی ١٩٦٦ – ١٩٦٨ بەرچاو دەکەون. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە پێشانا ئەم جۆرە شیعرەی وتووە، لە پاشانا هاتۆتە سەر ئەو شیعرەی دەچێتە خانەی «شیعری نوێ»وە، واتە ئەو شیعرەی لە قەسیدەیێکدا زیاتر لە کێشێک و زیاتر لە قافیەیێک بەکار دێنن. شاعیر لە سەرەتای شیعر وتنەوە تا کۆچی دوایی لە دانانی شیعر دوا نەکەوتووە.

شاعیر هەموو کێشە سیلابییە خۆماڵییەکانی لە شیعریدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ هەشت برگەیی زۆر بەکار دێنێ. لە شیعرێکدا هەشت برگەیی دەکا بەدوو کەرت، یەکێکیان درێژ ٨ برگە، یەکێکیان کورت ٤ برگە. هەندێ جاری دیکەش لە شیعرێکدا سێ جۆرە دێرە شیعر بەرچاو دەکەون ٤ برگە، ٨ برگە، ١٢ برگە. جگە لەوەی کێشەکانی دیکەی ٧ برگەیی و ١٠ برگەیی لەگەڵ ئەو کێشانەی ناویان هێنرا لە شیعرێکدا هەموویان بەکار دێنێ. قافیەی شیعری جەمیل یا مەسنەوییە، یا ڕەنگاوڕەنگە. مەسنەوییەکە لە شیعری دە برگەیی بەرچاو دەکەوێ، ڕەنگاوڕەنگەکە لە شیعرە نوێیەکە بەکاری دێنێ کە چەند کێشێکی خۆماڵی بەکارهێناوە لە هۆنینەوەیدا. شیعری جەمیل لە ڕووی

ڕوخسارەوە هەمووی دەچێتە ناو لیریک، ئێستا ئەم جۆرە هونەرە کە لە بنجدا ڕەنگدانەوەی لیریکی ڕۆمانتیکی ئەوروپای سەدەی نۆزدەمەوە بووە بەعالەمی. لەگەڵ ئەوەشدا چوارینی ڕوخساری شیعری کلاسیکی کوردی هەیە، بەڵام ئاسۆیێکی میللی کوردی داوەتێ بەوەی لەسەر کێشی دە برگەیی و جووت قافیە (مەسنەوی) هۆنیویەتییەوە. چەند چوارینێکیشی هەیە لەسەر قافیە کلاسیکییەکە (ا ا ب ا) ڕێکی خستووە.

شاعیر ناوەڕۆکی بیری کوردایەتی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم تێکەڵ بەسۆزی مرۆڤایەتی کردووە، دڵداری جەوهەرێکی گرنگە لە بەرهەمی شیعریدا. لە پیشاندانی نموونەی شیعری هەندێ لایەنی شاعیرییەتی ڕوون دەبێتەوە.

١

جەمیل ڕەنجبەر وەکو شاعیرێک هەستی بەوە کردووە شیعری بۆ دێ، ئەوەی خستوویەتیە سەر کاغەز بەدڵی بووە، لەمەدا لە بەشێکی زۆر لە شیعریدا بەهەڵە نەچووە. بەڵگەی باوەڕ بەخۆکردن، یا تێگەیشتن لەو بەرهەمەی بەوێنەی داهێنانێک دەیداتە خوێنەران لە دوا کۆپلەی قەسیدەی «شیعر بەبووک دەبەن»دا بەدی دەکرێ:

ئەمڕۆ هەندێ ووشەم خۆشویست
شیعرێکی شۆخم لێ چنی
پیتەکانم هەڵگیرساند و
ئاواتێکم خستە بنی

ئەو وشانەی شاعیر خۆشیویستوون ئەوانەن مانای تازە تیایاندا دۆزیوەتەوە، ئەگینا ئەگەر بۆ مانای ئەو وشانە لە فەرهەنگدا بگەڕێ مانایێکی دەست دەکەوێ بەکەڵکی شیعر نایە.

٢

ڕیتم لای شاعیر لەنگەری سووکی ئاوازی شیعری میللی (فۆلکلۆری) پاراستووە، چونکە بناغەی وشە و ڕستە و تەعبیر بەپێی دەست لە ملانێی

دەنگەکان هارمۆنیا بەڕێوە دەچێ. کێش ڕەوان و قافیە سوارە، لە شیعری «پێکەنینێک لە باوەشی گریانا» دەڵێ:

چاوێکی تیژ لە ژێر چاویلکەی بەردەسێل
بیر بەنینۆک هەڵدەکەنێ
بەقاندرمەی قەڵاتی کورد هەڵدەگەڕێ
بۆ داهاتووی چاوی خوێنین پێدەکەنێ
لە ڕاپۆرتی ئارەق ڕێژێکا نووسرا بوو
هەرچی بڵێم تەمی هەوا دەیقۆستەوە
تەرازووی شەو بەدوامەوە
خۆی دەکێشێ

قەڵاتی کورد دروشمی «ئازادی کورد»ە. لەبەرئەوەی کورد ئازادی نەدیوە، دەبێ بەخەیاڵ ئەو قەڵاتە دروست بکا. لە قەڵاتەکەدا چی نهێنییێک هەیە؟ نایزانێ! خۆ دەبێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە هیچی تێدا نییە. کەوا بێ ئەگەر بگاتە ناوی پێویستە بەکەلوپەل و ناومالّی وەشاوە بیرازێنێتەوە. لەو ڕۆژگارەدا ساڵی ١٩٧٣ شاعیر لە ڕەشبینیدا دەتلایەوە چونکە ١١ی مارتی ١٩٧٠ خۆی نەکرد بە ساڵی گەیشتن بۆ سەر «قەڵاتی کورد» بۆیە «چوونە ناو قەڵات» بێ ئەنجام بوو. لە پاش ساڵێکی دیکە یا دوو ساڵ (١٩٧٥) قەڵاتەکە تالآن کرایەوە.

٣

ئەگەر سەرێک لە شیعری «مردن لە گۆڕی سەرشۆڕی دەژیت»ی جەمیل ڕەنجبەر بدەین، هەندێ ڕاستیمان دەست دەکەوێ لە بابەت شاعیرەوە. لەم قەسیدەیەدا شاعیر لایەنگری ئەو باوەڕەیە «مردن لە پێناوی ژیان»، واتە کۆمەڵێک خەڵک گیانیان دەبەخشن لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵێکی دیکە یا نەوەی داهاتوو سەربەست و بەختیار بژین. ئەمە لەخۆبووردن و قوربانی تێدایە. مرۆڤ جارێک دەمرێ، گەل نەمرە، شاعیر لەگەڵ ئەمەیە. بۆ ئەم مەبەسە تاک پێویستە گیانی ببەخشێ، چونکە سیفەتی مردن و لەناوچوونی تێدایە، لە پێناوی گەل ئەوەی نەمری و هەمیشە زیندوویی تێدایە. ئەمەیە ئەستووری بیروباوەڕی جەمیل

ڕەنجبەر. ڕێکەوتێکی سەیر بوو، ڕۆژگار ئەم تیۆرییەی خستە پراکتیکەوە لە ژیانی شاعیر خۆیدا. لە کاتێکدا ژیانی لە دەست دا کە تفەنگ بەشانیەوە بوو. لە ئازادی دەگەڕا بۆ میللەتەکەی. گەلی ژێردەست بۆ ئازادی دەگەڕێ، گەلی برسیش بۆ نان، دەبێ «تاک» قوربانی بۆ ئازادی و نان بدا.

شاعیر وێڵی ئازادییە، بەشوێنیدا دەگەڕێ. کۆڵ نادا، ئەوەتا لە شیعری «کێ لە سەربەرزی بەتەمەنترە» لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

گوڵی خۆزگە
چۆن بۆ چڵی داری ژیانی دەگەڕێ
یا چۆن سەعات قورمیشی لێ ون بووە
ئارەقەی دواکەوتن دەسڕێ
گیانە منیش وێڵی چاوتم
سەد ئەوەندە لێت دەگەڕێم

لە کۆتاییشدا دەڵێ:

ئەرێ گیانە
ئیتر نامەم بۆ مەنێرە
پوولی پۆستە نامەکانم دەپشکنێ
سندووقی سوور
گۆڕی مردن بۆ وشەی جوان هەڵدەکەنێ
ئیتر نامەم بۆ مەنێرە
بەڕێگەی کۆن بۆم مەنێرە
تا دێمە لات یا تۆ بەخۆت دێیتە ئێرە

شاعیر دۆش داماوە، سەری لێ شێواوە. «ئازادی» لێ بووە بەئەفسانە! هەموو جۆرە بەرنامە و پیلانێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو «ئازادی»یە. وەکو بڵێی ڕێگە و پیلانی دیکە نەماوە بۆ ئەم ئامانجە بەکار بهێنرێ. مەبەسی شاعیر جۆر و شێوەی دیپلۆماسییەت و پۆلیتیکێکی کلاسیکییە تا ٢ی ئاغستۆسی ١٩٧٣ – ڕۆژی دانانی شیعرەکە – بەکار هێنراوە بۆ گەیشتن بە«ئازادی». ئەمەی لە دێڕی

«بەرێگەی کۆن بۆم مەنێرە» دەربڕیوە. لە پاش ئەوە دیسانەوە شاعیرانە سەری لێ شێواوە، چونکە نازانێ خۆی دەگاتە ئەم ئازادییە! یا ئازادی دێتە لای. ڕەنگە ئەمە نموونەی دوارۆژبینی بێ لای شاعیر. ئەوەتا ئێستا هەموو بەڵگەیێک ئەوە دەگەیەنن ئێمە بۆمان نەکرا بگەینە ئازادی، بەڵام لەوە دڵنیاین پۆلیتیکی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەورێکی باڵای دەبێ لە دوارۆژدا لە هێنانی ئازادی بۆ خاکی ئێمەش.

٤

شاعیر لە ئازادی بەولاوە شتی دیکە نابینێ، یاخود بەلای ئەوەوە ئازادی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە. لە شیعری «پیرێکی بەندکراو»دا، مامە پیرە، مامە سوارەیە، بەڵگەی «کوری ئازا»ی کوردە. هەرچەندە کوری ئازا ناگیرێ، بەند ناکرێ، ئەگەر بەرێکەوت بەدیلیش بگیرێ، زوو کۆت دەشکێنێ و پێوەند دەپچڕێنێ و خۆی ئازاد دەکا، ئەویش وێڵی ئازادییە. لە پشت چیای قاف، لە نزیک ئەشکەوتی کانیاوی ئاوی ژیانیش بێ، دەبێ ئازادی بدۆزێتەوە. شاعیر ئازادی لە گووارەی نازەنین و نیگار و شۆڕەکچاندا دەبینێ:

مامە سوارە
مناڵەکان چاوەڕێتن لەو بنارە
ڕۆ ڕۆیانە! دەگریەن بۆ جووتێ گووارە
بۆ دەسگیرانی دێرینیش کوانێ گووارە
مامە سوارە! کوانێ گووارە
کوانێ گووارە
بێنە گووارە
جارێ گووارە نییە، بەڵام جوانان بەبێ گووارەش دەژین.

٥

دوورکەوتنەوەی قوتابیان لە مامۆستا کارەساتێکی جەرگبڕ و تەپینی دەروونە بۆی. یەکێ لە شیعرە پڕ لە سۆز و گیانییەکانی جەمیل ڕەنجبەر «برووسکەیێک لە دڵەوە»یە.

شاعیر مامۆستا بوو، زوو زوو دەبوو بەمیوانی گرتووخانە و بەندیخانە و ناو ئەو شاخانەی نەدەکەوتنە بەرچاوی نەیاران. لە قوتابیان دوور دەکەوتەوە. دوورکەوتنەوە پچڕانی ڕەگ و دەماری ژیانە بۆ ئەو مامۆستایەی قوتابیی خۆی خۆش بوێ و بەبێ ئەو هەڵنەکا.

جەمیل ڕەنجبەر هەست و نەستی ناسکی دەڕژێنێتە سەر تەلی کەمانچە. ئاوازی نەمر دەخزێ تا هەموو «بوون» دەگرێتەوە. بەڵێ! شاعیر بەلەش لە شاگردەکانی دوورە، بەڵام بەگیان لەگەڵیاندا یەکە، بەم جۆرە قسەیان لەگەڵدا دەکا:

لەگەڵتانم
شاگردەکان! دوور نیم لێتان
نزیکتانم
توخمی شیلەی گوڵە گەنمی فەریکتانم
لە ناو جانتای کتێبتانا
دەرسی شیکاری شەوتانم
نزیکتانم کاوەی نەورۆزی خەوتانم
لەگەڵتانم لە هاتوچۆی قوتابخانە
دڵم لە ناو دڵتانایە
پەپوولەی زیندانی تەمەن
لە ناو باغی گوڵتانایە

٦

دەبێ هەستی شاعیر چۆن گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ لەو کاتەی دوایی بەژیانی لاوانی وەکو شەهاب و جەعفەر و ئەنوەری بەرگوێ کەوتووە! ڕەنگە ئەگەر شاعیرانە بۆی بچین، دەبێ بڵێین جەمیل ڕەنجبەر لەو کاتەدا خۆزگەی کردووە ئەویش یەکێک بوایە لەوان، چونکە لەگەڵیاندا هاوپیشە بوو لە گۆڕەپانی وشە و خەباتی کوردیدا، بەڵام لە شیعری «بەیادی تاڤگە سوورەکە» لە سووچێکی دیکەوە دەنواڕێتە دیمەنەکە.

ئەم شیعرەی جەمیل ڕەنجبەر لە دوای لە سێدارەدانی قارەمانەکان نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە پاش تێپەڕبوونی ساڵێک واتە یۆبیلی پیرۆزی ساڵێکی

شایی و زەماوەندی خوێن. تاقیکردنەوەی هەستی شاعیر ساڵێکی خایاندووە. ماوەی ساڵێکی تەواو لە کەلێنێکی شارراوەی دڵ و مێشکی شاعیردا وێنەی سێ قارەمانەکە ئاوا نەبووە، تاقیکردنەوەکە شیعرێکی پڕ لە سۆزی داهێناوە، لە دوا کۆپلەیدا دەڵێ:

ئەی چاوەکان
ساڵی ڕۆیی تیشکەکانتان ئاگر دەگرن
داڵی خنکان بەتۆوی لاشەتان دەمرن
زۆر چاوی تر بۆ بارەگای ئێوە دێن و
بڕیاری سەربەرزی دەدەن
لە خاکی گڕ تێبەربووا
بەرماڵی شۆڕش ڕادەخەن
زۆر گیانی تر
تەرمەکانتان ماچ دەکەن و
دەبنە پردی بەرەو بەیان
لافاوی ڕووناکی زۆر چاو
میوانی ماڵی هەژارە
بۆ خواستنی یەک دەسگیران

٧

شاعیر داهێنانی لە مانا و ناوەڕۆکدا زۆرە، هەروەها لە ناونانی شیعری. لەوانەیە ناوی هەموو شیعرێک زوو لە بیر بکرێ، یا پشتگوێ بخرێ، بەڵام هەندێ لە ناوی شیعری جەمیل ڕەنجبەر خۆیان دێڕە شیعرن، یاخود پارچە شیعرێکی سەربەخۆن. لێرەدا ئێمە نامانەوێ ناوی شیعری «ئەو کتێبەی وشەی بەخەنجەر نووسراوە» بکەین بەبەڵگە بۆ ئەم مەبەسە، بەڵکو ناوەڕۆکی شیعرەکە خۆی گرنگە بەلامانەوە، لە سەرەتای شیعرەکەدا کە دەڵێ:

ڕێزە چیاکان
وەکو تەونی بەرەبەیان ڕاچەندرا بوون

برۆی ڕووناکی چاوی خۆر
وەکو ڕیسی مافووری دەستی قەیرە کچ
بەگوڵاڵەی باڵا لاوی ڕایەڵ کرا بوو

مەبەسـی دروستکردنی ئەبسـتراکتێکە (تجرید) خاک لە ناو سـروشتدا لـە قاڵب دەدا. ئەو خـاکە بووە بـەمایەی ئازار و ئەندێشـە، بەڵام ناشـیرین نەبووە، لەبەرئەوە هـەر جوانە و خـۆشـەویستە. لە پاش گـەشتێک لە گێتیی وردەکاری وشـە و ڕسـتە و تەعـبـیـر و مـانا، ناشـیـرینی لـە خـاک دوور دەخـاتـەوە، جـوانی دەکـا بەئەدگـاری هـەمیشـەیی ژیان کە دەڵێ:

هاتم هاتم
ناویان لێنام بزمار کوتە
چەکوشـێ بووم
ئەو دارتاشەی ئەسکەملی ئەنجومەنی
کۆشکی سپی دروست دەکرد
ئاسنگەرێ کە شیشبەندی
بەندیخانەی خوێنی باستیلی خەست دەکرد
هێزی منی پێ نەکرڕا
کەوی کێوی باوەڕی پێ هەڵنەفڕا

لێـرەدا شـاعـیـر ئامـاژەی زیرەکـانەی هـەیە کـە دەڵێ کـوردسـتـان لە ئازادی دەگەڕێ، لەبـەرئەوە خراوەتە ناو بەندیخـانەوە. ئینجا باسـتیلی پاریسـی کردووە بە ڕەمزی ئەو بەندیخانەیە، کۆشکی سپیی ئەمەریکاش دەوری ئەمپریالیستی گرنگی هەبوو لە شێواندنی کێشەی کورد لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. بەراووردی جوانی شاعیرانەی جەمیل ڕەنجبەر لەوەدایە، ئەو دارتاشەی کورسی و مێزی کۆشکی سپیی دروست کردووە، لەگەڵ ئەو ئاسنگەرەی شیشی بەندیخانەی باسـتیلی بەسـتووە، واتە دوژمنانی کورد، ئەمـانە ناتوانن بەسـەر هێزی ڕزگاری کورددا زاڵ بن.

***

د. مارف خەزنەدار. ب٧ (٤٧)

جەمیل ڕەنجبەر شاعیرێکی ناسک و هێمن و لەسەرخۆ بوو، لە مەیدانی وشەی زمانی کوردیدا ورد و لە گۆڕەپانی خەباتی چەکداری کوردایەتیدا درشت بوو. لە گێتیی جوانکاریدا هونەروەر بوو. زمانی کوردی باش دەزانی، لە پەروەردە شارەزا و لە وانە وتنەوەی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی سەرکەوتوو بوو. لە کۆڕی خەبات و جەنگدا خوێن گەرم و بزێو و چالاک بوو. بەهەموو جۆرێ جەمیل ڕەنجبەر لە هەردوو باردا، لە وشەی جوان و خەباتی چەکدار ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خۆی. بیروباوەڕە ناسیۆنالی و مرۆڤایەتییەکانی کردبوو بەبەرنامەی ژیانی، نەک تەنیا بەقسە، بەڵکو بەکردەوە هەموو تیۆرییەکانی گواستبووە مەیدانی پراکتیک.

جەمیل ڕەنجبەر سی و سێ ساڵ لە تەمەنی بەقەوارە کورت و کەم، بەناوەڕۆک درێژ و زۆر لەسەر تەختەڕەشەی قوتابخانە و گۆڕەپانی جەنگاوەری و ژووری تاریکی بەندیخانە بردۆتە سەر. یاد و بیرەوەرییێکی زۆری بەجێ هێشتووە، بەڵام بەنرخترین میراتی دیوانی شیعریەتی.

لیستی ناوی کەسان

ئـ

ئادەم (پێغەمبەر) ٤٤٧
ئارمسترۆنگ (فرۆکەوانی ئەمەریکی) ٣١٢، ٣١٣
ئاری (شاعیری کورد) ١٤١–١٥٠
ئەحمەد حوسێن ئەحمەد ٧
ئەحمەد موختار جاف ١٢٩، ١٣١، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ٢٨٧
ئەخۆڵ (شاعیری کورد) ٢٢٥–٢٣١، ٢٣٣، ٢٤٣، ٢٤٨، ٣٧٥، ٦٧١
ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباح) ٣٧٥
ئەفلاتوون ٢٨١، ٥٥٣، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧١
ئەلفۆنس دۆدی ٣٠٧
ئەڵماس خان (شاعیری کورد) ٤٩١
ئەمانوڵڵای موعتەزیدی ٤٩١
ئەمین ڕواندزی ٢٧٩
ئەمین زەکی ٥٧، ١٢٩، ٢٧٩
ئەمینی عەبدال ٣٥–٤٣، ٩٢، ٥٩٨
ئەناتۆل فرانس ٣٠٧
ئەنشتاین (ئەلبێرت) ٣٠٧
ئەهرینبورگ (ئیلیا) ٥٤٢
ئیبراهیم (ئیبراهیم خەلیلی پێغەمبەر) ٢١٦
ئیبراهیم ئەحمەد ٦٤، ٢٢٦، ٣٠١–٣١٤، ٦٩٥
ئیبراهیم ئەحمەد شوان ١٨٥
ئیحسان نووری پاشا ٢٦٤، ٢٦٥
ئیسماعیل حەقی شاوەیس ٢٧٩
ئێلین پێلین ٢٧٢
ئێما بەکۆیێڤا ٥٩٧

ب

باپیر ئاغای نوورەدین ١٦٨
بەختیار (فایەق زێوەر) ٧١–٨٨، ٣٧٤
بەدران ئەحمەد حەبیب ٧
بەکر سدقی عەسکەری ٤٢٨، ٤٢٩
بەلزاک (ئەنۆری دی) ٣٠٧
برایم ئاغای کاولۆکان ٣٥٤
بیرتس ی. ل. (چیرۆکنووسی زمانی عیبری) ٣٠٧
بێبەش (مەلا مەسعوود) ٣٤٦، ٦٧٥–٦٨٦
بێخود ١٨٥، ٢٢٧، ٣٣٦، ٣٤٦، ٤٢٧، ٤٢٨، ٥٢٨
بێکەس ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٧٩، ٢٨١، ٣٣٦، ٣٧٤، ٥٨٣، ٦٧٦، ٦٨٢

پ

پیتری یەکەم (قەیسەری ڕووس) ٤٢

پیربالّ مەحموود ٣٤٦، ٦٧٦، ٦٨٩، ٦٩٠–٦٩٧
پیرەمێرد ٢٢٦، ٢٢٧، ٣٢٢، ٣٣٦، ٣٧٥، ٦٠٨
پووشکین (ئەلێکساندر) ٤٢، ٤٣

ت
تاگوور (رابندرانات) ٣٠٧
تاهیر بەگی جاف ٦٣١
تروومان (هاری) ٢٥٣
تۆفیق وەهبی ٢٧٩، ٣٠٤، ٥٧٣، ٥٧٤
تۆلّستۆی (لێڤ) ٣٠٧
تۆماس ئالان ٣٠٧
تیرێژ (شاعیری کورد) ٥١٩–٥٢٦

ج
جاسمی جەلیل ١٠١–١٠٧
جاهید (شاعیری کورد) ٣٤٥، ٣٥٢، ٣٥٤، ٣٥٦، ٤٧٦
جەعفەر باقیرۆڤ ٦٥٨
جەلادەت بەدرخان ١٢
جەلالەدینی رۆمی ٣٥٣
جەلال مەدحەت ٣٤٦
جەلال میرزا کەریم ٧٠١–٧١٠
جەنگیز خان ٣٠٧
جەمال عەبدولناسر ١٢، ٢١٦
جەمیلە بووحێرد (پارتیزانی جەزائیری) ٦٤٥، ٦٥٦، ٦٥٧
جەمیل ڕەنجبەر ٧، ٧٢٩–٧٣٨
جەواهیر لال نەهرۆ ٣٠٧
جۆرج لینۆر ٣٠٧
جیگەرخوێن ١٤، ٤٠٣، ٥١٩، ٥٨٣

چ
چێخۆڤ (ئەنتۆن) ٣٠٧
چێرچل (وینیستۆن) ٣٠٧

ح
حاجی جندی ٩١–٩٨
حاجی قادر ١١١، ٢٨١، ٦٣١
حاجی مەکی (ئەکتەری شانۆ) ٦٨٥
حاجۆ ئاغا ٤٠٨
حەسەن تۆفیق ٥٤٩
حەسەن جاف ٦٤٥
حەسەن حیسامی ٥٨٢
حەسەن فەهمی جاف ١٢٩
حەسەن قزلّجی ٢٦٩–٢٧٣
حەسیب قەرەداغی (شاعیری کورد) ٦٦٣–٦٧٢
حەمەد ئاغای مێرگەسۆر ٣٥٤
حەمەڕەش ١٤
حەمەسەعید خەیات ٣٧٣
حەمدی ٢٩، ١٨٥، ٦٧٦
حوسێن حوزنی موکریانی ٢٧٩
حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی ٣٣٦
حیلمی (شاعیری کورد) ١٢٥، ١٧٩

خ

خالیسی (شاعیری کورد) ٥٦١
خانای قوبادی ٥٠٦
خانی ١٨، ٦٦، ٦٧، ١٥٨، ٢٠٤، ٤٠٣، ٥٨٣، ٥٩٨، ٦٠٠، ٦٢٢، ٦٢٧، ٦٤٧
خانی لەبزێڕین ٢٠٤
خەیام (عومەر) ١٤٩، ٢٤٨، ٢٨١، ٣٤٧، ٥٤١، ٥٧٠، ٥٧١، ٦٠٠
خەیروڵڵا عەبدولکەریم ٢٢٧
خرووشێڤ (نیکیتا) ٩٥
خورشید شێرە ٤٤١
خومەینی(ئایەتوڵڵا) ٢٧٠، ٤٠٨، ٤٦٠، ٥٨٤

د
داروین (چارلس) ٣٠٧
دەستۆیێڤسکی (فیۆدۆر) ٤٥٥
دەشتی (شاعیر) ١١١–١٢٢
دلاوەر (شاعیری کورد) ٢٨٥
دڵدار ٣٤٦
دڵزار ٣٤٦، ٤١٩، ٤٣٣
دڵشاد مەریوانی ٧٣، ٧١٣–٧٢٥
دیلان ٤٨٦، ٥٤١–٥٧٨

ڕ
ڕابیعەی عەدەوی ١٤٧
ڕاجی (شاعیری کورد) ٤٢٢، ٦٣٢
ڕازی (شاعیری کورد) ٢٢٧
ڕەئیف خووری ٣٠٧
ڕەحیمی قازی ٣٩٨
ڕەزا شای پەهلەوی ٨١
ڕەشید سدقی ١٣٦
ڕەشید عالی گەیلانی ٣٧٤
ڕەشیدی کورد ٢٠٩، ٥١٩
ڕەفیق چالاک ٥٤٢
ڕەفیق حیلمی ٢٤٩، ٢٧٩
ڕەمزی قەزاز ٢٢٦
ڕۆزفیلت (فڕانکلین) ٣٠٧
ڕۆسۆ (جان جاک) ٣٠٧

ز
زێوەر ٨١، ٨٢، ٨٨، ٢٢٧، ٢٧٩، ٢٨١، ٣٣٦، ٣٧٤، ٦٦٦

س
سابیری ٢٨٧
سافی ١٨٥، ٣١١، ٣٤٦، ٤٢٦، ٤٤٧، ٦٧٦
سالم ٥٤٧
سانی ٦٧٦
سەدام حوسێن ٢٧٨، ٣١١، ٣١٢
سەعدی مەلا ڕەئووف ٣٤٦
سەعید فەوزی (شاعیری کورد) ١٣٤
سەمەندی سیابەندۆڤ ٢٥٨
سەید ساڵحی نیعمەتوڵڵاهی ٤٩١
ستالین ٩٥، ١٦٣، ٣٠٧، ٤٠٩، ٦٤٨، ٦٥٨
سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) ٣٢٩

سوکرات ٢٨١، ٦٢٦، ٦٢٧
سوڵتان مەحموودی غەزنەوی ٥٨٦
سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبەری ٣٦٠
سیمۆن بۆلیڤار (قارەمانی ئەمەریکی) ٣٠٧
سیمیۆنۆڤ (نووسەری ڕووس) ٣٠٧

ش
شاکر فەتاح ٢٧٧–٢٨٢
شامی (شاعیری کورد) ٤٩١–٥٠٠
شاهۆ ١٢٨، ١٢٩، ٣١٨
شەرەفخانی بدلیسی ٢٠٤
شەمسی تەبریزی ٢٢٨
شکسپیر (ولیەم) ٣٠٧
شکۆی حەسەن ٥٩٥، ٦٠٤
شێخ حوسێنی بەرزنجی ٤٣٧، ٤٤٥
شێخ ڕەزا ٢٣، ٣١، ١٢٦، ٣٣١، ٥٦١، ٦٧٦، ٧٦٦، ٧٨٤، ٧٨٦
شێخ سەعیدی پیران ١١، ١٤، ١٦، ٢٠١، ٣٩٥
شێخ سەعیدی حەفید ٣٤٠
شێخ سەلام ١٣٤، ٢٢٦، ٢٤٩
شێخ عەبدولقادری نەهری (شەمزینان) ٤٧١
شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما ٢٣
شێخ قادری بەرزنجی (برای شێخ مەحموود) ٢٢٥
شێخ لەتیف ١٣٣، ١٣٤، ٢٦٩، ٣٢٩–٣٤١
شێخ مارفی نۆدێ ٣٢٩
شێخ مەحموود ١١٣، ١٣٣، ١٣٤، ١٥٤، ٢٢٥، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٦٩، ٣٣٠، ٣٣٤، ٣٤٠، ٣٤١، ٥٠٥، ٥٠٨، ٥٥٠، ٥٥٣، ٥٥٦، ٥٥٩، ٥٦٠، ٦٥٤، ٦٦٦، ٧٠١
شێخ محەمەدی خاڵ ٢٧٩
شێخ مستەفای هەرشەمی نەقشبەندی ١٨٤
شیرین کەمال (شیرین ک.) ٦١٤

ع
عاجز ٦٣١–٦٣٧
عاسی (شاعیری کورد) ٦٣٢
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٢٦٩
عەبدولڕەحمان عارف ٥٨٢
عەبدولڕەزاق بیمار ٤٤٨
عەبدولقادر بەرزنجی ٤٤٤
عەبدولکەریم قاسم ٢٧٠، ٢٧١، ٣٠٤، ٣١٠، ٤٠٣، ٤١٠، ٥٤٣، ٥٦٧، ٥٧٠، ٥٧٤، ٧٠٢
عەبدوڵڵای مستەوفی (سەعید ناکام) ٤٥٩
عەدنان قەیسی ٧٢٦
عەبدولواحید نووری ٦٠٧
ع ح ب (محەمەد حوسێن بەرزنجی) ٥٠٣–٥١٥
عەرەبی شەمۆ ٩٢، ٣٩٧، ٣٩٨
عەزیز نەسین ٢٧٢

عەزیزی مەلا خالیدی مەحوی ٥٤٩
عەلائەدین سەجادی ٦٣–٦٨، ٣٠٣
عەلی عەبدولڕەحمان ٣٩٥–٤٠٣
عەلی فەتاح دزەیی ٦١٩–٦٢٧
عەلی کوڕی ئەبووتالیب ٣٣٦
عەلی گەلاوێژ ٣٩٨
عەلی مەحموود تەها موهەندیس ٦٩١
عەونی (شاعیری کورد) ٢٨٥–٢٩٧
عوسمان سەبری ٧، ١١–١٩، ٥١٩
عومەر عەلی ٥٦٠
عومەر مەعرووف بەرزنجی ٧
عیزەت عەزیز ٢٢٧

غ

غەنی بلووریان ٥٤٩
غولام ڕەزا (شاعیری کورد) ٤٩١

ف

فازیل نیزامەدین ٢٤٨
فانی ١٥٣–١٧٣، ١٧٧–١٧٩
فەتاح ئاغای دزەیی ١٨٤
فەرامەرز (ڕەشید نەجیب) ٤٧–٥٩، ١٣٤–١٣٦، ٦٩٥
فەقێ تەیران ١٨، ١٩، ٤٠٣، ٥٩٨
فرۆید (سیگمۆنت) ٣٠٧
فرێزەر (بیللی) ٥٧
فۆرۆشیلۆڤ (کلیمەنت) ٣٠٧
فیردەوسی (ئەبوولقاسم) ٣٥٢، ٣٥٣

ڤ

ڤیکتۆر هیگۆ ٣٧٢

ق

قاچاغی مراد ٢٥٧–٢٦٠، ٢٦٣–٢٦٥
قازی محەمەد ٣١٠، ٣٣٠، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٤، ٤٦٠، ٦٥٣
قانیع ٥٨٣
قەدری جان ٢٠٩–٢١٦، ٢١٨، ٢٢٠–٢٢٢، ٥٢٠
قەناتی کوردۆ (کەنات کەڵاشۆڤیچ کوردۆیێڤ) ٢١٠

ک

کاردۆخی ٣١٧–٣١٩، ٣٢١–٣٢٦
کارلینی چەچانی ٢٥٨
کاک ئەحمەدی شێخ ٣٣٠، ٥٥٣
کاکەی فەللاح ٦٠٧، ٦١٢، ٦١٤، ٦١٥
کامەران ٣٧٥، ٦٤١–٦٥٩
کانی ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٥٣، ٣٦٩
کەمالی (عەلی باپیر ئاغا) ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٦، ٣٧٥، ٦٧٦
کریستۆڤەر کۆڵۆمبس ٢٨٠
کوردی (مستەفا بەگ) ٢٢٧

گ

گاریبالدی (جۆزێف) ٢٨١
گالیلۆ (گالیلی) ٣٠٧
گاگارین (یووری) ٤٤١

گاندی (موهانداس کرامشاند) ٥٧، ٢٨٠، ٣٠٧
گۆتنبیرگ (یۆهانس) ٢٨٠
گۆران ٤٨، ٤٩، ٥٤، ٥٥، ٥٩، ٢٢٦، ٥٨٣، ٦٢١، ٦٩٥، ٧٢٩
گیڤارا (چی) ٥٠٥

ل

لوتفی (شاعیری کورد) ٢٣-٣١
لووتەر (مارتن) ٣٠٧
لۆمۆمبا (پاتریس) ٤٤٢، ٤٤٣، ٥٠٥، ٥٤٥
لینین (ڤلادیمیر ئیلیچ) ٣٥، ٣٨، ٩٤، ٩٨، ٢٥٧، ٤٤١، ٥٩٩

م

ماتا هاری (ژنە جاسووس لە جەنگی یەکەم) ٣٠٧
ماجید ڕووحانی ٤٩٢
مادام کووری ٢٨١
مارشال نای (قوماندانی ناپولیۆن) ٣٠٧
مارف بەرزنجی ٤٣٧-٤٤٩
مارکس (کارل) ٣٠٧
مارکۆنی (گۆلیەلمۆ) ٢٨٠
ماری کووری ٣٠٧
مەحموود جەودەت ٢٧٩
مەحموود زامدار ٦٨٣
مەحوی ٢٢٧، ٢٨٧
مەدحەت بێخەو ٣٤٦
مەدهۆش ٢٢٦، ٣٧٣-٣٧٨، ٣٨٢-٣٨٥، ٣٨٧-٣٩٢
مەکسیم گۆرکی ٤٣، ٢٧٢، ٣٠٧
مەلا حەسەنی مەرگەیی ١٢٩، ١٧٠
مەلا ساڵحی کۆزەپانکە ١٨٣
مەلا سەعدی ٣٧٥
مەلا شێخ جەلالی بەرزنجی ١٨٣
مەلا شێخ عومەری بالیسانی (شاعیری کورد) ٦٣٢
مەلا عەبدوڵڵای بێتواتەیی ١١١
مەلا مستەفای بارزان ٢١٠، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٩٤، ٢٩٥، ٤٠٨، ٤١٠، ٤١٤، ٤١٥، ٤٨١، ٥٨٢، ٥٨٣، ٥٩٠، ٥٩١، ٥٩٢، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٨٠
مەلای باتەیی ١٩
مەلای جزیری ١٨، ٢٠٤، ٤٠٣
مەنسووری هەلاج ٢٢٨، ٢٩٦
مەیلی (شاعیری کورد) ٢٤٨، ٢٨٧
محەمەد (پێغەمبەر) ٣٦٠، ٦٣٢، ٦٣٨
محەمەد ڕەسووڵ هاوار ٣٠٤
محەمەد سدیق (محامی) ٦٨٥
محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم ٢٢٧
محەمەد قودسی ٢٢٧
محەمەد موسەددەق ٤٩٣
محەمەد مەولوود (مەم) ٥٢٩-٥٣٣، ٥٣٧، ٥٩٨
مستەفا خۆشناو ٢٢٧
مستەفا کەمال (ئەتاتورک) ٨١

موپاسان (گی دی) ٣٠٧
موحەرەم محەمەد ئەمین ٤٥٣، ٤٥٦
موخلیس (مەلا خەلیل) ١٨٣، ١٨٤–١٩٧
مووسا (پێغەمبەر) ٢١٦
مۆسۆلینی (بەنیتۆ) ٣٠٧
میرزا غەفوور ٣٧٥
میرزا مارف ١٣٤–١٣٦
میکایلی ڕەشید ٣٥٨
میللەر (کاپیتان حاکمی سیاسی ئینگلیز له هەڵەبجە) ١٣٥
مینۆرسکی (ڤلادیمیر فیۆدۆرۆڤیچ) ٣٢٦

ن
ناپولیۆن (بۆناپارت) ٣٠٧
ناتیق (شاعیری کورد) ١٣٤
ناری ١٣٣، ١٣٤
نالی ٢٩، ٦٥، ١١٢، ١٥٥، ١٨٥، ١٩٧، ٢٨٧، ٢٨٩، ٣٥٣، ٤٢٢، ٥٠٠، ٥٤٧، ٦٧٦
نەجمەدین سائیب ٣٦٣
نەجمەدین مەلا ٣٧٥، ٦٩٤، ٦٩٥
نووری سەعید ٣٣٠
نووری شێخ ساڵح ٤٨، ٤٩، ٥٣، ٥٤، ٥٩، ٢٢٦، ٤٧٧، ٦٢١

ه
هانس ئەندرسن ٣٠٧
هەردی ١٤٢، ٤٧٥–٤٨٧، ٦٧
هەژار ٤٠٧ – ٤١٦
هەمزە کوڕی عەبدولموتەلیب ٦٣٦
هەوری ٢٢٧، ٢٤٧–٢٥٤
هەیاسی خاس (ئەیاز) ٥٨٦
هیتلەر (ئەدۆلف) ٣٠٧
هێدی ٥٨١–٥٩٢
هێمن ٢٨٧، ٤٥٩–٤٧٢، ٥٨٣، ٦٧٦

و
وافی (شاعیری کورد) ٦٣٢
وەزیری نادری ٢٠١، ٢٠٦، ٢٦٣، ٣٩٧
وەفایی ١٩٤، ١٩٥، ٢٨٧
وەهاب ئاغای جندیان ٣٥٤
وۆرد ویلسن ٣٠٧

ی
یەعقووب (پێغەمبەر) ٢٣٠، ٢٣١
یەڵماز گۆنای ٥٣٣

لیستی ناوی جوگرافی

ئـ

ئازربێجان ٢٠٢، ٣٩٦، ٥٨١، ٦٥٨

ئاسیا ٥٦٣، ٥٦٥، ٥٧٨

ئاکرێ ١٤١

ئاگری داغ (ئارارات) ٨٠، ٨١، ١٤٧، ٢٥٩، ٢٦٥

ئاوارەش (ڕووبارێکە نزیک ئەلەگەز) ١٠١

ئاوباریک (گوندێکە نزیک کفری) ٥٥٥، ٥٥٦

ئاوەگرد (گوندێکە لە ناوچەی کۆیە) ٤٢٠

ئەبخازیا (کۆماری ئەفتۆتۆمی لە گورجستان) ٥٩٥، ٥٩٩

ئەبوغرێب ٥٤٢، ٦٠٨

ئەپاران (ئاواییێکە لە ناوچەکانی ئەلەگەز) ٣٥

ئەدەنە ٣٧٩

ئەردەلان ٨٥

ئەرمەنستان ٣٥–٣٨، ٩١، ٩٤، ١٠٢، ١٠٤، ١٠٥، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٥٧، ٣٩٥، ٣٩٦، ٥٩٥

ئەزمڕ (شاخ) ٤٥٤

ئەسکەندەروونە ٢٠٩

ئەشتەرەک (ئاواییێکە لە ئەرمەنستان) ١٠١

ئەفەریقا ٤٤٣، ٤٤٩، ٤٦٣–٤٦٥، ٥٧٨

ئەلەگەز (گوند، دەشت، شاخ) ٣٥، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٣، ١٠١، ١٠٤، ١٠٩، ٢٥٧، ٥٩٥، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠٠

ئەڵمانیا ٢٥٨، ٢٧٠، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠٣، ٥٢٠، ٥٨٢، ٧١٤

ئەڵوەتان (گوندێکە لە ناوچەی سەردەشت) ٥٨٨

ئەلێکساندرۆپۆل (لینینەکان) ٣٥، ١٠٢

ئەمانچایر (ئاواییێکە لە ناوچەی قارسی کوردستانی تورکیا) ٣٥

ئەمەریکا (وڵاتە یەکگرتووەکان) ١٥، ١٧، ١٠٢، ٢٥٣، ٢٧١، ٢٨٨، ٢٩٤، ٣٠٧، ٣١٣، ٣٧٧، ٣٧٨، ٤٢٣، ٤٤١، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٤٨، ٥٩٠، ٦٨١، ٧٠٢، ٧٣٧

ئەنەدۆڵ (بەشی تورکیای ئاسیا) ٢٦٥

ئەنتاکیا ٢٠٩

ئەوروپا ١٢، ١٤، ١٥، ٤٩، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٩، ٢١١، ٢٢١، ٢٦٠، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٩٤، ٣٠٤، ٣٠٦، ٣٣٢، ٣٧٧، ٣٧٩، ٣٨٠، ٤١٠، ٤٣٢، ٤٣٩، ٤٤٤، ٤٥٦، ٤٧٦، ٤٧٩، ٤٨٥، ٤٨٧، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٣٢،

٥٤٢، ٥٤٨، ٥٩٧، ٥٩٨، ٦٠٤،
٦٢٦، ٦٦٥، ٦٨١، ٧٠٣، ٧١٠،
٧١٦، ٧١٨، ٧٣١
ئۆقیانووسی هیندی ١٦
ئۆکرانیا ٣٩٥
ئیتاڵیا ٢٥١، ٥٤٢
ئیسرائیل ٤٤٥، ٥٤٢
ئێچمیادزین (ئاوایی و دێرێکە لە نزیک یەریڤان) ٣٩٥
ئێران ٢٩، ٦٣، ٦٤، ١٩٣، ٢٠٤، ٢٦٤، ٢٧٠، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣١٢، ٣٢٩، ٣٣٤، ٤٠٨، ٤١١، ٤١٤، ٤٣٩، ٤٦٠، ٤٦٤، ٤٧٠، ٤٧٢، ٤٧٦، ٤٨٠، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٦، ٥٠٠، ٥٠٦، ٥٠٨، ٥٠٩، ٥٣٢، ٥٣٤، ٥٤٩، ٥٨١، ٥٨٢، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٨٩، ٦٤٧، ٦٥٣، ٧٢٩

ب
بادینان ٧٠٧
بارزان (ئاوایی و ناوچە) ٧٨، ٧٩
بازیان (دەشت، دەربەند) ٣٠، ١٤٤
باشقەڵا ٥٣٤
باکۆ ١٠٢، ٣٩٦، ٣٩٨
باگنار (گوندێکە لە ناوچەی گاگرا لە گورجستان) ٥٩٥
باڵەک (لە سۆران) ٥٨٢
بەدرە ٧٠٢
بەرانان (شاخ) ٥٥٦
بەرزنجە ٥٠٣
بەرلین ٢٥٨، ٥٠٥، ٥٠٦
بەرکفر (ئاواییێکە لە جزیرەی سووریا) ١٣
بەریتانیا ٢٧١، ٣٠٦، ٤٢٣، ٤٤٥، ٥٤٢
بەسرە ١٦، ١٨، ٤٨، ٣٣٠، ٣٣٩
بەکرەجۆ ٥٦٠
برادۆست ٥٢٩، ٦٢٠
بناویلە (گوند) ٣٣٥
بیارە (گوند) ٩٧، ٣١٧، ٣٢٢
بوخارست ٤٠٨
بولگاریا ٢٧٠، ٤٢٠، ٤٢١
بۆتان ١٨، ٨٤، ٨٥، ٣٢٦
بۆرالان (ئاواییێکە لە ناوچەی قارسی کوردستانی تورکیا) ٢٠١
بۆزبر (ئاواییێکە لە ناوچەکانی ئەڵەگەز) ١٠١
بۆکان ٢٦٩، ٣٨١
بیتوێن ٢٩، ٣٠، ٥٣٤
بیرەجەک ١٨
بێتواتە ١١١
بێرووت ١٢، ٥٢١
بێلۆرووسیا ٣٩٥

پ
پەلکانە (گوند) ٢٣
پردێ (ئاڵتوون کۆپری) ٧١
پشدەر ٦٤١، ٧٣٠

پشت ئاشان (گوند) ٤٢١
پشتکۆ ٥٥٥
پۆڵۆنیا ٣٩٥
پیران (ئاواییێکه له مەریوان) ٥٥٦
پیرداود (گوندێکه له نزیک هەولێر) ١٨٣، ١٨٤
پیرمام (هاوینەهەواری سەلاحەدین) ٧٨، ٥٢٩
پیرەمەگروون ٥٤، ٨٦، ٨٧
پێنجوین ٦٢٠

ت
تاشقەند ٢١٠
تەورێز ٤٦٥، ٥٨٢
تەوێڵە (گوندێکه له هەورامان) ٣١٧
ترپەسپیان (گوندێکه له دەشتی هەولێر) ١٨٣
تفلیس ٢٠، ٣٥، ١٠٢، ٢٥٧، ٥٩٦
توربەسپیان (گوندێکه له جزیرەی سووریا) ٤٠٨
تورکیا ١٢، ٨٥، ٢١٠، ٢٢٢، ٢٦٥، ٣١٢، ٣٧٩، ٣٩٥، ٤٣٥، ٤٧١، ٥٣٤، ٥٦٤، ٦٧٨
تووزخورماتوو (دووز) ٢٣
تووکی (گوندێکه له ناوچەی قامیشلی) ٥١٩

ج
جامووشوانی بچووک (گوندێکه له ناوچەی ئاپارانی ئەرمەنستان) ٥٩٥
جەلکان (ئاواییێکه له پشدەر) ٧٠٣
جزیرەی عەرەب ١٢٢
جزیری بۆتان ١٨

چ
چەغەمیرە (گوندێکه له ناوچەی کەندیناوە) ١٨٣
چەمچەماڵ ١٥٣، ٦٣١
چرچەقەڵا (ئاواییێکه له ناوچەی قەرەداغ) ٦٦٣
چل هەوێزە (گوندێکه له نزیک دیبەگە) ٦٣١
چنارە (گوندێکه له نزیک دەربەندیخان) ٢٤٧
چوارتا ٥٠٣، ٦٠٧
چیکۆسلۆڤاکیا ٢٥٨، ٣٩٦، ٥٤٢، ٧١٤
چین ٢٥، ٤٢٣، ٥٣٥

ح
حاجی ئۆمەران ٤٦٠، ٤٧٠
حەسەکە ٥٢٠
حەلەب ١٢
حەسەنلوو (ئاواییێکه له ئەرمەنستان) ٣٩٥
حیجاز ١٨٤
حیللە ١٤١، ٣٣٥، ٣٣٦، ٦٣٣، ٧٠٢

خ
خاڵخاڵان (شاخێکە لە کەرکووک) ٣٠
خاڵۆبازیانی (ئاواییێکە لە کەرکووک) ٢٣
خانەقین ٥٣٤
خەتە (ئاواییێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی) ٦٣١
خەرابەدراو (ئاواییێکە لە دەشتی هەولێر) ١١٢
خەزاڵێ (ئەشکەوتێکە لە ناوچەی سەردەشت) ٥٨٨
خورماڵ ١٢٥، ٦٣١

د
دارەبەن (گوندێکە لە هەولێر) ١١١
داریکەلی ١٣٣، ٤٤٠، ٥٥٦
دەراش (ئاواییێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی) ٦٣١
دەرباسییە ١٢
دەربەندیخان ١٢٥، ٢٤٧، ٦٢٠
دەرسیم ٣٣٩
دەرگەزێن (ئاواییێکە لە نزیک سلێمانی) ٣٧٣، ٥٤٩
دووسەرە (گوندێکە لە هەولێر) ١٨٣، ١٨٤، ٦١٩، ٦٢٠
دووگرتکان (گوندێکە لە هەولێر) ٦٢٠
دیبەگە (گوندێکە نزیک مەخموور) ٢٣، ٦٣١
دیجلە ١١، ١٢، ١٦، ١٨، ١٩، ٥٢، ٥٣، ١٤٥، ١٤٦، ٢٥٠، ٢٥١
دیمەشق (شام) ١١، ١٣، ٢٠٩، ٢١٠، ٢٢١، ٤٢٥، ٥٢١، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢٥
دیاربەکر (ئامەد) ١١، ٣٧٩، ٥٤٣
دیانە ٦٢٠
دێرک (ئاواییێکە لە نزیک ماردین) ٢٠٩

ر
ڕانیە ١٢٥، ٣٠٦، ٥٨٢
ڕواندز ٢٤، ٢٧٩، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٨١، ٦٣١
ڕووسیا ٣٦، ٣٨، ٣٩، ٤٣، ٩٢، ٩٤، ٩٥، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٧، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٦٣، ٢٦٥، ٣٣٢، ٣٨١، ٣٩٥، ٣٩٧، ٤٢٣، ٤٠٨، ٤١٠، ٤٢٣، ٥٨١، ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠٤، ٦٥٧، ٦٨٠، ٧٠١، ٧١٤
ڕۆم (ڕۆمانی کۆن) ١٥٧
ڕۆمانیا ٣٩٥، ٤٠٨، ٥٤٢، ٦٥٧

ز
زاگرۆس (شاخ) ١٠٦، ١٠٧
زەریای سوور ٢١٦
زەریای مەڕمەڕە ٣٧٩
زەڵم ٧٠٧
زیخان (ئاواییێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی) ٦٣١

زێوە (ئاوایییێکە لە ناوچەی
خۆشناوەتی) ٦٣١

س
سانت پیترسبورگ (لینینگراد) ٣٨، ٤٣،
٤٤٨، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠١
سەرچنار ٣٧٩، ٥٥٠، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٦٠،
٦٦٤، ٧١٤
سەردەشت ٥٨٨
سەفین (شاخ) ٣٤٩، ٥٣٦، ٥٣٧
سەرکان (گوندێکە لە نزیک بەرزنجە)
٥٠٣
سەگرمە (شاخ) ٣٠
سەلەمییە (شارێکە لە سووریا) ٢٠٩
سەنگاو ٣٠، ٤٣٨
سەنگەسەر ٥٨٢، ٧٣٠
ستیپانەڤان (شارێکە لە ئەرمەنستان)
١٠٢
سنە ٦٣، ٤٩٤
سوید ٤٢١، ٥٨٢، ٥١٤
سویسرە ٥٤٢
سووررداش ١٢٥، ٢٤٧
سوورکێو ٧٨
سووریا ١١، ١٢، ١٤، ١٦، ١٩، ١٨٤،
٢٠٤، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١٢، ٢١٥،
٢١٦، ٢٢٢، ٣٠٣، ٤٠٨، ٤١٠،
٤٢١، ٤٣٩، ٥٢٠، ٥٢٦، ٦٢٦،
٧١٤
سوورێژە (گوندێکە لە دەشتی هەولێر)
١٨٣
سۆران ١٨٦، ١٨٧، ١٩٧، ٣٦٨، ٦٨٦،
٦٩١
سۆفیا ٢٧٠، ٤٢٠
سۆڵە (گوندێکە لە ناوچەی قەرەداغ) ٦٦٣
سیتەک (گوندێکە لە سلێمانی) ٢٦٩،
٣٣٠
سیروان ٥٣
سێردەرەک (گوندێکە لە ناوچەی
نەخچەوانی قەفقاس) ٢٠٢
سێ مەتکی (گوندێکە لە نزیک شاری
عامووده) ٥١٩

ش
شارباژێڕ ٢٧٧، ٢٨١، ٤٣٨، ٦٢٠
شارەزوور ٢٩، ٣٠، ١٢٥، ٣٣١، ٣٤٠،
٧٠٧
شاوێس (ئاوایییێکە نزیک هەولێر) ٦٣١
شەرەفکەند (ئاوایییێکە نزیک مەهاباد)
٤٠٧
شەقڵاوە ١١١، ١٨٤، ٣٤٩، ٥٢٩، ٥٣٠،
٥٠٦، ٥٣٧، ٧٠٧
شەنەغە (گوندێکە لە دەشتی هەولێر)
٦٧٥
شنۆ ٥٣٤
شۆڕەزەرتکە (ئاوایییێکە لە کەندیناوەی
هەولێر) ٢٨٣
شیرین (شاخ) ٥٥٠
شیلاناوێ (ئاوایییێکە لە موکریان) ٤٦٩

شێخاڵی (ئاواییێکه له نێوان مه‌هاباد و
بۆکان) ٥٨١
شێخان (ئاواییێکه له ناوچه‌ی خانه‌قین)
٣٠

ع
عامووده (شار) ٢٠٩، ٥١٩
عه‌بابه‌یلێ ٣١٧، ٣٢٣
عه‌ده‌ن ١٢٢
عه‌ماره ٥٤٢
عه‌مۆ (گوندێکه له ئه‌رمه‌نستان) ٣٩٥

ف
فه‌له‌ستین ٢٧٧، ٢٨٨، ٤١٩، ٤٢٤، ٥٠٥
فه‌لووجه ١٨٤
فره‌نسا ١٢، ١٥٧، ٤٢٣، ٥٢٠، ٥٤٢
فورات ١٦، ١٨، ١٩، ١٠٧

ڤ
ڤیتنام ٢٨٨، ٥٠٥
ڤیه‌ننا ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٨

ق
قادرکه‌ره‌م ٤٣٧
قارس ٣٥، ٩١، ١٠١، ٢٠١، ٢٥٧، ٥٩٥
قازیخانه (گوندێکه له ده‌شتی هه‌ولێر)
٦١٩
قامیشلی ٢٠٩، ٥١٩
قه‌راج ١٩٦، ١٩٧، ٦٣١
قه‌ره‌حه‌سه‌ن ٢٣
قه‌ره‌داغ ٤٣٨، ٦٦٣
قه‌سری شیرین ٤٩٢، ٤٩٩
قه‌فقاس ٣٦، ٣٩، ٤٣، ٩٢، ٩٨، ١٠٣،
١٠٤، ١٠٥، ١٠٧، ٢٠١، ٢٠٣،
٢٠٥، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٦٥،
٣٩٦، ٣٩٧، ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩،
٦٠٤
قه‌ڵاچۆلان ١٤٣، ١٤٤، ٥٤١، ٧٠١
قه‌ڵادزه ٤٦٠، ٤٦٦، ٤٨٢
قه‌ندیل (شاخ) ٧٨
قزرابات ١٨٤
قزل قولی (ئاوه‌دانییێکه له ناوچه‌ی
قارس) ١٠١
قوشته‌په ١٨٣
قۆپی قه‌ره‌داغ ٧٨
قۆنیه ٢٠٩

ک
کاخته (قه‌زاییێکه له کوردستانی تورکیا)
١١
که‌ربه‌لا ١٤١، ٣٣٦
که‌رکووک ٢٣، ٢٤، ٣٠، ٤٨، ٦٥، ١١٩،
١٢١، ١٢٢، ١٤١، ٢٣٤، ٢٨٥،
٣٠٢، ٣٠٤، ٣٤٥، ٣٧٨، ٣٨١،
٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٤، ٤٤٩،
٤٦٠، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٩، ٦٠،
٦١٩
که‌ناڵی سوێس ٤٣٨، ٤٤٥
که‌ندال (گوندێکه له ده‌شتی هه‌ولێر) ١٨٣

کەنداوی بەسرە (فارسی، عەرەبی) ١٦،
١٨
کەندێناوە (ناوچە، دەشت لە هەولێر)
١٨٣، ٦٧٥
کرماشان ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٩
کرکفتار (ئاواییێکە لە ناوچەی جزیرەی
سووریا) ٥٢٠
کرند ٤٩٩
کشمیر ١٥٧
کفری ١٣، ١٨٤، ٥٥٦
کوڕەکاژاو (شاخ) ٥٥٥
کوێت ٤٢٦
کووت ٢٨٦، ٢٨٨، ٤٢٠، ٥٤٢، ٥٤٣،
٦٠٨، ٦١٩
کۆتمە (ئاوەدانییێکە لە ناوچەی
خۆشناوەتی) ٦٣١
کۆریا ٥٣٤، ٥٣٥
کۆنگۆ ٤٤٣، ٥٦٣
کۆیە (کۆیسنجەق) ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧،
٣٤٥، ٤٢٠، ٤٢٢، ٤٣١، ٥٢٩
کینیا ٥٦٣
کێوەڕەش (شاخێکە لە ناوچەی
سەنگەسەر) ٧٣٠

گ
گاگرا (شارێکە لە گورجستان) ٥٨٢،
٥٩٥
گەلاڵە ٧٠٢
گەلی عەلی بەگ ٢٥٩
گردەچاڵ (گوندێکە لە هەولێر) ١١٢
گواتیمالا ٥٤٨
گورجستان ٣٨، ١٠٤، ٢٥٧، ٥٩٥، ٥٩٩
گۆلی چلوور (هەوارگەیێکە لە ناوچەی
وان) ٣٩٥
گۆمەشین (گوندێکە لە هەولێر) ٦٣١

ل
لاچین (گوندێکە لە نزیک مەهاباد) ٤٥٩
لەندەن ٢٤٨، ٣٠٢، ٣٠٤، ٣١١، ٤٧٦
لەیلان (گوندێکە لە ناوچەی کەرکووک)
٢٣
لبنان ٨٢، ٢١٥، ٢٧٧، ٦٢٦، ٦٩١
لوڕستان ٨١، ٤٩٣، ٤٩٩

م
ماردین ٢٠٩
مەحاویل (لە باشووری عیراق) ٦٦٣
مەخموور ٢٣، ١٨٣، ٢٤٩
مەدینەی مونەووەرە ٦٣٧
مەرگە ١٥٣، ١٥٤، ١٦٦، ١٦٨، ١٧٠،
١٧٢، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٩
مەرگەوەڕ ٥٣٤
مەریوان ١٤٣
مەلاکاغە (گوندێکە لە بناری چیای
قەرەچووغ) ١١١
مەنشووریای چین ٥٣٥
مەهاباد ٢٩، ١٤١، ٢٦٩، ٣٣٠، ٣٩٨،
٤٠٧، ٤٠٨، ٤١٠، ٤٥٩، ٤٦١،

٤٦٦، ٤٦٨، ٤٨٠، ٥٢٩، ٥٨١،
٥٨٢
مرعش ٥٣٤
مڵکەندی (گوند) ١٤٤
مورتکە (گوندێکە لە نزیک سلێمانی)
٥٤٢
موکریان ٤٠٧، ٤٠٨، ٤١٥، ٥٠٦، ٥٣٩،
٦٤١، ٦٤٢
مووساکەند (گوندێکە لە ئەرمەنستان)
٣٩٥
مووسڵ ٤٨، ٦٥، ٣٨٠، ٦٣٢
مۆسکۆ ٣٨، ٦٨، ٩٤، ٢١٠، ٢٢١، ٢٤٨،
٣٩٦، ٤٢٠، ٤٤٨، ٥٣٣
میسر ١٢، ١٥٧، ٢١٦، ٤٣٨، ٤٣٩،
٤٤٤، ٤٤٥، ٥٠٥، ٥٤٢، ٦٩١،
٧١٦
مێرگەپان ٧٨
مێرگەسوور ٧٢٩

ن
نارنج (گوندێکە لە کوردستانی تورکیا)
١١
ناسرییە ٣٤٠، ٦٠٨، ٦٢٠
ناگازاکی ٢٥٣
ناوزەنگ ٤٢١
نەجەف ٣٣٥، ٣٣٦
نەجمۆک (نەجیمێ، گوندێکە لە ناوچەی
قامیشلی) ٥١٩
نەخچەوان ٢٠٢، ٣٩٥
نەمسا ٥٤٢
نوگرەت سەلمان ٢٨٦، ٤٢٠، ٥٤٢، ٦٠٤
نیشابوور ٥٧٠

هـ
هەرمەک (ئاواییێکە لە ناوچەی
خۆشناوەتی) ٦٣١
هەریر ٧٢٩
هەڵەبجە ٤٧، ١٢٥، ١٣٠، ١٣١، ١٣٦،
١٤١، ٢٤٧، ٢٨١، ٣٧٠، ٣١٩،
٣٧٤، ٤٢٠، ٦٢٠
هەڵگورد (شاخ) ٥٥٥
هەنگاریا ٧١٤
هەورامان ٥٣، ١٢٩، ١٨١، ٣١٧، ٣٣٥،
٣٤٠، ٤٧٥، ٤٩٩، ٥٥٥، ٥٥٦،
٦٧٢
هەولێر ٨، ٢٤، ٤٧، ٤٨، ٦٣، ٦٥، ١١١،
١١٢، ١١٣، ١٢٢، ١٨٣–١٨٧،
١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ٢٧٨، ٢٨٥،
٢٨٦، ٣٠١، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٥٩–
٣٦٣، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٨٠، ٤٢٠،
٤٢١، ٤٦٠، ٥٢٩، ٥٣٠، ٥٣٦،
٥٨٢، ٥٨٤، ٥٨٦، ٦١٩، ٦٢٠،
٦٢١، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٤٣، ٦٥٨،
٦٧٥، ٦٧٦، ٦٨١، ٦٨٥، ٦٨٦،
٦٨٩، ٦٩٠، ٦٩١، ٦٩٤، ٧٠٢،
٧٢٩، ٧٣٠
هیران ٥٢٦، ٤٢٧
هیرۆشیما ٢٥٣

هیندستان ۱٥۷، ٤٤٥
هیمالایا ۱٥۹

و
وان (شار و گۆل) ۷۸، ۳۹٥، ٥۳٤، ٦۹٥
وەڵلانە (گوند) ۳۳٥
ورمێ ٤٦۱، ٥۸٤
وێڵە (گوند) ۳۳٥

ی
یابان ۲٥۳، ۳۰۷
یەریڤان ۳٥، ۳٦، ۳۸، ۹۱، ۹۲، ۹۳، ۱۰۲، ۱۰۳، ۲۰۲، ۲۰۳، ۲٥۷، ۲٥۸، ۲٦٤، ۳۹۷، ۳۹۸، ٥۹٥، ٥۹٦، ٦۰٤
یەمانچایر (گوندێکە لە ناوچەی قارس) ۹۱
یەمەن ۲۱٦

بیبلیۆگرافیا

بەشی زۆری سەرچاوەکانی ئەم بەرگە لە بیبلیۆگرافیای بەرگەکانی پێشوودا تۆمار کراون، بەپێویست نەزانرا لەم بەرگە دووبارە بکرێنەوە. جگە لەو زانیاری زۆر لەبارەی شاعیرانی ئەم بەرگە و بەرگی شەشەم لە ئەنجامی پێوەندی هاوڕێیەتی دانەر لەگەڵیاندا هەروەها نووسینی ژیانی خۆیان بۆ دانەر، هاتوونەتە ناو کتێبەکەوە.

- ن. ئاری، هۆنراوەکانم (شیعر)، بەغدا، ١٩٦٩.
- ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری، بەغدا، ١٩٥٩.
- ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، سلێمانی، ١٩٧٣.
- ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٧؛ چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٨٤.
- ئەخۆل (ئەحمەد دەروێش)، پەیمان و شیوەن (شیعر)، سلێمانی، ١٩٧٠.
- ئەشکی باوان، بەرهەمی بڵاونەکراوەی کامەران موکری، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، هەولێر، ٢٠٠١.
- ئەمینی عەبدال، مەمێ و زینێ (پۆیێم)، یەریڤان، ١٩٥٨.
- ئەمینی عەبدال، بەهارا یەکی (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦١.
- بەرهەمی خەبات، بەشێک لە بەرهەمەکانی أ. ب. هەوری، بەکۆششی فازیڵ نیزامەدین، هەولێر، ٢٠٠٢.
- پیرباڵ مەحموود، مەرگی نەوجەوانی (شیعر)، هەولێر، ٢٠٠٤.
- تریفە و ڕێژاو، دیوانی شیعری محەمەد حوسێن بەرزنجی (ع. ح. ب)، بەغدا، ١٩٨٥.
- جاسمی جەلیل، ڕۆژی من (شیعر)، یەریڤان ١٩٦٠.
- جاسمی جەلیل، کۆفیا دیا من (شیعر)، یەریڤان، ١٩٨٤.
- چەپکە گوڵ، چەند پارچەیێک لە شیعری شامی کرماشانی، تاران، ١٩٨٤.
- چوارینەکانی جاهید، بەغدا، ١٩٧٩.
- حاجی جندی، هەواری (یارمەتی دان) (ڕۆمان)، یەریڤان، ١٩٦٧.
- حەسەن جاف، کامەران موکری چیرۆکنووس، بەغدا، ١٩٨٨.

– حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی غەم (سەرجەمی شیعری)، بەرگی یەکەم و دووەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
– دڵشاد عەلی، دیلان شاعیر و ئازادیخواز، بەغدا، ١٩٨١.
– دڵشاد مەریوانی، پێشوازی خاوەن شکۆ و دوو چیرۆکنووس، بەغدا، ١٩٧٣.
– دڵشاد مەریوانی، سەمفۆنیای وەنەوشە (کۆمەڵە شیعر)، بەغدا، ١٩٨٠.
– دیلان، شەڕ و ئاشتی (شیعر)، سلێمانی، ١٩٥٤.
– دیلان، شێخ مەحموودی زیندوو (شیعر)، بەغدا، ١٩٥٧.
– دیلان، شیعر، بەغدا، ١٩٦٩.
– دیلان، پاییزی جاران (شیعر)، سلێمانی، ١٩٧٣.
– دیوانی ئەخۆڵ، سلێمانی، ١٩٨٣؛ چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
– دیوانی بەختیار زێوەر، ئامادەکردنی مەحموود زێوەر، هەولێر، ٢٠٠٣.
– دیوانی حەیدەری (ناسیح حەیدەری)، ئامادەکردنی شێروان حەیدەری، هەولێر، ٢٠٠٠.
– دیوانی حیلمی، ئامادەکردنی ئومێد کاکەڕەش، سلێمانی، ١٩٨٥.
– دیوانی دەشتی، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەحمەد دەشتی، (بەرلین ٢٠٠١)، هەولێر، ٢٠٠٣.
– دیوانی دڵزار، ستۆکهۆڵم – سوید، ١٩٩٢.
– دیوانی شیعر، محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە عەبدوڵڵا ئاگرین، ١٩٨٤.
– دیوانی عاجز، ئامادەکردنی محەمەد سەید عەبدوڵڵا بەرزنجی، بەغدا، ١٩٨٦.
– دیوانی عارف عورفی، ساغکردنەوەی ئومێد کاکەڕەش، سلێمانی، ١٩٨٥.
– دیوانی عەونی، هەولێر، ١٩٩٧.
– دیوانی فانی، بەسەرپەرشتی کەمال میراودەلی، سلێمانی، ١٩٧٦.
– دیوانی کاردۆخی، بەغدا، ١٩٧٠.
– دیوانی لوتفی، ئامادەکردنی عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، بەغدا، ١٩٨٤.
– دیوانی موخلیس (باغی لاوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن (دەسنووسی نامەی ماجستێر لە ئەدەبدا)، ١٩٨٩.
– ڕەشید نەجیب، ژیان و بەرهەمەکانی، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، هەولێر، ٢٠٠١.
– سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجیی شەهید، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعرووف بەرزنجی، پێشەکی و پەراوێز و ساغکردنەوە

عومەر مەعرووف بەرزنجی، هەولێر، ١٩٩٣.
- سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- شکۆی حەسەن، قالچیچەک (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦١.
- شکۆی حەسەن، تەمبووریٚ کوردا (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦٥.
- شکۆی حەسەن، مەرەمی گلیٚ کورد (شیعر)، یەریڤان، ١٩٧٠.
- عەلی عەبدولڕەحمان، خاتیٚ خانم (ڕۆمان)، یەریڤان، ١٩٥٩.
- عەلی عەبدولڕەحمان، دیٚ (دایک) (شیعر و پەخشان)، یەریڤان، ١٩٦٥.
- عەلی فەتاح دزەیی، خرۆشان و ڕامان (دیوانی شیعر)، هەولێر، ١٩٨٧.
- عوسمان دەشتی، هێمن - دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- قاچاغی مراد، شەوق (شیعر)، یەریڤان، ١٩٥٩.
- قاچاغی مراد، گولپەری (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦٢.
- قاچاغی مراد، بەهارا تەزە (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦٥.
- الکاتب الکردی قدری جان، قصص ومقالات، شعر وجمع واعداد دلاور زەنگی، ترجمە هورامی یزدی ودلاور زەنگی، اربیل، ٢٠٠١.
- کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٨.
- کامەران (حەمەی ئەحمەد تاها)، ئاشتی، سلێمانی، ١٩٥٤.
- کامەران، دیاری، بەغدا، ١٩٥٧.
- کامەران، ئاگر و ژیلە، سلێمانی، ١٩٥٨.
- کامەران، شانازی، سلێمانی، ١٩٥٨.
- کامەران، گوڵ ئەستێرە، سلێمانی، ١٩٥٩.
- کامەران، گوڵاڵە سوورە، سلێمانی، ١٩٥٩.
- کامەران، ئاوات و ڕەنج، سلێمانی، ١٩٦٨.
- کامەران، زەبری هۆنراوە، سلێمانی، ١٩٧١.
- کەریمی حیسامی، یادی هێمن، سوێد، ١٩٨٧.
- کوڕی کورد (ڕەحیمی قازی)، هشیار بوون (شیعر و پەخشان)، یەریڤان، ١٩٥٩.
- گوڵی وەریو، بەشێک لە هۆنراوەکانی شێخ لەتیف، سلێمانی، ١٩٧٥.
- محەمەد سدیق عارف (حوسێن عارف)، کامەران و هۆنراوەی نوێ، بەغدا، ١٩٥٨.

- محەمەد مەولوود (مەم)، چیرۆکەکانی مەم، بەغدا، ١٩٧٠.
- مذكرات الاستاذ اوسمان صبری (١٩٠٥ – ١٩٩٣)، ترجمە هورامی یزدی ودلاور زەنگی، بیروت، ٢٠٠١.
- مەلا مەسعوود، بەشێک لە دیوانی بێبەش، بەغدا، ١٩٧١؛ چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٧.
- مەدهۆش، هەمیشە بەهار، بەغدا، ١٩٤١.
- مەدهۆش، دڵ و گڵ، سلێمانی، ١٩٦١.
- مەدهۆش، سەرگوڵ، سلێمانی، ١٩٦١.
- مەدهۆش، شیرین، سلێمانی، ١٩٦٢.
- مەدهۆش، دڵی کچان، بەغدا، ١٩٦٧.
- مەدهۆش، نەریمان چی لێ هات؟، سلێمانی، ١٩٦٨.
- مەدهۆش، دڵی کوڕان، سلێمانی، ١٩٧٢.
- مەدهۆش، یانەی دڵان (هەموو بەرهەمی)، ئامادەکردنی محەمەدی مەلاکەریم، بەغدا، ١٩٨٢.
- نامەکانی مەم (محەمەد مەولوود)، ئامادەکردنی ئیسماعیل بەرزنجی، هەولێر، ٢٠٠٢.
- وەزیری نادری، وەتەن و هزکرن (نیشتمان و دڵداری) (شیعر)، یەریڤان، ١٩٦١.
- هەژار، بۆ کوردستان (شیعر)، ١٩٦٦.
- هەواری خاڵی، سەرجەمی نووسینی هێمن بەسەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، بەرگی یەکەم و دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣.
- أ. ب. هەوری، ئازار و ئاوات (شیعر)، بەکۆششی مەحموود خەزنەدار، بەغدا، ١٩٥٦.
- أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات (شیعر)، بەغدا، ١٩٥٩.
- أ. ب. هەوری، شیعری کۆن و نوێ، سلێمانی، ١٩٧٥.
- هێدی، ئاوێنەی شکاو (بیرەوەری)، هەولێر، ٢٠٠٤.
- هێمن، تاریک و ڕوون (کۆمەڵە شیعر)، بەغدا، ١٩٧٤.
- هێمن، هەواری خاڵی، چەپکێ لە پەخشانەکانی، بەغدا، ١٩٧٩.
- هێمن، کاروانی خەیام (شیعر)، هەولێر، ١٩٩٧.
- یادی سەجادی، کۆکردنەوەی دلێر عەلائەدین سەجادی، بەغدا، ١٩٨٧.

تاريخ الادب الكردي

١٩٤٥ - ١٩٧٥

B

ان هذا الجزء من الكتاب هو متمم للجزء السادس، ويضم بين دفتيه عرضاً لحياة خمسين شاعراً وكاتباً، ودراسة مستفيضة لابداعاتهم الادبية.

الجزء السابع

الدكتور معروف خزنەدار

أربيل ٢٠١٠

The History
of
Kurdish Literature

1945 - 1975

B

vol. VII

By

Prof. Dr. Marouf Khaznadar

Arbil 2010